بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان

# کارو چالاکی
# لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

## خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

٢٠٠٥-٢٠٠٩

٢٠١١

328,365
پ 632 پەرلەمانی کوردستان
کارو چالاکیی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، خولی دووەمی هەڵبـــژاردنی پەرلـــەمانی کوردســـتان، ٢٠٠٥-٢٠٠٩/ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان - . هەولێر: پەرلەمانی کوردستان ﴿چاپخانەی شەهاب﴾، ٢٠١١.
٥٩٢ لاپەڕە
١- پەرلەمانی کوردستان - عێراق أ. لیژنەکانی پەرلەمان
ب. ناونیشان

ناوی کتێب: کارو چالاکی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان
ئامادەکردنی: بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بابەت: چالاکیی لیژنەکانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان
چاپ: چاپی یەکەم
تایپ: لیژنەکان
دیزاینی ناوەڕۆك: مەریوان گرافیك (کارزان سەعدی)
دیزاینی بەرگ: زاگرۆس ڕێباز
چاپخانەی شەهاب - هەولێر
تیراژ: ٥٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی ٤٨٧ ساڵی ٢٠١١ی دراوەتێ

# پێشەکی

ئەم کتێبە پوختەی سەرجەم ئەو کارو چالاکییانەیە کەلێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەخولی دووەمی هەڵبژاردنەکان لەماوەی نێوان (٢٠٠٥ – ٢٠٠٩ ) لەبوارە جیاجیاکان ئەنجامیان داوە. لەخولی دووەم ژمارەی لێژنە هەمیشەییەکان ( ١٤) لێژنە بوو، ئەوەی لێرەدا چاپکراوە چالاکیی (١٣) لێژنەیە، چونکە لێژنەی پەیوەندییەکان‌و رۆشنبیری بەر لە تەواوبوونی خولەکە، کۆی چالاکییەکانی خۆیان لەدوو تویّی کتێبێکی تایبەت بەچاپ گەیاند، بۆیە لێرەدا بەپێویستمان نەزانی چالاکیەکانی لیژنەکە دووبارە بکەینەوە.

سەرجەم ژمارەو زانیاریەکانی نێو ئەم چاپکراوە، بەنووسراو لەلایەن خودی لیژنەکانی خولی دووەم پێشکەش بەبەڕێوبەرایەتی راگەیاندنی پەرلەمان کراوە، وهەولێکە بۆ تۆمارکردن‌و بەدۆکیۆمێنتکردنی تەواوی کارو چالاکییەکانی لێژنەکانی پەرلەمان، کە بە برِبڕەی پشتی هەر پەرلەمانێکی چالاك دەژمێردرێن. دەرفەتێکیشە بۆ نووسەران وتوێژەران، کە بتوانن بە بەرچاو روونیەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدا وکاری لیژنەکان بکەن. ، هەروەك دەکرێ بیکەینە دەسپێکی هەنگاوێکی تازە، بۆ ئەوەی چالاکی لیژنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمان بەزانیاری ودۆکیۆمێنتەوە لەوادەو کاتی خۆیدا بکەوێتە بەردەستی خوێنەران وخەڵکی کوردستان.

لەخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان کەئێستا بەردەوامە، ژمارەی لێژنەکان بۆ (١٩) لیژنە زیادکرا، لێژنەکان نەك هەر لەکاتی خولی دانیشتنە ئاساییەکان کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵکو لەکاتی پشووی دانیشتنەکانیش سەرجەم لیژنەکان بەدواداچوون بۆ کاری وەزارەتەکان‌و ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانە دەکەن کەئاراستەیان کراوە بۆ ئەوەی دوای دیراسەکردن وهەڵسەنگاندن راپۆرتی خۆیان لەبارەی پرۆژەکان ئامادە بکەن، دواتریش لە نێو دانیشتنەکاندا گفتوگۆی چڕوپڕیان لەسەر بکرێت..

لەکۆتاییدا جێی خۆیەتی سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆك‌و ئەندامانی سەرجەم لێژنەکانی خولی دووەم و خولی سێیەمی پەرلەمان بکەین، کەدڵسۆزانە بەپیر پرۆژەکەمان هاتن‌و راپۆرت و زانیاریەکانیان خستە بەردەستمان. هەروەها سوپاس‌و دەستخۆشی لەهەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کەلەئامادەکردن‌و بەچاپ گەیاندن ئەرکیان کێشا، بەتایبەتیش کارمەندانی بەرێوبەرایەتی راگەیاندن کاك زاگرۆس ڕێباز وکاك شەمال مەولود کە لەدیزاینەکردن وئامادەکردیندا زۆر ماندووبوون.

بەرێوبەری راگەیاندن

## ناوەڕۆک



| ز. | لیژنەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | لیژنەی کاروباری یاسایی | ٥-١٨٤ |
| ٢. | لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی | ١٨٥-٣٢٨ |
| ٣. | لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا | ٣٢٩-٣٩٦ |
| ٤. | لیژنەی بەرگریکردن لەمافەکانی ئافرەت و ژنان | ٣٩٧-٤٣٢ |
| ٥. | لیژنەی ئەشغاڵ و ئاوەدانکردنەوە | ٤٣٣-٤٥٢ |
| ٦. | لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری | ٤٥٣-٤٧٢ |
| ٧. | لیژنەی کاروباری پیشەسازی و وەزو کانزاکان | ٤٧٣-٤٨٨ |
| ٨. | لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن | ٤٨٩-٤٩٦ |
| ٩. | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە | ٤٩٧-٥٠٠ |
| ١٠. | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری | ٥٠١-٥٢٠ |
| ١١. | لیژنەی کاروباری ناوخۆ | ٥٢١-٥٨٤ |
| ١٢. | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ٥٨٥-٥٩٠ |
| ١٣. | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیریی | ٥٩١-٥٩٢ |

# لیژنەی کاروباری یاسایی

بەپێی بڕگەی یەکەم لە مادەی "٣٨"ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی کاروباری یاسایی کە لیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەمانی کوردستانە ئەو مەسەلانە دەبینێ کەبۆی دەچن‌و مۆرکی یاساییان پێوەیە، هەروەها تایبەتمەندە بەداڕشتنی یاساکان‌و سەلامەتییان لەڕووی یاسایی‌و زمانەوانییەوەو هەواڵەی ئەنجوومەنیان دەکات تاگفتوگۆیان لەسەر بکرێت، زۆربەی ئەندامەکانی لەوانەن کەبڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان لەیاسادا هەیە.



لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەرۆژی ٢٠٠٥/٦/٤و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری یاسایی، بەپێی بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٥/٦/٥ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا. لیژنەی کاروباری یاسایی هەڵسا بەهەڵبژاردن‌و دابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە، لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی‌و دۆستانەدا، ئەرك‌و فەرمانەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| | |
|---|---|
| شیروان ناصح حەیدەری | سەرۆکی لیژنە |
| عەونی کەمال سەعید بەزاز | جێگر |
| عەبولکەریم ئەبوبەکرهەمەوەند | بڕیاردەر |
| د. نوری جەمیل تاڵەبانی | ئەندام |
| خەلیل ئیبراهیم محەمەد | ئەندام |
| قادر سەعید خدر (زانا) | ئەندام |
| خەمان محەمەد زرار | ئەندام |
| دلێر محەمەد شەریف | ئەندام |
| تاریق محەمەد سەعید جامباز | ئەندام |
| محەمەد صالح ئیسماعیل | ئەندام |

تێبینی/ پاش دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز د. نوری جەمیل تاڵەبانی لەلیژنەی یاسایی دوو ئەندامی بەڕێز دیکە زیادکران بۆ لیژنەی یاسایی لەدانیشتنی ژمارە (١) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەبەرواری ٢٠٠٨/٩/١٠ ئەوانیش ئەم دوو بەڕێزانە:

| | |
|---|---|
| د. رۆژان عەبدولقادر دزەیی | ئەندام |
| سەردار هەرکی | ئەندام |

ئەندامانی لیژنەی یاسایی لەهەمان کاتدا ئەندامن لەلیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور بەپێی بڕیاری ژمارە (٥) له٢٠٠٥/٩/٨ کە پێکهاتووە بەسەرۆکایەتی ریزدار فرست احمد عبدالله سکرتێری پەرلەمانو چوار ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەندامی سەرۆکایەتی لیژنە پیداچوونەوەی دەستوورنو ئەوانیش بەڕێزان شیروان ناصح حەیدەریو تاریق محەمەد جامباز وەك جێگرانی سەرۆكو عەبدولکەریم ئەبوبەکر هەمەوەندو عەونی کەمال بەزاز وەك بڕیاردەرانی لیژنە.



# چالاکییەکانی لیژنەی یاسایی
## خولی دووەمی پەرلەمان «٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٩»

## ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی
## لە ساڵی ٢٠٠٥

| ژمارە | ناوەڕۆک | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی سالی ٢٠٠٥. | لە ٢٠٠٥/٦/٧ |
| ٢ | یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٧/٢٧ |
| ٣ | پرۆژەبڕیارێك سەبارەت بەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە تاکە مەرجەعی سیاسیو دەستوریە. | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٤ | پرۆژەبڕیاری پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بۆ واژۆکردنی گرێبەستی دابینکردنی کارەبا لەتەق تەق. | لە ٢٠٠٥/٩/٢٧ |

# پرۆژەیاسا و بڕیارە دەرچووەكانی ساڵی ٢٠٠٥

| ژ | ناوەرۆك | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٦/٧ |
| ٢ | یاسای دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٧/٢٧ |
| ٣ | هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆك بارزانی بەسەرۆكی هەرێمی كوردستان — بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٦/١٢ |
| ٤ | پێدانی دەسەڵات بەسەرۆكایەتی هەرێم بۆ راوێژكردن لەگەڵ لایەنە عێراقیەكان بڕیاری ژمارە (٣) | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٥ | ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان تاكە مەرجەعی سیاسیو دەستوریە — بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٦ | پێداچوونەوە بەپرۆژەی دەستوری هەرێم — بڕیاری ژمارە (٤) | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٧ | پێكهێنانی لیژنەیێك بۆ پێداچوونەوەی دەستوری هەرێم — بڕیاری ژمارە (٥) | لە ٢٠٠٥/٩/٨ |
| ٨ | پێدانی دەسەڵات بەسەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بۆ واژۆكردنی گرێبەستی دابینكردنی كارەبا لەتەق تەق. ژمارە (٦) | لە ٢٠٠٥/٩/٢٧ |
| ٩ | پێكهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی جێبەجێكردنی ماددەی (٥٨) ژمارە ژمارەی بڕیار (٧) | لە ٢٠٠٥/٩/٩ |

# ڕای لیژنە

لیژنەی یاسایی لەبەرواری ٢٠٠٥/٨/٢٥ كۆبوونەوەی ژمارە (١٢) ی ئەنجامدا بۆ تاوتوێكردنی داواكاری ئەندامانی پەرلەمانی خانەنشین سەبارەت بە بڕیاری زیادكردنی مووچەی ئەندامان‌و شمولی مووچەكانیان بەڕێژەی بڕی زیادەكە كە بەپەراوێزی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئاراستە كرابوو، لەئەنجامدا گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

١- كاتی خۆی پەرلەمان یاسای ژمارە(١٣) ی ساڵی ١٩٩٩ی دەركرد سەبارەت بەدیاریكردنی مووچەی خانەنیشنی بەڕێژەی (٦٥٪) لەو برە پارەی پێشتر وەری دەگرت.

٢- لەدواجار بەبڕیاری ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٤ یاساكە هەموار كراو ڕێژەكەی بووە (٧٥٪) و لەبڕگەیەكیشی هاتووە كە ئەم هەمواركردنە خانەنشینانی پێشووش دەگرێتەوە.

٣- بەپێ ی ئەو هەمواركردنە كارگێڕی پەرلەمان نووسراوی بۆ ئەندامانی خانەنشین ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی كردووەو بەم پێ یە مووچەكەیان هەموار كراوە.

٤- ئێستاش سەبارەت بەزیادكردنی بەم دواییەی ئەندامانی لیژنە لەم رایەدایە كە ئەم زیادكردنە گشت ئەندامانی خانەنشینی دەگرێتەوەو دەبێ مووچەكانیان بەم پێ ی هەموار بكرێت.

لەگەڵ ڕێزدا . . .

**شێروان ناصح حیدری**
**سەرۆكی لیژنەی یاسا**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەکارو چالاکییەکانی لیژنە لەماوەی (٢٠٠٦/١/٢٤ تاکو ٢٠٠٦/٧/٢٤)

# راپۆرتێك
# بە پوختەی کارو چالاکیەکانی لیژنەی کاروباری یاسایی

**یەکەم:** لەم ماوەیە دا لیژنەی کاروباری یاسایی (٤٢) کۆبوونەوەی فەرمی ئەنجامداوە کە تێکڕای دانیشتنەکانی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ و تا رۆژی دەرچوونی ئەم راپۆرتە دەگاتە (٦٩) کۆبوونەوە سەبارەت بەم مەبەستانەی خوارەوە:

١- تاوتوێکردنی ئەو پێشنیازو بۆچوونانەی لە لیژنەکانی دیکەی پەرلەمان گەیشتوونە لیژنە سەبارەت بەپرۆژەی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەهەرێمی کوردستاندا.

٢- چاوخشاندنەوە بەپرۆژەی هەموارکردنی یاسای سەندیکای پزیشکانی بەیتەری لەهەرێمی کوردستاندا.

٣- نوسراوی کۆمەڵەی زیندانیای سیاسی کوردستانو دەربڕینی بیروڕا لەبارەی پێشکەشکردنی لەرێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

٤- بینینی زیاتر لە٢٠ سکاڵای هاوڵاتیانو لێکۆڵینەوە لەبارەیانو رادەربڕین لەسەر هەندێکیانو پێشنیازکردنی یاسای لەبارەیانەوە.

٥- ڕا دەربڕین لەسەر نووسراوی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان سەبارەت بەکارکردنی ئەندامانی پەرلەمان لەدەرەوەی پەرلەمان.

٦- پڕۆژەیاسای یەکێتی ژوورە بازرگانیو پیشەسازیەکانی کوردستانو ناردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دراسە بکرێتەوەو لەکابینەی یەکگرتن بۆمان رەوانە بکرێتەوە.

٧- پڕۆژەی یاسای چۆنیەتی بەڕێوەبردنی فرەکوێنسیەکان لەکوردستاندا.

٨- تاوتوێکردنی پڕۆژەی پێرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان — عێراق.

٩- پرۆسەی دەستنیشانکردنو سوێندخواردنی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

١٠- تاوتوێکردنی پڕۆژەی یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستاندا.

١١- ڕادەربڕین لەسەر پڕۆژەی یاسای(کۆمیسیۆنی بالاَی سەربەخۆی هەلبژاردنەکان لەعێراق) .

١٢- تاوتوێکردنی یاسای کۆمەڵەی پەرلەمانتارانی کوردستان.

١٣- تاوتوێکردنو گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانو ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راو بۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

١٤- تاوتوێکردنو گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ژینگەو ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راوبۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

١٥- تاوتوێکردنو گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گواستنەوەو ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راوبۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

١٦- تاوتوێکردنو گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاسای وەزارەتی بازرگانیو ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راوبۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

١٧- تاوتوێکردنو گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گەیاندنو ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راوبۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

١٨- تاوتوێکردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی پیشەسازی و ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راوبۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

١٩- تاوتوێکردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارەباو ئامادەکردنی راپۆرتی یاسایی لەسەر راوبۆچوونی لیژنە لەبارەیەوە.

٢٠- تاوتوێکردنی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی وەزیرانی دادو نوێنەرانی دادوەرانی دادگای تەمیزو تێهەڵچوونەوە.

٢١- تاوتوێکردن و گفتوگۆ لەسەر پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری لەهەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی وەزیرانی دادو دادوەرانی دادگای تەمیزو تێهەڵچوونەوە.

**دووەم:** هەر پرۆژەیەکی یاسایی کە گفتوگۆی لەسەر کرابێت وەزیری تایبەت بەپرۆژەکە داوەت کراوەو بەهەماهەنگی لەگەڵیاندا پرۆژەکە گۆڕانی پێویستی بەپێشنیاز کراوە.

**سێیەم:** بۆ توکمەکردنی پرۆژەیاسایەکان پەنا براوە بۆ بەر سەرچاوە بیانیەکان و چەندین سەرچاوەی بۆ ئامادە کراوە.

**چوارەم:** لیژنەی یاسایی، بەحوکمی ئەوەی ئەندامانی گشتیان ئەندامن لەلیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، (١٢) کۆبوونەوەی دیکەیان ئەنجامداوە بۆ توکمەکردنی پرۆژەکەو ئەرکی ئامادەکردن و بەچاپگەیاندنی بەچاپ گەیاندۆتەوە.

**پێنجەم:** ئەندامانی لیژنەی سەرباری ئەرك و فەرمانەکانیان لەچەندین سیمینارو کۆبوونەوەی یاسای بەشداریان کردووە بۆ روونکردنەوەی حوکمە یاساییەکان و کێشە دەستوریەکان چەندین مێزگردیان لەکەناڵە جیا جیاکانی تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی سازداوەو راوبۆچوونی جەماوەریان بەهەند وەرگرتووەو وەڵامیان داونەتەوە.

**شەشەم:** چەندین نامیلکەو بلاوکراوەو کتێب بەچاپگەیاندووە وەك زنجیرەی یاسایی پەرلەمان، لەوانە:

١- وەرگێرانی دەستوری هیندستان لەئینگلیزیەوە بۆ عەرەبیو بەچاپگەیاندنی و دەرکردنی چەند ژمارەیەکی.
٢- دەستوری ئیسپانی ١٩٧٨.
٣- دەستوری اتحاد بوسنیاو هەرزەگۆڤینا ١٩٩٤.
٤- دەستوری کۆماری باشووری ئەفریقیا ١٩٩٦.
٥- القانون الاساسی لجمهوریه المانیا.
٦- دەستور جزر القمر.
٧- دەستور الامارات العربیه.
٨- مکافحه الفساد.
٩- چەند وێستگەیەك لەنووسینەوەی دەستوری فیدراڵی عێراق.
١٠- دەستوری سیسیلیا.
١١- دەستوری مەکسیك.

# ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاون متمانە دان بە کابینەی پێنجەم، پەرلەمانی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێ لەئەرك و فەرمانەکانیدا هەر بۆیەش لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان زێتر داواکراون بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە سەرەکییەکانیان لەبەدواداچوون و چاودێری کارەکانی حکومەت و لێپرسینەوەیدا، لەم روانگەوە لیژنەی کاربارى یاسایی وەك ئەرکێکی سەرەکی خۆی زنجیرە سەردانێکی بۆ گرتووخانەو بەندیخانە ناوەندییەکان و بنکە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا لەپارێزگاکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی بۆ ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری لەباری یاسایی گیراو(الموقوفين) و بەندییەکان(المحكومين) بکات کە تا چەند لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییدا رەچاوی رێکارە یاساییەکان کراوە هەروەها بۆ ئەوەی لەم کەم و کورییەکانیان ئاگادار بێت و راستەوخۆش گوێبیستی داواکاری و پێشنیازەکان بێت ئەویش بەمەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکارو رێگە چارەکان لەرووی یاسایی و تەکنیکیەوە، بۆیە لێرەدا مێژووی سەردانەکان خاڵ بەخاڵ دەخەینە روو بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم:** سەردانی گرتووخانەو بەندیخانەی ناوەندی هەولێر:

ڕۆژی پێنج شەممە رێککەوتی ٢٠٠٦/٨/٣ شاندێکی لیژنەی یاسایی کە لەسەرۆك و ئەندامانی لیژنەکە پێکهاتبوو لەبەڕێزان: شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەو طارق جامبازو عبدالكريم هموندو کریم بحری برادۆست و خلیل ابراهیم و قادر سعید (زانا روستایی) ئەندامانی لیژنە سەردانی بەندیخانەی ناوەندی هەولێری کرد کە بەشی گرتووخانەش دەگرێتە خۆی یان راستر بڵێین کە پێشتر هەر گرتووخانەی شاری هەولێر بووە و ئێستاش لەلایەن

ئەفسەرێکی پۆلیس بەپلەی عەقید بەڕێوەدەچیو لەرووی کارگێڕیو پاسەوانیشەوە سەر بەوەزارەتی ناوخۆی هەرێمە. سەرەتا شاندەکە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندانی بەندیخانەکە ئەنجامداو کە تیایدا رەوشی بەندیو گیراوەکانو بەندیخانەیان خستە روو دواتر شاندی لیژنەی یاسایی سەردانی قاوشو بەشەکانی ناو گرتووخانەو بەندیخانەی بەسەر کردەوەو راستەوخۆش لەگەڵ کۆمەڵێك گرتوو بەندکراو گفتوگۆیان کرد لەحاڵەتی یاساییو تەندروستیو پێداویستییەکانیان کۆڵیەوە، دواتر شاندنی لیژنەکە بنکەی تەندروستیو ناندینی بەندیخانەو هۆڵی سیمنارو سەردانەکانو گۆڕەپانی وەرزشی کە لەناو بەندیخانەکەدایە بەسەر کردەوەو دووایی ئەوەی شاندی لیژنەکەمان بەشە جیا جیاکانی دیکەی کارگێڕیو توێژەرانی کۆمەڵایەتی ناو بەندیخانەکەی بەسەر کردەوە دواتر بەڕێوەبەرو کارمەندانی چەندین پێشنیازو داواکاریان خستە روو بەم شێوەی خوارەوە:

١-گۆڕینی ناوی بەندیخانەی ناوەندی هەولێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەولێر.

٢-بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان لەلایەن وزارەتی دادەوە بەڕێوە ببرێت.

٣-جیاکردنەوەی بەشی گیراوەکان(الموقوفین) لەبەندیخانەکە.

٤-تانکەرێك بۆ دەردانی پیسایی بیرەکان دابین بکرێت.

٥-تانکەرێك بۆ ئاوی خاوێن دابین بکرێت.

٦-دابینکردنی وەرشەی کار بۆ بەندکراوەکان(المحکومین)

٧-دامەزراندنی کارمەندی شارەزاو تایبەت بۆ بەندیخانەکە.

٨-زیادکردنی ژمارەی هێزی پاسەوانی لەبەندیخانەکە.

٩-ئۆتۆمبێلی تایبەت بەگواستنەوەی گیراوە بەندیەکان دابین بکرێت.

١٠-نەسریەی بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە زیاد بکرێت.

# سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەی یاسایی

دوا بەدوای بەسەرکردنەوەی هەموو شوێنەکانی بەندیخانەو گفتوگۆکردنی لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندانو گیراو بەندکراوەکاندا شاندەکەمان کۆمەڵێك سەرنجو تێبینی بەدەست هێنا کە لەم خالانەی خوارەوە بەرجەستە کراون:

١- بەشێوەیەکی گشتی بەندیخانەکە لەڕووی پاكو خاوێنیو چارەسەری ئێمەرجنسیو داودەرمان زۆر باشە بە تایبەتی بوونی دەزگایەکی مۆدێرنی لۆندوری بۆ شوشتنو ئوتوکردنی جلو بەرگو پێخەفی گیراو بەندکراوان لەبەندیخانەکەدا جێگای ڕەزامەندی بوو.

٢- بینایەو شوێنی بەندیخانەکە بۆ هەولێری پایتەخت شیاو گونجاو نیەو بەتایبەتی بینایەکە بچووکەو مەرجەکانی بنکەی چاکسازی تێدا بەدی ناکرێتو پێویستە حکومەت لەبەرنامەی کارەکانی د ا پلانی بۆ دانێت.

٣- هەرچەند قاوشی گیراو بەندکراوان بەشێوەیەکی باش ڕێکخراوە بەلاّم لەزۆربەی ژمارەی گیراوو بەندیان(الموقوفين والمحكومين) کە سەرجەمیان لەو ڕۆژەدا (١٩٣) گیراوو(٣٥٦) بەندی بوون شوێنەکەیان بەجۆرێك تەسك بوو کە رووبەری هەر قاوشێك نزیکەی ٢٠٠م٢ بوو بەلاّم زیاتر لە(٤٠) بەندکراوی تێدابوو.

٤- ژمارەیەك لەگیراوانی قۆناغی لێکۆڵینەوە زیاتر لەشەش مانگ یان ساڵێك بوو گیرابوون کەچی هێشتان کێشەکەیان یەکلا نەکرابۆوە کە ئەمەش سەرپێچی ئەحکامی یاسایی ڕێو شوێنە دادگاییەکانی سزاییە بۆ گەرەکە هەرچی زووە ئەم کێشانە یەکلا بکرێنەوە هەروەها بەندکراوێك هەیە

كەياساى بەكاريگەرى پێشو لەسەر جێبەجێ كراوە بە(٢٠) ساڵى حوكم دراوە بەپێچەوانەى ياسا.

٥- دەبێ بەپێ ى حوكمەكانى ياسا بەنديە مەحكومەكان مۆڵەتى خێزانىو بەردانى مەرجدار واتە (الافراج الشرطي) و كاركردن لەوەرشەكانى پيشەيىو بوارى خوێندن لەهەموو قۆناغەكاندا بيانگرێتەوە كەچى بەپێچەوانەوە لەو هەموو مافە ياساييانە بێ بەشن كە ئەمەش دەچێتە بوونى پێشێلكارى ياساييەوە.

٦- سەبارەت بەلێبوردنى تايبەتى دواى تەنازلكردنى لەمافى كەسى جياكارى لەحاڵەتى هاوشێوە داكراوە لەبەر ئەوەى زۆرێك لەو دۆسيانەى تەنازوليان هەيە تا ئێستا هيچيان بۆ نەكراوە لەوەشدا سەرۆكايەتى ئەنجومەنى وەزيران بەرپرسە بۆيە گەرەكە ئەو دياردەيە چارەسەر بكرێت.

٧- پێدەچێ لايەنە پەيوەنديدارەكان بەتايبەتى وەزارەتى دادو ناوخۆو مافى مرۆڤو سەرپەرشتيارى دادى(الاشراف العدلى) ) وسەرۆكايەتى دادگاى پێداچوونەوەو دەزگاى داواكارى گشتى وەك پێويست ئاوڕ لەگرتووخانەو بەنديەكان نەدەنەوەو سەردانيان نەكەن بۆيە كێشەو گيروگرفتيان زۆرەو تاكو ئێستا بێ چارەسەر ماوەتەوە ئەمەش جێگەى سەرنج و تێڕامانە.

٨- هەموو بەندكراوەكان داواى بەزەيى پێداهاتنەوەو لێبوردنى گشتى لەپەرلەمانو سەرۆكايەتى هەرێم دەكەن.

**دووەم: سەردانى بەشى چاكسازى نەوجەوانانو ئافرەتان لەهەولێر.**

ڕۆژى سێ شەممە ڕێككەوتى ٢٠٠٦/٨/٨ شاندێكى ليژنەى ياسايى كە پێكهاتبوو لەبەڕێزان سەرۆكو ئەندامانى ليژنە شێروان حەيدەرىو طارق جامبازو كريم بەحرى برادۆست خليل ابراهيم سەردانى بەشى چاكسازى

نەوجەوانان‌و ئافرەتانی کرد کە لەهەولێر کە سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە لەرووی کارگێری پاسەوانیەوە دووای ئەوەی لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکی کورت خایەنی لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندانی بەشە جیاجیاکان ئەنجامداو راوبۆچوون لەهەردوو لاوە خرانە روو دوواتر بەهاوڕێیەتی بەڕێوەبەری بەشی نەوجەوانان سەردانی بەشی یەکەم کرد کە تایبەت بوو بەچاودێری پاشینەی نەوجەوانان(الرعایة اللاحقة للاحداث) شوێنە کە بەسەرکرایەوە بەڵام جێگەی خۆشی بوو کە چۆڵ بوو هیچ کەسی تێدا نەبوو دوای ئەمە بەشی دووەمی نەوجەوانانمان بەسەر کردەوە کە نەوجەوانانی گیراو نەوجەوانانی مەحکومیان دەگرتەوە کە گیراوەکان ژمارەیان (١٨) کەس بوون کە زۆربەی تاوانەکانیان لەسەر دزی بوو هەروەها نەوجەوانانی مەحکوم ژمارەیان (١٧) کەس بوون کە زۆربەی تاوانەکانیان کوشتن‌و دزی‌و لەرەوشت لادان بوو تەنها یەکێکیان بەپێی ماددەی بێ هۆشکەرەکان بوو، شاندەکەمان ژوور بەژوور هەموو گیراو بەندکراوانی نەوجەوانانی بەسەر کردەوە لەگەڵیاندا دووان دوای ئەوەش لیژنە ژوورو بەشەکانی بنکەی تەندروستی‌و نانـدینی بنکەو هۆڵەکانی‌و وەرشەی کاری نەوجەوانان وەك دارتاشی‌و سەرتاشینی بەسەر کردەوە.

دواتر شاندی لیژنەی یاسایی بەیاوەری بەرپرسی بەش‌و توێژەرانی کۆمەڵایەتی سەردانی بەشی چاکسازی ئافرەتانی کرد کە گیراو مەحکومانی ئافرەتی دەگرتەوە کە ژمارەیان (٢٦) گیراو بەندکراو بوون تاوانەکانیان زۆربەی کوشتن‌و دزی‌و لەشفرۆشی بوو تەنها یەك حاڵەتی حوکمی لەسێدارەدانی تێدابوو. دوای خۆناساندنی شاندی لیژنەکە لەکێشەو گرفتەکانیان کۆڵیەوە.

دوای کۆتایی هاتنی سەردانەکەمان جارێکی دیکە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی چاکسازیو کۆمەڵایەتی کۆبوینەوەو لەو کۆبوونەوەیدا چەندین پێشنیازو داواکاریان خستەڕوو بەم شێوەی خوارەوە:-

١- لەبەر کەمیو تەسکی ژوورەکانی کارگێری داوای ئاوەدانکردنەوەی بینایەی دیکەیان دەکرد لەتەك بینایەکەیاندا.

٢- دابینکردنی گۆڕەپانێکی فریزی دەستکردی تۆڕدار بۆ ئەندامدانی چالاکی وەزرشی بۆ نەوجەوانان دواکاریەکی سەرەکیان بوو.

٣- داوای دەرماڵەی مەترسی(خطورة) دەکەن بۆ تەواوی فەرمانبەرانی چاکسازی هەروەها بۆ چاودێرو پاسەوانانیش.

٤- پێشنیاز دەکەن بۆ گرنگی دان بەلیژنەی بەدواداچوونەوەی نەوجەوانان ئەندام پەرلەمانێك بێتە ئەندام لەو لیژنەیەدا.

٥- داوا دەکەن نەسریە بۆ بەشەکانیان زیاد بکرێت کە ٢ ملیۆن دینارەو بەشیان ناکات.

٦- دابینکردنی دەزگایەکی لۆندوری بەپێویست دەزانن بۆ شوشتنو ئوتوکردنی جلو بەرگی نەوجەوانان.

٧- دابینکردنی ئۆتۆمبیلی تایبەت بۆ گواستنەوەی توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە ژمارەیان(١٣) توێژەری پیاو ژنن.

٨- داواکارن کارمەندان لەدابەشکردنی جلو بەرگ بێ بەش نەکرێن.

## سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەی یاسایی بەم جۆرەی خوارەوەیە :

١- بینایەو شوێنی بەشی چاکسازیەکە باشەو کەم و کورتی ئەوتۆی نیە.

٢- داواکاری گشتی بەشێوەیەکی بەردەوام مانگێ دوو جار سەردانی بەشی چاکسازی دەکات.

٣- زۆربەی کات نەوجەوانان و ئافرەتان بەرۆژ لەدەرەوەی ژوورەکانن.

٤- زۆربەی پێداویستیەکانی چاکسازی وەرشەو کاریان بۆ دابین کراوە وەك دارتاشی و سەرتاشین و درومان.

٥- هەموو مەرجەکانی پاك و خاوێنی و داودەرمانیان بۆ دابین کراوە.

٦- ئەوە جێگەی نیگەرانیە هەندێ ئافرەت منالی ساوایان لەگەڵدایە لەناو قاوشەکاندا کە دەکرێت چارەسەر بکرێت.

٧- سیستەمی مۆڵەتی خێزانی و بەردانی مەرجدار (الافراج الشرطي) پەیڕەو ناکرێت.

٨- هەموو گیراو بەندکراوەکانی نەوجەوان و ئافرەتان داوای بەزەیی و لێبوردنی گشتیان دەکرد لەپەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم.

**سێیەم:** سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٦/٨/٢١ شاندێکی **لیژنەی کاروباری یاسایی** کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان سەرۆکی لیژنە شێروان حەیدەری و جێگرەکەی عەونی بەزاز و ئەندامانی لیژنە تاریق جامباز و کەریم بحری برادۆست و دلێر محمد شریف سەردانی پارێزگای سلێمانی کرد بۆ بەسەرکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە دەکەوێتە ناو (معکسر السلام) ی کۆن و لەوێ شاندەکە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی

کۆمەڵایەتی سلێمانیەوە پێشوازی کراو دوواتر هەردوو لای چاکسازییەکەیان بەسەر کردەوە.

أ- سەردانی بەشی مەحکومیەتی پیاوان دوای چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا رەوشەکەی بەم شێوەیە بوو:-

کۆی گشتی حوکمدراوانی پیاو ٦٠٦ کەس بوون. کە هەندێکیان بەحوکمی هەتا سەر واتە (مدی الحیاە) حوکم دراون کە پێچەوانەی یاساکانە لەکوردستان.

زۆربەی ئەو ماددانەی کە پێ حوکمدرابوون بەزۆری دابەش دەبووە سەر تاوانەکانی دزیو کوشتنو نێربازیو ماددە سڕکەرەکانو تیرۆرو رووداوی ئۆتۆمبیل، لیژنە تێبینی ئەوەی کرد کە ئەو شوێنەی بۆیان تەرخانکراوە کەمترین مەرجی ژیانی تێدا بەدی ناکرێت لەبەرکۆنی بینایەکەو تەسکی شوێنەکەیانو نەبوونی ئامرازی هەوا گۆڕینو فێنکەرەوەی پێویست کە حوکمدراوانی تێدا ئاخێنرا بوون بەشی ژنانی مەحکومیان بەسەر کردەوەو کە حوکمدراوانی بەم شێوەیە بوو:-

کۆی گشتی ١٢ کەس بوون، زیاتر ماددەی تاوانەکانیان کوشتن بوو.

ج- دوای ئەمەش لیژنە بەشی نەوجەوانی بەسەر کردەوە کە حوکمدرابوون لیژنە تێبینیەکانی کرد کە بەم شێوەیە بوون:-

کۆی گشتی ٣٦ نەوجەوان بوون

لیژنە تێبینی کرد کە شوێنی نەوجەوانان باشترە لەچاو شوێنی حوکمدارانی پیاو هەروەها زۆربەی ماددەی گوناهەکانیان کوشتنو دزیو لادانی رەوشتی دەگرتەوەو یەک حاڵەتی ماددەی سڕکەرو حاڵەتێکی رووداوی ئۆتۆمبێل.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحکومانی هەر سێ بەشی پیاوان و ژنان و نەوجەوانان بۆ شاندی لیژنەکەمان دەرکەوت کە دواکارییەکانیان تەنها بەزەیی پێداهاتنەوەو لیبوردنی گشتی یە لەپەرلەمان نەخاسمە ئەوانەی ئاشتبوونەوەیان بۆ کراوە هەروەها داواکاربون بەتایبەتی پیاوەکان کە شوێنێکی فراوانترو تەندروستی تریان بۆ دابین بکرێت لەجیاتی ئەو شوێنەی تێدانە کە رووبەرەکەی ٤٠م ٢و نزیکەی ٤٠ تا ٧٠ کەسی دەگرێتە خۆو کەمترین مەرجی تەندروستی نیە.

بەلام دواتر لیژنە چاوی لەو بینایە نوێ یە کرد کە لەقۆناغی جێ بەجێکردندایە بۆ بەرێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەلایەتی بۆ پیاوان پێدەچوو بەشێوەیەکی مۆدێرن و لەسەر شێوەی چاکسازیەکانی جیهانی بەئەنجام بگەیەنرێت.

بەلام وا دەرکەوت کە جەمەکانی خواردنیان بەجۆرێکی باش بەرێوەبچێت بەپێ ی ئەو لیستەی هەلواسرابوو هەروەها لەزاری مەحکومەکانەوە.

هەروەها داواکاری پێشنیازەکانی سەرپەرشتیاران خرانە روو کە بەشێوەیەکی یاسایی پێشکەشی بکەن سەبارەت بەوەرشەی کار بۆ مەحکومەکان و شوێنی سەردانی کەس و کاریان و هۆلی وشیاری بۆیان بەئەنجام بگەیەنرێت. بەپێویستمان دەزانی خانەی چاودێری نەوجەوانان بکرێتەوە بۆ بێ نەوایانی هەروەها تێبینی ئەوە کرا چاودێری پاشینە(الرعایه اللاحقه) نیە کە پێویستە بکرێتەوەو هەروەها ئۆتۆمبیلی گواستنەوەیان نیە.

هەروەها لیژنە تێبینی کرد کە هەندێك لەو مەحکومانەی لەلایەن دادگاکانی کەرکوك حوکمدراون لەرووی ئەمنیەوە لەبەرێوەبەرایەتی چاکسازی سلێمانی دانراون بۆیە گەرەکە چارەسەرێکیش بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە.

د- دوای ئەمە لیژنەکەمان بنکەی پۆلیسی گرتووخانەو گواستنەوەی سلێمانی بەسەر کردەوە ئەم تێبینیانەی خوارەوەی بەدی کرد:-

١- ئەو بینایە بۆ گرتووەکانی پیاوان و ژنان و نەوجەوانان تەرخان کراوە زۆر تەسکەو سادەترین مەرجی حەوانەوەی تیایدا بەدی ناکرێت ڤاوشەکانی بچووکن کە هیچ مەرجێکی تەندروستی نیەو ٦٨ کەسیش دەگرێتە خۆی ئەمەش پێچەوانەی یاسایەو زۆر لەکێشەکان یەکلا نەکراونەتەوە سەرەڕای رەتبوونی ماوەی دیاری کراوی یاسایی بەسەریەوە کە بەرپرسی گرتووخانە هۆیەکەی گەڕاندەوە بۆ ناتەواوی لەپێ راگەیاندن و ئامادەنەبوونی شایەتحاڵەکانی کێشەکە یان نادیاری ئادرێسی لایەنەکانی کێشەکە. بۆ نموونە لیژنە تێبینی کرد کە یەکێك لەگیراوەکان بەناوی (عثمان حمدامين) (٧) ساڵە گیراوە بەپێی ماددەی ٥٠٢ یاسای سزاکان لەبەر شێتی و نەبوونی بنکەی تەندروستی نەخۆشیەکانی هۆشی و دەروونی، هەروەها کەسانێك هەبووە زیاتر لەماوەی دیاری کراو بەسەرگرتنەکەیان رەت ببو بێ ئەوەی هۆیەکەی دیاربێت.

دوا بەدوای ئەوەی سەرەوە لیژنەکەمان ئەم خاڵانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات و رادەستپێری کە:

١- ئاگاداری لایەنە پەیوەندارەکان بکرێتەوە کە پێویستە پەلە بکرێت لەتەواوکردنی بینایە نوێ ی چاکسازیەکەو کاری مەحکومان چارەسەر بکرێت لەرووی مرۆڤایەتی و تەندروستی و رەوشەی کارو دیارکردنی شوێنی سەردان و لێك جیاکردنەوەی مەحکومان بەپێ ی گەورەیی و جۆری کێشەکانیان.

٢- کردنەوەی خانەی چاودێری نەوجەوانان و خانەی میوانداری و بۆ بێ نەوایان کە ماوەی مەحکومیان تەواو دەبێت.

٣- دابینکردنی هۆی گواستنەوەی پێویست بۆ گواستنەوەی مەحکومانو ئەوانەی چاودێری پاشینەوە دەیانگرێتەوە.

٤- دەرکەوت بۆ لیژنەکەمان کەوا بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیو کۆمەلایەتی بەهەموو بەشەکانیەوە سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتین، بەلام پاسەوانەکانیان سەر بەوەزارەتی ناوخۆن هەر هەموو کارمەندەکانیش دەرمالەی مەترسی وەردەگرن لەوەزارەتی ناوەخۆ.

**چوارەم:** سەردانی فەرماندەیی گرتووخانەو(تەسفیراتی ) ناوەندی دهۆك.

رۆژی یەك شەممە رێککەوتی ٢٠٠٦/٨/٢٧ شاندێکی لیژنەی یاسایی کە لەبەڕێزان سەرۆکی لیژنە شێروان حەیدەریو جێگرەکەی عەونی بەزاز ئەندامان تارق جامبازو خەلیل ابراهیمو کریم بحری برادۆست پێکهاتبوو لەچوار چێوەی بەرنامەی سەردانەکانیاندا بۆ گرتووخانەو بنکە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستا سەردانی فەرماندەی گرتووخانەو (تەسفیرات) ی ناوەندی دهۆکیان کرد سەرەتا کۆبوونەوەیەکی کورت خایەنی لەگەل بەڕێوەبەرو جێگرەکەیو بەرپرسی بەشەکان ئەنجامدا ئینجا ڕاستەوخۆ شاندەکە(تەسیفرات) ی دهۆکیان بەسەر کردەوە کە ژمارەیان (٨٨) گیراوبوون کە لەسەر تۆمەتی جۆراو جۆر بەزۆریش دزیو کوشتنو ڕووداوی ئۆتۆمبیل بوو. لیژنە تێبینی ئەوەی کرد کە شوێنی گیراوەکان بۆ حەوانەوەیان گونجاو نەبوو بەجۆرێك هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نەبوو سەرباری ئەوەی زۆر لەحالەتەکان ماوەی یاسایی دیارکراویان رەت کردبوو بەپێی پاساوێکی یاسایی کە هەندێکیان لەجۆری خواردن گلەییان هەبوو هەندێکیشیان باسیان لەئەشکەنجەدان دەکرد لەکاتی لێکۆلینەوەدا هەروەها ژووری تایبەت بەپارێزەرانیان نەبوو.

دواتر شاندی لیژنەکەمان بەشی مەحکومەکانی بەسەر کردەوە کە ژمارەیان (٣٥٤) بەنکراو بوو بەسەر دوو بەشدا دابەشکرابوون لەبینایەکی کۆنی میری بەم شێوەیە خوارەوە:-

١-بەشی ئەحکامی سووک

٢-بەشی ئەحکامی قورس

ئەوانە بەکێشەی جیا جیا حوکمدرابوون وەك تاوانی کوشتن‌و دزی‌و رووداوی هاتووچۆو ماددە سڕکەرەکان‌و لەرەوشت لادان‌و نێربازی‌و رفاندن‌و بەدەستەوە بوونی تەقەمەنی. . . هتد.

**ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرا بەم شێوەیەی خوارەوەیە بوون:**

١- تەسکی شوێنەکەو جەنجالی لەزۆری حوکمدراواندا.

٢- وا دیار بوو هەندێك لەمەحکومانی ماددە سڕکەرەکان بەپێی لێبوردنی تایبەتی بەردرابوون کەچی هاوشێوەکانیان هەر لەژوورەوە بوون.

٣- زۆر لەکێشەکان ئاشتەوایان تێدا کرابوو تەنازولیان هەیە بەڵام کەس لێیان ناپرسێت‌و بەرنادرێن.

٤- ناندینەکەیان بچوکەو لەگەڵ ژمارەی بەندییەکان ناهێتەوە.

٥- بە زۆری مەحکومەکان داوای بەزەیی پێداهاتنەوەو لێبوردنی گشتی دەکەن.

٦- داوای زیادکردنی نەسریە دەکەن کە لەگەڵ ژمارەی بەندکراواندا نەگونجاوە.

هەر لەهەمان رۆژدا شاندی لیژنەکەمان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەشی چاکسازی سمێڵی (نەوجەوانان) و ئافەرتانی دهۆکی کرد کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری دهۆك بینایەو شوێنەکەی زۆر گونجاوەو زۆربەی پێداویستیەکانی بۆ

دابین کراوەو دەتوانین بڵێین هەموومەرجەكانی بنكەی چاكسازی تێدا هەیەو ئەویش بەسەر سێ بەشدا دابەش كراوە بەم شێوەیە:-

١-بەشی گیراوانی نەوجەوانان.

٢-بەشی مەحكومانی نەوجەوانان.

٣-بەشی مەحكومانی ئافرەتان.

٤-بەشی چاودێری پاشینە.

ئەم بنكە چاكسازیە چەندین وەرشەی كار دەگرێتەخۆ وەك دارتاشیو كۆمپیتەرو سەرتاشینو سیرامیكو درومانو مۆسیقا، ژمارەی سەرجەم گیراوو مەحكومان دەگاتە (٦٠) كەس بەم جۆرەی خوارەوە:-

| | |
|---|---|
| نەوجەوانی مەحكوم | ٣٧ نەوجەوان بوون |
| نەوجەوانی گیراو | ١٨ نەوجەوان بوون |
| بەڵام ژمارەی ئافرەتانی مەحكوم | ٥ ئافرەت بوون |

كێشەكانیان جۆراو جۆرە هەر لەدزیو كوشتنو لەشفرۆشی تا دەگاتە تاوانی گزی(تەزویر) .

داواكاریان بەم شێوەی خوارەوەیە:-

١- دروستكردنی یاریگایەكی دەستكردی تۆردار.
٢- دابینكردنی تانكەرێك بۆ ئاوی خاوێن.
٣- دروستكردنی كابینە بۆ میوانو سەردانی خێزانی.
٤- دامەزراندنی راهێنەران بۆ وەرشەكان.
٥- دەرماڵەی مەترسی (خطورة) بۆ كارمەندو پاسەوانان.
٦- گواستنەوەی ئافرەتان بۆ شوێنێكی تایبەت بەخۆیان.
٧- دروستكردنی فوتابخانە بەهەموو قۆناغەكانەوە.

٨- دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی ژن.

٩- بەشی گیراوان لەپۆلیس وەرگیرێتەوەو پاسەوانانی جلو بەرگی مەدەنی لەبەر بکەن.

لە کۆتاییدا لیژنەی یاسایی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدا لەسەر هەڵسەنگاندنی سەردانەکانی بۆ هەرسێ پارێزگای کوردستان ئەم چەند داواکاریو پێشنیازانە دەخاتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز:-

١- داواکارین لەنزیکترین بواردا بەڕێزان وەزیرانی هەرسێ وەزارەتی پەیوەندارووەزارەتی دادو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بانگێهشت بکەن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەیدا ئامادەی گفتوگۆکانی پەرلەمان بن سەبارەت بەباری گرتوو مەحکومەکان لەبەندیخانەکاندا.

٢- داواکارین هەرچەندی زووە پرۆژەی لێبوردنی گشتی سوککردنی حوکمەکانی پێشکەشکراو لەلایەن لیژنەی یاسایەوە بخرێتە کارنامەی پەرلەمانەوە بۆ پەسەندکردنی لەبەر ئەوەی داواکاری سەرجەم مەحکومەکانی بوو دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز.

٣- لیژنەکەمان پشتگیری تەواوی ئەو داواکاریو پێشنیازانە دەکات کە لەراپۆرتەکەدا هاتووە.

٤- داواکارین کێشەی ئەو گرتووانەی لەدادگای لێکۆڵینەوەدا ماوەی دیاریکراویگرتنەکەیان لەڕووی یاساییەوە رەت کردووە هەتا زووە کێشەکەیان یەکلابکرێتەوە.

٥- پۆلێنکردنی مەحکومەکان بەپێی یاساو جۆری تاوانەکانیانەوە.

٦- پێویستە ئەو مەحکومانەی لەکێشەی هاوبەشدا کە هەندێکیان لێبوردنی تایبەتیان بۆ دەرکراوە بەیەکسانی بۆ لێبوردن تایبەت بۆ هاوشێوەکانی دی دیکەیان دەربکرێت.

٧- پێویستە وەزارەتی پەیوەندار پرۆژەیەکی رێکخستنی چاکسازی بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکاتو پێشکەش بەپەرلەمان بکات بۆ پەسەندکردنی.

٨- لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات ئەو بینایەی بۆ مەحکومان لەپارێزگای دهۆك کە لەقۆناغی کۆتاییدایە بکرێتە مەڵبەندی چاکسازیو کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم مەحکومان لەهەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی هەموو مەرجەکانی چاکسازیو کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆ.

٩- چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی کەوا بەسزای(هەتا سەر) (مدى الحياه) حوکمدرانە بەرێگایەکی یاسایی چونکە سزای(مدى الحياه) لەیاساکاندا نیە وەئەمەش دەبێ بەبڕیارێکی پەرلەمان چارەسەر بکرێت و هەروەها بەندیەی بەکاریگەی پێشو (اثر رجعي) بە(٢) ساڵ حوکم دراوە چارەی بکرێ.

١٠- داواکاریەکی زۆر پێشکەش کراوە کەوا داوا دەکەن هەندێك کەس گیراون بێ ئەوەی ئیجرائاتی یاسایانەیان لەگەڵ بکرێتو بێ ئەوەی بزانن بەچ تۆمەتێك گیراونو رەوانەی ئاکرێ کراون.

١١- هەندێك لەمەحکومەکان داواکاریان پێشکەش کرد تێیدا روونکردنەوەیەکیان دایە ئەویش ئەوەبوو کەوا لەهەندێك کێشە دوو یان سێ کەس یان زیاتر وێکرا حوکم کراون بەڵام دوای بەلێبوردنی تایبەت لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرەڵا کراونو ئەوانی تریش ماونەتەوە هەرچەندە کێشەکەیان یەك کێشەیەوە بۆیە داوا دەکەن یان ئەوانیش بگیرێنەوە یان ئەوانیش بەرەڵا بکرێن.

| | | |
|---|---|---|
| شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنە | عونی بەزاز<br>جێگری سەرۆکی لیژنە | عبدالکریم هموند<br>ئەندام |
| طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆست<br>ئەندام | خلیل ابراهیم<br>ئەندام |
| د. نوری تاڵەبانی<br>ئەندام | دلێر محمد شریف<br>ئەندام | قادر سعید (زانا روستایی)<br>ئەندام |

## بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەنجومەن

نووسراوتان ژمارە ك/١٠ لە٢٠٠٦/٧/٩ سەبارەت بەپرۆژەی(المفوضية العليا المستقلة للانتخابات)

بۆچوونی ئێمە بەم شێوەیەیە کە لەخوارەوە بەعەرەبی بۆمان نووسیوون.

نود إعلامكم بأنه لم ترد إشارة الى (الهيئة العليا للانتخابات في إقليم كردستان) في مشروع قانون المفوضية العيا المستقلة للانتخابات، هذه الهيئة التي تشكلت بموجب كتاب المفوضية العليا المرقم أ/٢٤٤ في ٢٠٠٤/١١/١٤ الذي حدد فيه إسم الهيئة وكونها مسؤولة إداريا وماليا وفنيا عن مكاتب محافظات إقليم كوردستان، دون الرجوع الى المكتب الوطني للمفوضية، لذلك نقترح أن يرد في مشروع القانون المذكور ما يلي:-

**أولا:** الابقاء على التسمية المقررة سابقا وهي (الهيئة العليا للانتخابات في اقليم كردستان) .

**ثانيا:** -تكون الهيئة مستقلة عن المكتب الوطني في القضايا الادارية والمالية والفنية.

**ثالثا:** لحين اصدار قانون من المجلس الوطني لاقليم كوردستان –العراق، تستمر الهيئة في ممارسة مهامها بالشكل الانف الذكر علما بأن المجلس الوطني للاقليم قد هيأ مشروع قانون خاص بالهيئة المذكورة يتضمن كونه مؤسسة تابعة للمجلس الوطني لاقليم كوردستان ويتم اختيار اعضاءه من قبله.

مع التقدير. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكريم هموند<br>مقرر اللجنة | عوني بەزاز<br>نائب الرئيس | شيروان الحيدري<br>رئيس اللجنة |
| د. نوري الطالباني<br>عضو | طارق جامباز<br>عضو | كريم بحري<br>عضو |
| خليل ابراهيم<br>عضو | محمد صالح اسماعيل<br>عضو | دلێر محمد شريف<br>عضو |
| | قادر سعيد خضر(زانا)<br>عضو | |

# راپۆرتی لیژنەی یاسایی
# ساڵی ۲۰۰٦

| ژ | ناوەرۆك |
|---|---|
| ١ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای نەهێشتنی تیرۆر |
| ٢ | راپـۆرتی لیژنــەی یاســایی ســەبارەت بەپرۆژەیاســای وەزارەتــی پیشەسازی |
| ٣ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی ژینگە |
| ٤ | راپـۆرتی لیژنــەی یاســایی ســەبارەت بەپرۆژەیاســای وەزارەتــی گواستنەوە |
| ٥ | راپـۆرتی لیژنــەی یاســایی ســەبارەت بەپرۆژەیاســای وەزارەتــی گەیاندن (١) |
| ٦ | راپـۆرتی لیژنــەی یاســایی ســەبارەت بەپرۆژەیاســای وەزارەتــی بازرگانی |
| ٧ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی کارەبا |
| ٨ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی پلان دانان |
| ٩ | راپۆرتی لیژنـەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتـی ئاوو ئاوەرۆکان |
| ١٠ | راپـۆرتی لیژنــەی یاســایی ســەبارەت بەپرۆژەیاســای وەزارەتــی پەروەردە |
| ١١ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی گەشتو |

| | |
|---|---|
| | گوزار |
| ١٢ | راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای وەزارەتـی گەیاندن (٢) |
| ١٣ | راپۆرتی لیژنە سەبارەت بەپرۆژەی یاسای یـەکێتی پەرلـەمانتارانی کوردستان |
| ١٤ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون |
| ١٥ | راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بـەپرۆژەی بڕیـاری راگرتنـی کارکردن بە<br>بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەت شۆرش ژمارە(٣٦٨) ساڵی١٩٩٠ |
| ١٦ | راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسای هـەموارکردنی یاسای<br>کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی کشتوکاڵی |
| ١٧ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای وەزارەتـی کشتوکاڵ |
| ١٨ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای وەزارەتـی شەهیدانو ئەنفالکراوان |
| ١٩ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای کۆمەڵـەی دادوەرانی<br>هەرێمی کوردستان |
| ٢٠ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان |

| | |
|---|---|
| ٢١ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای ناوچـەکانی دەرەوەی هەرێم |
| ٢٢ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای شـەهیدان‌و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان |
| ٢٣ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای ئاوەدانکردنـەوەو نیشتەجێبوون |
| ٢٤ | راپـۆرتی لیژنـە سـەبارەت بـەپرۆژەی یاسـای کارکردنـەوە بەماددەکانی دەروازەی دووەمی یاسای بنەماکانی سزایی ژمارە(٢٣) ی ساڵی ١٩٧١ |

# یاساو بڕیارە دەرچووەکانی ساڵی ۲۰۰٦

| ژ | ناوەڕۆك | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | بڕیاری تەصدیقکردنی پێکهاتنی نێوان پارتیو یەکێتی بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/١/۲١ |
| ۲ | بڕیاری دەستنیشانکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیو عمر فتاح بۆ سەرۆكو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (۲) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/١/۲۲ |
| ٣ | بڕیاری متمانەدان بەسەرۆكو جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/٥/٧ |
| ٤ | بڕیاری پاڵاوتنی بەڕێز کۆسرەت رەسول بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/٦/۲١ |
| ٥ | بڕیاری راگرتنی کارکردن بەبڕیاری (٣٦٨) ی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە ١٩٩٠/٩/٩ {قەدەغەکردنی کارکردن بەمێرد منداڵان} ژمارە (١٠) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/١١/٩ |
| ٦ | یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (۲) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/١/۲٤ |
| ٧ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (٣) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/٤/٣ |
| ٨ | یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/٧/٤ |
| ٩ | یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥) ی ساڵی ۲۰۰٦ | لە ۲۰۰٦/٩/٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | یاسای کار پێکردن بەسزای لەسێدارەدان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/١١ |
| ١١ | یاسای وەزارەتی پلان دانان ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/١٣ |
| ١٢ | یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/٢٥ |
| ١٣ | یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٠/٣ |
| ١٤ | یاسای وەزارەتی ژینگە ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٠/٣ |
| ١٥ | یاسای وەزارەتی پیشەسازی ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٠/١١ |
| ١٦ | یاسای وەزارەتی گواستنەوە ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/٢٥ |
| ١٧ | یاسای وەزارەتی بازرگانی ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٠/١١ |
| ١٨ | یاسای وەزارەتی گەیاندن ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٠/١٦ |
| ١٩ | یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١١/٦ |
| ٢٠ | یاسای یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١١/١٤ |
| ٢١ | یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١١/٢٩ |
| ٢٢ | یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٢/١٩ |
| ٢٣ | یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ژمارە(١٩) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٢/٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤ | یاسای وەزارەتی گەشتو گوزار ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٢/٢٧ |

# راپۆرتی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەساڵی ٢٠٠٧

| تێبینی | ناوەرۆک | ژ |
| --- | --- | --- |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئایینی سەبارەت بەدووبارە چاوپێداخشاندنەوە بەماددەی(٢) لەیاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ١ |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی داد | ٢ |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان | ٣ |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی رۆشنبیری | ٤ |
| یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان | ٥ |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەو رەخنانەی سەرۆکی هەرێم تایبەت بەوەزارەتی داد | ٦ |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای سامانە سروشتیەکان | ٧ |
| | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای نەوت و غاز لەهەرێمی کوردستان | ٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەپرۆژەیاسـای وەزارەتی پیشەسازی | |
| ١٠ | راپـۆرتی لیژنـــەی یاســـایی ســـەبارەت بـــەپرۆژە هـەموارکردنی سـێیەمی یاسـای وەزارەتـی پـەروەردە ژمارە (٤)ساڵی ١٩٩٢ | |
| ١١ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بـەپرۆژەی یاسـای کارکردن بەرێکخستنی وەکالەی بازرگانی عێراقی ژمارە (٥١) ساڵی ٢٠٠٠ لەکوردستان | |
| ١٢ | راپـۆرتی لیژنــە ســەبارەت بــەپرۆژەی حــسابکردنی خزمەتی سەرۆکەکانی یەکەئیدارییـەکان کـە سـەلاحیاتی قازی جونحە مومارەسە دەکەن بەخزمەتی دادوەری | |
| ١٣ | راپۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بەیاسـای پاراستن و پەرەپێدانی بەرووبومی کشتوکاڵی | |
| ١٤ | راپـۆرتی لیژنـە سـەبارەت پرۆژەیاسـای هـەموارکردنی کۆری زانیاری کوردستان | |
| ١٥ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بـەپرۆژەی یاسـای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین | |
| ١٦ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بـەپرۆژەی یاسـای وەزارەتی شارەوانی | |
| ١٧ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بـەپرۆژەی یاسـای لێبوردنی گشتی | |
| ١٨ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی سـەبارەت بـەپرۆژەی یاسـای تایبـەت بـەراگرتنی کـارکردن بەهـەردوو بریـاری | |

| | | |
|---|---|---|
| | سەرکردایەتی شۆڕش لادراو لەهەرێمی کوردستان ژمارە ١٦٣١ لە٣٠/١٠/١٩٨٢و ١١٣٣ لە٢/٩/١٩٨٢ | |
| ١٩ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان | |
| ٢٠ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینکردنی پارێزەران ژمارە ١٨ ساڵی ١٩٩٩ | |
| ٢١ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی ئەوقاف | |
| ٢٢ | راپۆرتی لیژنە سەبارەت بەپرۆژەی یاسای دەزگای زیندانە سیاسیەکان | |
| ٢٣ | راپۆرتی لیژنەی هاوبەش سەبارەت بەمادده (٢) ی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف | |
| ٢٤ | راپۆرتی لیژنە سەبارەت بەراگرتنی کارکردن بەمەرجی شووکردن بەپێی برگەی یەکەم لەمادەی ٤١ یاسای داواکاری گشتی ژمارە ١٥٩ ساڵی ١٩٧٩ | |
| ٢٥ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەبڕیاری خانەنشینکردنی سەرپەرشتیاری دادی | |
| ٢٦ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەیاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە(٢٤) ی ساڵی ١٩٦٠ | |
| ٢٧ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەنووسراوی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان | |
| ٢٨ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای | |

| | | |
|---|---|---|
| | داواکاری گشتی | |
| ٢٩ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای نەهێشتنی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە(٣١) لەساڵی ٢٠٠٧ | |
| ٣٠ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای وەزارەتی پێشمەرگە | |
| ٣١ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای دەسەڵاتی دادوەری | |
| ٣٢ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ | |
| ٣٣ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەدەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان | |
| ٣٤ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای باجی زەوی | |
| ٣٥ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای باجی خانووبەرە | |
| ٣٦ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای هەموارکردنی باجی داهات ژمارە (١١٣) ی ساڵی ١٩٨٢ | |
| ٣٧ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای پکشنین و خوێن بۆماوەیی | |
| ٣٨ | راپۆرتی لیژنەی هاوبەش سەبارەت بەپرۆژەیاسای کەم ئەندامانی پێشمەرگە | |
| ٣٩ | راپۆرتی لیژنەی یاساییو لیژنەی پێشمەرگە سەبارەت | |

| | | |
|---|---|---|
| | بەپرۆژەیاسای هەموارکردنی یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە | |
| ٤٠ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای کۆڕی زانیاری کوردستان | |
| ٤١ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەگەری | |
| ٤٢ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن | |
| ٤٣ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان | |
| ٤٤ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای خزمەتو خانەنشینی پێشمەرگە | |
| ٤٥ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی جێبەجێکردنی یاسای هاتوچۆی فیدرال ژمارە (٨٦) ی ساڵی ٢٠٠٤ | |
| ٤٦ | ڕاپۆرتی هاوبەش لیژنەکانی یاساییو کشتوکاڵو ئاودێریو شارەوانیەکانو گەیاندن سەبارەت بەپرۆژەی یاسای ڕێکخستنی مافی دەستکاری لەزەوی کشتوکاڵی | |
| ٤٧ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای باجی خانووبەرە | |

# تقرير اللجنة القانونية
## مشروع قانون العفو العام و التقرير حول الموضوع

استناداً لحكم المادة ٦/٣٩ من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق اجتمعت اللجان القانونية والشؤون الداخلية وحقوق الانسان عصر هذا اليوم المصادف ٢٠٠٧/٤/٣ حول مشروع قانون العفو العام الذي تمت قراءته الأولى في البرلمان ٢٠٠٧/٣/٢٧ ومناقشته في الجلسة المنعقدة في صباح يوم ٢٠٠٧/٤/٣ وبعد المناقشة وتبادل الأراء توصلت اللجان الثلاث الى الصيغة التالية للمشروع وكالآتي:

**المادة الأولى:** يعفى عفواً عاماً:-
**أولاً:** المحكومون في القضايا التي تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء باستثناء المحكومين بالآعدام.
**ثانياً** : الأحداث المحكومون والمودعون في دوائر الاصلاح الاجتماعي للأحداث.

**المادة الثانية:** تخفض مدة العقوبة المحكوم بها للنزلاء في دوائر الأصلاح الأجتماعي في أقليم كوردستان بنسبة ٣٠٪ من مدة العقوبة الأصلية الصادرة بحقهم وتعتبر المدة المخفضة بمثابة مدة مقضية في دائرة الأصلاح الإجتماعي لأغراض الإفراج الشرطي

**المادة الثالثة:** توقف الأجراءات القانونية بشكل نهائي في مرحلتي التحقيق والمحاكمة في جميع الجرائم الواقعة قبل تاريخ صدور هذا القانون اذا تمت او تتم المصالحة بين أطرافها أمام القضاء.
**المادة الربعة:** يعفى عفواً عاماً المحكومون وتوقف الاجراءات القانونية بحق المتهمين في جرائم المخالفات.

**المادة الخامسة:** لا تسري احكام المادتين الأولى والثالثة من هذا القانون على مرتكبي الجرائم التالية:

١- الإرهاب.

٢- قتل الأجانب العاملين في الاقليم.

٣- القتل المقترن بالسرقة.

٤- الأتجار بالمخدرات.

٥- الجرائم الماسة بأمن الأقليم الداخلي والخارجي.

٦- أختلاس أموال الأقليم.

٧- التزوير في المحررات الرسمية المتعلقة بأقتصاد وأمن الأقليم.

٨- تزوير وتزيف العملات.

٩- الرشوة.

١٠- الاغتصاب واللواطة والزنا بالمحارم.

**المادة السادسة:** تعتبر المصالحة بين اطراف الدعوى الواردة في المادتين الاولى والثالثة متحققة اذا:

**اولاً:** كان المشتكى أو المدعى بالحق الشخصي قد تصالح وتنازل عن حقوقه الشخصية في نفس الدعوى التى صدر فيها الحكم,

**ثانياً:** او تنازل عن حقوقه الشخصية بعد صدور الحكم امام القضاء او خلال ستين يوما من تاريخ صدور هذا القانون وتقرر المحكمة شمول المحكوم بالآعفاء واطلاق سراحه.

**المادة السابعة:** لايستفيد من أحكام هذا القانون النزلاء والمودعون الذين أستفادوا من قرارات تخفيض العقوبة الصادرة بتواريخ سابقه على تاريخ صدور هذا القانون.

**المادة الثامنة:** يستفيد من أحكام هذا القانون المحكومون الذين صدرت بحقهم أحكام غيابية ويسلمون أنفسهم أو يتم القاء القبض عليهم خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ صدور هذا القانون.

**المادة التاسعة:** إذا عاد المستفيد من الموقوفين والمحكومين من أحكام هذا القانون خلال (ثلاث سنوات) من تاريخ أطلاق سراحه الى أرتكاب جريمة وعوقب من أجلها من قبل المحكمة المختصة بالحبس مدة لاتقل عن (٣) ثلاث سنوات, يلغى قرار الأعفاء أو التخفيض وينفذ بحقه كامل العقوبة الساقطة عنه إذا كان الفعل الذى أرتكبه جناية ونصف مدة العقوبة إذا كانت الجريمة جنحة.
كما يلغى قرار إيقاف الإجراءات الذي تمتع به بموجب أحكام هذا القانون وتستأنف الإجراءات بحقه في القضية التى أوقف فيها.

**المادة العاشرة:** تشكل لغرض تنفيذ أحكام هذا القانون لجنة برئاسة حاكم لايقل صنفه عن الصنف الثاني يتم تنسيبه من قبل وزير العدل وعضويه ممثلين عن كل من وزارات الداخلية والعمل والشؤون الإجتماعية وحقوق الأنسان هيئة الاشراف العدلي ورئاسة الأدعاء العام لمتابعة تنفيذ أحكام هذا القانون وكذلك متابعة قضايا جميع الموقوفين في اقليم كوردستان بغية الاسراع في انجاز معاملاتهم وقضاياهم على أن تنجز أعمالها خلال مدة أقصاها تسعين يوماً من تأريخ صدور هذا القانون وبانتهائها تعتبر اللجنة منحلة.

**المادة الحادية عشرة:** للمتضرر من الجريمة المشمولة بأحكام هذا القانون حق المطالبة بالتعويض أمام المحاكم المدنية أن كان له مقتضى.

**المادة الثانية عشرة:** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة عشرة:** ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

## الأسباب الموجبه

بما أن الهدف الأساسي من العقوبة هو أصلاح الجانى وتقويم سلوكه ونظراً لأن المحكومين الذين يشملهم هذا العفو قد قضوا مدة معينة في مؤسسات الأصلاح الأجتماعي وبغية أعطاء الفرصة لأعادتهم الى المجتمع عن طريق أطلاق سراحهم أو تخفيض مدة محكومياتهم وإيقاف الإجراءات القانونية لمن هم في مرحلة التحقيق والمحاكمة وبمناسبة توحيد البيت الكوردستانى والإدارة وأعياد نوروز وأذار وتقديراً لسلطات الأقليم لهذه المناسبة التاريخية ولبعث السرور في قلوب المتصالحين وذوي المحكومين والمودعين من الأحداث فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالإطلاع وعرض اصل المشروع والصيغة المشتركة للجان الثلاث بشأنه على المجلس للمناقشة وإبداء الرأي المناسب بصدده.

# ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان پڕۆژەی یاسای لێبوردنی گشتی تاوتوێ کرد کە لەرۆژی ٢٠٠٧/٣/٢٧خوێندرایەوەو ڕەوانەی سەر لیژنەکەمان کراو، دوای گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە، لیژنە ڕاپۆرتو ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی سەبارەت بەپڕۆژەکە، بەکۆی دەنگ بەم جۆرەی خوارەوەیە:-

**یەکەم:** لیژنەی یاسایی پشتگیری لەپڕۆژەی یاساکە سەرلەبەر دەکاتو ڕێککەوت کە دەقی پڕۆژەکە، دووبارە دابڕێژرێتەوەو، بەندەکانی بکرێنە ماددەو، شێوەی کۆتایی بەم جۆرە دەبێت:

**ماددەی یەکەم:**

بە لێبوردنێکی گشتی ئەوانەی خوارەوە دەبەخشرێن:

یەکەم: بەندیکراوان لەو کێشانەی ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکان ئەنجام دراون، لەبەردەم دادگا، بەدەر لەحوکم دراوان بەئیعدامو حوکم دراوان لەو تاوانانەی خوارەوە:

١- تیرۆر.

٢- کوشتنی بێگانەکانی لەهەرێمدا کاردەکەن.

٣- کوشتن بەوێڕای دزی.

٤- بازرگانی بەماددە بێهۆشکەرەکان.

٥- زیان بەخش بەئاسایشی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

٦- ئیختیلاسو دزی لەسامانی هەرێم.

٧- گزی لەو نووسراوە فەرمیانەی کە پەیوەستن بەئابووریو ئاسایشی هەرێم.

٨- گزیو دەرکردنی پارەی قەڵب.

٩- بەرتیل.

١٠- سکسی بەزۆرو نێربازیو زینا لەگەڵ مەحرەمان.

دووەم: نەوجەوانانی حوکمدراو لەهەرێمی کوردستاندا، بەمەرجێ حوکم نەدرابن لەسەر ئەو تاوانانەی لەبڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتوون.

**ماددەی دووەم:**

ماوەی سزای ئەو بەندکراوانەی لەفەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی دان لەهەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە بەرێژەی ٣٠٪ لەو سزا سەرەکیەی بەسەریاندا سەپێنراوەو، ماوە کەمکراوەکە وەك ئەو ماوەیە دەژمێردرێت کە لەفەرمانگەی چاکسازی بەسەریان بردووە، بۆ ئامانجی ئازادکردنی مەرجدار. ئەو بەندکراوانەی لەسەر تاوانەکانی کە لەماددەی یەکەم /یەکەمدا هاتوون بەدەر دەکرێن لەحوکمەکانی ئەم کەمکردنەوەیە.

**ماددەی سێیەم:**

رێککارە یاساییەکان بەشێوەیەکی گشتی را دەگیرێن، لەقۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن لەگشت ئەوتاوانانەی رویان داوە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، ئەگەر ئاشتەوایی کرابێت، یان بکرێت، لەنێوان لایەنەکانی لەبەردەم دادگا، جگە لەو تاوانانەی بەدەر کراون لەحوکمەکانی ئەم یاساییەو لەماددەی یەکەمدا هاتوون.

**ماددەی چوارەم:**

وا دەژمێردرێت کە ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکانی داواکە کراووە، کەلەماددەی یەکەم و سێیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، ئەگەر:

یەکەم: سکالاکار یان داواکاری مافی کەسینە ئاشتەوایی کردبێ و لەمافە کەسینەییەکانی خۆی لەو داوایەی حوکمی تێدا دەرچووە، خۆش بووبێ.

دووەم: یان لەمافە کەسینەییەکانی خۆی خۆش بووبێ دوای دەرچوونی حوکمەکە لەبەردەم دادگا یان لەماوەی (٦٠) رۆژدا لەدەرچوونی ئەم یاساییەوە خۆش بووبێت و دادگا بڕیار دەدات کە لێبووردنەکە بەندکراوەکە دەگرێتەوە، ئازادی دەکات.

**ماددەی پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو بەندکراوانە ناگرێتەوە کەپێشتر، سودمەند بوون لەبڕیارەکانی کەمکردنەوەی سزا، کەپێش دەرچوونی ئەم یاسایە دەرچوون.

**ماددەی شەشەم:-**

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەو بەندکراوانە ناگرێتەوە کە حوکمی پاش مللەیان دەرحەق دەرچووەو، خۆیان بەدەست نەداوەو، تا رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە دەستگیر نەکراون.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەگەر سودمەندی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لەبەندکراوو، گیراوان تاوانێکیان ئەنجام دا لەماوەی (٣) ساڵ دوای ئازادکردنیان و، سزا دران، لەلایەن دادگای تایبەتمەند، بەبەندکردن بۆ ماوەیەك کەلە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت، ئەوا

بڕیاری لێبوردنەکە یان کەمکردنەوەکەی سزاکە پوچەڵ دەکرێتەوەو، تەواوی ئەو سزایەی کەلەسەری لاچووە، بەسەریدا جێبەجێ دەکرێتەوە، ئەگەر ئەو کارەی ئەنجامی دابوو، تاوان بوو، ئەگەر کارەکەشی کەتن بوو ئەوا نیوەی سزاکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، هەروەها بڕیاری راگرتنی رێکارەکانی لەسەر پوچەڵ دەکرێتەوە، کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، پێی سودمەند بووەو، دەست دەکرێتەوە بەرێکارەکانی یاسایی، لەو کێشەیەی کە لەسەری دەستگیر کراوە.

**ماددەی هەشتەم:**

بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکان ئەم بڕیارە، لیژنەیەك پێك دێت بەسەرۆکایەتی دادوەرێك لە پلەی دووەم کەمتر نەبێت کە وەزیری داد رایدەسپێریّو نوێنەرێك لەهەریەك لەوەزارەتەکانی (ناوخۆو کارو کاروباری کۆمەلایەتیو مافی مرۆڤ ) ونوێنەرێکی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە.

**ماددەی نۆیەم:**

زیان لێکەوتوو، لەو تاوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە، بۆی هەیە، ئەگەر مافی پێشێل کرابوو لەبەردەم دادگا شارستانیەکاندا داوای قەرەبووکردنەوە بکات.

**ماددەی دەیەم:**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرکردنیەوەی جێبەجێ دەکرێتو لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

## هۆیە پێویستکارەکان

لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لەسزادان دا چاکسازی تاوانکارەو راستکردنەوەی رەفتارێتیو ئەو بەندییانەی ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە ماوەیەکی زۆریان لەدەستگا چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان بەسەربردووە،و بۆ ئەوەی هەلیان بۆ برەخسێت، بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا، بەئازادکردنیان یان بەکەمکردنەوەی ماوەی بەندێتیان یان بەراگرتنی رێکاری یاسایی دەرحەق ئەوانەی لەقۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییدانەو بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ماڵی کوردستانیو کارگێڕی لەهەرێمداو بایەخدانی دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەم بۆنە مێژووییەو بۆنەکانی نەورۆزو ئادارو بۆ شادی خستنە ناو دڵی کەسوکاری بەندیو نەوجەوانانی ناو چاکسازیەکانی کە ئاشتەواییان کردووە، ئەم یاسایە داندرا.

داواکارین بفەرموون بۆ چاو پیاخشاندنو خستنە رووی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوەو لەسەر ئەنجومەنە گفتوگۆو رای گونجاوی لەبارەوە بدات.

لەگەڵ رێزماندا. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكريم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆكی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | كریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

پەراوێزتان لە ٢٠٠٧/٤/٥ لەسەر پرۆژەی دەزگای زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان.

وەك ئێوەی بەڕێز ئاگادارن پرۆژەیاساکان لەرووی یاساییەوە تەنها بەدوو شێوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێتەوە لەرێگەی ئەندامانی پەرلەمان یان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ژمارەیی یاسایی لەئەندامانی بۆیە لیژنەکەمان بەپەسەندی دەزانێت پرۆژەی ناوبراو لەرێگەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێش کەشی بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکرێت. . .

لەگەڵ رێزماندا.

| | | |
|---|---|---|
| دادوەر/عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| د. نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# ڕای لیژنەی یاسایی

پەراوێزتان لە٢٠٠٧/٤/٥ دەربارەی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٦، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی نووسراوی ژمارە (٣٨٠٦) لە٢٠٠٧/٤/١٢ ڕەوانەی ئێوە کراوە، لیژنەی یاسایی لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٨ ئەم بۆچوونەی دەخاتە بەرچاو.

**یەکەم/** بەپێی بڕیاری ژمارە (١١) ی ١٩٩٢/٨/٣١ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەم یاساو بڕیارو پەیڕەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە دەرچوون و دەردەچن لەپاش کشانەوەی ئیدارە حکومیەکان لە١٩٩١/١/٢٣ لەهەرێمی کوردستان، کاریان پێناکرێت تا پەسند نەکرێن لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

**دووەم/** بەپێی برگەی پێنجەمی مادده(١١٠) ی دەستوری عێراق کە ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە (جنسیە) و بەهاوڵاتی بوون و مانەوەو مافی پەنابەرایەتی سیاسی لەدەسەڵاتی حەسری حکومەتی ناوەندیەو ماددەی (١٤١) ی هەمان دەستوور کە ڕاشکاوانە دەڵێ دەبێ کار بەهەموو ئەم قانونانە بکرێت کە لەساڵی ١٩٩٢ەوە لەهەرێمی کوردستان پەسند کراون، مەگەر دەستکاری کرابێ یان بەپێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بن، بۆیە بەپێویستی نازانین یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (٢٦) کە لەماددەی ٥/١١٠ هاتووە، جێبەجێکردنی لەهەرێمی کوردستان پێویست بەبڕیارێکی تایبەتی لەپەرلەمانی کوردستان بکات. . . . .

لەگەڵ ڕێزماندا. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكريم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خليل ابراهيم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعيل<br>ئەندام | دلير محمد شريف<br>ئەندام |

قادر سعيد خضر (زانا)
ئەندام

# ڕای لیژنەی یاسایی

لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق و بۆ وەڵامدانەوەی نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە (٤٨) لە٢٠٠٧/٨/٢ بۆ تاوتوێکردنی ئەو ئعترازەی کە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێم هاتووە دەگرێتەخۆ سەبارەت بە یاسای وەزارەتی دادە ژمارە (١٣) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ زاینی.

لیژنەی یاسایی بەزۆرینەی ڕای ئامادەبووانی پێی وایە کە پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە(١٨) ی خۆی کە لەرێککەوتی ٢٠٠٧/٥/٢٧ بڕیاری داوە بەدانانی یاسای وەزارەتی دادو دواتر ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراوە بەمەبەستی دەرکردنی یاساکە بەپێی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەیاسای سەرۆکایەتی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراودا هاتووە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی خۆی لەماوەی یاساییدا بەکارهێنا بۆ ئعترازکردن لەسەربڕگەی (دووەم) لەماددەی سێیەمی یاساکەو دوای ئەوەی ئعترازەکە ناردرا بۆ پەرلەمان و پەرلەمانیش لەدانیشتنی ژمارە (٢٨) ڕێککەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٦ بڕیاریدا بەپەسەندکردنی ئعترازی بەڕێزیان، سەرۆکی هەرێم سەبارەت بەو بڕگە کە ئعترازی لەسەرکرابوو بەهەموارکردنی بڕگەکە لەسەر داوای بەڕێزیان.

بەڵام دوای ئەوەی یاساکە هەموارکراوەو ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەڕێز سەرۆکی هەرێم بەبڕیاری سەرۆکایەتی ژمارە(٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە٢٠٠٧/٧/٥ بڕیاردرا بەدووبارە ئعترازکردن لەسەر چەندین بڕگەی دیکە لەمادەکانی یاسای وەزارەی داد ژمارە (١٣) لە٢٠٠٧/٥/٢٧ بۆیە پێمان وایە کە ناکرێت ئعتراز لەسەر هیچ بڕگەیەك لەبڕگەکانی دیکەی یاساکە بگیرێ دوای یەکەم ئعتراز کە ئعترازیان لەسەر وەرنەگیرابوو لەماوەی یاسایی دا بۆیە ئەم

ئعترازەی دوایی هیچ سەندێکی یاسایی نیە چونکە بەپێی ئەحکامی یاسایی سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی هەرێم تەنها یەك جار لەماوەی (١٠) رۆژ بەگەیشتنی یاساکان کە لەپەرلەمان پەسەند دەکرێن بۆی هەیە ئعترازی لەسەر بگیرێ ماددەکانی یاسا کە بۆیە رادەسپێرین بۆ وەڵامدانەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەناوەرۆکی رای زۆرینە لەئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان.

ئەوانەی لەگەڵ رای لیژنەی یاسایی دان ئەم بەڕێزانەن:

١- د. نوری تاڵەبانی
٢- خلیل ابراهیم
٣- دلێر حەمە شریف
٤- طارق جامباز
٥- زانا روستایی.
٦- کریم بەحری.

لەگەڵ ریزماندا

جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی
حاکم/ عەونی بەزاز

# پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لیژنەکەمانە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ داچۆوەو لەکارەکەیدا سودی لەزۆر سەرچاوە وەرگرتو هەندێ بنەمای بەکەلکی خستە ناوەڕۆکیو لەئەنجامدا پێڕەوەکە لە(٩٥) ماددەوە گەیشتە (١٤٦) مادە.

ئەوەی شایەنی باسە لیژنە جگە لەو دووخاڵەی خوارەوە لەسەر گشت گۆڕانکاریەکان کۆك بوون.

تکایە بفەرموون بەخستنە رووی پرۆژەی پێڕەوەکە لەدانیشتنی داهاتووی پەرلەماندا.

**خاڵە ناکۆکەکان:**

١- (٣) ئەندام، {« قادر سعید(زانا) »، « خلیل ابراهیم»، « دلێر محمد»} لەسەر بنەمای لیستی هەڵبژاردن فراکسیۆن پێك بێتو دەگونجێ لەسەر بنەمای ژمارە کە لە(٣) ئەندام کەمتر نەبێت.

٢- یەك ئەندام « عونی بەزاز» رای وابوو جگە لەئەندامانی حکومەت فەرمانبەری دیکەش وەك (پارێزگار) ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بێت. پشت بەبنەمای ئەوەی کە ئەوەی خاوەنی گشت بێت خاوەنی هەندێکیشە.

لەگەڵ ڕێزماندا

| | | | |
|---|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی | |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام | |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام | قادر سعید خضر (زانا)<br>ئەندام |


# یاساو بڕیارە دەرچووەکانی
# ساڵی ٢٠٠٧

| | |
|---|---|
| .١ | یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو بوو لە٢٠٠٧/٣/٢٦ |
| .٢ | یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو بوو لە٢٠٠٧/٤/٢ |
| .٣ | یاسای ژمارە (٣) ، سەبارەت بەراگرتنی کار پێکردن بەهەردوو بڕیاری ژمارە ١٦٣٠ساڵی ١٩٨٠و ١١٣٣ ساڵی ١٩٨٢. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/٣ |
| .٤ | یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/١٠ |
| .٥ | یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای گوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لەسنوری شارەوانیەکان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٨. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/١٦ |
| .٦ | یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەدووەم هەموارکردنی یاسای پارێزەرانی کوردستان ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٩. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/١٨ |
| .٧ | یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەدووەم هەموارکردنی یاسای سندوقی پارێزەرانی کوردستان ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٩٩ تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/١٨ |
| .٨ | یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/١١ |
| .٩ | یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای مافی کەس وکاری شەهیدان وئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٤/٢٥ |
| .١٠ | یاسای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٥/٧ |
| .١١ | یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی ژمارە (١١) ی ساڵی٢٠٠٧. |


| | |
|---|---|
| | تەواو کراوە لە١٤/٥/٢٠٠٧ |
| ١٢. | یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە١٥/٥/٢٠٠٧ |
| ١٣. | یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢٧/٥/٢٠٠٧ |
| ١٤. | یاسای وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٨/٥/٢٠٠٧ |
| ١٥. | یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٣٠/٥/٢٠٠٧ |
| ١٦. | یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەهەموارکردنی ماددەی (٢/٤٥) لەیاسای باری شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) و برگە (١) ی لەبریاری (٤٦٤) ساڵی ١٩٨١. تەواو کراوە لە٣٠/٥/٢٠٠٧ |
| ١٧. | بریاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەتەمەنی خانەنشینکردنی مامۆستایان، و کارنەکردن بەبریاری ژمارە (٢٥) ساڵی ١٩٩٧. تەواو کراوە لە٢٩/٥/٢٠٠٧ |
| ١٨. | بریاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٧،سەبارەت بەمەرجی شووکردن و،راگرتنی کارکردن بەبرگە (١) ی ماددەی (٤١) لەیاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی ١٩٧٩. تەواوکراوە لە٢٩/٥/٢٠٠٧ |
| ١٩. | بریاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەخانەنشینکردنی سەرپەرشتیاری دادی بریاری. تەواو کراوە لە٢٩/٥/٢٠٠٧ |
| ٢٠. | یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەکەس‌وکاری ئەنفالکراوان. تەواو کراوە لە١٩/٦/٢٠٠٧ |
| ٢١. | یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە ٢٧/٦/٢٠٠٧ |
| ٢٢. | یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢/٧/٢٠٠٧ |
| ٢٣. | یاسای بودجەی هەرێم ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە١٨/٧/٢٠٠٧ |

| | |
|---|---|
| .٢٤ | یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠٠٧ . تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٧/٢٣ |
| .٢٥ | یاسای نەوت لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/٨/٦ |
| .٢٦ | یاسای دەسەلآتی دادوەری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧. تەواو کراوە لە٢٠٠٧/١٠/٣ |
| .٢٧ | یاسای ژمارە (٢٤) ، سەبارەت بەباجی زەوی بەتاڵ ژمارە ٢٦ی ساڵی ١٩٦١، تەواوکراوە لە٢٠٠٧/١٠/٩ |
| .٢٨ | یاسای ژمارە (٢٥) ، سەبارەت بەیاسای باجی خانووبەرە ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩،تەواوکراوە لە٢٠٠٧/١٠/١٧ |
| .٢٩ | یاسای ژمارە (٢٦) ، سەبارەت بەباجی داهات ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢، تەواوکراوە لە٢٠٠٧/١٠/٢٢ |
| .٣٠ | یاسای ژمارە (٢٧) ، سەبارەت بەهەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە. تەواوکراوە لە٢٠٠٧/١٠/٣٠ |
| .٣١ | یاسای ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای کۆمپانیاکانی ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧کاری پێدەکرێت لەکوردستان. تەواوکراوە لە٢٠٠٧/١٠/٣١ |
| .٣٢ | یاسای ژمارە (٢٩) ی ٢٠٠٧، سەبارەت بەکارپێکردن بەیاسای رێکخستنی بریکارە بازرگانیەکان لەعێراقی فیدراڵدا ژمارە ٥١ی ساڵی ٢٠٠٠ کاری پێدەکرێت لەکوردستان. لە٢٠٠٧/١٠/٢١ |
| .٣٣ | یاسای ژمارە (٣٠) ، (فحوصات الدم الوراثیە قبل الزواج (التلاسیمیا) . لە٢٠٠٧/١١/٥ |
| .٣٤ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان ژمارە (٣١) . لە٢٠٠٧/١١/١٤ |
| .٣٥ | یاسای ژمارە (٣٢) ، سەبارەت بەیاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای |


| | |
|---|---|
| | ڕێکخستنی موڵکیەتی کشتوکاڵی ژمارە(٩٠) ساڵی١٩٧٥. لە١٩/١١/٢٠٠٧ |
| .٣٦ | یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٣٣) لە٢٠/١١/٢٠٠٧ |
| .٣٧ | یاسای ژمارە (٣٤) ، سەبارەت بەخانەنشینکردنی کەم ئەندامی پێشمەرگە ژمارە (٧) ساڵی٢٠٠٠ لە٢١/١١/٢٠٠٧ |
| .٣٨ | یاسای ژمارە (٣٥) ، سەبارەت بەکاری ڕۆژنامەگەریو بڕیار بەدەرکردنی ڕۆژنامەوان لەباری توندکردنی سزا کە لەماددەی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادا هاتووە. لە١١/١٢/٢٠٠٧ |
| .٣٩ | یاسای ژمارە (٣٦) ، سەبارەت بەکارکردن بەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ لەهەرێمی کوردستاندا. لە ١٢/١٢/٢٠٠٧ |
| .٤٠ | یاسای ژمارە (٣٧) ، سەبارەت بەسەندوقی پشتگیری وهاوکاری خانەوادەی شەهیدەکان. لە٢٧/١٢/٢٠٠٧ |
| .٤١ | یاسای ژمارە (٣٨) ، سەبارەت بەراژەو خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) . لە ٣٠/١٢/٢٠٠٧ |
| .٤٢ | یاسای ژمارە (٣٩) ، سەبارەت بەهەمووارکردنی یەکەمی کۆڕی زانیاری کورد (الاکادیمیە الکوردیە) ، ژمارە ١٢ی ١٩٩٧. لە ٣١/١٢/٢٠٠٧ |



کۆبوونەوەیەکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزیری بازرگانیی هەرێمی کوردستان



دیداری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەك لەقوتابیانی کۆلیژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین



# ڕاپۆرتی لیژنەکەمان
# بەبۆنەی تەواو بوونی ساڵی ٢٠٠٧

بەبۆنەی تەواوبوونەی ساڵی ٢٠٠٧ و هاتنی ساڵی ٢٠٠٨، پیرۆزبایی لەخۆمان وگەلی کوردستان دەکەین وخۆشحاڵین لەم بۆنەیەدا سەرنجی بەڕێزتان رابکێشین بۆ ئەو کاروچالاکیانەی لیژنەی کاروباری یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان لەماوەی ساڵی رابردووی ٢٠٠٧ دا ئەنجامی داون. هیوادارین بەچاوی بنیات نەرانە هەڵی بسەنگێنن:

## چالاکیەکان:

١- لیژنەکەمان وەك لیژنەیەکی تایبەتمەند بەهەڵسەنگاندن ودارڕشتنەوەی پرۆژەی ئەو بڕیارو یاسایانەی لەناو هۆڵی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت ولە خوێندنەوەی دووەم لەپەرلەمان دەربازدەبێت، گشت ئەو پرۆژانەی تاوتوێ کردووە هەندێ جاریش هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکانی دیکەی پەرلەمانی کردووەو راپۆرتی هاوبەشی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردۆتەوە، لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧ تا ئەم ساتەش (١٣١) دانیشتنی ئەنجامداوە تائێستا ئەو پرۆژانەی تاوتوێ کردووە: لەتوێی پێنج لیستدا بەکاروچالاکیەکان وبەرهەمەکانی پەرلەمان پێشکەش دەکەین.

٢- ئەندامانی لیژنە سەرباری بەجێگەیاندنی ئەرك‌و فەرمانەکانی لیژنە، ئەندامیشن لەلیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان‌و دوای هاتنەوەی پێشنیازە نوێیەکان، پاش بڵاوکردنەوەی پرۆژەکە بەم پێیەش بەشداریان لەگشت دانیشتنەکانی لیژنەکە کردووە کە

تێكڕای گەیشتۆتە بیست وچوار دانیشتن، هەروەها ئەركی پێشوازی پێشنیازەكانی گشت حیزبو لایەنو ڕێكخراوە كوردستانیەكانی خستۆتە ئەستۆ بۆ ئەم مەبەستەش چوار تیپی پێكهێناوە:

**تیپی یەكەم:** وەرگرتنی پێشنیازی حیزبو لایەنەكان و ڕێكخراوە مەدەنیەكان.

**تیپی دووەم:** وەرگرتنی ئەو پێشنیازانەی لەكۆڕو كۆبوونەوەكان دەوروژرێندرێن.

**تیپی سێیەم:** وەرگرتنی پێشنیازەكانی ڕۆژنامەوانی.

**تیپی چوارەم:** وەرگرتنی ئەو پێشنیازانەی بەئەنتەرنێت رەوانە دەكرێن.

٣- رادەربڕین لەسەر ئەو سكاڵاو داواكاریانەی لەلایەن هاولاتیانەوە پێشكەش بەپەرلەمان كراونو سەرۆكایەتی پەرلەمان ئاراستەی كردووینو ئێمەش وەڵامان داوەتەوە.

٤- دەركردنو بڵاوكردنەوەی زیاتر لە(٢٠) نامیلكەو دەستورو یاسای وولاتەپێشكەوتووەكان.

٥- سەردانی بەندیخانەكانی ناوەندی لەهەولێرو سلێمانیو دهۆك.

٦- گەڕان بەنێو بازاڕو دوكانەكان (كۆنونوێ) و گەڕەكە (هەژاروزەنگین) ەكان، بەمەبەستی بینینی كرێچیو خاوەن دوكانەكانو بینینی كۆمەڵێك لەپارێزەران سەبارەت بە(هەمواركردنی یاسای) كرێی خانووبەرە ژمارە (٨٧) ساڵی ١٩٧٩ی هەمواركراو.

٧- پەیوەندیكردن لەگەڵ ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی ومەرصەدی قانونی. هاوپەیمانی دژی گەندەڵی ئیداری كە پێك دێت لە(٢٩) ڕێكخراوی ناحكومی لەهەولێر ودهۆكو سلێمانی.

٨- تــەواوكردنى رەشنووســى ســەرتاپاى پــەيرەوى نــاوخۆى پەرلــەمان ودابەشــكردنى بەســەر ليژنــەكانى ديكــە بــۆ رادەربرِينــى وپێــشكەشكردنى بۆچوون وپێشنيازەكانيان، هيوادارين بەزوويى وەلامّيان بدرێتەوە.

٩- بەشــدارىكردنى هاوبــەش لەگــەڵ ليژنــەكانو لەگــەڵ ليــستى هاوپــەيمانى كوردستان لەپەرلەمانى عێراقى فيدراڵ سەبارەت بەكێشە هەنووكەييــەكانى دەستورى عێراق.

١٠- ئامــادەكردنو پێــشنيازكردنى (٥١) راپــۆرت لەســەر پــرۆژەو ياســاكان كــە پێشكەشى پەرلەمان كراونەتــەوەو لەوانــە (٤٢) ياســاو برِيــار پەســندكران، تــا رۆژى ٢٠٠٧/١٢/٣١.

## ئەندامە بەرِێزەكانى پەرلەمان

بەبۆنەى تەواوبوونى سالّى ٢٠٠٧و هاتنى سالّى ٢٠٠٨وە، پيرۆزبايى لەخۆمان وگــەلى كوردســتان دەكــەين وخۆشــحالين كــە بــەم بۆنەيــە ســەرنجى بــەرێزتان رابكێشين بۆ ئــەو كاروچالاكيانەى كــە ليژنــەى كاروبارى ياسايى لەپەرلــەمانى كوردســتان لــەماوەى ســالّى ٢٠٠٧ دا ئــەنجامى داون. هيــوادارين بەچــاوى بنيــات نەرانە هەلّى بسەنگێنن:

**يەكەم:** ليژنەكەمان وەك ليژنەيەكى تايبەتمەند بەهەلّسەنگاندن ودارِشتنەوەى پرۆژەى ئەو ياساو برِيارانەى كە لەناو هۆلّى پەرلەمان خوێندنەوەى يەكەميان بــۆ دەكرێــت ولــە خوێندنــەوەى دووەم لەپەرلــەمان دەربازدەبێــت، گــشت ئــەو پرۆژانەى تاوتوێ كردووە هەندێ جاريش هەماهەنگى لەگەڵ ليژنەكانى ديكەى پەرلــەمانى كــردووەو راپــۆرتى بەراوبۆچــوونەكانى بــۆ ســەرۆكايەتى پەرلــەمان بەرزكردۆتەوە، لــەماوەى ســالّى ٢٠٠٧دا (٧٢) دانيــشتنى ئەنجامــداوەو ٥١ راپــۆرتى

ئامـادەکردوە، و پێـشنیازی خۆی لەسـەر ئـەو پـڕۆژەو یاسـاو بڕیارانـەی کـە پێشکەش پەرلەمان کراونەتەوە لەوانە ٤٢ یاساو بڕیار سەبارەت بـەو پڕۆژانـەی تاوتوێ کردووەو لەئەنجامیدا ٤٢یاساو بڕیـار تەشریع کـراو پەسـندکرا تـا ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٣١ بەم ژمارەو بەروارانەی خوارەوە:-

| | |
|---|---|
| ١ | یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٣/٢٦ |
| ٢ | یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٤/٢ |
| ٣ | یاسای ژمارە (٣) ، سەبارەت بەراگرتنی کار پێکردن بەهەردوو بڕیاری ژمارە ١٦٣٠ساڵی ١٩٨٠و ١١٣٣ ساڵی ١٩٨٢. لە٢٠٠٧/٤/٣ |
| ٤ | یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٤/١٠ |
| ٥ | یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٧،سەبارەت بەیاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لەسنوری شارەوانیەکان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٨. لە٢٠٠٧/٤/١٦ |
| ٦ | یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەدووەم هەمواركردنی یاسای پارێزەرانی كوردستان ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٩. لە٢٠٠٧/٤/١٨ |
| ٧ | یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەدووەم هەمواركردنی یاسای سندوقی پارێزەرانی كوردستان ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٩٩ لە٢٠٠٧/٤/١٨ |
| ٨ | یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٤/١١ |
| ٩ | یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای مافی كەس وكاری شەهیدان وئەنفالكراوانی هەرێمی كوردستان. لە٢٠٠٧/٤/٢٥ |
| ١٠ | یاسای دەزگای گشتی بۆ كاروباری مین ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/٧ |
| ١١ | یاسای وەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئایینی ژمارە (١١) ی ساڵی٢٠٠٧. |

| | |
|---|---|
| | له‌٢٠٠٧/٥/١٤ |
| ١٢ | یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. له‌٢٠٠٧/٥/١٥ |
| ١٣ | یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٧. له‌٢٠٠٧/٥/٢٧ |
| ١٤ | یاسای وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٧. له‌٢٠٠٧/٥/٢٨ |
| ١٥ | یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧. له‌٢٠٠٧/٥/٣٠ |
| ١٦ | یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەهەموارکردنی ماددەی (٢/٤٥) لەیاسای باری شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) و برگە (١) ی لەبریاری (٤٦٤) ساڵی ١٩٨١. له‌٢٠٠٧/٥/٣٠ |
| ١٧ | بریاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەتەمەنی خانەنشینکردنی مامۆستایان، و کارنەکردن بەبریاری ژمارە (٢٥) ساڵی ١٩٩٧. له‌٢٠٠٧/٥/٢٩ |
| ١٨ | بریاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٧،سەبارەت بەمەرجی شووکردن و،راگرتنی کارکردن بەبرگە (١) ی ماددەی (٤١) لەیاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی ١٩٧٩. له‌٢٠٠٧/٥/٢٩ |
| ١٩ | بریاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەخانەنشینکردنی سەرپەرشتیاری دادی. له‌٢٠٠٧/٥/٢٩ |
| ٢٠ | یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەکەس‌وکاری ئەنفالکراوان. له‌٢٠٠٧/٦/١٩ |
| ٢١ | یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە ٢٠٠٧/٦/٢٧ |
| ٢٢ | یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٠٧. له‌٢٠٠٧/٧/٢ |
| ٢٣ | یاسای بودجەی هەرێم ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠٠٧. له‌٢٠٠٧/٧/١٨ |

| | |
|---|---|
| ٢٤ | یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠٠٧ . لە٢٠٠٧/٧/٢٣ |
| ٢٥ | یاسای نەوت لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٨/٦ |
| ٢٦ | یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/١٠/٣ |
| ٢٧ | یاسای ژمارە (٢٤) ، سەبارەت بەباجی زەوی بەتاڵ ژمارە ٢٦ی ساڵی ١٩٦١، لە٢٠٠٧/١٠/٩ |
| ٢٨ | یاسای ژمارە (٢٥) ، سەبارەت بەیاسای باجی خانووبەرە ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩،تەواوکراوە لە٢٠٠٧/١٠/١٧ |
| ٢٩ | یاسای ژمارە (٢٦) ، سەبارەت بەباجی داهات ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢،. لە٢٠٠٧/١٠/٢ |
| ٣٠ | یاسای ژمارە (٢٧) ، سەبارەت بەهەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە. لە٢٠٠٧/١٠/٣٠ |
| ٣١ | یاسای ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای کۆمپانیاکانی ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧کاری پێدەکرێت لەکوردستان. لە٢٠٠٧/١٠/٣١ |
| ٣٢ | یاسای ژمارە (٢٩) ی ٢٠٠٧، سەبارەت بەکارپێکردن بەیاسای رێکخستنی بریکارە بازرگانیەکان لەعێراقی فیدراڵدا ژمارە ٥١ی ساڵی ٢٠٠٠ کاری پێدەکرێت لەکوردستان. لە٢٠٠٧/١٠/٣١ |
| ٣٣ | یاسای ژمارە (٣٠) ، (فحوصات الدم الوراپیە قبل الزواج (التلاسیمیا) . لە٢٠٠٧/١١/٥ |
| ٣٤ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان ژمارە (٣١) . لە٢٠٠٧/١١/١٤ |
| ٣٥ | یاسای ژمارە (٣٢) ، سەبارەت بەیاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای رێکخستنی مولکیەتی کشتوکاڵی ژمارە(٩٠) ساڵی١٩٧٥. لە٢٠٠٧/١١/١٩ |

| | |
|---|---|
| ٣٦ | یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٣٣) ، لە٢٠٠٧/١١/٢٠ |
| ٣٧ | یاسای ژمارە (٣٤) ، سەبارەت بەخانەنشینکردنی کەم ئەندامی پێشمەرگە ژمارە (٧) ساڵی٢٠٠٠. لە٢٠٠٧/١١/٢١ |
| ٣٨ | یاسای ژمارە (٣٥) ، سەبارەت بەکاری ڕۆژنامەگەریو بڕیار بەدەرکردنی ڕۆژنامەوان لەباری توندکردنی سزا کە لەماددەی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادا هاتووە. لە٢٠٠٧/١٢/١١ |
| ٣٩ | یاسای ژمارە (٣٦) ، سەبارەت بەکارکردن بەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ لەهەرێمی کوردستاندا. لە ٢٠٠٧/١٢/١٢ |
| ٤٠ | یاسای ژمارە (٣٧) ، سەبارەت بەسەندوقی پشتگیری وهاوکاری خانەوادەی شەهیدەکان. لە٢٠٠٧/١٢/٢٧ |
| ٤١ | یاسای ژمارە (٣٨) ، سەبارەت بەراژەو خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) . لە ٢٠٠٧/١٢/٣٠ |
| ٤٢ | یاسای ژمارە (٣٩) ، سەبارەت بەهەموارکردنی یەکەمی کۆڕی زانیاری کورد (الاكاديميه الكورديه) ، ژمارە ١٢ی ١٩٩٧. لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ |

| | |
|---|---|
| **ژمارەی بڕیارەکانی دەرچووی ساڵی ٢٠٠٧** | **٣** |
| **ژمارەی یاساکانی دەرچووی ساڵی ٢٠٠٧** | **٣٩** |
| **کۆی یاساو بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٧** | **٤٢** |

# بڕیارەکانی کارگێڕی
# ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان - عێراق
# لە ساڵی ٢٠٠٧

| | |
|---|---|
| ١ | بڕیاری ژمارە (١) ، سەبارەت بەقبولکردنی دەست لەکارکێشانەوەی (رفعت عبدالله حمە رشید) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان، وقبولکردنی پاڵێوراو (کریم مجید شریف) لەبەرواری ٢٠٠٧/١/١٥ |
| ٢ | بڕیاری ژمارە (٢) ، سەبارەت بەزیادکردنی ئەندامیەتی (کریم مجید شریف) بۆ لیژنەی (کاروباری دارایی ئابووری) و(کشتوکاڵو ئاودێری) لە٢٠٠٧/٤/٣. |
| ٣ | بڕیاری ژمارە (٣) ، لەبەرواری ٢٠٠٧/٥/٢٧، سەبارەت بەدانانی بەڕێز دادوەر (عەونی کمال بەزاز) وەك سکرتێری ئەنجومەن،لە کاتی ئامادە نەبوونی بەڕێز (فرست احمد عبدالله) . |
| ٤ | بڕیاری ژمارە (٤) ، سەبارەت بەدرێژکردنەوەی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٦/٣٠ تا ٢٠٠٧/٧/١٥. |

**دووەم:** ئەندامانی لیژنە سەرباری بەجێگەیاندنی ئەرك‌و فەرمانەکانی لیژنە، ئەندامیشن لەلیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان‌و دوای هاتنەوەی پێشنیازەکانی نوێ پاش بلاّوکردنەوەی پڕۆژەکە بەم پێیەش بەشداریان لەگشت دانیشتنەکانی لیژنەکە کردووە، هەروەها ئەرکی پێشوازی پێشنیازەکانی گشت حیزب‌و لایەن‌و رێکخراوە کوردستانیەکانی خستۆتە ئەستۆ بۆ ئەم مەبەستەش چوار تیپی پێکهێنابوو بۆ جیاوازکردن‌و

پـۆلێنكردنی پێـشنیازەكانو وەقـەبولكردنی پێـشنیازەكان كـە لەپڕۆژەكـەدا هـاتبوو یـان بـەجۆرێك دارشتنەوەی ماددەكـان بەمەبەستی دەوڵەمەنـدكردنی پرۆژەی دەستور.

**تیپـی یەكـەم:** بـۆ وەرگرتنـی پێـشنیازی حیـزبو لایەنـەكان وڕێكخـراوە مەدەنیەكان.

**تیپـی دووەم:** بـۆ وەرگرتنـی ئـەو پێـشنیازانەی لـەكۆڕو كۆبوونـەوەكان دەوروژرێندرێن.

**تیپی سێیەم:** بۆ وەرگرتنی پێشنیازەكانی رۆژنامەوانی.

**تیپی چوارەم:** بۆ وەرگرتنی ئەو پێشنیازانەی بەئەنتەرنێت رەوانە دەكرێن.

وە لەئەنجامدا دووبارە پرۆژەكە بەپێشنیازە تازەكانەوە خرا ژێر تاووتوێكردنو گفتوگۆكردن چەند ماددە كەمكراوەو هەندێ ماددەی نوێ بەپێی پێشنیازەكان زیـادكراو هـەروەها دیباجـە كـە كورتكرایـەوەو پـرۆژە نوێیەكـە تـا ئێـستا لەژێرتاوتوێكردنی لیژنە دایە.

**سێیەم:** لیژنەكـەمان سـەردانی بەندیخانـەكانی ناوەنـدی لەهـەولێرو سـلێمانیو دهـۆك كـرد كـە لەئەنجامـدا ژمـارەی یاسایی پەرلـەمان پرۆژەیـەكی بەیاسـای لێبوردنی گشتی بەپەرلـەمان پێشكەش كـردو لەئەنجامیـدا یاسـای لێبـوردنی گشتی بەژمارە (٤) لە٢٠٠٧/٤/١٠ پەسندكراو كۆی ئەم سزادراوانەو گیراوانەی كە گیرابـوون هـەتا دەرچـوونی یاسـایەكە (١٧٣٢) كـەس بـوون (پیـاوو ژنو مێردمنـداڵ) و ئەوانـەی كـە سـوود مەنـد بـوون لـەم یاسـایە وەكـو ئەمانـەی خوارەوەیە:-

١- هەولێر:-

أ- (١٦٩) كەس سوود مەند بوون بەشێوەیەكی رەها و ئازادكران.

ب- (١١٣) کەس حوکمەکانیان کەمکرایەوە بەرێژەی ٣٠٪.

ج- (٤) کـەس حوکمـەکانیان لەسـێدارەدان گـۆڕا بـۆ بەنـدکراوی هەتاهـەتایی (السجن المؤبد) .

٢- سلێمانی:-

أ- (٢٤٨) کەس سوود مەند بوون بەشێوەیەکی رەها و ئازادکران.

ب- (١٥٨) کەس حوکمەکانیان کەمکرایەوە بەرێژەی ٣٠٪.

ج- (٢) کـەس حوکمـەکانیان لەسـێدارەدان گـۆڕا بـۆ بەنـدکراوی هەتاهـەتایی (السجن المؤبد) .

٣- دهۆك:-

أ- (١٦٣) کەس سوود مەند بوون بەشێوەیەکی رەها و ئازادکران.

ب- (٩٣) کەس حوکمەکانیان کەمکرایەوە بەرێژەی ٣٠٪.

بەمە کۆی سوودمەند بووان لەم یاسایە لەکوردستان (٩٥٠) کـەس بـوو واتـە لەهەولێر (٢٨٦) کەسو لەسلێمانی (٤٠٨) کـەسو لـەدهۆك (٢٥٦) کـەس لـەکۆی حوکمـدراوەکانو گیراوەکـان (المحکومـون والمودعـون والموقفـون) ، ئەمــەش هەنگاوێکی باشـە بـۆ ئـەوەی دەرفـەتیان پێبـدرێت ئـەو کەسانەی کە هەڵەیان کـردووە دووبـارە بگەڕێنـەوە نێـو کۆمەڵگەو چاککردنی دەروونو بـارودۆخی خۆیان.

**چـوارەم:** لەسـەر سـپاردەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لیژنەکـەمان جـارێکی دی بەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان داچۆوەو دوای وەرگرتنـی پێشنیازی لیژنـەکانی پەرلەمانو ئەندامە بـەڕێزەکان تـوانی کـاری خـۆی تـەواو بکـات وەپـەیڕو ێکی دەوڵەمەندو نوێ ئامادەبکاتو ماددەکانی پەیڕەو کە لـە(٩٥) مـاددە پێکهاتبوو بوو بە(١٤٦) ماددە.

**پێنجەم:** ئامادەكردنیو پێشنیازكردنی پرۆژەیاسای خراپ بەكارهێنانی ئامێری موبایلو پێشكەشكردنی بەسەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ مەبەستی دەركردنی یاسایەك سەبارەت بەچارەسەركردنی گلەییو ناڕەزایی هاولاتیانی كوردستان لەمەر بەخراپ بەكارهێنانی ئەم ئامێرانە.

**شەشەم:** ئامادەكردنیو پێشنیازكردنی پرۆژەیاسای دابینكردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هاولاتیان لەهەرێمی كوردستاندا. (قانون تأمين السكن للمواطنين في اقليم كوردستان) وپێشكەشكردنی بەسەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆ مەبەستی چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێبوونی هاولاتیان بەتایبەتی بۆ چینی لاوان كە ویستو ئارەزووی پێكهێنانی ژیانی هاوسەری دەكەن لەهەرێمی كوردستان.

**حەوتەم:** ئامادەكردنی پرۆژەیاسای پاسەوانانی ئەندامانی پەرلەمانو پێشكەشكردنی بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەی مووچەی پاسەوانانو ماوەی خزمەتكردنیان هەروەها چاككردنی باری بژێوی ژیانی پاسەوانەكان.

**هەشتەم:** ئامادەكردنی راپۆرتی تایبەت لەگەڵ لیژنەكانی تر سەبارەت بەكێشەی كوشتنی ژنانو پێشنیازكردنی چارەسەرێكی بنەڕەتی بۆ ئەم دیاردە نالەبارە.

**نۆیەم:** ئامادەكردنی راپۆرتو داواكاری وەزیری كارەباو بازرگانی بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی سووتەمەنیو كارەباو گرانی بازاڕو خراپی كەلوپەلو نەبوونی چاودێریو ناچاركردنی حكومەت بەهەنگاونان بۆ دانانی بەرنامەو چارەسەری پێویست.

**دەیەم:** بۆ باشتركردنی گوزەرانو ژیانی رۆژانەی خەڵك بەگشتی هەموو لایەنێكی ژیانە وەكو تەندروستیو خۆراكو پەروەردەو فێركردن رەخساندنی ژینگەی كاركردنو دابینكردنی خانووی نیشتەجێ بوونو هەوڵو تەقەلایان پیادە بكرێت بۆ بەرزكردنەوەی بژێوی ژیانی هاولاتیان.

**یازدەم:** گفتوگۆكردن لەسەر ئەو سكالاو داواكاریانەی كە لەهاولاتیانەوە پێشكەش بەپەرلەمان دەكرێنو سەرۆكایەتی پەرلەمانیش ئاراستەی كردووینو وەلامدانەوەیانو دەربڕینی رای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەسكالاو داواكاریەكەیان.

**دوازدەم:** چاپكردنو بلاوكردنەوەی زیاتر لە(٢٢) نامیلكە لەسەر دەستورو یاساو پەیڕەوی ناوخۆیی بەشێك لەوولاتە پێشكەوتوەكانو هەروەها بەشێك لەیاساكانی پەرلەمانی كوردستان.

**سێزدەم:** گەڕان لەناو بازاڕو دوكانەكان (كۆنونوێ) و گەڕەكە (دەوڵەمەندو مامناوەندیو هەژارەكان) بەمەبەستی بینینی كرێچیو خاوەن مولكەكان لەبازاڕو گەڕەكەكان بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی كرێیەكانو ئامادەكردنی راپۆرتمان سەبارەت بەپرۆژەكانی هەمواركردنی یاسای كرێی خانووبەرە لەهەرێمی كوردستان.

**چواردەم:** بینینی کۆمەڵێك لەدادوەرانو پارێزەرانو هەروەها ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ خاوەن موڵکەکانو کرێچیەکانو وەرگرتنی پێشنیازەکانیانو هەروەها وەرگرتنی پێشنیازەکانی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێ نشینو ژووری بازرگانی هەولێر سەبارەت بە(هەموارکردنی یاسای) کرێی خانووبەرە ژمارە (٨٧) ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو.

**یازدەم:** پەیوەندیکردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوپەیمانی دژی گەندەڵی ئیداریی کە پێك دێت لە(٤٢) رێکخراوی ناحکومی لەهەولێر ودهۆكو سلێمانی ومەرصەدی تەشریعی هەرێمی کوردستان.

**شازدەم:** دیداری هاوبەش لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراقی فیدراڵ سەبارەت بەکێشە هەنووکەییەکانی دەستوری عێراق.

لەگەڵ رێزماندا

| | | |
|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

جاء في المادة الثالثة عشرة من الدستور ((يعد هذا الدستور القانون الاسمى والاعلى في العراق ويكون ملزماً في انحائه كافة وبدون استثناء) )

فلايمكن لأحد التنصل من أي حكم من أحكامه وان عدم آلتزام أي شخص اوجهة بحكم من احكامه لايعني انقضاؤه وإلا لما بقي من الدستور الا النزر اليسير من احكامه فهناك نصوص كثيرة من الدستور العراقي لم تلتزم بها الحكومة الاتحادية ومع ذلك فهي باقية مالم تعدل وخير مثال على ذلك الاحكام المتعلقة باللغة الرسمية الواردة في المادة الرابعة فهي غير منفذة في كثير من انحاء العراق ومع ذلك فهي باقية بقاء الدستور.

س١: **المسوغ القانوني لاستمرار اللجنة:**

١- اساساً ان المادة ١٤٠ من الدستور الاتحادي مادة منقولة و(انتقالية) من المادة (٥٨) قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية. لذلك يجب ان تعامل هذه المادة كمادة دستورية غير منفذة وبهذا تلقى عبء دستورية تمديد تنفيذها على عاتق الحكومة العراقية وبمدة (مفتوحة) غير محددة (بمدة معينة) لتنفيذها ودون حاجة الى إجراء (تعديلات دستورية عليها) بانتهاء مدتها في ٢٠٠٧/١٢/٣١ وان هذه المادة الدستورية تبقى مادة حية وثابتة ونافذة ولاتعتبر مادة (ساقطة) بانتهاء الاجل المحدد لتنفيذها بتاريخ ٢٠٠٧/١٢/٣١ وبدليل ماورد في الفقرة ثانياً منها (المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية والمنصوص عليها في المادة (٥٨) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية تمتد وتستمر الى السلطة التنفيذية المنتخبة بموجب هذا الدستور على ان تنجز كاملة (التطبيع، الاحصاء، وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها لتحديد ارادة مواطنيها في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من في شهر كانون الاول سنة الفين وسبعة) .

٢-بما ان المادة ١٤٠ مادة دستورية ووردت حكمها ضمن (الاحكام الانتقالية) وانها القت مسؤولية تنفيذها على (عائق الحكومة العراقية) (التزام بالتنفيذ) وبذلك فان هذه المادة لاتنتهي ولا تعتبر ساقطة بانتهاء (المدة) ٢٠٠٧/١٢/٣١ بل ان الألتزام بالتنفيذ) تبقى وتمتد إسوة بما جرت بالنسبة للمادة ١١٨ بشأن قانون تكوين الاقاليم والمادة ١٤٢ مادة لجنة اعادة النظر في الدستور (تعديلات الدستور) التي امتدت ومددت لفترات آخرى (من قبل البرلمان العراقي) لذا يجب ان تمتد تنفيذ المادة لمدة مفتوحة كانت أو غير محددة ويجب ان تنفذ المادة كما هي لذلك من الناحية الدستورية المادة ١٤٠ باقية وغير باطلة أو ساقطة بانتهاء المدة النهائية بتنفيذها في ٢٠٠٧/١٢/٣١ وعلى عاتق الحكومة العراقية تنفيذها.

{وان إحالة الامر من قبل البرلمان الى المحكمة الاتحادية الدستورية العليا يحسم هذا الموضوع بصدد تفسير النص الدستوري} **(ولو إننا لسنا من مؤيدي هذا الاتجاه لوضوع تفسير المادة وصراحتها في البقاء والاستمرار والتمديد) .**

وان المسوغ القانوني لاستمرار اللجنة المشكلة لتنفيذ المادة ١٤٠ هو ما موضح اعلاه ومقارنة مع ما حصل مع تطبيق المادة (١٤٢) من الدستور حيث رغم انتهاء المدة المحددة لتقديم التعديلات الدستورية والتي عدد (اعضائها ٢٩ عضواً بعد اضافة مراقبين ٢ من الكلدان والصائبة) فان المدة قد مددت لعدة مرات ولم تقدم التعديلات الدستورية فإذا كان الامر كذلك فان الدستور العراقي الاتحادي قد اصبحت موادها مكتسبة للدرجة النهائية في حسم المواضيع بمضي المدة المبنية في بعض موادها وعدم ابطالها أو سقوطها.

وان عدم تنفيذ المادة ١٤٠ لاتعني سقوطها لكونها التزام بالتنفيذ تستمر كما بيننا لأنها وردت نقلاً من المادة (٥٨) من قانون ادارة الدولة العراقية ولم تسقط ولم تمت بانتهاء قانون ادارة الدولة العراقية بل نقلت الالتزام الى الدستور

الجديد الذي اقربه ٨٠٪ من الشعب العراقي والتزم به الحكومة العراقية المنتخبة لغرض تنفيذها نقلاً عن المادة ٥٨ وان المادة ١٤٠ اصبحت امتداد للمادة (٥٨) المذكورة.

س٢: هل المنسحبون من اللجنة يعطلون عمل اللجنة أم لا؟

كلا ان المنسحبون من اللجنة لا يعطلون عمل اللجنة اللهم إلا اذا انسحب الجميع أو العدد الاغلب منهم بالشكل الذي يتعذر تشكيل اللجنة ولاتكون قادرة على اتخاذ القرارات.

نرى العودة الى معرفة امر مجلس الوزراء بتشكيل **اللجنة وكيفية قيامها باعمالها ومهامها وآلية ذلك وكيفية اتخاذ قراراتها.**

**س٣: هل من الناحية القانونية هناك مانع من استمرار عمل اللجنة أم لا؟ هناك جوابان:-**

**أ- { نعم ما دام الامر محال الى المحكمة الاتحادية العليا للبت في موضوع بقاء المادة من عدمها أي سقوطها بسقوط مدتها اذ يجب الانتظار الى حين صدور قرار المحكمة الاتحادية يوم ٢٠٠٨/١/٢٨} يوم نظر القضية بتفسير نص المادة (١٤٠) الدستورية} وفق المادة ٩٣/ من الدستور الاتحادي.**

**ب- { ليس هناك اي مانع قانوني لان الحكومة العراقية على عاتقها تنفيذ المادة ١٤٠ وان الاستمرار في التنفيذ من قبل اللجنة لايغير من الموضوع شيئاً لان المادة مادة تنفيذية وفي حالة صدور قرار المحكمة بتفسيرها بالغاء المادة أو اعتبارها منتهية وساقطة فان الاجراءات تعتبر حينذاك متوقفة أم باطلة أو اي تعبير آخر مثل (ملغية لانها بنيت على مادة باطلة ساقطة منتهية بانتهاء مدتها}.**

س٤: هل ان عمل اللجنة مخالف للدستور أو القانون؟

الجواب: كلا غير مخالف للدستور أو القانون لان اللجنة شكلت وتأسست وتولت المهمة استناداً الى احكام الدستور والقانون وبقرار من جهة تنفيذية هي الحكومة العراقية كما وان اللجنة المشكلة أيضاً هيئة تنفيذية لاسيما ان التنفيذ أولاً واخيراً على عاتق الحكومة العراقية.

إذن هناك مادتان اخريتان في الدستور شبيهتان بالمادة ١٤٠ حيث لهما سقف زمني وان سقفهما الزمني انتهت ورغم ذلك لم يدعي احد بان هاتين المادتين قد سقطتا قوتها بانتهاء المدة المحددة لتنفيذها وهاتان المادتان هما ١١٨، ١٤٢ من الدستور كما ذكرنا:-

**<u>الاولى</u>:** اي المادة ١١٨ من الدستور الخاصة بتشكيل الاقاليم وبموجب هذه المادة كان على مجلس النواب في الجلسة الاولى لانعقادها وخلال مدة (٦) ستة اشهر ان يحدد الاجراءات التنفيذية الخاصة بتكوين الاقاليم وتشريع قانون المحافظات وان هذا القانون صدر بعد انتهاء المدة المذكورة البالغة (٦) اشهر كما وانه في نفس الوقت اجلت تنفيذها الى ١٨ اشهر اخرى رغم مرور المدة المحددة في الدستور لتنفيذها في وقتها المحدد ولم يطعن احد بشرعية المادة ولم يطلب ارسالها الى المحكمة الاتحادية العليا لمعرفة بقاء قوتها الدستورية من عدمها

**<u>الثانية</u>:** أي المادة (١٤٢) والتي لها سقف زمني ومضت مدتها ولم تنفذ ومددت من قبل مجلس النواب هي الخاصة بالتعديلات الدستورية وبموجب هذه المادة كان على مجلس النواب عند بداية عملها وخلال مدة (٤) اربعة أشهر تشكيل لجنة من أعضائها تكون ممثلة للمكونات الاساسية للمجتمع العراقي لغرض اعداد تقرير حول التعديلات الدستورية وان هذه اللجنة تشكلت بعد مرور المدة الدستورية المحددة البالغة (٤) أشهر ولحد الآن مددت مدة عملها لعدة مرات ولم تنجز اعمالها لحد الآن ولم يطعن احد بشرعيها الدستورية ولم ترسل الى المحكمة الاتحادية العليا لمعرفة بقاء قوتها الدستورية ام لا.

ان اي مـادة دسـتورية اذا كانـت لهـا سـقف زمـني فـان قوتهـا القانونيـة لاتبقى في الحالتين:-

١- في حالة تنفيذها.

٢- في حالة تعديلها.

وان المـادة (١٤٠) لم تنفـذ ولم تـتم تعديـلها لـذا فـان قوتهـا القانونيـة باقيـة ولايجوز الطعن بشرعيتها مثل المادتين ١١٨ و١٤٢من الدستور الاتحادي.

مع التقدير..

| | | |
|---|---|---|
| الحاكم/ عبد الكريم هموند | الحاكم/ عوني البزاز | شيروان الحيدري |
| مقرر اللجنة | نائب الرئيس | رئيس اللجنة القانونية |

# ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەئاڵای نوێی عێراق

ئێمە لەکاتێکدا پێشوازی لەگۆڕینی ئاڵای دەوڵەتی عێراق دەکەین کە ئەنجومەنی نوێنەران دەریکردو لەئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماریش پەسندکراو دەستخۆشیش لەئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەین بەڵام ئەو تێبینیانەی خوارەوەشمان هەیە:-

١- لەماددەی شەشەمی یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستان _عێراق، ژمارە ١٤کە لە١١/١١/١٩٩٩، هاتووە: ئاڵای هەرێمی کوردستان لەتەك ئاڵای عێراق دا هەڵدەدرێت. . . هتد.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئاڵای پێشووی عێراق هێمای بەعسی هەڵوەشاوەی بەسەرەوە بوو کە هەر سێ ئەستێرەکەی ئاماژەبوو بۆ دروشمی (وحدە حریە اشتراکیە) ی حزبەکە هەر بۆیە ڕێزدار سەرۆکی هەرێم فەرمانی هەڵنەدانی دا لەگشت داموو دەزگاکانی هەرێمدا.

٢- ئێستاش کە ئاڵاکە بەیاسایەکی فیدرالی هەموارکراوە بۆیە دەبێ ڕاستەوخۆ لەگشت دامو دەزگایەکی کوردستان هەڵبدرێت بێ دەرکردنی هیچ بڕیارێك چونکە ڕێکخستنی ئاڵای عێراق لەدەسەڵاتی (حصری) حکومەتی فیدرالیدایەو لەهەمان کاتیشدا جێبەجێکردنی ماددەیەکی دەستوری سیادیە.

٣- هەر بەم بۆنەیەوە دەکرێ لەپەرلەمانی کوردستان مەراسیمێکی شایستە سازبدرێت بۆ هەڵکردنی ئاڵاکە بەئامادەبوونی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان،

هەرچەند یاساکەش کاتیەو لەهەمان کاتیشدا دەربڕی پێکهاتەکانی عێراقی تێدا نیە.

٤- ناکرێ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری کاراکردنی یاساکە لەهەرێمی کوردستاندا بدات چونکە یاساکە لەدەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵە، و پێویستە لەسەر تەلارو دامو دەزگاکانی هەرێم و لەتەك ئاڵای هەرێمی کوردستاندا هەڵبدرێت.

بۆیە پێشنیاز دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم خاڵانەی سەرەوە ڕەچاو بکات.

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزوسوپاسماندا...

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكريم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | كريم بحرى برادۆستی<br>ئەندام |
| خليل ابراهيم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلير محمد شريف<br>ئەندام |

قادر سعيد خضر (زانا)
ئەندام

# ڕای لیژنە

ئاماژە بەپەراوێزکەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٠م لەسەر ئەسلی گشتاندنی ژمارە (٦) ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٤م ی وەزارەتی دارایی نووسیبووتان. لیژنەکەمان پاش لێکۆلینەوەو ڕاگۆڕینەوە، ئەمانەی خوارەوە بەباش دەزانێت:

**یەکەم:** ئەو گشتاندنە لەوەزارەتی داراییەوە دەرچووە، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ناگرێتەوە.

**دووەم:** ئەو گشتاندنە وەها دەردەکەوێ کە تەنیا ئاراستەی وەزارەتەکانو داراییەکانی سەر بەوەزارەتی دارایی کراوە، نەك ئاراستەی پەرلەمان.

**سێیەم:** بەپێی مادەی چوارەم /چوارەم /٤ لەیاسای هەمارکردنی باجی داهات (الدخل) ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٧م کە دەقەکەی دەڵێت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەهەموو پلە وەزیفیەکانیەوەو، فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت کە بەرەسمی تۆمارکراون وخاوان پۆستوپلە وەزیفیە تایبەتیەکان کە لە(٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینار زیاترە، بەرێژە (٥٪) باجی داهاتی دەکەوێتە سەر.

**چوارەم:** بەپێی مادەی دووەم لەیاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی /٢٠٠٤ یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١٣) ی ساڵی ١٩٩٩ کە دەقەکەی دەڵێت :(لە مووچەی ئەندام، مانگانە پشکی خانەنشینی لێ دادەشکێت بەپێی ئەو ڕێژانەی کە لەیاسا بەرکارەکاندا(النافذة ) هاتووە، هیچ باسی دەرماڵەی تێدا نەهاتووە. لەبەر ئەوە ڕامان وایە کە داشکاندنی باج وپشکی خانەنشینی (دەرماڵە) ناگرێتەوە، بەبەڵگەی داشکاوی دەقەکان.

تكایە ئەوە رەچاو بكەن‌و ئەمر بەبەڕێوەبەرایەتی حساباتی پەرلەمان بفەرموون كە پێڕۆی بكەن.

**هاوپێچ:**

دەقی ماددەی یاساكان.

## لەگەڵ ڕێزماندا

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆكی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | كریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# ڕای لیژنە

پەراوێزتان لە ٢٠٠٨/٣/١٨ لەسەر پێشنیازی راوێژکارو دادوەری پێشوو(سالار عبدالواحد مصطفی) لیژنە تاوتوێی پێشنیازەکەی کردو رای وایە:

١- بە پەسەندی نازانین یاسای گەڕاندنەوەی موڵکە دەست بەسەر گیراوەکان پوچەڵ بکرێتەوە چونکە لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە کە هیچ یاسایەك نەبوو ئەم کێشەیە لەکوردستان یەکلا بکاتەوە بەتایەتی کە پەیوەندی بەخەباتی نەپساوەی گەلانی کوردستانو زوڵمو زۆرداری رژێمی رووخاو هەیە.

٢- داوا بکرێت لەرێگەی کەناڵە رەسمیەکان کە (لیژنەی یەکلاکردنەوەی خاوەنداری خانووبەرەو زەوی‌و زار) چالاك بکرێت‌و پێشنیاز بکرێت بەپابەندکردنی حکومەتی ناوەندی عێراق بەقەرەبووکردنی ئەو کەسانەی کە زەرەرمەند بونە لەئەنجامی ئەو یاساو بڕیارانە کە کاتی خۆی خەڵك زەرەری پێکەوتبێت بەتایبەتی لیژنەکە تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی لەهەرێمی کوردستان نەبووەو دیار نیە.

لەگەڵ ڕێزدا

| | | |
|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# اقتراح

اشارة الى ما ورد في المادة الاولى/ثانيا من القانون رقم (٣٢) لسنة ٢٠٠٧ قانون التعديل الاول لتطبيق قانون تنظيم الملكية الزراعية في كوردستان رقم ٩٠ لسنة ١٩٧٥ والمتضمن:

(تقوم وزارة البلديات بأعداد وتقديم دراسة شاملة لبيان وتحديد الاراضي الداخلة ضمن التصاميم الاساسية للبلديات المشمولة بأحكام هذا القانون خلال مدة اقصاها ستة أشهر من تأريخ نفاذه وتقديم مشروع قانون بكيفة تعويض اصحابها وفق القوانين النافذة) .

لذلك نقترح مفاتحة وزارة البلديات في الاقليم لتذكيرها بتنفيذ مضمون الفقرة المشار اليها اعلاه من القانون والايعاز الى لجنة البلديات في البرلمان لمتابعة الموضوع.

مع قبول احتراماتنا. . .

**نسخة منه الى:**

لجنة البلديات لنفس الغرض أعلاه

مع التقدير. . .

| | | |
|---|---|---|
| الحاكم /عبدالكريم هموند<br>مقرر اللجنة | الحاكم/عوني بزاز<br>نائب الرئيس | شيروان الحيدري<br>رئيس اللجنة القانونية |
| د. نوري طالباني<br>عضو | طارق جامباز<br>عوض | كريم بحري برادؤستي<br>عضو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خليل ابراهيم محمد<br>عضو | محمد صالح اسماعيل<br>عضو | دلير محمد شريف<br>عضو | قادر سعيد خضر(زانا)<br>عضو |

# پێشنیاز

ئاماژە بەحوكمی ماددەی یەكەم/ سێیەم لەیاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسایی هەمواركردنی یەكەمی جێبەجێكردنی رێكخستنی خاوەندارێتی كشتوكاڵی لەكوردستان، ژمارە /٩٠ی ساڵی ١٩٧٥ كە:

(لەسەر وزارەتی شارەوانیەكان پێویست دەكات كە لێكۆڵینەوەیەكی گشتگیر ئامادە بكات بۆ دیاركردنی ئەو زەویانەی كەوتوونە ناو هێڵكاری بنەرەتی شارەوانیەكان كە دەكەونە ژێر حوكمی ئەم یاسایە، لەماوەی شەش مانگ لەپیادەكردنی و پرۆژەیاسایەك پێشكەش بكات سەبارەت بەچۆنیەتی قەرەبووكردنەوەی خاوەنەكانیان بەپێی یاساكانی بەركار) .

بۆیە پێشنیاز دەكەین وەزارەتی شارەوانیەكان ئاگاداربكرێتەوە بۆ جێبەجێكردنی برگەی ئاماژە پێكراوی سەرەوە لەیاساكەو لیژنەی شارەوانیەكان لەپەرلەمان رادەستپێردرێت بۆ ئەوەی دوای بابەتەكەدا بچێت.

**وێنەیەك بۆ/**

-لیژنەی شارەوانی بۆ هەمان مەبەست

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكریم هەمەوەند<br>بریاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆكی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | كریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |
| | قادر سعید خضر (زانا)<br>ئەندام | |

# رأى اللجنة القانونية
# حول مشروع قانون مجلس شورى الإقليم

اجتمعت اللجنة القانونية بحضور اغلبية اعضائها بتاريخ ١٩/نەورۆزی/٢٧٠٨ المصادف ٢٠٠٨/٤/٨ لدراسة ما آلت إليه التصويت والمناقشات لبعض مواد مشروع قانون مجلس شورى الاقليم حول القضاء الادراي بعد المناقشة والمداولة تقرر الاصرار على تأييد توجهات حكومة الإقليم حول كون القضاء الادارى ضمن اختصاصات مجلس شورى الإقليم كما هو متبع في معظم دول العالم التى تتبنى النظام القضائى المزدوج ومن ضمنها العراق استناداً الى المادة (١٠١) من الدستور الاتحادى وذلك للاسباب التالية: ـ

**أولاً:** ان مهام واختصاصات القضاء الادارى تختلف عن مهام اختصاصات القضاء العادى حيث انها لاتتعدى قانون الخدمة المدنية والاوامر والقرارات الادارية البحتة الصادرة عن اجهزة الاقليم والطلبات التي تقدمها الهيئات والافراد بإلغاء القرارات الادارية النهائية، بينما تسرى ولاية المحاكم في القضاء العادى على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في المنازعات والجرائم كافة استناداً لحكم المادة الخامسة من قانون السلطة القضائية رقم ٢٣ لسنة ٢٠٠٧.

**ثانياً:** ان موضوع القضاء الادارى (المحكمة الإدارية) قد حسمت ايجاباً في الجلسة السابقة للبرلمان وفقاً للمادتين الثالثة السادسة من المشروع علية فان عودة اعضاء البرلمان الى مناقشتها مجدداً في المادة الثانية عشرة والتصويت عليها سلباً تخالف الفقرة (٢) من المادة (٥٦) في النظام الداخلي للبرلمان عليه يتوجب عدم الاخذ بإلغاء المادة الثانية عشرة التي تخص تشكيلات (المحكمة الإدارية) ضمن مجلس شورى الاقليم.

**ثالثاً:** ان التوجه القائل ضمن مناقشات المادة الثانية عشرة من المشروع بعدم صواب كون القضاء الاداري ضمن مجلس شورى الاقليم بحجة تبعيته لوزارة العدل ومن ثم عدم استقلالية القضاء فأنها حجة واهية خاطئة لان هنالك نماذج في تشكيلات آخرى كالمحاكم العسكرية فإنها تابعة لوزارة الشيشمةرطة ومحاكم قوى الامن الداخلي تابعة لوزارة الداخلية في الاقليم وان ذلك لاتختلف عما ورد في مشروع قانون مجلس شورى المذكور من حيث التخصص والمرجع اما الاستناد على عدم جواز وجود عضو من غير القضاة في تشكيل المحكمة الإدارية مردود بتشكيل محكمة الاحداث التي تتألف من قاض وعضوين من غير القضاة.

**رابعاً:** ان إلغاء المادة الثانية عشرة في مشروع قانون مجلس شورى الاقليم قد نسف المشروع برمته وافرغته عن محتواه لان ذلك يؤدي الى إلغاء المواد من (١٢-٢٠) من المشروع، عليه يتوجب عدم الاستمرار في مناقشته ومن ثم اعادة المشروع الى رئاسة مجلس الوزراء لاعداد مشروع آخر ومن ثم تقديمه الى البرلمان مجدداً.

عليه ولكل ماتقدم فان لجنتنا ترى عدم سحب تقريرها المقدم الى رئاسة البرلمان حول مشروع القانون اعلاه وتصر على انه يجب ان يكون القضاء الاداري (المحكمة الإدارية) ضمن اختصاصات مجلس شورى الاقليم ويتعذر الاستمرار في المناقشة والتصويت على المشروع وتوصي باعادة المشروع الى رئاسة مجلس الوزراء والطلب منها باعداد مشروع آخر حسماً للاشكالات التي حصلت خلال المناقشات والتي اعاقت الاستمرار في المناقشات وبالتالي يستحيل حسمها.

وتقبلوا فائق الشكر والتقدير

مع التقدير

| | | |
|---|---|---|
| الحاكم/ عبد الكريم هموند | الحاكم/ عوني البزاز | شيروان الحيدري |
| مقرر اللجنة | نائب الرئيس | رئيس اللجنة |

| | | |
|---|---|---|
| د. نوري طالباني | طارق جامباز | كريم بحري |
| عضو | عضو | عضو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خليل ابراهيم محمد | محم صالح اسماعيل | دلێر محمد شريف | قادر سعيد خضر(زانا) |
| عضو | عضو | عضو | عضو |

# رای لیژنەی یاسایی

پـەراوێزتان لەسـەر نووسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران ژمارە(٣٨٨٩) لە٢٠٠٨/٤/١٧ سەبارەت بەقەرەبووکردنـەوەی ئەو خاوەن زەویانـە کـە مامەڵـەی کۆژاندنـەوەی زەویـە کـشتوکاڵیەکانیان پلـەی بنـە بڕیـان وەرنەگرتووە.

لیژنەکەمان تاوتۆی بابەتەکەی کردەوەو بەکۆی دەنگ رای وایە:

هـەر خـاوەن زەویـەکی کـشتوکاڵی کـە مامەڵـەی قەرەبووکردنـەوەی کۆژاندنەوەی زەویەکەی کۆتایی نەهاتبێت، لەکاتی دەرکردنی یاسای ژمارە(٥) ی سـاڵی ٢٠٠٧، دەبـێ بـەپێی حوکمـەکانی یاسـای ژمـارە (٥) ی سـەرەوە قـەربوو بکرێتەوە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١- وەك بنەمایەکی دەستووری دەبێ حکومەت لەکاتی دەستبەسەراگرتنی موڵکی هەر هاوڵاتیەك، قەربوویەکی دادپەروەرانەی بکاتەوە.

٢- یەکێك لەهۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسای ژمارە(٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەوەیە کە دادپـەروەری‌و هاوسـەنگی لـەنێوان بەرژەوەنـدی تایبـەتی خـاوەن زەویـە کـشتوکاڵیەکان‌و بەرژەوەنـدی گـشتی بێتـە دی. کەواتـە لـەدوای دەرچـوونی یاسـای ژمارە(٥) ی سـەرەوە ئەگـەر هـەر مەسـەلەیەکی کۆژاندنـەوە بـەپێی یاسای ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٨ قەربوو بکرێتەوە ئەوا دادپەروەرانە نیە ئـەگینا بۆ هەموار دەکرا؟

٣- ئەگـەر چـاو بەوردەکارییـەکانی پرۆتۆکـۆڵی دانـانی یاسـای نـاوبراو ئـەو زەویانەش بگرێتەوە کە پێشتر کۆژاندنـەوەو قەرەبووکردنـەوەیان کۆتاییـان پێ نەهاتووە.

٤- هەر لەسەر ئەو سازشەی لەبڕگەی (٣) ی سەرەوە هاتووە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئەوەی زیان لەو جوتیارانە نەکەویت کە مامەڵەی کوژاندنەوەو قەربووکردنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکانیان لەبەردەستدایە، بەنووسراوی ژمارە (٦١/٣/٤ لە٢٠٠٧/١/٢١) داوای لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، مامەڵەی کوژاندنەوەو قەرەبووکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی رابگریت تا دەرکردنی یاسای ژمارە(٥) ی ساڵی ٢٠٠٧.

بۆیە لیژنەکەمان جەخت لەسەر برگەی (٢) ی نووسراوی ژمارە (١٢٧٦/٣/٤) لە٢٠٠٧/١١/١٣ دەکاتەوە کە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرابوو، و بۆیە پێشنیاز دەکەین نووسراوێك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت بۆ ئەم مەبەستەو هەروەها وێنەیەك لەنووسراوەکە ئاراستەی وەزارەتەکانی شارەوانیو کشتوکاڵ بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری قەرەبووەکە راستەوخۆ.

لەگەڵ رێزدا...

| | | |
|---|---|---|
| شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە |
| کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | نوری طالبانی<br>ئەندام |
| دلیر محمد شریف<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# ڕای لیژنەی یاسایی

لەسەر داوای سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، سەبارەت بەكۆتایی هاتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق، لیژنەكەمان دوای گفتوگۆو تاوتوێكردنی بابەتەكە گەیشتە ئەم ڕایە دەستوری‌و یاساییەی خوارەوە:

((خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق لە٢٠٠٩/٦/٣ كۆتایی پێدێت) ) پشت بەم بەڵگانەی خوارەوە:

**یەكەم:** دەستوری عێراقی فیدراڵ.

**ماددەی ( ٥٦ ) لەدەستوور:**

((خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران چوارساڵی تەقویمیەو لەیەكەم دانیشتن دەست پێ دەكات‌و بەكۆتایی ساڵی چوارەم تەواو دەبێت) )

سەبارەت بەرەخنەی ئەوەی كە ماددەی (٥٤) ی دەستوور جەختی لەسەر ئەمە كردۆتەوە كە دەبێ سەرۆك كۆمار داوا لەئەنجومەنی نوێنەران بكات لەماوەی (١٥) ڕۆژدا كۆببێتەوەو ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان لەم ماوەیە كۆنەبۆتەوەو دەبێ ئەو ماوەیەی دواكەوتووە لەكۆبوونەوە لەماوەی چوارساڵەكە دەربكرێت، هیچ بنەمایەكی یاسایی نیە چونكە: ماددەی (٥٦) ی سەرەوە لەدوای ئەم ماددەیە هاتووەو جەخت دەكات كە چوار ساڵەكە لەیەكەم دانیشتن دەست پێدەكات. ئەگەر مەبەستی بوایە كە ئەم ماوەیە لەچوار ساڵەكە دەربكات دەیگوت: لەو ڕۆژە دەست پێدەكات كە دەستوور دیاریكردووە دانیشتنی یەكەمی تیا ئەنجام بدرێت.

هەرچەندە هەرێمی کوردستان پابەند ناکرێت بەم دوو ماددە دەستوریە، چونکە ناکەوینە ناو دەسەڵاتە تایبەتیەکانی حکومەتی فیدراڵ.

**دووەم:** پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢:

ماددەی هەشتەمی پەیڕەو کە بەبڕیاری ژمارە (١٤) لە١٩٩٨/٤/٢٩ هەموارکراوە، دەڵێ:

((ماوەی ئەنجومەن چوار ساڵەو لەیەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکات‌و بەدانیشتنی کۆتایی لەساڵی چوارەم دا دوماهی دێت) ) .

کە ئەم ماددەیەش دەبێ پیادەبکرێت چونکە پشت راستکراوەتەوە بەماددەی (١٤١) لەدەستووری عێراقی فیدراڵ کە دەڵێت :

((کارکردن بەو یاسایانەی لەهەرێمی کوردستاندا لە١٩٩٢وەوە دەرچوون بەردەوام دەبێت) ) .

لەگەڵ ڕێزماندا. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# ڕای لیژنەی یاسایی

نوسـراوتان ژمـاره (ك/٤٢ لـه٢٠٠٨/٤/٢٣ سـەبارەت بەپڕۆژەیاسـای (ڕێكـاری دابەشكردنی مووچەی حزب و لایەنە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان) كەبۆمان ڕەوانەكراوە دوای خوێندنـەوەی یەكـەمی لەپەرلـەمان لەدانیـشتنی ژمـاره(٨) ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦ گەیشتە ئەم ڕایەی خوارەوە:

١/ دوای خوێندنــەوەی یەكــەمی پڕۆژەكــە زۆربــەی ئــەو ئەندامانــەی بــۆ پێشكەشكردنی پڕۆژەكە واژۆیان كردبوو یاداشتیان پێشكەشی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان كـردووە وەهـیچ پڕۆژەیاسـایەكیان پیـشان نـەدراوە كەواتـە پێـشكەشكردنی پڕۆژەیاسـاكە یاسـایی نیـە، هەنـدێكیان داوای وا دەكـات لیژنەیـەكی تایبـەت بـۆ لێكۆلینـەوە لەبابـەتی چـۆنیەتی پركردنـی نووسینەوەی پڕۆژەكە بێ ئەوەی ئەوان ئاگاداربن.

٢/ جگـە لەمـەش پڕۆژەیاسـاكە تـوخمی دارایـی تێدایـە كـە پەیوەنـدی بەحكومەتەوە هەیەو دەبێ ئاگادار بێ لەپڕۆژەكە بۆیە پێشنیاز دەكەین پڕۆژەكە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بكرێت، بـۆ ئـەوەی سـەرنجی خۆیـان لەسەر بدەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆكی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | كریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام | قادر سعید خضر (زانا)<br>ئەندام |

# ڕای لیژنه‌ی یاسایی

نووســـراوتان له‌بــه‌رواری (٢٠٠٨/٥/٢١ ) ســه‌باره‌ت ڕای لیژنه‌كــه‌مان ده‌رباره‌ی ئه‌و ئه‌ندامه‌ی كه خۆی (استقالە) بكات مافی خانه‌نشین ده‌بێت یانه:

لیژنه‌كه‌مان ئیواره‌ی ڕۆژی چوارشه‌ممه (٢٠٠٨/٥/٢١ ) كۆبوونه‌وه‌ی خۆی ئه‌نجامداو دوای گفتوگۆكردن ڕای خۆی به‌م شێوه‌ی خواره‌وه ده‌رده‌بڕێ:

**یه‌كه‌م:** به‌پێ ی مادده‌ی (٤٣) له‌یاسای ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستانی عیراق ژماره (١) سالی١٩٩٢ ئه‌ندامیتی ئه‌نجوومه‌ن له‌یه‌كێك له‌م بارانه‌ی خواره‌وه كۆتایی دێ:

٢- (واز هێنانی ئه‌ندامه‌كه خۆی وله ڕۆژی بڕیار له‌سه‌ردانی ئه‌نجومه‌ن به‌زۆربه‌ی ده‌نگ كاری پێ ده‌كرێ. ) بۆیه ده‌بێت داواكاریه‌كه‌ی ئه‌و ئه‌ندامه بخرێته به‌رده‌م ئه‌نجومه‌ن بۆ بڕیار له‌سه‌ردانی ئه‌نجومه‌ن به‌زۆربه‌ی ده‌نگ كاری پێ ده‌كرێ. . .

**ته‌نها به‌ده‌نگ دان به‌به‌لێ یان نا بێ گفتوگۆكردنو مادده‌كانی (٣٠/ب/١و ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦) له‌په‌یره‌وی ناوخۆی په‌رله‌مان ئاماژه به‌ئالیه‌ته‌كه‌ی قه‌بولكردن ده‌كات.**

**دووه‌م:** به‌پێ ی مادده‌ی یه‌كه‌م له یاسای ژماره (٣٥) ی سالی (٢٠٠٤ ) یاسای یه‌كه‌م هه‌مواركردنی یاسای ژماره (١٣) ی سالی (١٩٩٩ ) خانه‌نشینی ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی هه‌رێمی كوردستانی _عێراق. . .

سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌نو جێگره‌كه‌یو سكرتێرو ئه‌ندامیش، كاتی ئه‌ندامێتیان كۆتایی دێت یان له‌ده‌ستی ده‌ده‌ن مووچه‌یه‌كی مانگانه‌ی خانه‌نشینی به‌بڕی (٧٥٪ ) ی كۆی مووچه‌و ده‌رماله‌ی مانگانه‌ی ئه‌و ئه‌ندامانه وه‌رده‌گرن كه له‌ئه‌نجومه‌ندا به‌رده‌وامن.

**واتا ئەو ئەندامەی ئەگەر خۆی (استقالە) بدات مافی خانەنشینی دەبێت.**

**لەگەڵ ڕێزماندا. . .**

| | | |
|---|---|---|
| **عبدالکریم هەمەوەند** | **دادوەر/ عەونی بەزاز** | **شێروان حەیدەری** |
| **بڕیاردەری لیژنە** | **جێگری سەرۆك لیژنە** | **سەرۆکی لیژنەی یاسایی** |
| **نوری طالبانی** | **طارق جامباز** | **کریم بحری برادۆستی** |
| **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **خلیل ابراهیم محمد** | **محمد صالح اسماعیل** | **دلیر محمد شریف** | **قادر سعید خضر (زانا)** |
| **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** | **ئەندام** |

# پێشنیاز

بەڕێزتان دەزانن کە گرنگترین هۆکاری نەزانینو تێنەگەیشتن لەیاسا ئەوەیە کە یاساکان زۆرنو ئەو کەسەش کە لەهەموو کەسێ زیاتر لەیاسا دەزانێت جاروبار لەڕێساکانی یاسا (القواعد القانونیە) تێناگاتو، پیاوی یاساش وای لێهاتووە کە تەنیا لقێك لەلقەکانی یاسا دەزانێتو لەو لقەش تەنیا ڕێساکانی داڕشتە هونەریەکەی دەزانێت کە ئەویش داڕشتنێکی کاتییەو بایەخێکی ڕێژەییو کەمی هەیە. بەکورتی، واتا یاساکە نازانێت.

بێگومان زۆریی یاسا دەبێتە هۆی ئەوە کە پیاوی یاسا لەزۆربەی حوکمەکانیان تێنەگاتو نەیانزانێت، بەمەش ئەو وردەکارییە لەئیشەکەیدا نامێنێت. لەبەرئەوە لەوانەیە بەپێویست بزانرێت هەندێ دەق ئیلغابکرێن، یان داڕشتنی هەندێکیان هەمواربکرێت، یان بەپێی پێویستی حاڵ دەقی دیکەیان بۆ زیاد بکرێت. لەبەرئەوە چاکتر وایە یاسا بەرکارەکان دیراسە بکرێنو پڕۆژەی یاسای دیکە ئامادەبکرێن کە حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان لەخۆ بگرنو هەوڵیش بدرێت کە تا ئەوپەڕی توانا ژمارەیان کەمتربکرێتەوە. خۆ ئەگەر یاساکان شەنوکەو (تنقیح) بکرێنو لەیەك یاسادا ڕێکبخرێنەوەو ببن بە(یەك گەلاڵە) (مدونە واحدە) ئەوا سەپێنەرو لێکدەرەوەی یاساو دادگاکانیش ئیشەکەیان بۆ ئاسان دەبێو، بەسانایی دەتوانن بزانن کە حوکمی کام یاسا پێویستە بخەنەکار. ئەم کارە ئەوەی چاکە کە پێچەوانەیی (التعارج) و دووبارە بوونەوە لەو یاسا زۆرانەدا لادەباتو یاساکان بەشێوەیەکی ڕێكو هاوئاهەنگو پتەوو تەواو دەخاتە بەرچاوو، بەپاککردنەوەی یاساکانیش لەم ئالۆزیو لێخنیو گومانانە، بەرچاوی دادوەرو فەقیە وشکاتکارو

شکاتلێکراویش‌و داواکارو داوالێکراو روون دەبێتەوەو زیاتر ئاشنای یاساکان دەبن. . . هەر بەنموونە، لەئامارکردنی (أحصاء) یاساکانی وەزیفەی گشتیدا کە لەساڵی ١٩٢٩ تا ساڵی ١٩٨٧ لەعێراقدا ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کە ژمارەیان گەیشتووەتە (٦٣٦) یاساو بڕیارو پەیڕەو.

هەروەها ژمارەی یاساکانی کشتوکاڵ‌و ئاودێری، لەهەمان ئەو ماوەیەدا گەیشتووەتە (٢٦٣) یاساو پەیڕەو جا بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو یاسایانە کەم بکرێنەوەو بخرێنە بەردەستی پیاوانی یاساو پێوەندیداران، پێویست بەوە دەکات کە ئەو یاسا بەرکارانە (التشريعات النافذه) شەنوکەوبکرێن. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەش پێویستە لەهەر وەزارەتێ لەوەزارەتەکاندا (لیژنەی شەنوکەوی یاساکان) پێکبهێنرێت بۆ ئامارکردنی ئەو یاسایانەی کە پێوەندیان بەکارو ئەرك‌وفەرمان‌و ئیشی تایبەتی وەزارەتەکەوە هەیەو هەموویان لەیەك پرۆژەیاسادا یان لەزیاتردا کۆبکاتەوە، پاشانیش پرۆژەکە بەقۆناغەکانی ئامادەکردنی یاسادا ببات بۆ ئەوەی یەك یاسا یان پتر لەیەك یاسا دەربچوێنێ جێگای هەموو ئەو یاسا بەرکارە زۆرانە بگرێتەوە. ئەم کۆکردنەوەو شەنوکەوکردنە، هاوئاهەنگی لەنێوان دەقەکاندا وەدیدێنێ‌و پێچەوانەبوونیان (التعارض) لەنێواندا لادەبات‌و، سەیرکردنەوەیان ئاسان دەکات. ئەم چروپرپیە رێگای بەدوداگەڕان ودۆزینەوەی دەقەکان کورت دەکاتەوەو گیروگرفتی تێدا ناهێڵێت. لەم پەرەسەندنی ژیانەدا زەحمەتە یاسای بابەتیی بەرکار (القانون الوضعي النافذ) بتوانێت بەدەنگ پێداویستەکانی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیرو تازەبابەتی کۆمەڵگەوە بچێت‌و هەموویان بگرێتەوە، چونکە یاسا بۆ بەدەنگەوەچوونی هەلومەرج‌و بنەماگەلێکی دیارکراو دانراوە. ئێستا ئەو هەلومەرج‌و بنەمایانە گۆڕدراون، لەبەرئەوە پێویستە یاسای بابەتیی نوێ لەکوردستانی خۆشماندا بگۆڕدرێت‌و چاك بکرێت.

لەبەرئەوە پێشنیاز دەکەم، بەڕێزتان داوا لەئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکەن ئەم بیرۆکەیە بخاتە مەیدانی کارو، لەهەر وەزارەتێ لەوەزارەتەکانی هەرێمدا، وەکو گوتمان (لیژنەی شەنوکەوی یاساکان) (فرز القوانين) پێك بهێنێ بۆ ئامارکردنو کۆکردنەوەی ئەو یاسایانەی پێوەندییان بەکارو ئەرکوفرمانو ئیشی تایبەتی وەزارەتەکەوە هەیە، پاشان بیخاتە پێش چاوی دیوانی تۆمارکردنی یاساکانی کوردستان بۆ ئەوەی تەنیا یەك یاسا یان لەیەك یاسا زیاتر دەربچوێنێ کە جێگای هەموو ئەو یاسا بەرکارە زۆرانە بگرێتەوە.

بەوەش پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت بەئاسانی سەیری هەر پرۆژەیەك بکات دەربارەی هەر بوارێکی پێوەندیی بەبارودۆخی کوردستانەوە هەبێتو بۆ پەرلەمان نێردرابێت. هەروەها باری قورسی سەرشانی لیژنەکانی پەرلەمانیش، نەخاسمە باری گرانی سەرشانی لیژنەی یاسا سوك دەبێت، چونکە بەڕێزتان دەزانن کاتێ پرۆژەی یاسا ئامادە دەکرێت لەوانەیە بیرۆکەکە لەلایەن چەند بەهرەمەندێکەوە بخرێتە پێشچاوو، دوای لێکولێنەوەو ساغکردنەوەو بەلوەرەکردنی ئەوجا لایەنی پێوەندیدار قەناعەت دەهێنێ بەسوودی دانانی یاساکەو داوادەکات کە ئیشەکە ئەنجامبدرێت. لەبەرئەوە پێویستە ئەم لێکۆڵینەوەیە بخرێتە بەردەستی ئەو کەسەی پرۆژەی یاساکە ئامادەکات، ئەویش پێویستە لەسەری کە زۆر بەوردی ئەمانەی خوارەوە بخوێنێتەوە:

١- هەموو دەقەکانی دەستوور کە پێوەندییان بەپرۆژەکەوە هەیە.

٢- هەموو دەقەکانی ئەو یاساو پێڕۆو ڕێنماییانەش کە پێوەندییان بەپرۆژەکەوە هەیە.

٣- حوکمەکانی دادگا لەسەر ئەو مەسەلانەی کە پێوەندییان بەپرۆژەکەوە هەیە.

٤- راو بۆچوونی خاوەن ئەزموون و شارەزاو راوێژكاران لەسەر پرۆژەكە.

لەبەرئەوە پێشنیاز دەكەم داوا لەئەنجومەنی وەزیران بكرێت كاتێ كە پێڕۆكان دەردەكات و، داوا لەوەزیرەكانیش بكرێت كاتێك كە رێنماییەكان دەردەهێنن، وێنەیەك لەو پێڕۆو رێنماییانە بدەنە پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەی پەرلەمانیش لەدانانی هەر یاسایەك و، هەمواركردن و گۆڕینی هەر یاسایەكی بەركاردا تێبینییان بكات.


ئومێدەواریشم ئەم پێشنیازەم بەدڵ دیراسە بكرێت بۆ ئەوەی هەموو یاساو پرۆژەیاساكانی كوردستان یەكبخرێن و پەرلەمانیش بتوانێت بەئاسانی بگەڕێتەوە سەریان لەو كاتانەدا كە پرۆژەی یاساو بڕیاری بۆ دێت و داوای بەیاساكردنیان دەكرێت.

**حاكم/ عەونی بەزاز**

**پێشكەشی كردوە لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمان**

# راپۆرتی لیژنەی یاسایی
# سەردانی زیندانیەکان لەهەولێرو سلیمانیو دهۆك

بە مەبەستی بەدواداچوونی رەوشی زیندانیەکانی نەوجەوانان لەکوردستانو لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمان شاندی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە پێکهاتبوون لەحاکم/ عەونی بەزاز جێگری سەرۆکی لیژنەو حاکم/ عبدالكريم هموندی بڕیاردەری لیژنەو پارێزەر محمد صالح اسماعيل وپارێزەر طارق جامباز ئەندامانی لیژنە، وەکو ئەرکێکی سەرەکی خۆی بۆ چاودێریکردنی جێبەجێ کردنی یاساکانو بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان،زنجیرە سەردانێکی ئەنجامدا بۆ بنکە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان لەپارێزگاکانی هەولێرو دهۆكو سلێمانی لەرۆژانی ٢٢و٢٠٠٨/٧/٢٤ هەتا ٢٠٠٨/٧/٢٩، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە چاودێری باری یاسایی زیندانیەکانی نەوجەوانان لەگیراوەکان (الموقوفين) و مەحکومەکان بکات کە تا چەند لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگاییداو لەئەنجامی جێبەجێکردنی حوکمەکانو بڕیارەکانی دادگا لەکاتی جێبەجێکردنو شێوازی جێبەجێکردن رەچاوی رێکارە یاساییەکان کراوە، هەروەها بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگادار بێتو راستەوخۆش گوێبیستی داواکاریو پێشنیازەکان بێت، ئەویش بەمەبەستی دەستنیشانکردنی هۆکارو رێگەچارەکان لەرووی یاساییو تەکنیکیەوە. بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتی یۆنامی (UNAMI) سەبارەت بەزیندانیەکان لەهەولێرو دهۆك، بۆیە لێرەدا لیژنەکەمان تێبینیو پێشنیازەکان پێشکەشتان دەکات سەبارەت بەچاکسازیەکان بەچەند حاڵەتێك کەوا لەخوارەوە باسی لێوە کراوە:



# هەولـــــێر

**یەکـەم: سـەردانی بەڕێوەبەرایـەتی چاکـسازی ژنـان و منـداڵان (چاکـسازی کۆمەڵایەتی نەوجەوانانی) هەولێر.**

سـەرەتا شـاندی لیژنـەی یاسـایی لـەرۆژانی(٧/٢٢و ٧/٢٧) سـەردانی بەڕێوەبەرایـەتی چاکسازی ژنـانو منـداڵانی هـەولێر کـردو کۆبوونەوەیـەکی لەگـەڵ بەڕێوەبـەرو کارمەنـدانی چاکـسازیەکە ئەنجامـداو تیایـدا رەوشـی مەحکومەکانو گیراوەکانی خستەڕوو، دواتـر هۆڵەکانو ژوورەکانو بەشـەکانی نـاو چاکـسازیەکەی بەسـەر کـردەوەو راسـتەوخۆش لەگـەڵ کۆمـەڵێك لەمەحکومـەکان وگیراوەکان گفتوگۆی کـردو لەرەوشی یاسایی وتەندروستیو پێداویـستیەکانیان کۆڵیـەوەو، دواتـر شـاندەکە سـەردانی بنکـەی تەندروسـتیو چێشتخانە وناندین(المطبخ) و هۆڵی سیمنارو کتێبخانەو وەرشەکانو گۆڕەپانی وەرزشیو هەروەها بەشە جیاجیاکانی تـری کارگێڕیو توێـژەرانی کۆمەڵایـەتی بەسـەر کـردەوە، دواتـر بەڕێوەبـەرو کارمەنـدان چـەندین پێشنیازو داواکاریـان خستەڕوو.

دوابـەدوای بەسـەرکردنەوەی هـەموو شـوێنەکانی (چاکـسازیەکە) و گفتوگـۆکردن لەگـەڵ بەڕێوەبـەرو کارمەنـدانو گـیراوو بەندکراوەکانـدا شاندەکەمان کۆمـەڵێك سـەرنجو تێبینـی بەدەسـت هێنـا کـە لـەم خاڵانـەی خوارەوەوە بەرجەستە کراون:-

١- ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە مـەحکوم وگـیراون تـا رۆژی سـەردانەکەمان لـە﴿٢٠٠٨/٧/٢٢﴾ بەتۆمـەتی جۆراوجـۆر لەوانـەش کوشـتنو دزیو داوێـن پیـسی وبەدرەوشـتی وهاتوچـۆ وشـەرو تۆمـەتی تـریش بـەم شـێوەیەی خوارەوەیە:

أ- ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی (کور) ﴿٣١﴾

ب ـ ژمارەی ناوجەوانە گیراوەكانی (موقوف) كور ﴿٣٣﴾

ج ـ ژمارەی ناوجەوانە گیراوەكان (موقوف) ئافرەت ﴿٥﴾

٢- بینایەو شوێنی (چاكسازیەكە) بۆ هەولێری پایتەخت شیاوو گونجاو نیە، بەتایبەتی بینایەكە كۆن وماندووەو بچوكەو مەرجەكانی بنكەی چاكسازی تێدا بەتەواوی بەدی ناكرێت، بەلاّم دەكرێت ئێستا كاربكرێت بۆ چاكردنەوە ونۆژەنكردنی بیناكە بەتایبەتی دروستكردنی چەند هۆڵو ژوورو ئاودەستو گەرماو بۆ گیراوەكانو مەحكومەكانو خانەی تێبینی، هەروەها دابینكردنی كارەبای نیشتمانی لەكاتی شەوان بۆ چاكسازیەكە چونكە گوژانەوەی بەشەو ئەنجامی بەدی لێ دێتەكایەوە.

٣- لەبەر نەبوونی شوێنی سەردانی خێزانی: چاكسازیەكە پێویستی بەدروستكردنی هۆڵێكە بۆ سەردانی منداڵانو ئافرەتان لەلایەن كەس‌وكارەكانیانەوە.

٤- نەبوونی خانوو بۆ بەڕێوەبەرو یاریدەری بەڕێوەبەرو توێژەرەكۆمەڵایەتی یەكان نزیك چاكسازیەكە بۆ ئەوەی لەنزیكەوە ئاگاداری چاكسازیەكە بنو چاودێری بكەن.

٥- هەڵكەندنی بیری ئیرتوازی بۆ دابینكردنی ئاو بۆ چاكسازیەكە چونكە ئێستا ناچارن رۆژانە دوو تانكەر ئاو بكڕن.

٦- هەرچەندە چەند ژوورێك تەرخان كراون بۆ قوتابخانەو خوێندنگا بەلاّم پێویستی بەدروستكردنی قوتابخانەیە بەهەموو قۆناغەكانی یەوە.

٧- فراوانكردنی وەرشەكانی كاركردنو چاككردنی بۆ ئەوەی چاكسازییەكە بكرێت بەدەزگایەكی بەرهەمهێنەر، نەك وەك ئێستا دەزگایەكی بەكاربەر(أستهلاكی) بێ.

٨- پەرتوكخانەی چاكسازی: تێبینی ئەوە دەكرێت كەوا پەرتووكەكان كەمن‌و جۆراوجۆرنین‌و رۆژنامەكان كۆنن، بۆیە دەبێت پەرتووكخانەكە دەوڵەمەند بكرێت بەپەرتووكی جۆراوجۆرو رۆژنامەی نوێ‌و نەوجەوانەكان هانبدرێن بۆ خوێندنەوەو چالاكی خوێندنەوە.

٩- نەبوونی لۆندری گەورە بۆ شوشتن وئوتووكردنی بەرگەو چەرچەف‌و پێخەفی مەحكومەكان‌و گیراوەكان.

١٠- دابینكردنی چەند ئامێرێكی مۆبایل بۆ چاكسازیەكە بۆ بەكارهێنانیان لەلایەن مەحكوم‌و گیراوەكانەوەو بۆ پەیوەندیكردن لەگەڵ خێزانەكانیان لەهەر (١٥) رۆژ جارێك وهەر یەكێك بۆ ماوەی (٥) خولەك لەژێر دەست‌و چاودێری فەرمانبەرانی چاكسازی.

١١- دابینكردنی تانكەری ئاوو تانكەری گواستنەوەی (ئاوە رۆی) پیس.

١٢- دامەزراندنی چەند توێژەری كۆمەڵایەتی تری ژن (باحثة اجتماعیة) ، چونكە لەرووی چاكسازی كۆمەلایەتیەوە پێویستیان بەكۆمەڵناسی دەروونناسی هەیە بۆ ئەوەی لەكێشەكانیان بكۆڵیتەوە، هەروەها خولی گونجاویان بەپێ ی بواری پەروەردەیی‌و رۆشنبیری بۆبكرێتەوە.

١٣- دامەزراندنی یاریدەدەری پزیشكی ژن ﴿معاونة طبیة﴾ چونكە چاكسازییەكە پێویستی بەوكارمەندانە دەبێت.

١٤- چاكسازی پێویستی بەتاقیگەی سەرەتایی‌و تیشكی گەڕۆك‌و(أشعه متنقله) و ئامێری پزیشكی ددانی هەیە.

١٥- دابینكردنی ئامێری كۆنتڕۆلی ناوەندی(مركزی) بۆ سەتەلایتەكان‌و دابەشكردنی بەسەر بەشەكاندا هەتا مەحكومەكان بتوانن كەناڵەكانی ئاسمانی ببینن لەژێر چاودێری چاكسازیەكە.

١٦- نەبوونی پاسەوانان‌و چاودێرانی ژن لەچاکسازییەکە بەتایبەتی بۆ کارکردن‌و ئێشکگرتن لەکاتی شەوان لەبەشی ژنان‌و نەوجەوانانی ژن.

١٧- نەبوونی فەرمانگەی داواکاری گشتی لەچاکسازیەکەدا: ئەبێت فەرمانگەی داواکاری گشتی لەچاکسازیەکە دابمەزرێت‌و جێگرێکی داواکاری گشتی بۆ دەستنیشان بکرێت لەگەڵ چەند فەرمانبەرو کارمەندێك لەفەرمانگەکەدا چونکە تەنها سەردانی جێگری داواکاری گشتی ناوەناوە ئامانجەکانی یاسا بەتەواوی بەدی ناکات.

١٨- سیستەمی مۆڵەتی خێزانی‌و بەردانی مەرجدار پەیڕەو ناکرێت بەپێچەوانەی حوکمەکانی یاسای دەزگای چاکسازی کۆمەلایەتی‌و ماددەکانی (٣٣١هەتا٣٣٧) لەیاسای بنەماکانی دادبینی سزایی (أصول المحاكمات الجزائيه).

١٩- نەبوونی پشکنینی گشتی بۆ هەر حالەتێك بۆ ئەو نەوجەوانەی دێتە ناوچاکسازیەکە بەتایبەت بۆ نەخۆشیە ساریەکان ودووبارەکردنەوەی ئەو پشکنینە بەشێوەیەکی دەوری، هەروەها هەربەندکراوێك پێش وەرگرتنی یان لەکاتی وەرگرتنی لەچاکسازیەکاندا پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت‌و هەموو تێبینیەکانی پزیشك کە لەراپۆرتەکە دەنووسرێت وێنەیەکی لەدۆسیەی بەندکراوەکە هەڵبگیرێت بەمەبەستی چاودێریکردنی تەندروستی.

٢٠- خەرجکردنی دەرماڵەی ترسناکی بۆ تەواوی فەرمانبەرانی چاکسازی وبۆ چاودێری چاکسازی‌و پاسەوانەکان وهەروەها بۆ ئەوانەی کە لەهێزی جێبەجێ کار کاردەکەن.

٢١- دابینکردنی هۆی گواستنەوەی پێویست بۆ گواستنەوەی مەحکومەکان‌و ئەوانەی چاودێری پاشینە دەیانگرێتەوە.

٢٢- تەرخانکردنی ئۆتۆموبیلی تایبەت بەبەڕێوەبەری چاکسازیەکە چونکە لەبەر دووری شوێنی نیشتەجێبونی تاکو ئێستا بەپاس هاتووچۆ دەکات.

٢٣- لەکاتی سەرپێچیکردنی نەوجەوانە مەحکوم کراوەکان وگیراوەکان، نابێ سزای راگرتنی سەردانی خێزانی، یان قەدەغەکردنی یاریکردنیان،یان دانانیان لەژووری تاکی(الغرفة الانفرادیة) ، یان گواستنەوەیان بۆ چاکسازیەکی تر لەشارەکانی تر بەسەریان بسەپێندرێت، چونکە نابێت نەوجەوانی گیراوو مەحکوم سزا بدرێت وهەروەها نابێت لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە بەشێوەیەکی رەمەکی یان وەکو جۆرێك لەجۆرەکانی سزادان. چونکە تێبینی ئەوەمان کرد کە چەند حالەتێکی لەم جۆرانە روویدابوو.

٢٤- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی پێشنیازدەکات کەوا پەرلەمان چارەسەریەك بدۆزێتەوە بۆ کێشەی هاموشۆی دەزگاکانی راگەیاندن بۆچاکسازیەکەو گواستنەوەی دەنگوباس ولێدوانی مەحکومەکانو گیراوەکان کە زۆر جاران کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانیی خراپی بەدواوەدا هاتووە.

## دهـــۆك

**دووەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنانو منداڵان لەدهۆك.**

سەرەتا شاندەکە لەرۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٤ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنانو منداڵانی دهۆك کردو کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندانی چاکسازیەکە ئەنجامداو تیایدا رەوشی مەحکومەکانو گیراوەکانی خستەڕوو، دواتر هۆڵەکانو ژوورەکانو بەشەکانی ناو چاکسازیەکەی بەسەر کردەوەو راستەوخۆش لەگەڵ کۆمەڵێك لەمەحکومەکان وگیراوەکان گفتوگۆی کردو لەرەوشی یاسایی وتەندروستیو پێداویستیەکانی کۆڵیەوە، دواتر سەردانی

بنکەی تەندروستیو چێشتخانە وناندین (المطبخ) و هۆڵی سیمنارو کتێبخانەو وەرشەکانو گۆڕەپانی وەرزشیو بەشە جیاجیاکانی تری کارگێڕیو توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەسەر کردەوە، بینایەو شوێنی چاکسازیەکە هەموو مەرجەکانی چاکسازی تێدایە لەراستیدا دەتوانین بڵێین ئوتێلێکی مۆدێرنە لەگەڵ چەند تێبینی یەك کە لەم راپۆرتەدا ئاماژەی پێدەکەین کە هەر چەند لەگرینگی شوێنەکەوئەرکی بەڕێوەبەروفەرمانبەرەکان وکارمەندەکانی کەم ناکاتەوە.

دوابەدوای بەسەرکردنەوەی هەموو شوێنەکانی (چاکسازیەکە) و گفتوگۆکردنی لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندانو گیراو بەندکراوەکاندا شاندەکەمان کۆمەڵێك سەرنجو تێبینی بەدەست هێنا کە لەم خاڵانەی خوارەوەوە بەرجەستە کراون:-

١/ ژمارەی مەحکومەکان وگیراوەکانی ناوجەوانان لەچاکسازیو کۆمەڵایەتی دهۆك تا بەرواری ﴿٢٠٠٨/٧/٢٤﴾ کە بەتۆمەتی جۆراوجۆر لەوانەش کوشتن، دزی، داوێن پیسیو بەدرەوشتی، گزیکردن(تزویر) ، تیرۆر،شەڕ، هاتوچۆ،. . . تۆمەتی تریش بەم جۆرە بوو:

أ: ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی (ژن) ﴿٢٠﴾

ب: ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکانی (ژن) ﴿١٠﴾

ج: ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی (کور) ﴿٢٤﴾

د: ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکانی(کور) ﴿١٧﴾

٢/ بیناو شوێنی چاکسازیەکە وەکو ئاماژەمان پێکرد زۆر شیاوگونجاوەو هەموو مەرجەکانی بنکەی چاکسازی تێدا بەدی دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی هەندێك کەمووکورتی تێدەکرێت لەوانەش نەبوونی شوێنی سەردانی خێزانی چونکە چاکسازیەکە پێویستی بەدرۆستکردنی هۆڵێکە بۆ سەردانی منداڵانو ئافرەتان لەلایەن کەس وکارەکانیانەوە.

٣/ نەبوونی تەوەری چاودێری یان سیستەمی چاودێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو بۆ ناوەوەو دەوروبەری چاکسازی یەکە،بەتایبەتی هەڵکەوتەو رێک وپێکی چاکسازیەکە ئەو سیستەمە دەخوازێ.

٤/ نەبوونی خانوو بۆ بەڕێوەبەرو یاریدەری بەڕێوەبەرو توێژەرەکۆمەڵایەتیەکان نزیک چاکسازی، بەتایبەتی زەوی تەرخان کراو بۆ چاکسازیەکە رووبەرەکەی زۆرەو دروستکردنی ئەم خانووانە بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوونو چاودێریکردنی چاکسازیەکە لەلایەن بەڕێوەبەرو کارمەندەکانەوەو کارێکی پێویستە

٥/ دابینکردنی تانکەری ئاو وتانکەری گواستنەوەی (ئاوە رۆی) پیس.

٦/ فراوانکردنی وەرشەکانی کارکردنو چاککردنی بۆ ئەوەی چاکسازییەکە بکرێت بەدەزگایەکی بەرهەمهێنەر، نەك وەك ئێستا دەزگایەکی بەکاربەر (أستهلاکی) بێ.

٧/ پەرتوکخانەی چاکسازی: تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا پەرتووکەکان کەمنو جۆراوجۆرنینو رۆژنامەکان کۆنن، بۆیە دەبێت پەرتووکخانەکە دەوڵەمەند بکرێت بەپەرتووکی جۆراوجۆرو رۆژنامەی نوێو نەوجەوانەکان هانبدرێن بۆ خوێندنەوەو چالاکی خوێندنەوە.

٨/چاکسازی پێویستی بەتاقیگەی سەرەتاییو تیشکی گەڕۆك (أشعة متنقلة) و ئامێری پزیشکی ددانی هەیە.

٩/دامەزراندنی چەند توێژەری کۆمەڵایەتی تری ژن (باحثة اجتماعیة) ، چونکە لەرووی چاکسازی کۆمەلایەتیەوە پێویستیان بەکۆمەڵناسی دەروونناسی هەیە بۆ ئەوەی لەکێشەکانیان بکۆڵیتەوە، هەروەها خولی گونجاویان بەپێ ی بواری پەروەردەییو رۆشنبیری بۆبکرێتەوە.

١٠/نـەبوونی پاسـەوانانو چـاودێرانی ژن لەچاکـسازییەکە بـۆ کـارکردنو ئێشکگرتن لەکاتی شەوان لەبەشی ژنانو نەوجەوانانی ژن.

١١/کردنـەوەی خـولی شـیاندن بـۆ چـاودێران لـەناو هـەرێمی کوردسـتانو بـۆ توێژەری کۆمەلآیەتی لەدەرەوەی هەرێم.

١٢/نـەبوونی دەرمالـەی ترسـناکی بـۆ فەرمانبـەرانو چـاودێرانو پاسـەوانانی چاکسازی کۆمەلآیەتی.

١٣/دابینکردنـی چـەند ئـامێرێکی مۆبایـل بـۆ چاکـسازیەکە بۆبـەکارهێنانی لەلایـەن مەحکومـەکان وگیراوەکـان بـۆ پەیوەنـدیکردن لەگـەڵ خێزانـەکانیان لەهـەر (١٥) رۆژ جارێـك هـەر یـەکێك بـۆ مـاوەی (٥) خولـەك لـەژێر دەسـتو چاودێری فەرمانبەرانی چاکسازی بێت.

١٤/دابینکردنـی ئـامێری کـۆنترۆلی ناوەنـدی(مرکـزی) بـۆ سـەتەلایتەکانو دابەشکردنی بەسەر بەشەکاندا هەتا مەحکومەکان بتوانن کەناڵەکانی ئاسمانی ببینن لەژێر چاودێری چاکسازیەکە.

١٥/نەبوونی پـشکنینی گـشتی بـۆ هـەر حالـەتێك بـۆ ئـەو نەوجەوانـەی دێتـە ناوچاکـسازیەکە بەتایبـەت بـۆ نەخۆشـیە ساریەکان ودووبارەکردنـەوەی ئـەو پشکنینە بەشێوەیەکی دەوری، هەروەها هەربەنـدکراوێك پـێش وەرگرتنـی یـان لـەکاتی وەرگرتنـی لەچاکسازیەکاندا پێویـستە پـشکنینی بـۆ بکرێـتو هـەموو تێبینـەکانی پزیـشك کـە لەراپۆرتەکـە دەنووسـرێت وێنەیـەکی لەدۆسـیەی بەندکراوەکە هەڵبگیرێت.

١٦/لـەکاتی سەرپێـچیەکانی نەوجەوانـە مـەحکوم کراوەکـان وگیراوەکـان، نابێ سزای راگرتنی سەردانی خێزانی یان قەدەغەکردنی یاریکردنیـان یـان دانانیـان لـەژووری تـاکی(الغرفـە الانفرادیـە) یـان گواسـتنەوەی بـۆ چاکـسازیەکی تـر لەشارەکانی تر لەسەریان بسەپێنرێت چونکە نابێت نەجەوانی گیراو ومەحکوم

سـزا بـدرێت وهـەروەها نابێـت لەشـوێنێك بـۆ شـوێنێكی تـر بگوازرێتـەوە بەشێوەیەكی رەمەكی یان وەكو جۆرێك لـەجۆرەكانی سزادان. چونكە تێبینی ئەوەمان كرد كە چەند حالەتێكی لەم جۆرانە روویدابوو.

١٧/لیژنە تێبینی ئەوەی كرد كە فەرمانگەی داواكاری گشتی هەیە بـەڵام تـەنها جێگـری داواكـاری گـشتی خـودی خـۆی دەوام دەكـاتو هـیچ كارمەنـدێكو فەرمانبەرێكی بۆ دانـەنراوە تەنانـەت فەرمانگەكە بـێ كارەبا بـوو هەرچـەندە كارەبا لەچاكسازیەكەدا هەبوو چ نشتیمانی چ مۆلیدەبێت لەكاتی سەردانمان.

١٨/مەحكوم كـراوان كـە ناویـان لـەخوارەوە هـاتووە ئیـدعای ئـەوە دەكـەن كـەوا لـەكاتی لێكۆڵینـەوە لەبنكـەكانی پـۆلیس پـێش رەوانـەكردنیان بـۆ دادگاكـان ئەشكەنجە دراون:

١/ شمال سعيد مجيد لەبنكەی پۆلیسی كلكچين ئەشكەنجە دراوە.

٢/ هڤال عزيز لەبنكەی پۆلیسی كلكچين ئەشكەنجە دراوە.

٣/ كامان فرزندە لەبنكەی پۆلیسی گوڵان ئەشكەنجە دراوە.

٤/ شێروان أحمد كريم دهۆك/ لەلایەن پۆلیـسی (نەهێـشتنی تـاوان) (مكافحة) ئەشكەنجە دراوە.

## سـلێمـانی

**سێیەم: سەردانی بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی كۆمەڵایەتی نەوجەوانانی سلێمانی:**

سـەرەتا شـاندەكە سـەردانی بەڕێوەبەرایـەتی چاكـسازی ژنـانو منـداڵانی (چاكسازی كۆمەڵایـەتی نەوجـەوانانی) سلێمانی كـرد وكۆبوونەوەیـەكی لەگـەڵ بەڕێوەبـەرو كارمەنـدانی چاكـسازیەكە ئەنجامـداو تیایـدا ئـەوانیش رەوشـی مەحكومەكانو گیراوەكانیان خستەڕوو، دواتر هۆڵەكانو ژوورەكانو بەشـەكانی نـاو چاكـسازیەكەی بەسـەر كـردەوەو راسـتەوخۆش لەگـەڵ كۆمـەڵێك

لەمەحکومـەکان وگیراوەکـان گفتوگـۆی کـردو لەرەوشـی یاسـایی وتەنـدروسـتیو پێداویـستیەکانیانی کۆڵیـەوە، ئینجـا شـاندەکە سـەردانی بنکـەی تەنـدروسـتیو چێشتخانەو ناندین(المطبخ) و هۆڵی سیمنارو کتێبخانەو وەرشەکانو گۆڕەپانی وەرزشیو بەشـە جیاجیاکانی تـری کارگێڕیو توێـژەرانی کۆمەڵایـەتی بەسـەر کردەوە دواتر بەڕێوەبەرو کارمەندان چەندین پێشنیازو داواکاریـان خـستەڕوو وهەروەها شاندەکە سـەردانی خانـەی تێبینـی کـرد کەلـە نـاو شـاری سلێمانیەو لەدەرەوەی چاکسازیەکەیە ولەناو گەرەکی نیشتەجێبوون ناوماڵانە.

دوابـەدوای بەسـەرکردنەوەی هـەموو شـوێنەکانی (چاکـسازیەکە) وخانـەی تێبینیو گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێوەبـەرو کارمەنـدانو گـیراو وبەندکراوەکانـدا شـاندەکەمان کۆمـەڵێك سـەرنجو تێبینـی بەدەسـت هێنـا کـە لـەم خاڵانـەی خوارەوەوە بەرجەستە کراون:-

١. ژمارەی مەحکومەکان وگیراوەکانی ناوجەوانان لەچاکسازی کۆمەڵایـەتی تـا بـەرواری ٢٠٠٨/٧/٢٨ بەتۆمـەتی جۆراوجـۆر لەوانـەش کوشـتن،دزی،داوێن پیسی بەدرەوشتی، گزیکردن (تزویـر) ، شـەڕ، هاتوچۆ. . . تۆمـەتی تـریش بەم جۆرە بوو:

أ ـ ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی(کور) ﴿٢٣﴾

ب ـ ژمارەی ناوجەوانە مەحکومەکانی(ژن) ﴿٣﴾

ج ـ ژمارەی ناوجەوانە گیراوەکان بەتۆمەتی جۆراوجۆر﴿١٣﴾.

د ـ ﴿٣﴾گیراوی کچ لەبەرنەبوونی شـوێنی تایبـەت لەگـەڵ مـەحکومـەکان گیراون چونکە خانەی تێبینی بچووکەو شـوێنی وای لـێ نییـە بـۆگیراوی کچ بشێت.

٢. هەوڵدان بۆ دروستكردنی گرتوخانەیەكی تازە بۆ نەوجەوانان لەدەرەوەی (معسكرسلام) كە لەگەڵ سەردەم گونجاوبێت، چونكە شوێنەكە لەناو سەربازگەیەكی كۆنە و بیناكەی مەرجەكانی چاكسازی تێدا بەدی ناكرێت هەروەها هەندێك لەبەشەكانی مەرجی تەندروستی تێدانیە هەرچەندە هۆڵ‌و ژوورەكانی بەندكراوەكان بەشێوەیەكی باش رێكخراون بەڵام زۆربەی گیراوەكان‌و مەحكومكراوەكان تێكەڵاون لەرووی جۆری تاوان وئەو مادده یاساییانەی كەوا لەسەری حوكم كراون واتە بەندكراو بەماددەی دزی لەگەڵ بەندكراو بەماددەكانی داوێن پیسی لەژوورێك دانراون ئەمەش پێچەوانەی یاساو رێنماییەكانی پۆلێنكردنی مەحكومەكانن ودەبێت لێك جیاكردنەوەی مەحكومەكان بەپێی گەورەیی وجۆری كێشەكانیان بێت، هەروەها لەبەر بێ شوێنی لە«خانەی تێبینی»چەند كچی گیراو گواسترابوونەوە بۆ بەندیخانەی نەجەوانان‌و لەگەڵ مەحكومەكان تێكەڵ كرابوون.

٣. نەبوونی شوێنی سەردانی خێزانی: چاكسازیەكە پێویستی بەدروستكردنی هۆلێكە بۆ سەردانی منداڵان وئافرەتان لەلایەن كەس وكارەكانیانەوە.

٤. نەبوونی خانوو بۆ بەڕێوەبەرو یاریدەری بەڕێوەبەرو توێژەرەكۆمەڵایەتی یەكان نزیك چاكسازیەكەو دروستكردنی ئەم خانووانە بەمەبەستی لەنزیكەوە ئاگاداربوون‌و چاودێریكردنی چاكسازیەكە لەلایەن بەڕێوەبەرو كارمەندەكانەوە.

٥. خانەی تێبینی پێویستی بەدروستكردنی بەشێك هەیە كە پێكهاتبێ لە(٢) ژوورو یەك W. C لەگەڵ ژوورێك بۆ پاسەوانەكان و چاككردنی گۆڕەپانی چاكسازی ژنان‌و منداڵان بەتارتان واتە چاندنی فریزلەگۆڕەپانەكەی یاریكردنی چونكە خاكە وناگونجێت لەگەڵ بارودۆخی چاكسازیەكەداو

دەبێتە هۆی پیس بوونی مەحکومەکان وگیراوەکان کاتی پشوو یاریکردنیان.

٦. دامەزراندنی چەند توێژەری کۆمەڵایەتی تری ژن(باحثة اجتماعية) ، چونکە لەرووی چاکسازی کۆمەلایەتیەوە پێویستیان بەکۆمەڵناسی دەروونناسی هەیە بۆ ئەوەی لەکێشەکانیان بکۆڵیتەوە، هەروەها خولی گونجاویان بەپێ ی بواری پەروەردەیی و رۆشنبیری بۆبکرێتەوە.

٧. هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی بۆ دابینکردنی ئاو بۆ چاکسازیەکە چونکە ئێستا ناچارن رۆژانە دوو تانکەر ئاو بکرن لەبەرنەبوونی ئاو.

٨. دابینکردنی کۆمەڵێك لەپەرتووك و گۆڤاری کۆمەڵایەتی وژنانە بۆ پەرتووکخانەکە (مکتبە) ،وتێبینی ئەوە کراکە رۆژنامەکان کۆن بوون و رۆژنامەیان پێناگات و بوویتە هۆی دابرانی بەندییەکان لەدونیای دەرەوە.

٩. دامەزراندنی یاریدەری پزیشکی ژن(معاونة طبية) بۆ بنکەی تەندروستیی لەسەر میلاکی فەرمانگەی چاکسازی ناوجەوانان.

١٠. دابینکردنی تانکەری ئاوی خواردنەوەو تانکەری گواستنەوەی ئاوە رۆی پیس.

١١. نەبوونی پشکنینی گشتی بۆ هەر حالەتێك بۆ ئەو نەوجەوانەی دێتە ناوچاکسازیەکە بەتایبەت بۆ نەخۆشیە ساریەکان ودووبارەکردنەوەی ئەو پشکنینە بەشێوەیەکی دەوری، هەروەها هەربەندکراوێك پێش وەرگرتنی یان لەکاتی وەرگرتنی لەچاکسازیەکاندا پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت و هەموو تێبینیەکانی پزیشك کە لەراپۆرتەکە دەنووسرێت وێنەیەکی لەدۆسیەی بەندکراوەکە هەڵبگیرێت.

١٢. چاکسازیەکە پێویستی بەتاقیگەی سەرەتایی و تیشکی گەرۆك(أشعة متنقلة) و نامێری پزیشکی ددانی هەیە.

١٣. فراوانکردنی وەرشەکانی کارکردنو چاککردنی بۆ ئەوەی چاکسازییەکە بکرێت بەدەزگایەکی بەرهەمهێنەر، نەك وەك ئێستا دەزگایەکی بەکاربەر (أستهلاکی) بێ.

١٤. دابینکردنی ئامێری کۆنترۆلی ناوەندی(مرکزی) بۆ سەتەلایتەکانو دابەشکردنی بەسەر بەشەکاندا هەتا مەحکومەکان بتوانن کەناڵەکانی ئاسمانی ببینن لەژێر چاودێری چاکسازیەکە.

١٥. دابینکردنی (٢) ئۆتۆمبێلی جۆری پیکەب بۆ راپەڕاندنی کارەکانی چاکسازی.

١٦. دابینکردنی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی حاویە بۆ گواستنەوەی پاشەڕۆو زبلەکان وهەوەرها دابینکردنی حاویەکی نوێ.

١٧. دابینکردنی ئۆتۆمبێلی جۆری پاص بۆ گواستنەوەی فەرمانبەرانو بۆ ئەوەی ناچارنەبن گرێبەست لەگەڵ شوفێری دەرەکی مۆربکەن.

١٨. لەبەرنەبوونی فەرمانگەی داواکاری گشتی لەچاکسازیەکەدا پێشنیازدەکەین فەرمانگە یەکێکیان بۆ دابمەزرێتو جێگری داواکاری گشتی و چەند فەرمانبەرێکی بۆ دەستنیشان بکرێت چونکە تەنها سەردانی جێگری داواکاری گشتی ناوەناوە ئامانجەکانی یاسا بەتەواوی بەدی ناکات.

١٩. لەکاتی سەرپێچیکردنی نەوجەوانە مەحکوم کراوەکان وگیراوەکان، نابێ سزای راگرتنی سەردانی خێزانی، یان قەدەغەکردنی یاریکردنیان، یان دانانیان لەژووری تاکی(الغرفه الانفرادیه) ، یان گواستنەوە یان بۆ چاکسازیەکی تر لەشارەکانی لەسەریان بسەپێنرێت چونکە نابێت نەوجەوانی گیراو یان مەحکوم سزا بدرێت وهەروەها نابێت لەشوێنێك بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە بەشێوەیەکی رەمەکی یان وەکو جۆرێك

لەجۆرەکانی سزادان. چونکە تێبینی ئەوەمان کرد کە چەند حالەتێکی لەم جۆرانە روویدابوو.

٢٠.بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی پێشنیاز دەکات کەوا پەرلەمان چارەسەریەك بدۆزێتەوە بۆ کێشەی ئامادەبوونی دەزگاکانی راگەیاندن لەچاکسازیەکەداو گواستنەوەی دەنگوباس و لێدوانی مەحکومەکان وگیراوەکان کەزۆر جاران کێشەی کۆمەلایەتی وخێزانیی خراپی بەدواوەدا هاتووە.

٢١. خەرجکردنی دەرمالەی ترسناکی بۆ فەرمانبەرانو پاسەوانو چاودێرانو هەموو کارمەندانی چاکسازی ناوجەوانان.

**پوختەی راو بۆ چوونمان سەربارەت سەردانەکانمان بۆهەرسێ چاکسازیەکانو ئەو تێبینیانەی کەلە راپۆرتی یۆنامی لەبەرواری «٢٠٠٨/٦/٣» هاتبوو لەسەر زیندانەکانی هەولێرو دهۆك بەم شێوەی خوارەوەیە :**

١. لیژنە تێبینی ئەوە دەکات کەوا هیچ بنکەیەکی پۆلیس زیندانی تێدا نیە بەلکو تۆمەتبار لەژورێك دادەنرێت کە تایبەتە بەژووری لێکۆلینەوە، تاتەواو بوونی لێکۆلینەوەو وەرگرتنی ئیفادە وقسەکانی بەپێی ی یاسا لەلایەن پۆلیسەوە یان لێکۆلەری دادی ئینجا رەوانەی دادوەری لێکۆلنەوە دەکرێتو دووبارە وەرگرتنی قسەکان بۆ پەسندکردنی وەلەوێوە راەوانەی چاکسازی دەکرێت ئەگەر دادگا بریاری راگرتنی دا، نەسەلمیندرا کەوا نەوجەوانێك لەدەستشۆر دەستگیرکرابێ.

٢. نەسەلمیندرا کەوا نەوجەوانان لەبنکەکانی پۆلیس ئەشکەنجە دراونو هیچ ئاسەوارێکی وامان نەدیت لەجەستەی ئەو مەحکومەی کە ئیدعای ئەوەی دەکرد کەوا ئەشکەنجە دراوە لەکاتی لێکۆلینەوەدا لەگەلیدا واتە هیچ حالەتێکیان بەلگەیەکی مەلوسی نەبوو نەسەلێندرا ئەگەر ئەمە راست

بوایە دەبوایە لەلای دادوەر قسەی لەسەر کرابایە هەتا رەوانەی پشکنینی پزیشکی بکرێت بۆسەلماندنی ئاسەواری ئەشکەنجەکە.

٣. یاساکانی بەرکار لەکوردستان ئیلزامی دادگاکان دەکات کەوا پارێزەر دەستنیشان بکرێت لەکاتی لێکۆلینەوەو دادگایکردندا بۆئەوانەی کەوا پارێزەری تایبەتی خۆیان نیە لەتاوان و کەتندا جگە لەمەش گیراو بۆی هەیە هیچ قسەیەك نەکات هەتا پارێزەرێکی بۆ دەستنیشان دەگرێت لەلایەن دادگای لێکۆلینەوەوە، واتە لێرەدا هیچ کێشەیەکی یاسایی نیە سەبارەت بەم بابەتە جگە لەهۆشداریکردنی خەلك و تومەتباران و سەرنج راکێشانیان بۆ سوود وەرگرتن لەو مافە یاسایی و دەستووریانەی کە هەیانە.

٤. لەبەر بێ شوێنی لەهەولێرو سلێمانی زۆربەری گیراوەکان و مەحکومکراوەکان تێکەلاون لەرووی جۆری تاوان و ئەو مادده یاساییانەی کەوا لەسەری حوکم کراون ئەوەش وایان کردووە بارودۆخی کۆمەلایەتی و دەروونی بەندییەکان خراپ بێت، لەئەنجامی تێکەلی لەنێوان گیراوەکاندا لەرووی جۆری تاوان بۆیە دەبێت ئەم حالەتە نەمێنێتەوەو راپۆرتی یونامیش ئاماژەی بەوە کردبوو.

٥. سەبارەت بەوانەی کە ماوەی حوکمیان لە(٦) مانگ تێناپەرێت پێشنیازدەکەین چاویان پێدا بخشێندرێتەوە، کە ئەو ماوەیەیان یان نیوەی ئەو ماوەیە بەقۆناغی ئامادەکاری بۆ «چاودێری پاشینەدا» تێپەرێت. و لەو بەشەدا شیاندنی بۆ بکرێت (تأهیل) بکرێتەوە.

٦. سەبارەت بەوانەی کە (افراج الشرطي) دەیانگرێتەوە ئاماژە بەوە بکرێت کە پێش (٦) مانگ لەئازادبوونیان ئەوانیش سوود لەمەرجەکانی برگەی پێشوو وەربگرن بۆ قۆناغی ئامادەکاری بۆ چاودێری پاشینە، بەپێی

ماددەکانی (٩٩هەتا ١٠٧) لەیاسایی چاودێری ناکامەکان ژمارە (٧٦) ساڵی ١٩٨٣ هەموارکراو {قانون رعاية الاحداث رقم (٧٦) لسنة ١٩٨٣}.

٧. جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە دەبێت پاسەوانانی‌و چاودێرانی ژن هەبێت لەهەردوو چاکسازی هەولێرو دهۆك بۆ کارکردن‌و ئێشکگرتن لەکاتی شەوان لەبەشی ژنان‌و نەوجەوانانی ژن.

٨. ئەو بەندکراوانەی لەشارەکانی دەرەوەی هەرێمەوە هاتوونەو لەسەرتاوانی (لەشفرۆشی) حوکم دەدرێن پێشنیازدەکەین رەوانەی چاکسازیەکانی ئەوشارانە بکرێنەوە کەلێ ی هاتوونە بۆئەوەی کەسانی تر لەچاکسازیەکانی کوردستان بەدرەوەشت نەکەن بەتایبەتی لەشاری دهۆك.

٩. پەیرەوکردنی سیستەمی مۆڵەتی خێزانی بەپێ ی یاسا هەتا مەحکومەکان پەیوەندییان نەپچرێت لەگەڵ بنەماڵەو کەس وکارەکانیان وهەست بەوەبکەن کەدووبارە دەگەرێنەوە کۆمەڵگە پاش چاکسازیکردنیان.

١٠. تێبینی ئەوەکرا کە هەندێك لەنەوجەوانە مەحکومەکان کاری ئامادەکردنی خواردن‌و چێشت لێنان دەکەن ئەوانەی شارەزاییان هەیە لەکاری چێشت لێنان بەرامبەر بەمووچەی مانگانە کە لەبەلێندەری چێشت لێنەر (مطبخ) وەریدەگرن. ئەمەش کارێکی باشە بۆ پەیداکردنی بژیویان‌و پارە پەیداکردن بۆ ژیانی خێزانەکانیان.

١١. شاندەکە تێبینی ئەوەی کرد کەوا مەحکومەکان‌و گیراوەکان ئاسوودە بوون بەهەڵسوکەوتی بەڕێوەبەری وکارمەندانی هەرسێ چاکسازیەکە لەگەڵیاندا و هەموویان هاورابوون کەوا مامەلەکردنیان وەك ئەندامانی یەك خێزان وایە.

١٢. وەرشەکانی تایبەت بەدارتاشی،بەرگدروو،سەرتاشی‌و هەروەها ژوورەکانی فێرکردنی کۆمپیوتەرو مۆسیقامان بەگرنگ نرخاندکە مەحکومەکان

فێری پیشە ودەست ڕەنگینی دەکات بۆ ئەوەی دوای تەواوکردنی ماوەی سزاکەیان لەچاکسازیەکان بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگاو پیشەیەکی باش فێرببن بۆ خزمەتکردنی وولاتەکەیان پایداکردنی بژێوی ژیانی خۆیانو بنەماڵەکەیان.

١٣. لەسەر داواکاری بەشێك لەنەوجەوانە حوکمکراوەکان بۆ یاریکردنو خۆ خافلاندیان لەچاکسازیەکەدا پەرلەمانی کوردستان (١٥) دانە ئامێری ئەتاری کردە دیاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەولێر.

١٤. پێشنیازدەکەین بەزووترین کات بینایەکی نوێ دروست بکرێت بۆ چاکسازی سلێمانی کەگونجاو بێت لەگەڵ مەرجەکانی چاکسازی سەردەمو نۆژەنکردنەوە (تعمیرکردن) ی بینایەی هەولێرو تائەوکاتەی بینایەکی نوێو گونجاویان بۆ بنیات دەکرێت.

١٥. تێبینی ئەوە کرا کە زۆرینەی مەحکوم کراوەکان وتاوانبارەکان ئاستی ڕۆشنبیریان نزمەو دانیشتوانی دەرەوەی ناوەندی شارەکانن، واتە خەڵکی لادێ ینەو لەبنەماڵە هەژارەکانن‌و کێشەی خێزانی لەناو بنەماڵەکانیاندا هەیەو بۆتە هۆکاری ئەم تاوانانە.

١٦. پێشنیازدەکەین کەوا سنورێك دابندرێت بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن چونکە گواستنەوەی دەنگوباس‌و لێدوانی مەحکومەکان‌و گیراوەکان کەزۆر جاران کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانی خراپی بەدواوەوە دا هاتووە لەبەر ئاشکرابوونی نهێنیەکانی بنەماڵەکانیان لەکێشەکاندا.

١٧. جەخت لەوەدەکەین کە لایەنە پەیوەندیدارەکان جێبەجێی داواکاری وپێداویستەکانی‌و پێشنیازەکانی جۆراوجۆری هەرسێ چاکسازییەکان بکەن کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە.


١٨. هەرچەندە بەشێك لەو پێشنیازانە پەیوەندی راستەوخۆی بەلیژنەکەمان نیە، تەنها باری یاسایی نەبێت بەلام ئەگەر تەماشای بکەین ئەو پێشنیازانە تەواوکەری یەکن بۆ دامەزراندنی چاکسازیەکی هاوچەرخ وگونجاو چونکە ئەگەر چاکسازییەکە لەهەموولایەنێك تەواو نەبێت ئەمە کاری لەچونیەتی راپەراندنی کارەکانی چاکسازییەکە دەکات. بۆیە لیژنەمان ئاماژە بەهەموو کەموکورییەکانی کرد ولە چۆنیەتی چارەسەرکردنی راوبۆچوونی دەربڕی.

لەکۆتایی دا سوپاسی بەڕێوەبەرەکانء کارمەندەکان دەکەین، لەهەرسێ پارێزگاکان بۆ پێشوازیانء هاوکاریانء پێشکەشکردنی ئاسانکاری لەکاتی بەجێگەیاندنی فەرمانەکەماندا


لەگەڵ ڕێزماندا. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام



کبوونەوەیەکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ وەزیری بازرگانیی هەرێمی کوردستان



دیداری لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لەقوتابیانی کۆلیژی یاسای زانکۆی سەڵاحەدین

# رای لیژنەی یاسایی

پەراوێزتان لەبەرواری ٢٠٠٨/٨/١٢ لەسەر پرۆژەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك.

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو دوای گفتوگۆکردنو دراسەتکردنی پرۆژەکە رای خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕی:-

١- پشتگیری لەبڕگەکانی (١، ٢، ٣) دەکەین.

٢- بڕگەی (٤) باش نیە و پێشنیاز دەکەین بەم شێوانەی خوارەوە بێت:-

أ- {الالتزام بكافة المواد الدستورية ذات الصلة بكركوك}.

ب- {الالتزام بكافة المواد الدستورية ذات الصلة بكركوك وخاصة المادة ١٤٠ منها}.

ج- {تحترم كافة المواد الدستورية ذات الصلة بكركوك وتلتزم بتنفيذها}.

د- {الالتزام بالمادة ١٤٠ من الدستور لاسيما الفقرة الخاصة منها بكركوك}.

هـ-{ الالتزام بالمادة ١٤٠ من الدستور لاسيما ذات الصلة بكركوك}.

٣- پێشنیاز دەکەین کەوا بڕگەی (٥) بەم شێوەی خوارەوە بنووسرێت:-

{ تستمر المناقشات في مجلس النواب ويصار الى سن قانون منفصل حول كركوك مع مراعاة حكم المادة ١٤٠ من الدستور العراقي في موعد لايتجاوز ٣١/أكتوبر/٢٠٠٨}.

٤- سەبارەت بەبڕگەی کۆتایی پێشنیاز دەکەین بەم شێوەیە بێت:-

{وفي حالة تعذر اللجنة تقديم صيغة متفق عليها تقوم هيئة رئاسة مجلس النواب والحكومة الإتحادية بوضع آليات جديدة وبالتوافق لاجراء الإنتخابات في كركوك في موعد لايتجاوز كانون الاول /ديسمبر/٢٠٠٩ وبمساعدة دولية عبر الامم المتحدة.

لەگەڵ ڕێزماندا

| | | |
|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# راپۆرتی لیژنەی یاسایی سالّی ۲۰۰۸

| ژ | ناوەرۆك | تێبینی |
|---|---|---|
| ۱ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژکاری | |
| ۲ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی | |
| ۳ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەبریاری دانانی رۆژی ٤/١٦ رۆژی ژینگە | |
| ٤ | راپۆرتی دووەمی لیژنە سەبارەت بەپرۆژەی یاسای شورای هەرێمی کوردستان) | |
| ٥ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای بودجەی ۲۰۰۸ | |
| ٦ | راپۆرتی لیژنە سەبارەت بەپرۆژەی یاسای هەموارکردنی یەکەمی جگەرەکێشان | |
| ۷ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاّتیان | |
| ۸ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە ۲٦ سالّی ۲۰۰۷ | |
| ۹ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەم یاسای خانەنشینکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان_ عێراق ژمارە ۳ سالّی ۱۹۹۹ | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | راپــۆرتی لیژنـــەی یاســایی ســەبارەت بـــەپڕۆژەی هـەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبـەرە ژمـارە ٨٧ ساڵی ١٩٧٩ | |
| ١١ | راپــۆرتی لیژنـــەی یاســایی ســەبارەت بەپڕۆژەیاســای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | یاسای ژمارە ١٠ ساڵی٢٠٠٨ |
| ١٢ | راپــۆرتی لیژنـــەی یاســایی ســەبارەت بەپڕۆژەیاســای درێژکردنەوەی کارکردن بەنەهێشتنی دژە تـیرۆر ژمـارە ٣ ساڵی ٢٠٠٦ | |
| ١٣ | راپــۆرتی لیژنـــەی یاســایی ســەبارەت بەپڕۆژەیاســای هـەمواکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومـەنی نیـشتمانی کوردستان | |
| ١٤ | راپۆرتی لیژنـە سـەبارەت بەسـەردانەکەی زیندانیـەکانی چاکسازی منداڵانو ژنان لەهەولێرو سلێمانیو دهۆك | |
| ١٥ | راپـــۆرتی لیژنـــەی یاســـایی ســـەبارەت بـــەپڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستان | |
| ١٦ | راپــۆرتی لیژنـــەی یاســایی ســەبارەت بەپڕۆژەیاســای هەموارکردنی باری کەسی ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ | |
| ١٧ | راپــۆرتی لیژنـــەی یاســایی ســەبارەت بەپڕۆژەیاســای هـەمواکردنی یەکـەمی یاسای یـەکێتی پەرلـەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ | |
| ١٨ | راپـۆرتی لیژنـەی یاسایی سـەبارەت بـەپڕۆژەی یاسـای فرۆکەخانەی مەدەنی هەرێمی کوردستان | |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای جێگیربوونی دەستووری هەرێم لەکوردستان | |
| ٢٠ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (راپۆرتی دووەم) | |
| ٢١ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەی یاسای بودجەی هەرێم | |

## یاساو بڕیارەکانی دەرچووی ساڵی ٢٠٠٨

| ژ | ناوەرۆک | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | یاسای ژمارە (١) یاسای ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ | لە ٢٠٠٨/٣/٣١ |
| ٢ | بڕیاری ژمارە (١) تایبەت بەدانانی ڕۆژی ٤/١٦ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ژینگە | لە ٢٠٠٨/٤/٧ |
| ٣ | بڕیاری ژمارە (٢) پەسندکردنی بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال | ٢٠٠٨/٤/١٤ |
| ٤ | یاسای ژمارە (٢) دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان | ٢٠٠٨/٤/٢١ |
| ٥ | یاسای ژمارە (٣) بودجەی هەرێمی کوردستان | ٢٠٠٨/٤/٣٠ |
| ٦ | یاسای ژمارە (٤) یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ | لە ٢٠٠٨/٥/٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | یاسای ژماره (٥) هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرانگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژماره ٣١ ساڵی ٢٠٠٧ | له ٢٠٠٨/٥/١٣ |
| ٨ | یاسای ژماره (٦) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن | له ٢٠٠٨/٥/١٩ |
| ٩ | یاسای ژماره (٧) یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆهاوڵاتیانی کوردستان | له ٢٠٠٨/٦/٣ |
| ١٠ | یاسای ژماره (٨) یاسای پاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان. | له ٢٠٠٨/٦/١١ |
| ١١ | یاسای ژماره(٩) هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەره ژماره(٨٧) ی ساڵی ١٩٧٩ | له ٢٠٠٨/٦/١٧ |
| ١٢ | یاسای ژماره (١٠) یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان | له ٢٠٠٨/٦/٢٥ |
| ١٣ | یاسای ژماره (١١) درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژماره (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دووساڵی تر | له ٢٠٠٨/٦/٢٩ |
| ١٤ | یاسای ژماره (١٢) هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژماره (٣) ی ساڵی ١٩٩٩ هەموارکراو | له ٢٠٠٨/٦/٢٩ |
| ١٥ | یاسای ژماره (١٣) هەموارکردنی دووەمی یاسای مافو ئیمتیازاتی کەسو کاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان ژماره (٩) ساڵی ٢٠٠٧ | له ٢٠٠٨/٩/١٥ |
| ١٦ | بڕیاری ژماره(٣) راستکردنەوەی رۆژی شەهیدبوونی | له |

| | | |
|---|---|---|
| | سەرجەم قوربانی کیمیابارانی هەڵبجە لەرۆژی (١٩٨٨/٣/١٣) بۆ رۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) . | ٢٠٠٨/٩/١٥ |
| ١٧ | یاسای ژمارە (١٤) یاسای ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری (مجلس شوری الاقلیم) | له ٢٠٠٨/١٠/٢٠ |
| ١٨ | یاسای ژمارە(١٥) یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨) ساڵی ١٩٥٩ | له ٢٠٠٨/١١/١٣ |
| ١٩ | یاسای ژمارە (١٦) یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم کوردستان | له ٢٠٠٨/١١/٢٦ |
| ٢٠ | یاسای ژمارە (١٧) یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٦ | له ٢٠٠٨/١٢/١ |
| ٢١ | یاسای ژمارە (١٨) یاسای فرۆکەخانەی مەدەنی هەرێمی کوردستان | له ٢٠٠٨/١٢/٣ |

# راپۆرتی لیژنە سەبارەت بەچالاكیەكانی ساڵی ٢٠٠٨

بەبۆنەی تەواو بوونی ساڵی ٢٠٠٨و هاتنی ساڵی ٢٠٠٩وە پیرۆزبایی لەخۆمانو گەلی كوردستان دەكەین، هیوادارین ساڵی تازە ببێتە ساڵی خۆشی وشادیو ئارامیو هاتنەدی سەرجەم ئاواتەكانی گەلی كورد لەهەموو بوارەكاندا وساڵی گەشەكردنو پێشكەوتن بێت بۆ دیهێنانی سەرجەم مافەكانی گەلەكەمان، خۆشحاڵین بەم بۆنەیەوە سەرنجی بەرێزتان رابكێشین بۆ ئەو كاروچالاكیانەی كە لیژنەی كاروباری یاسایی لەپەرلەمانی كوردستان لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨ دا ئەنجامی داون، هیوادارین بەچاوی بنیات هەڵی سەنگێنن.

**یەكەم:** لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨دا لیژنەكەمان (٦٦) دانیشتنی ئەنجامداوەو راوبۆچوونو پێشنیازی خۆی سەبارەت بەیاساكانو بریارەكان بەراپۆرت ئامادە كردووە، و هەر بابەتێك پەیوەندی بەیاساوە بوو بێت رای خۆی لەسەری دەربریوە،و بەشێك لەدانیشتنەكان لەگەڵ لایەنی بەرپرسو وەزیرە بەرێزەكان بوو سەبارەت بەپرۆژەیاساكانو بەدواداچوونو چاودێریكردنیان كە پەیوەستن پێیانەوە.

**دووەم:** لیژنەكەمان وەك لیژنەیەكی تایبەتمەند بەهەڵسەنگاندنو دارشتنەوەی ئەو پرۆژەیاساو بریارانەی كە لەناو هۆڵی پەرلەمان خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ دەكرێتو لەخوێندنەوەی دووەم لەپەرلەمان دەربازی دەبێت، گشت ئەو پرۆژانەی تاوتوێ كردووە، هەندێ جاریش هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەكانی دیكەی پەرلەمان كردووەو راو بۆچوونەكانی خۆی بەراپۆرت بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان بەرزكردۆتەوەو بەم هۆیەوەش پەرلەمان (٢٥) دانیشتنی ئەنجامداوە،

لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨ لە(٢٣) دانیشتنی ئاسایی بوون کە پەرلەمانی کوردستان لەدوای پشووی زستانە (٢٠٠٨/٣/١) دەستی پێ کردووە، بەمەش (١٩) یاساو (٣) بڕیاری دەرکردووە و(٢) دانیشتنی نائاسایی ئەنجامداوە، یەکەمیان بۆ ئیدانەکردنی بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوەو، هەروەها دووەمیان ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای عێراق بوو لەهەرێمی کوردستان، دوای ئەو ئاڵایەی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گۆڕانکاری بەسەر هات.

ئەو کاروچالاکیانەی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ساڵی ٢٠٠٨ دەریکردووە بەم ژمارەو بەروارانەی خوارەوە:

١- یاسای ژمارە (١) لە٢٠٠٨/٣/٣١ یاسای ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ.

٢- بڕیاری ژمارە (١) لە٢٠٠٨/٤/٧ تایبەت بەدانانی ڕۆژی ٤/١٦ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ژینگە.

٣- بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٨/٤/١٤ پەسندکردنی بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال.

٤- یاسای ژمارە (٢) لە٢٠٠٨/٤/٢١ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان.

٥- یاسای ژمارە (٣) لە٢٠٠٨/٤/٣٠ بودجەی هەرێمی کوردستان.

٦- یاسای ژمارە (٤) لە٢٠٠٨/٥/٦ یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ.

٧- یاسای ژمارە (٥) لە٢٠٠٨/٥/١٣ هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرانگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە ٣١ ساڵی ٢٠٠٧.

٨- یاسای ژمارە (٦) لە٢٠٠٨/٥/١٩ یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن.

٩- یاسای ژمارە (٧) لە٢٠٠٨/٦/٣ یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاوڵاتیانی کوردستان.

١٠- یاسای ژمارە (٨) لە٢٠٠٨/٦/١١ یاسای پاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان.

١١- یاسای ژمارە (٩) لە٢٠٠٨/٦/١٧ هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧) ی ساڵی ١٩٧٩

١٢- یاسای ژمارە (١٠) لە٢٠٠٨/٦/٢٥ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان.

١٣- یاسای ژمارە (١١) لە٢٠٠٨/٦/٢٩ درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دووساڵی تر.

١٤- یاسای ژمارە (١٢) لە٢٠٠٨/٦/٢٩ هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٩هەموارکراو.

١٥- بڕیاری ژمارە (٣) لە٢٠٠٨/٩/١٥ راستکردنەوەی رۆژی شەهیدبوونی سەرجەم قوربانی کیمیابارانی هەڵبجە لەرۆژی (١٩٨٨/٣/١٣) بۆ رۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) .

١٦- یاسای ژمارە (١٣) لە٢٠٠٨/٩/١٥ هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧.

١٧- یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە(٢٠٠٨/٩/٢٢) یاسای کاری رۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان دوای گەڕاندنەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

١٨- یاسای ژمارە (١٤) لە٢٠٠٨/١٠/٢٠ یاسای ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری (مجلس شوری الاقلیم) .

١٩- یاسای ژمارە(١٥) لە٢٠٠٨/١١/١٣ یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨) ساڵی ١٩٥٩.

٢٠- یاسای ژمارە (١٦) لە بەرواری ٢٠٠٨/١١/٢٦ یاسای پەسندكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم كوردستان.

٢١- یاسای ژمارە (١٧) لە٢٠٠٨/١٢/١ یاسای هەمواركردنی یەكەمی یاسای یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٦.

٢٢- یاسای ژمارە (١٨) لە٢٠٠٨/١٢/٣ یاسای فرۆكەخانەی مەدەنی هەرێمی كوردستان.

**سێیەم:** ئەندامانی لیژنە سەرباری بەجێگەیاندنی ئەرك و فەرمانەكانی لیژنە، ئەندامیشن لەلیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان، دوای هاتنەوەی (١٧٣٠) لاپەرە لەپێشنیازەكانی نوێ پاش بلاوكردنەوەی پرۆژەكە بەم پێیەش بەشداریان لەگشت دانیشتنەكانی لیژنەكە كردووە، جگە لەوەش چوار ئەندامی لیژنەكەمان لەسەرۆكایەتی لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوورین و ئەوانیش لەماوەی دوای هاتنەوەی پێشنیازەكانی نوێ سەبارەت پرۆژەی دەستوور (٢٦) كۆبوونەوەی ئەنجامداو، بۆ رێكخستنی كارەكانی سەرۆكایەتی پێداچوونەوەو ئەركەكانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور بۆ رێكخستنی پرۆژەكەو ئامادەكردنی و لیژنە نوێیەكە لەقۆناغی كۆتاییدا رەشنووسەكەو پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە، بۆ مەبەستی وەرگرتنی راوبۆچوونی كۆتایی سەركردەكانی حزبە سیاسیەكانی كوردستان بۆ پێشكەشكردنی تێبینی و سەرنجیان سەبارەت هەندێك ماددەو برگەكان كە راوبۆچوونی جۆراوجۆری لەسەر هەبوو، بۆ ئەوەی دووبارە بگەرێتەوە بۆ لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری و پێشكەشكردنی بەشێوەیەكی كۆتایی بۆ پەرلەمان دانانی لەبەرنامەی كاری پەرلەماندا.

**چوارەم:** لای هەمووان ئاشكرایە كەوا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەو سكالاو داواكاریيانەی كە لەلایەن هاولاتیانەوە پێشكەشی پەرلەمان دەكرێت و ئەوانەی كە پەیوەندی بەلایەنی یاساییەوە هەیە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئاراستەی لیژنەكەمانی كردووەو لیژنەكەشمان وەلامی هەموو سكالاو داواكارییەكانی داوەو راو پێشنیازو تەوصیاتی خۆی سەبارەت بەوە پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە، بۆ چارەسەركردنی داواكارەكانیان و كێشەكانیان.

**پێنجەم:** ئەندامانی لیژنەكەمان سەردانی مەیدانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاكسازیەكانی نەوجەوانانی و ئافرەتان و ژنانی هەرسێ چاكسازی هەولێرو دهۆك و سلێمانییان كردو راپۆرتی گونجاو سەبارەت بەسەردانەكەو پێشنیازەكانی لیژنەكەمان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووەو بەندكراوەكانی بەسەركردۆتەوەو تێدا دەست نیشانی كەموكورییەكانی چاكسازیی كردو چەندین پێشنیازو رێنمایی لەراپۆرتەكە خستمانە روو بۆ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەئەركی خۆیان هەلسن و چاكسازیی لەو شوێنانە بكەن، بۆ ئەمەش وەزیری كارو كاروباری كۆمەلایەتی ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بوو، دوای بانگهێشتكردنی و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ چارەسەركردنی كێشەكان.

**شەشەم:** لیژنەكەمان بەژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرۆژانەی خوارەوەیان پێشكەشی پەرلەمانكردنی و لەئەنجامدا پرۆژەكان بوون بەیاساو لەپەرلەمان پەسندكران.

١-یاسای قەدەغەكردنی خراپ بەكارهێنانی ئامێرەكانی گەیاندن بەیاسای ژمارە (٦) لە٢٠٠٨/٥/١٩.

٢- یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٥) لە٢٠٠٨/٥/١٣.

٣- بریاری پەسندکردنی بەجینوسایدناسندنی ئەنفال بریاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٨/٤/١٤.

٤- بریاری دانانی رۆژی ٤/١٦ ی هەموو ساڵێك بەرۆژی ژینگە.

٥- یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کوردستان کە بوو بەیاسای ژمارە (٧) لە٢٠٠٨/٦/٣.

٦- یاسای درێژکردنەوەی کارکردنو یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دوو ساڵی تر بەیاسای ژمارە (١١) لە٢٠٠٨/٦/٢٩.

٧- یاسای هەموارکردنی دووو یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٩ هەموارکراو بەیاسای ژمارە (١٢) لە٢٠٠٨/٦/٢٩.

٨- بریاری راستکردنەوەی رۆژی شەهیدبوونی سەرجەم بەرکەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەرۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ بۆ رۆژی ١٩٨٨/٣/١٦، لە٢٠٠٨/٩/١٥.

٩- یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای مافو ئیمتیازاتی کەسو کاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەیاسای ژمارە (١٣) لە٢٠٠٨/٩/١٥.

١٠- یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەیاسای ژمارە (١٦) لەبەرواری ٢٠٠٠/١١/٢٦.

١١- یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ بەیاسای ژمارە ١٧ لە٢٠٠٦/١٢/١.

١٢- بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیانی کوردستان بەتایبەتی کەم دەرامەتەکان پرۆژەیەك پێشکەش کرا بۆ هەموارکردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(٢٦)

ی ساڵی ٢٠٠٧ بەڵام دواخرا لەسەر داواكاری دوو وەزیری دارایی هەرێم نەبوو بەیاسا.

**حەوتەم:** چاپكردن‌و بڵاوكردنەوەی (٣) نامیلكە لەسەر یاساكانی تایبەت بەپێشمەرگەو شەهیدو ئەنفالكراوەكان‌و كشتوكاڵ‌و زەوی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان بەزنجیرەكانی (٢٣و ٢٤و ٢٥) .

**هەشتەم:** دەربڕینی رای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەكێشەی دەرچوانی كۆلێژەكانی پزیشكی لەهەرێمی كوردستان‌و پێچەوانەی یاسا بوونی بریاری وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بەدامەزراندنی بەگرێبەست،و لەئەنجامدا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان‌و وەزارەتی تەندروستی بریاری گرێبەستەكەیان پووچەڵ كردەوەو فەرمانی دامەزراندنیان بەهەمیشەیی دەرچواند، هەروەها چارەسەركردنی گرفتی (١٠٠٠٠) قوتابی‌و خوێندكاری وەرنەگیراو لەكۆلێژو پەیمانگاكانی كوردستاندا،و پێشكەشكردنی پێشنیازو بووچوونی گونجاو سەبارەت بەكێشەكان.

**نۆیەم:** پێشكەشكردنی راو بۆچوونی لیژنەكەمان سەبارەت بەو پرۆژانەی خوارەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردن لەسەریان، بەڵام وا دیارە لەبەر نەبوونی كات یان كەمی كاتی پەرلەمان نەخرانە بەرنامەی كاری پەرلەمان، هەر چەندە پرۆژەكان گرنگ بوون.

١- هەمواركردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢هەرچەند لەدانیشتنی ژمارە (١٢) لە٢٠٠٨/١١/٤ خوێندنەوەی بۆ كراو ئامادە بوو بۆ گفتوگۆكردن بەتایبەتی یاساكە پەیوەندی راستەوخۆی

هەبوو بەپڕۆژەی دەستووری هەرێمو پێڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، چونکە کار لەسەر پڕۆژەکانی دوایی ناکرێت هەتا یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی هەموار نەکرێت.

٢- پێڕەی ناوخۆی پەرلەمان لەدانیشتنی ژمارە (١٢) لە٢٠٠٨/١١/٤ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

٣- پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمان کە لە٢٠٠٧/١٠/٩ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو.

٤- وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کە لەدانیشتنی ژمارە (٨) لەبەرواری ٢٠٠٨/٢/١٦ خوێندنەوەی بۆ کرابووو راپۆرتیشمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو.

**دەیەم:** لەبەر نەبوونی کاتو سەرقاڵی لیژنەکەمان بەپڕۆژەکانی ترو سەحبکردنەوەی هەندێك پڕۆژە لەلایەن حکومەتو داواکردنی وەزیرەکان کە تایبەتمەندن بەهەندێ لەپڕۆژەیاساکان لەوانەش:-

١- قۆرخکاری (الاحتكار) .

٢- پاراستنی بەکاربەرکی (حماية المستهلك) .

٣- بەدەستهێنانی زانیاری.

٤- رێکخستنی خۆپێشاندان.

٥- بوودجەی حیزبەکان.

٦- خۆپاراستن لەتیشك.

٧- هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای یەکەمی ژووری بازرگانیو پیشەسازی لەهەرێمی کوردستان.

٨- قەدەغەکردنی توندوتیژی دژی (ژنانو نافرەتان)

٩- لیژنەی ئۆلۆمپی.

١٠- هەموارکردنی یاسای وەرزەکانو ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.

١١- یاسای خاوەنیەتیو هزری هونەری لەکوردستان.

**یازدەم:** بەبەراوردکردنی یاساوبریارەکانی ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ یاساکانی ساڵی ٢٠٠٧ دا، ئەم یاساو بریارانەی کە لەساڵی ٢٠٠٧ دەرچوو ژمارەیان(٤٢) یاسا وبریاربوو، کە زیاتر پەیوەندیان بەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمەوە بووە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٨ زیاترە. بەڵام یاساکانی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای گرینگتر بوون چونکە پەیوەندی راستەوخۆیان بەهاولاتیان هەبووە بەتایبەتی یاساکانی بوودجە کە توانرا دوو ماددەی ترو بخرێتە سەر یاساکە، یەکەمیان سەبارەت بەدانەوەی قەرزی عەقاری بوو، دووەمیان هاوشانکردنی بووجەی فەرمانبەرانی کوردستان بوو بەهاوشێوە لەگەڵ فەرمانبەرانی حکومەتی ناوەندی عێراق، یاسای رۆژنامەگەری کە لە٢٠٠٨/٩/٢٢ پەسندکرا، یاسای باری کەسێتیو قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن (مۆبایل) و یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاولاتیانی کوردستانو هەموارکردنی یاسای مافو ئیمتیازاتی کەسو کاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان، ویاسای پاراستنی ژینگەو یاسای رێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵو پاراستنو پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی، درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای دژە تیرۆر لەهەرێم بۆ ماوەی دوو ساڵی تر،و یاسای ئەنجومەنی شووراى هەرێم کەوا کەلێنێکی یاسایی زۆری پڕکردەوە.

لەگەڵ ئەو پەڕی رێزوسوپاسماندا. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالكريم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | كريم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# بابەت / راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان لەئێوارەی رۆژی دووشەمەی۲۰۰۸/۵/۱۹ رێکەوتی ۲۹/گولآنی /۲۷۰۸ کوردی دا کۆبووەوە بۆ لێکۆلینەوەی پرۆژەی (یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(۲٦ ی سالّی ۲۰۰۷ ) کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (۱۷) ی رۆژی ۲۰۰۸/۵/۱۳ بۆ لیژنەکەمان نێردراوە. لیژنەکەمان دوای گفتوگۆو تاوتویکردنی پرۆژەکە لیژنە بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لیّ دەکات چونکە لەبەرژەوەندی هاولآتیانە بەلآم پێشنیاز دەکات مادەی یەکەمی پرۆژەکە بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە بۆ ئەوەی پەرلەمانتارانی بەرێز پتر لەبابەتەکە بگەن:

تکایە سەیری بفەرموون پرۆژەکەو رای لیژنەی یاساییش بخەنە بەرچاوی ئەنجومەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکاو رای لەباری خۆی لەسەر بدات.

لەگەلّ رێزماندا. . .

| | | |
|---|---|---|
| عبدالکریم هەمەوەند<br>بڕیاردەری لیژنە | دادوەر/ عەونی بەزاز<br>جێگری سەرۆك لیژنە | شێروان حەیدەری<br>سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| نوری طالبانی<br>ئەندام | طارق جامباز<br>ئەندام | کریم بحری برادۆستی<br>ئەندام |
| خلیل ابراهیم محمد<br>ئەندام | محمد صالح اسماعیل<br>ئەندام | دلیر محمد شریف<br>ئەندام |

قادر سعید خضر (زانا)
ئەندام

# پڕۆژەیاساو بڕیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی یاسایی پێشنیازکراوە

لیژنەکەمان بەژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرۆژانەی خوارەوەیان پێشکەشی پەرلەمان کردووەو لەئەنجامدا پرۆژەکان بوون بەیاساو لەپەرلەمان پەسندکران‌و بەشێکیشیان ماونەتەوە نەبوونە بەیاسا.

١- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی 2005 لە٢٠٠٥/٦/٨.

٢- یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی 2005 لە٢٠٠٥/٧/٢٦

٣- بڕیاری ژمارە(٤) ساڵی ٢٠٠٥ سەبارەت بەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە تاکە مەرجەعی سیاسی‌و دەستوریە لە٢٠٠٥/٨/٦.

٤- پڕۆژەبڕیاری پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بۆ واژۆکردنی گرێبەستی دابینکردنی کارەبا لەتەق تەق، لە٢٠٠٥/٩/٢٧.

٥- یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ پرۆژەیاسای یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان عیراق لە٢٠٠٦/١١/١٤.

٦- یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ بەیاسای ژمارە ١٧ لە٢٠٠٦/١١/٢٩.

٧- بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ سەبارەت راگرتنی کارپێکردن بەبڕیاری ژمارە (١٦٣١ لە١٩٨٠/١٠/٣٠) / (١١٣٢له ١٩٨٢/١٠/٢)

٨- یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی نامێرەکانی گەیاندن بەیاسای ژمارە (٦) لە٢٠٠٨/٥/١٩.

٩- یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٥) لە٢٠٠٨/٥/١٣.

١٠- بڕیاری پەسندکردنی بەجینوساید ناسندنی ئەنفال بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٨/٤/١٤.

١١- بڕیاری دانانی ڕۆژی ٤/١٦ ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ژینگە.

١٢- یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کوردستان کە بوو بەیاسای ژمارە (٧) لە٢٠٠٨/٦/٣.

١٣- یاسای درێژکردنەوەی کارکردن‌و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دوو ساڵی تر بەیاسای ژمارە (١١) لە٢٠٠٨/٦/٢٨.

١٤- یاسای هەموارکردنی دووو یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٩ هەموارکراو بەیاسای ژمارە (١٢) لە٢٠٠٨/٦/٢٩.

١٥- بڕیاری راستکردنەوەی ڕۆژی شەهیدبوونی سەرجەم بەرگەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ بۆ ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦.

١٦- یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف‌و ئیمتیازاتی کەس‌و کاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەیاسای ژمارە (١٣) لە٢٠٠٨/٩/١٥.

١٧- یاسای پەسندکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەیاسای ژمارە (١٦) لەبەرواری ٢٠٠٨/١١/٢٦.

١٨- بۆ بەرژەوەندی هاوڵاتیانی کوردستان بەتایبەتی کەم دەرامەتەکان پڕۆژەیەك پێشکەش کرا بۆ هەموارکردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(٢٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەڵام دواخرا لەسەر داواکاری دوو وەزیری دارایی هەرێم نەبوو بەیاسا.

١٩- بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩سەبارەت بەئەنجومەنی پارێزگاکان لە٢٠٠٩/١/٢١.

٢٠- پرۆژەیاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان (ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢) هەموارکراو (لیستی کراوە) رەتکراوە بەبڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٩/٣/٢٥.


٢١- قانون مكافحة الفساد. (ماوەتەوە)

٢٢- پرۆژەیاسای نەهێشتنی توندو تیژی دژ بەئافرەتان. (ماوەتەوە)

٢٣- پرۆژەیاسای دۆکیومێنتپارێزی لەهەرێمی کوردستان. (ماوەتەوە)

٢٤- پرۆژەیاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری. (ماوەتەوە)

٢٥- پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان. (ماوەتەوە)



# ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەساڵی ٢٠٠٩

## تێبینی: ئەم ڕاپۆرتانە لەبەرواری 1/5 تاکو 7/21

| ژ | ناوەرۆک |
|---|---|
| ١ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەکاروچالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٨ |
| ٢ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەدرێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان |
| ٣ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپڕۆژەیاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان |
| ٤ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەرەخنەی ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان |
| ٥ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بەپڕۆژەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان |
| ٦ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا سەبارەت بەپڕۆژەی هەموارکردنی دووەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان ژمارە(٣١) ی ساڵی ٢٠٠٧ |
| ٧ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەدانی دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان |
| ٨ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەیاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان‌و قەزاو ناحیەکانی لە هەرێمی کوردستان |
| ٩ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی‌و لیژنەی ناوخۆ سەبارەت بەیاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان |
| ١٠ | ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی‌و ناوخۆو مافی مرۆڤ سەبارەت بەپڕۆژەیاسای |

| | |
|---|---|
| | هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١) ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو |
| ١١ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەدرێژکردنەوەی خولی پەرلەمانی کوردستان _عیراق |
| ١٢ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەدرێژکردنەوەی ولایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان _عیراق |
| ١٣ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای پەیمانگای دادوەریی هەرێمی کوردستان _ عیراق |
| ١٤ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەهەموارکردنی یەکەمی پرۆژەیاسای خانەنیشنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان |
| ١٥ | راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەپرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان _ عیراق |
| ١٦ | راپۆرتی لیژنەی یاساییو لیژنەی ناوخۆ سەبارەت پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦) ساڵی ٢٠٠٨ |
| ١٧ | راپۆرتی لیژنەی یاساییو لیژنەی خوێندنی باڵا سەبارەت بەهەموارکردنی یەکەمی پرۆژەیاسای وەزارتی خوێندنی باڵا. |

## کۆی دانیشتنەکان و یاسا وبڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان کە لەساڵی «٢٠٠٥ تاکو ٢٠٠٩» دەرچووە

| ساڵ | دانیشتنی ئاسایی | دانیشتنی نائاسایی | بڕیارەکان | یاساکان |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٢٢ | ٢ | ٧ | ٢ |
| ٢٠٠٦ | ٤١ | ٧ | ١١ | ٢٠ |
| ٢٠٠٧ | ٧٩ | ١٠ | ٣ | ٣٩ |
| ٢٠٠٨ | ٢٣ | ٢ | ٣ | ١٨ |
| ٢٠٠٩ | ٢١ | ٤ | ٨ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ١٨٦ | ٢٥ | ٣٢ | ٨٩ |

# تایبەتمەندیی لیژنەی یاسایی
# لە پەرلەمانی کوردستانداو چۆنیەتی پێکهاتنیو کارەکەی

ئامادەکردنی
دادوەر/ عەونی بەزاز
ئەندامی پەرلەمانو جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی

زۆربەی پەرلەمانەکان لەدەوڵەتانی جیهاندا لیژنەی یاسایی تایبەت بەسەیرکردنی بابەتی وای هەیە کە شێوەیەکی یاسایی هەبێت وپێکهێنانەکەیشی لەسەر بنچینەی پسپۆڕیی ئەندامەکانی دەبێ لەبواری یاساییداو، ئەو لیژنانە لەپەرلەمانەکانی دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا بەپێی ژمارە ی ئەندامانو ئەو تایبەتمەندییەی پێیان سپێردراوە دەگۆڕێن، تەنانەت لەناولێنانیشیان.

لە هەندێ لەدەوڵەتان بەلیژنەی یاسایی دەڵێن لیژنەی (کاروباری دەستووریو یاساکاریی) وەك لەمیسرو سوریاو کەنەداو لیژنەی (کاروباری یاساکاریی ویاسایی ) لەپەرلەمانەکانی بەحرینو ئەمارات ولیژنەی(دادو یاساکاریی ومافی مرۆڤ) لەپەرلەمانی مەغربو لیژنەی(کاروباری یاساییو کارگێرییو مافی مرۆڤ) لە پەرلەمانی جەزائیرو لیژنەی(کاروباری یاسایی) لەپەرلەمانی ئەردەنیو سویسری ولیتوانیو فنلەندی وئەثیوبی ولیژنەی (داد) لەپەرلەمانی ئوسکوتلەندیو لەعیراقی فیدرالیش پێی دەگوتری (لیژنەی یاسایی) .

لە پەرلەمانی کوردستانیشمان پێی دەگوترێ لیژنەی (کاروباری یاسایی) و لیژنەی هەمیشەیی لەیەکەم دەورەی بەستنی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکدەهێنرێو لەپێکهێنانەکەیشی دا ئارەزووی ئەندامو پسپۆریەکەی رەچاو

دەکرێ وەکو ئەوەی لە(مادده/٣٧)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دا هاتووەو لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانیش لە(١٤) لیژنە پێکدێ وئەمەش بەپێی هەموارکردنی چوارەمی پێڕەوی ناوخۆیە بۆ ماددەی (٣٨) لەپێڕەوەکە بەبڕیاری ژمارە (٣) ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢ بەلأم لەبارەی ژمارەی ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکان، ژمارەکەیان لەپێنج ئەندام کەمتر نابێ کە جاران دەبوایە لە(٧) کەمتر نەبیو لە(١١) ئەندام پتر نەبێ وکۆتی رادەی بەرزی ژمارەکە لادراو رادەی نزمی کرا بە(٥) ئەندامو هەر لیژنەیە لەنێوان ئەندامانی خۆی سەرۆکێكو جێگری سەرۆكو بریاردەری بۆ هەڵدەبژێردرێ لەسەرووی لیژنە پێکهاتووەکانیش لیژنەی کاروباری یاساییە کە سەیری ئەو مەسەلانە دەکات کە شێوەیەکی یاساییان هەیەو بۆی هاتووە. هەروەها تایبەتمەندیشە بەدارشتنەوەی یاساکانو دروستیان لەرووی یاساییو زمانەوانیو دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ وتووێژکردن لەسەریو مەرجە زۆربەی ئەندامانی ئەم لیژنەیە لەو کەسانە بن کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن لەیاسا.

دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا دابەش دەکات بەمەرجێك تا دەکرێ پسپۆڕی ئەندامو ئارەزووەکەیو پێویستی لیژنەکان ڕەچاو بکرێو کارەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان تاکو ڕەزامەندیی لەسەردەربڕێو لەو بارەی کە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر لیژنەکەدا دووبارە هەڵدەبژردرێتەوە نابێ ئەندامیەتی لەزیاتر لەدوو لیژنەی هەمیشەیی کۆ بکرێتەوە، هەروەها نابێ ئەندامیەتی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەندامیەتی لیژنە هەمیشەییەکان کۆبکرێنەوە.

ئێستاکە ژمارەی ئەندامانی لیژنەی کاروباری یاسایی لەدەورەی هەڵبژاردنی دووەمیدا (١٠) ئەندامن، لەوانە نۆیان یاساناسنو یەکێکیشیان دەرچووی کۆلێجی شەریعەتەو خوێندکاری دکتۆرایەو یەکێك لەئەندامەکانیش

مامۆستای زانکۆیە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لەیاسای بازرگانیو یەکێکیشیان دادوەری پێداچوونەوە بووە لەدادگای پێداچوونەوەی هەرێمداو یەکێکی دیکەیان دادوەرو بەڕێوەبەری گشتی دادبووە لەوەزارەتی دادو ئەوانی دیکەش لەپارێزەرە راوێژکارەکانن‌و نیساب لەکۆبوونەوەکانی لیژنە بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی تەواو دەبێ بەمەرجێك لەنێوان ئامادەبووانی سەرۆك یان جێگرەکەی بێت‌و بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگ وەردەگیرێن‌و لەسەرداوای سەرۆکەکەی کۆدەبێتەوەو بانگهێشتی ئەندامانیشی لەرێگەی بڕیاردەرەکەیەوە دەبێت.

هەروەها دەشێ کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان دوو لیژنە یان زیاتر بکرێت بۆ سەیرکردنی ئەو بابەتانەی کە پێویست دەکەن ئەوەش کە پەیوەندییان بەدوو لیژنەکەوە هەبێ‌و گەورەترین سەرۆکەکانی لیژنەکان یان گەورەترین جێگرەکان‌و گەورەترین بڕیاردەر لەرووی تەمەنەوە دەبنە سەرۆك‌و جێگرو بڕیاردەری.

نابێ ئەندام لەزیاتر لەلیژنەیەك ببێتە سەرۆك یا جێگری سەرۆك یاخود بڕیاردەر.

ئاشکرایە کە ئەنجومەنی وەزیران یان لە(دە) ئەندام کەمتر نەبن لەناو ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی پڕۆژەی یاساکان‌و بڕیارەکان بۆ پەرلەمان بکەن.

پڕۆژەکانی یاساکان‌و بڕیارەکان کە دێن بۆ پەرلەمان لەگەڵ لائیحەی هۆیە پێویستییەکانیان بەسەر ئەنداماندا دابەش دەکرێن‌و پوختەکەیان لەیەکەمین دانیشتندا بەبێ تاوتووکردن دەخوێنرێتەوە واتە(خوێندنەوەی یەکەمیان) بۆ دەکرێ، ئینجا دەدرێتە لیژنەی تایبەت. بۆ نموونە:

ئەگەر پڕۆژەیەك هاتو پەیوەندیی بەکاروباری کشتوکاڵی یان شارەوانی یان پیشەسازیی یەوە هەبوو، ئەوا دەنێردرێ بۆ لیژنەی تایبەتمەند. ئینجا ئەو لیژنە تایبەتمەندە لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر پڕۆژەی یاساکە دەکاتو رای خۆی لەبارەیەوە دەردەبڕێو رێنماییو پێشنیازەکانی خۆی بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاسایی دەردەبڕێ، ئینجا راپۆرتێکی هاوبەش دوای داڕشتنی لەهەردوو لیژنەکانەوە بەرزدەکرێتەوە لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە لەماوەی (دە) رۆژان لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکان مەگەر وای خواست بەپەلە سەیری بکریو لەو حاڵەتەدا لەماوەی (٥) پێنج رۆژ پێشکەش دەکرێ.

پڕۆژەی یاساو بڕیاری پێشنیازکراو لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی یاسایی دەخرێتە بەردەم پەرلەمان لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

سەرۆکی پەرلەمان پڕۆژەی یاسا یان بڕیارەکەی پێشنیازکراوە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو راپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی لەیەکەم دانیشتنی پەرلەمان دوای دابەشکردنی بەسەرئەندامانیدا دەخاتە بەردەم پەرلەمان و، ئەنجومەن دەست بەتاوتووکردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی کاروباری یاسایی لەبارەی پڕۆژەی یاسا یا بڕیار پێشنیاز کراوەکە دەکات، ئینجا دەست بەوتووێژکردنی پرنسیپەکانیو بڕیاردان لەسەری دەکاتو لەکاتی بڕیاردان لەسەری دەچێتە سەر وتووێژکردنی مادده پێشنیازکراوەکانو دەنگدان لەسەریان مادده بەمادده.

ودەبی ئاماژە بەوە بکەین کە زۆربەی پەرلەمانەکانی جیهان بژارکردنی پڕۆژەکانی یاساکانی پێشکەشیان دەکرێت دەگرێتە ئەستۆ، چونکە کارەکەی دەرچواندنی یاساکانەو کاری بنەڕەتیەتی لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ماوەی گونجانی لەگەڵ دەستوور یان سەرپێچیکردنی ولە دواییشدا راگەیاندنی بەپەرلەمان لەبارەی پێویست هەموارکردنی ئەو دەقانەی کە لەگەڵ دەقێکی کارپێکراوی

دەستووری ناکۆکن، تاکو لەگەڵیدا رێك بکەوێ بەپێی پرنسیپی پلە داریی رێسا یاساکان لەدەوڵەتدا بەپلە دێنە خوار لەرووی هێزو بەرزیی یاساییانەوەو رێسا دەستووریەکان لەلووتکەی هەرەمە دەوەستن. ئینجا رێسا یاساییە ئاساییەکانیان بەدوادادێت. ئینجا بریارەکان‌و فەرمانە کارگێریەکان‌و لەدواییشدا پێویستە رێسا نزمەکان لەگەڵ ئەو رێسایانەی کەلێیان بەرزترن بگونجێن.

ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەریان دەچوێنی دەچنە بن باڵی یاسا ئاساییەکان کە پێویستە خیتابی یاسایی لەگەڵ دەستووردا بگونجێ‌و ئەمە پێویستە جەختی لەسەر بکرێت‌و لیژنە یاساییەکان لەپەرلەمان دابینی بکەن بەر لەوەی ببێتە یاسا.

لە بەر ئەوەی لیژنە یاساییەکان بەتواناترن بۆ ئەنجامدانی ئەم کاروبارانەو هەموو تایبەتمەندیەکیش ناچێتە ناو دەسەڵاتەکانی لیژنە تایبەتمەندەکان، لەپەرلەماندا دەنێردرێن بۆ لیژنەی یاسایی‌و بەمەش لیژنە یاساییەکان دەبنە سەرچاوەیەکی گشتی بۆ پەرلەمان لەئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی کەناچنە ناو دەسەڵاتەکانی لیژنەکانی دیکە. لیژنەی یاسایی لەناو دەزگایەکی وەك پەرلەمان دەستی لێ هەڵناگیرێ. چونکە کارو فەرمانە بنەرەتیەکەی دەرچواندنی یاساکانەو هەرچەندە لیژنەی ناوبراو گرنگە بەڵام پەرلەمانەکان جیاوازییان لەنێواندا هەیە لەبارەی پێدانی دەسەڵاتە یاساییەکان‌و هەیە ئەو دەسەڵاتە فراوان دەکات‌و هەمیشە بۆی زیاد دەکات‌و هەمیشە کاری لیژنە یاساییەکە کەم دەکاتەوە بۆ مەسەلەیەکی تایبەتی.

لە نێوان ئەمەو ئەوەدا ئەوەی ناسراوەو زانراوە لیژنە یاساییەکان گرنگییان هەیەو هیچ گومان لەو گرنگیەشیاندا نییە بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن پسپۆرانی خاوەن شارەزایی‌و یاساناسی دەست رۆیشتوو پێکهاتبی.

وا دەردەکەوێ کە هیچ مەترسیەك نییە لەدەسەڵاتدان پێدانێکی فراوان بەلیژنەکە، بەو ناوەی کارەکەی راوێژکارییەو تەنیاپەیوەستە بەرەزامەندیی پەرلەمانەوە.

لیژنەی یاسایی لەهەر پەرلەمانێك کەتایبەتمەندە بەئەدگاری یاسایی بۆ چالاکی پەرلەمان و رەشنووسی یاساکان چارەسەردەکات و ئەمەش زۆرترین کاری پەرلەمانە کە دەیکات بەحوکمی سروشتی چالاکی دەسەڵاتی یاسادانان کە خۆی لەدەرچوواندنی یاساکاندا دەدۆزێتەوە

لەگەڵ رێزدا

| | | |
|---|---|---|
| حاکم/ عبدالکریم هەمەوەند | حاکم/ عونی بەزاز | شێروان حەیدەری |
| بریاردەری لیژنەی یاسایی | جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی | سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| د. رۆژان عبدالقادر دزەیی | طارق جامباز | کریم بحری |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خلیل ابراهیم | محمد صالح اسماعیل | دلێر محمد شریف | قادر سعید خضر(زانا) |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

ئەو پڕۆژەیاساو بڕیارانەی کە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٥،٢٠٠٦،٢٠٠٧،٢٠٠٨،٢٠٠٩) لەلایەن لیژنەی یاساییەوە پێشنیازکراون بەژمارە یاسایی ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش کراون:

## پڕۆژەیاساو بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٥

| | |
|---|---|
| ١ | یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ لە٢٠٠٥/٦/٨. |
| ٢ | یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٥ لە٢٠٠٥/٧/٢٦. |
| ٣ | بڕیاری ژمارە(٣) ساڵی ٢٠٠٥ پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکایەتی هەرێم بۆ راوێژکردن لەگەڵ لایەنە عیراقیەکان |
| ٤ | بڕیاری ژمارە(٤) ساڵی ٢٠٠٥ سەبارەت بەئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کە تاکە مەرجەعی سیاسیو دەستوریە. |
| ٥ | پڕۆژەبڕیاری پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بۆ واژۆکردنی گرێبەستی دابینکردنی کارەبا لەتەق تەق. |

## پڕۆژەیاساو بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٦

| | |
|---|---|
| ١ | پڕۆژەی بڕیاری تەصدیقکردنی ئاشتەوایی نێوان پارتیو یەکێتی. |
| ٢ | پڕۆژەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموارکردنی یەکەم. |
| ٣ | پڕۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ﴿ نەهێشتنی تیرۆر ﴾. |

| | |
|---|---|
| ٤ | پڕۆژەیاسای یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان. |
| ٥ | پڕۆژەیاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان. |
| ٦ | پڕۆژەی بڕیاری ڕاگرتنی کارکردن بەبڕیاری (٣٦٨) ی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە١٩٩٠/٩/٩ {قەدەغەکردنی کارکردن بەمێرد مندالآن}. |
| ٧ | پڕۆژەیاسای کارپێکردن بەسزای لەسێدارەدان. |
| ٨ | پڕۆژەیاسای کارکردنەوە بەماددەکانی دەروازەی دووەمی یاسای بنەماکانی سزایی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١. |
| ٩ | یاسای درێژکردنەوەی کارکردن‌و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دوو ساڵی تر بەیاسای ژمارە (١١) لە٢٠٠٨/٦/١٩. |
| ١٠ | یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ بەیاسای ژمارە ١٧ لە٢٠٠٦/١١/٢٩. |
| ١١ | یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ پڕۆژەیاسای یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان_عیراق. |

## پڕۆژەیاساو بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٧

| | |
|---|---|
| ١ | پڕۆژەیاسای ژمارە (٣) لە٢٠٠٧/٤/٣، سەبارەت بەڕاگرتنی کار پێکردن بەهەردوو بڕیاری ژمارە ١٦٣٠ساڵی ١٩٨٠و ١١٣٣ ساڵی ١٩٨٢. |
| ٢ | پڕۆژەیاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٧ لە٢٠٠٧/٤/١٠. |
| ٣ | پڕۆژەیاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرە پەیوەندییەکان. |
| ٤ | پڕۆژەیاسای ﴿ فحوصات الدم الوراثية قبل الزواج (التلاسيما) ﴾ بوو بەیاسای ژمارە (٣٠) لە٢٠٠٧/١١/٥ |
| ٥ | پڕۆژەیاسای پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمان. |

| | |
|---|---|
| ٦ | پڕۆژە پەیڕەوی نوێ ی ناوخۆی پەرلەمان کە ماددەکانی بووە (١٤٦) ماددە. |

## پڕۆژەیاساو بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٨

| | |
|---|---|
| ١ | پڕۆژەیاسای بەدەستهێنانی زانیاری. |
| ٢ | پڕۆژەیاسای دژە گەندەڵی. |
| ٣ | پڕۆژەیاسای دیکۆمینت پارێزی (حفظ الوثائق ) . |
| ٤ | پڕۆژەبڕیاری تایبەت بەدانانی ڕۆژی ٤/١٦ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ژینگە ژمارە (١) لە٢٠٠٨/٤/٧ |
| ٥ | بڕیاری پەسندکردنی بەجینوساید ناسندنی ئەنفال بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٨/٤/١٤. |
| ٦ | یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٥) لە٢٠٠٨/٥/١٣ |
| ٧ | یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن بەیاسای ژمارە (٦) لە٢٠٠٨/٥/١٩. |
| ٨ | یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کوردستان کە بوو بەیاسای ژمارە (٧) لە٢٠٠٨/٦/٣. |
| ٩ | درێژکردنەوەی کارکردنو یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دوو ساڵی تر بەیاسای ژمارە (١١) لە٢٠٠٨/٦/٢٩. |
| ١٠ | یاسای هەموارکردنی دووو یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٩ هەموارکراو بەیاسای ژمارە (١٢) لە٢٠٠٨/٦/٢٩. |
| ١١ | پڕۆژەیاسای هەموارکردنی دووەمی ژمارە ١٢ لە٢٠٠٨/٦/٢٩ خانەنشینی |

| | |
|---|---|
| | ئەندامانی پەرلەمان ژمارە(٣) ی ساڵی ١٩٩٩ هەموارکراو |
| ١٢ | یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەیاسای ژمارە (١٣) لە١٥/٩/٢٠٠٨. |
| ١٣ | یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەیاسای ژمارە (١٣) لە١٥/٩/٢٠٠٨. |
| ١٤ | پڕۆژە بریاری راستکردنەوەی رۆژی شەهیدبوونی سەرجەم قوربانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەرۆژی ١٣/٣ بۆ١٦/٣/١٩٨٨ ژمارە (٣) لە١٥/٩/٢٠٠٨ |
| ١٥ | یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧ بەیاسای ژمارە (١٣) لە١٥/٩/٢٠٠٨. |
| ١٦ | پڕۆژەیاسای جێگیربوونی دەستووری هەرێم لەکوردستان ژمارە (١٦) لە٣٦/١١/٢٠٠٨ |
| ١٧ | یاسای ژمارە (١٧) لە١/١٢/٢٠٠٨ هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦. |

## پڕۆژەیاساو بریارەکانی ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ٩/٧/٢٠٠٩

| | |
|---|---|
| ١ | پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو ژمارە (١) لە٢١/١/٢٠٠٩ |
| ٢ | پڕۆژە بریاری درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) لە٢١/١/٢٠٠٩ |
| ٣ | پڕۆژەیاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی |

| | |
|---|---|
| [illegible] | نیشتمانی کوردستان ژمارە (٢) لە٢٠٠٩/٣/٢٥ |
| ٤ | پرۆژەبڕیاری پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٤/لە ٢٠٠٩/٤/١٥ |

## یاساو بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ تاکو رۆژی ٢٠٠٩/٧/٩

| | |
|---|---|
| ١ | یاسای ژمارە (١) لە٢٠٠٩/١/٢١ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو. |
| ٢ | بڕیاری ژمارە (١) لە٢٠٠٩/١/٢١ درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکەکانی ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو بەمەرجێك پێش کۆتایی ئەم ساڵی ٢٠٠٩ بکرێ. |
| ٣ | بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٩/٣/٢٥ رەتکردنەوەی پێشنیازی یاسای پشت بەستن بەسیستەمی لیستی کراوە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمان. |
| ٤ | یاسای ژمارە (٢) لە٢٠٠٩/٣/٢٥هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٥ | بڕیاری ژمارە (٣) لە٢٠٠٩/٤/٢ دانەوەی متمانە بەبەڕێزان (عیماد احمد سیفور ) بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و (کریم سلطان شنگاوی) بەوەزیری ناوخۆ و (جعفر مصطفی علی ) بە وەزیری پێشمەرگە. |
| ٦ | بڕیاری ژمارە (٤) لە٢٠٠٩/٤/١٥ پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٧ | یاسای ژمارە (٣) لە٢٠/ ٤/ ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان |

| | |
|---|---|
| ٨ | یاسای ژمارە (٤) لە٢٠٠٩/٥/١١ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان و دوای گەراندنەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم بۆدانانی کۆتا بۆ تورکمان و کلدان سریان ئاشورییەکان پەسندکرا لە٢٠٠٩/٦/٢٢. |
| ٩ | بڕیاری ژمارە (٥) لە٢٠٠٩/٥/١٣ درێژکردنەوەی ولایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتایی پێ دێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن و سوێند خواردنەوەی. |
| ١٠ | بڕیاری ژمارە (٦) لە٢٠٠٩/٥/١٣ درێژکردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی پێ دێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و بەستنی دانیشتنی یەکەم. |
| ١١ | یاسای ژمارە (٥) لە٢٠٠٩/٥/١٣ هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو. |
| ١٢ | یاسای ژمارە (٦) لە٢٠٠٩/٥/١٨ یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. |
| ١٣ | بڕیاری ژمارە (٧) لە٢٠٠٩/٥/١٨، بڕیاری تەرخانکردنی بڕی (٢٥٠,٠٠٠) هەزار دۆلار ئەمریکی بۆ دروستکردنی باخچەیەك لەشاری هەڵەبجە بەناوی ﴿ پارکی پەرلەمان﴾ |
| ١٤ | یاسای ژمارە (٧) لە٢٠٠٩/٥/٢٧ یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان. |
| ١٥ | یاسای ژمارە (٨) لە٢٠٠٩/٦/١٦ یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٩. |
| ١٦ | یاسای ژمارە (٩) لە٢٠٠٩/٦/٢٢ یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێم ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨. |
| ١٧ | بڕیاری ژمارە (٨) لە٢٠٠٩/٦/٢٤، بڕیاری پەسندکردنی دەستووری |

| | |
|---|---|
| | هەرێمی کوردستان کەلە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٢١) دەنگی لەسەر درا. |
| ١٨ | یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێم ژمارە(١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨. دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٤ ) رۆی ٢٠٠٩/٧/٩ |

## ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەشداریان کردووە لەم کۆنفراسانە

| | |
|---|---|
| ١ | کۆنفرانسی فیدرالی لەساڵی ٢٠٠٥ لەئیتاڵیا |
| ٢ | کۆنفرانسی رۆلی ئەنجومەنی ئیتحاد لەدیموکراتیە فیدرالی‌و لامەرکەزیەکاندا کە لەلایەن رێکخراوی هاوپەیمانی نێو دەولەتی لەپێناو عەدالەت ورێکخراوی ئاشتی بەبێ عەدالەت سەرناگرێ (ئیتالیا/ رۆما) لەساڵی ٢٠٠٧ |
| ٣ | کۆنفرانسی فیدرالی لەساڵی ٢٠٠٧ لەئەلمانیا |
| ٤ | کۆنفرانسی پەرەپێدانی کاری دادوەری_هەولێر |
| ٥ | کۆنفرانسی سەروەری یاسا ـ هەولێر |
| ٦ | کۆنفرانسی UNCTAD سویسرا ـ جنیف |
| ٧ | کۆنفرانسی پارێزگاری لەمافی ئافرەت |
| ٨ | موتمری پەرلەمانییەکانی عەرەب |
| ٩ | کۆنفرانسی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ـ خانزاد |
| ١٠ | کۆنفرانسی پەرەپێدانی کاری رۆژنامەگەری |
| ١١ | کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کێشەی گرێبەستەکانی نەوت لەنێوان حکومەتی فیدرال‌و هەرێمی کوردستان |
| ١٢ | کۆنفرانسی هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتی دادوەری هەرێم‌و حکومەتی فیدرال |

| | |
|---|---|
| ١٣ | كۆنفرانسی بەرنامەی نەخشەی رێگا بۆ دەوڵەتی یاسا |
| ١٤ | كۆنفرانسی سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری ـ هەولێر |
| ١٥ | كۆنفرانسی فیدراڵیو سامانە سروشتیەكانی عیراق بەهاوكاری یونامی |
| ١٦ | كۆنفرانسی سیستەمی دادوەری فیدراڵی لەنێوان حكومەتی یەكگرتووو هەولێر. |
| ١٧ | كۆنفرانسی گەشەپێكردنی سەربەخۆیی دادوەری لەعیراقدا. |
| ١٨ | كۆنفرانسی یەكسانی مرۆڤ لەیاسادا بنەمای دادپەروەریە سەبارەت بەیاسای باری كەسێتی. |
| ١٩ | مؤتمر النظام القضائي الفيدرالي بين الاتحاد والاقاليم وتقرير استقلال القضاء في العراق. |

## كۆبوونەوەكانی لیژنەی یاسایی لەساڵی ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٩

| ژمارە | دانیشتنەكان |
|---|---|
| ١ | لە ساڵی ٢٠٠٥ ( ٢٢ ) دانیشتن |
| ٢ | لە ساڵی ٢٠٠٦ ( ٧٤ ) دانیشتن |
| ٣ | لەساڵی ٢٠٠٧ ( ١٣١ ) دانیشتن |
| ٤ | لەساڵی ٢٠٠٨ ( ٦٦ ) دانیشتن. |
| ٥ | لەساڵی ٢٠٠٩ ( ٥٣ ) دانیشتن ﴿تا ٢١/٧ / ٢٠٠٩﴾. |
| كۆی گشتی | ٣٤٦ دانیشتن لەماوەی كاركردن. |

**رای لیژنەی یاسایی لەسەر داواکاری هاوڵاتیان لەساڵی ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٩ کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە**

| ژمارە | رای لیژنە |
|---|---|
| ١ | لە ساڵی ٢٠٠٥ (٣١) رای داوە لەسەر داواکاری هاوڵاتیان |
| ٢ | لە ساڵی ٢٠٠٦ (٧٩) رای داوە لەسەر داواکاری هاوڵاتیان |
| ٣ | لەساڵی ٢٠٠٧ (٤٧) رای داوە لەسەر داواکاری هاوڵاتیان |
| ٤ | لەساڵی ٢٠٠٨ (١٢٧) رای داوە لەسەر داواکاری هاوڵاتیان |
| ٥ | لەساڵی ٢٠٠٩ (٤٠) رای داوە لەسەر داواکاری هاوڵاتیان ﴿تا ٢٠٠٩/٧/٢١﴾ |
| کۆی گشتی | ٣٢٤ رای لیژنە لەماوەی کارکردنیدا |

## لەسەر داوای ئەندامانی لیژنەی یاسایی پەرلەمان پرسیار ئاراستەی ئەم وەزیرە بەڕێزانە کراوە لەڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەڵامدانەوە:

١/ وەزیری تەندروستی - گرێبەستی دامەزراندنی پزیشکەکانو باری تەندروستی لەهەرێم.

٢/ وەزیری پەروەردە - سەبارەت کیشەی قوتابیانو خوێندکاران

* بۆچی چاپەمەنیەکانی پەروەردە لەدەرەوەی وولات چاپ دەکرێت؟

٣/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی - سەبارەت کیشەی قوتابیانو خوێندکاران.

٤/ وەزیری ناوخۆ - سەبارەت کیشەی زیندانیەکانو گیراوەکان.

٥/ وەزیری دادو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری داد - سەبارەت کیشەی زیندانیەکانو گیراوەکان.

٦/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی - کیشەی کۆمەڵایەتی چاکسازیەکانی هەرێم.

٧/وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون- سەبارەت بەیاسای نیشتەجێبوون.

٨/ وەزارەتی شارەوانی - کێشەی کوژاندنەوەی زەویو ماستەرپلانی شارەکان.

٩/ وەزارەتی دارایی/

* لەبەر چی سولفەی عەقاری تاکو ئێستا سەرف نەکراوە سەبارەت بەم زەویانەی رووبەریان (٢٠٠م$^2$) ە هاوبەشن لەنێوان یەکتری؟

* وەبەرهێنان دراوەتە کام لایەن؟ لەچ بوارێکدا سەرف کراوە؟ بۆ چ مەبەستێك بووە؟

١٠/ وەزیری پلاندانان - سەبارەت یاسای وەبەرهێنانو دانەوەی مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ چ لایەنێکەو لەچ بوارێکدا ژمارەیانو شوێنەکانیان.

١١/ وەزیری بازرگانی - سەبارەت بەگرانی بازارو خراپی کالآکانو کەل وپەل و نەبوونی چاودێریو کێشەی سووتەمەنی.

١٢/ وەزیر کارەبا - سەبارەت بەکێشەی کارەبا لەکوردستان.

## چاپکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان

١- دەستووری ئیسپانی ١٩٩٧.
٢- دستور اتحاد بوسنيا هرزو كوفينيا لعام ١٩٩٤.
٣- دستور جمهورية جنوب افريقيا لعام ١٩٩٦.
٤- القانون الاساسي لجمهورية المانيا الاتحادية ١٩٤٩ وتعديلات لغاية ٢٠٠٢.
٥- دستور اتحاد جزر القمر لعام ٢٠٠٣.
٦- دستور الامارات العربية المتحدة لعام ١٩٧١.
٧- مكافحة الفساد (من اين لك هذا؟) .
٨- چەند وێستگەیەك لەنووسینەوەی دەستووری فیدراڵی عێراقدا.
٩- الحالة الخاصة لاقليم سيسيليا (الصقلية) احد اقاليم الجمهورية الايطالية مع متن الدستور الايطالي.
١٠- دەستووری مەکسیك (١٩١٧) .
١١- دستور الهند ١٩٤٩ وتعديلاته لغاية ١٩٩٥.
١٢- خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لەچین (٢٠٠٦) .

١٣- یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان (قانون الاستثمار في اقليم كوردستان- العراق) ٢٠٠٦. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .
١٤- دەستووری نیکاراگوا (١٩٨٧) .
١٥- دەستووری سیاسی کۆماری ڤەنزەویلا (١٩٧١) .
١٦- دەستووری ئوستراليا (١٩٠٠) .
١٧- دستور ولاية كاليفورنيا لسنة (١٨٤٨) .
١٨- قانون مكافحة الارهاب (٢٠٠٦) . (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .
١٩- قانون اللغات الرسمية في كندا.
٢٠- یاسای بنەڕەتی کاتالونیا.
٢١- مقتطفات من النظام الداخلي للمجلس النيابي الالماني.
٢٢- قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان (قانون رقم ٢٣ لسنة ٢٠٠٧) . (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .
٢٣- قوانين، الخدمة وتقاعد الپێشمەرطة (حرس اقليم كوردستان- العراق) رقم (٢٨) لسنة ٢٠٠٧. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) . تكريم الپێشمەرطة رقم (٣٣) لسنة ٢٠٠٧. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) . تقاعد معوقي الپێشمەرگە رقم (٣٤) لسنة ٢٠٠٧. (باللغتين الكوردية والعربية) .
٢٤- القوانين الخاصة بالشهداء والمؤنفلين والمفقودين في اقليم كوردستان، ٢٠٠٨. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .
٢٥- القوانين الخاصة بوزارة الزراعة في اقليم كوردستان، بلغتين كوردية والعربية، ٢٠٠٨. (باللغتين الكوردية والعربية) .

٢٦- احكام ومواد القوانين والقرارات المتعلقة بالحوال الشخصية النافذة في اقليم كوردستان_العراق (باللغة العربية) ٢٠٠٩. ﴿ اعداد الحاكم/ عونى البزاز﴾

٢٧- حوكمو ماددەکانی یاساو بریارەکان پەیوەست بەباری کەسایەتیی بەرکار لەهەرێمی کوردستان_عێراق ٢٠٠٩. ﴿ئامادەکردنی دادوەر/ عەونی بەزاز﴾

٢٨- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو هەموارکردنەکانی لەگەڵ هەندێك یاسای پەیوەست پێوە.

٢٩- یاسای رۆژنامەگەری کوردستان لەگەڵ چەند یاسایەکی پەیوەست پێیەوە.

٣٠- یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان وقەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان.

٣١- یاسای نەوتو غازی هەرێمی کوردستان.

**بۆ پەیوەندیکردن بەم لیژنەیە:**

law@perleman. org

## ژمارەكان دەدوێن:-
## پوختەیەك لەچالاكیەكانی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەماوەی چوار ساڵیدا لەرۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ تاكو ٢٠٠٩/٧/٩

ئامادەكردنی: حاكم/ عەونی بەزاز
جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان

هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان لەساڵی ٢٠٠٥دا قۆناغێكی دیكە بوو لەمێژووی پەرلەمانی كوردستان، كەدەبووایە كۆمەڵێك كاری گرنگ جێبەجێ بكات بۆ بەدەزگاییكردن وبەیاساییكردنی دامودەزگاكانی هەرێم، بۆیە پەرلەمانی كوردستان سەرەتای كارەكانی بەدروستكردنی لیژنەكانی خۆی دەستپێكردو دوای پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان، كە ژمارەیان (١٤) چواردە لیژنەیە، لیژنەی یاسایی پەرلەمان یەكێك بوو لەو لیژنانەو بەپێی بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٥/٦/٥ لەلایەن پەرلەمانی كوردستان-ەوە پێكهێنرا، كەدەتوانین بڵێین قورسترین ئەركەكانی پەرلەمان لەو ماوەیەدا لەئەستۆی لیژنەی یاسایی بوو، ئەمەش بەهۆی سروشتی كاری پەرلەمان وتێپەربوونی سەرجەم یاساكان بەو لیژنەیەدا.

هەروەها لیژنەی یاسایی، جگە لەكاری پڕۆژەیاساوبڕیارەكان، ئەركێكی دیكەی مێژوویی پێسپێردرا، ئەویش پێداچوونەوەیە بەپڕۆژەی دەستووری هەرێم بوو، كە لیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە (٥) ی ٢٠٠٥/٦/٨ لە(١٩) كەس پێكهێنراو سەرجەم ئەندامانی لیژنەی یاسایی بوونە ئەندام لەو لیژنەیەداو چوار كەس لەو ئەندامانەش بوونە ئەندامی سەرۆكایەتی لیژنەی دەستووری، كە سكرتێری پەرلەمانی كوردستان سەرۆكایەتی لیژنەكەی دەكا.

لیژنـەی یاسـایی بـێ پـسانەوە بـۆ بەرهـەم هێـنـانی دەسـتوورێکی گـشتگیر، کەتێیدا ماف هەمووان بەسەرجەم پێکهاتـەکانی کوردستـانەوە، بـەبرا تورکمـان وکلدانو سریان ئاشووری وئەرمەن وعەرەبەوە تێیدا بەرجەستە بێت چونکە کوردستان هی هەموانـە، کاری لەسـەر پـڕۆژەی رەشنووسی دەسـتووری هـەرێم کـردووەو بەهـەزاران پێشنیازو تێبینی لایـەن ورێکخـراوو هاولاتیـانی لەسـەر پڕۆژەکە تاوتوێکردووە، تاوەکو دەستوورێکی متکامل بێنێتە بوون.

لیژنـەی یاسـایی لـەماوەی ئـەو خولـە پەرلەمانییـەدا تـوانی زۆربـەی ئەرکـەکانی خـۆی رابپـەڕێنێت ورۆڵـی کـارا بگێرێـت لەتێپەرانـدنی یاسـاو بریارەکان،کە بەشێوەیەك بێت بگونجێت لەگەڵ سەرجەم بنەماو پرەنسیپە یاسـاییەکان ودەوڵەمەنـدیش بێـت بەئـەزموونی ولاتـانی دیکـە لـەبوارە جیاجیاکـان، ئەمـەش لەئـەنجامی بەدواداچـوونو شـەونخونی ئەنـدامانی لیژنەکەیەوە بوو، دەرکردنـی (٩٢) یاسـاو (٤٩) بریـار لـەماوەی (٢١٠) دانیـشتنی ئاسایی ونائاسایی پەرلەمانی کوردستان دا گەواهیدەری ئەو راستییەن.

شانازییەکی دیکەی لیژنـەی یاسایی وپەرلـەمانتارانی ئـەو خولـە کارکردن بـووە بـۆ دەرکردنـی یاسـای ئەنجومـەنی دەسـەڵاتی دادوەری وجیـاکردنی ئـەو دەسـەڵاتە لەدەسـەڵاتەکانی یاسـادانان وجێبـەجێکردن، کەئەمـەش هـەنگاوێکی گرنگبوو بۆ بەدەزگاییکردنی هەرێم وچەسپاندنی زیاتری دادوەری تێیدا.

بەداخەوە زۆرجار لەمیدیاکاندا باس لـەوە دەکرێت پەرلـەمانی کوردسـتان پەرلەمانێکی کارا نییە، بەبێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆئامارو داتاکان وئەرکـەکانی هەڵبسەنگێنن وبەپێی ئەو کارانەی کراوە لـەماوەی ئـەو چوار سـاڵەدا، کە ئـەم خشتانە دەسەڵمێنێت کەوا پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانێکی کارا بووە لەگەڵ ئەوەشـدا ئێمـە نـاڵێین پەرلـەمانی کوردسـتان بەتـەواوی لەئاسـتی خواسـتی خەڵكو ئەندامانداییە، بەلام مانای ئەوەش نییە، کە پەرلەمان هیچی نەکردووە

لەئاستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیدا کەمتەرخەم بووبێت، هەرچەندە مافێکی سروشتی هەرکەسێك و لایەنێکە رەخنەی ئاراستەی پەرلەمان و ئەندامانی دەکەن بەسوپاسەوە جێگای دەستخۆشی و رێزلێگرتنە لەوولاتە دیموکراسیەکاندا هەموو دەسەلاتەکان قابیلی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی لۆژیکی و بابەتیانەن بۆ گەشەپێدانی کارەکان و چارەسەرکردنی کەموکورییەکان.

لەم روانگەیەوە پەرلەمان بەو پەری شەفافیەتەوە پشتیوانی لەهەموو رەخنەو تێبینیەکانی گونجاو کردووەو دەشکات، کە لەسەر بنەمای زانیاری و ئاماری دروست بنیاتنرابن، چونکە دەتوانین بڵێین پەرلەمانی کوردستان توانیتی ئەرکەکانی خۆی بەرێك وپێکی جێبەجێ بکات و کارابووە لەچاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لەزۆر بابەتی گرنگداو پەیوەست بەژیانی خەلك و چۆنیەتی هەنگاونان بۆ بەیاساییکردنی کۆمەلگەو بەهێزکردنی دەسەلاتی یاساو دادوەری لەکوردستاندا.

پەرلەمان لەروانگەی پەرۆشی بۆ سەر خستنی پرۆسەی سیاسی و یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و رێکخستنەوەی ناو مالی کورد وپاراستنی هەلوێستی یەکگرتووی گەلی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی بەرانبەر هەموو ئەو ئاستەنگ و گوشارە سیاسیە دەرەکی و ناوخۆییانەی حکومەتی ناوەندی و هەرەشەکانی وولاتانی دراوسێ بۆ سەر هەرێم و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، بەو پەری لێپرسراویەتییەوە رۆلی گرنگی هەبووە لەبەهێزکردنی تەبایی و پاراستنی یەکریزی گەلی کوردستاندا، بەپێی پێویستی قۆناغەکەو ئەو هەلومەرجانەی هاتوونەتە پێشەوە مامەلەی لەگەل رەوشی رووداوەکاندا کردووە.

ئەو خشتانەی خوارەوە دەسەلمێنێت کەوا پەرلەمان ساڵ لەدوای ساڵ چالاکتر بووە لەرووی چۆنیەتیو چەندایەتیەوە ئەرکەکانی خۆی لەبواری دارشتنیو چاودێریکردنی حکومەتو پەسندکردنی بودجەدا راپەراندووە.

بۆ ئەوەی رای گشتی وسەرجەم لایەنەکان ئاگاداربن لەو کاروچالاکییانەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی داوە، بەپێویستی دەزانین ئەم داتاو زانیارییانەتان لەبارەی سەرجەم دانیشتن وپرۆژەیاساو بریارەکانەوە بۆ روون بکەینەوە، کە بریتین لەمانە:

| ژمارە | ساڵ | دانیشتنی ئاسایی | دانیشتنی نائاسایی | ژمارەی بریارەکان | یاساکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | ٢٠٠٥ | ٢٢ | ٢ | ١٩ | ٢ |
| ٢- | ٢٠٠٦ | ٤١ | ٧ | ١١ | ٢٠ |
| ٣- | ٢٠٠٧ | ٧٩ | ١٠ | ٣ | ٣٩ |
| ٤- | ٢٠٠٨ | ٢٣ | ٢ | ٣ | ١٨ |
| ٥ | ٢٠٠٩ | ٢١ | ٣ | ٨ | ١٠ |
| کۆی گشتی....... | | ١٨٦ | ٢٤ | ٣٢ | ٨٩ |

# یاساو بڕیارەکانی کە لەساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە

| ژ | ناوەڕۆك | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٦/٨ |
| ٢ | یاسای دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٧/٢٦ |
| ٣ | هەڵبژاردنی بەڕێز سەرۆك بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان — بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٦/١٢ |
| ٤ | ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسیو دەستوریە — بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٥ | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٥ | پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکایەتی هەرێم بۆ راوێژکردن لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان بڕیاری ژمارە(٣) | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٦ | پێداچوونەوەە بەپرۆژەی دەستوری هەرێم — بڕیاری ژمارە (٤) | لە ٢٠٠٥/٨/٦ |
| ٧ | پێکهێنانی لیژنەیێك بۆ پێداچوونەوەی دەستوری هەرێم — بڕیاری ژمارە (٥) | لە ٢٠٠٥/٩/٨ |
| ٨ | پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی بۆ واژۆکردنی گرێبەستی دابینکردنی کارەبا لەتەق تەق. ژمارە (٦) | لە ٢٠٠٥/٩/٢٧ |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی | لە ٢٠٠٥/٩/٩ |

| | | |
|---|---|---|
| | جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) ژمارە ژمارەی بڕیار (٧) | |

## یاساو بڕیارەکانی کە لەساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە

| ژ | ناوەرۆک | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | بڕیاری تەصدیقکردنی پێکهاتنی نێوان پارتیو یەکێتی بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١/٢١ |
| ٢ | بڕیاری دەستنیشانکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانیو عمر فتاح بۆ سەرۆکو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١/٢٢ |
| ٣ | بڕیاری متمانەدان بەسەرۆکو جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٥/٧ |
| ٤ | بڕیاری پاڵاوتنی بەڕێز کۆسرەت ڕەسول بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٦/٢١ |
| ٥ | بڕیاری راگرتنی کارکردن بەبڕیاری (٣٦٨) ی ئەنجومەنی شۆڕشی هەڵوەشاوە لە١٩٩٠/٩/٩ {قەدەغەکردنی کارکردن بەمێرد منداڵان} ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٢/٢٠ |
| ٦ | یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١/٢٤ |
| ٧ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٤/٣ |

| ژ | ناوەرۆك | تێبینی |
|---|---|---|
| ٨ | یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٧/٤ |
| ٩ | یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/٥ |
| ١٠ | یاسای کار پێکردن بەسزای لەسێدارەدان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/١١ |
| ١١ | یاسای وەزارەتی پلان دانان ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/٩/١٣ |
| ١٢ | یاسای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/٩/٢٥ |
| ١٣ | یاسای وەزارەتی دەرامەتە ئاوییەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/١٠/٣ |
| ١٤ | یاسای وەزارەتی ژینگە ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/١٠/٣ |
| ١٥ | یاسای وەزارەتی پیشەسازی ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/١٠/١١ |
| ١٦ | یاسای وەزارەتی گواستنەوە ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/٩/٢٥ |
| ١٧ | یاسای وەزارەتی بازرگانی ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/١٠/١١ |
| ١٨ | یاسای وەزارەتی گەیاندن ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/١٠/١٦ |
| ١٩ | یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١١/٦ |
| ٢٠ | یاسای یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١١/١٤ |
| ٢١ | یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١١/٢٩ |

| ژ | ناوەرۆك | تێبینی |
|---|---|---|
| ٢٢ | یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٢/١٩ |
| ٢٣ | یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ژمارە(١٩) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٦/١٢/٢٧ |
| ٢٤ | یاسای وەزارەتی گەشتو گوزار ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە٢٠٠٦/١٢/٢٧ |

## سێیەم/ خشتەی یاساو بڕیارەکانی ساڵی ٢٠٠٧

| | |
|---|---|
| ١ | یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٣/٢٦ |
| ٢ | یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٤/٢ |
| ٣ | یاسای ژمارە (٣) ، سەبارەت بەراگرتنی کار پێکردن بەهەردوو بڕیاری ژمارە ١٦٣٠ساڵی ١٩٨٠و ١١٣٣ ساڵی ١٩٨٢. لە٢٠٠٧/٤/٣ |
| ٤ | یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٤/١٠ |
| ٥ | یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٧،سەبارەت بەیاسای کوژاندنەوەو جیاکاری زەوی لەسنوری شارەوانیەکان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٨. لە٢٠٠٧/٤/١٦ |
| ٦ | یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەدووەم هەموارکردنی یاسای پارێزەرانی کوردستان ژمارە (١٧) ساڵی ١٩٩٩. لە٢٠٠٧/٤/١٨ |
| ٧ | یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەدووەم هەموارکردنی یاسای سندوقی پارێزەرانی کوردستان ژمارە (١٨) ساڵی ١٩٩٩ لە٢٠٠٧/٤/١٨ |
| ٨ | یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٤/١١ |
| ٩ | یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای مافی کەس وکاری شەهیدان وئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان. لە٢٠٠٧/٤/٢٥ |

| | |
|---|---|
| ١٠ | یاسای دەزگای گشتی بۆ كاروباری مین ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/٧ |
| ١١ | یاسای وەزارەتی ئەوقاف‌وكاروباری ئایینی ژمارە (١١) ی ساڵی٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/١٤ |
| ١٢ | یاسای وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/١٥ |
| ١٣ | یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/٢٧ |
| ١٤ | یاسای وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/٢٨ |
| ١٥ | یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢٠٠٧/٥/٣٠ |
| ١٦ | یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەهەمواركردنی ماددەی (٢/٤٥) لەیاسای باری شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) و بڕگە (١) ی لەبڕیاری (٤٦٤) ساڵی ١٩٨١. لە٢٠٠٧/٥/٣٠ |
| ١٧ | بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەتەمەنی خانەنشینكردنی مامۆستایان، و كارنەكردن بەبڕیاری ژمارە (٢٥) ساڵی ١٩٩٧. لە٢٠٠٧/٥/٢٩ |
| ١٨ | بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٧،سەبارەت بەمەرجی شووكردن و ڕاگرتنی كاركردن بەبڕگە (١) ی ماددەی (٤١) لەیاسای داواكاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی ١٩٧٩. لە٢٠٠٧/٥/٢٩ |
| ١٩ | بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەخانەنشینكردنی سەرپەرشتیاری دادی. لە٢٠٠٧/٥/٢٩ |
| ٢٠ | یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەكەس‌وكاری ئەنفالكراوان. لە٢٠٠٧/٦/١٩ |
| ٢١ | یاسای داواكاری گشتی ژمارە (١٨) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە ٢٠٠٧/٦/٢٧ |

| | |
|---|---|
| ٢٢ | یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٢/٧/٢٠٠٧ |
| ٢٣ | یاسای بودجەی هەرێم ژمارە (٢٠) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە١٨/٧/٢٠٠٧ |
| ٢٤ | یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ژمارە (٢١) ی ساڵی ٢٠٠٧ . لە٢٣/٧/٢٠٠٧ |
| ٢٥ | یاسای نەوت لەهەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٦/٨/٢٠٠٧ |
| ٢٦ | یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧. لە٣/١٠/٢٠٠٧ |
| ٢٧ | یاسای ژمارە (٢٤) ، سەبارەت بەباجی زەوی بەتاڵ ژمارە ٢٦ی ساڵی ١٩٦١، لە٩/١٠/٢٠٠٧ |
| ٢٨ | یاسای ژمارە (٢٥) ، سەبارەت بەیاسای باجی خانووبەرە ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٩، تەواوکراوە لە١٧/١٠/٢٠٠٧ |
| ٢٩ | یاسای ژمارە (٢٦) ، سەبارەت بەباجی داهات ژمارە ١١٣ی ساڵی ١٩٨٢، لە٢٢/١٠/٢٠٠٧ |
| ٣٠ | یاسای ژمارە (٢٧) ، سەبارەت بەهەموارکردنی سێیەمی یاسای وەزارەتی پەروەردە. لە ٢٢/١٠/٢٠٠٧ |
| ٣١ | یاسای ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بەیاسای کۆمپانیاکانی ژمارە ٢١ی ساڵی ١٩٩٧کاری پێدەکرێت لەکوردستان. لە٣١/١٠/٢٠٠٧ |
| ٣٢ | یاسای ژمارە (٢٩) ی ٢٠٠٧، سەبارەت بەکارپێکردن بەیاسای ڕێکخستنی بریکارە بازرگانیەکان لەعێراقی فیدراڵدا ژمارە ٥١ی ساڵی ٢٠٠٠ کاری پێدەکرێت لەکوردستان. لە٣١/١٠/٢٠٠٧ |
| ٣٣ | یاسای ژمارە (٣٠) ، (فحوصات الدم الوراثية قبل الزواج (التلاسيميا) . لە٥/١١/٢٠٠٧ |
| ٣٤ | یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرە کێشان ژمارە (٣١) . لە١٤/١١/٢٠٠٧ |
| ٣٥ | یاسای ژمارە (٣٢) ، سەبارەت بەیاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای |

| | |
|---|---|
| | ڕێکخستنی مولکیەتی کشتوکاڵی ژمارە(٩٠) ساڵی١٩٧٥. لە٢٠٠٧/١١/١٩ |
| ٣٦ | یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٣٣) ، لە٢٠٠٧/١١/٢٠ |
| ٣٧ | یاسای ژمارە (٣٤) ، سەبارەت بەخانەنشینکردنی کەم ئەندامی پێشمەرگە ژمارە (٧) ساڵی٢٠٠٠. لە٢٠٠٧/١١/٢٠ |
| ٣٨ | یاسای ژمارە (٣٥) ، سەبارەت بەکاری ڕۆژنامەگەریو بڕیار بەدەرکردنی ڕۆژنامەوان لەباری توندکردنی سزا کە لەماددەی ٤٣٣و ٤٣٤ لەیاسای سزادا هاتووە. لە٢٠٠٧/١٢/١١ |
| ٣٩ | یاسای ژمارە (٣٦) ، سەبارەت بەکارکردن بەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ لەهەرێمی کوردستاندا. لە ٢٠٠٧/١٢/١٢ |
| ٤٠ | یاسای ژمارە (٣٧) ، سەبارەت بەسەندوقی پشتگیری وهاوکاری خانەوادەی شەهیدەکان. لە٢٠٠٧/١٢/٢٧ |
| ٤١ | یاسای ژمارە (٣٨) ، سەبارەت بەڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) . لە ٢٠٠٧/١٢/٣٠ |
| ٤٢ | یاسای ژمارە (٣٩) ، سەبارەت بەهەموارکردنی یەکەمی کۆڕی زانیاری کورد (الاکادیمیە الکوردیە) ، ژمارە ١٢ی ١٩٩٧. لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ |

## یاساو بڕیارەکانی کە لەساڵی ٢٠٠٨ دەرچووە

| ژ | ناوەڕۆک | تێبینی |
|---|---|---|
| ١. | یاسای ژمارە (١) یاسای ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ | لە ٢٠٠٨/٣/٣١ |
| ٢. | بڕیاری ژمارە (١) تایبەت بەدانانی ڕۆژی ٤/١٦ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ژینگە | لە ٢٠٠٨/٤/٧ |
| ٣. | بڕیاری ژمارە (٢) پەسندکردنی بەجینۆساید | ٢٠٠٨/٤/١٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | ناساندنی ئەنفال | |
| ٤. | یاسای ژمارە (٢) دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان | ٢٠٠٨/٤/٢١ |
| ٥. | یاسای ژمارە (٣) بودجەی هەرێمی کوردستان | ٢٠٠٨/٤/٣٠ |
| ٦. | یاسای ژمارە (٤) یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ | لە ٢٠٠٨/٥/٦ |
| ٧. | یاسای ژمارە (٥) هەموارکردنی یەکەمی یاسای بەرانگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان ژمارە ٣١ ساڵی ٢٠٠٧ | لە ٢٠٠٨/٥/١٣ |
| ٨. | یاسای ژمارە (٦) یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن | لە ٢٠٠٨/٥/١٩ |
| ٩. | یاسای ژمارە (٧) یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆهاوڵاتیانی کوردستان | لە ٢٠٠٨/٦/٣ |
| ١٠. | یاسای ژمارە (٨) یاسای پاراستنی ژینگە لەهەرێمی کوردستان. | لە ٢٠٠٨/٦/١١ |
| ١١. | یاسای ژمارە(٩) هەموارکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە(٨٧) ی ساڵی ١٩٧٩ | لە ٢٠٠٨/٦/١٧ |
| ١٢. | یاسای ژمارە (١٠) یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان | لە ٢٠٠٨/٦/٢٥ |
| ١٣. | یاسای ژمارە (١١) درێژکردنەوەی کارکردن بەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ دووساڵی تر | لە ٢٠٠٨/٦/٢٩ |
| ١٤. | یاسای ژمارە (١٢) هەموارکردنی دووەمی یاسای | لە |

| | | |
|---|---|---|
| | خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ژمارە (٣) ی ساڵی ١٩٩٩هەموارکراو | ٢٠٠٨/٦/٢٩ |
| .١٥ | یاسای ژمارە (١٣) هەموارکردنی دووەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٠٧ | لە ٢٠٠٨/٩/١٥ |
| .١٦ | بڕیاری ژمارە(٣) راستکردنەوەی رۆژی شەهیدبوونی سەرجەم قوربانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەرۆژی (١٩٨٨/٣/١٣) بۆ رۆژی (١٩٨٨/٣/١٦) . | لە ٢٠٠٨/٩/١٥ |
| .١٧ | یاسای ژمارە (١٤) یاسای ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری (مجلس شوری الاقلیم) | لە ٢٠٠٨/١٠/٢ |
| .١٨ | یاسای ژمارە(١٥) یاسای هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨) ساڵی ١٩٥٩ | لە٢٠٠٨/١١/١٣ |
| .١٩ | یاسای ژمارە (١٦) یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم کوردستان | لە٢٠٠٨/١١/٢٦ |
| .٢٠ | یاسای ژمارە (١٧) یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ٢٠٠٨/١٢/١ |
| .٢١ | یاسای ژمارە (١٨) یاسای فرۆکەخانەی مەدەنی هەرێمی کوردستان | لە ٢٠٠٨/١٢/٣ |

# یاساو بڕیارەکانی
## پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠٠٩ تاکو ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩

| | |
|---|---|
| ١ | یاسای ژمارە (١) لە٢٠٠٩/١/٢١ یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو. |
| ٢ | بڕیاری ژمارە (١) لە٢٠٠٩/١/٢١ درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکەکانی ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو بەمەرجێك پێش کۆتایی ئەم ساڵی ٢٠٠٩ بکرێ. |
| ٣ | بڕیاری ژمارە (٢) لە٢٠٠٩/٣/٢٥ ڕەتکردنەوەی پێشنیازی یاسای پشت بەستن بەسیستەمی لیستی کراوە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمان. |
| ٤ | یاسای ژمارە (٢) لە٢٠٠٩/٣/٢٥هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٥ | بڕیاری ژمارە(٣) لە٢٠٠٩/٤/٢ دانەوەی متمانە بەبەڕێزان (عیماد احمد سیفور) بەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و (کریم سلطان شنطاوی) بەوەزیری ناوخۆ و (جعفر مصطفی علی) بە وەزیری پێشمەرگە. |
| ٦ | بڕیاری ژمارە (٤) لە٢٠٠٩/٤/١٥ پێدانی دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم بۆ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی خوولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان. |
| ٧ | یاسای ژمارە (٣) لە٢٠/ ٤/ ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان |
| ٨ | یاسای ژمارە (٤) لە٢٠٠٩/٥/١١ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان و دوای گەڕاندنەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم بۆدانانی کۆتا بۆ تورکمان و کلدان سریان ئاشورییەکان پەسندکرا لە٢٠٠٩/٦/٢٢. |

| | |
|---|---|
| ٩ | بڕیاری ژمارە (٥) لە٢٠٠٩/٥/١٣ درێژکردنەوەی ولایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لە٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتایی پێ دێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن‌و سوێند خواردنەوەی. |
| ١٠ | بڕیاری ژمارە (٦) لە٢٠٠٩/٥/١٣ درێژکردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە٢٠٠٩/٦/٤ کۆتایی پێ دێت تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و بەستنی دانیشتنی یەکەم. |
| ١١ | یاسای ژمارە (٥) لە٢٠٠٩/٥/١٣ هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو. |
| ١٢ | یاسای ژمارە (٦) لە٢٠٠٩/٥/١٨ یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. |
| ١٣ | بڕیاری ژمارە (٧) لە٢٠٠٩/٥/١٨، بڕیاری تەرخانکردنی بڕی (٢٥٠,٠٠٠) هەزار دۆلار ئەمریکی بۆ دروستکردنی باخچەیەك لەشاری هەڵەبجە بەناوی «پارکی پەرلەمان» |
| ١٤ | یاسای ژمارە (٧) لە٢٠٠٩/٥/٢٧ یاسای پەیمانگەی دادوەری هەرێمی کوردستان. |
| ١٥ | یاسای ژمارە (٨) لە٢٠٠٩/٦/١٦ یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٩. |
| ١٦ | یاسای ژمارە (٩) لە٢٠٠٩/٦/٢٢ یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای پەسندکردنی دەستووری هەرێم ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨. |
| ١٧ | بڕیاری ژمارە (٨) لە٢٠٠٩/٦/٢٤، بڕیاری پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان کەلە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٢١) دەنگی لەسەر درا. |
| ١٨ | یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێم ژمارە(١٦) ی ساڵی ٢٠٠٨. دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٤ ) ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٩ |

## کۆبوونەوەکانی لیژنەی یاسایی
## لەساڵی ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٩/٧/٩

| ژمارە | دانیشتنەکان |
|---|---|
| ١ | لە ساڵی ٢٠٠٥ (٢٢) دانیشتن |
| ٢ | لە ساڵی ٢٠٠٦ (٧٤) دانیشتن |
| ٣ | لەساڵی ٢٠٠٧ (١٣١) دانیشتن |
| ٤ | لەساڵی ٢٠٠٨ (٦٦) دانیشتن |
| ٥ | لەساڵی ٢٠٠٩ (٥٠) دانیشتن «تا ٩/٧ / ٢٠٠٩» |
| کۆی گشتی | ٣٤٣ دانیشتن لەماوەی کارکردن |

## رای لیژنەی یاسایی لەسەر داواکاری هاوڵاتیان
## لەساڵی ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٩ کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە
## ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە

| ژمارە | رای لیژنە |
|---|---|
| ١ | لە ساڵی ٢٠٠٥ (٣١) رای داوە لەسەر داواکاریی هاوڵاتیان |
| ٢ | لە ساڵی ٢٠٠٦ (٧٩) رای داوە لەسەر داواکاریی هاوڵاتیان |
| ٣ | لەساڵی ٢٠٠٧ (٤٧) رای داوە لەسەر داواکاریی هاوڵاتیان |
| ٤ | لەساڵی ٢٠٠٨ (١٢٧) رای داوە لەسەر داواکاریی هاوڵاتیان |
| ٥ | لەساڵی ٢٠٠٩ (٤٠) رای داوە لەسەر داواکاریی هاوڵاتیان (تا ٢٠٠٩/٧/٩) |
| کۆی گشتی/ ٣٢٤ رای لیژنە لەماوەی کارکردندیدا | |

## پەرتووکە چاپکراوەکانی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی سالانی (٢٠٠٨،٢٠٠٥،٢٠٠٦،٢٠٠٧،٢٠٠٩)

١. دەستووری ئیسپانی ١٩٩٧.
٢. دستور اتحاد بوسنيا هرزو كوفينيا لعام ١٩٩٤.
٣. دستور جمهورية جنوب افريقيا لعام ١٩٩٦.
٤. القانون الاساسي لجمهورية المانيا الاتحادية ١٩٤٩ وتعديلات لغاية ٢٠٠٢.
٥. دستور اتحاد جزر القمر لعام ٢٠٠٣.
٦. دستور الامارات العربية المتحدة لعام ١٩٧١.
٧. مكافحة الفساد (من اين لك هذا؟) .
٨. چەند وێستگەیەك لەنووسینەوەی دەستووری فیدراڵی عێراقدا.
٩. الحالة الخاصة لاقليم سيسيليا (الصقلية) احد اقاليم الجمهورية الايطالية مع متن الدستور الايطالي.
١٠. دەستووری مەکسیك (١٩١٧) .
١١. دستور الهند ١٩٤٩ وتعديلاته لغاية ١٩٩٥.
١٢. خودموختاری هەرێمایەتی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لەچین (٢٠٠٦) .
١٣. یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان (قانون الاستثمار في اقليم كوردستان- العراق) ٢٠٠٦. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .
١٤. دەستووری نیکاراگوا (١٩٨٧) .
١٥. دەستووری سیاسی کۆماری ڤەنزەویلا (١٩٧١) .
١٦. دەستووری ئوستڕالیا (١٩٠٠) .

١٧.دستور ولاية كاليفورنيا لسنة (١٨٤٨) .

١٨.قانون مكافحة الارهاب (٢٠٠٦) . (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .

١٩.قانون اللغات الرسمية في كندا.

٢٠. یاسای بنەڕەتی کاتالونیا.

٢١.مقتطفات من النظام الداخلي للمجلس النيابي الالماني.

٢٢. قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان (قانون رقم ٢٣ لسنة ٢٠٠٧) . (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .

٢٣. قوانين، الخدمة وتقاعد البيشمەرگه (حرس اقليم كوردستان-العراق) رقم (٢٨) لسنة ٢٠٠٧. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) . تكريم البيشمەرگه رقم (٣٣) لسنة ٢٠٠٧. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) . تقاعد معوقى البيشمەرگه رقم (٣٤) لسنة ٢٠٠٧. (باللغتين الكوردية والعربية) .

٢٤. القوانين الخاصة بالشهداء والمؤنفلين والمفقودين في اقليم كوردستان، ٢٠٠٨. (طبع باللغتين الكوردية والعربية) .

٢٥. القوانين الخاصة بوزارة الزراعة في اقليم كوردستان، بلغتين كوردية والعربية، ٢٠٠٨. (باللغتين الكوردية والعربية) .

٢٦. احكام ومواد القوانين والقرارات المتعلقة بالحوال الشخصية النافذة في اقليم كوردستان_العراق (باللغة العربية) ٢٠٠٩. (اعداد الحاكم/ عونى البزاز) .

٢٧. حوکم و ماددەکانی یاساو بڕیارەکان پەیوەست بەباری کەسایەتیی بەرکار لەهەرێمی کوردستان_عێراق ٢٠٠٩. (ئامادەکردنی دادوەر/ عەونی بەزاز) .

٢٨. یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو هەموارکردنەکانی لەگەڵ هەندێك یاسای پەیوەست پێوە.

٢٩. یاسای رۆژنامەگەری کوردستان لەگەڵ چەند یاسایەکی پەیوەست پێیەوە.

٣٠. یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان وقەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان.

٣١. یاسای نەوتو غازی هەرێمی کوردستان .

# لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی

بەپێی بڕگەی حەوت لەماددەی(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی چاو دەگێڕێ بەهەرچی پەیوەندیدارە بەکاروباری شارەوانی و هاوینەهەوارەکان و ئاسەوارو خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەڕۆکان و تەلەفۆنکاری و گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها ئەو کارانە دەبینێ کەپەیوەندیدارن بەتەندروستی گشتی و دەزگاکانی و زامنکردن و چاودێریی کۆمەڵایەتی و چاودێریکردنی دایکایەتی و منداڵێتی و کاروباری خیزانی شەهیدەکان و کەمئەندام و ونبووەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان.



لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لێژنە هەمیشەییەکان، لێژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بەپشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لێژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| د.فوئاد ئەحمەد بابان | سەرۆکی لیژنە |
| --- | --- |
| صەبریە غەفار ئەمین | جێگر |
| ڕۆژان عەبدولقادر | بڕیاردەر |
| د.ئاریان خاڵص شیخ جەواد | ئەندام |
| د. ڕەمەزان عەبدولڕەحمان | ئەندام |
| فەخریە مستەفا محەمەد عەلی | ئەندام |
| د. هالە سوهێل وادی | ئەندام |



لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لەکاتی کۆبوونەوەدا



## راپۆرتەكانی ساڵی ( ٢٠٠٧ )

رۆژی ٢٠٠٧/١٢/٢ كۆبونەوەیەكمان ساز كرد له سلێمانی بە ئامادە بوونی نەقیبی سەندیكای پزیشكانی كوردستان ( د.طه محوی ) وەبە ئامادە بوونی چەند ئەندامیكی سەندیكا بۆ تاوتوێ كردنی هەندێك كاروباری تەندروستی له ئەنجامدا گەیشتینە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

١/ دەبێت وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەكانی هەمیشە له ئامادە باشیدا بن كاتی روودانی هەر قەیرانێكی تەندروستی وە ئەبێت بەرنامەی خۆئامادە كاریان هەبێت بۆ روودانی ئەو قەیرانانە وەك (پەتای كۆلێرا , ئەنفلوزای باڵندە, بلاوبونەوەی گرانەتا , زەردوویی).

٢/ باسی فێركردنی بەردەوامی پزیشكی كرا(continuous medical education ) كە پێویستە هەموو فەرمانگە تەندروستیەكان پرۆگرامی بەردەوامیان هەبێ بۆ بەرز كردنەوەی ئاستی هەموو پزیشكەكان بە هەموو پلەكانیانەوە. ئەمەش بەوە جێ بەجێ دەكرێت كە پەیوەندی وەزارەتی تەندروستی و خوێندنی باڵاو سەندیكای پزیشكان بەهێزتر بكرێت لەسەر هەموو ئاستەكان.

٣/ كەرتی تایبەت پێویستە زیاتر گرنگی پێ بدرێت بۆ بەرز كردنەوەی ئاستی خزمەت گوزاری تەندروستی وە هاوكاری بكرێن تاوەكو ئەركی سەرشانی نەخۆشخانە ڕەسمیەكان كەم بكەنەوە وە هەوڵ بدرێت نرخەكان یەك بخرێن.

٤/ پێویستە برەوێكی زیاتر بدرێت بە بەرنامەی ڕاگەیاندنی تەندروستی بەپێی پرۆگرامیكی تۆكمە بۆ بەرز كردنەوەی وشیاری تەندروستی بەبەردەوامی.

٥/هەوڵ دان بۆ بەرەو پێشخستنی تەندروستی خێزان (family medicine) کەوەك بناغەیەك بۆ دروست کردنی سیستەمی ناردنی نەخۆش(referrals system).

٦/ برەودان بە دەرچووانی کۆلیژی پەرستاری بۆ زیاتر سوود لێ وەرگرتنیان وە ئیمتیازاتیان بۆ زیاد بکرێت وە ژمارەی وەرگیراوەکانی ساڵانە بەرز بکرێتەوە بەهاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا.

سەبارەت بەو یارمەتیانەی کە لەرێی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دابەش دەکرێت, دەبێت پرۆژە یاسایەك دابنرێت بۆئەو مووچانەی کە دابەش دەکرێت بەسەر کەم ئەندامان چاودێری خێزان وشەهیدان بو ئەوەی هیچ تێکەڵاویەك نەبێ لە کاروباری وەزارەتی ناوبراو لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان یان ئەنفال کراوەکان یان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە.

بەواتایەکی تر هەموو ئەو یارمەتیانەی دابەش دەکرێت بە یاسایەکی دیاری کراو بێت وە پێویست دەکات بگونجێنرێت لەگەڵ یاسای حکومەتی ناوەند.

د.فوئاد بابان

سەرۆکی لیژنەی

تەندروستی وکاروباری کومەلایەتی

# الكوليرا فى كوردستان والعراق

البوادر الاولى لظهور المرض يرجع الى نهاية الستينات عام (١٩٦٧) من القرن الماضي حيث ظهر المرض في مناطق متفرقة من الفرات الاوسط وبالاخص في منطقة المشخاب وبعض مناطق محافظتي النجف والديوانية والسماوة وغيرها.

ويعتقد ان المرض ظهر في كوردستان في نفس الفترة الا انى تعتيم الحكومات المتعاقبة على الحكم واصرارها على اخفاء وجود المرض وعدم الاعلان عنها مماجعل من المتعذر الجزم بوجود او نفي المرض في كوردستان الى عام (١٩٧٥) حيث تم تسجيل اولى حالات المرض في عام (١٩٧٥) في محافظة السليمانية (مركز المدينة واطرافها) وعاد المرض في السنوات التالية بالظهور في الفترات المختلفة كما مبين ادناه , اي ان تاريخ المرض في العراق وكوردستان برجع الى (٤٠)سنة.

وظهر المرض في الفترات المختلفة منها ١٩٧٥ ,١٩٨١,١٩٧٩,١٩٧٨,١٩٧٧, ١٩٨٨,١٩٨٦,١٩٨٤, ١٩٩٠ , ١٩٩١, ١٩٩٥ ,١٩٩٨, ١٩٩٩, ٢٠٠٠, ٢٠٠٧.

ظهر المرض اول مرة في اربيل عام ١٩٦٧ وعاد المرض بالظهور في السنوات ١٩٨٣, ١٩٩٧, ١٩٩٨

وبدا الوباء بالظهور في عام ٢٠٠٧ في ٢٠٠٧/٩/٦ اما في كركوك فقد ظهر على شكل وباء في ٢٠٠٧/٨/١٤ ,وظهر في دهوك ٢٠٠٧/٩/٧.
والسليمانية ٢٠٠٧/٨/٢٣.

**وقد تم تسجيل حالات الكوليرا في السليمانية كالاتي :**

في عام١٩٨٩ تم تشخيص (١٠٤٠ ) حالة مرضية.

وفي عام ١٩٩٠ تم تشخيص (٢٥٠ حالة مرضية,

في عام ١٩٩١ تم تشخيص ٢٢٤ حالة مرضية.

في عام ١٩٩٥ تم تشخيص ٣٩٧ حالة مرضية.

في عام ١٩٩٨ تم تشخيص ٢٨٢ حالة مرضية.

في عام ١٩٩٩ تم تشخيص ١٩٠١ حالة مرضية.

في عام ٢٠٠٠تم تشخيص حالة واحدة فقط.

في ٢٠٠٧ تم تشخيص ١٢١٥ حالة مرضيةالى يوم ٢٠٠٧/٢٠/٢٥

وقد زودنا بهذه الاحصائيات الدكتور ئازاد حسن فرج مدير المختبرات المركزية في السليمانية ودونت قسم من الاحصائيات من قبل الدكتور احمد شالي مدير المختبر المركزي . ولاتزال حالات المرض تشخص يوميا في مناطق متفرقة داخل مدينة السليمانية والاطراف (منطقة بكرة جو ,سيد صادق ,بيرة مةكرون .جمجمال ...) والعامل الرئيسي الفعال في تسهيل انتشار المرض هي ضعف شبكة اسالة الماء الصافي لتزويد المواطنين حيث يقدر ان ٣٠٪ من اهالي مدينة السليمانية يزودون عن طريق مديرية اسالة الماء الصافي القديمة جدا وتعاني الشبكة من عدم وجود الفلترات الكافية في منطقة دوكان اي يعتبر مشكلة شبكة المياه في السليمانية العامل الحيوي لانتشار المرض ناهيك عن قلة الوعي الصحي وعدم تجاوب المواطنين مع الدوائرالصحية وقد تسبب هذا في ازدياد نسبة الاصابة بمرض التايفوئيد في السليمانية في الاونة الاخيرة.

ونستخلص مما سبق ذكره ان الاجراءات الواجبة اتخاذها للسيطرة على المرض وعدم ظهورها ثانية في السنوات القادمة هي كالاتي:

**اهم الاجراءات الواجب اتخاذ ها:**

١/تحسين شبكة المياه الصالحة للشرب.

٢/اضافة شبكة مائية جديدة لمياه مدينة سليمانية.

٣/الاستمرار في توعية المواطنين .

٤/ مرقبة اضافة الكلور بصورة مستمرة.

٥/ ابعاد شبكات الصرف الصحي بمسافة مناسبة عن شبكات اسالة الماء الصافي لمنع التلوث .

٦/ الاستمرارفي فحص المصادر المائية المستعملة من قبل المواطنين بصورة دورية وعلى مدار السنة للتحري عن مكروب الكوليرا في الابار والبرك الراكدة والمياه اللآسنة والتانكرات التي تستعمل في البيوت والمحلات العامة والمدارس والجوامع لخزن المياه.

ان شبكات الميا في المحافظات الثلاث (اربيل ,سليمانية ,دهوك) بحاجة الى تحديث و تطور لتلبية متطلبات السكان وقد قدم (unops) مشاريع تفصيلية لتحسين شبكات المياه في اقليم كوردستان منذ عام ٢٠٠٣ ويسمى المشروع (مشروع يونيسيف) ٢ وحسب التقديرات فان مديرية اسلة الماء في السليمانية توفر ما يقارب ٣٠٪ من الحاجة الفعلية لسكان المدينة بمياه الشرب.

ان منظمة الصحة العالمية تتعاون حاليا مع وزارة صحة الاقليم للحد من المرض وتزويد المستشفيات بالادوية والمستلزمات الطبية من خلال مسؤول المنظمة في العراق الدكتورة (نعيمة القصير) ,وقد اكدت القصير في احدى المناسبات (من الصعوبة السيطرة على انتشار الوباء في وقت قصير الا انه من الملاحظ ان نسبة الوفيات ممنخفضة جدا اقل من ١٪ والعلاج الجيد المقدم الى المرض وسهولة وصول المواطنين الى المراكز الصحية للعلاج يبشر بالخير).

وكما سبق ذكره ان اخطر ناقل للكوليرا بعد المياه الملوثة هي الاطعمة فاسباب الاصابة بهذا المرض عبر تلوث المياه تاتي سبب عن تآكل شبكات اسالة المياه وقدمها واحتمال تعرض المياه للتلوث, كما ان سكان المناطق الشعبية هم اكثر عرضة لهذا المرض بسبب تناولهم مياه الشرب من الانهر والآبار مباشرة,وان اخطر انواع الاطعمة التي تنقل ميكروب الكوليرا هي الخضراوات والالبان المكشوفة وخاصة الخضراوات التي تؤكل نية مثل الفجل ,الخس ,الفواكه ,العنب, اللبن ومنتجاته من اخطر انواع الاطعنة التي يعيش فيها ميكروب الكوليرا.

**الوقاية من المرض:**

١/ تجنب تناول الغذاء من مصادر غير موثوقة بنظافتها.

٢/تجنب تناول الاغذية سريعة التلف في جو حار.

٣/تجنب تناول الاطعمة غر مطبوخة جيدا.

٤/تجنب تناول الايس كريم من الباعة المتجولين.

٥/ ابعاد المريض من عملية اعداد الطعام.

٦/عدم ترك الاطعمة مكشوفة او معرضة للحشرات.

٧/التخلص من الاطعمة القديمة بشكل يومي.

٨/استعال القفازات عند التعامل مع الاطعمة.

٩/عدم شراء الثلج من الاسواق.

١٠/استعمال المياه الصالحة للشرب من مصادر معروفة و نظيفة.

د.فؤاد بابان

رئيس لجنة الصحة و الشؤون الاجتماعية

# تقرير طبي

لدى فحص المريض( رزكار محمد ابراهيم ) تبين انه مصاب بتشنجات عضلية لا ارادية نتيجة لاصابته بالتهاب الدماغ قبل (٦) سنوات وهو يحتاج الى اجراء عملية جراحية معقدة في الدماغ لا يمكن اجرائها في العراق في الوقت الحاضر و تسمى (steriotactic surgery ) يرجى تسهيل سفره الى خارج الاقليم على نفقة الحكومة .

مع الشكر والتقدير...

د.فؤاد بابان
رئيس لجنة الصحة و الشؤون الاجتماعية

# مشروع زراعة الاشجار من قبل المواطنين

**المادة الاولى :**

١/ على شاغلي الوحدات العقارية (السكنية والتجارية والصناعية) زراعة الاشجار امام الوحدات العقارية التي يشغلونها او يستغلونها.

ويتم متابعة وسقي الاشجار واعادة زراعة التالف منها من قبلهم.

٢/على اصحاب المصانع اوالمنشآت او اي جهة تمارس نشاط له تاثير سلبي على البيئة ان تخصص نسبة لا تقل عن ١٥٪ من مساحة الارض المخصصة لممارسة النشاط لاجل زراعة الاشجار فيها او احاطة المساحة الاجمالية من ارض المشروع بسياج من الاشجارالخضراء .

٣/ الزام المؤسسات والدوائر الحكومية بزراعة الاشجارامام الابنية ومتابعتها وسقيها واعادة زراعة التالف منها.

**المادة الثانية :**

١/على وزارات البلديات والزراعةِ والبيئة بصورة مشتركة اقامة مشاتل لانتاج الاشجار في كل حي داخل المدن والاقضية والنواحي والقرى على ان تباع اشجار هذه المشاتل للمؤسسات والدوائر والافراد بسعر التكلفة وتتولى الجهات الادارية المختصة التي تتبعها هذه المشاتل واعداد الارشادات الخاصة بزراعة هذه الاشجار ورعايتها وتقوم هذه الوزارات بتمويل واقامة هذه المشاتل .

٢/تحدد بتعليمات مشتركة تصدرها وزارات البلديات والزراعة والبيئة حول نوع وعدد الاشجارالتي يجب زراعتها لتنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الثالثة:**

١/ مع عدم الاخلال باية عقوبة اشد ينص عليها قانون آخر نافذ في الاقليم يعاقب بغرامة لاتقل عن ( ) ولاتزيد عن ( ) دينار كل من امتنع عن زراعة الاشجار وفق لما ورد في الفقرة(١) من المادة الاولى من هذا القانون مع تعهده بزراعة الاشجارالمحددة وفي حالة تكرار المخالفة يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن ( ) ولا تزيد عن ().

٢/ يعاقب بغرامةلاتقل عن ( ) دينارولا تزيد عن ( ) دينار كل من اتلف عمدا شجرة من الاشجار .

**المادة الرابعة:**

لايعمل باي نص قانون او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون .

**المادة الخامسة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات علاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة السادسة :**

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة رسمية(وقائع كوردستان).

## كۆنووسی كۆبونەوەی لیژنەی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی پەرلەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرەگشتیەكانی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی

رۆژی پێنج شەممە ١٥/١١/ ٢٠٠٧ لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی دانیشتنێكی ساز كرد لەگەڵ بەڕێوەبەرەگشتیەكانی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی له هۆڵی لیژنه له پەرلەمان.

لەكۆی (٦) بەڕێوەبەری گشتی تەنها (٣) نیان ئامادە ببون. كە ئەم بەڕێزانە بوون.

**١/ حامد محمود علی بەڕێوەبەری گشتی كارگێڕی و دارایی**
**٢/حاجی رسول علی بەڕێوەبەری گشتی كارو دەستەبەری كار**
**٣/د.عارف حیتو بەڕێوەبەری گشتی چاودێری كۆمەڵایەتی**

مەبەست له دانیشتنەكه بۆ ئاگاداری ئەو بەش و پێكهاتە جیایانەبوو كه سەر بەم وەزارەتەن وەك(سەنتەرەكانی نەوجوانان و, پیران و بەساڵاچوان وكەم ئەندامان,نابینایان, وسەنتەرەكانی تر تایبەت بە چاك سازی ژنان وچارەسەری گرفتەكانیان وەك (نەوا) سەرەڕای داینگەكان,...هتد) بەرنامەی دانیشتنەكه ٢ سەعاتی خایاند وهەریەك لەو بەڕێزانە ئاماژەی بەجۆری كارو چالاكی وگرفتەكانیان كردو لەماوەی دەست بەكار بونیانەوە تا ئیستا سەرەتا بەڕێز حاجی رەسول ئاماژەی بەم خاڵانە كرد:

١/سەرەڕای كرێكاری بیانی و هێنانی بۆ كوردستان لەكاتێك دا ئێمه خاوەنی رێژەیەكی زۆرین له كرێكارو بەبیانوی ئەوەی كرێكاری باش ئیش ناكات یان بەو پارەیه كار ناكات.

٢/صندوقی ضمان کە ئەو بڕەش ٥٪ لەکریکارو ١٢٪ لە( اصحاب العمل) وەردەگیرێت. چونیەتی بەکار هێنانی ئەو پارەیە وگێرانەوەی ئەو بڕە پارەیەلە دارایی بو صندوقی ضمان خۆی کە بڕەکەی ٦,٥ شەش ملیارو نیوە.

٣/تەعد یل کردنی راتبی( تقاعد)ی کرێکاران.

٤/گرفتی زۆری راتبەکان(کەمئەندامان)وەك ریژەی پارەکە کەمە ٣٠ هەزار دینار بەلاّم بە کەسانێکی زور ئەدریت کە پێویست بە داڕشتنەوەی نۆی هەیە مانگانە ٩ ملیار دینار سەرف دەکرێت بۆ ئەم جۆرە مووچانە.

دواتر د.عارف حیتو بەشی چاودێری وکۆمەلاّیەتی تیشکی خستە سەر بەشەکانی بەرێوەبەرایەتیەکە وەك بەرێوەبەرایەتی چاودیری تایبەت کە ئەم بەشانە دەگرێتە خۆ( داینگەی بەسالاّچوان و نەوجوانان و سەنتەری نەوا و سەنتەری دەروونی) کە ئەمانەش لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگا.

بەرێوەبەرایەتی چاودێری کەم ئەندامان(پەیمانگای هیوای نابیسایان ,پەیمانگای ئاوات بیرکۆلەکان ,پەیمانگای روناکی بو نابینایان,..هتد) هەروەها **کێشەی کەم ئەندامەکان کە ٤٨ هەزار کەم ئەندام هەیە وتەنها لە سلێمانی ٣٠ هەزار مووچە دەدرێت لە دهوك وهەولێر نادرێت ئەمەش گرفتێکە.**

هەروەها هەند ێك پلانی وردیان هەبوو بۆ داهاتوو وەك:

١/کردنەوەی سەنتەرێك بۆ بەسالاّچوان لەسەر ئاستی شارەکان.

٢/سەنتەری چالاکی مندالان.

**بەلاّم گرفتە گشتیەکان :**

١/تحدید نەکرنی شێوازی هینانی کریکار لە یاسای وەبەرهەم هێنان.

٢/ تێکەلّ بونی کاری وەزارەتەکان هەرچەندە تنسیق هەیە لە نێوانیان بەلاّم زۆر جار کارەکانیان تێکەل بەیەك دەبن وەکو وەزارەتی وەرزش ولاوان, وەزارەتی روشنبیری, وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان.

٣/دیاری نەکردنی ماڤی منداڵانی تەمەن خوارەوەی ٦ ساڵ کە یاسای نەوجوانان نایانگرێتەوە.

٤/دیاری نەکردنی سیستەمیکی میکانیزمی بۆ تبرعاتی خێرخوازان و دابەش نەکردنی لەلایەن (صندوقی ضمان)ەوە.

٥/ گرفتی منداڵانی (لقیط) وەنەبونی یاسای دارژراو بۆیان.

٦/کەمی ژمارەی (حضانه ).

٧/ کەمی راتبی کەمئەندامان کە ٣٠ هەزار دینارەوەخەڵکێکی زۆر دەگرێتەوە کەهەندێکیان مەرجی کەمئەندامی تێدا نیە.وە پێویستە رێژەی ئەو خەڵکە کەم بکرێتەوە وە موچەکەیان زیاد بکریت .

دواتر سەرۆکی لیژنەی تەندروستی باری سەرنجی خۆیان وئەو پرسیارانەی لە دەرەنجامی هەند یك بەدواداچوونی مەیدانی شوێنەکان وەك (چاك سازی ژنان و بەندیخانەکان و سەنتەرەکان) کردبویان ئاراستەیان کردن و وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانیشی دایەوە وەبریاری دا ئەم خاڵانە بە ووردی بە دواداچوونیان بۆ بکرێت وەهەولی چارەسەری گرفتەکانیان بدرێت بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەك.

**لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتی**

# راپۆرتی ۲۰۰۸

## مرض الثلاسيما في كوردستان العراق

مرض ثلاسيما المعروف بفقر الدم البحر الابيض المتوسط هو احد امراض الدم المتنقل عن طريق الوراثة و من الجدير بالذكر هناك مرض آخرمن امراض الدم ينتقل عن طريق الوراثة ايضا و هو فقرالدم المنجلي (sickle cell anemia) ولكن لحسن الحظ هذا المرض نادر الانتشار في بلادنا لذا سوف نتناول في هذا الكتيب نبذة عن المرض ثلاسيما فقط.

بدا تشخيص المرض في بلدان حوض بحر الابيض المتوسط ولهذا السبب حمل هذا الاسم وفي مخطط رقم (۱) هناك توضيح للتوزيع الجغرافي للمرض.

تحدث اكثر الحالات بين شعب ذي الاصل المنتمي الى ايطاليا اليونان والشرق الاوسط وجنوب اسيا وشمال افريقيا وينتقل المرض عن طريق الاباء الذين يحملون جين ثلاسيما وحامل المرض يكون لديه واحد او اكثر من الجينات الطبيعية.

**انواع الثلاسيما :**

۱/ثلاسيما الشديدة . thalaseamia major

۲/ثلاسيما المتوسطة .thalaseaia inter media

۳/ ثلاسيما الخفيفة. thalaseamia minor

**اسباب المرض :**

الهيموكلوبين وهو البروتين الحامل للاوكسجين يكون من مادتين هما( الهيم) المحتوي على الحديد و( كلوبين )وهي مادة بروتينية .والبروتينات متنوعة سميت بحروف الهجاء مثل جينات الالفا .البيتا.الكاما .الدلتا. وكل من

هذه الجينات (البروتينات )تورث من جيل للاخر. وهذا المورث موجود على كروموسوم ١٦ في الخلية .

عندما يكون هناك نقص في تصنيع المادة البروتينية الفا او بيتا في مراحل الجينية الاولى يصاب الطفل بالثلاسيما بعد ثلاثة الى ستة (٣-٦) اشهر ما بعد الولادة وتعتمد شدة المرض او نوع الثلاسيما على عدد الجينات و نوع الجينات الناقصة.

في حالة نقص ٤ جنات الفا يصاب الجنين بالاستسقاء ويودي الى موت الجنين داخل الرحم قبل الولادة .

وفي حالة عدم صنع الجينات بيتا (B) او صنعها بكمية قليلة يصلب الطفل بالثلاسيميا الشديدة .

**اكثر انواع الثلاسيميا شيوعا :**

هي مرض ثلاسيميا الخفيفة thalaseamia minor حيث يكون شخص الحاملا للمرض ولا تظهر عليه اية اعراض سوى فقر دم خفيف حيث يكون الهيموكلوبين بين g/dl ١٠-١٢ اي انه حامل للمرض فقط ولكنه غير مريض واغلب من لديهم هذه الحالة يعيشون حياة طبيعية صحية .ولكن خطورة هذا المرض يكون في حالة زواج رجل حامل لهذا النوع من مرض الثلاسيميا بامراءة حاملة لنفس نوع المرض سوف يكون نسبة اصابة اطفالهم ٢٥٪ يصاب بالثلاسيميا الشديدة و ٥٠ ٪ ثلاسيميا الخفيفة (حامل المرض) و٥٪ طبيعي اي اذا انجب هذان الزوجان ٤ اطفال ٣ منهم مصاب ١ بالنوع الشديد و٢ بالنوع الخفيف و واحد فقط من مجموعة الاربعة يكون طبيعيا. وقد ركزت في هذه الكتاب على نوع الخفيف (اي حامل ) المرض وضرورة تشخيص الحالة قبل الزواج باجراء فحص دم (فحص صورة الدم الكامل ) و في حالة اشتباه بوجود

المرض يجرى فحص خاص بهذا المرض ويسمى تحليل تناظر الهيموكلوبين الكهربي (haemoglobin electrophresis)

**اعراض مرض ثلاسيميا الشديدة: thalaseamia major**

١/ فقر دم شديد يظهر في عمر ٣-٦ اشهر بعد الولادة في هذا العمر يحدث تحول في السلسلة البروتينية من كاما الى بيتا .

٢/ تضخم في الكبد والطحال نتيجة زيادة في تكسر كريات الدم الحمراء وانتاج كريات الدم وكنتيجة اخيرة زيادة كبيرة لنسبة الحديد الناتجة من تكسر الكريات الحمراء .

٣/انبساط وتوسع في العظام الناتج عن نشاط متزايد للنخاع العظم و يؤدي الى الوجه الثلاسيمي ورقة في معظم العظام التي تصبح هشة وسهلة التكسر .

٤/ تغير في لون البشرة الى لون الرصاصي نتيجة لترسيب الحديد .

٥/التهابات في انحاء مختلفة من الجسم من التهاب القصبات المتكرر او التهاب السحايا ,التهاب الامعاء الحاد . انتقال الفايروسات من خلال عمليات نقل الدم المتكررة مثل التهاب الكبد الفايروسي نوع (c) و(b) .

**تشخيص مرض الثلاسيميا من خلال فحص الدم المختبري :**

١/ اجراء فحص صورة الدم الكامل وظهور صفات فقر الدم بحجم كريات الدم الحمراء وضآلة اصطباغها بلون الصبغة المستعملة في اجراء فحص

٢/تحليل تناظر الهيموكلوبين الكهربي المسماة (haemogloben electrophoresis) ويظهر فيه نقص او انعدام الكلي لوجود الهيموكلوبين نوع (a) وكون الهيموكلوبين الموجود في الدورة الدموية للمريض من نوع هيمةكلوبين (f).

**علاج مرض الثلاسيميا الشديدة :**

١/اعطاء او نقل الدم المنتظم للمريض لابقاء نسبة الهيموكلوبين فوق (10g/dl) في كل الاوقات و هذا يتطلب ٢-٣ وحدات (بطل دم ) لكل ٤-٦ اسابيع وعادة يستعمل الدم الطازج (fresh)بعد ازالة كريات دم البيض.

٢/اعطاء الفولك اسيد(٠,٥ ملكم /اليوم)

٣/اقتناص الحديد لمنع ترسيب الحديد الناتج من عمليت نقل الدم مثل ديفيروكسامين(deferoxamine) الذي يعطى عن طريق الوريد.

٤/اعطاء فيتامين (c) ٢٠٠ ملكم /اليوم الذي يساعد على افراز الحديد الزائد من جراء استعمال ديفيروكسامين.

٥/عملية استئصال الطحال التي قد تساعد تقليل الحاجة الى نقل الدم .

٦/العلاج بهورمونات الغدد الصماء وذلك بسبب فشل بعض الاعضاء لاستجابة لهذه الهورمونات مثل تحفيز الغدد النخامية في حالة تاخر البلوغ او اعطاء الانسولين في حالة الاصابة بمرض السكر او اعطاء كالسيوم و فيتامين (d) في حالة الاصابة بهشاشة العظام.

٧/التحصين ضد التهاب الكبد الفايروسي نوع (b)و علاج حالات الاصابة بالتهاب الكبد الفايروسي نوع (c) الناتج عن نقل الدم باستعمال الفا انترو فيرون (interferon) الريبافيرون (ribavirin).

٨/زرع نخاع العظم الذ ي يهدف الى شفاء الدائم للمرض ونسبة النجاح اكثر من ٨٠٪ في حالات الانتقاص الجيد للحديد والمرضى اصغر عمرا وبدون مضاعفات مثل تليف الكبد او تضخم الكبد وتجرى عملية زرع النخاع باخذ النخاع من احد الاخوة او الاخوات بعد اجراء فحص مطابقة (HAL) لهم او اي متبرع .

## الآثار الاجتماعية للمرض:

ينتقل اعباء هذا المرض كاصل كل من الفرد المصاب والاسرة و المجتمع والدولة. عندما ترزق الاسرة بطفل مصاب بهذا المرض اي مرض الثلاسيميا الشديدة تبدا اعراض المرض منذ عمر ثلاثة الى ستة الاشهر الاولى من حياة الطفل وكلما تقدم الطفل في العمر كلما بانت عليه الاعراض بشكل واضح وسرعان ما يبدا العلاج بنقل الدم و ومن هنا تبدا الماساة حيث يترتب على الوالدين الاهتمام الخاص بها الطفل وتوفير متبرع الدم له من الاهل والاصدقاء كل شهر تقريبا ومعالجته من الامراض الاخرى نتيجة هبوط المناعة لديه وهذا يتطلب الكثير من الوقت الذي يجب التفرغ فيه لهذا الطفل ويحتاج الكثير من المال الواجب توفيره لعلاج المصاب وهناك حالات قد يضطر الوالدان ترك العمل او المهنة لتوفير الوقت اللازم للطفل.

والذي يزيد من صعوبة الامر عندما يرزق الوالدين بطفل آخر مصاب او طفلين او حتى ثلاثة لانه كما ذكرنا اذا كان الاب والام حاملين للمرض اي مصابان بمرض الثلاسيميا الخفيفة التي لاتظهر عليهما اي اعراض فان من مجموع الاربعة اطفال اثنين سيكونان حاملين للمرض و واحد مصاب بالنوع الشديد التي تظهر عليه الاعراض وواحد فقط طبيعي لذلك نسبة تكررولادة اكثر من طفل مصاب هي ٧٥٪ فان عوائل التي لديها ثلاثة او اربع اطفال مصابين بالنوع الشديد يواجهون حياة مآساوية صعبة فيها الكثير من المتاعب مع مرور الزمن فهم لا يملكون الوقت ولا المال ولا الاطفال لان مع الاسف مع كل هذه الخدمة العظيمة التي يقدمها الابوان وتدعمهما الحكومة من توفير العلاج وتوفير الدم فان مستقبل هولاء الاطفال المصابين بالثلاسيميا الشديدة هي الوفاة اذا كانت الخدمات في اجود انواعها فالمصاب لن يتجاوز عمر

العشرينات وسوف يتوفى في ريعان شبابه مسببا المزيد من الحزن و الاسى لهذه الاسرة الكريمة.

ففي الدول المتقدمة مع توفير العلاج في احدث صورته فالمصاب يصل الى الثلاثينات من عمره فقط وقد تصاب الاسرة بالتدهور ولانفكاك نتيجة المتاعب الكثيرة التي تواجهها فهناك الكثير من حالات الطلاق تنتج عن حرمان الاطفال المصابين من حنان الابوين وتحمل الدولة تربيتهم وعلاجهم ورعايتهم .

اما اعباء الدولة فتحمل الدولة الكثير من المصاريف والعلاج ومتابعة المصاب بتوفير المراكز الخاصة بمرض الثلاسيميا وتوفير الكوادر الطبية والاجهزة الحديثة والمواد المختبرية لاجراء الفحوصات الازمة وهناك دراسات اجريت في الولايات المتحدة الامريكية اشيرت فيها الى وتكاليف التشخيص و العلاج والمتابعة التي توفرها امريكا الى المرضى من يوم الولادة الى يوم الوفاة فيما يقارب مليون دولار لكل فرد المصاب .

اما الاضرار النفسية والمعنوية التي تعاني منها الاسرة وكذلك الشخص المصاب فهي لاتوصف لان الامل في الشفاءمعدوم الا حالات خاصة جدا يتم علاجها في امريكا او اوروبا بزرع نخاع العظم وتكاليف هذه العملية باهظة جدا.

## تجارب بعض الدول مع مرض الثلاسيميا :

هناك دول كثيرة يسود فيها هذا المرض لانه كما ذكرنا فهو ينتشر في بلدان البحر الابيض المتوسط وجنوب شرق اسيا لذلك هناك بلدان كان المرض مستوطن فيها مثل القبرص التي كانت تعتبرموطنا هذا المرض ولكن سرعان ما استطاعت هذه الدولة ان تنتبه الى خطورة المرض وبجوانبه المضرة صحيا

واجتماعيا وقتصاديا . لذلك لجآت قبرص الى وضع خطط بعيدة المدى للحد من المرض احتثاث جذوره الوراثية في ذلك المجتمع الاوروبي لذلك شرعت حكومة القبرص قانون يقضي على المرض وكان هذا القانون ينص على القضاء على مرض الثلاسيميا خلال عشر سنوات واهم ما جار في نص هذا القانون هو منع الزواج بين اي امراءة و رجل حاملين لمرض الثلاسيميا وتقبل المجتمع هذا القرار وتم تطبيقه بعد اجراء الفحص الخاص لهذا المرض لكلا الجنسين قبل الزواج واذا ثبتت ان طالبي الزواج هم من حاملي المرض منع هذا الزواج لذلك خلال عشر سنوات تم القضاء على المرض واليوم في اوروبا و القبرص احسن مثال لا يولد طفل مصاب او حامل لمرض الثلاسيميا.

### اجراءات وفحوصات اخرى في الدول المتقدمة :

الان في اوروبا وامريكا لا يولد طفل معوق او مشوه او مصاب بامراض وراثية او امراض ولادية في القلب او الدماغ او الاطراف .لان تشخيص هذا الامراض بات سهلا جدا وفي المراحل الاولى من اشهر الحمل حيث تجرى فحوصات خاصة للجنين لان كل هذه الامراض والتشوهات التي يصاب بها الجنين لا تظهر في الفحوصات الروتينيةكالفحص بالامواج فوق الصوتية (السونار ) فهناك فحص خاص يسمى (amniocentesis) حيث يسحب السائل الامينوسي (emniotic fluid) من رحم الام الحامل في اسبوع بين (٨-١٢) ويفحص هذا السائل من حيث الكروموسومات الوراثة واية عيوب واختلال في توزيع الكروموسومي التي تؤدي الى امراض حسب عدد و موقع الكروموسوم المختل سوف تظهر في هذا الفحص وحتى جنس الجنين يتحدد بدقة ويتم اجراء هذا الفحص في مراكز خاصة وتخضع كل ام لهذا الفحص ثم

ينظم تقرير يبن فيه سلامة الجنين او اصابته باي نقص او مرض او اي تشوه ولم يتجاوز عمر الجنين (١٢)اسبوعا.

ماذا اذا كان الجنين مصابا بمرض الثلاسيميا او غيرها من الامراض الوراثية او العقلية او ولادية او اي عقوق من اي نوع كان يتم مقابلة الام والاب معا ويتم عرض التقرير النهائي عليهما ويشرح لهم طبيب مختص بهذا المجال مدى خطورة المرض واعراضه وشدته ومدى تاثيره على الطفل بعد الولادة والمدة التي يعيش فيها الطفل معوقا او مشوها او مريضا ونوع العلاج الطبي و النفسي الذي يحتاجه والمصاريف والتكاليف الذي يتحملها الدولة والعائلة والمستلزمات الطبية والصحية الواجب توفيرها و واجبات الاسرة حيال هذا الطفل من الناحية الاجتماعية ومدى قدرة الاسرة في توفير الخدمة اللازمة له وتامين مستقبله بعد وفاة الوالدين. ثم يعود القرار الى الام والاب فيما اذا اراد الاحتفاظ بهذا الحمل الغير طبيعي وان يرزقا بطفل غير طبيعي او هناك قرار اخر وهو اجراء الاجهاض (abortion) لهذا الجنين الغير طبيعي ويعطى الوالدان الفرصة للتفكير و اتخاذ القرار النهائي . الان في الدول الاسلامية مثل ايران و السعودية هناك قانون الخاص بهذا النوع من الاجهاض الذي يثبت وبتقرير طبي مستندا الى فحص السائل الامينوسي ان الجنين غير طبيعي يمكن اجراء الاجهاض والتخلص من الجنين عن طريق اجراء عملية جرن الرحم الآلي(clientage) تحت التخدير العام وهي عملية سهلة وليست فيها اي خطورة اذا اجريت في مركز خاص او مستشفى و بكوادر مختصة.

احصائيات اقليم كوردستان لمرض ثلاسيميا :

عدد امصابين بمرض الثلاسيميا الشديدة هو ٢٥٠٠ حالة

٧٠٠ في سليمانية

٥٠٠ في دهوك

١٣٠٠ في اربيل

وهؤلاء المصابون هم من الذكور والاناث ولا تتجاوز اعمارهم العشرينات و مستمرين على العلاج بنقل الدم كل ٢-٦ اسابيع وتعتبر هذه النسبة تقريبا ثابتة لان يوميا يتوفى عدد منهم ولكن يولد آخرون مصابون بالثلاسيميا الشديدة ويتم تسجيله في مراكز الثلاسيميا للبدء بالعلاج.

## تبرع بالدم واهميته وخطورته :

يعتبر الدم بمثابة الحياة للمصابين بمرض الثلاسيميا وغيرهم من الناس الذين يتعرضون للحوادث الذي ينتج عن نزف الدموي او في حالات مضاعفات الحمل والولادة التي يكون مصاحبا لنزف الدموي فان اعطاء الدم في هذه الحالات يعيد الروح الى الشرايين وتبدا الحياة من جديد .

فان الشخص الطبيعي (غير مريض ) واللبلغ مر اكر من ١٨ سنة وحين نسبة الهيموكلوبين لديه اكثر من () يستطيع ان يتبرع بالدم كل ثلاثة اشهر اي يسستطيع ان يعطي بطل دم واحد (٥٠٠ سي سي) كل ثلاثة اشر وهذا المدة كافية لتعويض الدم المعطى .

## خطورة اخذ الدم :

هناك امراض تنتقل عن طريق الدم وبعض هذه الامراض خطيرة جدا مثل مرض التهاب الفايروسي نوع BوC ومرض الايدز (مرض نقص المناعة المكتسب).

لذلك قبل اعطاء الدم لاي مريض يجب اجراء فحوصات على الدم المتبرع به. وبما ان المصابون بمرض الثلاسيميا الشديدة يتم اعطائهم الدم بشكل متكرر لذلك هم اكثر عرضة الاصابة بامرض المتنقلة عن طريق الدم .

## دور البرلمان كوردستان :

كان لبرلمان كوردستان دورا مهما في تشريع قانون خاص بمرض الثلاسيميا الوراثي بعد مناقسة بنود هذا القانون التي تم تقديم مشروع القانون لرئاسة البرلمان بعد توقيعه من قبل ١٠ اعضاء وتم التحضير لمدة ٦الاشهر تقريبا لهذا الموضوع قبل تقديم المشروع الى رئاسة البرلمان حيث تم الاطلاع على القوانين دول الاخرى في هذا المجال ويتم استشارة عدد من بروفيسوري هذا المجال داخل اقليم كوردستان وخارجه خصوصا اطباء ذوي خبرة وتخصص في هذا المرض حيث تم استشارة البروفيسور انور شيخة الذي عمل ودرس في جامعات امريكا والسعوديةوالآن يعمل ويدرس في جامعة هولير الطبية كلية الطب وجامعة السليمانية كلية الطب ايضا وتم استشارة الدكتور اكرم الهلالي الطبيب العراقي الاصل الذي يعمل كبروفيسور في جامعات السعودية في مجال امراض الدم وقد اجريا هذان البروفيسوران تعديلات كثيرة على مسودة المشروع وجعلاه يناسب مجتمعنا في الوقت الحاضرواصبح مقاربا لقانون الثلاسيميافي السعوديةومن الجدير بالذكر هناك مرض دم وراثي اخر ينتشر وبكثرة في السعودية وهو مرض فقر الدم المنجلي وذلك قانون السعودية يشمل هذا المرض ايضا .

ثم بعد تهيئة المشروع تم استشارة نائب رئيس اللجنة القانونية في البرلمان وهو حاكم التميز عوني بزاز الذي كان له دور كبير في صياغة بنود المشروع وجعله قانونا متكاملا ثم تم استحصال تواضيع وموافقة ١٠ من اعضاء البرلمان

وبضمنهم اللجنة الصحية في برلمان وتم العرض على رئاسة البرلمان وتحت مناقشة القانون .

## الغرض من القانون:

كان الغرض في تشريع هذا القانون في برلمان الكوردستان هو اخضاع كل من يطلب الزواج من ذكر وانثى الى فحص طبي مختبري للدم قبل الزواج باجراء فحص صورة الدم الكامل لطالبي الزواج وهذا الفحص سهل ولايحتاج الكثير من التكنولوجيا فقط كل ما يحتاج اليه هو طبيب مختص في امراض الدم وميكروسكوب وهو متوفر في اكثرالمستشفيات.

وفي حالة الاشتباه بوجود مرض الثلاسيميا في نتيجة فحص صورة الدم (Complete blood picture) يجرى فحص خاص بهذا المرض وهو تحليل تناظر الهيموكلوبين الكهربي المسمى (Hemoglobin electrophoresis) الذي يعطي نتيجة نهائية والدقيقة ثبوت المرض او عدمه. في حالة ثوت الحالة و طالبي الزواج حاملي المرض ينظم تقرير حول ذلك وعلى الطبيب المختص في هذا المجال ان يشرح لهما مدى خطورة المرض ونسبة اي عدد الاطفال المتوقع اصابتهم من جراء هذا الزواج ولكن الذي يميز القانون في اقليم كوردستان عي قانون قبرص هو القانون في الاقليم كما في السعودية فخو لا يمنع الزواج وانما يهدف الى توعية المجتمع وطالبي الزواج و ثبوت الحالة وتاثيراتها الجانبية ويجدر بالذكر في حالة كون احدهم (اما الخطيبة او الخطيب) من حاملي المرض فان الزواج لا يؤثر على اطفالهم اما في حالة ثبوت كلاهما(الخطيب و الخطيبة ) من حاملي المرض يجب الاخذ بالحسبان ما قد يترتب عن ذلك الزواج من اطفال مصابين نسبة ٢٥٪ وهذه النسبة عالة تيتحق الارشاد والتوعية ويعود قرار الزواج لكلا الخطيبين وفي

حالـة اذا قـررا الاسـتمرار في عقـد الـزواج يجـب عليهمـا ان يخططـا لحيـاتهم الانجابية وعدد الاطفال الذي يريدان انجابهم ونامل في مستقبل قريـب ()الـدول المتقدمة في تشخيص حالة الجـنين مـن الاسـابيع الاولى للحمـل بفحص الـسائل الامينوسي واجراء عملية (Endocenthesis) وسوف نعمل على اتخاذ تدابير اللازمـة فيمـا يتعلـق بموضـوع الفتـوى الـلازم فتواهـا مـن قبـل وزارة الاوقـاف للتخلص من الحمل بالجنين الغير طبيعي اي عملية الاجهاض الـشرعي بعـد ان يرفع تقرير من لجنة الطبية مختصة بهذا المجال وتقرها وزارة الصحة.

## دور الاعلام في نشر التوعية :

اللاعلام بكل اشكاله مـن اعـلام المرئـي –المقروء –المسموع دور كـبيرفي نـشر التوعيـة والارشـاد اللازمـين للمجتمـع وجـصوصا في مجتمعنـا الـذي يفتقـر الى التوعيـة الـصحية وتـسوده الكـثير مـن العـادات والتقاليـد خـصوصا فيمـا يتعلـق بـالزواج الاقـارب ففـي الكـثير مـن الـدول المتقدمـة يبتعـد الـشبان بـالزواج مـن الاقارب تجنبا من الامراض الوراثية وان مرض الثلاسيميا هـو مـن اهـم المـرض الذي تنتقل عن طريق الوراثة لذلك يجب ارشاد المجتمع الى تجنب زواج الاقـارب خصوصا في العائـل الـتي ثبـت وجـود حـاملي المـرض مـن اي نـوع مـن الامـراض الوراثيَة. وذلك لضمان سلامة المجتمع من هذه الامراض.

وصدور قانون امراض الدم الوراثية بحد ذاته تعتبر توعيـة ونـشر لمفـاهيم متعددة في هذا المجال.

**الخيارات المتاحة امام شخصين حاملين لمرض الثلاسيميا وينويان الزواج:**

١/الخيار الامثل هو عدم اجراء الزواج بين شخصين حاملين لمرض الثلاسيميا لتجب ولادة طفل او اطفال مصابين او حاملين للمرض وتيمنا بالحديث النبوي الشريف (وانتقوا لنطفكم فان العرق دساس)صدق رسول الله.

٢/الخيار الثاني في حال اذا تم الزواج بين شخصين حاملين للمرض هو عدم انجاب الاطفال ولكن هذا الخيار قد يكون مقبل من ناحية العلمية وصحيا ولكنه اجتماعيا صعب التطبيق وهم غير ملزمين لتنفيذ هذا الخيار .

٣/الخيار الثالث هو انجاب طفل واحد او طفلين ولكن بعد اجراء فحص الجنيني(Amniocentesis) في الاسابيع الاولى من عمر الجنين للتاكد من سلامته جينيا وفي حالة ثبوت اصابته بالمرض من الضروري اقناع الابوين باجراء عملية الاجهاض abortion التزاما بقانون خاص لا يتعارض مع الدين ولا لقوانين النافذة في الاقليم.

## راپۆرتی سەردانی مەیدانی لیژنەی تەندروستی وکاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دهۆك

له میانەی کارو چالاکیەکانی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١١ بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون له رەوشی تەندروستی و کەم و کوری و پێداویستییەکانی بواری تەندروستی و کارو باری کۆمەڵایەتی سەردانی شاری دهۆکییان کرد و لە نزیکەوە لە رەوشی تەندروستی شارەکەییان کۆڵییەوە، شاندی لیژنەی

تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی پەرلەمانی کوردستان پێکهاتبوون لە بەڕێزان:

١.صبری غفار امین.جێگری سەرۆکی لیژنە.

٢.د.ئاریان شێخ خالص.

٣.د.رەمەزان عبدالرحمن.

٤.ڤیان دزەیی.

٥.فخریە مستەفا.

لە سەرەتای گەشتەکەیاندا بۆ شاری دهۆك پێشەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆکییان بەسەرکردەوە و لەلایەن د.عبداللە سعید عبداللە بەڕێوەبەری گشتی و کارمەندانی بەڕێوەبەراییەتیەکە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا، لە دانیشتنێکدا باس لە رەوشی ساغلەمی لە پارێزگای دهۆك کراو تیشك خراییە سەر ئەو کەماسییانەی کە رەنگدانەوەیەکی راستەو خۆی هەیە لەسەر هاولاتییان لەوانە نەبوونی داودەرمانی پێویست و کەمی نەخۆشخانە و کەمی دکتۆر و زۆری پالەپەستۆی هاولاتیانی ناوە و دەرەوەی پارێزگای دهۆك لەسەر نەخۆشخانەکان.

لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆك بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی راگەیاند" رۆژی شەممەی رابردوو بە ئامادەبوونی پارێزگاری دهۆك کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لە بارەی رەوشی تەندروستی پارێزگاکەمان ئەنجامدا و راپۆرتێکیشمان لەم پێناوەدا ئامادەکرد کە شیکاری سەروبەندی بارودۆخی ئێستای تەندروستی دەردەخات و کێشەو گرفتەکان نیشان دەدات و چارەسەری گونجاویشیان بۆ دەدۆزێتەوە" سەبارەت بە کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو بەراوردێك لەگەڵ راپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستان د.عبداللە سعید رایگەیاند"لە سالی ١٩٩١ تەنها ٤

نەخۆشخانەو ٣٦ بنکەی تەندروستی هەبوو کەچی ئێستا کراوە بە ٩ نەخۆشخانە و ١٢٩ بنکەی تەندروستی، و خۆی لە خۆیدا کارە باشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات کە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراو لایەنە خێر خوازەکان ئەنجامییان داوە" گرفتی هەرە گەورەشی بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراق گەراندەوە کە تەنها بەشی ٥٥٠ هەزارکەس دەرمان دەنێرێت لە کاتێکدا رێژەی دانیشتوانی شاری دهۆك و دەوروبەری بۆ ١ملیۆن و ١٩ هەزارکەس زیادی کردووە.

هاوکات دانەیەکی لە راپۆرتەکە پێشکەش بە ئەندامانی لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلآیەتی کرد و داواشی لێکردن کە هەر تێبینیەکیان هەبێت لەبارەیەوە ئامادەن گفتوگۆی لێبکەن تا بگەن بە دەرئەنجامێکی باشتر.

وێستگەی دووەمی سەردانەکەی ئەندامانی لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلآیەتی بۆ پارێزگای دهۆك لە لایەن بەرێز تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆك پێشوازییان لێکرا و باس لە و گیرو گرفتانە کرا کە ئەمرۆی پارێزگای دهۆك پێوەیبان گیرۆدەبووە لە رووی بایەخدان بە تەندروستی هاولآتیان و باس لەو خزمەتگوزارییانەش کرا کە پارێزگای دهۆك ئەنجامی داوە لە رووی کردنەوەی نەخۆشخانە و هەوڵدانییان بۆ خزمەتکردنی زیاتر هاولآتییان سەرەرای بونی کێشەو گرفتەکان کە رۆژانە رووبەروویان دەبێتەوە.

١-باس لە بودجەی پارێزگا بۆ تەندروستی کراوە کە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ داوای ١٣٠ ملیار دیناریان کردووە کەچی ٢٤ ملیاریان بۆ سەرفکردوون ، ئەمەش تەنها ١٠٪ دانیشتوانی دهۆك و دەوروبەری دەکات ، بۆ ئەم مەبەستەش قەرزاری خەڵکن، ناچاریش بوونە کە داوای ١٠ ملیار دیناری تر بکەن لە حکومەت هەتا پێداویستییەکانی خۆیانی پێ پر بکەنەوە.

٢- مەسەلەی بەغدا و تەعامولکردن لەگەڵییان و ئەو برە پارەیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ لەلایان ماوەتەوە تا ئێستا دەستی بەسەردا گیراوەو نامان دەنێ تاکو دەرمان و پێداویستییەکانی خۆمانی پێبکرین.

د.عبدالله رایگەیاند ئەگەر دەرمان نەکرین ناچار دەبین کە دەرگای کانمان دابخەین.

٣- سەبارەت بەو ناوچانەی کە رزگارکراون وەك شێخان و زومار و ....هتد، پشت گوێخراون و هەموو بارگرانیەکەشیان لەسەر شاری دهۆکە بۆیە ناچاردەبین لە بەشی دهۆك و دەوروبەری کەم بکەینەوە و یارمەتی ئەو ناوچانەی پێبدەین،کە پێویستە حکومەتی عێراق هەڵی جدی بدات بۆ پرکردنەوەی پێداویستییەکانمان. بۆ ناردنی دەرمانیش حکومەتی عیراق حسابی ٥٥٠ هەزارکەس دەکات لە دهۆك لە کاتێکدا ١ملیۆن و ١٩ هەزار هاولاتی تێدایە.

وەلێرەوە هەریەك لە د.رەمەزان و د.ئاریان سەردانی بنکە تەندروستی و نەخۆشخانەکانیان کرد بەناوی لیژنەی تەندروستی، وەهەریەك لە خاتوو صبری غفار و خاتوو ڤیان دزەیی و خاتوو فخریە مستەفا بەناوی لیژنەی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە سەردانەکانی خۆیانیان کرد.

وە لیژنەی تەندروستی دوای سەردانەکەیان ئەم تێبینیانەی خوارەوەیان خستە روو:

١. سەرژمێرییەکی ناوەند و مەڵبەندە تەندروستیەکان و، نیشانەکانی تەندروستی و چارەسەرکردنی جۆربەجۆری کاروباری تەندروستیمان وەرگرت.هەروەها پێشنیازگەلێکی گرنگی لقی سیستەمی تەندروستیمان وەرگرت، بۆئەوەی لەگەڵ خزمەتەکانی تەندروستیدا بگونجێن هەرچەندە بریتی بوون لەچەند کارێك کەهێشتا لەسەرەتای دەست پێکردنیدا بوون،

ئەمە دەستپێکە، بەڵام دەتوانین بڵێین کەنیشانەی گرنگی گۆڕینی واقیعی تەندروستین و لەگەڵ باری تازەی ئێستادا دەگونجێن.

٢. سەردانی دەزگا تەندروستیە جۆربەجۆرەکانی پارێزگاکەمان کرد، نەخۆشخانە هەبوو زۆر نییە کراونەتەوە، چەندین بەشیش هەبوون لەناو نەخۆشخانەکاندا کرابوونەوە، بەشیش هەبوو تازە کرابوونەوەو پەرەیان سەندبوو.

٣. کە چووینە نەخۆشخانەی زارۆکان : لەلایەن بەرێوەبەری نەخۆشخانەکەو هەندێ دەستەبژێری پسپۆڕی نەشتەرگەری و، پسپۆرانی نەشتەرگەریی جوملەی دەمارەکانەوە پێشوازیمان لێ کرا. ئەم نەخۆشخانەیە بەجۆرێ سازدراوە کەلەگەڵ باری ناکاوو حاڵەتی سەدەماتدا لەباربێت و بەشێوەیەکی رێك و پێك چارەسەریان بکات. پۆستەری تایبەت لەناو نەخۆشخانەکەدا هەیە، هەروەها پاکەتی (package) جۆربەجۆری تێدایەو، کادیرەکانی مەشقی لەسەردەکەن و، فایلی تایبەتیشی بۆئەو حاڵەتانە هەیە. هەروەها سوپای ئەمریکی هەندێ ئامێری پێ بەخشیوە کە تەقەنیاتی پێشکەوتووی تێدایە.

٤. سیستەمی نەخۆشخانەکە بەرەو چاکتر گۆڕاوە (پەرەی سەندووە) ئەمەش سەرنجی ئێمەی راکێشا. ئێمە زۆرتر سەرنجی ئەو پەرەسەندنانەمان دەدا کە لەم جۆرە نەخۆشخانانەدا بەچاو دەبینران. (ستی سکان)ی پێشکەوتووی تێا هەبوو. لەم خەستەخانەیەدا بەشی جوملەی دەمار هەبوو کە بەنەخۆشخانەکەوە لکێنراوەو بەشێکی گرنگە.

٥. لەدهۆك سەردانی نەخۆشخانەی پسپۆری سووتان و نەشتەرگەری جوانکاریمان کرد. ستافی ئەو نەخۆشخانەیە بەرگی پزیشکی تایبەت بەخۆیان لەبەر کردبوو. نەخۆشخانەکە شێوازی چارەسەریی پێشکەوتوو

پەرەسەندووی بۆ حاڵاتی سووتان تێدابوو، هەروەها ئامێرەکانیش زۆر پێشکەوتوون. بەڵام شتی گرنگی ئەساسی ئەوەیە کە ئیدامەی پێ بدرێت و هێزی کار بەرەو باشتر بگۆردرێت تا بتوانێت خزمەتی چاکترو گونجاوتر بەنەخۆشەکان پێشکەش بکات.

سەرمان لەنەخۆشخانەی زارۆکانیش دا، هەندێ بەشی تێدا نوێ کرابوونەوەو، بەشی نەشتەرگەریی منداڵانی تێدا کرابووەو. هەروەها دیتمان کە گرنگی بەهۆڵەکانی تەدریسی پزیشکان دراوە.

٦. هەروەها سەرمان لە بەشی کۆلێجی سەنعەتکاریش دا و، دیتمان کە جیهازگەلێکی نوێ بۆ ئەم کۆلێجە کڕدراوە وەئەم نەخۆشخانانە ئاپۆرەو قەرەباڵغیەکی زۆری نەخۆشەکانی دەرەوەی هەرێمی لەسەرەو، بەخۆرایی لەهەرێمدا چارەسەر دەکرێن لەسەر حسابی بودجەی هەرێم.

٧. چوینە نەخۆشخانەی ئازادی و چاومان بەبەڕێوەبەرەکانی کەوت، بەچاوی خۆمان مەرکەزی قەستەرەی دڵمان دیت. هەروەها سەریشماندا لە هۆڵی لەدایک بوونی کۆرپەو دیتمان کە بەتازەکردنەوەی هۆڵەکەوە خەریکن و ئیشی تێدا دەکەن. سیستەمی مەرکەزیی دابەشکردنی غازی ئۆکسجینمان دی، کە بەر لەدوومانگ لەجیاتی بەکارهێنانی دەبەی ئۆکسجین کراوەتەوە, ئومێدەوارین هەمان شت لەهەولێریش بکرێتەوە.

٨. سەردانێکی مەیدانیی مەرگەزی پزیشکی (کۆمەلگەی پزیشکی)ی پێشنیازکراویشمان کرد، کە پێشنیازکراوە لەپلانی ئایندەدا بکرێتەوە، کە دایەرەی تەندروستی و نەخۆشخانەو کۆلیجەکانی پزیشکی تیێدا دەبێت. بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکان و پارێزگاری هەولێریش داوایان کرد پزیشکە تازە دەرچووەکان دابمەزرێن و، گرنگی بدرێت بە کارمەندان و هێزی کارو دەرماڵەو سەعاتی کاری زیادەیان بۆ حساب بکرێت و، بەپێی پێداویستی و

چڕی دانیشتوان دابەش بکرێن، چونکە دیتمان کە زۆربەی پزیشکە پسپۆڕەکان لەمەرکەزی پارێزگای دهۆکدا خڕبوونەتەوە.

پۆستەرەکان و پێشکەشکردنی سەرژمێرەکان بەشێوەیەکی رێك و پێك لەناو پۆستەرو بەرگ و بلاّوکراوەکاندا رێکخراون.

لە وێستگەیەکی تری دیدار و سەردانەکانیان نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و جوانکاری و سوتان و نەخۆشخانەی هێڤی زارۆکانیان بەسەرکردەوە کە لە رووی بیناو رێکخستنی کارەکانیان زۆر پێشکەوتو بوون لەگەڵ ئەوەشدا بێگرفت نەبوون لەوانە گرفتی نەبوونی دەرماڵەو دەرماڵەی مەترسی و نیوەی کارمەندانی نەخۆشخانەکانیش بە گرێبەست دامەزرابوون و داواییان دەکرد کە بکرێنە فەرمی.

لە پاشان هەریەك لە خاتوو صبری غفار و خاتوو فخریە مستەفاو خاتوو ڤیان دزەیی وەکو وەکو لیژنەی کومەلاّیەتی چەند سەردانێکیان کرد لەوانە:

١. سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلاّییەتیان کردو لەلایەن حسێن علی ئەسعەد بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلاّیەتی شاری دهۆك پێشوازییان لێکرا و لە دانیشتنێکدا باس لەو گیرو گرفت و ئەو کەمو کورییانە کرا کە بەڕێوەبەراییەتیەکەیان پێوەی دەناڵێنی کە خۆی لە رووی نەبوونی بینای پێویست و کەمی بودجە دەگرتەوە، پاشان یەکەیەکەی بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەسەرکردەوە .

٢. سەردانی بنکەی چاودێری و ئامادەکردنی ئافرەتانیان کرد کە لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و کۆمەلاّیەتی شاری دهۆکە و ئەو ئافرەتانە لە خۆ دەگرێت کە کێشەی کۆمەلاّیەتییان هەیەو لە نزیکەوە لە رەوشی ناڵەباری بنکەکەیان کۆڵیەوە،لە رووی خراپی

بینایەکە و نەبوونی پێداویستیە گرینگەکانی ژیانی رۆژانەییان ، سەرەرای هەموو ئەو کەم و کورتیانەش سومەیە سعید سەرۆکی بنکەکە رایگەیان لە ساڵی ٢٠٠٧ (٩٥) حاڵەتی توندوتیژی و کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە بەرامبەر بە ئافرەتان لەو بنکەیە تۆمارکراوە و لەو ماوەیەدا توانیومانە لە ٨٤٪ ی حاڵەتەکان چارەسەربکەین و بیانگرێنینەوە بۆ ناو کەس و کاریان، بەڵام تا ئێستا ١٤ حاڵەتی جیاجیاو ٧ منداڵی دابراو لە قوتابخانە لە بنکەکەدا ماونەتەوەو چاوەروانی ئاوەردانەوەی زیاترن لە رووی هاوکاری و پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان.

٣. لە لایەکی دیکەوە صلاح یوسف بەرێوەبەری چاودێری کەم ئەندامان کێشەو گرفتەکانی خۆیان لە رووی کەمی فەرمانبەر و نەبوونی موچەی مانگانە بۆ کەم ئەندامان خستەروو ، راشیگەیان پێویستە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاورێکی جدییان لێبداتەوە و ئەو توێژەی کۆمەڵگا چالاك بكات بۆ خزمەتکردنی وڵات.

٤. لە دوا وێستگەی سەردانەکەشیان هەردوو بەرێوەبەرایەتی چاودیری کچان و کورانیان بەسەرکردەوە کە پێك هاتبوون لە ٣٣ کچ و ٤٨ کور کە زۆربەیان قوتابی بوون و یەکەیەکەی هۆڵ و شوێنی نان خواردن و حەوانەوە و شوێنی تایبەتی خوێندنیان بەسەرکردەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بریاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |
| ڤیان دزەیی | د. هالە سهیل | فخریە مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# زنجيرەی دەرمان لە سەرچاوەكەی تا دەگاتە دەستی هاولاتی بە چوار قۆناغ تێدە پەری

١/ كۆمپانيای دەرمان .

٢/كۆگاكان .

٣/دەرمانخانە رەسميەكان و نارەسميەكان .

٤/دوكانی دەرمان (ناو بازار).

**كومپانيای دەرمان :**

١٨-١٩ كومپانيای دەرمان هەيە كە سەرمايە دارن و دەرمان لە دەرەوەی هەريم دەكەن و دەيهينن بو ناو هەريمی كوردستان .

**كێشەی كۆمپانياكان:**

١/ ئەو سەرمايەدارانە زۆربەيان دەرمانساز نين و هەندێكيان هيچ لە بواری دەرمان نازانن و تەنها بازرگانی پێ دەكات بۆنمونە بازرگان هەيە دەچێت لە دەرەوەی هەرێم جل و بەرگ دێنێت لە هەمان كات دەرمانيش دێنێت .

٢/ كۆمپانياكان لە رێگای ئەو بازرگانانە ياخود سەرمايە دارەكان لە دەرەوەی هەرێم داوای دروست كردنی دەرمان دەكەن بە پێی قازانجی خۆيان وە بە بێ هيچ مەرجی تەندروستی و پێوەری نيو دەولەتی , بۆنموونە(كبسولی التهابات )anti biotic يا ٢٥٠ ملم يا ٥٠٠ ملم بەلام ئەوەی دروست دەكرێ ١٥٠ ملمە لەسەری نوسراوە ٥٠٠ ملم .

٣/هێنانی دەرمانی تەقليدی كە لەناو بازار بە دەرمانی تەزوير ناسراوە ,هەنديك دەرمانی مشهور و گران هەن كە كۆمپانياكانی بەرهەم هينانی دەرمان (الشركات العالميە المنتجە)دروستی دەكەن بەلام ئێستا لە بازار هەمان ئەو دەرمانانە هەن بەهەمان پاكێت و هەمان نوسين و هەمان

ڕەنگ کە دەرمانسازە زۆر شارەزایەکان دەڵێن ئێمە ناتوانین جیاوازی ئەو دەرمانە تەزویرە لەگەل اصلیەکە بکەین تەنها بە نرخی دەرمانە کە نەبێت کە زۆر بە هەرزان دێنە بازاڕەکانی هەرێم.

٤/ هێنانی دەرمان بەبێ پشکنینی جۆری واتا بەبێ (کوالیتی کونتڕۆڵ) کەلەهیچ وڵاتێك دەرمان لە سنوور تێ ناپەڕێت تاکو چەند سامپڵێك لە شوێنی جیا جیا لەیەك بار وەردەگرن لیژنەیەك لە وەزارەتی تەندروستی ئەو سامپلانە وەردەگری ودەیبات بۆ پشکنین لە دەزگای کوالیتی کونتڕۆل تا وەلامی ئەم دەزگایە دەرنەچێت بارەکە هەر لەسەر سنور دەبێت کە مواصەفاتەکان یاخود مەرجەکان تەواو بوو ئینجا دەرمان داخلّ دەکرێت. بەلام بەداخەوە ئەو پشکنینە لە هەرێمی کوردستان ناکرێت وەدەرمان لە هەموو سنورەکان بەبێ هیچ پشکنینێك یان فحصیك داخل دەکرێت ئەگەر دەرمانە هۆشبەرەکانیش بێت بۆیە دەرمانی تەزویرو دەرمانی اکسپایەرو دەرمانی بێ مەرج و بێ مواصفات بە ئازادی دێتە بازاڕ.

٥/ هەبونی کۆمپانیای گەورە لە وولاتانی ئەوروپا کە بازرگانەکانی ئێمە دەچن بۆ لایان بو دەرمان کڕین تەنها ئۆفیسەکە لە ئەوروپایە بەلام کارگەی دەرمان یا لە چین یا لە هیندستانە و تەنها لیستەکە لە بازرگانەکە کە داوای کردووە لێی وەردەگرن وە بە ئیمێل دەدەنە کارگەکان لە هیندستان وچین دەرمانەکە دروست دەکات و لە سەری ناوی ئەو ولاتە ئەوروپیە دونوسێ ,بەلام نانوسێت کە لەو وولاتە دروست کراوە بۆیە داخیلی سنووری دەکەین لەبەر ئەوەی ناوی وولاتی ئەوروپی لەسەرە وە یەکسەر داخیلی سنوری (ابراهیم خلیلی ) دەکەین بە هەمان شێوە داخیلی سنووری هەرێم لەگەڵ ئێران دەبێت لەبەر نەبوونی پشکنینی کوالێت کۆنتڕۆڵ دەگاتە بازاڕەکان , بۆنموونە دەرمان هەیە لەسەری

Made in Germany نووسـراوە Germany بـە لام نەنووسـراوە لەبەر ئەوەی لە المانیا دروست نەکراوە تەنها عقدی دەرمان لە المانیا کراوە بەلام لە چین و هیندستان دروست کراوە .

## هۆی دروست بونی ئەو کومپانیایانە :

بـارودۆخی سیاسـی لـە عـیراق و فـەرز کردنـی ئابلۆقـەی ئـابووری لەسـەر عیراق و سەپاندنی ئابلۆقەی دووەم لەسەر هەرێم لە لایـەن حکومـەتی عـیراق لـە سـاڵی (١٩٩١-٢٠٠٣) کـە هـیچ سەرچـاوەیەك نـەبوو دەرمـانی لـێ بکـڕن وە وەزارەتی تەندروسـتی ناچار دەبوو لیژنـەی دەرمـانی نـاو وەزارەت بنێرێتـە شارۆچکە سەر سنووریەکان بۆ کڕینی دەرمان لە قاچاغچیان بۆ دابین کردنی پێویستی وەزارەت لە دەرمان, بەرەبەرە قاچاغ گەشـەی کـردو لـە (بـار) کـە بـە ئاژەل دەگوازرایەوە بوو بە ئۆتۆمبێلی گەورەی بار هـەلگر, ئەمـە واقعێك بـوو هیچ چارەیەکی تر نەبوو بەلام پاش ٢٠٠٣ وەزارت پێویستی بە قاچاغچی نەما بەلام بازرگانی بە دەرمان تەشەنەی کردوو لە ژێر کۆنترۆلی وەزارەت نەما و سەرمایەداری زۆر گەورە و بەهێز دروست بوو .

**کۆگاکان( مدخر ):**

١١ مـدخری رەسمی هەیە کـە دەرمـان لەبازرگانـەکان وەردەگری وە دەیـدات بە دەرمانخانەکانی شەرعی و ناشەرعی، هەرکەسێك داوای دەرمان کڕین بکات.

## کێشەکان:

١. ئەم کۆگایانە مۆڵەت لەوەزارەتی تەندروستی وەردەگرێت وە خاوەنەکەی بەپێی تەعلیماتی وەزارەت دەبێ دەرمانساز بێت ، کەچی ئێستا دەرمانساز هەیە هەویەکەی خۆی کەلەلایەن سەندیکای دەرمانسازان پێدراوە کەەیداتە هەر کەسێکی خاوەن سەرمایە دوور لەبواری پزیشکی و دەرمانسازی لەبەرامبەر کرێیەکی دیاریکراوی مانگانە، لەبەر ئەوە خاوەن کۆگا هەیە هیچ لەبواری دەرمان نازانێ تەنانەت نەخوێندەوارن وەتەنها بازرگانن.

**هیچ بەدواداچوون و مراقەبە لەلایەنوەزارەتی تەندروستی لەسەر ئەو کۆگایانە نییە لەڕووی:**

- تخزینی دەرمان
- مەرجی تەندروستی جێگای دەرمان
- نرخی دەرمان
- فرۆشتنی دەرمان:- ئێستا کۆگاکان دەرمان دەفرۆشن بەبێ هیچ مەرج ئایا داواکار دەرمانسازە یاخود یاریەدەری پزیشکییە یان برین پێچە؟ یان هەر پەیوەندی بەبواری دەرمانیش نەبێ .
- شێوازی فرۆشتنی دەرمان بەکۆ مەرجی هەیە ئەویش ئەوەیە کەلیستی داواکردنی کڕینی دەرمان هی دەرمانسازە جیاوازە لەگەڵ هی یاریدەدەری پزیشکی لەگەڵ برین پێچ و بەپێی یاسا نابێ بفرۆشرێتە کەسانی تر.

بەڵام بەداخەوە ئێستا لیستی کڕینی دەرمان بەپێی داواکردنی هەر کڕیارێك بۆ نموونە ئەودەرمانانە لەمەوادی هۆشبەریان تێدایە نابێ بفرۆشرێتە هیچ کەسێ تەنها دەرمانسازەکان نەبێ کەئەوانیش نابێ سەرف بکەن بەبێ ڕاو بۆچوونی پزیشکی، بەڵام ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێ هەرجۆرە دەرمانێك

ئەگەر زیان بەخش بێ بۆ هەموو کەسێ بەدەستی دەکەوێ زۆر بەهەرزان وزۆر بەئاسانی.

## دەرمانخانە فەرمییەکان:

هەندێك لەدەرمانسازان دەرمانخانەی خۆیان بەڕێوەنابەن لەبری ئەوە کەسێکی تر بەڕێوەی دەبات لەئەنجامدا هەندێك جار دەرمان بەهەڵە دەدرێت بەنەخۆش.

نرخی هەمان جۆری دەرمان لەدەرمانخانەیەك بۆ دەرمانخانەیەکی تر جیاوازە، کەلەدەرمانسازەکان دەپرسین دەڵێن هۆیەکە ئەوەیە کەبازاڕ ئازادە، وهیچ شتێك نرخی بۆ دانەنراوە دەرمانیش بەهەمان شێوە نەوەزارەتی تەندروستی و نەسەندیکا نرخی بۆ دانەناوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی سەرچاوەی جۆراوجۆر هەیە وەکوالیتی هەمان دەرمانیش زۆر جیاوازە.

١- هەندێ دەرمانساز مۆڵەتەکەی خۆی بەکرێ داوەتە کەسانی تر کەدوورن لە دەرمانسازی .

٢- فرۆشتنی دەرمان بەبێ وەصفە.ڕاستەهەندێ دەرمان هەیە کەدەرمانساز بۆی هەیە By hard بیفرۆشێت بەبێ وەصفە ،بەلام ئێستا هەرهەموو دەرمانێك بەبێ وەصفەش دەفرۆشرێت هۆیەکەشی ئەوەیە ئەگەر هات ودەرمانخانەکە دەرمان بەبێ وەصفە نەفرۆشێت ئەواهەمووکەس ڕوو لەدەرمانخانە ناڕەسمییەکان دەکات وبەئاسانی دەستی دەکەوێت.

٣- هەبوونی دەرمانی تەزویر کەزۆر کێشەی بۆ دەرمانسازان و هاووڵاتیان وپزیشکان دروست کردووە، نەخۆش ئەو دەرمان تەزویرە وەردەگرێت پێی چاك نابێتەوە ناچار دەبێت پزیشکەکە بگۆڕێت وەسەرلەنوێ عیلاج

وەرگرێ، وەبەهەمان شێوە چاك نابیت وپارەو كات وتەندرووستی خۆی لەدەست دەدات ،كەبۆتە هۆی سەرلێشێوانی پزیشك ودەرمانساز ونەخۆش.

٤- هەبوونی دەرمانخانە وعیادە نارِەسمییەكان كەزۆربەیان لەكۆلانەكانن و هەندێكیان كارمەندی تەندروستی بەرِێوەی دەبات هەندێكی تریش كەسانێك كەهیچ پەیوەندییەكیان بەتەندروستییەوە نییە.

## كێشەكانیان:

١. ئەم عیادەو دەرمانخانە نارِەسمییانە هەڵدەستن بەئەنجامدانی كاری جۆراو جۆر كەپسپۆرِی خۆیان نییە وەك گرتنی فشاری خوێن و فەحصی نەخۆش و نووسینی پشكنینی جۆراو جۆر،وەك ئەشیعەو سۆنار وپشكنینی خوێن كەهیچیان زانیاری تەواویان نییەلەو بوارە ئینجا وەصف كردنی دەرمانی پێویست وەلەهەمان كات دانی دەرمانەكان بە نەخۆش و دەرزی لێدان و ددان دەرهێنان و......هتد.

٢. جۆری دەرمان دیار نییەو سەرچاوەكەشی دیار نییە بەلام نرخەكەی زۆر هەرزانە بەبەراورد كردن لەگەڵ نرخی دەرمان لە دەرمانخانە لەبەرئەوە هاوولاتیان زۆر رِوویان تێدەكەن بەتایبەتی شەوان و رۆژانی پشوو، هوی دروست بوونی ئەو عیادە نارەسمیانە:

١: متمانە دان بە كارمەندانی تەندروستی لە بنكە تەندروستیەكان لە كولان و شوینە دوورە دەستەكان كە وەزارەتی تەندروستی هەموو دە سەلاتیكیان پی دەدات لە بەر نەبوونی پزیشك لەو شوینانە.كەواتە لە گوندەكان بویان هەیە هەموو ئەو كارانە بكات بەلام لە شارەكان بویان نیە ئەمەش پرسیاریكە؟

٢. کەمی دەرامەتی خەلك: نەخوش ئەگەر بچیت بولای پزیشك ئەنجامدانی پشکنین ی پیویست وە دەرمان کرین و هاتووچو بریکی زور لە پارە مەصروف دەکات بەلا م ئەگەر بچیتە لای عیادەی کولان زور بە هەرزانی چارەسەریکی ناراست و کاتی وەردەگریت ئەوەش دەگەریتەوە بو کەمی ووشیاری تەندروستی خراپی باری ئابووری خەلك .

**ئەنجامی بەدواداچوون:**

١. نرخ:

کومپانیاکان و کوگاکان و دەرمانخانەکان هەموو بەشدارن لە بەرز کردنی نرخ.

٢. جوری دەرمان :

کومپانیا دەرمان بی مواصفات دینی و بو مەبەستی قازانجی زیاتر لەهەمان کات کوگا دەرمانەکە وەردەگریت دەرمانخانەکانیش وەریدەگرن هەر بو قازانج.

٣. بەسەرچوونی دەرمان (اکسپایر):

ئەمەش هەر لەبەر ئەونرخەیە کە دەرمانی اکسپایەرەکەی نزیك بیت زور هەرزان ترە .

٤. نەبوونی روشنبیری هاوولاتی نەخوش لە رووی هەلبژاردنی جور و شوینی کرینی دەرمان .

٥. نەبوونی چاودیری:

ئەو زنجیرەیە(کومپانیا, کوگا, دەرمانخانە) لەلایەن سەندیکا و وەزارەتی تەندروستی.

**چارەسەرەکان:**

١. بەهیز کردنی خالە سنوریەکان  کە ریگا نەدریت هیچ دەرمانیك بیتە ناو هەریم  بە بی پشکنینی جوری (کولیتی کونترول ) ئەمەش ئەرکی وەزارەتی ناوجوپیشمەرگەیە  هاوکاری وەزارەتی تەندروستی بکەن.ئەمەش یەك نەگرتنی ئەو دوو وەزارەتەش بویتە هوی لاوازی کارەکانیان.

٢. بە گر خستنی دەزگای کولیتی کونترول  کە ٧ ملیون دولاری تیچوە تا ئیستا بە ئەرکی خوی هەلنەستاوە لەبەر نەبوونی ستاف پسپورو شارەزا لەو بوارە پیویستی بە پسپوران هەیە لەدەرەوەی وولات بهینرین بو فێرکردن و راهێنانی کارمەندانی خومان.

٣. بە گەڕخستنی سەندیکا پە یوەندی داران بۆبەدواداجونی وسزادانی سەرپێچی کاران  رۆلی میدیاکان لە بەرزکردنی ئاستی وشیاری هاولاتیان دەست نیشانکردنی خالە نیگە تیفەکان وپەخشکردن و بلاوکردنی سەرپێچییەکان ئاگادارکردنەوەی لایەن بەرپرسەکان بۆبەدواداچونی کاری پیویست.

## را پۆرتی لیژنە

لەرۆژانی (٢٤-٢٠٠٨/١/٢٧)لیژنەی تەندروستی بەدواداچونێکی وردی کرد لەسەر کێشەی دەرمان لەڕووی سەرچاوەی هێنان و کۆگاکردنی ودابەشکردنی، بەم پێیە ئەم چەند زانیارییە دەخەینە بەردەستی بەرێزتان:

١/ بەگەڕخستنی دەزگای (کوالیتی کۆنترۆڵ) کەلیژنەکەمان بەسەری کردەوە بۆمان دەرکەوت کە نزیکەی (١٢)دوانزە ملیۆن دۆلاری تێچوو، تائێستا بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە لەبەر نەبوونی ستافی پسپۆڕوشارەزا لەم بوارە.

هەروەها نەبوونی میزانیەی بودجەی تایبەت وە نەبوونی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی کاروباری ئەم دەزگایە. ئێستا یەکێك لە گەورەترین کێشەی هاولاَتیان،ماوەی بەسەرچوونی دەرمانە.وەبەپێی ئەو مواصەفاتانە نییە کەلەسەری نووسراوە یاخود بەپێی مواصەفاتی جیهانی نییە. وەزۆربەی دەرمانەکان هێمایەکی بازرگانی لەسەر داریکراوە، بۆیە دەرمانی ساختە لەبازاڕ کە بەدەرمانی (تەزویر) ناسراوە بەرچاو دەکەوێت. وەنەبوونی ئەم دەزگایە بۆتەهۆی دروست بوونی کۆمەلێك کێشەی تەندروستی ودەروونی، وەلەدەست دانی متمانەی هاولاَتی بەپزیشك وکارمەندانی تەندروستی و پشکنین. وەلەهەموو دونیادا بەبێ ئەنجامدانی ئەم پشکنینە دەرمان تێناپەڕێت،تادلنیا نەبن لەوەی کەئەم دەرمانانە بەپێی مواصەفاتی جیهانییە. وەلەم بوارە پێویستە خاڵە سنووریەکان بەهێز بکرێن وەرێگانەدرێت هیچ دەرمانێك بێە ناو هەرێم بەبێ پشکنینی جۆریی(Quality Control)،وەئەوەش بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکرێت.

٢/ شێوازی هێنان و هەلگرتن وفرۆشتنی دەرمان، یەکێکە لە کێشە دیارەکان وە ڕەهاییەکی تەواوی هەیە وەهەندێك لەو کۆمپانیایانەی کە دەرمان دێنن پسپۆر نین لەم بوارە. وەلەودەرمانانە ڕەچاوی مواصەفاتی جیهانی نەکراوە، تەنها بەمەبەستی دوور لەرەچاو کردنی مەرجە تەندروستیەکان.

٣/ دەرمانخانە وعیادە ناڕەسمییەکان: ئەم عیادەو دەرمانخانانە ناڕەسمین و بەبێ مۆلەتن وهەلدەستن بەئەنجامدانی کاری جۆراو جۆر کەپسپۆری خۆیان نییە وەك، گرتنی فشاری خوێن وپشکنینی نەخۆش و نووسینی پشکنینی جۆراو جۆر وەك، ئەشیعەوسۆنارو پشکنینی خوێن کەهیچیان زانیاری تەواویان نییە لەو بوارە، وەلەهەمان کات پێدانی دەرمانەکان

بەنەخۆش و دەرزی لێدان و ددان دەرهێنان و......هتد. هەروەها نەبوونی هەماهەنگی پێویست لەنێوان وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆجێبەجێکردنی فەرمانەکانی وەزارەتی تەندروستی. بۆنموونە چەند نوسراوێك لەسەندیکا دەرچووە بۆداخستنی عیادە نارەسمییەکان وتائێستاش جێبەجێ نەکراوە.

٤/ بەڕێوەبردنی هەندێك لە کۆگاودەرمانخانە ڕەسمییەکان لەلایەن کەستنی ناپسپۆڕ. ئەمەش بۆتە هۆی فرۆشتنی دەرمان بەهەڵە، وەدروست بوونی چەندین حاڵەتی نەخۆشی تر لەبری چارەسەر.

٥/ نرخی دەرمان کەلەهەمان سەرچاوەو هەمان جۆر لەسەر ئاستی شارو ئاستی دەرمانخانەکان لەیەك شاردا ولەیەك شەقامدا جیاوازە.

٦/ ڕۆڵی ڕاگەیاندنی وەزارەت لەئاستی پێویستدا نیە لەبواری بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاولاتیان ، وەدەستنیشان کردنی خاڵە نێگەتیڤەکان. پەخش کردن وبلاوکردنەوەی سەرپێچییەکان لەمیدیاکان لەهەرسێ ئاستی بینراوو بیستراوو خوێنراو.وەئاگادارکردنەوەی لایەنە بەرپرسەکان بۆبەدواداچوون.

**لیژنەی**
**کاروباری تەندروستی وکۆمەلایەتی**

# راپورت لەسەر بودجەی ٢٠٠٨

لێژنەکەمان چەند کۆبونەوەیەکی سازداوە بۆ تاوتوێ کردنی بودجەی ٢٠٠٨، دوا کۆبونەوەمان رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦ بوو, و پاش کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦ و گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری ژینگە ئەم تێبینی و راسپاردە و پرسیارانەمان هەیە:

١/ پێویستە دەستەیەکی پسپۆڕدابنرێت لە بواری ژمێریاری وئابووری بۆ سەر پەرشتی کردنی داهاتەکانی حکومەتی ناوەند تا بەشی کوردستان بەروونی دیاری بکرێت.

٢/پشت بەستن بە ناوەندی شارەزا بۆ چاك کردنی پلان و پرۆگرامە ئابووریەکان لە هەرێمدا.

٣/برەو دان بە سامانی مرۆیی(الثروة البشرية ) وە بەرز کردنەوەی ئاستی زانیاری تا توانای ئەندامانی جێ بە جێ کار بەرز بکرێتەوە لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا کە ئەمە یەکێکە لە هۆکاری کەم و کوڕی لە پرۆژە سەرمایە گوزاریەکاندا(المشاريع الاستثمارية والخدمية).

٤/ کەم کردنەوەی خەرجیەکان لە بواری بەڕێوەبردندا (التشغيلية)بە تایبەت ئەوەی دەچێتە خانەی بە فیرۆدانی داهاتی حکومەت.

٥/دەبوایە پەرلەمان میزانیەی خەمڵێنراوی خۆی دابنایە.

٦/ پێویست بوو وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی تیشکیان بخستایەتە سەر هەندێك بواری خەرج کردنی ئەو بودجەیەی کە بۆیان تەرخانکراوە ، کە بریتیە لە ١٩,٦٪ بودجەی هەرێم.

٧/پێشنیار دەکەین وەزارەتی دارایی لە ساڵی ٢٠٠٩ دا پێش دانانی بودجە دانیشتن ساز بکات لە پەرلەمان لەسەر بودجە و خشتەی خەرج کردنی خەرجیەکان بخرێتە بەردەم پەرلەمان تا بە هەماهەنگی هەردوولا تاوتوێ بکرێت.

٨/ دەبوایە وەزارەتی تەندروستی بودجەی تەرخان کردبا بۆ برەو دان بە توانای پزیشك و کارمەندان و پەرستیاران و دەبوایە وەزارەتی دارایی رەزامەندی بدایە لەسەر خەرج کردنی ئەو دەرماڵەیەی ساڵی پار لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە پەسەند کرا بە ناوی (خطورة) بە پێی نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیرانی عیراق کە ٢٠٠٧/١٠/٣١ دەرچووە, هەروەك دەزانین وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لە وەزارەتە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆیە دەبوایە رەچاوی ئەوەبکرایە و لە هەمان کاتدا پێویستە مووچەی هەموو مووچەخورانی عێراق لە هەموو ئاستەکاندا بەکوردستانیشەوە یەکسان بێت هەروەك لە برگەی ١٤ ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا باس لە یەکسانی بوونی هەموو عێراقیەکان دەکات لە مافەکانیاندا بە بێ جیاوازی .

٩/ بودجەی وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراو پێویستیەکانی بەرەو پێش بردنی بواری تەندروستی پێ دابین ناگرێت لە بواری تەندروستی کۆمەڵ و توانای هونەری پەرستیاران و پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بۆیە داوادەکەین بەپێی توانا بەتایبەتی لەکاتی ڕوون بوونەوەی بودجەی هەرێم لەمیزانیەی تەکمیلی عێراق رەچاوی ئەوە بکرێ کە بودجەیەکی وا تەرخان بکرێت کە وەزارەت بتوانێ بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت.

١٠/ لەبارەی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی پێشنیار دەکەین ئەو سێ خەستەخانەیەی لە سلێمانی دروست دەگرێن لە یەك باڵەخانەدا دروست

بكرێن. بۆ ئاسان كاری بەڕێوەبردن و لەم سەردەمەدا لە جیهانی پێشكەوتوودا كەمتر بایەخ ئەدرێت بە جیا كردنەوەی بەشە پزیشكیەكان.

١١/پێویستە بودجەیەكی تایبەت تەرخان بكریت بۆ پێگەیاندنی ژمارەیەكی گونجاو لە پزیشك و كارمەندانی بە توانا بە پێی پرۆگرامێكی رێك و پێك بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی بالا بۆ بەڕێوەبردنی خەستەخانە تازەكان.

١٢/ لەبەر زۆری ژمارەی بنكە تەندروستیەكان وا باشە چاو بخشێنرێتەوە بەو چەند بنكە تەندروستیەی كە ئەمساڵ دروست دەكرێن وە ئەوەی پیویست ناكات دروست نەكریت.

١٣/داواكارین لە موازەنەی تەخمینی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی ئەو برە پارەیەی كەدانراوە بۆ تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی كە بریتیە لە ٣٩٥٣٥ ملیۆن دینار بكرێت بە ١٥٠ ملیار دینار.

١٤/ داواكارین وەزارەتی ژینگە بودجەیان بۆ تەرخان بكرێت بۆ هوشیاری ژینگەیی لە سلێمانی و دهۆك هەروەك لە هەولێرهەیە لەسەر بودجەی پارێزگاكان كە (٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار (چوارسەد ملیۆن دینار)یان بۆ تەرخان كراوە.

١٥/ پێشنیار دەكەین قەرز بدرێت بەو هاوڵاتیانەی پرۆژەی بەرهەمهێنەر دەكەنەوە (وەك لە عێراق هەیە كە ٣٠ملیۆن دینارە).

١٦/ پشتگیری وەزارەتی ژینگە ئەكەین بۆ تەرخانكردنی بودجەیەكی تایبەت لەبەشی وەبەرهێنان (الاستثمار)لەبودجەی وەزارەت بەمەبەستی ئەنجامدانی ئامارو رووپێوی تایبەت بەو ناوچانەی كەبە چەكی كیمیایی بۆردومان كراون، هەروەها بەمەبەستی جێ بەجێ كردنی ئەو پرۆژانەی كە پێشكەشیان كردووە وەك تاقیگەی ژینگەیی بۆ ئاوو هەواو خاك.

١٧/ئەو قەرزانەی وەزارەتی دارایی داویەتی بەوەزارەتی پێشمەرگە ساڵی ٢٠٠٧ گەر هات وحكومەتی هەرێم قەربوو كرایەوە پێوستە پەرلەمانی لێ ئاگادار بكریتەوە .

١٨/وەك لە یاسای بوجەی عێراق دا هاتووە كە خەرج كردنی برە پارەی خەرجی مسروفاتی حاكمە پێوستە بە ڕاویـژبێت لەگەڵ وەزارەتی دارایی عیێراق ووەزارەتی دارایی هەرێم بەڵام هیچ میكانزمێك دیار نیە بۆ ئەنجام دانی ئەم ئەركە .

١٩/ لەڕاپۆرتی وەزیری دارا یدا هاتووە كە هەتا ٢٠٠٧/٢ چوار جار عێراق دەستكاری بوجەی كردوە بۆیە سەركردایەتی سیاسی كوردستان ووەزارەتی دارایی هەرێم ئەبی هەول بدەن ئەم دووبارە نەبیت لە ٢٠٠٨ .

٢٠/لەبەر ئەوەی رێژەی موچەی خورانی هەرێم زۆر بەرزە كە ٤٠,٢٪ هەرێم پێك ئەهینی ئەبی هەوڵبدرێت دامەزراندن لەم وەزارەت ودەزگیانەدا كەم بكرێتەوە وەك ناوخۆ ئاسایش شارەوانی ئەوقاف ودامەزراندن تەنها بۆ دەرچوانی زانكوكان و ئەوپسپۆروشارەزایانە بن كە پسپۆری توانایان زۆر بەسودن بۆ كارەكانی حكومەت .

٢١/پێوستە نەفەقاتی حاكمە وسیادی روون بكرێتەوە ولەسەری رێك بكەون وبەكورتی پێوستە پێناسە(تعریف) بكرێت.

| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
|---|---|---|---|
| ئەندام | بریاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆكی لیژنە |

| د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
|---|---|---|
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرت لەسەر بودجە ( پاشكۆ )

هەردوو وەزارەتی تەندروستی و كۆمەلأیەتی نیوەی بودجەیان بۆ تەرخان كراوە بە بەراورد لەگەڵ بودجەی خەملێنراوی وەزارەتەكانی خۆیاندا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ و كەمترە لەوەی ساڵی پار بۆیان تەرخان كرابوو ,ئەم تێبینی و پێشنیارانەمان پەیوەندی هەیە بە هەر سێ وەزارەتەوە (تەندروستی ,كۆمەلأیەتی ,ژینگە) بە لەبەر چاو گرتنی یاسای بودجەی عێراق و میزانیەی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٠٨ و دوا راپۆرتی وەزارەتی دارایی و كۆكردنەوەی زانیاری لە بواری توانای وەزارەتەكان وەك هێزی كارو ژمارەی نەخۆشخانەو بنكە تەندروستیەكان و ژمارەی تەختەی نەخۆشخانەكان (قەرەوێڵە) وژمارەی پزیشك و پەرستیارو پزیشكی ددان و دەرمان سازەكان, بۆنموونە:

| | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | كۆ |
|---|---|---|---|---|
| ١/ژمارەی نەخۆشخانەكان | ١٨ | ٧ | ١٨ | ٤٣ |
| ٢/ژمارەی بنكە تەندروستیەكان | ٢٢٧ | ١١٤ | ٤١١ | ٧٥٢ |
| ٣/ژمارەی تەختەی نەخۆشخانەكان | ٢٢٠٣ | ١٠٥٦ | ١٦٩٥ | ٤٥١١ |

| | |
|---|---|
| ژمارەی پزیشكەكان لەهەر سێ پارێزگا | ٢٧٤٢ |
| ژمارەی پزیشكانی ددان لەهەر سێ پارێزگا | ٤١٩ |
| ژمارەی دەرمان سازان لەهەر سی پارێزگا | ٢٠٤ |
| ژمارەی پەرستیاران لەهەر سێ پارێزگا | ٦٩٦١ |

بۆیە بۆ دانانی بودجەی ساڵی داهاتوو دەبێ ژمارەی كادیرەكانی پێویست لەهەموو بوارەكاندا رەچاو بكرێت بو پر كردنەوەی كەم و كوریەكان.

**د.فوئاد بابان**

**سەرۆكی لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەلأیەتی**

# راپۆرتی پاشکۆ

بەپێزان خواردن وخواردنەوە بە هۆکاری گرنك ئەژمێردرێت بۆ گواستنەوەی چەندین نەخوشی بۆ مروڤ، وەك گرانەتا ، کۆلێرا ،سك چون و ڕشانەوە وچەندین نەخۆشی تری ترسناك بەهۆی پەرە سەندنی بازرگانی خۆراك لەسەر ئاستی جیهان وکوردستان. ئەمە گرفتی گەورەی بۆ هەموو حکومەتەکانی جیهان دروست کردوە بۆیە هەموو لایەك لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ دابین کردنی خۆراکی پاك وخاوێن وتەندروست. ئەم نەخۆشیانە لە سەر ئاستی جیهان مەترسیەکی گەورەی دروست کردوە بۆ نمونە تەنها لە ساڵی ٢٠٠٥ دا(١,٨) ملیون نەخۆش بە هۆی سك چونەوە مردوون کە زۆربەیان بە هۆی خواردن وخواردنەوەی پیسەوە بوو. وە لە ئەمریکا ساڵانە (٥)هەزار هاولاتی بەهۆی نەخۆشیەکانی گوازراوە وە لەرێگای خۆراکەوە گیان لەدەست دەدەن. رێکخراوی تەندروستی جیهانی لەساڵی ٢٠٠٠ دا هەندێك رێنمایی دەرکرد وەك بڕیار کە سەلامەتی خواردن بەرجەستە ئەکات وەك بەشێکی گرنك لە پارێزگاری تەندروستی کۆمەڵ. دابین کردنی بڕێکی زۆری خۆراکی هەرێم لەدەروەی کوردستان بە تایبەت بەدرێژایی (١٧) ساڵی رابردوو هاولاتیانی دووچاری چەندین نەخۆشی کردۆتەوە بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەو ڕاگوێزراوان رویان لە کوردستان کردوە سەرباری وشکە ساڵی و کەمی ئاوی خواردنەوە، ئەمانە هەر هەموویان وایان کردوە کە نەخۆشیە گوازراوەکان (الامراض الانتقالیة) پەرە بسێنێت وزیانی گەورە بەژیانی مروڤ وئابوری هەرێم بگەیەنێت وکۆنترۆڵ کردنی ئەم کێشەیە هاوکاری هەمەلایەنەی ئەوێت لەنیوان حکومەتی هەرێم وهەموو ئەو جێگا و دەزگایانەی پەیوستن بە هێنان وئامادە کردنی خۆراك وسەرجەمی هاولاتیان

.یەكێك لە هەنگاوە گرنگەكان بۆ دابینكردنی خۆراكی هاوردەی تەندروست لەرێگای دامەزراندنی دەستەی كوالێتی كۆنترۆڵەوە ئەبێت.

بۆ ئاگاداریتان لێژنەكەمان زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەم گرفتە كۆكردۆتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

لە پارێزگای هەولێر (٥٠٧) دەرمانی جۆراوجۆر بە قەبارەی جیا جیا لە ناو براون لە كۆگای ناوەندی دەرمان جكە لە چەندین تەن خواردنی ناو بازاڕەكان .

لە پارێزگای دهۆك (٥٩)تەن خۆراكی خراپ سوتێنراوە لەگەڵ برێكی زۆر دەرمان. لە سلێمانی پتر لە(٣٠٠)ماددەی دەرمانی جۆراوجۆر بە قەبارەی جیا جیا لەگەڵ زیاد لە(٣٠)تەن خۆراك وئاوی نا تەندروست لە ناو براون. بۆ بەدواداچونی ئەم كێشەیە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی لێژنەكەمان پێشوازیمان كرد لە بەڕێزان كاك عوسمان شوانی (وەزیری پلان دانان ) وكاك سعد وەزیر بۆ كاروباری پەرلەمان وبەرێزان (د.مؤید عبدالرحمن محمد) سەرۆكی دەستەی كوالیتی كۆنترۆلی خۆراك و بەرێز (د. رەمزی عوسمان محمد) سەرۆكی دەستەی كوالیتی كۆنترۆلی دەرمان.

لە مانگی ٢٠٠٨/١ دا دەستەی كوالیتی كۆنترۆلی خۆراك لەوەزارەتی پلان دانا ن دامەزراوە وەتاقیگەیەكیان لە هەولێر ئامادە كردوە و لە ماوەی چەند هەفتەیەكدا ئەكەوێتەگەر وبەردەوامن لە دامەزراندنی تاقیگەی هاوشێوە لە سلێمانی ودهۆك وخاڵە سنوریەكان، وە بریارەلە (٢٠٠٨/٧/١) دا مۆڵەتی هاوردەی جۆری (اجازة استیراد النوعی) كاری پی بكریٚ ئەم دەستەیە پەیوەندی یان كردوە بە هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی هەرێمە وەك (تەندروستی، پیشەسازی، كشتوكال، وبەرهینان، ناوخۆ، ژینگە، ئەنجومەنی وەزیران، تاقیكەی بیناسازی) و لێژنەیەكی بالأیان پێك هێناوە لە سەر ئاستی

بەڕێوەبەرە گشتیەکا ن وپەیوەندیان کردوە لە گەڵ وەزراەتی پلان دانانی عێراق ورێکخراوی سیدای سویدی وچەند دەزگایەکی نێودەوڵەتی بۆکوالێتی کونترۆل. وحکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردون وپلانیان دارشتووە کە لە ماوەی دوو ساڵدا بتوانن ئەم ئەرکە بە توانایەکی بەرز ئەنجام بدەن یان بە کورتی بۆ بە سیستم کردنی ئەم برۆژەیە.

وەدەستەیەکی تر دامەزراوە بۆ کۆنترۆڵی دەرمان لە مانگی ۲۰۰٦/۱۱ وە لە ۲۰۰۸/٤/۲۰ ئەم دەستەیە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی تەندروستی وە ئەرکی سەرەکی بریتیە لە کۆنترۆڵی دەرمان و کەل وپەلی بزیشکی وتا ئێستا مۆڵەتی دامەزراندنی دوو کارگەی (مغذی) یان لە هەولێر وسلێمانی بەخشیوە وئامادەن لە ۲۰۰۸/٦/۱ وە بۆ کۆنترۆلکردنی بازاری دەرمان .

بەڕێزان هەلگرتن وبەفتو کردن وگواستنەوەی خواردن پێوستی بە ناوێتەکردنی چەندین مادده هەیە کە تێکرا پێیان ئەوتری مادده زیاد کراوەکان (additives or) preservative هەندیك لەم ماددانە گەر بەرێژەیەکی دیاریکراو نەکرێنە ناو خواردنەکانەوە ئەوا زیانێکی زۆر بە مروڤ ئەگەیەنن وەك نایترات و ئەو ئالیکەی(علف) کە ئەدرێت بە مەرو ماڵات گەر رێژەیەکی بەرزی (aflatoxin) ی تێدابێت، لە وانەیە ئەم ماددەیە لە شیری ئەو ئاژەلانە دەرکەوێت وببێتە هۆی مەترسی بۆ ژیانی مروڤ، ، بۆیە هاوکاری وەزارەتەکانی تر لەم رووەوو وەك وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر پێویستە.

مەترسیەکی تریش بەکارهێنانی (سمادي نايتروجينية ) لە کشتوکاڵدا بەرێژەی بەرز وە دزە کردنی ئەم ماددەیە بۆ ئاوی خواردنەوە بە رێژەی بەرز ئەبێتە هۆی (methemoglobinemia) کە ئەمە هۆکارێکە بۆ

شێرپەنجەی پێست بۆیە گەلێك وڵاتی پێشكەوتوو ماددەیەكی تر بەكارئەهێنن لە كشتوكاڵ پێی ئەوترێت( biofertilizer) .

پێمان باشە سەرنجتان ڕابكێشین لە سلێمانی وهەولێر خەستەخانەی تایبەت بەچارەسەركردنی نە خۆشیەكانی شێرپەنجە كراوەتەوە بە چاودێری چەندین پزیشكی پسپۆر وشارەزا و خەزمەتێكی گەورە بە هاوڵاتیان ئەكەن، بۆ نمونە تەنها لە خەستەخانەی (هیوا)ی سلێمانی لە یەك مانگدا نزیكەی ١٤٠٠ نەخۆش ئەبینن (نەخۆشی كۆن وتازە) بەڵام ئەم دوو خەستەخانەیە پێویستیان بە ڕاهێنانی كارمەند وپزیشكەكانیان هەیە لە خەستەخانە تایبەتدمەندیەكانی دەرەوەی هەرێم و گەلێك لە دەرمانە تازەكان دەست ناكەون بۆیە بەڕێوەبەرایەتیە تەندروستیەكان ناچارن بەبڕە پارەیەكی زۆر بەردەوام دەرمانیان بۆ بكرن . بۆنموونە لەسەرەتای ساڵەوە تا(٢٠٠٨/٥/١) بڕی (١,٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیارو حەوسەدو پەنجا ملیۆن دینار دەرمان كراوە بۆ خەستەخانەی هیوا كە خەستەخانەی شێرپەنجەیە لەسلێمانی. وە هەردوو خەستەخانەكەی سلێمانی وهەولێر ژمارەیەكی زۆر نەخۆشی دەرەوەی هەرێم ئەبینن كە ئەكاتە نزیكەی ٤٠٪ نە خۆشەكانیان بۆیە پێوستە بەشی دەرمانیان لە بەغداوە بۆ زیاد بكرێت وپرۆژەی فراوانكردنی خەستەخانەی نانەكەلی ئەنجام بدرێ و برەوی زیاتر بدرێت بە راگەیاندن و هانی هاوڵاتیان ولێپرسراوان بدرێت كە پیتاك بدەن بەم ناوەندە بەكەلكە وەك لە هەموو جیهان پەیرەو ئەكرێ.

لیژنەی تەندروستی و كارو كاروباری كۆمەڵایەتی

## بەسەرکردنەوەی مەیدانی

بەمەبەستی بەدواداچوون و هەندێ بەسەرکردنەوە رۆژی یەکشەممە بەرواری (٢٠٠٨/١١/٩) لیژنەکەمان هەڵدەستێ بە بەسەرکردنەوەی دەزگا کۆمەڵایەتی و تەندروستیەکانی سنووری پارێزگای دهۆك، بۆ ئاگاداری جەنابتان و رەزامەندی.

لەگەڵ ریزماندا...

**د. فوئاد بابان**
**سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

## راپۆرت لەسەر دەرمان

پاش ئەوەی چەند ساڵێکە کەرەستەی دەرمان و خواردەمەنی بەبێ چاودێری و لێکۆڵینەوە دێتە ناو سنوری هەرێمی کوردستان لەبەشەکانی تری عێراق و سنووره نێودەوڵەتیەکانی کوردستان کەبوەتە هۆی تێکدانی باری تەندروستی هاوڵاتیانی کوردستان , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەباری ئاسایشی نەتەوەیمان لەبواری دەرمان و خۆراکدا لەژێر هەرەشەیەکی گەورەدایە کەزیانێکی گەورە بەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەگەیەنێت ,ئەمەش لەزۆر لاوە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی چەندین نەخۆشی ترسناك.

بەرێزان نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لەچاو (٧ ) حەوت ساڵ لەمەوپێشدا نزیکەی (٤ ) چوار بەرامبەر زیادی کردووە, بۆ نمونە لەساڵەکانی ٢٠٠٠ دا

ڕێژەی نەخۆشی شێرپەنجە لەپارێزگای سلێمانی ٢٥٠ – ٣٠٠ نەخۆش بووە لە ساڵێكدا بەڵام ئەم ڕێژەیە هەر بەرەو هەڵكشان دەچێت بۆ نمونە:

ساڵی ٢٠٠٦ لەپارێزگای سلێمانی (٧٨٢) نەخۆشی شێرپەنجە تۆماركراوە.

ساڵی ٢٠٠٧ لەپارێزگای سلێمانی (١٠٦٧) نەخۆشی شێرپەنجە تۆماركراوە.

وە ساڵی ٢٠٠٨ تا ڕۆژی ١ /٤ /٢٠٠٨ (٢٨٣ ) نەخۆشی شێرپەنجە تۆماركراوە.

ئەم ڕێژانە زۆر ترسناكە وەزیانێكی گەورە بەكۆمەڵی كوردستانی ئەگەیەنێت, هەرچەند هۆكاری ئەم بەرزبونەوەیە بەشێوەیەكی زانستیانە ئاسان نی یە بۆ هۆكارێكی تایبەت بگەڕێتەوە بەڵام ئەوەی ڕویداوە پاش بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لەكوردستان لەساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بەهۆكارێكی گرنگ ئەژمێردرێت بۆ پیس بوونی ژینگە, وە دروست بوونی چەندین نەخۆشی ترسناك و درێژخایەن, خواردنی ناتەندروستی هاوردە بەڕای چاودێرانی پزیشكی ڕۆڵیان هەیە لە دروستكردنی چەندین نەخۆشی ناكاوو درێژخایەن (الامراض الحادة والمزمنة ) . وە لەم دواییەدا بەسەدان تەن خۆراكی خراپ و بەسەرچوو لەلایەن دەزگا تەندروستیەكانەوە دەستیان بەسەردا گیراو سوتێندران . بەڵگەیەكی تر بۆخراپی خواردن ئەوەیە بەر لەچەند مانگێك كۆمپانیایەكی خۆراكی بیانی نمونەی برنجی بازاڕەكانی كوردستانیان وەرگرت و دەریان خست كەڕێژەیەكی زۆری ماددەی (Aflatoxin) ی تێدایە كەئەمە جۆرە كەڕوویەكە (فطريات) بۆماوەیەكی درێژ ئەبێتە هۆی شێر پەنجەی جگەر.

زۆربەی هەرەزۆری هاوڵاتیان گلەیی ئەكەن لەو خواردنەی كەلەبریكارەكانی خۆراك وەری دەگرن كەبۆخواردنی مرۆڤ ناشێت بۆیە داواكارین بەپەلە چارەسەری ئەم كێشەیە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عێراقدا بكرێت وەبەڵگەمان لایە كەڕاستی ئەم بێ كەڵكی خۆراكە ئەسەلمێنێ.

بەرێزان خواردن وخواردنەوە  بە هوکاری گرنك ئەژمێرێت بۆ گواستنەوەی چەندین نەخوشی بۆ مروڤ  وەك گرانەتا، کولیرا، سك چون و ڕشانەوە وچەندین نەخوشی تری ترسناك بەهۆی پەرە سەندنی بازرگانی خوراك لەسەر ئاستی جیهان وکوردستان. ئەمە گرفتی گەورەی بۆ هەموو حکومەتەکانی جیهان دروست کردوە بۆیە هەموو لایەك لە هەولی بەردەوامدان بۆ دابین کردنی خۆراکی پاك وخاوێن وتەندروست .ئەم نەخۆشیانە لە سەر ئاستی جیهان مەترسیەکی گەورەی دروست کردوە بۆ نمونەتەهنا لە سالی ٢٠٠٥ دا(١,٨) ملیون نەخوش بە هۆی سك چونەوە مردوون کە زۆربەیان بە هۆی خواردن وخواردنەوەی پێسەوە بوو. وە لە ئەمریکا سالانە (٥)هەزار هاولاتی بەهوی نەخوشیەکانی گوازراوە لەریگای خوراکەوە گیان لەدەست ئەدەن. ریکخراوی تەندروستی جیهانی لەسالی ٢٠٠٠ دا هەندێك رێنمایی دەرکرد وەك بریار کە سەلامەتی خواردن بەرجەستە ئەکات وەك بەشێکی گرنك لە پارێزگاری تەندروستی کۆمەل. دابێن کردنی بڕێکی زۆری خوراکی هەرێم لەدەروەی کوردستان بە تایبەت بەدرێژایی (١٧) سالی رابردوو هاولاتیانی دووچاری چەندین نەخۆشی کردوەتەوە  بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوەارەو ڕاگوێزراوان رویان لە کوردستان کردوە سەر باری وشکە سالی و کەمی ئاوی خواردنەوە ئەمانە هەر هەمویان وایان کردوە کە نەخوشیە گوازراوەکان (الامراض الانتقالیة) پەرە بسێنێت و زیانی گەورە بەژیانی مروڤ، و ئابوری هەرێم بگەیەنێت. کۆنترول کردنی ئەم کێشەیە هاوکاری هەمەلایەنەی ئەوێت لەنێوان حکومەتی هەرێم وهەموو ئەو جێگا و دەزگایانەی پەیوەستن بە هێنان وئامادە کردنی خۆراك وسەرجەمی هاولاتیان. یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکان بۆ دابین کردنی خۆراکی هاوردەی تەندروست لەرێگای دامەزراندنی دەستەی کوالێتی کۆنترولەوە ئەبێت.

بۆ ئاگاداریتان لێژنەکەمان زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەم گرفتە کۆکردوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە پارێزگای هەولێر (٥٠٧) دەرمانی جۆراوجۆر بە قەبارەی جیا جیا لە ناوبراون لە کۆگای ناوەندی دەرمان جگە لە چەندین تەن خواردنی ناو بازارەکان.

لە پاریزگای دهۆك (٥٩)تەن خۆراکی خراپ سوتێنراوە لەگەڵ برێکی زۆر دەرمان .

لە سلێمانی پتر لە (٣٠٠)مادەی دەرمانی جۆراوجۆر بە قەبارەی جیا جیا لەگەڵ زیاتر لە (٣٠)تەن خۆراك وئاوی نا تەندروست لە ناو براون .

بۆ بەدوا چونی ئەم کێشەیە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ بە ئامادەبونی هەموو ئەندامانی لێژنەکەمان پێشوازیمان کرد لە بەڕێزان کاك عوسمان شوانی (وەزیری پلان دانان ) وکاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان وبەرێزان د.مؤید عبدالرحمن محمد سەرۆکی دەستەی کوالیتی کونترولی خۆراك و بەرێز د. رەمزی عوسمان محمد سەرۆکی دەستەی کوالیتی کۆنترۆلی دەرمان.

لە مانگی ٢٠٠٨/١ دا دەستەی کوالیتی کونترۆلی خۆراك لەوەزارەتی پلان دانا ن دامەزراوە وە تاقیگەیەکیان لە هەولێر ئامادەکردوە وە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەکەوێتەگەر و بەردەوامن لە دامەزراندنی تاقیگەی هاو شێوە لە سلێمانی ودهۆك وخاڵەسنوریەکان، وە بریارەلە ٢٠٠٨/٧/١دا مۆڵەتی هاوردەی جوری (اجازة الاستيراد النوعي) کاری پی بکرێ، ئەم دەستەیە پە یوەندی یان کردوە بە هەموو وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی هەرێمە وە وەك (تەندروستی، پیشەسازی، کشتوکال، وەبەرهینان ، ناوخۆ، ژینگە، ئەنجومەنی وەزیران، تاقیکەی بیناسازی ) ولێژنەیەکی بالا یان پێك هێناوە لە سەر ئاستی

بەڕێوەبەرە گشتیەكا ن وپەیوەندیان كردوە لە گەڵ وەزارەتی پلان دانانی عێراق و ڕێكخراوی سیدای سویدی وچەند دەزگایەكی نێودەوڵەتی بۆكوالێتی كۆنترۆل وحكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو پێداویستیەكانیان بۆ دابین كردون وپلانیان دارشتوە كە لە ماوەی دوو ساڵدا بتوانن ئەم ئەركە بە توانایەكی بەرز ئەنجام بدەن یان بە كورتی بۆ بەسیستم كردنی ئەم پرۆژەیە.

وەدەستەیەكی تر دامەزراوە بۆ كۆنترۆڵی دەرمان لە مانگی ٢٠٠٦/١١ وە لە ٢٠٠٨/٤/٢٠ ئەم دەستەییە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی تەندروستی وە ئەركی سەرەكی بریتیە لە كۆنترۆڵی دەرمان و كەل وپەلی پزیشكی وتا ئێستا مۆڵەتی دامەزراندنی دوو كارگەی (مغذي) یان لە هەولێر وسلێمانی بەخشیوە و ئامادەن لە ٢٠٠٨/٦/١ وە دەست بەكاربن بۆ كونترۆڵ كردنی بازاری دەرمان .

بەرێزان هەڵگرتن وبەفتو كردن وگواستنەوەی خواردن پێویستی بە ئاوێتە كردنی چەندین مادده هەیە كە تێكرا پێیان ئەوتری مادده زیاد كراوەكان (additives or preservative) هەندێك لەم ماددانە گەر بەرێژەیەكی دیاریكراو نەكرێنە ناو خواردنەكانەوە ئەوا زیانێكی زۆر بە مروڤ ئەگەیەنن وەك نایترات و ئەو ئالیكەی(علف) كە ئەدرێت بە مەرو مالات گەر رێژەیەكی بەرزی (aflatoxin) ی تێدابێت لەوانەیە ئەم ماددەیە لە شیری ئەو ئاژەلانە دەركەوێت وببێتە هۆی مەترسی بۆ ژیانی مروڤ، بۆیە هاوكاری وەزارەتەكانی تر لەم رووەوە وەك وەزارەتی بازرگانی و كشتوكاڵ زۆر پێوستە. مەترسیكی تریش بەكارهێنانی (سمادي نايتروجينية ) لە كشتوكاڵدا بەرێژەیەكی بەرز وە دزە كردنی ئەم مادەیە بۆ ئاوی خواردنەوە بە ریژەی بەرز ئەبێتە هۆی (methemoglobinemia) كە ئەمە هۆكارێكە بۆ شێرپەنجەی پێست بۆ یە گەلێك لەوڵاتانی پێشكەوتوو ماددەیەكی تر بەكار ئەهێنن لە كشتوكاڵدا پێی ئەوترێت ( biofertilizer).

پێمان باشە سەرنجتان ڕابکیشین لە سلێمانی وهەولێر نەخۆشخانەی تایبەت بەچارەسەرکردنی نە خۆشیەکانی شێرپەنجە کراوەتەوە بە چاودێری چەندین پزیشکی پسپۆر وشارەزا و خزمەتێکی گەورە بە هاوڵاتیان ئەکەن بۆ نمونە تەنها لە نەخۆشخانەی هیوای سلێمانی لە یەك مانگدا نزیکەی ١٤٠٠ نە خۆش ئەبینن (نە خۆشی کون وتازە)وە لەهەولێر نزیکەی(٣٠٠٠ تا ٤٠٠٠) نەخۆش ئەبینن، بەلاّم ئەم دوو نەخۆشخانەیە پێوستیان بە ڕاهێنانی کارمەند وپزیشکەکانیان هەیە لە نەخۆشخانە تایبەتدمەندیەکانی دەرەوەی هەرێم و گەلێك لە دەرمانە تازەکان دەست ناکەون بۆیە بەرێوەبەرایەتیە تەندروستیەکان ناچارن بەبرە پارەیەکی زۆر بەردەوام دەرمانیان بۆ بکڕن .

بۆ نموونە لەماوەی چوار مانگدا تا وەکو (١/ ٢٠٠٨/٥) بایی (١,٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠) (یەك ملیارو حەوسەدو پەنجا ملیۆن) دینار دەرمان کڕاوە بۆ نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی وە هەردوو نەخۆشخانەکەی سلێمانی وهەولێر ژمارەیەکی زۆر نەخوشی دەروەی هەرێم ئەبینن کە ئەکاتە نزیکەی ٤٠٪ نە خوشەکانیان ،بۆیە پێوستە بەشی دەرمانیان لە بەغداوە بۆ زیاد بکرێت وپرۆژە ی فراوان کردنی نەخۆشخانەی نانەکەلی ئەنجام بدرێ وە برەوی زیاتر بدرێت بە راگەیاندن و هانی هاولاتیان ولێپسراوان بدرێت کە پیتاك پێشکەش بەم ناوەندە بە کەلکە بکەن وەك لە هەموو جیهاندا پەیرەو ئەکرێ.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بریاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |
| د. هالە سهیل | فخریە مصطفی | د. رەمەزان عبدالرحمن | |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | |

# راپۆرت لەسەر خۆپاراستن لە تیشك

رۆژی دووشەممە رێکەوتی (٢٠٠٨/٥/١٩) بەئامادەبوونی بەڕێزان (دارا محمدامین) وەزیری ژینگە و بەڕێز (د.علی حسین احمد)مامۆستای زانکۆو پسپۆر لەبواری تیشك لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا.لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە پرۆژە یاسای خۆپاراستن لە تیشك کرا، وە چەند تێبینیەکیان خستە روو سەبارەت بە پرۆژەیاسای ناوبراو و داوایان لە وەزارەتی ژینگە کرد کە ئەرکەکانی سەنتەری خۆپاراستن لە تیشك پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە کە لە ماددەی (٣)ی پرۆژەکەدا هاتووە،هەروەها سەبارەت بە پێکهاتەکانی ئەم سەنتەرە کە لە مادده (٦)دا هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. گۆڕینی ناوی پرۆژە یاساکە بۆ (سەنتەری خۆپاراستن لە تیشك لە هەرێمی کوردستان) وە لە عەرەبی بکرێ بە (مرکز الوقایه من الاشعاع في اقلیم کوردستان).
٢. ماددەی (١) (دەستەیەك بۆ خۆ پاراستن لە تیشك لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێ وسەر بە وەزارەتی ژینگە دەبێت و فەرمانبەرێك پسپۆر لە مەیدانی خۆپاراستن لە تیشك و لە بەکارهێنانەکانیدا وکاریگەری تیشك لەسەر ژینگە سەرۆکایەتی دەکات) (یؤسس مرکز للوقایة من الاشعاع في اقلیم کوردستان یرتبط بوزارة البیئة، ویرأسها موظف من ذوي الاختصاص في مجال الوقایة من الأشعاع وملما بأستخداماته وتأثیرات الأشعة علی البیئة).
٣. ماددەی (٢) لادرێ.
٤. مادەی (٣) پێداچوونەوە بە ئەرکەکانی ئەم سەنتەرە.

٥. ماددەی (٤) زیادکردنی نوێنەری ئەو دوو وەزارەتە : وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی خوێندنی بالآ.
٦. ماددەی (٥)(دەبێ سەرۆکی ئەو دەستەیە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێ و پسپۆرو شارەزابێ لەم بوارەدا ) (یکون رئیس المرکز بدرجة مدیر عام من ذوي الخبرة و الأختصاص).
٧. ماددەی (٦) دەگۆڕدرێ بۆ: (دەستەکە لەمانە پێك دێت)(یتألف المرکز من). پێکهاتەکەی بگۆڕدرێ.
٨. ماددەی (٧) لادرێ.
٩. ماددەی(٨) لادرێ.
١٠. ماددەی(٩) لادرێ.
١١. ماددەی(١٠) لادرێ.
١٢. ماددەی(١١) بگوازرێتەوە بۆ ئەرکەکانی سەنتەر لە ماددەی (٣).

هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە لەلایەن لێژنەکەمان پێشنیارکرا کە لە پرۆژە یاساکەپێویستە هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە باس بکرێ.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |

| | | |
|---|---|---|
| د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# ڕای لیژنەی هاوبەش
# سەبارەت بە پڕۆژە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە

هەردوو لیژنەی یاسایی و (تەندروستی و کاروکاروباری کۆمەلایەتی) بەپێی حوکمی ڕستەی کۆتایی لە ماددەی (٤٦)و برگە (٤)ی ماددە (٧١)ی پێڕەوی ناوخۆ ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٨/٥/٢٥ بەرامبەر/٤/جۆزەردانی/ ٢٧٠٨ی کوردی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوەو لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی لیژنەکانمان کراوە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٧.

لیژنەکانمان دوای کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدارو گفتوگۆو لێکدانەوەمان ئەو پێشنیارو ڕاسپاردانەی خوارەوەمان هەیە:-

**یەکەم:** بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری پڕۆژە یاسایەکە دەکەین و هەمان شێوازی داڕشتن و، ریزبەندی کە لە یاساو بڕیارە دەرچووەکانی پەرلەمانی کوردستان بەکارهاتووە بگرینەبەرو دوای ڕاستکردنەوەی زمانەوانی تەنها ئاماژە بەو ماددەو برگانە دەکەین کە تێبینیمان لەسەری هەیە:

**دووەم:** سەبارەت بەماددەی (١):

أ- (کوردستانی عێراق) لە هەردوو برگەی دووەم وسێیەم بسڕێتەوە.

ب- لەسەرەتای برگەی (شەشەم) ووشەی (ژینگە) زیادبکرێت بۆ دوای ووشەی ئەنجومەن و ناونیشان دەبێتە (ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا).

**سـێیەم:** سـەبارەت بـە مـاددەی (٦): ڕێكخراوەكـانی ئافرەتـان بكرێتـە (ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی).

**چوارەم:** سەبارەت بە ماددەی (١١):-

أ- لە دووەم وەكیلی وەزیر بكرێتە (وەكیلی وەزارەت).

ب- لـە برگـەی پێنجـەم سڕینەوەی هـەموو خاڵـەكان تـا ریزبەنـدی (ق)و لـە جێگایدا ئەمەی خوارەوە بنوسرێت:.

« پێنجەم : نوێنـەری ئـەو وەزارەتو دەسـتانەی پەیوەندیـدارن بـە ژینگـە كـە لەلایـەن وەزیـرەوە دیـاری دەكـرێن بەمـەرجێ پلـەیان لـە بەڕێوەبـەری گـشتی كەمتر نەبێت : ئەندام ».

خـاڵی (ق) بكرێتـە (شەشـەم) و بـەمجۆرە (نوێنـەری ڕێكخراوەكـانی ژینگـەی ناوخۆیی).

**پێنجەم:** سەبارەت بە مـاددەی (١٢) لیژنـە ڕای وایـە بسڕێتەوە چونكە زیـادەو ریزبەندی ماددەكانیش دوای سڕانەوەی ڕاست بكرێتەوە.

**شەشەم:** سەبارەت بە ماددەی (١٤) كە ریزبەندیەكەی دەبێتە مـاددە (١٣) لیژنـە پێشنیار دەكـات برگەیـەكی تـری بـۆ زیـاد بكرێـت بەریزبەنـدی (حەفتـەم)و بەمجۆرە:-

« حەفتـەم : ئەنجامـدانی ڕووپێـویی پێویـست بـۆ هەڵـسەنگاندنی كاریگـەری ژینگەیی كە دەرەنجامی بەكارهێنانی چەكی قەدەغـەكراوی نێودەوڵـەتی یـە لـە هەرێمدا».

**حەفتـەم:** سـەبارەت بـە مـاددەی (١٦) كـە دەبێتـە مـاددە (١٥) ووشـەی (لەهـەر پارێزگایەك) بكرێتە (لەپارێزگاكانی).

**هەشـتەم :** سـەبارەت بـە ماددەكانی (١٧، ١٨، ١٩) كـە دەبنـە مـاددەی (١٦، ١٧، ١٨) ووشەی (ئەنجومەنی پارێزگا) تیایاندا بكرێتە ( ئەنجومەنی ژینگەی پارێزگا).

**نۆیەم:** سەبارەت بە(بەشی پێنجەم) لەهەر شوێنێکی ئەم بەشەدا ووشەی (هەڵسەنگاندن) هاتووە بکرێتە (مەزەندەکردن) هەروەها ووشەی (رێکارانەی) لە برگە (چوارەم)ی ماددەی (٢٥) کە دەبێتە (٢٤) بسرێتەوە.

**یازدەم :** سەبارەت بە ماددەی (٢٨) کە دەبێتە ماددەی (٢٧) ووشەی (تێخوێندنەوەکان) لە بڕگەی یەکەم بسڕێتەوە.

**دوازدەم :** سەبارەت بە ماددەی (٢٩) کە دەبێتە ماددەی (٢٨) ووشەی (ژینگە) لە کۆتایی بڕگەی (یەکەم) بسڕێتەوە.

**سیازدەم:** لە ناونیشانی (بەشی هەشتەم) ڕستەی (باجوکرێیەکان) بکرێتە (غەرامەوکرێیەکان) هەروەها لە ماددەی (٣٢) کە دەبێتە ماددەی (٣١) بڕگەی (یەکەم) بەمجۆرە دابڕێژرێتەوە:-

(غەرامەیەکی ژینگەیی ساڵانە بەسەر چالاکیە ژینگە پیسکەرەکاندا دەسەپێندرێ کە بەپێی پێرەوێک دیاری دەکرێ و بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت).

**چواردەم :** سەبارەت بە ماددەی (٣٣) کە دەبێتە (٣٢) دەستەواژەی (گەڕانەوە بۆ سەر سەبەبکار بە) بگۆڕدرێت بۆ (سەبەبکار بەرپرسە لە).

**پازدەم :** سەبارەت بە ماددەی (٣٦) کە دەبێتە ماددەی (٣٥) سەرەتاکەی دابڕێژرێتەوە بەمجۆرە:

﴿ وەزارەت پێوەری ئاستەکانی پیس بوونی ڕێگە پێدراو....هتد﴾.

**شازدەم :** سەبارەت بە ماددەی (٣٩) کە دەبێتە ماددەی (٣٨) بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە : ﴿وەزارەت ڕادەی پیسبوونی ڕێگەپێدراو دیاری دەکات بۆ دەرهاوێشتەکانی سەرجەم ئەو چالاکیانەی هەوا پیس دەکەن لەوانەش﴾ :- (بڕگەکان وەکو خۆی بمێننەوە).

**حەڤدەم :** سەبارەت بە ماددەی (٤٤) كە دەبێتە ماددەی (٤٣) ووشەی (ئیعدام) لە كۆتایی بڕگەی (پێنجەم) لە دەقە عەرەبیەكە بسڕێتەوە.

**هەژدەم :** سەبارەت بە ماددەی (٤٥) كە دەبێتە ماددەی (٤٤) ووشەی (باخچەی گشتی ) بسڕێتەوە.

**نۆزدەم :** لیژنەی هاوبەش پێشنیار دەكات هەردوو ماددەی (٥٣و ٥٤) لێكبدرێن و دەبێتە ماددەی ژمارە (٥٢) وە داڕشتنەوەی بەمجۆرە: ﴿ ئەنجومەن بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەكان پلانێكی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كارەساتە ژینگەییەكان دادەنێت وەدەیخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ كارپێكردنی و لە پلانەكەش ڕەچاوی ئەوەی خوارەوە دەكرێت: (بڕگەكانی هەردوو ماددەكە دەكەنە شەش بڕگە لێكدەدرێن).

**بیستەم :** سەبارەت بە ماددەی (٥٩) كە دەبێتە ماددەی (٥٤) لیژنە پێشنیاردەكات بەمجۆرە دابڕێژرێتەوە:-

**یەكەم :** لەگەڵ سەرپێچی نەكردن لەگەڵ هەر سزایەكی توندتر كە لە یاساكانی تردا هاتووە، سەرپێچی كاری حوكمەكانی ئەم یاسایەو پێڕەوو ڕێنماییەكانی كە پێیەوە دەركراون، بە بەندكردن سزا دەدرێت بۆ ماوەیەك كە لە مانگێك كەمتر نەبێتو لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێت یان بەغەرامەیەك كە لە (١٥٠٠٠٠) سەدوپەنجا هەزار دینار كەمتر نەبێتو لە (٢٠٠٠٠٠٠٠٠) دووسەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بەهەردوو سزاكان.

**دووەم :** سزاكە دوو بەرامبەر دەبێتەوە لەكاتی دووبارەكردنەوەی سەرپێچیەكە.

**سێیەم :** وەزیر یان ئەوەی ڕێی پێدەدات بەمەرجێ پلەی لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت بۆی هەیە غەرامەیەك بسەپێنێ كە لە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزاردینار كەمتر نەبێتو لە (١٠٠٠٠٠٠) دەملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەركەسێك كە

سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم یاسایەو پێڕەوو ڕێنماییەکانی بەو پێیەوە دەرکراون بکات.

**بیستویەکەم :** لیژنە پێشنیار دەکات ماددەی (٦٢) ووشەی (وقائیعی کوردستان)ی بۆ زیاد بکرێت و بکرێتە دوا ماددە، سەبارەت بە ماددەی (٦٣) کە دەبێتە ماددەی ژمارە (٦٠) بەمجۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:.

﴿ پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن﴾.

**بیستودووەم :** سەبارەت بە هۆکاری دەرچواندن ئەوا لیژنەی هاوبەش پشتیوانی لێ دەکات لەبەر ئەوەی مەبەست لەدەرکردنی ئەم یاسایە دەگرێتە خۆ.

داواکارین پرۆژەکەو ڕای لیژنەی هاوبەش بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ گفتوگۆو ڕادەربڕین لەسەری.

لەگەڵ ڕێزماندا...

| | | |
|---|---|---|
| دادوەر/ عبد الكريم هموند | دادوەر/ عوني البزاز | شێروان حيدرى |
| بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسای | سەرۆکی لیژنەی یاسایی |
| د. نوري طالباني | طارق جامباز | كريم بحري |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خليل ابراهيم | محمد صالح اسماعيل | دلێر محمد شريف | قادر سعيد خضر(زانا) |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی | د.هالة سهيل | صبرية غفار | د. فؤاد أحمد بابان |

# داواكاری بەپەلە

پاش ئەوەی چەند ساڵێكە كەرەستەی دەرمان و خواردەمەنی بەبێ چاودێری و لێكۆڵینەوە دێتە ناو سنووری هەرێمی كوردستان لەبەشەكانی تری عێراق و سنوورە نێو دەوڵەتیەكانی كوردستان كە بویتە هۆی تێكدانی باری تەندروستی هاوڵاتیانی كوردستان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەباری ئاسایشی نەتەوەییمان لەبواری دەرمان و خۆراكدا لەژێر هەڕەشەیەكی گەورەدایە كە زیانێكی گەورە بەهەموو تاكەكانی كۆمەڵگەی كوردستان دەگەیەنێت، ئەمەش لەزۆر لاوە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی ترسناك، لە سەرووی هەمووشیانەوە نەخۆشیەكانی شێرپەنجە كەلەچاو (٧)حەوتساڵ لەمەو پێشدا نزیكەی (٤)چوار بەرامبەر زیادی كردووە،بۆ نموونە لەساڵەكانی ٢٠٠٠ دا ڕێژەی نەخۆشی شێرپەنجە لە پارێزگای سلێمانی ٢٥٠-٣٠٠ نەخۆش بووە لەساڵێكدا بەڵام ئەم ڕێژەیە هەر بەرەو هەڵكشان ئەچێت، بۆ نموونە:

ساڵی ٢٠٠٦ لەپارێزگای سلێمانی (٧٨٢) نەخۆشی شێرپەنجە تۆمار كراوە.

ساڵی ٢٠٠٧ لەپارێزگای سلێمانی (١٠٦٧) نەخۆشی شێرپەنجە تۆمار كراوە.

وەساڵی ٢٠٠٨ تا ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١ (٢٨٣) نەخۆشی شێرپەنجە تۆمار كراوە.

ئەم ڕێژانە زۆر ترسناكە وە زیانێكی گەورە بە كۆمەڵی كوردستانی ئەگەیەنێت، هەرچەند هۆكاری ئەم بەرز بوونەوەیە بە شێوەیەكی زانستیانە ئاسان نیە بۆ هۆكارێكی تایبەت بگەڕێتەوە بەڵام ئەوەی رویداوە پاش بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە كوردستان لە ساڵانی ١٩٨٧و ١٩٨٨ بە هۆكارێكی گرنگ ئەژمێردرێت بۆ پیس بوونی ژینگە، وەخواردنی ناتەندروستی هاوردە بە ڕای چاودێرانی پزیشكی ڕۆڵیان هەیە لە دروستكردنی چەندین نەخۆشی ناكاوو درێژخایەن(الامراض الحادة والمزمنة).

لەشەوی دووشەممەدا ٢٠٠٨/٤/٢٢ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی کوردستان بەرنامەیەکی زانستی پێشکەش کرا بەبەشداری دکتۆر مۆید (بەڕێوەبەری دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵ) چەندین نموونەیان پیشاندا بۆ بوونی خواردن و شمەکی ناتەندروست لەبازاڕەکانی کوردستاندا ئەمە جگە لەوەی بەسەدان تەن خۆراکی خراپ لەلایەن دەزگا تەندروستیەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراو سوتێندران. بەڵگەیەکی تر بۆ خراپی خواردن ئەوەیە بەر لەچەند مانگێك کۆمپانیایەکی خۆراکی بیانی نموونەی برنجی بازاڕەکانی کوردستانیان وەرگرت و دەریان خست کە ڕێژەیەکی زۆری ماددەی(Aflatoxin)ی تێدایە کەئەمە جۆرە گەروویەکە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەبێتە هۆی شێرپەنجەی جگەر. ئەمانە تێکڕا نموونەیەکی بچوکن لەم بازاڕە بەرەڵایەی لە کوردستاندایە، بۆیە بەپشت بەستن بەماددەی ٥٤ ، برگەی ٢ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لێژنەکەمان داواکارە زۆر بەپەلە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار بکرێتەوە و وەزیرانی پەیوەندیدار بانگهێشت بکرێن (وەك وەزیرانی تەندروستی، بازرگانی ، ژینگەو ناوخۆ) بۆ پەرلەمان بۆ لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە ودۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بەرگری کردن لە بەر هەڵدانی چەندین نەخۆشی و پارێزگاری کردن لە تەندروستی هاووڵاتیان.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. ڕۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |

| | | |
|---|---|---|
| د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرت

لەسەر راسپاردەی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی لێژنەکەمان(لێژنەی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) رۆژی(٢٠٠٨/٧/١٨)کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی لەهەولێر چاوی کەوت بەبەڕێز پرۆفیسۆر(پاتریك) نوێنەری وەزیری دەرەوەی فەرەنسا(بەرێز برنارد کوشنار) کە بۆ تاوتوێ کردنی باری تەندروستی هەرێم هاتبوو لەسەر داوای سەرۆکی حکومەتی هەرێم (بەرێز نێچیرڤان بارزانی).

ناوبراو بەر لە چەند رۆژێك لەگەڵ وەزیری تەندروستی و چەندین لێپرسراوی زانکۆی پزیشکی و لێپرسراوی خوێندنی باڵاو راگری کۆلێژی پزیشکی کۆبۆوەو بە تێرو تەسەلی باری تەندروستی هەرێمیان تاوتوێ کرد بەتایبەتی کەم وکوڕی سیستەمی تەندروستی و کەلێنەکانی ئەم خزمەتگوزاریە. پاشان بە هاورێیەتی سەرۆکی لێژنەکەمان سەردانی سلێمانیمان کرد، هەروەها ناوبراومان ئاشنا کرد بە بەشەکانی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی دڵ لە سلێمانی و کۆبوونەوەیەکمان سازدا لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بەرێز (د.حمە دلشاد)و بەرێز (د.ئارام بارام) پسپۆری نەشتەرگەری دڵ و سیەکان کە دەرچووی زانکۆکانی فەرەنسایە. لەو دانیشتنەدا بیرورا ئاڵ و گۆڕکراو چەندین تێبینی ورد تاوتوێ کران لەسەر ڕەوشی تەندروستی. پاشان سەردانی بەڕێز فاروقی مەلا مستەفامان کردو چاومان کەوت بە دیزاینی ئەو نەخۆشخانە تایبەتیەی کە خەریکی دروست کردنیەتی و بڕی (١٠٠) سەد ملیۆن دۆلاری تێ ئەچێ.

پاشان لەسەر داوای بەڕێز خاتو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) سەردانمان کرد ئەویش چەند پێشنیارو راسپاردەی بەجێی خستە بەرچاوی ناوبراو.

لەئەنجامدا بەڕێز پڕۆفیسۆر پاتریك گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بەرز لە هەولێر ببەسترێت بۆ پێداچوونەوەی سیستەمی تەندروستی بەبەشداری پسپۆڕانی بواری پزیشکی و دارایی و بازرگانی و کۆمەڵایەتی لە شارەزایانی کوردستان و فەرەنسا بەوەی کە گۆڕینی سیستەم پێویستی بەبەشداری چەند شارەزای ئەم بووارانە هەیە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو سیستەمانەی کەلە وڵاتانی دەوروبەر پەیڕەو ئەکرێت لەسەر ڕۆشنایی بودجەی هەرێم و توانای هونەریی کادیرەکانی بواری خزمەتگوزاری تەندروستی.

**د.فوئاد ئەحمەد بابان**

**٢٠٠٨/٧/١٩**

# نەخۆشیەکانی چەکی کیمیاوی

وەك ئاشکرایە کە لێدانی هەڵەبجە بە چەکی کیمیاوی لە ١٩٨٨/٣/١٦ بوە هۆی لە ناوبردنی (٥) هەزار رۆڵەی بێ گوناهی ئەو شارەو وێران کردنی شارێك بەچەکی کۆمەڵ کوژ بێ ئەوەی لەوساتانەدا کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ورتەی لێوە بێت.

سەرەڕای ئەوە بەهۆی کاریگەری ئەم چەکانەوە سەرتاپای شارەکەو دەورو بەری ژەهراوی بوو,ئەمەش ئاسەواری درێژخایەنی لەسەر مرۆڤ، و هەموو گیانلەبەران و ژینگەی ناوچەکە بەجێ هێشتووە.

ئنستیتیوی کوردی لە واشنتۆن ساڵی ٢٠٠٠/١٩٩٩ پرۆگرامێکی لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا لەسەرتاپای کوردستاندا کە(٢٠٠٠) دووهەزار خێزانی گرتەوەو لەئەنجامدا راپۆرتێکی زانستی بلاْوکردەوەو روونی کردەوە دانیشتوانی کوردستان لە ناوچە کیمیا بارانکراوەکاندا دووچاری چەندین نەخۆشی درێژ خایەن بوون وەك (شێرپەنجەو نەخۆشی سیەکان و چاوو پێست و مێشك و نەخۆشیکۆرپەلەو و لە بار چوون و نەزۆکی.....هتد ).

بەڕێزان ئەمە کارەساتێکی بەرفراوانە وە لە هەموو ئەو ناوچانەی کە نزیکەی (٢٥٠) گوندو شارۆچکەن بەدی ئەگرێت کە بە چەکی کیمیاوی لێدراون وە ئەم نەخۆشیانە تەندروستی و ژیانی هاوولاْتیانی کوردستان ئەخەنە ژێر مەترسی لە ناوچوونێکی بێدەنگەوە. وەلەبەرئەوەی ئەم نەخۆشیانە درێژخایەنن بۆ یە پێویستیان بە چارەسەری درێژخایەن هەیە.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یەکێك بووە لە هەرە درندانە ترین تاوانەکانی رژێمی (صدام حسين)کەسەرکردەی وولاْتێك بەرامبەر بە هاوولاْتی وولاْتەکەی خۆی بیکات، وەك روونە نزیکەی (٢٠٨) کۆمپانیای جۆراو جۆری ئەم جیهانە دەستیان هەبووە لە پڕچەك کردنی عێراق بە تەکنەلۆژیای ئەم

چەکانە وەتاوانبار کردنی سەرانی عێراق لەدادگای تاوانەکانی عێراق بە جینۆساید ئەرکی قەرەبوو کردنەوە و سارێژ کردنی هەموو ئەو زەرەرو زیانانەی بەر دانیشتوانی کوردستان ئەخاتە سەر حکومەتی عێراق وەك میراتگری حکومەتەکەی (صدام) وەکۆمەلگای نێودەوڵەتیش بەرپرسیارە لە رووی مرۆیی و یاساییەوە بەرامبەر بەم تاوانە. بەداخەوە هەردوو لایان کەمتەرخەم بوون لە بەهانا هاتنی دانیشتوانی کوردستان کە قوربانی لێدانن بە چەکی کۆمەڵ کوژی(W.M.D) ئەو چەکەی کە بووە هۆی بیانویەکی گەورە بۆ هەلگیرساندنی شەڕی (٢٠٠٣) و ڕامالینی دیکتاتۆریەت لەعێراق .

بەرێزان، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی زۆری کردووە بۆ یارمەتی ئەم قوربانیانە وە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان بەلآم بەربلآوی و قەبارەی ئەم کارەساتە وادەکات کە هەموو پێویسیەکان جێ بە جێ نەکرێن. حکومەتی هەرێم چەندجارێك نەخۆشی پەیوەست بە چەکی کیمیاوی ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم کردووەو بەتەنگیانەوە هاتووە، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش یارمەتی هەموو قوربانیانی لەبەجێماوانی ئەنفال و کیمیا باران داوە.

هەورەك ئاماژەمان پێدا ئەم نەخۆشیانە درێژخایەنن بۆیە پێویستیان چارەسەری بەردەوام هەیە وە داواکارین کارەخزمەتگوزاریەکان زیاتر چڕ بکرێنەوە لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە چەکی کۆمەڵ کوژ لێدراون. بەرێزان، ئێستا بەرێوەبەرایەتی تەندروستی هەڵەبجە تۆماری (٦٩) نەخۆشی لایە کە پێویستیان بە چارەسەر هەیە وە پتر لە (٢٠٠) نەخۆشیش پێویستیان بە چاودیری بەردەوام هەیە بۆیە داواکارین کۆبونەودیەکی نائاسایی ئەنجام بدرێت بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە.

**لیژنەی تەندروستی و کۆمەلآیەتی**

# شەهید مەئموون دەباغ لە چەند دێرێکدا

هاورێیەکی دڵسۆزو خۆراگری خەباتی سەختی گۆرەپانی کوردایەتی بوو لەشەستەکاندا کاتێك قوتابی کۆلێژی یاسا بوو، وەلەگەڵ خوالێخۆشبوو(دکتۆر باقی) برایدا هەمیشە سەرقاڵی بەهێزکردنی رێکخستنەکان بوون.

لەساڵی(١٩٦٢) خوالێخۆشبوو ئەندامی لێژنەی ناوچەی بەغدادی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەندامەکانی تری ئەو لێژنەیە هەریەك لە بەرێزان دکتۆر ئەحمەد شاڵی، خوالێخۆشبوو دکتۆر سەروەری حەمەی دەروێش کەریم، خوالێخۆشبوو مەحموودی مەلاعزەت و کاك ئەسعەدی خەیلانی بوون.

لەو رۆژانەدا گرتن و راوەدوونانی هێزە تێکۆشەرو پێشکەوتوو خوازەکان بەردەوام بوو، ئەوەبوو چەندکەس گیران و ئەشکەنجە دران وەك بەرێزان(ئیبراهیم میرانی کەبەیەکەوە گیرابووین. پاشان گرتنی خوالێخۆشبوو سەروەری حەمەی دەروێش کەریم و جمال شاڵی، محمد مەمەند، ئەو کاتە خوالێخۆشبوو شەهید صالح یوسفی لێپرسراوی لقی چوار بوو لە بەغدا، جا بۆیە ئەرکی زیاتر ئەکەوتە سەرشانی ئەو ئەندامانەی لەدەرەوەی زیندان بوون.

ماوەیەك بەرلەوەی بریاری چوونە دەرەوە بدات بۆ ناو هێزی پێشمەرگە، خوالێخۆشبوو مەئموون دەباغ زۆر لە ئێمەوە نزیك بوو وە سەردانی ئەو شوێنە نهێنیەی ئەکرد کە هەمانبوو لە بەغدا جدیدە.

هەواڵی شەهید بوونی خوالێخۆشبوو خەمێکی گەورە بوو وەتا ئێستاش برادەرەکانی کۆنی یادەوەریەکانی بە سەربەرزی ئەگێرنەوە، پێش شەهید کردنی لەناوچەی چەمی رێزاندا کاری رێکخستنی کردووە وە زۆر چالاك بووە و پێش شەهید کردنی سەردانی دکتۆر ئەحمەد شالی کردووە لە ناوچەی قەرەداخ وە بەوی راگەیاندووە کە هەوڵی بەهێزکردنی رێکخستنەکان ئەدا وە

دکتۆر ئەحمەد ڕێنمایی کردووە کەنەچ ێتە ناو شەڕەوە بەتایبەتی کە خوالێخۆشبوو بەردەوام ئەبوایە چاویلکەی لە چاودا بوایە. بەڵام بەداخەوە خوالێخۆشبوو سووربوو لەبەشداری شەڕی پێشمەرگایەتیداو ئەوەبوو گیانی پاکی خۆی کردە دیاری بۆ ڕوون کردنەوەی ڕێگای ڕزگاری، هەر بەو بۆنەیەوە بیری نەوەکانی ئەمرۆی دێنمەوە کە دکتۆر ئەحمەد شاڵی کە ئێستا لەسلێمانی خانە نشینە یەکەم پزیشك بوو کە پەیوەندی کرد بە شۆرشی ئەیلوولەوەو پاش ئەویش دکتۆر مەحموود عەلی عوسمان کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانی عێراقە.

دەبا یادی ئەو تێکۆشەرە نەبەردانە هەرزیندوو بێت.

**دکتۆر فوئاد ئەحمەد بابان**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠٠٨/٧/١٣**

# راپۆرت

لەماوەی پشووی پەرلەماندا لە مانگی (٧)و(٨)ی ٢٠٠٨ ئەم چالاکیانەمان ئەنجام داوە:

١/ سەردانی نەخۆشخانەی منداڵبوون و نەخۆشی منداڵان و نەخۆشخانەی گشتی و بنکەی تەندروستی نەخۆشیەکانی سینگ و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان و لێپرسراوی بەشی دەرمان و کەل و پەلە پزیشکیەکان وتوویژمان کردووە وە لەناوەڕاستی مانگی(٢٠٠٨/٨) بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی و سەرۆکی بەشی خۆپاراستنمان بانگ کرد بۆ نوسینگەی پەرلەمان لەسلێمانی، وەپەیوەندیمان کرد بە دیوانی وەزارەتی تەندروستی وە چەندین زانیاریمان بەژمارە کۆکردوەتەوە لەبارەی ڕەوشی تەندروستی لەسلێمانی و پارێزگاکانی تری هەرێم وە کێشەکانمان دیاری کردووە لە چەند روویەکەوە:

**لەبارەی نەخۆشخانەی منداڵبوون لە سلێمانی**

أ/ژمارەی منداڵبوون لە نەخۆشخانە لە هەڵچووندایە بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٩٦ دا (٦٠٥٤) منداڵ لەدایك بووە. وە لەساڵی (٢٠٠٧) (١٣٨٨٣) منداڵ لەدایك بووە. بەڵام ژمارەی منداڵ بوون بە نەشتەرگەری ( القیصریه ) لەدایك بوون دەگاتە ٣٢٪ کە ئەمە ڕێژەیەکی بەرزە بەبەراورد بەرێژەی هاوشێوەی کە ئەبێت لە سنووری (٥-١٥٪) بێت. هەرچەندە ئەم رێژەیە لە خەستەخانە تایبەتیەکاندا بەرزتریشە.

ب/ژمارەی ئەو منداڵانەی لەناوچوون لەساڵی ٢٠٠٧ بەم شێوەیە بووە:

- ژمارەی لەدایك بوونی مردوو = ٣١٢

- ژمارەی مردووی خودەج = ١٥٨
- ژمارەی لەبارچوون = ٧١٥

کۆی گشتی ئەکاتە ٢٢٢١

کەواتە لەساڵی ٢٠٠٧ لە سلێمانی (٢٢٢١) منالْمان لەدەست چووە بە هۆی هەرسێ هۆکارەکەوە کە دەبێ هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ کەمکردنەوەی هۆکارەکانی. وەهەر لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧ دوو دایك گیانیان لە دەست داوە، وەتێکڕای ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی ئەم نەخۆشخانەیەیان کردووە دەکاتە (٣٢٣٣٧) نەخۆش .

## نەخۆشخانەی منالان:

ژمارەی نەخۆشی توشبوو بە گرانەتا تا ٢٠٠٨/٧/٣١ (٤٤٠) نەخوش بووە بەبەراورد بە دریژایی سالی ٢٠٠٧ ئەم ژمارەیە ( ٥١٢) نەخوش بووە .کۆی گشتی سك چوون لەم نەخوشخانەیەدا کە چارەسەر کراون ١٣٤٩٢ نەخوش بووە.

## یەکەی فریاکەوتنی سلیمانی:

ژمارەی سك چوون و رشانەوە تا ٢٠٠٨/٨/١٣ (٦٦٢) نەخوش بووە. وە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی نەخوشخانەو بنکە تەندروستیەکانی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سلیمانیان کردووە (نەك هەموو پاریزگا) ١,٦٤٢,٨٤٩ لەساڵی ٢٠٠٧.

لەسالی ١٩٩٣ لە هەموو پاریزگای سلێمانی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی کردووە = ٢,١٨٣,٢٢٣ نەخۆش بووە . واتە زیاتر لە دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوان سەردانی نەخۆشخانەکان ئەکەن.

## ژمارەی توشبوو بە گرانەتا لە پارێزگای سلێمانی:

بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو لە زیادبووندایە، ژمارەی ئەو نەخۆشانەی وەك گرانەتا چارەسەر کراون لەنەخۆشخانەکانی سلێمانیدا لە هەڵچووندان بۆ نموونە:

لەساڵی ٢٠٠٦ (٥٧٩) نەخۆش بووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧دا (٢٤٤٣) نەخۆش بووە. وەبە تەنها لە حەوت مانگی ٢٠٠٨ دا (٦٤١٣) نەخۆش بووە ، بەڵام ژمارەی ئەو نەخۆشانەی بە چاندنی خوێن(زرع الدم) سەلمێنراون زۆر لەم ژمارانە کەمترە.

## دەرمان:

کۆی نرخی ئەو دەرمان و کەرەستە پزیشکیانەی کەلە بەغداوە نێردراوە بۆ سلێمانی بەم شێوەیە بووە:

لە (٢٠٠٨/١/١) تا (٢٠٠٨/٨/١) بایی ٢٣,٧٧٨,٢١٩ ملیار دینارە.

وە نرخی ئەو دەرمان و کەرەستە پزیشکیانەی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی کڕیویەتی لەسەر بودجەی خۆی بەم شێوەیە بووە:

لە(٢٠٠٨/١/١) تا (٢٠٠٨/٨/١) بایی ٣,٣٠٥,٠٠٠ ملیار دینار بووە.

## هەندێ کێشەی دەرمان:

١. هەندێك دەرمان بەرێژەیەکی زۆر کەم لە بەغداوە دێت بەتایبەتی دەرمانی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە .

٢. نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەغدا بۆ هێنانی دەرمان لە بەغداوە بەرێزێکە کە پسپۆری بواری تەندروستی نییە، کە ئەستەمە یەکێك لەبواری پزیشکیدا کاری نەکردبێت لەدەرمان بگات.

٣. کۆمپانیاکانی دەرمان ناوی خۆیان دەگۆڕن کە ئەمەش کێشە بۆ وەزارەت دروست دەکات.

٤. هەندێك دەرمان کە مۆری وەزارەتی تەندروستی بەغدای لەسەرە (MOH) لەبازاردا ئەفرۆشرێت.

٥. ژمارەیەك کۆمپانیای دەرمان ساختەن (مزور)یان لاسایی کۆمپانیا ناودارەکانی دەرمان دەکەنەوە.

٦. چارەسەر ئەوەیە کوالیتی کۆنترۆڵ توندو تۆڵ بکرێت.

٧. دەرمانی رێگا پێدراوی هەر کۆمپانیایەك دیاری بکرێت نەك هەر کۆمپانیایەك بۆی هەبێت هەموو دەرمانێك بهێنێتە هەرێمەوە.

٨. واباشە هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بەغدا لەهێنانی دەرمان و دابەش کردنیدا بە میکانیزمێك کە هەردوولا کۆك بن لەسەری. لیژنەیەك لە وەزارەت هەبێت بۆ دەستنیشان کردنی ئەو دەرمانانەی ئەهێنرین(لجنة انتقا الادوية ) وە هاوکاری سەندیکای دەرمانسازان بکرێت بە پێی شارەزاییان. وەئەو دەرمانانەی وەزارەتی تەندروستی بەغدا هاوردەی ئەکا بە گشتی جۆرێکی باشە.

٩. کۆگای دەرمانی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی مەرجی هەڵگرتنی دەرمانی بەپێی پێوەرە تەندروستیەکانە.

پێشنیار ئەکەین پشتگیری ئەو بنکە تەندروستیە خێزانیە بکرێت کە لەهەولێر کراوەتەوە، وە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت گەر گونجاو بێت بکرێتە بناغەی گۆڕینی سیستەمی تەندروستی وە لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ دانانی کارتی تەندروستی(البطاقة الصحية).

لەسەر رۆشنايى ئەو راپۆرتانەى لێژنەكەمان دەستى كەوتووە لە وەزارەتى تەندروستى هەرێمەوە لەسەرتێكراى هۆكارە سەرەكيەكانى مردن لە هەرێمدا تێبينيەكانمان بەم شێوەيەيە:

(١) لەساڵى ٢٠٠٧ لەو ئامارەى كە هۆكارەكانى مردنى دياريكردووە بۆ ئەو تەمەنانەى لەسەرو پێنج ساڵانن ئەمانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە رووداوە جۆراوجۆرەكان گەورەترين و سەرەكيترين هۆكارى مردنن لەهەر سێ پارێزگاكانى هەرێمدا، ئەمە وائەكات كە لە هۆكارە جۆراوجۆرەكانى بكۆڵرێتەوە بەتايبەتى هۆكارى رووداوەكانى ڕێگاو بان و توندو تيژى... هتد.

(٢) ئەو نەخۆشيانەى كە پەيوەنديان هەيە بە نەخۆشى خوێنبەرەكان و نەخۆشيەكانى دڵ ودەماغ (ألاوعية الدموية في القلب والدماغ). هۆكارى دوهەمن بۆ مردن، ئەمەش وائەكات كە هۆكارە سەرەكيەكان گرنگيان پێ بدرێت وەك:

- هاندانى هاوڵاتيان بۆ نزم كردنەوەى كێش.
- هاندانى هاوڵاتيان بۆ وەرزشكردن.
- هاندانى هاوڵاتيان بۆ وازهێنان لە جگەرە كێشان.
- چارەسەركردنى نەخۆشى پاڵەپەستۆى خوێن و شەكرە بەبەردەوامى وە بە رێك و پێكى، وە بۆ ئەم مەبەستە برەوى زياتر بدرێت بە چارەسەركردنى نەخۆشيە دريژخايەنە نەگوازراوەكان (ألامراض المزمنة غير الانتقالية).
- گۆران لە شێوەى ژيانى هاووڵاتيان بە گشتى (خواردن و جوولان وەك پێى ئەوترێ (life style changes) ئەوەى تێبينى ئەكرێت رێژەى نەخوشيەكانى دڵ و خوێنبەرەكان لە پارێزگاى دهۆك لە هەموو

پارێزگاكانی تری هەرێم بەرزترە كە ئەمە پێویستی بە لێكۆڵینەوە هەیە.

ئەبێ جەخت بكرێت بەپەلە ئاوی پاك لەهەموو شارو شارۆچكەكاندا دابین بكرێ وە ئاوەرۆ دروست بكرێ لەسەرتاپتی هەرێمدا بەشێوەیەكی ئەندازیاری گونجاو لەگەڵ بەرەودان بە كێشەكانی ڕێگاوبان و زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل لەشارەكاندا كە هەم ڕووداوی هاتووچۆی زۆر كردووە و هەم هۆكارێكە بۆ پیس بوونی ژینگەی شارەكان.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. ڕۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بریاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆكی لیژنە |

| | | |
|---|---|---|
| د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرت

پاش ئەوەی چەند ساڵێکە کەرەستەی دەرمان و خواردەمەنی بەبێ چاودێری و لێکۆڵینەوە دێتە ناو سنوری هەرێمی کوردستان لەبەشەکانی تری عێراق و سنوورە نێودەوڵەتیەکانی کوردستان کەبوەتە هۆی تێکدانی باری تەندروستی هاولاتیانی کوردستان ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەباری ئاسایشی نەتەوەیمان لەبواری دەرمان و خۆراکدا لەژێر هەرەشەیەکی گەورەدایە کەزیانێکی گەورە بەهەموو تاکەکانی کۆمەلگای کوردستان دەگەیەنێت ،ئەمەش لەزۆر لاوە دەبێتە هۆی بلاوبونەوەی چەندین نەخۆشی ترسناک .

بەرێزان نەخۆشیەکانی شێرپەنجە لەچاو (٧ ) حەوت ساڵ لەمەوپێشدا نزیکەی (٤ ) چوار بەرامبەر زیادی کردووە، بۆ نمونە لەساڵەکانی ٢٠٠٠ دا رێژەی نەخۆشی شێرپەنجە لەپارێزگای سلێمانی ٢٥٠ – ٣٠٠ نەخۆش بووە لە ساڵێکدا بەلام ئەم رێژەیە هەر بەرەو هەلکشان دەچێت بۆ نمونە:

ساڵی ٢٠٠٦ لەپارێزگای سلێمانی (٧٨٢) نەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراوە .

ساڵی ٢٠٠٧ لەپارێزگای سلێمانی (١٠٦٧) نەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراوە .

وە ساڵی ٢٠٠٨ تا رۆژی ١ /٤ /٢٠٠٨ (٢٨٣ ) نەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراوە .

ئەم رێژانە زۆر ترسناکە وەزیانێکی گەورە بەکۆمەڵی کوردستانی ئەگەیەنێت، هەرچەند هۆکاری ئەم بەرزبونەوەیە بەشێوەیەکی زانستیانە ئاسان نی یە بۆ هۆکارێکی تایبەت بگەرێتەوە بەلام ئەوەی رویداوە پاش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەکوردستان لەسالآنی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بەهۆکارێکی گرنگ ئەژمێردرێت بۆ پیس بوونی ژینگە ، وە دروست بوونی چەندین نەخۆشی ترسناک و درێژخایەن ، خواردنی ناتەندروستی هاوردە بەرای چاودێرانی پزیشکی رۆڵیان هەیە لە دروستکردنی چەندین نەخۆشی ناکاوو

درێژخایەن (الامراض الحادة والمزمنة ) . وە لەم دواییەدا بەسەدان تەن خۆراکی خراپ و بەسەرچوو لەلایەن دەزگا تەندروستیەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراو سوتێندران . بەلگەیەکی تر بۆخراپی خواردن ئەوەیە بەر لەچەند مانگێك کۆمپانیایەکی خۆراکی بیانی نمونەی برنجی بازاڕەکانی کوردستانیان وەرگرت و دەریان خست کەڕێژەیەکی زۆری ماددەی ( Aflatoxin ) ی تێدایە کەئەمە جۆرە کەڕوویەکە (فطريات ) بۆماوەیەکی درێژ ئەبێتە هۆی شێر پەنجەی جگەر .

زۆربەی هەرەزۆری هاولاتیان گلەیی ئەکەن لەو خواردنەی کەلەبریکاری وەزارەتەکانی خۆراك وەری دەگرن کەبۆخواردنی مرۆڤ ناشێت بۆیە داواکارین بەپەلە چارەسەری ئەم کێشەیە لەگەلّ وەزارەتی بازرگانی عێراقدا بکرێت وەبەلگەمان لایە کەڕاستی ئەم بێ کەلکی خۆراکە ئەسەلمێنێ .

بەڕێزان خواردن وخواردنەوە  بە هوکاری گرنك ئەژمێرێت بۆ گواستنەوەی چەندین نەخوشی بۆ مروڤ  وەك کرانەتا ، کولیرا ،سك چون و ڕشانەوە وچەندین نەخوشی تری ترسناك بەهۆی پەرە سەندنی بازرگانی خوراك لەسەر ئاستی جیهان وکوردستان. ئەمە گرفتی کەوریی بۆ هەموو حکومەتەکانی جیهان دروست کردوە بۆیە هەموو لایەك لە هەولّی بەردوامەدان بۆ دابێن کردنی خوراکی پاك وخاوەین وتەندروست .ئەم نەخوشیانە لە سەر ئاستی جیهان مەترسیەکی کەوریی دروست کردوە بۆ نمونەتەهنا لە سالّی ٢٠٠٥ دا(١,٨) مليون نەخوش بە هۆی سك چونەوە مردوون کە زۆربەیان بە هۆی خواردن وخواردنەوەی پیسەوە بوو. وە لە ئەمریکا سالأنە (٥)هەزار هاولأتی بەهوی نەخوشیەکانی گوازراوە وە لەریگای خوراکەوە گیان لەدەست ئەدەن. ریکخراوەی تەندروستی جیهانی لەسالّی ٢٠٠٠ دا هەندیك رێنمایی دەرکرد وەك بریار کە سەلامەتی خواردن بەرجەستە ئەکات وەك

بەشێکی گرنك لە باریزگاری تەندروستی کومەل. دابین کردنی برێکی زۆری خوراکی هەرێم لەدەروەی کوردستان بە تایبەت بەدرێژایی (١٧) سالی رابردوو هاولاتیانی دووچاری چەندین نەخوشی کردوتەوە بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەو راگویزراوان رویان لە کوردستان کردوە سەر باری وشکە سالی و کەمی ئاوی خواردنەوە ئەمانە هەر هەموویان وایان کردوە کە نەخوشیە گوازراوەکان (الامراض الانتقالية) پەرە بسینیت وزیانی کەورە بەژیانی مروڤ وئابوری هەرێم بگە یەنیت وکونترول کردنی ئەم کێشەیە هاوکاری هەمەلایەنەی ئەوەیت لەنیوان حکومەتی هەرێم وهەموو ئەو جیگا و دەزگایانەی پەیوستن بە هێنان وئامادە کردنی خوراك وسەرجەمی هاولاتیان .یەکێك لە هەنگاوە گرنکەکان بۆ دابێن کردنی خوراکی هاوردەی تەندروست لەرێگای دامەزراندنی دەستەیی کوالێتی کونترول وە ئەبێت.

بۆ ئاگاداریتان لێژنەکەمان زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەم گرفتە کوکردتەوە بەم شیوەیەی خوارەوە:

لە باریزگای هەولیر (٥٠٧) دەرمانی جوراوجور بە قەبارەی جیا جیا لە ناو براون لە گوگای ناوەندی دەرمان جکە لە چەندین تەن خواردنی ناو بارزارەکان .

لە باریزگای دەهوك (٥٩)تەن خوراکی خراپ سوتینراوە لە گەڵ برێکی زۆر دەرمان .

لە سلێمانی بتر لە (٣٠٠)مادەی دەرمانی جوراوجور بە قەبارەی جیا جیا لەگەڵ زیاد لە (٣٠)تەن خوراك وئاوی نا تەندروست لە ناو براون .

بۆ بەدوا چونی ئەم کێشەیە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٦ بە ئامادەبونی هەموو ئەندامانی لێژنەکەمان بیشوازی مان کرد لە بەرێزان كاك عوسمان شوانی (وەزیری پلان دانان) وکاك سعد وەزیر بۆ کاروباری بەرلەمان وبەرێزان

د.مؤید عبدالرحمن محمد سەرۆکی دەستەی کوالیتی کونترۆلی خوراك وبەرێز د. رەمزی عوسمان محمد سەرۆکی دەستەی کوالیتی کونترۆلی دەرمان لە مانگی ٢٠٠٨/١ دا دەستەی کوالیتی کونترولی خوراك لەوەزارەتی پلان دانا ن دامەزراوە وەتاقیگەیەکیان لە هەولیر ئامادە کردوە وە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەکەویتە گەر وبەردەوامن لە دامەزراندنی تاقیکەی هاو شیوە لە سلێمانی ودەهوك وخالە سنوریکان، وە بریارە ٢٠٠٨/٧/١دا مولەتی هاوردەی جوری (اجازة استیراد النوعي) کاری پی بکرێ ئەم دەستەیە بە یوەندی یان کردوە بە هەموو وەزارەتە پەیوەندی دارەکانی هەرێمە وە وەك (تەندروستی، پیشەسازی، کشتوگال، وبەرهینان، ناوخۆ، ژینگە، ئەنجومەنی وەزیران، تاقیکەی بیناسازی) ولێژنەیەکی بالآ یان پێك هێناوە لە سەر ئاستی بەریوەبەرە گشتیەکا ن وبەیوەندیان کردوە لە گەڵ وەزراەتی بلان دانانی عێراق وریکخراوی سیدای سویدی وچەند دەزگایەکی نیودەولەتی بۆکوالێتی کونترۆل. وحکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردون وبلانیان دارشتوە کە لە ماوەی دوو سالدا بتوانن ئەم ئەرکە بە توانایەکی بەرز ئەنجام بدەن یان بە کورتی بۆ بە سیستەم کردنی ئەم بروژەیە .

وەدەستەیەکی تر دامەزراوە بۆ کونترۆلی دەرمان لە مانگی ٢٠٠٦/١١ وە لە ٢٠٠٦/٤/٢٠ ئەم دەستەییە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی تەندروستی وە ئەرگی سەرەکی برێتیە لە کونترۆلی دەرمان و کەلوپەلی بزشکی وتا ئیستا مولەتی دامەزراندی دوو کارگەی (مغز ی) یان لە هەولیر وسلێمانی بە خشیوە وئامادەن ٢٠٠٨/٦/١ وە بۆ کونترول کردنی بازری دەرمان .

بەرێزان هەلگرتن وبەفتو کردن وگواستنەوەی خواردن بیوستی بە ئاویتە کردنی چەندین مادە هە یە کە تیکرا بیان ئەوتری مادە زیاد کراوەکان (additives or) preservative هەندیك لەم مادانە گەر بەریژەبیەکی

دیاری کراو نەکرینە ناو خواردنەکانەوە ئەوا زیانێکی زۆر بە مروڤ ئەگەیەنن وەك نایترات و ئەو ئالیکەی(علف) کە ئەدریت بە مەرو مالات گەر ڕێژەیەکی بەرزی (aflatoxin) ی تێدابێت لە وانەیە ئەم مادەیە لە شیری ئەو ئاژەلانە دەرکەوێت وببێتە هۆی مەترسی بۆ ژیانی مروڤ بۆیە هاوکاری وەزارەتەکانی تر لەم رووەوو وەك وەزارەتی بازرگانی ووەزارەتی کشتۆگال زۆر پیوستە. مەترسیکی تریش بەکارهێنانی (سمادی نایتروجینیە ) لە کشتوگالدا بەریژەی بەرز وە دزە کردنی ئەم مادەیە بۆ ناوی خواردنەوە بە ریژەی بەرز ئەبێتە هۆی (methemoglobinemia) کە ئەمە هوکاریەکە بوشیر پەنجەی پیست بۆ یە گەلیك ولاتی پیشکەوتوو مادەیەکی تر بە کار ئەهینن لە کشتوکال پی ئەوترێت ( biofertilizer).

پێمان باشە سەرنجتان ڕابکێشین لە سلێمانی وهەولێر نەخۆشخانەی تایبەت بەچارەسەرکردنی نە خوشیەکانی شێرپەنجە کراوەتەوە بە چاودێری چەندین بزیشکی پسپۆر وشارەزا و خزمەتێکی گەورەی هاولاتیان ئەکەن، بۆ نمونە تەنها لە نەخۆشخانەی هیوای سلێمانی لە یەك مانگدا نزیکەی ١٤٠٠ نەخۆش ئەبینن (نە خوشی کۆن وتازە) بەلام ئەم دوو نەخۆشخانەیە پێویستیان بە ڕاهێنانی کارمەند وپزیشکە کانیان هەیە لە نەخۆشخانە تایبەتدمەندیەکانی دەرەوەی هەرێم و گەلێك لە دەرمانە تازەکان دەست ناکەوەن بۆیە بەریوەبەرایەتیە تەندروستیە کان ناچارەن بە بڕی پارەیەکی زۆر بەردەوام دەرمانیان بۆ بکرن . بۆ نمونە لەماوەی چوار مانگدا تا وەکو ٢٠٠٨/٥/١ بایی ( ١٧٥٠٠٠٠٠٠٠ ) دینار دەرمان کرِاوە بۆ نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی وە هەردوو نەخۆشخانەکەی سلێمانی وهەولیر ژمارەیەکی زۆر نەخوشی دەرەوەی هەرێم ئەبینن کە ئەکاتە نزیکەی ٤٠٪ نە خوشەکانیان بۆیە پیوستە بەشی دەرمانیان لە بەغداوە بۆ زیاد بکرێت وبرۆژە ی فراوان کردنی

نەخۆشخانەی نانەکەلی ئەنجام بدری ووبرەوی زیاتر بدرێت بە راگەیاندن و هانی هاولاتیان ولێپسراوان بدرێت کە پیتاك بدەن بەم ناوەندە بە گەلکە وەك لە هەموو چیهان پەیرە و ئەکری.

وە هاوڵاتیان نارەزاییان هەیە لەو بەشە خۆراکەی کە وەری ئەگرن لەبریکارەکانی خۆراك کەبۆ خواردنی مرۆڤ ناشێت، ئێمەش بەڵگەمان بەدەستەوەیە کەراستیی ئەمە ئەسەلمێنێ.بۆیە داوا لەبەرێز وەزیری بازرگانی ئەکەین کەپەیوەندی بکات بەوەزارەتی بازرگانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**د.فوئاد بابان**
**سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی**

## برلمان كردستان و ذوي الأحتياجات الخاصة

ان الحروب والويلات التي تعرض لها شعب كردستان في العراق منذ ستينات القرن الماضي خلفت ورائها جيشا من المعاقين مما يشكل عبئا اجتماعيا وأقتصاديا و ثقافياعلى مجتمعنا، وقد بادر خيرة ابناء شعبنا من المعاقين الى تنظيم انفسهم في جمعيات و منظمات عديدة وقد ساهم العديد منهم في تأهيل الآلاف من اعضائها بشكل سهل معها دمجهم في الحياة الأجتماعية و الأقتصادية ومشاكل هذه الفئات معقدة ومتعددة و بحاجة الى جهود مضنية في كافة القطاعات الاهلية و الحكومية على حد سواء ، ويجب دعم احتياجاتهم بتشريع القوانين والأنظمة التي

تكفل لهم حماية حقوقهم وامتيازاتهم اسوة بالناس العاديين بغية دمجهم بالمجتمع و لجنة الصحة و الشوؤن الأجتماعية في برلمان كردستان على أتم استعداد للتعاون مع المنظمات والجمعيات و الهيئات الحكومية و منظمات المجتمع المدني بغية انتشالهم مما يعانونه من سوء المعاملة و غياب الوعي بتشريع القوانين التي تكفل لهم ان ينعموا بخيرات هذا البلد كغيرهم من الناس السويين .

مع تزايد أعداد المعاقين

# پێشوازیکردن

کاتژمێر(١٠:٠٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٠٨/٩/٢٤) لیژنەکەمان پێشوازی کرد لە بەرێزان (د.شیلان سعدون) و (د.نیان تحسین) لە(بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی- المديرية العامة للأمور الصحية) بەشی دەرمانسازی سەر بە وەزارەتی تەندروستی هەرێم سەبارەت بە وەرگرتنی باری سەرنجیان لەسەر ئەو داواکاریەی کە سەندیکای دەرمانسازان بۆیان ناردوین سەبارەت بە هەندێك تعديلات لە یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان.

دوای وەرگرتنی باری سەرنجیان کە ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو لەگەڵ سەندیکا بۆ هەموارکردنی ئەو برگانە. دواتر گفتوگۆ لەسەر هەندێك خاڵی تایبەت بەمەسەلەی هێنانی دەرمان و کۆنترۆڵی بازار لە رووی سەرچاوەی دەرمان و رۆڵی کوالیتی کۆنترۆڵ لە تۆمارکردنی وەکالەکان و کۆمپانیاو بریکارەکان. هەروەها هەنگاو نان بۆ چارەسەری گرفتی دەرمانی ساختە(تزوير) کە بۆتە دیاردەیەك لە کوردستاندا وە گرفتی دەرمانی بەسەرچوو لەو بەشە دەرمانەی کە لەبەغداوە دێت بۆ هەرێم.

لەلایەکی تر باس کرا دەربارەی گرفتەکانی سەنتەری شێرپەنجە لە هەولێر لە رووی دابینکردنی دەرمانی پێویست لە رووی نرخ و جۆری دەرمان کە زۆر گرانە و پێویستی بە بودجەی تایبەت هەیە، چونکە زۆربەی حاڵەتەکان کەسانی هەژارو بێ دەرامەتن.

هەروەها باس لە گرفتی نەخۆشیەکانی تالاسیمیا کرا لە رووی گرانی نرخی چارەسەریەکان و نەبوونی کەناڵێك بۆ هاوکاریان لە رووی ماددیەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | صبری غفار | ڤیان دزەیی | د. هالة سهيل |
| ئەندام | جێگری سەرۆك | ئەندام | ئەندام |

# تقرير على وقاية من الاشعاع

اجتمعت لجنة الصحة والشؤون الأجتماعية يوم (٢٠٠٨/١٠/١٦) لمناقشة مشروع قانون (هيئة الوقاية من الأشعاع في اقليم كوردستان) الذي تم قرأته الأولى في الجلسة (١٩) في يوم( ٢٠٠٨/٥/٢٨).

**ملاحظات اللجنة:**

**(١) فيما يتعلق** بأسم مشروع القانون، **تقترح اللجنة** له بتبديل اسم المشروع من (هيئة الوقاية من الأشعاع في أقليم كوردستان) الى (مركز الوقاية من الأشعاع في أقليم كوردستان).

**(٢)تقترح اللجنة** اضافة مادة تكون برقم الماة الأولى في المشروع و بالشكل التالي:

**المادة الأولى:**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة أزاءها لأغراض هذا القانون:

١.**الوزارة:** وزارة البيئة في اقليم كوردستان.

٢.**الوزير:** وزير البيئة في أقليم كوردستان.

٣.**المجلس:** مجلس الوقاية من الأشعاع.

٤.**المركز:** مركز الوقاية من الأشعاع في أقليم كوردستان.

٥.**الأشعة المؤينة:** جميع الجسيمات المشحونة أو المتعادلة أو الأشعة الكهرومغناطيسية التي تؤدي الى تأيين المادة بطريقة مباشرة أو غير مباشرة عند سقوطها عليها، و تتضمن جسيمات ألفا و بيتا و النيوترونات و الألكترونات و أشعة كاما و الأشعة السينية.

٦.**الأشعة غير المؤينة:** جميع أنواع الأشعة التي لاتؤدي الى تأيين المادة بطريقة مباشرة عند سقوطها عليها كأشعة الليزر.

٧.**المادة المشعة:** المادة التي يمكن أن تنطلق منها الأشعة المؤينة مثل جسيمات ألفا أو بيتا أو أشعة كاما النيوترونات.

**٨.المصدر المشع:** أي كيان مادي يمكن أن يحدث تعرضا إشعاعيا بسبب إصداره أنواعا من الأشعة المؤينة أو غير المؤينة، أو بسبب إنطلاق المواد المشعة أو تسربها منه.

**٩.جهاز مصدر للأشعاع:** جهاز لايحتوي على أي مادة مشعة وإنما تتم فيه عمليات للحصول على إشعاعات مؤينة أو غير مؤينة.

**١٠.التلوث الأشعاعي:** هي الأنتشار غير المسيطر عليه للمواد المشعة في البيئة المعنية و إندماجها بعد تسربها في مكونات البيئة المختلفة مثل الهواء والماء والتربة لتنتقل بعد ذلك الى الأنسان.

(٣) المادة الأولى من أصل المشروع والتي تصبح برقم المادة الثانية، وتقترح اللجنة أن تكون بالشكل الاتي:

تؤسس مركز للوقاية من الأشعاع في اقليم كوردستان ترتبط بالوزارة، يرأسها موظف بدرجة مدير عام من ذوي الأختصاص في مجال الوقاية من الأشعاع و ملماً باستخداماته و تأثيرات الأشعة على الحياة والبيئة و صحة الأنسان و ممتلكاته.

(٤) المادة الثانية من المشروع والتي تصبح برقم المادة الثالثة، تقترح اللجنة الغائها.

(٥) المادة الثالثة من أصل المشروع، تقترح اللجنة الغائها وان تحل محلها مايلي:

يعتبر هذا المركز بمثابة المرجع الرئيسي للوزارة في مجال الأشعاع و يتولى سلطة الأشراف على تنظيم و رقابة استخدام المواد و المصادر المشعة و الوقاية من أخطارها، ولتحقيق ذلك يقوم بالمهام التالية:

**أولاً:** اقتراح الخطط والسياسات و التشريعات الأقليمية الهادفة لحفظ الحياة والبيئة و الممتلكات من أخطار الأشعة المؤينة وإبداء المشورة للجهات الحكومية أو الأهلية في الأمور المتعلقة بالوقاية من الأشعاع.

**ثانياً:** وضع الحدود والمعايير الأقليمية لجميع التعرضات الأشعاعية وتحديد المستويات المختلفة وحدود التلوث الأشعاعي ي الهواء والماء والتربة وفي جميع المنتجات المتداولة للأغراض المختلفة.

**ثالثاً:** السيطرة على مواقع و حركة المصادر المشعة و مراجعة وتدقيق القياسات الأشعاعية التي ينفذها مستخدموا المواد و المصادر المشعة والأجهزة المصدرة للأشعاع، وتأكيد جودة هذه القياسات، وإجراء جميع القياسات الأشعاعية البيئية على المستوى الأقليمي لتأكيد الألتزام بمعايير الوقاية والكشف عن التهديدات الأشعاعية للحياة والبيئة الناتجة عن مواد ومصادر مشعة موجودة داخل الأقليم أو خارجها.

**رابعاً:** التفتيش الدوري والماجيء على المنشآت والأعمال والممارسات التي تتضمن مصدراً مشعاً أو جهازاً مصدَراً للأشعة، وعلى المصادر والأجهزة والأماكن التي تؤثر على هذه المصادر للتأكد من توفر الأحتياطات اللازمة لمنع الأضرار الجسدية والجنينية والجينية الناشئة عن التعرض لتلك المصادر.

**خامساً:** تنفيذ أعمال الرصد الأشعاعي المستمر والقياسات الأشعاعية البيئية بجميع مكوناتها، والأنذار المبكر بالمخاطر الأشعاعية الداخلية أو الناتجة عن حوادث خارج الأقليم. وأن يتم نقل المادة الحادية عشرة من اصل المشروع الى هذه المادة لأنها ضمن المهام.

**سادساً:** تنظيم الندوات والمؤتمرات التي تسهم في تطوير مستوى الوقاية من الأشعة المؤينة على مستوى الأقليمي والدولي و تشجيع إجراء البحوث والدراسات

والدورات التدريبية التأهيلية للعاملين في مجال الأشعة المؤينة، ونشر الثقافة والوعي العلمي في مجال الحماية من الاشعاع والامان النووي.

**سابعاً:** التنسيق مع الهيئة العراقية لسيطرة على المصادر المشعة ومركز الوقاية من الاشعاع في وزارة البيئة العراقية و الوكالة الدولية للطاقة الذرية في المجالات التالية:

- دراسة طلبات الترخيص ورفعها الى الوزير لأستحصال الموافقة على استراد و النصب الأجهزة المولدة لأشعاع والمصادر المشعة واختيار واقع نصبها او خزنها مع اصدار التعليمات الخاصة بكل منها :
- مراقبة تصريف النفايات المشعة وادارة التخلص من المواد المشعة والنفاياتها و وضع جميع اللوائح والتنظيمات والتعليمات والأرشادات الفنية الخاصة بالنفايات المشعة و قواعد التخلص منها ،وتأكد من عدم تجاوز الحدود المسموحة بها من حيث التركيز والجرعات.

**ثامناً:** اعداد خطة الطوارئ والإستعدادات للمواجهة الحوادث الإشعاعية على مستوى الأقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة والمراجعة والإعتماد خطة الطوارئ الإشعاعية لدى مستخدمي المصادر المشعة والإستعداد للتقديم المساعدة لهم واعداد الجميع التنظيمات الخاصة بالطوارئ الاشعاعية.

(٦) المادة الرابعة من أصل المشروع تقترح اللجنة بتبديل (مدير المركز) ب(رئيس المركز) في الفقرة (١) من المادة.

(٧) المادة الخامسة تقترح اللجنة الغائها لأنها تقع ضمن صلاحيات رئيس المركز .

(٨) المادة السادسة من المشروع تقترح اللجنة إلغائها لأن هذه التشكيلات تدخل ضمن صلاحيات رئيس المركز.

(٩) المادة السابعة تقترح اللجنة إلغائها.

(١٠) المادة الثامنة تقترح اللجنة إلغائها.

(١١) المادة التاسعة تقترح اللجنة إلغائها.

(١٢) المادة العاشرة تقترح اللجنة إلغائها لأن إصدار التعليمات ضمن صلاحيات الوزير و ليس رئيس المركز.

(١٣) المادة الحادية عشر، تقترح اللجنة أن تنقل الى المادة الثالثة لأنها ضمن المهام.

(١٤) تقترح اللجنة إضافة المواد التالية:

- المادة ( )و التي تصبح برقم المادة الخامسة و بالشكل الآتي: (للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون).
- المادة ( ) و التي تصبح برقم المادة السادسة و بالشكل الآتي : (لايعمل بأي نص قانوني يتعارض مع أحكام هذا القانون).
- المادة ( ) والتي تصبح برقم المادة السابعة وبالشكل اللآتي : (ينفذ هذا القانون بعد مضي ٦٠ يوماً من تأريخ نشره في وقائع كوردستان).
- المادة ( ) والتي تصبح برقم المادة الثامنة و بالشكل اللآتي : ( على جميع الوزارات والجهات المعنية تنفيذ هذا القانون).

## الأسباب الموجبة

حفاظا على سلامة المواطنين والحياة والبيئة في أقليم كوردستان العراق ، ومن أجل ضمان توفير الخدمات الخاصة بالوقاية من أخطار الأشعاع و وضع معايير و متطلبات الوقاية و الأمان عند تنفيذ جميع الممارسات والأعمال المعنية بلامصادر المشعة والأجهزة الباعثة للأشعاع و طرق التخلص ومعالجة النفايات المشعة وإقتراح الحدود المحلية لجميع التعرضات الأشعاعية، كذلك تحديد المستويات المعتمدة و الصادرة عن الوكالات الدولية المختصة في مختلف المنتجات الأستهلاكية وأقتراح حدود التلوث الأشعاعي في الهواء والماء والتربة، ولأجله شرع هذا القانون.

## بۆردی پزیشکی خوێندنی باڵای کوردستان

بەڕێزان... ئەم بۆردە بۆردی پزیشکی خوێندنی باڵا چەند ساڵێکە قسەی لێ دەکرێ و گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ چالاککردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لە نەخۆشخانەکان، وەپەرەپێدانی ئاستی تایبەتمەندی پزیشکان لەبوارە جیاجیاکانی پزیشیکیدا، هەنگاوێکی گرنگە بۆ پشتگیری کردنی خوێندنی باڵای پزیشکی لە کوردستاندا، وە متمانەی پزیشکە گەنجەکان زیاد دەکا بە دامەزراوە تەندروستیەکانی هەرێم، بۆیە داواکارین وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئاگادار بکرێت کە تاچەند زووە پەلە بکرێت لە دامەزراندنی ئەم بۆردە.

## بعض الملاحظات على
## مشروع قانون مكافحة العنف الأُسري في أقليم كوردستان

في الوقت الذي نشجب وندين كل إعتداء أو العنف أو الحط من كرامة و حقوق المرأة التي هي الأم والزوجة والأخت والبنت ، وعلى قدسية الزواج الذي غايته إنشاء الرابطة الزوجية و تكوين الأسرة و بقاء النسل لبقاء المجتمع وديمومته وما يثمره من ترابط اسري وأن وجود النص العقابي ضرورة ملحة للحفاظ على حقوق المرأة وكرامة الأسرة، ولكني أرى بأنه يمكن:

١. تحقيق هذه الغاية من خلال تعديل المادتين (٤١٢) و (٤١٣) من قانون عقوبات وحشر ووضع الأفعال والحالات الواردة في الفقرة الثانية (أ،ب،ج،د) وبأستثناء العبارة الأخيرة من الشق (ب) (أي المعاشرة الزوجة معها دون رضاها)ولاحاجة لذكرها...أي بأضافة تلك الحالات الى المادتين المذكورتين بأعتبارها فقرة

جديدة مضافة اليهما وحسب جسامة الفعل والتهمة الموجهة الى الفاعل ولاحاجة لأصدار قانون خاص في مثل هذه الحالات وان العقاب الوارد في المادتين المذكرتين بعد التعديل والأضافة اليهما يكون كفيلاً لوضع حد وتقليل مثل هذه الظاهرة.

٢. ان التحقيق في مثل هذه الحوادث يجري على ضوء قانون اصول المحاكمات الجزائية من قبل المحقق والادعاء العام تحت إشراف قاضي التحقيق المختص والأحالة الى المحكمة المختصة عند توافر أدلة الحالة لينال المسيء جزاءه.كما وأن للمحكمة اتخاذ الأجراءات الوقائية للضحية وأطفالها عند الأقتضاء ابتداء من دور التحقيق و انتهاء بالمحاكمة مع اعطاء دور فاعل للباحثة الأجتماعية في مثل هذه الحالات.

٣. ان السلطة التنفيذية المتمثلة بأجهزة الأمن الداخلي مكلفة بتطبيق وتنفيذ القوانين و منها القوانين و القرارات العقابية ولا حاجة لتشعب الأختصاص وأنشغال و إدخال كل هذه الجهات الواردة ي المادة (٢٣) من المشروع.

٤. لا حاجة لتخصيص محكمة بهذا الشأن لأن المحاكم الأعتيادية الجزائية اي محكمتي الجنح والجنايات المتواجدة تدخل هذه الحالات ضمن اختصاصها الوظيفي وحسب جسامة الفعل.

٥. المادة العاشرة:لا حاجة لورود هذه المادة أيضاً لأن قانون الأحوال الشخصية نص على أسباب التفريق ومن أهمها الأعتداء أو سوء المعاملة أو عدم الأنسجام العائلي لأي سبب كان..

٦. لا أرى جعل جلسات المحكمة السرية في مثل هذه الحالة كأي اعتداء آخر الذي يتعرض له الأنسان لأن في المحاكمة العلنية رادعاً وعبرة للغير لوضع حد لهذه الحالات .والمحكمة المختصة تقدير فيما اذا كان النظر في الدعوى ليتوجب جعل المحاكمة سرية أم لا حفاظاً على نظام العام والآداب لأن الضرورة تقدر

بقدرها.. وبتعبير آخر لوقوف المتفرجين على مثل هذه الظاهرة من خلال المحاكمات والقرارات التي ستصدر على ضوئها.

٧. لا حاجة للمادة العشرون أيضاً، ذلك لوجود نص عقابي وفي قانون عقابي عام وهو قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة(١٩٦٩) النافذ.

ولكل هذا و ذاك لا أرى إصدار قانون خاص في مثل هذه الحالة لأنها تعتبر حالة من حالات الأعتداء المنصوص عليها في قانون عقوبات، وكما قلنا بالإمكان تعديل قانون عقوبات و اضافة هذه الحالة الى المادتين (٤١٢)و (٤١٣) من قانون عقوبات و حسب جسامة الفعل ... وأن إنشغا البرلمان بهذه المسائل الفرعية بوجود قانون عقابي عام نافذ ووجود المحاكمة الجزائية والأجهزة التنفيذية والمأوى الأحترازية في المؤسسات الأجتماعية للضحية وأولادها عند الأقتضاء كل ذلك كفيل لتطبيق و تنفيذ القانون وبالتالي حماية أصحاب الحقوق..

وهناك نتسأل، هل أن إصدار قانون خاص ومحكمة خاصة و زج كل هذه الجهات التنفيذية و في مثل هذه الحالة أهم من التعديل الذي جرى على قانون العقوبات و في(جريمة قتل النساء بذريعة غسل العار وفق القانون رقم ١٤ لسنة ٢٠٠٢ الصادر من مجلسكم الموقر). وكون الحالة لاتعد أكثر من كونها حالة إعتداء أو العنف ليست بجسامة جريمة القتل أم لا؟؟

مع التقدير...

لجنة الصحة والشؤون الأجتماعية

٢٠٠٨/٩/٢٧

# داواکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەو
# قەرەبوو کردنەوەی ناوچە کیمیا بارانکراوەکان

لیژنــەی تەندروستی پەرلــەمانی کوردستان ڕۆژی (٢٠٠٨/٧/١٥) ڕاپـۆرتێکی ئاراســتەی ســەرۆکی پەرلــەمانی کوردســـتان کــرد دەربــارەی پێویــستی قەرەبووکردنــەوو ئاوەدانکردنــەوەی ئــەو ناوچـانەی کوردســتان کەبەچـەکی کیمیــایی لێــدران لــە ســاڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨)، وە لێژنەکــەمان داوای کــرد کــە حکوومــەتی عێراقــی فیــدراڵ هەڵسێ بــەم ئەرکــە بــەپێی بڕگــەی(١)ی مــادەی (١١٢)ی دەستوری عێراق کە دەقەکەی بەم شێوەیە:

(تقـوم الحكومـة بـأدارة الـنفط والغـاز المستخرج مـن الحقـول الحاليـة مـع حكومـات الأقـاليم والمحافـضات المنتجـة علـى أن تـوزع وارداتهـا بـشكل منـصف يتناسب مع التوزيع السكانى فى جميع أنحاء البلاد مع تحديد حصة لمدة محددة للأقاليم المتضررة، والتى حرمت منها بصورة مجحفة مـن قبـل النظـام الـسابق، التي تضررت بعد ذلك، بما يؤمن التنميـة المتوازنـة للمنـاطق المختلفـة للبلاد و ينظم ذلك بقانون).

ئــەوەبوو ســەرۆکایەتی پەرلــەمانی کوردســـتان نامەیــەکی ئاراســـتەی ســەرۆکایەتی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان کــرد، وەجێگــری ســەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک عومەر فەتاح نامەیەکی ئاراستەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کرد لـە بـەرواری (٢٠٠٨/٩/٢١) بـۆ قەرەبووکردنـەوەو ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـە کیمیابـاران کراوەکـان بـەپێی بڕگـەی(١) لـەماددەی (١١٢)ی دەسـتوری عێراقی فیدراڵ.

**لێژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان**

# راپۆرتی لیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتی

لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی گرێدا لە رۆژانی (٢٠٠٨/١١/١٣، ١٦/١١/٢٠٠٨، ٢٠٠٨/١١/١٧ )لەگەڵ نوێنەرانی فێرخوازان و دەرچووانی کۆلێژە پزیشکیەکانی زانکۆکانی هەرێم (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لەتەلاری پەرلەمان و نووسینگەی سلێمانی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر مانگرتنی فێرخوازان.

وەلێژنەکەمان رۆژی ( ٢٠٠٨/١١/١٧) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنە بۆ بەدواداچوونی کێشەی دامەزراندنی پزیشکان لە وەزارەتی تەندروستی بە شێوەی گرێبەست.

لیژنەکەمان تێبینی کردووە کە دامەزراندنی فەرمانبەران لە هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمدا بەپێی یاسایەك بەرێوە ئەچێت کە ئەویش یاسای خزمەتگوزاری شارستانیە (قانون الخدمة المدنية) ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی راستکراوە، وە دامەزراندنی پزیشکی پلەبەند (التدرج الطبي) لە عیراقدا بەیاسایەك رێکخراوە کە پێی ئەوترێت (قانون التدرج الطبي) ژمارە (٩٩)ی ساڵی (١٩٧٠). ئەم دوو یاسایە هیچ هەموارکردنێکیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ نەکراوە، سەرەرای ئەوەی کە سیاسەتە هاوبەشەکان لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵدا بەپێی برگە (٥)ی ماددەی (١١٤) لە دەستوری هەمیشەیی عێراق کە ئەبێ نەخشە کێشانی سیاسەتی تەنروستی گشتی بەهاوبەشی هەرێم لەگەڵ دەسەلاتی فیدراڵیدا رێکبخرێت.

لەسەر ئەم پێشینە یاساییانە دامەزراندنی پزیشکی تازە دەرچوو بەپێی شێوەی گرێبەست هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نیە، وەهیچ سیستەم و بریار و رێنمایيەك لەسەرووی یاساوە نیە، وە ماوەی کارکردنی پزیشکی نیشتەجێی

خولاو (فترة الأقامة الدورية) ماوەيەكە بۆ راهێنان هەروەك لە ياساى ژمارە(٩٩)ى ساڵى (١٩٧٠) لە برگەى (٢) دا هاتووەبەم شێوەيە:

المادة الثالثة - الفقرة(٢): (يعين الطبيب سواءً كان قد تخرج من كلية طب عراقية أو اجنبية معترف بها مقيما دورياً لمدة سنتين في المستشفيات التعليمية أو الرئيسية في أنحاء القطر التي تتوفر فيها الأمكانيات الفنية للتدريب على المواضيع و فروع الطب المختلفة و يعقب ذلك الخدمة الإلزامية في الأقضية والنواحي لمدة سنة واحدة).

لەم برگەيەدا دەردەكەوێ كە دامەزراندن مەرجە وە بەشێوەى (بڕيار يا ئەمر) هاتووە نەك بە شێوەيەكى تر وە بۆ راهێنان (تدريب). كەواتە ئەركى وەزارەتى تەندروستى حكومەتى هەرێمە كە دەرچوانى ئەم كۆلێژانە دامەزرێنێت بەبێ مەرج و گرێبەست تا رابهێنرێن لەسەر پيشەكەيان وە ئەوپزيشكەى رانەهێنرابێت ناتوانێت بە ئەركى پزيشكى هەڵسێت بەبێ سەرپەرشتى پزيشكێكى لەخۆى شارەزاتر.

ئێمە لەهەمان كاتدا تێدەگەين كە سيستەمى تەندروستى پێويستى بە پياچوونەوەيەكى بنەڕەتى هەيە، هەربۆيە بڕيار وايە كۆنفرانسێك لەسەر ئەم بابەتە ببەسترێت لەهەولێر لەمانگى(٢٠٠٩/٢)دا بەهەماهەنگى وەزارەتى تەندروستى هەرێم و تيمێكى پزيشكانى پسپۆرى فەرەنسى وەئەگەر بەشێك لە گۆڕانە پێشنياركراوەكان لەدوارۆژدا وابوو كە دامەزراندن لە پيشە تەندروستيەكاندا بەگرێبەست بوو ئەوا ئەوكاتە ئەبێ پرۆژە ياسايەك ئامادەبكرێ و بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ رێكخستنى بە ياسايەكى تايبەت، وە لەوكاتەدا ئەبێ دامەزراندن بۆ هەموو ساڵەكانى خزمەتكردن بە گرێبەست بێت نەك تەنها بۆ دووساڵ. بۆيە بۆ كۆتايى هێنان بەم كێشەيەى كە بووەتە

هۆی پەك کەوتنی خوێندن لە کۆلیژە پزیشکیەکاندا لەسەرتاپای هەرێمدا داوائەکەین ئەم گرێبەستە ڕابگیرێت، وە داواش لەخوێندکاران و قوتابیان دەکەین هەر لەئێستاوە بگەڕێنەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن بە گوڕو تینێکی تازەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەی بە فیڕۆ درا، وە داوا لە پزیشکە دەرچووەکان ئەکەین کە پابەند بن بەو ڕێنماییانەی کە وەزارەتی تەندروستی دەریئەکا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانیان. وە داوا لە وەزارەتی تەندروستی ئەکەین ئەو بڕگانەی لە گرێبەستەکەدا هاتووە بەشێوەی ڕێنمایی پەخش بکات بۆ پابەند بوونی پزیشکان کە دڵنیاین ئەوان نموونەی تاکی دڵسۆزی وشیاری ئەم کۆمەڵگایەن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. ڕۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤیان دزەیی | د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# تقرير لجنة الصحة والشؤون الأجتماعية

اجتمعت لجنة الصحة والشؤون الأجتماعية يوم (٢٠٠٨/١٠/١٦) لمناقشة مشروع قانون (هيئة الوقاية من الأشعاع في اقليم كوردستان) الذي تم قرأته الأولى في الجلسة (١٩) في يوم( ٢٠٠٨/٥/٢٨).

ملاحظات اللجنة:

(٣)فيما يتعلق بأسم مشروع القانون، تقترح اللجنة بتبديل اسم المشروع من (هيئة الوقاية من الأشعاع في أقليم كوردستان) الى (مركز الوقاية من الأشعاع في أقليم كوردستان).

(٤)تقترح اللجنة اضافة مادة تكون برقم الماة الأولى في المشروع و بالشكل التالي:

**المادة الأولى:**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة أزاءها لأغراض هذا القانون:

١.الاقيلم :اقليم كوردستان – العراق.

٢.الوزارة: وزارة البيئة في الاقليم .

٣.الوزير: وزير البيئة في ألاقليم.

٤.المجلس: مجلس الوقاية من الأشعاع في الاقليم.

٥.المركز: مركز الوقاية من الأشعاع في الاقليم.

٦.الأشعة المؤينة: جميع الجسيمات المشحونة أو المتعادلة أو الأشعة الكهرومغناطيسية التي تؤدي الى تأيين المادة بطريقة مباشرة أو غير مباشرة عند سقوطها عليها، و تتضمن جسيمات ألفا و بيتا و النيوترونات و الألكترونات و أشعة كاما و الأشعة السينية.

٧.الأشعة غير المؤينة: جميع أنواع الأشعة التي لاتؤدي الى تأيين المادة بطريقة مباشرة عند سقوطها عليها كاشعة الليزر.

٨. المادة المشعة: المادة التي يمكن أن تنطلق منها الأشعة المؤينة مثل جسيمات ألفا أو بيتا أو أشعة كاما النيوترونات.

٩. المصدر المشع: أي كيان مادي يمكن أن يحدث تعرضا إشعاعيا بسبب إصداره أنواعا من الأشعة المؤينة أو غير المؤينة، أو بسبب إنطلاق المواد المشعة أو تسربها منه.

١٠. جهاز مصدر للأشعاع: جهاز لايحتوي على أي مادة مشعة وإنما تتم فيه عمليات للحصول على إشعاعات مؤينة أو غير مؤينة.

١١. التلوث الأشعاعي: الأنتشار غير المسيطر عليه للمواد المشعة في البيئة المعنية و إندماجها بعد تسربها في مكونات البيئة المختلفة مثل الهواء والماء والتربة لتنتقل بعد ذلك الى الأنسان.

(٣) المادة الأولى من أصل المشروع والتي تصبح برقم المادة الثانية، تقترح اللجنة أن تكون بالشكل الاتي:

تؤسس مركز للوقاية من الأشعاع في الاقليم ترتبط بالوزارة، يرأسها موظف بدرجة مدير عام من ذوي الأختصاص في مجال الوقاية من الأشعاع و ملماً باستخداماته و تأثيرات الأشعة على الحياة والبيئة و صحة الأنسان و ممتلكاته.

(١٥) المادة الثانية من المشروع والتي تصبح برقم المادة الثالثة، تقترح اللجنة الغائها، لأنها تبين اهداف ومهام المركز وهذا ما خصصنا لها مادة مستقلة.

(١٦) المادة الثالثة من أصل المشروع، تقترح اللجنة إعادة صياغتها وبالشكل الآتي:

يعتبر هذا المركز بمثابة المرجع الرئيسي للوزارة في مجال الأشعاع و يتولى سلطة الأشراف على تنظيم و رقابة استخدام المواد و المصادر المشعة و الوقاية من أخطارها، ولتحقيق ذلك يقوم بالمهام التالية:

أولاً: اقـتراح الخطـط والـسياسات و التـشريعات الأقليميـة الهادفـة لحفـظ الحيـاة و البيئة و الممتلكات من أخطار الأشعة المؤينة وإبداء المشورة للجهات الحكوميـة أو الأهلية في الأمور المتعلقة بالوقاية من الأشعاع.

ثانيـاً:و ضـع الحـدو دو المعـايير الأقليميـة لجميـع التعرضـات الأشـعاعية وتحديـد المستويات المختلفـةو حـدو د التلوث الأشعاعي في الهواءو المـاءو الغـذاءو التربـة وفي جميع المنتجات المتداولة للأغراض المختلفة.

ثالثاً: السيطرة على مواقع و حركة المصادر المشعة و مراجعة وتـدقيق القياسات الأشـعاعية الـتي ينفـذها مـستخدموا المـوادو المـصادر المـشعة والأجهـزة المـصدرة للأشعاع، وتأكيد جودة هذه القياسات، وإجراء جميع القياسات الأشعاعية البيئيـة على المستوى الأقليمي لتأكيـد الألتـزام بمعـايير الوقايـة والكـشف عـن التهديـدات الأشعاعية للحياةو البيئة الناتجة عن مواد ومصادر مشعة موجودة داخل الأقليم أو خارجها.

رابعاً: التفتيش الدوري والمفاجيء على المنشآتو الأعمال والممارسات التي تتـضمن مصدراً مشعا أو جهازاً مـصدراً للأشـعة، وعلـى المـصادر والأجهـزة والأمـاكن الـتي تـؤثر علـى هـذه المـصادر للتأكـد مـن تـوفر الأحتياطـات اللازمـة لمنـع الأضـرار الجسدية والجنينية والجينية الناشئة عن التعرض لتلك المصادر.

خامـساً: تنفيـذ أعمـال الرصـد الأشـعاعي المـستمر والقياسـات الأشـعاعية البيئيـة بجميـع مكوناتهـا،و الأنـذار المبكـر بالمخـاطر الأشـعاعية الداخليـة أو الناتجـة عـن حوادث خارج الأقليم.

سادساً: تنظيم النـدو اتو المؤتمرات الـتي تـساهم في تطـوير مـستوى الوقايـة مـن الأشعة المؤينة على المستوى الأقليمي والدولي و تشجيع إجراء البحوث والدراسـات والـدورات التدريبيـة التأهيليـة للعـاملين في مجال الأشـعة المؤينـة، ونـشر الثقافـة والوعي العلمي في مجال الحماية من الاشعاع والامان النووي.

سابعاً:التنسيق مع الهيئة العراقية للسيطرة على المصادر المشعة ومركز الوقاية من الاشعاع في وزارة البيئة العراقية و الوكالة الدولية للطاقة الذرية في المجالات التالية:

- دراسة طلبات الترخيص ورفعها الى الوزير لأستحصال الموافقة على استراد و نصب الأجهزة المولدة للأشعاع والمصادر المشعة واختيار مواقع نصبها او خزنها مع اصدار التعليمات الخاصة بكل منها.
- مراقبة تصريف النفايات المشعة وادارة التخلص من المواد المشعة ونفاياتها و وضع جميع اللوائح والتنظيمات والتعليمات والأرشادات الفنية الخاصة بالنفايات المشعة و قواعد التخلص منها ،والتأكد من عدم تجاوز الحدود المسموحة بها من حيث التركيز والجرعات.

ثامنا: اعداد خطة الطوارئ والإستعدادات لمواجهة الحوادث الإشعاعية على مستوى الأقليم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة ومراجعة وإعتماد خطط الطوارئ الإشعاعية لدى مستخدمي المصادر المشعة والإستعداد لتقديم المساعدة لهم واعداد جميع التنظيمات الخاصة بالطوارئ الاشعاعية.

تاسعا: التوخي من إحتمالات وقوع حوادث نووية و إشعاعية، للمركز إعداد خطط للطوارىء وتدريب فرق للحالات الطارئة، مثل الحوادث النووية والحوادث المتعلقة بالمواد المشعة.

هذه الفقرة كانت قد وردت في مادة مستقلة في اصل المشروع وهي المادة الحادية عشر لكننا نقترح نقلها الى هذه المادة لأنها ضمن المهام.

(١٧) المادة الرابعة من أصل المشروع تقترح اللجنة تبديل (رئيس الهيئة) في الفقرة(١) ب(مدير المركز) وتبقى المادة كما جاء في اصل المشروع.

(١٨) المادة الخامسة تقترح اللجنة الغائها لأنها تقع ضمن صلاحيات مدير المركز.

(١٩) المادة السادسة من المشروع تقترح اللجنة إلغائها لأن هذه التشكيلات تدخل ضمن صلاحيات الوزير.

(٢٠) المادة السابعة تقترح اللجنة إلغائها.

(٢١) المادة الثامنة تقترح اللجنة إلغائها.

(٢٢) المادة التاسعة تقترح اللجنة إلغائها.

(٢٣) المادة العاشرة تقترح اللجنة إلغائها لأن إصدار التعليمات ضمن صلاحيات الوزير و ليس رئيس المركز.

(٢٤) المادة الحادية عشر، تقترح اللجنة نقلها الى المادة الثالثة لأنها ضمن المهام.

(٢٥) تقترح اللجنة إضافة المواد التالية:

- المادة الخامسة و بالشكل الآتي: (للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون).
- المادة السادسة و بالشكل الآتي : (لايعمل بأي نص قانوني يتعارض مع أحكام هذا القانون).
- المادة السابعة وبالشكل الآتي : (ينفذ هذا القانون بعد مضي ٦٠ يوماً من تأريخ نشره في وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

حفاظاً على سلامة المواطنين والحياة والبيئة في أقليم كوردستان العراق، ومن أجل ضمان توفير الخدمات الخاصة بالوقاية من أخطار الاشعاع و وضع معايير و متطلبات الوقاية و الأمان عند تنفيذ جميع الممارسات والأعمال المعنية بالمصادر المشعة والأجهزة الباعثة للأشعاع و طرق التخلص ومعالجة النفايات المشعة وإقتراح الحدود المحلية لجميع التعرضات الأشعاعية، كذلك تحديد المستويات المعتمدة و الصادرة عن الوكالات الدولية المختصة في مختلف المنتجات الأستهلاكية وأقتراح حدود التلوث الأشعاعي في الهواء والماء والتربة، ولأجله شرّع هذا القانون.

**لجنة الصحة والشؤون الآجتماعية**

## را پۆرتی سەردانی مەیدانی لیژنەی تەندروستی وكاروكاروباری كۆمەلآیەتی بۆ دهۆك

له میانەی كارو چالاكیەكانی لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەلآیەتی سەرلەبەیانی رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١١/١١ بە مەبەستی لە نزیكەوە ئاگاداربوون لە رەوشی تەندروستی و كەم و كوری و پێداویستییەكانی بواری تەندروستی و كارو باری كۆمەلآیەتی سەردانی شاری دهۆكییان كرد و لە نزیكەوە لە رەوشی تەندروستی شارەكەیان كۆلیەوە، شاندی لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەلآیەتی پەرلەمانی كوردستان پێكهاتبوون لە بەرێزان:

١. صبری غفار امین.جێگری سەرۆکی لیژنە.

٢. د.ئاریان شێخ خالص.

٣. د.رەمەزان عبدالرحمن.

٤. ڤیان دزەیی.

٥. فخریە مستەفا.

لە سەرەتای گەشتەکەیاندا بۆ شاری دهۆك پێشەکی بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆکییان بەسەرکردەوە و لەلایەن د.عبداللە سعید عبداللە بەرێوەبەری گشتی و کارمەندانی بەرێوەبەرایەتیەکە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا ، لە دانیشتنێکدا باس لە رەوشی ساغڵەمی لە پارێزگای دهۆك کراو تیشك خراییە سەر ئەو کەمو کوریانەی کە رەنگدانەوەیەکی راستەو خۆی هەیە لەسەر هاولاتییان لەوانە نەبوونی داودەرمانی پێویست و کەمی نەخۆشخانە و کەمی دکتۆر و زۆری پاڵەپەستۆی هاولاتیانی ناوە و دەرەوەی پارێزگای دهۆك لەسەر نەخۆشخانەکان.

لەمبارەیەوە بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆك بە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی راگەیاند" رۆژی شەممەی رابردوو بە ئامادەبوونی پارێزگاری دهۆك کۆبوونەوەیەکی فراوانمان لە بارەی رەوشی تەندروستی پارێزگاکەمان ئەنجامدا و راپۆرتێکیشمان لەم پێناوەدا ئامادەکرد کە شیکاری سەروبەندی بارودۆخی ئێستای تەندروستی دەردەخات و کێشەو گرفتەکان نیشان دەدات و چارەسەری گونجاویشیان بۆ دەدۆزێتەوە" سەبارەت بە کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو بەراوردێك لەگەڵ راپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستان د.عبداللە سعید رایگەیاند"لە ساڵی ١٩٩١ تەنها ٤ نەخۆشخانەو ٣٦ بنکەی تەندروستی هەبوو کەچی ئێستا کراوە بە ٩ نەخۆشخانە و ١٢٩ بنکەی تەندروستی، و خۆی لە خۆیدا کارە باشەکانی

حکومەتی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات کە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراو لایەنە خێر خوازەکان ئەنجامییان داوە" گرفتی هەرە گەورەشی بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراق گەراندەوە کە تەنها بەشی ٥٥٠ هەزارکەس دەرمان دەنێرێت لە کاتێکدا رێژەی دانیشتوانی شاری دهۆك و دەوروبەری بۆ ١ملیۆن و ١٩ هەزارکەس زیادی کردووە.

هاوکات دانەیەکی لە راپۆرتەکە پێشکەش بە ئەندامانی لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی کرد و داواشی لێکردن کە هەر تێبینیەکیان هەبێت، لەبارەیەوە ئامادەن گفتوگۆی لێبکەن تا بگەن بە دەرئەنجامێکی باشتر.

وێستگەی دووەمی سەردانەکەی ئەندامانی لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پارێزگای دهۆك لە لایەن بەرێز تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆك پێشوازییان لێکرا و باس لە و گیرو گرفتانە کرا کە ئەمرۆی پارێزگای دهۆك پێوەییان گیرۆدەبووە لە رووی بایەخدان بە تەندروستی هاوڵاتیان و باس لەو خزمەتگوزارییانەش کرا کە پارێزگای دهۆك ئەنجامی داوە لە رووی کردنەوەی نەخۆشخانە و هەوڵدانییان بۆ خزمەتکردنی زیاتر هاوڵاتییان سەرەرای بونی کێشەو گرفتەکان کە رۆژانە رووبەروویان دەبێتەوە.

١- باس لە بودجەی پارێزگا بۆ تەندروستی کراوە کە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ داوای ١٣٠ ملیار دیناریان کردووە کەچی ٢٤ ملیاریان بۆ سەرفکردوون، ئەمەش تەنها ١٠٪ دانیشتوانی دهۆك و دەوروبەری دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش قەرزاری خەڵکن، ناچاریش بوونە کە داوای ١٠ ملیار دیناری تر بکەن لە حکومەت هەتا پێداویستیەکانی خۆیانی پێ پر بکەنەوە.

٢- مەسەلەی بەغدا و تەعامولكردن لەگەڵیيان و ئەو برە پارەيەی كە لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ لەلايان ماوەتەوە تا ئێستا دەستی بەسەردا گيراوەو نامان دەنێ تاكو دەرمان و پێداويستييەكانی خۆمانی پێبكرين.

د.عبدالله رايگەياند ئەگەر دەرمان نەكرين ناچار دەبين كە دەرگای نەخۆشخانەكانمان دابخەين.

٣- سەبارەت بەو ناوچانەی كە رزگاركراون وەك شێخان و زومار و ....هتد، پشت گوێخراون و هەموو بارگرانيەكەشيان لەسەر شاری دهۆكە بۆيە ناچاردەبين لە بەشی دهۆك و دەوروبەری كەم بكەينەوە و يارمەتی ئەو ناوچانەی پێبدەين،كە پێويستە حكومەتی عێراق هەڵی جدی بدات بۆ پركردنەوەی پێداويستييەكانمان.

بۆ ناردنی دەرمانيش حكومەتی عيراق حسابی ٥٥٠ هەزاركەس دەكات لە دهۆك لە كاتێكدا ١مليۆن و ١٩ هەزار هاوڵاتی تێدايە.

وەلێرەوە هەريەك لە د.رەمەزان و د.ناريان سەردانی بنكە تەندروستی و نەخۆشخانەكانيان كرد بەناوی ليژنەی تەندروستی، وەهەريەك لە خاتوو صبری غفار و خاتوو ڤيان دزەيی و خاتوو فخريە مستەفا بەناوی ليژنەی كارو كاروباری كۆمەڵايەتيەوە سەردانەكانی خۆيانيان كرد.

وە ليژنەی تەندروستی دوای سەردانەكەيان ئەم تێبينيانەی خوارەوەيان خستە روو:

٩. سەرژمێرييەكی ناوەند و مەڵبەندە تەندروستيەكان و، نيشانەكانی تەندروستی و چارەسەركردنی جۆربەجۆری كاروباری تەندروستيمان وەرگرت.هەروەها پێشنيازگەلێكی گرنگی لقی سيستەمی تەندروستيمان وەرگرت، بۆئەوەی لەگەڵ خزمەتەكانی تەندروستيدا بگونجێن هەرچەندە

بریتی بوون لەچەند کارێك کەهێشتا لەسەرەتای دەست پێکردنیدا بوون، ئەمە دەستپێکە، بەلام دەتوانین بڵێین کەنیشانەی گرنگی گۆرینی واقیعی تەندروستین و لەگەڵ باری تازەی ئێستادا دەگونجێن.

١٠. سەردانی دەزگا تەندروستیە جۆربەجۆرەکانی پارێزگاکەمان کرد، نەخۆشخانە هەبوو زۆر نییە کراونەتەوە، چەندین بەشیش هەبوون لەناو نەخۆشخانەکاندا کرابوونەوە، بەشیش هەبوو تازە کرابوونەوەو پەرەیان سەندبوو.

١١. کە چووینە نەخۆشخانەی زارۆکان: لەلایەن بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەو هەندێ دەستەبژێری پسپۆڕی نەشتەرگەری و، پسپۆرانی نەشتەرگەریی جوملەی دەمارەکانەوە پێشوازیمان لێ کرا. ئەم نەخۆشخانەیە بەجۆرێ سازدراوە کەلەگەڵ باری ناکاوو حاڵەتی سەدەماتدا لەباربێت و بەشێوەیەکی رێك و پێك چارەسەریان بکات. پۆستەری تایبەت لەناو نەخۆشخانەکەدا هەیە، هەروەها پاکەتی (package) جۆربەجۆری تێدایەو، کادیرەکانی مەشقی لەسەردەکەن و، فایلی تایبەتیشی بۆئەو حاڵەتانە هەیە. هەروەها سوپای ئەمریکی هەندێ ئامێری پێ بەخشیوە کە تەقەنیاتی پێشکەوتووی تێدایە.

١٢. سیستەمی نەخۆشخانەکە بەرەو چاکتر گۆڕاوە (پەرەی سەندووە) ئەمەش سەرنجی ئێمەی راکێشا. ئێمە زۆرتر سەرنجی ئەو پەرەسەندنانەمان دەدا کە لەم جۆرە نەخۆشخانانەدا بەچاو دەبینران. (ستی سکان)ی پێشکەوتووی تێیا هەبوو. لەم خەستەخانەیەدا بەشی جوملەی دەمار هەبوو کە بەنەخۆشخانەکەوە لکێنراوەو بەشێکی گرنگە.

١٣. لەدهۆك سەردانی نەخۆشخانەی پسپۆری سووتان و نەشتەرگەری جوانکاریمان کرد. ستافی ئەو نەخۆشخانەیە بەرگی پزیشکی تایبەت

بەخۆیان لەبەر کردبوو. نەخۆشخانەکە شێوازی چارەسەریی پێشکەوتوو پەرەسەندووی بۆ حاڵاتی سووتان تێدابوو، هەروەها ئامێرەکانیش زۆر پێشکەوتوون. بەڵام شتی گرنگی ئەساسی ئەوەیە کە ئیدامەی پێ بدرێت و هێزی کار بەرەو باشتر بگۆردرێت تا بتوانێت خزمەتی چاکترو گونجاوتر بەنەخۆشەکان پێشکەش بکات. سەرمان لەنەخۆشخانەی زارۆکانیش دا، هەندێ بەشی تێدا نوێ کرابوونەوەو، بەشی نەشتەرگەریی منداڵانی تێدا کرابووەو. هەروەها دیتمان کە گرنگی بەهۆڵەکانی تەدریسی پزیشکان دراوە.

١٤. هەروەها سەرمان لە بەشی کۆلێجی سەنعەتکاریش دا و، دیتمان کە جیهازگەلێکی نوێ بۆ ئەم کۆلێجە کڕدراوە وەئەم نەخۆشخانانە ئاپۆرەو قەرەباڵغیەکی زۆری نەخۆشەکانی دەرەوەی هەرێمی لەسەرەو، بەخۆرایی لەهەرێمدا چارەسەر دەکرێن لەسەر حسابی بودجەی هەرێم.

١٥. چوینە نەخۆشخانەی ئازادی و چاومان بەبەڕێوەبەرەکانی کەوت، بەچاوی خۆمان مەرکەزی قەستەرەی دڵمان دیت. هەروەها سەریشماندا لە هۆڵی لەدایك بوونی کۆرپەو دیتمان کە بەتازەکردنەوەی هۆڵەکەوە خەریکن و ئیشی تێدا دەکەن. سیستەمی مەرکەزیی دابەشکردنی غازی ئۆکسجینمان دی، کە بەر لەدوومانگ لەجیاتی بەکارهێنانی دەبەی ئۆکسجین کراوەتەوە، ئومێدەوارین هەمان شت لەهەولێریش بکرێتەوە.

١٦. سەردانێکی مەیدانیی مەرگەزی پزیشکی (کۆمەڵگەی پزیشکی)ی پێشنیازکراویشمان کرد، کە پێشنیازکراوە لەپلانی ئایندەدا بکرێتەوە، کە دایەرەی تەندروستی و نەخۆشخانەو کۆلیجەکانی پزیشکی تیێدا دەبێت. بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکان و پارێزگاری هەولێریش داوایان کرد پزیشکە تازە دەرچووەکان دابمەزرێن و، گرنگی بدرێت بە کارمەندان و هێزی کارو

دەرماڵەو سەعاتی کاری زیادەیان بۆ حساب بکرێت و، بەپێی پێداویستی و چڕی دانیشتوان دابەش بکرێن، چونکە دیتمان کە زۆربەی پزیشکە پسپۆڕەکان لەمەرکەزی پارێزگای دهۆکدا خڕبوونەتەوە.

پۆستەرەکان و پێشکەشکردنی سەرژمێرەکان بەشێوەیەکی رێك و پێك لەناو پۆستەرو بەرگ و بڵاوکراوەکاندا رێکخراون.

لە وێستگەیەکی تری دیدار و سەردانەکانیان نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و جوانکاری و سوتان و نەخۆشخانەی هێڤی زارۆکانیان بەسەرکردەوە کە لە رووی بیناو رێکخستنی کارەکانیان زۆر پێشکەوتو بوون لەگەڵ ئەوەشدا بێگرفت نەبوون لەوانە گرفتی نەبوونی دەرماڵەو دەرماڵەی مەترسی و نیوەی کارمەندانی نەخۆشخانەکانیش بە گرێبەست دامەزرابوون و داواییان دەکرد کە بکرێنە فەرمی.

لە پاشان هەریەك لە خاتوو صبری غفار و خاتوو فخریە مستەفاو خاتوو ڤیان دزەیی وەکو وەکو لیژنەی کومەلایەتی چەند سەردانێکیان کرد لەوانە:

٣. سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیان کردو لەلایەن حسێن علی ئەسعەد بەرێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی شاری دهۆك پێشوازییان لێکرا و لە دانیشتنێکدا باس لەو گیرو گرفت و ئەو کەمو کوریانە کرا کە بەرێوەبەرایەتیەکەیان پێوەی دەناڵێنی کە خۆی لە رووی نەبوونی بینای پێویست و کەمی بودجە دەگرتەوە، پاشان یەکەیەکەی بەشەکانی بەرێوەبەرایەتییەکەیان بەسەرکردەوە .

٤. سەردانی بنکەی چاودێری و ئامادەکردنی ئافرەتانیان کرد کە لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە و سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و کۆمەڵایەتی شاری دهۆکە و ئەو ئافرەتانە لە خۆ دەگرێت کە کێشەی کۆمەڵایەتییان

هەیەو لە نزیکەوە لە رەوشی نالەباری بنکەکەیان کۆڵیەوە،لە رووی خراپی بینایەکە و نەبوونی پێداویستیە گرینگەکانی ژیانی رۆژانەییان ، سەرەرای هەموو ئەو کەم و کورتیانەش سومەیە سعید سەرۆکی بنکەکە رایگەیان لە ساڵی ٢٠٠٧ (٩٥) حاڵەتی توندوتیژی و کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە بەرامبەر بە ئافرەتان لەو بنکەیە تۆمارکراوە و لەو ماوەیەدا توانیومانە لە ٨٤٪ ی حاڵەتەکان چارەسەربکەین و بیانگرێنینەوە بۆ ناو کەس و کارییان، بەڵام تا ئێستا ١٤ حاڵەتی جیاجیاو ٧ منداڵی دابراو لە قوتابخانە لە بنکەکەدا ماونەتەوەو چاوەروانی ئاوەردانەوەی زیاترن لە رووی هاوکاری و پرکردنەوەی پێداویستیەکانیان.

٣.لە لایەکی دیکەوە صلاح یوسف بەرێوەبەری چاودێری کەم ئەندامان کێشەو گرفتەکانی خۆیان لە رووی کەمی فەرمانبەر و نەبوونی موچەی مانگانە بۆ کەم ئەندامان خستەروو ، راشیگەیان پێویستە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاورێکی جدییان لێبداتەوە و ئەو توێژەی کۆمەڵگا چالاك بکات بۆ خزمەتکردنی وڵات.

٤.لە دوا وێستگەی سەردانەکەشیان هەردوو بەرێوەبەرایەتی چاودێری کچان و کورانیان بەسەرکردەوە کە پێك هاتبوون لە ٣٣ کچ و ٤٨ کور کە زۆربەیان قوتابی بوون و یەکەیەکەی هۆڵ و شوێنی نان خواردن و حەوانەوە و شوێنی تایبەتی خوێندنیان بەسەرکردەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |
| دزەیی | د. هالة سهیل | فخرية مصطفى | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# سیستەمی تەندروستی وکێشەکانی

١. تێکەڵاوبوونی کەرتی تایبەت لەگەڵ کەرتی حکومی، هەمان پزیشك و کارمەندی تەندروستی کە کاتی بەیانیان لەنەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی حکومی کار دەکەن، وە ئێواران لە عیادە تایبەتەکانی خۆیان کاردەکەن. نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دێنن.

٢. کەمیی کاتی دەوام کردنی پزیشکەکان لەنەخۆشخانە حکومیەکان، تەنها لە کاتژمێر ٨ی بەیانی بۆ ١ی نیوەرۆ، بەتایبەتی حاڵەتی نەشتەرگەری پاش کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دکتۆری سرکردن دەرمانی سڕکردن نادات بە نەخۆش، وە رۆژانە ژمارەیەك دکتۆر لە استشاریە دەوام دەکەن ژمارەیەکیش (قائمة) لیستی نەشتەرگەریان هەیە بۆیە ژمارەیەکیش بێ ئیش دەمێننەوە.

٣. هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری بێ بەرامبەر پێشکەش دەکرێت بەنەخۆش لە بچوکترین خزمەتگوزاری تا نەشتەرگەری زۆر گەورە، بۆیە نەخۆش بەهای خزمەتگوزاریەکە نازانێت لەهەمان کاتدا قائمەکانی نەشتەرگەری زۆر قەرەباڵغن بۆیە نەخۆش بەئاسانی ئەگەر نەشتەرگەرییەکی پێویست بوو جار هەیە (٢ تا ٣) مانگ رادەوەستێت، بۆیە خەڵکێکی زۆر روو لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان دەکەن و بەپارەیەکی زۆر نەشتەرگەریان بۆ دەکرێت و لەهەمان کاتدا هەمان نەشتەرگەری لەنەخۆشخانەی حکومی بە بەلاشە.

٤. کەمیی دەرمان بە گشتیی لەکەرتی حکومی و تایبەتی، ئەو بەشە دەرمانەی کەلە بەغداوە دێت زۆر کەمەو کاتی بەسەرچوونیشی (ئێکسپایەر)ی زۆر نزیکەو سوودی لێ وەرناگیرێت و، زۆر جار ئەو دەرمانە ئێکسپایەرە لەگەڵ

دەرمانی باش دەبەسترێت وە ئەگەر رێ لەدەرمانە خراپەکە بگیرێت ئەوا دەرکانە باشەکەشمان لەدەست دەچێت.

٥. هەبوونی دەرمانی ساختە (تزویر) یاخود دەرمانی کۆپی کە تەقلیدی دەرمانە ئەصلیەکەیە، ئەو دەرمانە ساختەیە بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشرێت بەتایبەتی لەلایەن کارمەندی تەندروستی کەلە کۆلانان عیادەیان هەیە و خەڵکی هەژار روویان تێدەکەن و داوای دەرمانی هەرزان دەکەن.

٦. زۆری نەخۆشی درێژخایەن وەك نەخۆشی شەکرە و نەخۆشی فشاری خوێن و نەخۆشیەکانی دڵ...هتد، بەگوێرەی ئامارێك کە لەهەرێمی کوردستاندا کراوە لە هەرسێ پارێزگاکان کە لەسەر (١٨,٠٠٠) هەژدەهەزار خێزان دیراسە کراوە دەرکەوتووە (٢٥٠,٠٠٠) دووسەدو پەنجاهەزار کەس نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە بۆ سێ ملیۆن کەس، وە ئەم نەخۆشانە رۆژانە سەردانی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان دەکەن بۆ چارەسەر وە هەر هەمان نەخۆشن کە تووشی مچاعفات دەبن وە تووشی نەخۆشی چاوو گورچیلە و نەخۆشی جەلگەی دەماغ و دڵ و... هتد دەبن بۆیە پێویستە سەنتەری گەورە و هەروەها (**Health Clinic**) بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی درێژخایەن و رێگرتن لە مچاعفات و دابین کردنی چارەسەری پێویست بۆیان و دابین کردنی ئامێری پێشکەوتوو بۆ چارەسەری مچاعفاتەکانیان.

## پێشنیارەکان بۆ گۆڕینی سیستەمی تەندروستی

١: پەیڕەوکردنی پرۆسەی (التمويل الذاتي)، ئەمەش بریتیە لە وەرگرتنی بڕێکی کەم لە پارە لەنەخۆش بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەکان لە تاقیگا و تیشك و نەشتەرگەری لەناو نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانی حکومی، مانگانە ئەم داهاتە بڕێکی دەدرێت بە پزیشك و کارمەندی تەندروستی و بڕێکی تر بۆ گەشەکردنی نەخۆشخانە سەرف دەکرێت لەکڕینی دەرمانی پێویست و ئامێر و کەلو پەل و ...هتد. ئەم ئەزموونە لەنەخۆشخانەی دڵ لە سلێمانی پەیڕەوکراوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە. خەڵکێکی زۆر ناچنە دەرەوەی هەرێم بۆ قەستەرە یاخود شەبەکە بەڵکو هەر لەو سەنتەرە بۆی دەکرێ بەنرخێکی گونجاو، سەنتەرەکەش هەموو پێداویستی خۆی دابین دەکات لەداهاتی خۆی. هەمان سەنتەر لەشاری هەولێر هەیە بەڵام نرخەکانی دووبەرامبەرە بە بەراورد لەگەڵ هی سلێمانی. هەمان ئەزموون لە نەخۆشخانەی (حبيبية) لە بەغدا پەیڕەوکراوە لەساڵانی نەوەدەکانەوە کە باری ئابووری عێراق زۆر خراپ بوو بەڵام ئەم نەخۆشخانەیە گەشەی کردو خزمەتێکی زۆر بەرچاوو رێك وپێکی پێشکەش دەکرد.

٢. درێژکردنەوەی کاتی دەوام کردن بۆ کاتژمێر (٥) ی ئێوارە لە نەخۆشخانە حکومیەکان بۆ ئەوەی پاش کاتژمێر (١) ی نیوەڕۆ نەخۆشخانە چۆڵ نەکرێت لە کارمەندو پزیشك و نەخۆشەکانیش روو لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان نەکەن. دەکرێ صالاتی نەشتەرگەری دەوامی پاش نیوەڕۆی هەبێ بەڵام بەنرخێکی کەم وە ئەم داهاتە بەکار بهێنرێت لە دابین

كردنى پێداويستى ساڵەى نەشتەگەرى و برێك پارە بدرێت بە پزيشك و كارمەندى تەندروستى .

٣. دەربارەى بنكە تەندروستيەكان كە لە هەموو گەڕەكەكان هەن بەلام دەواميان تەنها بۆ كاتژمێر (١) ى نيوەڕۆيە كە دادەخرێن و ستافەكەش چۆڵى دەكەن زۆربەيان پاش نيوەرۆ لە عيادەى تايبەتى خۆيان كاردەكەن هەتا كارمەندى تەندروستى ناچار دەبن لە ماڵەكانيان ياخود گەرەك ياخود كۆلان دوكان دابنێت و دەرمان بفرۆشێت كە ئەمايان نا ياساييە، ئەم كێشەيە بەوە چارەسەر دەكرێت كە بنكە تەندروستيەكان دەوامى بەيانيان و پاش نيوەرۆ و شەوانيان هەبێت بەبەردەوامى كراوەبن بۆ ئەوەى هاولاتيش بەئاسانى بگات بەم بنكانە لەهەمان كات پزيشك و كارمەندى تەندروستى بێ ئيش نابن و ئەم كارمەندانە پەنا بۆ عيادەى كۆلان و كارى ناياسايى نابەن لەژێر چاودێرى پزيشكەكان كار دەكەن. بەلام داهاتى ئەم بنكانە برێكى بۆ پزيشك و كارمەند دابين بكرێت و برێك بۆ گەشەكردنى بنكەكە.

٤. هاندانى ئەزموونى پزيشكى خێزان *FAMILY MEDICINE* ئەم تەجروبەيە لە هەولێر لەيەك لە بنكەكان لە برايەتى پەيرەو كرا بۆ يەك گەرەك هاولاتى بە تەلەفۆن مەوعيد وەردەگرێ و دێت ڕاناوەستێت يەكسەر دەچێتە لاى پزيشكى پێويست لە پسپۆرپەكە كەنەخۆشەكە پێويستى پێى هەبێت،پشكنين و تيشك هەرچى بويت بۆى دەكرێت. خەلكى گەرەكەكان بانگ دەكرێن بۆ ناو بنكەكە بۆ پێشكەش كردنى زانيارى لەسەر هەر نەخۆشێك يان پێشكەش كردنى هۆشيارى بۆ هەر حالەتێك كە ڕوو دەدات. وەهەروەها ئەم بنكەيە هەلدەستێت بە ئيحالەكردنى نەخۆش بۆ پسپۆرى تايبەت بۆ چارەسەرى تايبەت كە لەم بنكەيە ناكرێت.

٥. بایەخ دان بە (رعاية طبية أولية- Primary Health Care) و خۆپاراستن لە نەخۆشی (الصحة الوقائية) کە ئەمانە لە بنکە تەندروستیەکان پێشکەش دەکرێن بۆ چاودێری ژنی سك پڕ و چاودێری خوێندکاران، کوتانی منداڵان بەڵام لەبەر قەرەباڵغی ئەم بنکانە کاتی بەیانیان کە نەخۆش وەك پێویست سوود وەرناگرێت، دەکرێت ئەم کێشەیە بەسیستەمی (بطاقات) چارەسەر بکرێت، چونکە بەپێی ئامار لەشاری هەولێرو سلێمانی هەریەکە ملیۆن ونیوێك دانیشتوانیان هەیە بەڵام دەرکەوتووە نەخۆشخانەکان لەماوەی ساڵێکدا (٣) سێ ملیۆن کەس سەردانیان کردوون بۆیە سیستەمی (بطاقات) زۆر پێویستە.

٦. دانانی باج لەسەر ئەو کارگانەی کە رۆڵیان هەیە لە پیسکردنی ژینگە وە بەکارهێنانی ئەم داهاتە لەچاککردنی خزمەتگوزاری تەندروستی.

٧. دانانی باج لەسەر بازرگانی کردن بەجگەرەو مەشروبە کهولیەکان و بەکارهێنانی ئەم داهاتانە لەکەرتی تەندروستیدا.

٨. چاککردنی سیستەمی بانکی وەك سەرەتایەك بۆ بوژانەوەی تأمینی صحی لەهەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانرێت تأمین صحی پەیرەو بکرێت و رێژەیەکی کەم لە مووچەی فەرمانبەران وەرگرتنی برێك پارە لەکاسبکاران و خاوەن کار لە کەرتی تایبەت وەرگرتنی باج لەکارگەکان و بازرگانان و لەهەموو ئەو کەسانە کە داهاتی تایبەتی خۆیان هەیە. لەئەنجامدا بانك توانای بەکارهێنانی ئەم داهاتەی هەبێت لە دابینکردنی خەرجی تایبەت بە نەخۆشی لەحاڵەتی پێویست وەك پێویست بوون بە نەشتەرگەری یان چارەسەرێکی تایبەت یان بۆ نەخۆشیە کوشندەکان وەك نەخۆشی شێرپەنجە کە چارەسەری زۆر گرانە کە نە نەخۆش بەتەنیا و نە حکومەتیش بۆ هەموو نەخۆشەکان پێی دابین ناکرێ.

٩. کاراکردنی رۆڵی سەندیکا لە کۆنترۆڵ کردنی عیادەی پزیشکی بۆ ئەوەی رەچاوی ستانداردی صحی بکرێت، وە سزادانی سەرپێچی کاران بەتایبەتی لەدابینکردنی کات بۆ هەر نەخۆشێك. هەروەها نەهێشتنی دیاردەی (٤-٥) نەخۆش کەلەیەك کات دەبینرێن.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |
| ڤیان دزەیی | د. هالة سهيل | فخرية مصطفى | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

## راپۆرتی سەردانی لیژنە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر

ڕۆژی (٢٠٠٨/١/٢٩) شاندێکی لیژنەکەمان سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری هەولێرو بەشی نەخۆشیە دەروونیەکان وبەشی بوژانەوەی دڵ لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری یان کرد. شاندەکە پێکهاتبوو لە بەڕێزان:

١. د.هاله سهيل وادى.
٢. د.ئاريان خالص.
٣. رمضان عبدالرحمن.
٤. صبريه غفار.
٥. ڤيان دزەيى.
٦. فخريه مصطفى.

**-نەخۆشخانەی فریاکەوتن ( الطوارىء ):**

سەرەتا شاندەکە تێبینی ئەوەیان کرد کە نەخۆشخانەکە دوو هۆڵی نوێی لێ دروست کرابوو بۆ پێشوازیکردنی نەخۆش، کە هۆڵێکیان بۆ پێشوازیکردنی ژنان و ئەوی تریان بۆ پیاوان. ئەو بەشە نوێیەی کە دروستکراوە وەك پرۆژەیەکی فراوانکردنی نەخۆشخانەکەیە.

بەشێکی تری نەخۆشخانەکە کە زۆر گەورەیە بەڵام زۆر کۆنە هی ساڵانی پەنجاکانە کە بریتیە لە دوو قاوشی داخل کردنی نەخۆش، تاقیگە، بەشی تیشك. ئەم بەشەیان زۆر حاڵەتی نەشتەرگەری تێدا ئەنجام ئەدرێت، بەڵام ناشێن بۆ داخل بوونی نەخۆش و چارەسەرکردنیان لەبەر کۆنی و تێکچوونی زێراب و خراپی کەل وپەلەکان.

**- بەشی دەروونی لە نەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر:**

ئەم بەشە تازە دروست کراوەو یەکەم جارە ئەم جۆرە بەشە بۆ نەخۆشی دەروونی لەهەرێمی کوردستان دروست ئەکرێ کە لەناو نەخۆشخانەیە ، واتە لە دەرەوە نییە. ژمارەی نەخۆشەکانی (٥٥-٦٠) نەخۆشن و (١٢) پزیشکی پسپۆری هەیە. بەڵام ئەم بەشە زۆر کێشەو گرفتیان هەیە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. خراپی یبنایەکەیان لەرووی دروستکردنی دیوارەکان و ئاوو نەبوونی باخچە کە زۆر گرنگە بۆ نەخۆشی دەروونی کە سەوزایی و باخچەیان هەبێ، وە بەپێی وتەی سەرۆکی بەشەکەو سەرۆکی نەخۆشخانەکە نەدەبوو ئەم بەشە لە نەخۆشخانەکەیان وەرگیرابا بەڵام فەرزکراوە بەسەریان.

٢. بچووکی شوێنەکە وایکردووە پێش ئەوەی بەتەواوی چاك بێتەوە رەوانەی ماڵەوە دەکرێتەوە تاکو بتوانن پێشوازی لەنەخۆشی تر بکەن.

٣. کەمیی کارمەندی تەندروستی لەم بەشە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کارمەندان لەم بەشە هیچ دەرماڵە یان حوافزیان بۆ دانەنراوە تاکو کارمەندی تەندروستی رووی تێ بکەن.

**پێشنیارەکانیان:**

١. لەبەر ئەوەی لەهەموو جیهان گرنگیەکی زۆر بە نەخۆشی دەروونی دەدرێت لەرووی بودجەو کارمەندو بینایەی تایبەت بۆیە پێویستە لەهەرێمی کوردستان نەخۆشخانەیەکی گەورە هاوشێوەی نەخۆشخانەی رەشاد (شماعیە)ی بەغداد دروست بکرێ لەدەرەوەی شار بۆ ئەوەی داڵدە بدرێن وەك جێگایەك بۆ حەوانەوەیان بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەبەر ەوەی ژمارەیەکی زۆر لەم نەخۆشانە لەکۆمەڵگە دادەبڕێن و ناکرێ لەماڵەوە

چارەسەر بکرێن، پێویستیان بە نەخۆشخانە هەیە نەک تەنها بۆ چارەسەر کردن بەڵام بۆ چارەسەرکردن و حەوانەوەش. لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو بەشە نوێیە کە دروست کراوە تەنها بۆ چارەسەرکردنە نەک بۆ حەوانەوەی هەمیشەیی. لیژنەکەمان زانیاری وەرگرت دەربارەی ژمارەی نەخۆشی دەروونی کە لەنەخۆشخانەی رەشاد (شماعیە) ی بەغدا کە لە کۆی (١٢٠٠) هەزارو دووسەد نەخۆش نزیکەی (١٨٠) سەدو هەشتا نەخۆشیان کوردن و لەهەرێمی کوردستان رەوانە کراون.

٢. خەرجکردنی دەرماڵەی تایبەت بۆ کارمەندانی تەندروستی ئەو نەخۆشخانەیە لەبەرگرنگی و تایبەتمەندی ئەو بەشە و هەروەها بۆ هاندانی کارمەندان بۆ زیاتر خزمەتکردن.

٣. لەبەر ئەوەی نەخۆشی دەروونی پێویستیان بە راهێنان و فێرکردنی هەندێ کاری دەستی هەیە، لەم بەشە تازەیەش کە دروستکراوە رەچاوی ئەم بابەتە کراوە و هەندێ هۆڵی تایبەت بەراهێنان (تأهیل) دروست کراوە بەڵام هیچ ئامێر و کەل وپەلی بۆ دابین نەکراوە بۆیە دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی تأهیل زۆر گرنگە بۆ ئەم نەخۆشخانەیە کە بەشێکە لەچارەسەر کردنیان و ئامادەکردنیان بۆ گەرانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا.

### بەشی بوژانەوەی دڵ لەنەخۆشخانەی فێرکاری:

شاندی لیژنەکەمان لەبەشی بوژانەوەی دڵ تێبینی نوژەنکردنەوەی ئەم بەشەی کرد کە ئامێری ساردکردن و گەرمکردنی بۆ دابینکراوە، بەڵام ئەو ئامێیانەی کە بۆ چاودێریکردنی نەخۆش (Moniter) دانراوە زوو تووشی تێکچوون دەبن و پێویستیان بە چاکردنەوە هەیە. هەروەها بەشەکە لەرووی پاک و خاوێنیەوە باش بوو.

بەگشتی نەخۆشخانەی فێركاری كێشەی هەرەگەورەی كارەبایە كە هەندێك جار كارەبا دەبڕێت زۆر كاریگەری لەسەر هەموو بەشەكان دەبێت بەتایبەتی حاڵەتی نەشتەرگەری و بوژانەوەی دڵ و بەشەكانی تاقیگەو تیشك كە زیانێكی زۆر بە نەخۆشخانەو نەخۆشەكان دەكەوێت. بۆ داواكاریان ئەوەبوو كە كێشەی كارەبایان بۆ چارەسەربكرێت.

ئەوەی شایانی بسە ئەمە سێیەم جارە لیژنەكەمان سەردانی مەیدانی دەكات بۆ نەخۆشخانەی فریاكەوتن، وە كەم و كوریەكانمان بەراپۆرت بەرز كردۆتەوە بەڵام تا ئێستا زۆربەیان جێبەجێ نەكراوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆكی لیژنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤیان دزەیی | د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

داوا دەكەین یان بەپێی ئەو یاسایەی كە لەعێراق دەرچووە، یاسای ژمارە(٥٨)ی ساڵی (١٩٨٦) عێراقی جێبەجێ بكرێت ، یان پرۆژە یاسایەكی هەمواركراو لە وەزارەتەوە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بكرێت لەگەڵ ڕێزماندا..

د. فوئاد بابان
سەرۆكی لیژنەی تەندروستی و كارو كاروباری كۆمەڵایەتی

## بانگهێشت کردن

بەمەبەستی زیاتر بەرچاو روونی سەبارەت بە:

١/دیاری کردنی پێداویستی هەرێم بۆ دەرمان ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠.

٢/ئاگادار بوون لە ڕەوشی کوالیتی کۆنترۆڵ لە ماوەی ساڵی رابردوو و زانینی پلانی داهاتوویان.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٣/٢)بانکهێشتی هەریەك لە بەرێوەبەری گشتی پلان دانان و بەرێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی بکرێت بۆ لیژنەکەمان.بفەرموون بە ڕەزامەندی.

**لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی**

## ڕاپۆرت

وەفدی پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە "د. فؤاد احمد بابان و دکتۆرە ڕۆژان دزەیی" بەشداری ئەو کۆبونەوەیەمان کرد کە لە عەممان بەسترا لە ڕۆژانی ٨-٢٠٠٩/٣/١٣ کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W. H. O) بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی عیراق بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاسا و ڕێسا تەندروستیە نێودەوڵەتیەکان (لوائح الصحة الدولية) وە شێوەی جێبەجێ کردنی لەسەر تاپای عیراقدا بە هەرێمی کوردستانەوە .

ئەم ڕێسایانە لە ساڵی (٢٠٠٥) دارێژراوە وە لە ساڵی (٢٠٠٧ مانگی حوزەیران) لە ڕووی یاساییەوە بڕیاری کارپێکردنی دراوە ، ئەم ڕێسایانە وەك

پەیمانێکی نێو دەوڵەتی سەیر ئەکرێت وە ئەبێ دەوڵەتانی ئەندام کاری پێبکەن وە پەیوەست بن پێوەی کە ژمارەیان (١٩٤) دەوڵەتن . ئەم ڕێسا و یاسایانە لە (١٠) دەروازەو (٦٦) مادە لەگەڵ (٩) پاشکۆ، ئامادەبووان بریتیبونی لە (٤٠) ئەندام لە نوێنەرانی وەزارەتی تەندروستی عیراقی فیدراڵ ، پەرلەمانی عیراقی (یەك ئەندام) وە بەڕێوەبەرەکانی تەندروستی کۆمەڵ لە هەموو پارێزگاکان وە نوێنەرانی وەزارەتەکانی فیدراڵ (ناوخۆ ، بەرگری ، گەشتوگوزار) وە نوێنەرانی ڕێکخراوی (W. H. O) کە (٥) پسپۆڕن .

تەوەری سەرەکی بریتی بوو لە ڕێوشوێنی بەرگریگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ڕووداوە ترسناکەکان کە مەزەندە ئەکرێت زیانی بۆ دەوڵەتان هەبێت وە بە تەنگەوە هاتنی ئەم ڕووداوانە لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی وە هاوکاری نێو دەوڵەتی لە ڕێگای (W. H. O). وە ئەبێ دەوڵەتان ئاگاداری (W. H. O) بکەن لە هەر ڕووداوێك یان نەخۆشیەك کە مەترسی هەبێت لەسەر تەندروستی وڵاتان وە بەرزکردنەوەی توانای دەوڵەتان تا بتوانن بەرەنگاری ئەم جۆرە ڕووداوانە ببن . وە ئەبێ دەوڵەتان یاساکانیان بگونجێنن لەگەڵ ئەم ڕێسا و یاسایانەدا لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەت لە ئاڵوگۆڕ کردنی هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە لە سنوری نێو دەوڵەتیدا بازرگانی پێوە ئەکرێت.

کۆبونەوەکە (٥) ڕۆژی خایاند ، ئێمەش بەشداریەکی چالاکمان هەبوو لە گفتوگۆکان وە لە سەرەتای کۆبوونەوەکاندا ڕەخنەمان لەبێدەنگی (W. H. O) گرت کە ڕۆڵی نەبووە لە بە ئاگاهاتنی کیمیابارانی کوردستان وە لێکۆڵینەوەی نەکردووە لە سەر ئەم کارەساتە . وە لە یەکێك لە دانیشتنەکاندا کاتێك باسی دامەزراندنی ئەنجومەنێك کرا لەسەر ئاستی عیراق بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانە ئێمە پێشنیارمان کرد .کە ئەنجومەنێکی هاوشێوە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنرێت بۆ ئەم مەبەستە وە نوێنەری وەزارەتی

تەندروستی عیراق پێشنیارەکەی ئێمەی لاپەسەند بوو بەڵام بە هەندێك گۆڕانکاریەوە وە بە سنگ فراوانیەوە وتەکانم وەرئەگیرا . پاشان ڕۆژێکی تر پێویستی کرد کە ڕۆڵی حکومەتی هەرێم وە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بخەینە ڕوو بۆ بە هێز کردن و پتەو کردنی یەکێتی عیراق وە جەختمان کردەوە لە سەر ڕۆڵی بەرچاوی سەرکردەکانی هەرێم لە پتەو کردنی ئەم یەکێتیە لە بەستنی کۆڕو کۆبونەوە بۆ لایەنە عەرەبیەکان وە بەشداری چالاکانە لە دروستکردنەوەی دام و دەزگاکانی فیدراڵی و بەشداری هێزەکانی هەرێم لە دابینکردنی ئارامی لە بەغداد...

وە دووپاتمان کردەوە کە یەکێتی خاکی عیراق تەنها بە پابەند بوون بە دەستوور و ڕێزگرتن لە ویستی پێکهاتەکانی عیراق دابین ئەکرێت . وە لە ڕۆژی کۆتایی کۆبونەوەکاندا بە بەشداری سەفیری عیراق لە عەممان داوامان لێکرا ووتەیەك پێشکەش بکەین کە جێگای ڕەزامەندی بەشداربووان بوو وە لە ڕۆژی کۆبوونەوەکاندا وێنەیەکمان لە یاسایی ژمارە ٢٠٠٨/٨ پەرلەمانی کوردستان (یاسایی پاراستن و چاککردنی ژینگە) دابەشکرد بەسەر ئامادەبووانندا بۆ نیشاندنی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان لەو بڕگانەی کە پەیوەست بوون بە دانیشتنەکانەوە .

وێنەیەك لە "لوائح الصحة الدولية"

**دکتۆرە ڕۆژان دزەیی**
بڕیاردەری لیژنەی تەندروستی و
ئەندامی لیژنەی یاسایی

**دکتۆر فؤاد احمد بابان**
سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و
کاروباری کۆمەڵایەتی

## بانگهێشت کردن

بەمەبەستی زیاتر بەرچاو روونی سەبارەت بە:

١/دیاری کردنی پێداویستی هەرێم بۆ دەرمان سالّی ٢٠٠٩-٢٠١٠.

٢/ئاگادار بوون لە رەوشی کوالیتی کۆنترۆڵ لە ماوەی سالّی رابردوو و زانینی پلانی داهاتوویان.

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٠٩/٤/١٥) کاتژمێر (٩,٣٠)ی سەرلەبەیانی،بانگهێشتی هەریەك لە بەرێوەبەری گشتی پلان دانان و بەرێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی بکرێت بۆ لیژنەکەمان.بفەرموون بە رەزامەندی.

### لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی

## رای لیژنە سەبارەت بە یاسای جگەرە کێشان

لە رۆژی (٢٠٠٩/٤/١٣)ی زایینی بەرامبەر بە(٢٥/نەورۆزی /٢٧٠٩)ی کوردی لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا ،تێدا گفتوگۆ کرا لەسەر پرۆژی هەموار کردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان ژمارە(٣١)ی سالّی(٢٠٠٧) کەلەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیشکەش کرا دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە خولی پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی رۆژی (٢٠٠٩/٣/٢١) دوای گفتوگۆ کردن لیژنەکە گەیشتە ئەم ئەنجامانە بە کۆی دەنگ:

١/مەبەست و ئامانجی لیژنەکەمان هوشیار کردنەوەو ئاگادار کردنەوەی هاولاّتیانە لە زیانەکانی جگەرە کێشان لە رووی تەندروستیەوە ،بۆیە دەبێت بە زمانێك بێت هاولاّتی تێی بگات،بەو پێیەی زمانی کوردی زمانی فەرمیەو زۆرینەی خەڵکی کوردستان تێی دەگات،بۆیە پێویستە ئەو ئاگادار کردنەوەیە کەلەسەر پاکەتی جگەرە دەنووسرێت بە زمانی کوردی بنووسرێت ئەگەر لەپاڵدا زمانی عەرەبیش بەکار بێت باشترە.

٢/ئێمەش وەکو لیژنە هاوڕایین لەگەڵ لیژنەی یاسایی ،بەپێی یاسای ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠٠٧)،کە گرێبەستەکانیان رێك بخەن تاوەکو (٢٠٠٨/١٢/٣١) ماوەدان بەو کەسانەی کە بازرگانی بە جگەرە دەکەن و هاوردەی جگەرە دەکەن وەئەگەر بیتو یاساکە وەکو خۆی نەمێنێت ئەوا بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئاگادار کردنەوەی زیانی جگەرە پشتگوێ دەخرێت،وەرێگا خوش دەکات بۆ ئەوەی زمانی تری تیادا بەکار بێت.

٣/هەروەها ئاماژە بە یاسای عێراقی ژمارە(٥٤٦) تایبەت بە جگەرە لە (١٩٩٧/١٢/١)دەبێت جگەرەی هاوردە بە زمانی عەرەبی ئاگادار کردنەوەی لەسەر بنووسرێت.

٤/ هەروەها ئاماژە بەیاسای جگەرە کێشان دەکەین لە وولاّتی ئوردن کە دەبێت نووسینی ئاگادار کردنەوە بەزمانی عەرەبی بنووسرێت ودەکرێت زمانی ئینگلیزیش شان بەشانی زمانی عەرەبی بەکار بهێنرێت.

بۆیە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کەوا پرۆژەکە بە کۆی دەنگ ڕەت بکرێتەوەو قبوڵ نەکرێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | د. رۆژان دزەیی | صبری غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤیان دزەیی | د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

## سەردانی بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی لە ٢٠٠٩/٢/٢٦
## هەولێر / شۆڕش

لیژنەکەمان لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٦ سەردانی بنکەی چاودرێری کۆمەڵایەتی و سەنتەری تەلاسیمیایان کرد لە هەولێر، ولەکاتی سەردانەکەیان بۆ بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی ئەم خاڵانەی خوارەوەیان بۆ روون بووەوە:

- دروست کردنی بینایەکە لەلایەن دەستەی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکی و پارێزگای هەولێر بووە.
- بینایەکە بەشێوەی خانووە وەك ماڵ وایە ، پێشتر وەکو قاعاتی گەورە لەسەر سیستمی کۆن دروست کرابوو ، قاعاتی گەورەی ترسناك ومەمەری گەورە کە بۆ منالآن و بەسالآچوان ترسناك و بێ مەرجە .
- (٣) خانوو بۆ کچان و کوران لەسەر رووبەری ٣٠٠م٢ لە دوو نهۆم پێك هاتووە ، هەموو پێداویستەکانی دابین کراوە لە ژووری نووستن ،هۆڵ ، کتێبخانە ، چێشتخانە ، حمام ،(W.C) ، بەهەموو کەل و پەلی تازە بابەت و مۆدێرن .

- (٣) خانەی بەساڵاچوان لەسێ نهۆم پێك هاتووە بەشێوەی ماڵ دروست کراوە لە (٦) ژوور پێك هاتووە .
- قانونی عیراقی سالی ١٩٨٣ ( قانون رعاية الاجتماعية) تەنها بەسالاچوانی ئاسایی دەگرێتەوە ، بەڵام (بە ساڵاچوانی مقعد) کە پێویستیان بە خزمەت کردنی زۆر هەیە و چاودێری و پاك کردنەوەیان پێویستە .
- ( یاسا نوێیەکە) بەساڵاچوەکان باس لەوەدەکا کە بەساڵاچوان بگەرێنەوە بۆ ناو ماڵی خۆیان بە دابین کردنی مووچە بۆ بەخێوکردنیان.
- بەساڵاچوان کراون بە دوو بەش :-
  ١- بەساڵاچوان (مقعد).
  ٢- بەساڵاچوان ئاسایی.
- (٤)جۆر سیستەم بەکاردەهێنێت بۆ بەساڵاچوان بۆ رێکخستنی ژیانیان .

هەروەها بینایەکی تر لەم بەشانەش پێك هاتووە :-

- هۆڵ بۆ بۆنەو یادەکان .
- بینای چێشتخانەی گەورەی گشتی بۆنان خواردنی هەمووان.

نهۆمی دووەمی:- هۆلی چالاکیەکان کە پێك هاتوە لە هۆلی وەرزشی ، دورمان ، هۆلی فەرمانبەران ، کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت .

- پاشان لەهەمان رۆژ لیژنەکەمانسەر دانی سەنتەری تەلاسیمیای هەولێری کرد لەگەڵ ستافی ئەم سەتنەرە قسە کرا لەسەر کێشەو گیرو گرفتەکانیان،لیژنەکەمان بۆی دەرکەوت کە ئەو خێزانانەی نەخۆشی تەلاسیمیایان هەیە هیچ رۆشنبیریان لەسەر ئەم نەخۆشیە نیەکە (وراثية)و بەرێگای بۆ ماوەیی دەگوازرێتەوە و پێویستە ژمارەی منداڵ لە ناو خێزان کەم بکرێتەوە و لایەنی کەم دایك و باوکەکە خۆیان فحص بکەن هەروەها لە رووی ئابووریەوە ئەم خیزانانە زۆربەیان کەم دەرامەتن و

پێویستیان بە هاوکاری و پشتگیری لەلایەن حکومەت و خەڵکی خێر خواز هەیە.هەروەها پێویستیان بە سەنتەرێکی هاوچەرخ هەیە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکە کە بریتیە لە (چاندنی مۆخی ئێسك) ( Bone marrow transplantation) ئەم چارەسەر لە وولاتانی دەرەوە دەکرێت ئێستا هەوڵ دەدرێت بۆ دروست کردنی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی ژمارەی هەلگرانی ئەم نەخۆشیە نزیکەی (١٥٠٠)حالەتن،و رۆژانە ژمارەیەکی دووچاری مردن دەبن.

| | | |
|---|---|---|
| د. ئاریان خالص | ڤیان دزەیی | صبری غفار |
| ئەندام | ئەندام | جێگری سەرۆك |
| د. هالة سهیل | فخریة مصطفی | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرتی چوار ساڵ

سەبارەت بەوەڵامی دانەوەی نووسراوی ژمارە (ك ٥٥) لە ( ٢٠٠٩/٣/٢٩) ئەم كارو چالاكیانەی لیژنەكەمانتان بۆ دەنێرین.

١/چالاكیەكان سەبارەت بە چاودێری كردنی كاری وەزارەت:

*لە رێكەوتی (٢٠٠٥/١١/٩)لیژنەكەمان سەردانێكی مەیدانی ئەنجام دا بۆ دۆڵی مەلەكان كەپێك هاتبوو لە گوندەكانی (تارینان، بلەی سەروو، بلەی خواروو، مەلەكان) بۆ زانینی كێشە وگرفتەكانی ئەو ناوچەیە.

* نووسراوی ژمارە (٥) لە (٢٠٠٥/١١/١٥)،سەردانی ماڵی خەندە كراوە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ئیش و كارەكانیان .

* لە رێكەوتی (٢٠٠٥/١١/١٦)لیژنەكەمانی سەردانی ناوچەی باڵەكایەتی كردووە بۆ خستنە رووی كیشەكانی ئەو ناوچەیە بۆ بەردەمی پەرلەمانی كوردستان.

* لیژنەكەمان بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی سەردانی شاری هەڵەبجەی كردووە ،لە رێكەوتی (٢٠٠٥/١١/٢٦).

* لیژنەكەمان راپۆرتێكی ئاراستە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كردووە لەرێكەوتی (٢٠٠٦/١٠/٢٥)سەبارەت بە رەوشی بەندیخانەكان و زنجیرەیەك سەردانی مەیدانی بۆ هەریەك لە:

١/فەرمانگەی چاككردنی كۆمەڵایەتی /سلێمانی ،لەرێكەوتی(٢٠٠٦/٩/١٠).

٢/بەرێوەبەرایەتی نەوجوانان و ژنان،هەولێر لەرێكەوتی(٢٠٠٦/٩/١٣).

٣/گرتووخانەی ناوەندی هەولێر لەرێكەوتی (٢٠٠٦/٩/١٨).

* سەردانی سەرۆكی لیژنە(د.فوئاد ئەحمەد بابان)لەرێكەوتی (٢٠٠٦/١٠/٢٨) بۆ نەخۆشخانەی سەرەكی هەڵەبجە.روونكردنەوەی كێشەو گرفتی ئەو ناوچەیە لە رووی تەندروستیەوە وگەیاندنی بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.
* لەرێكەوتی (٢٠٠٦/١٠/٢٩) ئەندامانی لیژنەمان پێشوازیان لە نوێنەری خوێندكارانی كۆلێژی تەكنیكی سلێمانی كرد.بۆ هاوكاری كردنیان لە لایەن لیژنەوە سەبارەت بە چارەسەری كێشەكانیان و گەیاندنی بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.
* بانگهێشتی بەرێوەبەرە گشتیەكانی تەندروستی هەرسێ پارێزگای هەرێمی كوردستان بە نووسراوی ژمارە(١٣٩/٣/٤)لە (٢٠٠٧/١/٣١)،بۆ زانینی چۆنیەتی بەرێوەچوونی رەوشی تەندروستی لە هەرسێ پارێزگای هەرێم.
* لەرێكەوتی (٢٠٠٧/٩/٥) ناردنی راپۆرتی ژمارە(٤)، دەربارەی نەخۆشی كۆلێرا و چۆنیەتی كۆنترۆڵ كردنی لەسەرجەم ناوچەكان كوردستان.
* راپۆرتی ژمارە (٥)لە رێكەوتی (٢٠٠٧/٢/١٧)سەردانی مەیدانی كۆگاكانی خۆراك لە هەولێر دەربارەی نەخۆشی كۆلێرا.
* راپۆرتی ژمارە(١٠)لە رێكەوتی (٢٠٠٧/٩/١٧)بە دواداچونێكی چرو پر دەربارەی نەخۆشی (HBC).
* (٢٠٠٧/٩/١٧) راپۆرتی ژمارە (٦)بەدواداچوون و سەردانی بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەولێر لەسەر نەخۆشی (هەوكردن جگەری جۆری) (HBC)روونكراوەتەوە.
* راپۆرتی ژمارە (٦)لە رێكەوتی (٢٠٠٧/١٠/٢٩) پێشوازی بەرێوەبەرەگشتیەكانی هەرسێ پارێزگای هەریمی كوردستان و باس كردنی رەوشی تەندروستی لە سەرتاسەری هەرێم.

* بانگهیشتی بەرێوبەرانی گشتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلأیەتی لە رێکەوتی (٢٠٠٧/١١/١٥)و گفتوگو کردن لەسەر رەوشی بەرێوەچوونی کارەکان.
* بانگهێشتی نەقیبی سەندیکای پزیشکان (د.طە محوی)لەرێکەوتی (٢٠٠٧/١٢/٢)، کفتوگۆ کردن لەسەر کێشەو گرفتەکانی دەرمان و چۆنیەتی چارەسەر کردنیان.
* کۆبوونەوەی لیژنە لەسەر ماددەی بێ هۆشکەر لەگەڵ هەریەك لە (د.جمیل علی،د.موژدە خضر، د.عارف حیتو، د.باریف ظاهرو د.هادی نەقشبەندی)لە رێکەوتی (٢٠٠٧/١٢/٤) .
* (٢٤-٢٠٠٨/١/٢٧) سەردانی دەزگای کوالیتی کۆنترۆل، و ئامادەکردنی راپۆرتێك دەربارەی ئەم دەزگایە.
* لە رێکەوتی( ٢٠٠٨/٤/١٦) کوبوونەوە لەگەڵ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلأیەتی و بۆ زیاتر ئاشنابوون لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی کارەکان و هەروەها ئامادە کردنی راپۆرتیك دەربارەی بودجەی ساڵی( ٢٠٠٨).
* لە رێکەوتی (٢٠٠٨/٥/٥)بانگهێشتی هەریەك لە (د.مؤید عبدالرحمن و د.رمزی عثمان)و گفتوگۆ کردن لەگەڵیان لەسەر کێشەی دەرمان و خۆراك و زانینی چۆنیەتی کارەکانی دەزگای کوالیتی کۆنترۆڵ.
* لەرێکەوتی (٢٠٠٨/٧/١٣)ناردنی داواکاریەك لە لایەن لیژنەوە بۆ زانینی چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی یاساکانی (پشکنینی خوێن و جگەرە کێشان)لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان .
* ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لەسەر (قانون التدرج الطبي )لە رۆژانی(١٣و١٦و٢٠٠٨/١١/١٧).

* سەردانی پاریزگای دهوك لە ریکەوتی (٢٠٠٨/١١/١١) بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی تەندروستی و کەم و کوری و پێداویستییەکانی بواری تەندروستی و کارو باری کۆمەلایەتی ئەو دەفەرە.
* لە رۆژی (٢٠٠٨/٩/٨) لیژنەمان کۆبوونەوەیەکی ئەنجام داوە لەگەڵ هەریەك لە(د.هێمن فاضل بەرێوەبەری بنکەی تەندروستی خێزانی برایەتی ) و(د.ولی عمر عبدالرحمن شارەزا لە بواری پزیشکی بە کۆمەڵ لە کۆلێژی پزیشکی) کە بەشێوەیەکی گشتی باس لەسیستەمی تەندروستی خێزان گرا.
* لە رۆژی (٢٠٠٩/١/٢٩)لیژنەکەمان سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێری کرد بۆ زیاتر چاودێری و بە دواداچوون.
* لە رۆژی (٢٠٠٩/٢/٢٥)لیژنەکەمان سەردانێکی مەیدانی کرد بۆ شاری سلێمانی و دەفەری گەرمیان بۆ زانینی کێشەو گرفتی ئەو ناوچانە لە هەردوو بواری تەندروستی و کۆمەلایەتی .

## ٢/راپۆرتی پرۆژە یاسا:

* لەرۆژی (٢٠٠٧/١٠/٢٤)ئامادە کردنی راپۆرتێك دەربارەی پرۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرە کێشان .
* (٢٠٠٨/١١/٢٥)ناردنی راپۆرتێك دەربارەی راو بۆچوونی لیژنە دەربارەی پرۆژە یاسایی توندو تیژی دژی خێزان.
* (٢٠٠٨/٥/٢٥)ئامادە کردنی راپۆرتێکی هاوبەشی لیژنەی تەندروستی و کۆمەلایەتی لەگەڵ لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسایی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

### ٣/بانگهێشتی وەزیر:

* نووسـراوی ژمـاره (٧)لـه رێکـەوتی (٢٠٠٧/٩/١٧) بانگهێـشتی وەزیـره پەیوەندیدارەکان دەربارەی نەخۆشی کۆلێرا.
* (٢٠٠٨/٥/١٣) وەزیری تەندروستی و پلان دانان ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بـوون ،و لەسـەر بابـەتی بودجـەو کـوالیتی کـۆنترۆڵ و کارگـەی دەرمـانی هەولێر.
* (٢٠٠٨/١١/١٧) نوسـراوێك بـۆ بانگهێـشتی وەزیـری تەندروسـتی بـۆ کێـشەی کۆلیژە پزیشکیەکان،له رێکەوتی (٢٠٠٨/١١/٢٤) وەزیـری تەندروسـتی ئامادە بوو بە پێی بانگهیشتەکە.

### ٤/ یاسا:

ئەو یاسایانەی کە لە ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەمانەن:

* یاسـای ژمـاره(٧)ی سـاڵی( ٢٠٠٦) یاسـای وەزارەتـی پـلان دانـانی هـەرێمی کوردستان.
* یاسایی ژماره(١٠)ی ساڵی (٢٠٠٦)یاسای وەزارەتی ژینگە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان.
* یاسای ژماره (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)یاسای وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
* یاسـای ژمـاره (١٥)ی سـاڵی (٢٠٠٧)یاسـای وەزارەتـی تەندروسـتی هـەرێمی کوردستان.

* یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان.

ئەو پرۆژە یاسایەی کە لەلایەن لیژنەکەمانەوە بەرز کراوەتەوەو بوە بەیاسا ئەمەیە:

* ژمارە (٣٠)ی ساڵی (٢٠٠٧)یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن(کەم خوێنی دەریای سپی ناوەراست –تالاسیمیا)پێش هاوسەر گیری .

**٥/سەردانی دەرەوەی وولات:.**

* بەشداری هەریەك لە بەرێزان (د.ئاریان خالص، ڤیان دزەیی)لە (workshop)یێك دەربارەی پێگەیاندن و بەسەرکردە کردنی ژنان لە رووی سیاسیەوە کە لەوولاتی سربیاو ڤودی ڤودنیا ئەنجام درا،لە رێکەوتی (٢١-٢٠٠٥/٨/٣٠).
* سەردانی خاتوو(د.هالە سهیل وادی) بۆ وولاتی نەرویج لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان،بەمەبەستی بەشداربوون لە بەخشینی خەلاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بەرێزدار(محمد البرادعی) لە رێکەوتی (٢٠٠٥/١٢/٦) هەروەها سەردانی پەرلەمانی نەرویج.
* سەردانی خاتوو(د.هالە سهیل وادی) و خاتوو(د. رۆژان دزەیی) بۆ وولاتی ئوردن لەرێکەوتی (٢٠٠٦/١١/٥) بەمەبەستی بەشدار بوون لە کۆنفرانسی یونامی دەربارەی کاروباری ژنان.
* سەردانی خاتوو (د.هالە سهیل وادی) بۆ وولاتی هەنگاریا لەسەر بانگهێشتی ئەم وولاتە بۆ سەردانی پەرلەمانی هەنگاریاو شوێنە مێژوویەکان.

* سەردانی بەڕێز(د.ڕەمەزان عبدالرحمن)بۆ وولاتی مەغریب بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی سەرووی ئەفریقیاو رۆژهەلاتی ناوەراست لە رێکەوتی (٢٠٠٦/١٢/٤).
* سەردانی سەرۆکی لیژنە بەرێز(د.فوئاد احمد بابان)بۆ وولاتی یابان لە (٢٠٠٧/٢/١٩) هەتا (٢٠٠٧/٣/٣)لەسەر داوای (الوكالة اليابانية للتعاون الدولية).
* سەردانی هەریەك لە بەرێزان جێگری سەروك لیژنە خاتوو (صبری غفار)و بڕیاردەری لیژنە خاتوو (د.روژان عبدالقادر دزەیی) بۆ وولاتی سوید لە (١٤-٢٠٠٧/٢/٢٨).
* سەردانی خاتوو(ڤیان دزەیی) بۆ وولاتی ئوردن ،لە (٢٠- ٢٠٠٨/٤/٢٥) سەبارەت بە (توندو تیژی دژی ژنان ،یەکسانی لە بەشدار بوون و توانا سازی ژنان لە دروست کردنی ئاشتی).
* سەردانی خاتوو(د.رۆژان دزەیی) بۆ قاهیرە، بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی تایبەت بە توندو تیژی دژی ئافرەتان و خەتەنە کردنی مێینە، لەلایەن رێکخراوی ( Nopeace with out justice) لە کانونی یەکەمی ساڵی( ٢٠٠٨).
* سەردانی هەریەك لە بەرێزان سەرۆکی لیژنە(د.فوئاد احمد بابان) وبریاردەری لیژنە خاتوو (د.رۆژان دزەیی) بۆ وولاتی ئوردن لە رێکەوتی (٨-٢٠٠٩/٣/١٢) لەسەر داوای رێکخراوی نێو دەوڵەتی (who).
* سەردانی خاتوو(صبریە غفار)بۆ وولاتی تورکیا لەسەر بانگهێشتی دەتەپە بۆ بەشداری کردن لە کۆمەڵێك چالاکی (٨ی مارس)لە دیار بەکر.

## ٦/كۆنفرانس :

* لەرێكـەوتی (٤-٩/١٢/٢٠٠٦) بەشـدار بـوونی بـەرێز (د.رمـضان عبـدالرحمن) ئەندام لیژنەی تەندروستی و كۆمەلأیـەتی لـە كۆنفرانـسی سـەرووی ئـەفریقیاو رۆژهەلأتی ناوەراست.

* بەشـداری بـەرێزان خـاتوو(هالـە سـهیل وادی) و خـاتوو(د.رۆژان دزەیـی) لـە كۆنفرانـسی یۆنـامی دەربـارەی كاروبـاری ژنـان لـە وولأتـی ئـوردن لەرێكـەوتی (٢٠٠٦/١١/٥).

* بەشداری كۆنفرانسی پزیشكی لە هەولێر،رۆژانی (١٧و١٨و٢٠٠٧/٤/١٩).

* بەشداری كردنی خاتوو(د.رۆژان دزەیـی) و سـەرۆكی پەرلـەمان و ئەنـدامانی لیژنەی یاسایی لە كۆنفرانسی نێو دەوڵـەتی تایبـەت بـە دەسـتووری عێـراق لـە رۆما ی پایتەختی ولأتی ئیتاڵیا،هەروەها شاندەكە سـەردانی ئـەو نەخۆشـانەیان كـرد كـە لەلایـەن رێكخـراوی ئیتـاڵی مرۆیـی رەوانـەی ئیتاڵیـا كرابـوون بـۆ چارەسەر كردن لە نەخۆشی شیرپەنجە.

* (٨-٢٠٠٩/٣/١٢)بەشداری هەریـەك لەبـەرێزان سـەرۆكی لیژنـە (د.فوئـاد احمـد بابـان)وبریـاردەری لیژنـە خـاتوو(د.رۆژان عبـدالقادر دزەیـی)لـە كۆنفرانـسی ریكخراوی (who)لە ئوردن.

## ئاراستەکردنی نووسراو

داواکاریەك بەرز بکرێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ ئامادەباشی...

١/ پێشنیار کردنی پرۆژە یاسایەك بۆ پشکنینی نەخۆشیە بۆماوەییەکان لە ئافرەتی سکپڕدا بۆ دیاری کردنی نەخوشیە بۆماوەییەکان پێش منداڵ بوون هەر وەك لە وولآتە پێشکەوتووەکان.

٢/ ئامادە کردنی پرۆژە یاسایەك بۆ منداڵی ناو لوولە (اطفال الانابیب).

لەگەڵ ڕێزماندا...

**سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی**

## تقرير لجنة الصحة و العمل والشؤون الاجتماعية

اجتمعت لجنة الصحة و العمل والشؤون الاجتماعية يوم الاربعاء المصادف ٢٠٠٩/٥/٢٧ لدراسة مشروع قانون موازنة اقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٩ بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية في ٢٠٠٩/٥/٦ و بعد المناقشة لمواد القانون والاطلاع على تفاصيل موازنة حكومة الاقليم المقدمة في وزارة مالية الاقليم تم الاتصال بمدير حسابات وزارة الصحة و وزارة البيئة و تم الاتفاق على استقبال كل من (ياسين احمد زةنكنة-مدير عام ديوان في وزارة البيئة،وقادر صديق عثمان-مدير الادارة والذاتية في وزارة البيئة) في مقر لجنة الصحة والشؤون الاجتماعية في البرلمان و في اليوم نفسه الساعة العاشرة صباحا،

تم مناقشة احتياجات الوزارة و قدموا نسخة من التقرير المقدم من قبل السيد وزير البيئة بالكتاب المرقم (٥٩٣) في يوم (٢٠٠٩/٣/٢٩) الى وزارة المالية .

و بعد دراسة مشروع قانون موازنة الاقليم باسهاب تقدم لجنتنا تقريرها و توصياتها بشأن المشروع كالاتي :

١. تؤيد لجنتنا كافة الفقرات الواردة في تقرير اللجنة القانونية والمقدم بتأريخ ٢٠٠٩/٥/١٨ ( مع ملاحظه ان المبلغ الوارد في الفقرة الثالثة هي(٦٦١٤٠) مليار وليس ٧١١٤٠ كما ورد في الصفحة ١٢ في تقرير وزارة المالية .
٢. نقترح زيادة تخصيصات كل من وزارة الصحة و وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية.

فيما يتعلق بوزارة البيئة نقترح اضافة ٧٣٥٠ مليار دينار لتلبية احتياجاتهم و تسهيل مهمات الوزارة ،وخاصة بالنسبة لقانون حماية البيئة رقم (٨) لسنة (٢٠٠٨) حيث ورد في المادة العاشرة منه صندوق حماية و تحسين البيئة في الاقليم و تتكون واردات الصندوق من المبالغ المخصصة من ميزانية حكومة الاقليم.

**نود ان يكون البرلمان على بينة أن:**

تخصيصات وزارة الصحة = ٥,٧٦٪ في الموازنة الجارية .

تخصيصات وزارة العمل = ١,٨١٪ في الموازنة الجارية .

تخصيصات  وزارة البيئة = ٠,١٣٪ في الموازنة الجارية .

المجموع = ٧,٧٪

يظهرمن ذلك ان ما هو مخصص لهذه الوزارات الخدمية مجتمعا تزيد قليلا عن نصف ما هو لوزارة الداخلية (والبالغة ١٣,٠٧٪) و هى اقل من نصف ما هو مخصص لوزارة المالية (والبالغة = ٢٠,١٦٪) .

٣. و نعيد ما قلنا فى العام السابق عند تقديم تقريرنا حول ميزانية عام ٢٠٠٨ بضرورة مساهمة الاقليم مع الحكومة الاتحادية فى تحديد موارد الحكومة الاتحادية .

٤. نقترح التأكيد على تخفيظ النفقات التشغيلية .

٥. نطلب من وزارة الماليه توضيح تفاصيل صرف ميزانيتها والبالغة ٢٠,١٦٪ من ميزانيه الاقليم و هى تشكل خمس ميزانية الاقليم .

٦. و نعيد اقتراحنا بوجوب تقديم مشروع الميزانية امام البرلمان فى العام القادم قبل تقديمه بصورة نهائية ليتسنى اجراء مناقشة مسهبة حولها في البرلمان بفترة مناسبة .

٧. و نقترح اعادة النظر في الملاك الضخم لكل من وزارة المالية و الداخلية.

حيث ان ملاك الداخلية = ١٠٠٨٩١

حيث و ان ملاك المالية = ٦١٣١٩

ورغم هذه الملاحظات فلا يسعنا الا ان نشيد بالتوجهات الايجابية في ميزانية ٢٠٠٩ مثلا تقديرات وزارة الكهرباء فى المشاريع الاستثمارية تشكل =١٩,٥٠٪

وحصة وزارة البلديات فى المشاريع الاستثمارية = ١٥,١٩٪

و حصة وزارة الاعمار والاسكان = ١٢,١٥٪

ولا يسعنا في نفس الوقت الا أن نثمن جهد منظمي الميزانية في وزارة المالية لخلو العجز في الميزانية .

و نقترح اخيراً فتح مجال التعين و خاصة لذوى الكفاءات حيث من المتوقع زيادة ايرادات الاقليم بعد تصدير النفط من قبل حكومة الاقليم ورفع اسعار النفط في الاسواق العالمية فوق (٥٠) دولاراً التى بنيت عليها تقديرات الميزانية الاتحادية .

| | | | |
|---|---|---|---|
| د. ئاريان خالص | د.رۆژان دزەيى | صبرى غفار | د.فواد بابان |
| ئەندام | بريارده‌رى ليژنه | جێگرى سەرۆك | سەرۆكى ليژنه |
| ڤيان دزەيى | د. هالة سهيل | فخرية مصطفى | د. رمضان عبدالرحمن |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

بۆ پەيوەنديكردن بەم ليژنەيە ئەم مەيلە كليک بكە:
mailto:lhealth@perleman.org

# لیژنەی كاروباری پەروەدەو فێركردنی باڵا

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی كوردستان لێژنە هەمیشەییەكانی ئەنجوومەن لەیەكەم خولیدا كەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێكدەهێنرێن و لەپێكهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەكرێت.

بەپێی بڕگەی شەش لەماددەی(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان لیژنەی پەروەردە و فێركردنی باڵا: كاروباری پەروەردەو فێركردنی باڵا لەكوردستانی عێراقدا دەبینێ، لەبارەی بەرێوەچوونیان ڕای خۆی بۆ ئەنجوومەن دەردەبڕێ.



لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا بەپشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| ئازناز محمد عبدالقادر | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|
| أسعد شاكر أمين | جێگر |
| سوزان شهاب نوری | بڕیاردەر |
| باپیر کاملا سلیمان | ئەندام |
| بایزار ملكو اوهان | ئەندام |
| جمال شمعون ايليا | ئەندام |
| چرۆ علی حمه امين | ئەندام |
| خضر سليمان خليل | ئەندام |
| د. دلير اسماعيل حقی | ئەندام |
| رمزيه احمد رشيد | ئەندام |
| سهام انور ولی | ئەندام |
| د. شكريه رسول ابراهيم | ئەندام |
| عثمان احمد حمدامين | ئەندام |
| غفور طاهر سعيد | ئەندام |
| ڤیان سليمان حاجی بشار | ئەندام |
| ڤیان احمد خدر | ئەندام |
| کۆڵ مجيد قادر | ئەندام |
| محمد احمد صالح | ئەندام |





# كارو چالاكييەكانى ليژنەى پەروەدەو خوێندنى باڵا/ ٢٠٠٥

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەى نوسراو |
|---|---|---|
| **بانگەوازێك لە ليژنەى پەروەردە و خوێندنى باڵاى پەرلەمانى كوردستانەوە**<br>**هاوڵاتيانى كوردستانى خۆشەويست :**<br>لەبەر بەرژەوەندى گشتى و پێداويستى پرۆسەى پەروەردە و خوێندن لە كوردستان، بە پێويستمان زانى پێداچونەوەيەكى هەمەلايەنە و چاكسازى لە بوارى پەروەردە و خوێندن و دانانى ياساى خوێندن و پەروەردەيى گونجاو ئەنجام بدەين، بۆيە ليژنەى پەروەردە و خوێندنى باڵا لە پەرلەمانى كوردستان بە هاوكارى وەزارەتى پەروەردە و وەزارەتى خوێندنى باڵا بڕيارى دا (وەرشەى كار) وورك شۆپێك Work shop بەمەبەستى خۆئامادەكردن بۆ بەستنى كۆنگرەى پەروەردەيى و خوێندن لە هەموو قۆناغەكانى خوێندندا سازبدات كە ئەم تەوەرانەى خوارەوە بگرێتە خۆ :<br>١. قوتابى و خوێندكار<br>٢. مامۆستا<br>٣. پرۆگرامى خوێندن<br>٤. بيناسازى و پێداويستيەكانى خوێندن<br>٥. سيستەمى كارگێرى<br>٦. سەرپەرشتيارى پەروەردەيى<br>٧. هەر بابەتێكى تر كە لە خزمەتى ئەم پرۆسەيەدا بێت. | - | - |

| | | |
|---|---|---|
| | | تکامان لە بەڕێزتان ئەوەیە هەموو دامو دەزگا پەیوەندیدارەکان و کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بواری پەروەردە هاوکاریمان بکەن و بە دەنگ بانگەوازەکەمانەوە بێن و بە لێکۆڵینەوە و ڕاو بۆچوونی خۆیان بەشداری لە پرۆسەیەدا بکەن کە ئەرکێکی پەروەردەی و نیشتیمانییە.<br>تکایە بابەت و لێکۆڵینەوەی و ڕاوبۆچوونتان بۆ ئەم ئیمێلەی خوارەوە بنێرن یاخود بگەیەنن بە پەرلەمانی کوردستان و نوسینگەکانی لە شارەکاندا تا ڕۆژی ١ – ١١ – ٢٠٠٥.<br>لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا.<br>Education.higher@kurdistan-parliament.org<br><br>لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا<br>پەرلەمانی کوردستان |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:<br>١- نازناز محمد عبد القادر. سەرۆك<br>٢- اسعد شاكر امين. جێگر<br>٣- سوزان شيهاب نوری. یاریدەدەر<br>لەم کۆبوونەوەیەدا بەرێز سەرۆکی لیژنە پێشەکیەکی باس کرد لە بار و دۆخی سیستەمی پەروەردە وئەرکەکانی لیژنەکە وچۆنیەتی کار کردنمان بۆ بەدیهێنانی گۆرانکاری بنەرەتی و پێشخستنی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان، هەروەها هەریەك لە ئەندامانی لیژنەکە باسی لە کێشەکانی ئەمرۆی پەروەردە کرد لە کوردستان و بۆچونی خۆیان خستە روو،هەروەها جەخت خرایە سەر کار کردن بە شێوەی تیمێك بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام. | ٢٠٠٥/٧/٥ | - |
| سەرەتای کۆبوونەوەکە سەرۆکی لیژنە بۆچوونی خۆی و بریاردەر و خاتوو چنار سعد عبد الله بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا کە لە پێنج تەوەر کار بکەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە: | ٢٠٠٥/٧/١٠ | - |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| ١- قوتابی كە لە قوتابخانە دەخوێنێت كە پێویستی بە بەدوواداچوونەوە و ژینگەی تەندرووست هەیە وچاككردنی وئامادە كردنی بۆ دوا رۆژ.<br>٢-مەنهەج كە پێویستی بە گۆران سەرتاسەری هەیە بە شێوەیەك كە لەگەڵ گۆرانكاریەكانی سەردەم بگونجێت و مۆركی كوردایەتی بپارێزێت.<br>٣- مامۆستا كە دەبێت پێوەری تازە دابنرێت بۆ كار كردنی و پێشخستنی بۆ ئەوەی بگاتەوە بە رەوتی مامۆستایانی جیهان و بەشدار بوونی بەشێوەیەكی فعلی لە پرۆسەی خوێندندا وچاككردنی باری گووزەرانی بۆ ئەوەی باشتر كاریگەر بێت.<br>٤- قوتابخانە كە جێی خویندنە وە دەبێت گۆرانی بنەرەتی بكرێت لە شێوازی بینا و كەل وپەل و ژمارە بۆ ئەوەی ئەو هەڵئاوسانی كە ئێستا لە پۆلەكانا و لە قوتابخانەكاندا هەیە چیدی نەمێنێت.<br>٥- بەریوبەرایەتی (ادارە) كە خاڵی گرێدانی تەوەرەكانی سەرەوەیە و گرنگی خۆی هەیە وە دەبێت جۆرێك لە لامەركەزیەتی هەبێت بۆ پێشخستنی كارەكانی. | | |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| کۆبوونـەوەی ایژنــەی پـەروەردەو خوێنــدنی بـالاَ سـەبارەت بـەو چـاوپێکەوتنەی کـە بـە یـاوەری ماموستا اسعد و خـاتوو چنار ئـەنجامیان دابـوو بـۆ دیـتنی بـەرێز وەزیـری پـەروەردە(ادارەی هـەولێر) وباسیان لەو کارانە کراوە کە هەتا ئێستا ئـەنجامیان داوە. | ٢٠٠٥/٧/١٧ | - |
| کۆبوونـەوەی لیژنــەی پـەروەردە و خوێنـدنی بـالاَ سـەبارەت دوو تـەوەر کـە بـریتین لـە لایـەنی تەشـریعی کـە یاسـا دانـان و چـاودێری کردنـی کارەکـانی حکومەتـە, هـەر لـەو ڕوانگەیـەوە و لـە بەرژەوەندی گشتی و گوێگرتن لە سکالاَی هاولاَتیـان و دۆزینـەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانیان کۆبونـەوەی ئـەمڕۆ تـەرخان کـرا بـۆ لێکۆڵینـەوەی سکالاَیەك کـە١٥٣ مامۆسـتای زانکـۆی صـەلاحەدین پێشکەشی لیژنەکەمانیان کردووە کە بریتیە لە پێنج خاڵ, | ٢٠٠٥/٩/١١ | - |
| کۆبوونـەوەی لیژنـە سـەبارەت بـە درێژەپێـدانی و باسکردنی کێشەی مامۆستایانی زانکۆ دەستی پێکرد کـە ئـەو ئەندامانـەی کـە لـە کۆبونـەوەی پێشوو بەدواداچـوونەوەی کێـشەکانیان گرتـە ئەسـتۆ هەریەکـەیان ڕاپـۆرتی خـۆی چێـشکەش کـرد, | ٢٠٠٥/٩/١٨ | - |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | پوختەی کێشەکان خۆی لە دوو ئیدارەیی و دوو بڕیاریی و ناعەدالەتی دەبینێتەوە. ئێمەش وەك لیژنەی پەروەردە وخوێندنی باڵا بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە بەدەنگ کێشەی هاولاتیانەوە بچین و ڕاپۆرتی خۆمان بنووسین و ڕێگەچارەیەك بدۆزینەوە بۆ کێشەکان. |
| ٤ | ٢٠٠٥/٩/٢٨ | ئەنجامدانی (وەرشەی کار) وۆرك شۆپێك لە پێناو ئەنجامدانی چاکسازی و ریفۆرم لە سیستەمی پەروەردە دا لەگەڵ کۆمەڵێك شارەزاو پسپۆر بۆ دارشتنی فەلسەفەی پەروەردە. |
| | ٢٠٠٥/٩/٢٩ | کۆبووئەوەی لیژنە لەگەڵ CRC بۆ :<br>- بڵاوکراوەکانی منداڵ کە دەبێت لەژێر کۆنترۆڵ دا بێت<br>- کردنەوەی کەناڵێك بۆ منداڵان<br>- کۆنترۆڵ کردنی فیلمە دۆبلاژکراوەکان |
| | ٢٠٠٥/٩/٣٠ | کۆبوونەوەی لەگەڵ فریاکەوتنی میللی PAO سەبارەت بە ستراتیژی کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی هاوکاری و هەماهەنگی بۆ ریفۆرمی پەروەردەیی. |
| | ٢٠٠٥/١١/١٣ | کۆبونەوەی لیژنە بۆ چالاکیەکانی ماوەی رابردوو<br>١. کۆبوونەوەی لەگەڵ سکرتاریەتی مامۆستایانی |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| هەردوولا و باس لە کێشەی مامۆستایان<br>٢. کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێز(قەرەنی أسود)<br>٣. کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز (عبدالعزیز طیب) وەزیری پەروەردە<br>٤. سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی | | |
| کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ CRC، سەبارەت بە پەرەپێدانی منداڵی کەم ئەندام و بەتایبەتی پەرەپێدان بە پەیمانگای نابینایان. | ٢٠٠٥/١١/١٥ | |
| سەردانی لیژنە بۆ قوتابخانەی ماونان لە دێی ماونان، بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کەم و کوریەکان. | ٢٠٠٥/١١/١٦ | |
| سەردانی ئەندامانی لیژنەکەمان بەڕێزان (د.شکریە رسول، سهام انور ولی) بۆ ناوەندی بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە گیر و گرفتی قوتابیان و مەکتەب و ئیدارە. | ٢٠٠٥/١١/٢٢ | |
| سەردانی ئەندامانی لیژنەکەمان بەڕێزان (عثمان احمد، کەژال مجید) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی رانیە | ٢٠٠٥/١٢/٤ | |
| ڕۆژی ٢٩- ١٢ - ٢٠٠٥ سەردانی قوتابخانەی زانیاری هاوڕێ بۆ تەلاری پەرلەمان و پێشوازی کردنیان لەلایەن لیژنەکەمان. | ٢٠٠٥/١٢/٥ | |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| کۆبوونەوە لەگەڵ د.محمد صدیق د.کرمانج گوندی بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنە خاتوو چنار خاتوو نازناز خاتوو سۆزان شهاب، بۆ ئامادەکاری بەستنی سمپۆزسیۆمێك سەبارەت بە ریفۆرمی پەروەردەیی. | ٢٠٠٥/١٢/١٩ | |
| سەردانی ئەندامانی لیژنەکەمان بەڕێزان (سهام انور ولی ، ڤیان دزەیی ) بۆ ناوچەی بەرانەتی (ناحیەی بەحرکە) بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی پەروەردە و گیر و گرفتەکانیان. | ٢٠٠٥/١٢/١٨ | |
| کۆبوونەوە لەگەڵ خاتوو گوڵناز عبدالعزیز نوێنەری گەرمیان سەبارەت بە کێشەکانی گەرمیان. | ٢٠٠٥/١٢/٢٧ | |
| کۆبوونەوەی لیژنە سەبارەت بە سەردانی مەیدانی لیژنە فەرعیەکان | ٢٠٠٥/١٢/١٩ | |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| بەڕێزان تەلان عەونی لە ICSP و گریس دینس جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی ICSP سەردانی پەرلەمانیان کرد و باس لە جۆری هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لیژنەی پەرەوەردە بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی ریفۆرم | ٢٠٠٦/٥/٨ | - |

| ژمارەی نوسراو | ڕۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| - | ٢٠٠٦/٥/٢ | پێشوازی لیژنە لە دوو نوێنەری ڕێکخراوی کوردستان بۆ پەرەپێدانی مەدەنیەت کە سەردانی لیژنەیان کرد. |
| - | ٢٠٠٦/٥/٢ | سەردانی لیژنەی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك بۆ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمان |

| ژمارەی نوسراو | ڕۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| - | ٢٠٠٦/٣/٢٧ | راپۆرتی لیژنە فەرعیەکان بۆ سەردانی ناوچە تازە ئازادکراوەکان و باسکردنی میکانیزمی دابەش کردنی کەل پەلی گەنجینەی پەرلەمان بۆ سەر قوتابخانەکان. |
| - | ٢٠٠٦/٤/٢٥ | کۆبوونەوە لەگەڵ د.شێرزاد نەجار بۆ دروست کردنی لیژنەیەك لە پسپۆرانی یاسا و پەروەردە بۆ دارشتنی فەلسەفەی پەروەردە و یاسای خوێندن. |
| - | ٢٠٠٦/٤/٢٧ | سەردانی زانکۆی کۆیە بۆ بەدواداچونەوەی کێشەی فەسل کردنی سێ خوێندکار لە دوای خۆپیشاندانەکەی کە لە کۆیە رێکخرا. |
| - | ٢٠٠٦/٥/٣١ | کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری پەروەردە بۆ دەست بەکاربوون و باسکردنی چۆنیەتی هەماهەنگی کردنی نێوان هەردوولا. |
| - | ٢٠٠٦/٦/٣ | سەردانی جێگری سەرۆکی شارەوانی ستۆکهۆلم بەرێز |

| | | |
|---|---|---|
| کاترینا تاراس و البرغ وتارا توانا مستەشاری سیاسی ئەو بەرێزە و نیهاد لەتیف قۆجە قایمقامی هەولێر بۆ لیژنەکەمان و قسەکردن سەبارەت بە کێشەی پەروەردەیەکان و چۆنیەتی هاوکاری نێوان لیژنەکەمان و وڵاتانی دەرەوە. | | |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| پێشنیار لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ ئاماژە دان بە دەستەواژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرگی نامەی ماستەر و دکتۆرا | ٢٠٠٦/٥/١٨ | ٣٩٩/٣/٤ |
| داواکاری بۆ کردنەوەی دۆسیەی پەروەردە و خوێندن لەناو باڵیۆزخانەی عێراق لە فەرەنسا لە بەشی کلتوری | ٢٠٠٦/٥/٢١ | ٤٠٢/٣/٤ |
| کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی لیژنە سەبارەت بە فەلسەفەی پەروەردەیی و خوێندنی نەتەوەکانی تر خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی. | ٢٠٠٦/٦/١٢ | |
| پێشوازی لیژنە لە کۆمەڵێك گەنجی کەرکوك کە وەك رۆژنامەنووس لە تەمەنی منداڵی دا لە ساڵی ١٩٩٦ رۆژنامەی منداڵانیان دەکردووە و لەلایەن خۆیانەوە پێشنیاریان کردوە ئەمە بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە. | ٢٠٠٦/٦/١٣ | - |
| پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەردانی ٥ هۆڵی | ٢٠٠٦/٦/١٥ | |

| بابـــــەت | رۆژ | ژمارەی نوسر او |
| --- | --- | --- |
| ئەزموونـــەکانی دواناوەنـــدی کـــە پێکهـــاتبوو لـــە بـــەڕێزان ئەنـــدامانی لیژنـــە (غفـــوور مـــەخمووری و جـــەمال شمعـــون و أســـعد شـــاکر) بـــە مەبەســـتی چـــۆنیەتی بەڕێوەچـــوونی ئەزموونـــەکان و لـــە نزیکەوە ئاگاداربوونی کێشەکانیان. | | |
| وەڵامـــی لیژنـــەی پـــەروەردە و خوێنـــدنی بـــاڵا بـــۆ مەکتـــەبی ســـکرتاریەتی کۆمەڵـــەی خوێنـــدکارانی کوردســـتان ســـەبارەت بـــە پێـــشنیاری مەکتـــەبی سکرتاریەت ژمـــارە (١٧٧) لـــە رۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٧ رای لیژنـــەش لەگـــەڵ ئەوەیـــە کـــە ئـــەم یاســـایە هـــەموار بکرێـــت ئـــەو قوتابیـــەی کـــە غەشـــی کـــردووە ساڵی خوێندنەکەی بە فیڕۆ نەچێت. | ٢٠٠٦/٧/٣ | ٥١٨/٧/٣ |
| داواکـــاری بـــۆ گـــشت ئەنـــدامانی لیژنەکـــەمان رۆژی ٢٠٠٦/٥/٣٠ ســـەعات ١٠ کۆبوونـــەوەی لیژنـــەیە بـــۆ گفتووگۆ کردن لەسەر کاروباری لیژنەکان. | ٢٠٠٦/٥/٢٥ | ٥ |
| پێـــشنیار بـــۆ وەزیـــری پـــەروەردە لـــە حکومـــەتی هـــەرێمی کوردســـــتان ســـــەبارەت بـــــە بەشـــداری پێکردنـــی لیژنـــەی پـــەروەردە و خوێنـــدنی بـــاڵا لـــە هەڵـــسەنگاندنی هـــەردوو سیـــستەمی خوێنـــدنی ئینگلیـــزی مـــەکمیلان و ئۆکـــسفۆرد لـــە پرۆگرامـــی خوێندن. | ٢٠٠٦/٧/١٢ | ٥٥٣/٣/٤ |

| بابـــــەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| ئامـادەبوونی نوێنـەرانی پـەیمانگاکانی مەڵبەنـدی مامۆسـتایانی ( کـەلار، چەمـچەماڵ، هەڵەبجـەی شـەهید، کـەرکوك، رانیـە ) کـە لـە هـەر پەیمانگایەك سێ نوێنەر ئامادەبێت بـە مەبەسـتی کۆبوونـــەوەیان لەگـــەڵ لیژنـــەی پـــەروەردە و خوێندنی باڵا . | ٢٠٠٦/٧/١٧ | ٥٦٩/٣/٤ |
| نوسراو بۆ وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە دەست نیشان کردنـی نوێنـەرانی لیژنـەی پـەروەردە لـە لیژنەکانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی. | ٢٠٠٦/٧/٣١ | ٦ |
| نوسـراو بـۆ وەزیـری پـەروەردە لـە حکومـەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەشداری پێکردنی ئە (NGO) یانەی کە پەیوەستن بە پەروەردە بـۆ کارکردنیان لە لیژنەکانی کۆنگرە. | ٢٠٠٦/٧/٣١ | ٧ |
| بـــۆ بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی پرۆگـــرام و نەخشەکێشان لـە وەزارەتـی پـەروەردە/ داواکـاری وێنەیـەك لەتـەواوی ئـەو کتێبـە نوێیانـەی بـۆ پرۆگرامی قۆناغەکانی خوێنـدن دانـراوە و گۆڕاوە بۆمان بنێرن. | ٢٠٠٦/٨/٦ | ٦٣٠/٣/٤ |
| بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی دیـوان لـە ڕێ ی بەڕێوەبەری کارگێری و خۆیەتی/ سـەرف کردنـی پارە بۆ وەرگێرانی فەلسەفەی پەروەردە بـۆ زمـانی | ٢٠٠٦/٩/١٣ | ٨ |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابـــەت |
|---|---|---|
| | | ئینگلیزی |
| ٩ | ٢٠٠٦/٩/١٧ | بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی/ داواکاری لیژنە بۆ تەواوی مامۆستایانی هەرێم کە لەکاتی دابەش کردنی دوا وەجبەی زەوی کە (١٨) خاڵیان هەبوو، ئەوانیش زەویان پێ بدرێ. |
| ١٠ | ٢٠٠٦/٩/٢٥ | بۆ بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان/ کۆبوونەوەی لیژنە سەبارەت بە سەردانی کۆمەڵێك مامۆستا بۆ لیژنەکەمان بۆ گەراندنەوەی دەرماڵە بۆ باشتر کردنی باری گوزەرانیان |
| ١٣ | ٢٠٠٦/٩/٢٥ | بۆ بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە/ داواکاری بۆ ئەوانەی کە راسب بوون لە خولی شیاندن لیژنە داوا دەکات کە دەرفەتێك بۆ ئەو (٩) کەسە بدرێت بۆ ئەوەی دوو بارە بەشداری ئەزموونەکانی شیاندن بکەنەوە. |
| ١٤ | ٢٠٠٦/١٠/٤ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ پاڵپشتی کردنی یاداشتنامەی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان سەبارەت بە<br>١- دامەزراندنی دەرچووانی بەشی کۆمەڵناسی<br>٢- سەرف کردنی دەرماڵەی پیشەیی بە رێژەی ٥٠٪ ی مووچە |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابـــــەت |
|---|---|---|
| | | ٣- سـەرف کردنـی دەرماڵـەی هاتووچـۆ بـە بـڕی ٥٠٠٠٠ دینار |
| ١٧ | ٢٠٠٦/١٠/٣١ | بـەڕێز سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان/ داواکـاری فەرمانبـەرانی دیـوانی بەڕێوەبەرایـەتی گشتی پەروەردەی رانیە |
| ١٨ | ٢٠٠٦/١١/١ | بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ زیـاد کردنی رادەی نمرە بۆ معەدەلی دەرچوانی قوتابیان و خوێنـدکارانی پـۆلی شەشـەمی دواناوەنـدی ئەوانـەی منـداڵانی شـەهیدانی بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردسـتان لەبـەر ئـەوەی لـە بەرژەوەندی کەس و کاری شەهیدانی سەربەرزی کوردستانە. |
| ١٩ | ٢٠٠٦/١١/٢٠ | بـەڕێز سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی نیـشتیمانی کوردستان/ وەڵامی بـەڕێز کـاك بـەرزان عبـدالله و مەڵبەنـدی رۆشـنبیری هـەورامان لیژنەکـەمان پشتگیری لە بیرو راکانیان دەکات. |
| ٢٠ | ٢٠٠٦/١١/٢٠ | بەڕێز جێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نیـشتیمانی کوردستان/ وەڵامی کێشەی خـاتوو (تـەلار ئـەنوەر سعید) کە لە بەشی ناوخۆی کچانی سلێمانی دەوام دەکـات و داوای کـردووە کـاتی دەوامەکـەی بـۆ رێکبخرێـت لیژنەکـەمان بـە دروسـتی نازانێـت |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابــــــەت |
| --- | --- | --- |
| | | تـەدەخول بکـەین لـە دامەزرانـدن و گواسـتنەوە و گۆرینی سەعاتی ئیشی فەرمانبەران. |
| ٢١ | ٢٠٠٦/١١/٢٠ | بەرێز جێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نیشتیمانی کوردسـتان/ وەلامـی نوسـراوی ژمـارە (ك/٤٩) ی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لـە رۆژی ٢٠٠٦/١١/٩ سەبارەت بە داوای قوتابی (برِوا کریم محمد)، هەر قوتابیـەکی کوردسـتان کـە لـە پـەیمانگا یـان زانکۆکانی دەرەوەی هـەرێم نـاوی دەرچـوبێت بـۆی هەیە خۆی بگوازێتـەوە بـۆ یـەك لە پـەیمانگا یـان زانکۆکانی هەرێم. |
| ٢٢ | ٢٠٠٦/١١/٢٠ | بـەرێز سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نیـشتیمانی کوردسـتان/ وەلامـی نوسـراوی ژمـارە (ك/٥٣) ی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لـە رۆژی ٢٠٠٦/١١/١٤ سـەبارەت بـە داواکـاری خوێنـدکارانی خانـەقین، لیژنەکەمان پشتگیری لە داواکەیان دەکات. |
| ٢٣ | ٢٠٠٦/١١/٢٠ | بەرێز جێگری سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نیشتیمانی کوردسـتان/ وەلامـی نوسـراوی ژمـارە (ك/٥٠) ی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لـە رۆژی ٢٠٠٦/١١/١٣ سەبارەت بە داواکـاری قوتـابی (هێمن عبـدالکریم عبدالحمیـد) کێـشەی ئـەم قوتابیـە لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـالا چارەسـەر دەکرێـت لـە بەشـی |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| (زەماله). | | |
| بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ وەڵامی نوسراوی ژمارە (ك/٥٧) ی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/١٩ سەبارەت بە گروپی گۆڕین لە سەنتەری ڕۆشنبیری پارێزگای دهۆك، لیژنە بۆچوونی ئەوەیە کە لە پرۆگرامی نوێی خوێندن پێویستە گرنگی بدرێت بەهەموو ناوچەکانی کوردستان. | ٢٠٠٦/١١/٢٠ | ٢٤ |
| بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ لەسەر کێشەی قوتابی (سەردار محمد علی) لیژنەی پەروەردە کۆبۆوە و کێشەکەی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان باس کرد، ڕای لیژنە و سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە بەپێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە (٥٣٢/٩/٣) لە (٢٠٠٦/١/١٩) کە پێویستە ئەم قوتابیە لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردەی کەلار وەربگیرێت. | ٢٠٠٦/١١/٢١ | ٢٥ |

## كارو چالاكیەكانی لیژنەی پەروەدە و خوێندنی باڵا/ ٢٠٠٧

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | ٢٠٠٧/١/١١ | بانگهێشتی ١٨ پسپۆری زمانی كوردی لە هەسێ پارێزگای ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك ) بۆ لیژنەكەمان بۆ تاوتۆ كردنی یاسای ئەكادیمیای كورد. |
| | ٢٠٠٧/٥/١٠ | كۆبوونــەوەی لیژنــە ســەبارەت بــە ئامــادەكردنی راپــۆرتی كــۆنگرەی پــەروەردە كــە لــە رۆژانــی ٢٢ تــا ٢٠٠٧/٥/٢٤ بەسترا. |
| | ٢٠٠٧/٦/١٣ | بانگهێشتكردنی وەزیری خوێندنی باڵا سـەبارەت بە پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و كۆنگرەی زانستی |
| - | ٢٠٠٧/٦/١٧ | - سیمینارێك بۆ یاسای ئەكادیمیای كورد<br>- راپۆرتی لیژنەی پەروەردە سەبارمت بە كۆنگرەی پەروەردەیی. |
| - | ٢٠٠٧/٦/٢٥ | كۆبوونــەوەی هاوبــەش لەگــەڵ لیژنــەی یاســای بــۆ ئامادەكردنی راپۆرتی هاوبەش بۆ یاسای ئـەكادیمیای كورد. |
| | ٢٠٠٧/٩/١١ | دانیشتنی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە زانكۆی سانت كلیمێنتس و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو قوتابیانەی كە لەو زانكۆیە وەرگیراون، چونكە ئەو زانكۆیە ناوی لە لیستی زانكۆ جیهانیەگاندا نیە. |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
| --- | --- | --- |
| ١. بانگهێشتی وەزیری پەروەردە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ مەبەستی خستنەرووی راسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی کە لە مانگی ٥ی ٢٠٠٧ بەسترا، بۆ باس کردنی ئەو گۆرانکاریانەی کە لە پەروەردە کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان ئاگاداربن.<br>٢. لە ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ ساڵی خوێندن لە کوردستان و بۆ جێ بەجێ کردنی سیستەمی نوێی پەروەردە لیژنەی پەروەردە وخوێندنی باڵا بریاری دا گەشتێکی مەیدانی گشتگیر ساز بکات بۆ ئەم مەبەستە سێ لیژنە پێکهێنرا بۆ سەردانی پارێزگاکانی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك ) | -١٢<br>٢٠٠٧/٩/١٨ | |
| سەردانی وەزیری خوێندنی باڵا سەبارەت بە :<br>١. کردنەوەی کۆلێژی پەروەردە لە هەڵەبجەی شەهید<br>٢. بەدواداچوونی کێشەی خوێندکار أحمد مصطفى<br>٣. سەردانی وەزیری پەروەردە بۆ چارەسەری بەشداری کردنی کۆمەڵناس لە پرۆسەی فێرکردندا | ٢٠٠٧/٩/٢٥<br>تا<br>٢٠٠٧/١٠/٧ | - |
| ١. سەردانی لیژنەی فەرمی بۆ بەدواداچوونی کێشەی میلاکات | ٢٠٠٧/٩/٢٦<br>– | - |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | ٢٠٠٧/١٠/١ | ٢. بەدواداچوونی کێشەی قوتابخانەی خەندەی سەرەتایی تێکەڵاو بۆ دابین کردنی میلاك<br>٣. بەدواداچونی کێشەی خانەنشین کردنی مامۆستایانی زانکۆ<br>٤. سەردانی چەند ئەندامێکی لیژنە بۆ قوتابخانەی دواناوەندی عەنکاوەی کوران و وڵاتی کوران بۆ وەرگرتنی ئەو کەم و کوریانەی کە لە قوتابخانەکە بەدی دەکرێت.<br>٥. سەردانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دووی هەولێر بۆ دیاری کردنی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە لە قوتابخانەکان بەدی دەکرێت. |
| - | ٢٠٠٧/١٠/٤ | سەردانی وەزیری پەروەردە سەبارەت بە کەم و کورتی قوتابخانەکان |
| - | ٢٠٠٧/١٠/٤ | سەردانی وەزیری خوێندنی باڵا سەبارەت بە:<br>١. یاسای وەزارەت<br>٢. کێشەی زانکۆی سانت کلیمینتس<br>٣. چارەسەر کردنی کێشەی ترقین قید<br>٤. کێشەی دەزگای تەکنەلۆژیا و لێکۆڵینەوەی زانستی لە سلێمانی کە یەکلا بکرێتەوە لەناو یاساکەدا کە سەر بە وەزارەت بن یاخود زانکۆی سلێمانی. |

| ژمارەی نوسراو | ڕۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | |
| | ٢٠٠٧/١٠/٧ | كۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارە تبە تاوتۆ كردنی مادەكانی یاسای ئەكادیمیای كوردی. |
| - | ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | • كۆبوونەوە سەبارەت بە هەمواركردنی یاسای وەزارەتی پەروەردە.<br>كۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ بەراورد كردنی خانەنشینی ئەو مامۆستایانەی لە زانكۆكان و قوتابخانەكانن كە تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ بەسەرترە كە بڕیاردرا كە تەمەنی ٦٣ ساڵ بۆ مامۆستا بۆ خانەنشین بێت.<br>• كۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارە تبە تاوتۆ كردنی مادەكانی یاسای ئەكادیمیای كوردی. |
| | ٢٠٠٧/١٠/٢٨ | سەردانی خاتوو سۆزان شەهاب بۆ دەزگای تەكنەلۆژیاو توێژینەوەی زانستی، بۆ بەدواداچوون و یەكلا كردنەوەی ئەوەی كە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیە یان سەر بە زانكۆی سلێمانی. |
| | ٢٠٠٧/١٠/٢٩ | كۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە تاوتۆ كردنی كەمی میلاك لە قوتابخانەكانی كوردستان و چۆنیەتی چارەسەركردنی. |
| | ٢٠٠٧/١١/٧ | سەردانی ئەندامانی لیژنە خاتوو سۆزان شهاب و |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| د.شكريە، بەهاورێيەتی ئەندامان عادل حمەأمين و حمە رفعت، بۆ بەدواداچوونی كێشەی پەروەردەی كەلار و كفری. | | |
| سەردانی ئەندامانی ليژنەكەمان كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان د.شكريە و خاتوو سۆزان شهاب، بۆ بەڕێوەبەرايەتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی لەگەڵ سەرپەرشتياری پەروەردەيی، كە چاوپێكەوتنێك سازدرا بۆ باس كردن لە كێشەكانی پەروەردەی ئەو دەڤەرە. | ٢٠٠٧/١١/١٠ | |
| سەردانی ئەندامی ليژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا خاتوو سۆزان شهاب بۆ بەڕێوەبەرايەتی پەروەردەی كۆيە بۆ بەداداچوونی كێشەكانی پەروەردەيی لەو دەڤەرە. | ٢٠٠٧/١١/١١ | |
| پێشوازی ليژنەكەمان لە بەڕێوەبەری قوتابخانەی گۆمەشين لە ڕێگەی دێگەڵە كە ١٧ مامۆستاو ٣٢ قوتابی و ١١ تا ١٢ فەراش و كارگۆزاريان هەيە. | ٢٠٠٧/١١/١٥ | |
| شاندێك لە ليژنەكەمان بە مەبەستی بەسەركردنەوەی ڕەوشی پەروەردە و فێركردن لە سنووری پەروەردەكانی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك) سەردانی ئەو دەڤەرانە كرا. | ٢٠٠٧/١١/١٨ | |
| پێشوازی ليژنەكەمان لە وەفدی خوێندكارانی | ٢٠٠٧/١١/٢٦ | |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| پیشەیی مانگرتوو و، بەدواداچوونی کێشەی مانگرتنەکەیان و بەرزکردنەوەی داوایەك بۆ بەدواداچوون و چارەسەری کێشەی پیشەییەکان. | | |
| کۆبوونەوەی لیژنە سەبارەت بە هەنگاوە عەمەلیەکانی کە دەبێت بگیرێتەبەر بۆ گۆڕانی ریشەیی لە پرۆگرامی خوێندندا. | ٢٠٠٧/١١/٢٧ | |
| کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی لیژنە سەبارەت بە تاوتوێکردنی کێشەی ئامادەییە پیشەییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی. | ٢٠٠٧/١١/٢٨ | |
| سەردانی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆ زانکۆی کوردستان و ستافی مامۆستایان، بەئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ د,عباس وەلی بۆ باسکردنی گیروگرفتەکانی لە رووی یاساییەوە. | ٢٠٠٧/١١/٢٩ | |
| پێشوازی لیژنەکەمان لە د.محمد زەهاوی، راگری کۆلێژی ئاداب لە خانەقین، سەبارەت بە وەرنەگرتنی خوێندکارانی خانەقین لە کۆلێژەکەیان. | ٢٠٠٧/١٢/١٠ | |
| بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان/ پشتگیری لە داواکاریەکەی بەڕێز راگری کۆلێژی ئاداب خانەقین | ٢٠٠٧/١٢/١١ | ٢٧ |

| ژمارەی نوسراو | ڕۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | دەکەین. |
| ٢٨ | ٢٠٠٧/١٢/١١ | بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان/ پشتگیری لە داواکاریەکەی بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکەی پردێ دەکەین سەبارەت بە دابین کردنی ئۆتۆمبێل. |
| - | مانگی ٩/ ٢٠٠٧ | بەدواداچوونی کێشەی خوێندکارانی وەرگیراو لە میصر لە پەیمانگای کۆمکاری ولآتانی عەرەبی (المعهد العالی للبحوث). |
| - | مانگی ٢٠٠٧/٩ | بەدواداچوونی کێشەی کۆلێژی پەروەردەی سۆرانی ئێواران |

# کارو چالاکیەکانی لیژنەی پەروەدە و خوێندنی بالآ/ ٢٠٠٨

| ژمارەی نوسراو | ڕۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| ٢٩ | ٢٠٠٨/١/٨ | بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ وەرگرتنی قوتابیانی شارۆچکەی پردێ – کەرکوك لە زانکۆی سەلاحەدین. |
| | ٢٠٠٨/٥ | بۆ/ بەڕێز وەزیری پەروەردە/وەك (لیژنەی پەروەردە وخوێندنی بالآ)، دوابەدوای بەستنی کۆنگرەی پەروەردە ولە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی نوێی |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | پـەروەردەو ڕاسـپاردەکانی کـۆنگرە، داواکـارین گـشت قوتابیـانی هـەرێمی کوردسـتان لـە هـەموو قۆناغـە جیاجیاکـان، مـافی ئـەوەیان پـێ بدرێتـەوە، لەهـەموو وانەیەکی کەوتوو کە بۆتە هۆی ڕاسب بـوون (مانـەوە)، دەرفـەتی دوبارە تاقیکردنـەوەیان پـێ بـدرێ لـە خـۆلی دووەمی ئەزمونەکان. |
| - | ٢٠٠٨/٥/٢٨ | کۆبوونـەوەی لیژنـە سـەبارەت بـە یاسـای وەزارەتـی خوێندنی باڵا :<br>پێشنیار کردنـی ئـەم یاسایانەی خوارەوە بـۆ پاڵپشتی گۆڕینی سیستەمی خوێندنی باڵا.<br>١. یاسای زانکۆکان<br>٢. یاسای زانکۆ ئەهلیەکان<br>٣. یاسای دەزگای چاودێری و مسۆگەری<br>٤. یاسای دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و لێکۆلینەوەی زانستی. |
| | ٢٠٠٨/١/٢١ | بـەڕێز سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی نیـشتیمانی کوردسـتان/ ئامـاژە بـە نوسـراوی سـەرۆکایەتی ک٥ لـە ٢٠٠٨/١/٢٠ تایبـەت بـە داواکـاری پەرلـەمانتار (شـەمسە سـعید محمـود) لیژنەکـەمان پـشتگیری لـە داواکـەی دەکـەین کـە لـە زانکـۆی سـەلاحەدین کـار ئاسـانی بـۆ بکرێت. |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | ٢٠٠٨/١/٢٨ | پێشوازی كردنی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە خوێندكارانی كۆلێژی یاسای زانكۆی كەركوك و تاوتوێ كردنی كێشەكان و چارەسەر كردنیان. |
| ٣ | ٢٠٠٨/١/٢٩ | بەڕێز سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان/ راپۆرتێك سەبارەت بە پێشوازی لیژنە لە شاندێكی قوتابیانی بەشە ناوخۆییەكانی كۆلێژی پەروەردەی كەلار لە رێكەوتی ٢٠٠٨/١/٢٨ كاتژمێر ١٢:٣٠ داواكارییەكیان پێشكەش بە لیژنە كرد و لیژنە بەڵێنی پێدان كە بەدواداچوون بكات لەسەر داواكارییەكەیان |
| | ٢٠٠٨/٢/٣ | سەردانی دواناوەندی سۆلافی كچان بۆ تاوتۆ كردنی كەم و كوریەكانی ئەم قوتابخانەیە. |
| | ٢٠٠٨/٢/٤ | ١. سەردانی لیژنە بۆ قوتابخانەی دواناوەندی هەڵوێستی تێكەڵا و بۆ لە نزیكەوە ئاگادار بوون لە كەم و كوریەكان.<br>٢. سەردانی لیژنە بۆ قوتابخانەی عەنكاوەی بەهرەداران بۆ لە نزیكەوە ئاگادار بوون لە كەم و كوریەكان. |
| | ٢٠٠٨/٢/٢٥ | بەدواداچوون لە كێشەی قوتابیانی دەرچووی پەروەردەی قەڵادزێ كە لە كۆی ٨٨ دەرچوو، ٣٤ دەرچوو دامەزراون. |
| | ٢٠٠٨/٣/٣١ | كۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
| --- | --- | --- |
| | | تاوتۆ كردنی :<br>• كێشەی قوتابخانەی ماجداوە<br>• كێشەی مامۆستایانی ئاینی كە لە دەرەوەی هەرێم لە كۆلێژی ئیمام ئەعزەم تەواویان كردوە.<br>• كێشەی قوتابخانەی پیشەیی.<br>• كێشەی قوتابخانەكانی دەڤەری سۆران. |
| | ٢٠٠٨/٤/١ | پێشوازی لیژنە لە شاندێكی نوێنەرانی خوێندكارانی كۆلێژی پەروەردەی ئێوارانی سۆران، كە بڕیار دراوە كۆلێژەكەیان دابخرێت. |
| | ٢٠٠٨/٤/٧ | سەردانی وەزیری پەروەردە بۆ گفتوگۆكردن سەبارەت بە كێشەی ئامادەییە پیشەییەكان. |
| | ٢٠٠٨/٤/٨ | كۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانست لە سەردانێكی لیژنە بۆ لای وەزیر، سەبارەت بە باسكردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. |
| | ٢٠٠٨/٤/١٤ | پێشوازی لە بەڕێز رۆبنی بریمس سەرۆكی زانكۆی كوردستان لەگەڵ نەوزادی كاكەمین بۆ دۆزینەوەی چارەسەری یاسایی بۆ بوونی زانكۆی كوردستان. |
| ٥ | ٢٠٠٨/٤/١٦ | بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان/ بەدواداچوون لەسەر یاداشتی ١٨ مامۆستا بە |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| نوێنەرایەتی (٣٠٠) مامۆستا لە پەروەردەكانی گشتی هەولێر – دهۆك – كەركوك/ خوێندنی كوردی كە شایستەی بەرزكردنەوەی پلە بوون پاش وەرگرتنی رەزامەندی لە وەزارەتی دارایی و پەروەردە كارەكانیان لە خەزێنەی هەولێر راگیراوە، بۆیە لیژنە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی خەزێنە دەكات ئاگاداری كێشەكەمان بكاتەوە. | | |
| كۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ وەفدێكی وەزارەتی ئەوقاف سەبارەت بە كێشەی ٣٠٠ مامۆستای ئاینی وەفدەكە پێك هاتبوو لە :<br>١. عثمان مفتی/ راوێژكار<br>٢. طاهر معروف كریم/ بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا و سەرپەرشتیاری خوێندنی ئاینی<br>٣. عمر حمدأمین/ جێگری راگری زانكۆی كوردستانی سلێمانی<br>٤. خەسرەو محمد وەیسی/ بەڕێوەبەری قوتابخانەكان بۆ باسكردنی میكانیزمێكی گونجاو بۆ تاقیكردنەوەی ئەو مامۆستایانە. | ٢٠٠٨/٤/١٧ | |
| | | |
| بەڕێز وەزیری پەروەردە/ پێشنیاری لیژنە بۆ وەزارەت وەك ئاسانكاریەك و كەم كردنەوەی كێشەیەك لە | ٢٠٠٨/٤/٢٧ | ٦ |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| کێشەکانی قوتابخانەکان، قوتابیانی قوناغی (٣)ی ناوەندی و قوتابیانی ئەزموونی دەرەکی داخلی ئەزموونی بەکالۆریا بن. | | |
| بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا. | ٢٠٠٨/٤/٢٨ | ٧ |
| دانیشتن لەگەڵ بەرێز سەروەت/ بەرێوەبەری نەخشە و پلانسازی لە وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە دیزاینی نوێی قوتابخانەکان. | ٢٠٠٨/٤/٢٨ | |
| پێشوازی لیژنە لە نوێنەرانی قوتابخانەی سینەمای کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین. | ٢٠٠٨/٤/٣٠ | |
| بەدواداچونی کێشەی خوێندکار کارزان شیروان عەزیز کە پاش ٣ساڵ لە خوێندن پێی راگەیندراوە کە دەرنەچووە لە پۆلی یەک. | ٢٠٠٨/٥/٥ | |
| کۆبونەوە لەگەڵ بەرێوبەرایەتی پەروەردەی قەڵادزێ سەبارەت بە کێشەکانیان. | ٢٠٠٨/٥/١٣ | |
| بەدواداچونی کێشەی خوێندکارانی بەشی سینەما لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر. | ٢٠٠٨/٥/٢١ | |
| بەرێز وەزیری پەروەردە/ بەدواداچوونی لیژنە لەسەر نموونەیەک لە تاقیکردنەوەی زمانی عەرەبی لە یەکێک لە خوێندنگاکان چەند تێبینیەکمان لەسەر تاقیکردنەوەی کۆتاییەکانی ناوەندی جمهوری کوران (٢٠٠٨-٢٠٠٨) هەیە بۆ لێپێچینەوە. | ٢٠٠٨/٥/٢٢ | ٨ |
| ئاگاداری بۆ بەرێز راوێژکاری فێرکردنی باڵا لە | ٢٠٠٨/٥/٢٢ | ٩ |

| ژمارەی نوسراو | ڕۆژ | بابەت |
| --- | --- | --- |
| | | سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، نامەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەخەینە بەر دەستتان سەبارەت بەگۆڕینی سیستم و شێوازی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی خوێندنی باڵا کە پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کراوە. |
| | ٢٠٠٨/٥/٢٨ | کۆبوونەوەی لیژنە سەبارەت بە گفتوگۆ کردن مادەکانی یاسای خوێندنی باڵا و نووسینی پێشنیارەکانی ئەندامان. |
| | ٢٠٠٨/٦/١٢ | کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی پەروەردەی ( سۆران، مێرگەسور، چۆمان، هەولێر ) سەبارەت بە کێشەکانی بواری پەروەردە. |
| | ٢٠٠٨/٦/١٥ | کۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەگەڵ سەرۆکی زانکۆکانی سەلاحەدین ( سلێمانی، هەولێری پزیشکی، دهۆك و دەستەی پەیمانگاکان ) بۆ دەوڵەمەند کردنی مادەکانی یاسای خوێندنی باڵا و وەرگرتنی راو بۆچوونی سەرۆك زانکۆکان. |
| | ٢٠٠٨/٦/١٩-١٦ | کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێك دەربارەی مادەی دوو و سێی یاساکە. |
| ١٠ | ٢٠٠٨/٦/٢٢ | بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ دانی ئیمتیازات بە هەڵگرانی بروانامەی |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | دبلومی باڵا. |
| | ٢٠٠٨/٦/٢٣ | کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی بە ئامادەبوونی بەڕێز د.کمال کرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ تاوتۆ کردنی مادەکانی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ دروست کردنی راپۆرتێکی هاوبەش. |
| ١٣ | ٢٠٠٨/٧/٢ | بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری مامۆستایان لە بێبەش کردنی زێدەی مووچەیان لە ٢٠٠٥/٢/١ تا ٢٠٠٥/٦/٣٠ بە پێشێل کردنی مافی ئەوان دەزانین و داواکارین وەزارەتی خوێندنی باڵا بتوانێ قەناعەت بە وەزارەتی دارایی بهێنێ. |
| ١٤ | ٢٠٠٨/٧/٢ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ یاداشتنامەی مامۆستایانی دەرچووی زانکۆی بەغدا لیژنەکەمان رەفزی داواکاریەکەیان دەکات. |
| ١٧ | ٢٠٠٨/٧/٦ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی هاوبەشی نێوان لیژنەی پەروەردە و لیژنەی دارایی. |
| ١٨ | ٢٠٠٨/٧/١٧ | بۆ بەڕێوەبەری گشتی ناردن و پەیوەندییە رۆشنبیرییەکان/ داواکاری قوتابی (التون محمود صالح) پزیشکی پلەبەند، معید لە لقی هەناو/ کۆلێژی |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
| --- | --- | --- |
| | | پزیشکی – زانکۆی هەولێری پزیشکی. |
| ١٩ | ٢٠٠٨/٨/٤ | بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری بۆ پێدانی کورسی خوێندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| ٢٠ | ٢٠٠٨/٨/١٨ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری (٣١٤) مامۆستای زانکۆی دهۆك بۆ گەڕانەوەی شێوەکان ( مستحقات ) لە ٢٠٠٥/٢/١ تا ٢٠٠٥/٦/٣٠ کە لە لایەن لیژنەکەمان دیراسە کراوە و بە داوایەکی ڕەوا زانرا. |
| ٢٣ | ٢٠٠٨/٩/٢٣ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ بەدواداچوون سەبارەت بە قوتابیانی کورد لە هند و هەروەها سەردانی وەزیر بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە. |
| ٢٤ | ٢٠٠٨/٩/٢٣ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری گەڕانەوەی سیستەمی (عبور) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە لە هەموو جیهاندا ئەم سیستەمە پەیرەو دەکرێت داواکارین لە کوردستانیش بە ئالیەتێکی گونجاو کاری پێ بکرێت. |
| ٢٥ | ٢٠٠٨/٩/٢٣ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری گوندەکانی کۆیلە، وەسان و بەردەرەشان لە ناوچەی چۆمان داواکارن بە دروست کردنی قوتابخانە، |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | ئێمەش داواكارین وەزارەتی پەروەردە ئاورێكی جیدی لەم ناوچە بێ بەشانە بداتەوە. |
| ٢٦ | ٢٠٠٨/٩/٢٤ | بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان/ وەڵامی خاتوو (شیرین احمد حسن) وەزیری خوێندنی باڵا رێنمایی دەركردووە هەڵگرانی بروانامەی ماستەر لە پەیمانگاو كۆلێژەكانی دەرەوەی پایتەخت وانە بڵێنەوە. |
| ٢٧ | ٢٠٠٨/٩/٢٨ | بەرێز سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان/ پشتگیری لیژنەكەمان لە داواكاری سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە موالیدی ١٩٤٥ بۆ دواخستنی خانەنشین بونیان بۆ ٢٠٠٨/١٢/٣١. |
| | ٢٠٠٨/١٠/١٦ | كۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ ئەندامانی بۆردی زانكۆی كوردستان و سەرۆكی زانكۆ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئەو قوتابیانەی كە فەصل كراون. |
| | ٢٠٠٨/١٠/٢١ | كۆبوونەوەی سەرۆكایەتی لیژنە لەگەڵ بەرێز د.هیمداد عبد القهار محمد بەرێوەبەری خوێندنی ئەهلی لەوەزارەتی خوێندنی باڵا سەبارەت بە رێنمایەكانی وەزارەت بۆ مۆڵەت پێدانی زانكۆ ئەهلیەكان. |
| | ٢٠٠٨/١٠/٢٣ | كۆبوونەوەی سەرۆكایەتی لیژنە لەگەڵ پسپۆرانی وەزارەت سەبارەت بە كێشەی خوێندكارانی وەرنەگیراو لە زانكۆ كە ژمارەیان ١٠٠٠٠ قوتابیە، و كۆتاییهات بە داواكردنی كارەكانی پلانی دابەشكردنی ئەمساڵ هەروەها پێشكەشكردنی پێشنیاری لیژنەكەمان سەبارەت بە چارەسەركردنی كێشەكە. |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| کۆبوونەوەی لیژنەکەمان بۆ تاوتۆ کردنی چەند خاڵێکی گرنگ لەوانە :<br>• کێشەی مانگرتنی قوتابیان<br>• مانگرتنی قوتابیانی بەشی کۆمپیوتەری زانکۆی سلێمانی لەبەر ئەوەی ٤ مانگە داواکاریان جێ بەجێ ناکرێت لەلایەن راگرایەتی کۆلێژەکەیان | ٢٠٠٨/١٠/٢٦ | |
| بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ کۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ لیژنەی زانستی وەزارەت سەبارەت بە کێشەی کۆلێژی زانست بەشی کۆمپیوتەر رێکەوتی ٢٠٠٨/١٠/٢٣ | ٢٠٠٨/١٠/٢٩ | ٢٨ |
| بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە ئاراستە کردنی پرسیار لەلایەن نازناز محمد عبدالقادر و سۆزان شهاب نوری لە وەزیری خوێندنی باڵا بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان. | ٢٠٠٨/١٠/٢٩ | ٢٩ |
| بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە خۆپیشاندانی قوتابیانی بەشی دەرمانسازی و دانسازی لە رێکەوتی ٢٠٠٨/١٠/٢١ لە بەردەم پەرلەمان. | ٢٠٠٨/١٠/٢٩ | ٣٠ |
| بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە بەدواداچوون لەسەر | ٢٠٠٨/١٠/٢٩ | ٣١ |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | سکاڵای خوێندکارانی کۆلێژی جیهانی زانکۆیی بەشی زانستی کۆمپیوتەر. |
| ٣٢ | ٢٠٠٨/١٠/٢٩ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پێشوازی کردنی لیژنە لە بەڕێوەبەری پەروەردەکانی سۆران، مێرگەسور، چۆمان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی پەروەردە. |
| ٣٣ | ٢٠٠٨/١٠/٢٩ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ ستافی بۆردی زانکۆی کوردستان. |
| ٣٥ | ٢٠٠٨/١١/٥ | بەڕێز ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان/ بانگهێشتی (جوان جلال) بۆ لیژنەکەمان سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان. |
| ٣٦ | ٢٠٠٨/١١/٦ | بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ بانگهێشتی ٥ وەزیر سەبارەت بە نەگەرانەوەی ناوی نزیکەی ١٠ هەزار قوتابی دەرچووی پۆلە شەشەمی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان. |
| ٣٧ | ٢٠٠٨/١١/٦ | بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری لیستی ناوی قوتابیانی وەرگیراو لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان |

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| کۆبوونـەوەی لیژنـەی پـەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا بـە ئامـادەبوونی جێگـری سـەرۆکی پەرلـەمان بـەڕێز ( د. کمال کەرکوکی ) سەبارەت بە چارەسەر کردنی کێشەی نەگەڕانەوەی ناوی نزیکەی ١٠ هەزار قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان. | ٢٠٠٨/١١/١٦ | |
| • پێشنیارکردنی چـەند خاڵێـك لەلایـەن سـەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ بـەڕێز وەزیـری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.<br>• کۆبوونـەوەی کۆبوونـەوەی لیژنـەی پـەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ نوێنەرانی قوتابیـانی هەڵەبجەو چەمچەماڵ بۆ تـاوتۆکردنی کێشەو دانەمەزراندنیان و دۆزینەوەی ئالیەتێکی گونجاو بۆ کۆتایی هێنـان بـە خۆپیشاندان. | ٢٠٠٨/١١/١٧ | |
| بـەڕێز سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی نیـشتیمانی کوردسـتان/ داواکـاری دامەزرانـدنی دەرچـوانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان. | ٢٠٠٨/١١/١٩ | ٣٨ |
| بـەڕێز سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی نیـشتیمانی کوردستان/ ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بـە دەرنەچوونی نـاوی قوتابیـان لـە زانکـۆ و پەیمانگاکانی کوردستان. | ٢٠٠٨/١١/١٩ | ٣٩ |
| دانیشتن لەگەڵ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و د.محمد | ٢٠٠٨/١١/٢٠ | |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | صابر و خاتوو جوان جەلال لەگەڵ سەرۆکایەتی لیژنەکەمان بۆ تاوتۆ کردنی کێشەکانی قوتابیان و خوێنکارانی لە خانەقین و دۆزینەوەی چارەنوسێکی گونجاو. |
| ٤٢ | ٢٠٠٨/١١/٢٥ | بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ پشتگیری کردن لە کردنەوەی بەشە پزیشکیەکان لە کۆلێژی تەکنیکی هەولێر. |
| ٤٣ | ٢٠٠٨/١٢/٣ | بەڕێز بەرێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەرەتی/ بەرێوەبەرایەتی فێرکردنی نائاسایی/ پرۆژەی (لایف) |
| | ٢٠٠٨/١٢/١٤ | ٣. کۆبوونەوەی لیژنە سەبارەت بە تاوتۆ کردنی یاسای خوێندنی باڵا بە بەشداری بەڕێزان (د.نازناز محمد سەرۆکی لیژنە و اسعد اربیل جێگری سەرۆك لیژنەو ئەندامان سۆزان شهاب و د. ڤیان سلێمان و د.دلێر و بە ئامادەبوونی د.شێرزاد نەجار سەبارەت بەکێشەکانی خوێندنی باڵا :<br>١. لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا قسە بکرێت لەسەر خوێندکارانی تەمەن ٣٠ ساڵ کە دەبێت تەنها بە ئێواران بخوێنن کە ئەمە ناچار کردنیانە.<br>٢.گفتوگۆ کردن لەسەر ئالیەتی دەرکردنی یاسایەك بۆ بۆردی نیشتیمانی بۆ دارشتنی سیاسەتی خوێندن و خوێندنی باڵا. |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| ٣.سەبارەت بە سیاسەتی وەرگرتنی ٥٠٪ی کارمەندانی کۆلێژەکان لە خوێندنی بالا ( ماستەرو دکتۆرا ) بەلام لە هەمان کاتدا لە ٨٠٪ ی خوێندکارانی دەرچوو وەرگیراون چونکە فەرمانبەری زانکۆ نین ئەمەش جۆرێکە لە نا داد پەروەری.<br>٤.کۆلێژە تایبەتەکان بە رەزامەندی وەزارەت ٢ سال تاقیگەکانی کۆلێژی پزیشکی بە کاردەهێنن بۆ پێگەیاندنی خوێندکارەکانی خۆیان. | | |
| بەڕێز بەڕێوەبەری بەدواداچونی سیستەمی نوێی خوێندن لەوەزارەتی پەروەردە/ سوپاسنامە | ٢٠٠٨/١٢/٢٣ | ٤٦ |
| کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی لیژنە بۆ تاوتۆکردنی چەند پرسێکی گرنگ لەوانە : سەردانی زانکۆ تایبەتەکان و نوسینی راپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگاندن و کاروبارەکانی هەردوو وەزارەت و بەدواداچوونی سەرفی بودجە. | ٢٠٠٨/١٢/٣٠ | |

# کارو چالاکیەکانی لیژنەی پەروەدە و خوێندنی باڵا/ ٢٠٠٩

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| ٤٧ | ٢٠٠٩/١/٥ | بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی هەڵسەنگاندن سەبارەت بە بەرزکردنەوەی راپۆرتێکی هەڵسەنگاندن و پێداچونەوە بۆ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بەرزکەینەوە بە مەبەستی دەست نیشان کردنی کەم و کوریەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و هەروەها دانانی پلانێکی درێژخایەنی ستراتیژی بۆ پرۆسەی پەروەردە و خوێندن |
| ٤٨ | ٢٠٠٩/١/٥ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ چۆنیەتی سەرف کردنی بودجەی ٢٠٠٨ی وەزارەتی پەروەردە |
| ٤٩ | ٢٠٠٩/١/٥ | سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ دامەزراندنی دەرچوانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان. |
|  | ٢٠٠٩/١/٨ | تاوتۆ کردنی پرۆژە یاسای زانکۆکانی تایبەت لە کوردستان بە ئامادەبوونی بەرێز (د.نازناز محمد/ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و أسعد اربیل جێگری سەرۆك لیژنە و سۆزان شەهاب |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | بریاردەی لیژنەو ئەندامان چرۆ علی، د.ڤیان سلێمان و د.شێرزاد نەجار. |
| | ٢٠٠٩/١/١١ | تاوتۆ کردنی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە مادەی ١٢ تاکو مادەی ٤٩ بە ئامادەبوونی سەرۆکایەتی لیژنە. |
| | ٢٠٠٩/١/١٣ | بەشداربوونی د.شکریە رەسول ئەندامی لیژنەکەمان لە سیمیناری زانکۆی کوردستان لە هەولێر بە ناونیشانی ( باری پێشوو و ئێستای زانکۆ و چۆنیەتی بەرە و پێش بردنی). |
| | ٢٠٠٩/١/١٥ | تاوتۆ کردنی پرۆژە یاسای زانکۆکانی تایبەت لە کوردستان بە ئامادەبوونی بەرێز (د.نازناز محمد/ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ و أسعد اربیل جێگری سەرۆك لیژنە و سۆزان شەهاب بریاردەی لیژنەو ئەندامان چرۆ علی، د.ڤیان سلێمان و د.شێرزاد نەجار. |
| | ٢٠٠٩/١/١٧ | کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی لیژنە بۆ تاوتۆکردنی چەند پرسێکی گرنگ لەوانە : سەردانی زانکۆ تایبەتەکان و نوسینی راپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگاندن و کاروبارەکانی هەردوو وەزارەت و بەدواداچوونی سەرفی بودجە. |
| | ٢٠٠٩/٢/٢٥ | سەردانی وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی دانانی ئالیەتێك لە نێوان لیژنە و وەزارەت بۆ سیستەمی ئەزموونەکانی ساڵانەی قوتابیان لەگەڵ زانینی |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| هۆیەكانی سەرف نەكردنی بودجەی ٢٠٠٨ بە شێوەیەكی تەواو. | | |
| سەردانی وەزارەتی پلان دانان بە مەبەستی بەدواداچوون و زانینی چۆنیەتی سەرفی بودجەی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی پەروەردە خوێندنی باڵا و زانینی هۆیەكانی سەرف نەكردنی ئەم بودجەیە. | ٢٠٠٩/٢/٢٦ | |
| راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە سەردانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ كۆمەڵگای فاخر مێرگەسوری سەبارەت بە بینین و هەڵسەنگاندنی سیستەمی شوەیفات لە قۆناغی باخچەی ساوایان و قوتاغی یەك و دووی بنەرەتی لەم كۆمەڵگایە كە بەراستی بوە هۆی اعجابی شاندەكە و جێگای دەست خۆشی بوو لە ستافی كۆمەڵگاكە و پارێزگاری هەولێر وبەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم سیستەمە و بەرەو پێشەوە بردنی رەوتی خوێندن. | ٢٠٠٩/٢/٢٩ | - |
| بەرێز سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی كوردستان/ پاش سەردانی بەرێوەبەری پەروەردەی سۆران و چۆمان و مێرگەسور، داواكارین كۆبونەوە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر بكەین. | ٢٠٠٩/١/٢٩ | ١ |
| راپۆرتی كۆتایی رای لیژنە لەسەر زانكۆ ئەهلیەكان | ٢٠٠٩/١/٢٩ | ٢ |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
| --- | --- | --- |
| | | لە هەرێمی کوردستان پاش سەردانی لیژنە لاوەکیەکان بۆ زانکۆکانی تایبەت کە کراونەتەوە لە هەرێم. |
| | ٢٠٠٩/١/٢٩ | راگەیاندنی بۆردی پەروەردەیی لە شاری سلێمانی و ئامادەبوونی نوێنەری لیژنەمان و پێشکەش کردنی وتارێك سەبارەت بە گرنگی هەماهەنگی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پەرلەمان و حکومەت. |
| | ٢٠٠٩/٢/٩ | سەردانی زانکۆی کوردستان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بوونی فەراغی یاسایی حالەتی زانکۆی کوردستان و هەماهەنگی کردن بۆ چارەسەرکردنی |
| ٤ | ٢٠٠٩/٢/١٠ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری دوو فەرمانبەری کۆلێژی پزیشکی ددان بە ناونیشانی یاریدەدەری پزیشك. |
| ٥ | ٢٠٠٩/٢/١٥ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ رێکخستنی پشوو لە قوتابخانەکان و خوێندگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە. |
| ٦ | ٢٠٠٩/٢/١٦ | بەرێز بەرێوەبەرایەتی قوتابخانەی کانی بەردینەی سەرچناری بنەرەتی/ سوپاسنامە. |
| ٧ | ٢٠٠٩/٢/١٧ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ پێشنیار بۆ منداڵە شەهید و ئەنفال |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | کراوەکان بەمەبەستی هەلگرتنی مەرجی دوو ساڵ خزمەت بۆ وەرگرتنیان لە خوێندنی ماستەر یاخود وەرگرتنی زەمالەی خوێندن. |
| ٨ | ٢٠٠٩/٢/١٨ | بۆ/ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەڕێوەبەرایەتی ناردن و پەیوەندیە رۆشنبیرییەکان/ داواکاری ناردنی لیستی زەمالەی نێردراو لە لایەن وەزارەتەوە |
| | ٢٠٠٩/٢/٢٢ | کۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە خوێندنی باڵا لەسەر چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزیری پەروەردە بۆ خستنە رووی کۆمەڵێك پرس سەبارەت بە پەروەردە. |
| ٩ | ٢٠٠٩/٢/٢٣ | بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری کۆبوونەوە لەگەڵ هەرسێ پارێزگاری هەولێر، دهۆك، سلێمانی بۆ پەرەپێدانی بواری پەروەردە لە پلانی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان. |
| | ٢٠٠٩/٢/٢٣ | دانیشتن لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی چاپەمەنی بەڕێز( ئاراس نجم الدين عبدالله ) سەبارەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن و پلانی وەزارەت بۆ گۆرینی پرۆگرامەکان. |
| | ٢٠٠٩/٢/٢٦ | سەردانی وەزارەتی پلان دانان بە مەبەستی |

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
| --- | --- | --- |
| | | بەدواداچوون و زانینی چۆنیەتی سەرفی بودجەی ۲۰۰۸ ی وەزارەتی پەروەردە خوێندنی باڵا و زانینی هۆیەکانی سەرف نەکردنی ئەم بودجەیە. |
| | ۲۰۰۹/۳/۱ | کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ د.شێرزاد سەبارەت بە پێشنیاری لیژنەمان بۆ دانانی پرۆژە یاسای خوێندنی باڵا (زانکۆکان). |
| ١٠ | ۲۰۰۹/۳/۳ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەڵەبجە. |
| ١١ | ۲۰۰۹/۳/۳ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ بەدواداچوونی سەرفی بودجە ساڵی ۲۰۰۸ لە وەزارەتی پەروەردە. |
| ١٢ | ۲۰۰۹/۳/٤ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری ئەندامی لیژنەکەمان بەرێز (جمال شمعون ایلیا)، لەبەر کەوتنەوەی ئاگر لە قوتابخانەی (عەنکاوەی کوران) ئیدارەی قوتابخانەکە سوتاوە داواکارین پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێتەوە. |
| ١٣ | ۲۰۰۹/۳/١٠ | بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ داواکاری هەڵگرتنی مەرجی خێزانداری بۆ مامۆستایانی زانکۆ لە وەرگرتنی |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| خانوو لە پرۆژەی دابەشکاری خانووەکانی دێ ی زانکۆ بۆ مامۆستایان. | | |
| بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرمانبەرانی زانکۆی دهۆک | ٢٠٠٩/٣/١٢ | ١٤ |
| بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان/ راپۆرتی دیدار لەگەڵ د.احمد دزەیی بەڕێوەبەری ناردن و پەیوەندیە رۆشنبیریەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کێشەی دابین نەکردنی بعساتی کوردستان لە بەشی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ ی عێراق. | ٢٠٠٩/٣/٢٥ | ١٥ |
| کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ ڕێکخراوی خۆری ژنان لە کەرکوك بۆ بەرەو پێش بردنی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری. | ٢٠٠٩/٤/١٤ | |
| سەردانی بەڕێز (د.دارا جاف )راگری کۆلێژی پەروەردەی زانستی لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان لیژنە و راگرانی کۆلێژەکانی پەروەردە زانستیەکان و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایانی دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی زانستی. | ٢٠٠٩/٤/١٦ | |

| بابەت | رۆژ | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| دانیشتن لەگەڵ بەڕێز (د.هەڵکەوت حەکیم) بۆ پێدانی بۆرسێکی خوێندن لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ خوێندکاری زانکۆی سۆربۆن ٢ هەروەها باس کردنی پرۆگرامی Student exchange | ٢٠٠٩/٤/٢١ | |

# كۆبونەوەكانی لیژنەی
# پەروەردە و خوێندنی باڵا / ٢٠٠٥

| بابەت | رۆژ | كۆبونەوەی ژمارە |
|---|---|---|
| كۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی لیژنە. | ٢٠٠٥/٧/٥ | ١ |
| كۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە نوێكردنەوەی سیستەمی پەروەردە لە كوردستاندا. | ٢٠٠٥/٧/١٠ | ٢ |
| كۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بەو چاوپێكەوتنانەی سەرۆكایەتی لیژنە لەسەردانی وەزیری پەروەردە، هەروەها پرۆژەی (ریفۆرم لەچەمكی پەروەردە) خرایە بەردەم ئەندامان و گفتوگۆی لەسەر كرا. | ٢٠٠٥/٧/١٧ | ٣ |
| كۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی كۆمەڵێك مامۆستا بۆ لیژنەكەمان بۆ یارمەتی دانیان لە پرۆژەی گۆڕین و ریفۆرم لەم بەڕێزانە پێكهاتبوو : د.كرمانج گوندی مامۆستای یاریدەدەر لە زانكۆی تینسی لە ویلایەتە یەكگرتووكانی ئەمریكا، خاتوو كلێر براتن مامۆستای یاریدەدەر لە زانكۆی تێنسی، بەڕێز فەهمی كاكەیی مامۆستا لەوڵاتی سوید، بەڕێز د.محمد سدیق سەرۆكی | ٢٠٠٥/٧/٢٤ | ٤ |

| بابەت | رۆژ | کۆبونەوەی ژمارە |
|---|---|---|
| زانکۆی سەلاحەدین. | | |
| کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە دوو تەوەر :<br>١- ئامادەبوونی چەند سیمینارێك کە د.کرمانج گوندی گێرای<br>٢- راپۆرتی لیژنە لاوەکیەکان کە لە ئەنجامی سەردان و لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەل لەسەر کێشەکانی پەروەردە | ٢٠٠٥/٧/٣١ | ٥ |
| کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە خوێندنەوەی پرۆژەی کۆلێژی پێگەیاندنی مامۆستایانی باخچەی ساوایان و سەرەتایی. | ٢٠٠٥/٨/١ | ٦ |
| کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانەکەی هەردوو بەڕێزان (ڤیان دزەیی و د.شکریە رسول) بۆ سربیا، هەروەها تاوتێکردنی بەرنامەو بەدواداچوونی مەنهەجی خوێندن کە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی لاوەکی ئەنجامدرا. | ٢٠٠٥/٩/٤ | ٧ |
| کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە سکاڵایەك کە ١٥٣ مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین پێشکەشی لیژنەکەمانیان کردبوو. | ٢٠٠٥/٩/١١ | ٨ |
| کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت پێشکەش کردنی راپۆرتی ئەندامان کە بەدواداچوونی کێشەکانیان گرتبووە ئەستۆ. | ٢٠٠٥/٩/١٨ | ٩ |
| کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت | ٢٠٠٥/٩/٢٥ | ١٠ |

| کۆبونەوەی ژمارە | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| | | بە ئامانجەکانی لیژنە چییە بۆ رەشنوسی دەستوری کوردستان کە باس لە مافی منالان و گەنجانی بە روونی و بەئاشکرا تێدا بچەسپێت هەروەها پێشنیاری ئیلزامی کردنی خوێندن تا پۆلی سێیەمی ناوەندی، تاووتۆ کردنی ئەو دەقی یاسای خوێندنی سویدی کە لەلایەن مامۆستا (فەهمی کاکەیی) نێردراوە بۆ لیژنەکەمان. |
| ١١ | ٢٠٠٥/١٠/٢ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە نەهێشتنی رۆتین لەناو کاروبارەکانی پەرلەمان. |
| ١٢ | ٢٠٠٥/١٠/٩ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە بەدواداچوونی کێشەی مامۆستایانی زانکۆ، هەروەها چارەسەری کێشەی ٦٥ خوێندکاری زانکۆ کە یاداشتێکیان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردبوو. |
| ١٣ | ٢٠٠٥/١٠/٢٣ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەرانی سکرتاریەتی رێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران و لاوان. |
| ١٤ | ٢٠٠٥/١٠/٣٠ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە پێشوازی کردنی دوو میوان یەکەمیان گروپێکی ٧ کەسی بوون لەو مامۆستایانەی سکاڵایان بەرز کردبۆوە، دووەم گروپ سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایان. |
| ١٥ | ٢٠٠٥/١١/١٣ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە کێشەکانی مامۆستایانی هەردوڵا. |

| کۆبونەوەی ژمارە | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| ١٦ | ٢٠٠٥/١٢/٢٧ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت باسکردن و گفتوگۆ لەسەر رۆژمێری قوتابخانەکان کە لەلایەن بەرێز جمال شمعون ایلیا وە پێشکەش کراوە کە لە دوایدا ئەم رۆژمێرە بووە بنەمایەك کە لە کۆنگرەی پەروەردەی ٢٠٠٧ پەسەند کرا. |
| ١٧ | ٢٠٠٥/١٢/٥ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە و چالاکی و سەردانانەی کە لیژنەی پەروەردە ئەنجامی دابوو، ٢٠٠٥/١١/٢٩ سەردانی قوتابخانەی زانیاری هاورێ بۆ پەرلەمان، ٢٠٠٥/١٢/٤ سەردانی سەرپەرشتارانی پەروەردەیی و پسپۆری بۆ لیژنە. |
| ١٨ | ٢٠٠٥/١٢/١٩ | کۆبونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی مەیدانی ئەندامانی لیژنە و دیتنی گرفت و کەم و کوریەکان و لە نزیکەوە نووسینی راپۆرت. |

# کۆبونەوەکانی لیژنەی
# پەروەردە و خوێندنی باڵا / ۲۰۰٦

| کۆبونەوەی ژمارە | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| ۱۹ | ۲۰۰٦/۳/۲۷ | کۆبوونەوەی لیژنە کە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت :-<br>١. باسی کارو چالاکیەکانی دەستەی سەرۆکایەتی کاتی ماوەی پێشوی پەرلەمان<br>٢. دۆزینەوەی میکانیزم بۆ دابەش کردنی ئەو کەل و پەلانەی کە لە گەنجینەی پەرلەمان وەرمان گرتووە بەسەر قوتابخانە و هەندێ ناوچە.<br>٣. راپۆرتی سەردانی بادینان |
| ۲۱ | ۲۰۰٦/٦/۱۲ | کۆبونەوەی لیژنە سەبارەت بە داواکاری چاککردنی چەند خاڵێك لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بەداخەوە تا ئێستا پەیرەوی ناوخۆ هەموار نەکرا کەچەندین جاری تر لە هۆڵی دانیشتنی پەرلەمانیش لە لایەن سەرۆکی لیژنە داوا کرایەوە. |

# راپۆرتەکانی لیژنەی
# پەروەردە و خوێندنی باڵا/ ٢٠٠٨-٢٠٠٩

| بابەت | ڕۆژ | ژمارەی نووسراو |
| --- | --- | --- |
| سەردانی شاندێکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە پێك هاتبوو لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنە سەردانی بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرە جوانەکانیان کرد، بەمەبەستی بەسەر کردنەوە و گوێگرتن لە داواکانیان. | ٢٠٠٨/٩/١٦ | - |
| لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا پێشوازی لە وەفدێکی مامۆستایانی قەزاری سۆران کرد کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی لقی یەکێتی مامۆستایانی ناوچەکە و بەڕێوەبەرانی پەروەردەی مێرگەسور و سۆران و چۆمان لە کۆبوونەوەکەدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنە (د.نازناز محمد) و (اسعد اربیل) جێگری سەرۆك لیژنە و ئەندامانی لیژنە، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ڕەوشی پەروەردە و خوێندن و ئاستی قوتابیان و خوێندکاران لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی خرانە بەر باس و گفتووگۆ. | ٢٠٠٨/١٠/١٢ | - |
| راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە کۆبوونەوە لەگەڵ | ٢٠٠٨/١٠/١٦ | - |

| | | |
|---|---|---|
| | | وەفدێکی زانکۆی کوردستان کۆبـۆوە سـەبارەت بـە لێکۆڵینەوە لە کێشەی ژمارەیەك لـە خوێنـدکاران و پرسـی دەرنەچـوون و دەرکردنـی ٣٩ قوتـابی ، کـە پێکهاتبوو لە سەرۆك و جێگر و ئەندامانی لیژنـەی پـەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا و شـاندی زانکـۆی کوردسـتان پێکهـاتبوو لـە بـەڕێزان (دکتـۆر شـەفیق قەزاز و تافگە کەریم لە بۆردی زانکۆ و نادیە قاسم لـە ئیـدارە و ڕۆبێـرت دۆبلـە و کێـری مامۆسـتایانی قۆناغی فاوندەیشن و نوێنەری خوێندکارەکان). |
| - | ٩/ ١١/ ٢٠٠٨ | ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی لیژنە بۆ زانکۆی ئیشق لـە هـەولێر کـە پێکهاتبوو لە بـەڕێزان (د.نازنـاز محمـد – سـەرۆکی لیژنەی پـەروەردە و خوێنـدنی بـاڵا، أسعد اربیـل – جێگری سەرۆك لیژنە، چرۆ علی حمـە – ئەنـدامی لیژنە. |
| - | ٢٠٠٨/١١/١١ | ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی بۆ زانکۆی لوبنانی فەرەنسی بۆ ئـەوەی لیژنە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی زانکۆکە بێت. |
| - | ٢٠٠٩/١/٢٠ | ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی دەفەری سلێمانی، وەك لیژنە چاومان بـە د. علی سـعید سـەرۆکی زانکـۆی سـلێمانی بـۆ باسـکردنی ڕەوشـی زانکۆکـە و پلانـی داهاتوویـان هـەروەها داوای لێکـردین کـە بـۆ پـڕۆژەی کـەمپی |

| | | |
|---|---|---|
| | | زانكۆی نــوێی ســلێمانی هــەولێك بــدرێت بــۆ نەوەستانی كارەكانیان بە هۆی كێشەی دابەزینی و بەرز بوونی نرخ لەم چەند ساڵەی دواییدا. |
| - | ٢٠٠٩/١/٢٧ | ســەردانی وەفــدێكی بــاڵا ی لیژنــەی پــەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ ناوچەی بالیسان كە پێكهاتبوو لە بــەڕێزان (د.نازنــاز محمــد عبــدالقادر) ســەرۆكی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و (سۆزان شهاب) بڕیــاردەری لیژنــە و بــەڕێز كرێكــار عبــدالله بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان، سەبارەت بە كــەم و كــوری و كێــشەكان لــە بــواری پــەروەردە، هەروەها بۆ چارەسەر كردنی گرفتی گواستنەوەی ٢٥٠ قوتابی بەشێوەیەكی فــەرمی وەك و دیاریــەكی بچووكی پەرلــەمان شاندی لیژنــە كلیلی پاسێكیان پێشكەش بە بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان كرد، بۆ ئــەوەی بــە هەماهــەنگی لەگــەڵ بەڕێوەبەرایــەتی پەروەردە ئەو پاسە بەكار بهێنن بۆ گواستنەوەی قوتابیانی ١٦ گوندی ناوچەكە. |
| - | ٢٠٠٩/١/٢٩ | ڕاپــۆرتی كۆتــایی ڕای لیژنــە لەســەر زانكــۆی ئەهلیەكان لە هەرێمی كوردستان. |
| - | ٢٠٠٩/٢/٩ | ســەردانی لیژنــەی پــەروەردە و خوێنــدنی بــاڵا بــۆ زانكۆی كوردســتان كــە پێــك هــاتبوو لــە ئەنــدامان (د.نازنــاز محمــد/ ســەرۆكی لیژنــە و اسعد اربیــل/ جێگــری ســەرۆك لیژنــە و ســۆزان شــەهاب/ |

| | | |
|---|---|---|
| بریاردەری لیژنە) لە چوارچێوەی کاری بەدواداچوونی لیژنە بۆ زانکۆکانی کوردستان و لە نزیکەوە ئاگاداربوونیان و لەگەڵ سەرۆکی بۆردو ئەندامانی بۆردی زانکۆی کوردستان چەندین پرس و بابەتی تایبەت بە کاروباری زانکۆی کوردستان تاوتوێ کرد. | | |
| راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی هەردوو زانکۆی تایبەت (سابیس و دیجلە). | ٢٠٠٩/٢/١٧ | - |
| راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە سەردانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ هەردوو وەزارەتی ( پەروەردە و پلان دانان ) پێك هاتبوو لە بەرێزان: د. نازناز محمد/ سەرۆکی لێژنەی پەروەردە ، أسعد أربيل/ جێگری سەرۆکی لێژنەی پەروەردە، سوزان شهاب/ سکرتێری لێژنەی پەروەردە، بەمەبەستی چۆنیەتی سەرف کردنی بودجەی ٢٠٠٨ لە کەرتی پەروەردە و دەرکەوتنی ئەو راستیە کە لە بودجەی وەبەرهێنانی ٢٠٠٨ هیچ پرۆژەیەك لە دهۆك و هەولێر ئەنجام نەدراوە و لە سلێمانیش ٥٠٪ ی ئەنجام دراوە بەڵام پرۆژە بەردەوامەکان کاریان بۆ کراوە لە ئەنجامی ئەم سەردانە بوو کە بریاردرا کۆبوونەوەیەك لەگەڵ هەردو وەزیری ئاوبراو و وەزیری دارایی لە هۆڵی لیژنەی | -٢٥<br>٢٠٠٩/٢/٢٦ | - |

| | | |
|---|---|---|
| | | پەروەردە ساز بکرێت. |
| ٥٥٥/٣/٤ | ٢٠٠٩/٤/١٣ | ئاراستەکردنی پرسیار لەلایەن د.نازناز محمد عبدالقادر/ سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەبارەت ب بەرزکردنەوەی ٥ مەرتەبە لە مووچەی بەڕێوەبەری دارایی وەزارەتەکەی بە جارێك. |
| ١٨ | ٢٠٠٩/٤/١٤ | بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان — بابەت/ راپۆرتی چاوپێکەوتنی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ بەڕێز د.سەلام جێگری وەزیری خوێندنی باڵا ی عێراق سەبارەت بە چۆنیەتی ناردنی بعسە و زەمالەی عێراق و هۆیەکانی دواکەوتنی ئەو بعسانەی کە بۆ کوردستان تەرخان کرابوون. |
| - | ٢٠٠٩/٤/١٥ | راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا سەبارەت بە کۆبوونەوەی لەگەڵ هەر سێ وەزیرەکانی پلان دانان و دارایی و پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی (د.نازناز محمد/ سەرۆکی لیژنە و أسعد اربیل/ جێگری سەرۆك لیژنە و سۆزان شهاب/ بڕیاردەری لیژنە و چەندین ئەندامی تری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بەو کێشەو گیرو گرفتەکانی وەزارەتەکان |

| | | |
|---|---|---|
| بۆ بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان<br>بابەت/ وەڵام<br>پێدانی بۆرسێکی خوێندن لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ خوێندکارێك کە لە ئەنستیتووی زمان و شارستانییە رۆژهەڵاتیەکان کە ساڵی دووەم ماستەر یان دکتۆراکەی لە کوردستان بێت و پەرلەمان باری دارایی دابین بکات . | ٢٠٠٩/٤/١٩ | ٢٠ |
| بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان<br>بابەت/ بەدواداچوون<br>هاوپێچ لیستی ناوی شەش قوتابی لە سێ یەکەمەکانی کۆلێژە جیاجیاکانی زانکۆی سەلاحە ىنتان بۆ دەنێرین، کە دوای دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی کۆلێژەکان بە یاریدەدەری توێژەر (معید) ناوی ئەو شەش کەسە بۆ دامەزراندن نەگەڕاوەتەوە بێ ئەوەی کێشەیان هەبێت لە بروانامەو کۆنمرە، و لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار و زانکۆی سەلاحەدین هیچ وەڵامێکی وایان دەست نیشان نەکردووە کە نیشان دەری چارەسەرکردنی کێشەکەیان بێت، داواکارین وەڵامێکی مقنع بۆ دانەمەزراندنی ئەم شەش کەسە لەلایەنی پەیوەندیدار وەربگیرێت و بە زووترین کات وەك هەڤاڵانی تریان لە بەشەکانی خۆیان دابمەزرێن. | ٢٠٠٩/٤/١٩ | ٢١ |

| | | |
|---|---|---|
| بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - بابەت/ دامەزراندن/ داواکارین نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە بکرێت سەبارەت بە دامەزراندنی گشت دەرچوانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، چونکە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە "تعهد"یان لێ وەرگیراوە کە دابمەزرێن لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی پەروەردە.<br>زۆربەی دەرچوانیش سەر بە قەزا سنووریەکانن و لەم ناوچانە پێویستیان بە مامۆستا هەیە و بۆ ئەو ماددانەی کە زۆر زەرورە دەکرێت خولی فێرکردنیان بۆ بکرێتەوە. هەروەها بە هەماهەنگی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی دارایی، دەشێ بەشێك لەم دەرچوانە لە کتێبخانە گشتیەکانی قەزا جیاجیاکان دابمەزرێن. | ٢٠٠٩/٤/١٩ | ٢٢ |
| بۆ بەڕێز/ مامۆستا برهان محمد فرج/ بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی دواناوەندی و پیشەیی – بابەت/ داواکاری - سڵاو و ڕێز....<br>هاوڵاتی (محمد عبدالله محمد) کە ماوەی ٢٥ ساڵ مامۆستا بووە بە هۆی رووداوێك بۆ ماوەی ٨ ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام لە ٢٠٠٩/٢/١٦ بە بەر لێبوردنی گشتی کە لە پەرلەمان دەرچوو دەکەوێت | ٢٠٠٩/٤/٢٠ | ٢٣ |

| | | |
|---|---|---|
| و ئازاد دەکرێت، بەپێ ی ئەو بڕیاری لێبوردنی گشتیە مافی هاوڵاتی گیراو دەبێ پارێزراو بێت. ناوبراو هەموو کارە یاسایەکانی ئەنجام داوە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ سەرکارەکەی خۆی یاخود خانەنشین کردنی بەڵام مامەڵەی کارەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی ئێوە ڕاگیراوە، تکایە کارئاسانی بۆ بکرێت و زووتر مامەڵەکەی کۆتایی پێ بێت. | | |
| کۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی صەلاحەدین د.محمد سدیق خۆشناو، بە ئامادەبوونی ئەندامان :<br>١. د.نازناز محمد عبدالقادر<br>٢. ڤیان سلێمان<br>٣. د.شکریە رسول سۆزان شهاب<br>٤. د.دلێر شاوەیس<br>٥. سهام انور<br>سەبارەت بە نووسین و ئالیەتی جێ بەجێ کردنی عەقدی نێوان زانکۆی سۆربۆن (٣) لەگەڵ (ئەنستیتوی زمان و شارستانیە ڕۆژهەڵاتیەکانی پاریس، بۆ ئامادەکردنی بۆرسێکی خوێندن بۆ خوێندکاری ئەو زانکۆیە بۆ پەرلەمانی کوردستان و بتوانێت لە زانکۆ وەك گوێگر لە محاضە رە کان دابنیشێت. | ٢٠٠٩/٤/٢٢ | - |
| پێشوازی لیژنەکەمان لە شاندێکی ئەندامانی | ٢٠٠٩/٤/٢٧ | - |

| | | |
|---|---|---|
| | | پەرلـەمانی لیژنــەی پــەروەردە و خوێنــدنی بــاڵای عێــراق، لــە کۆبوونەوەیەکـدا بــە ئامــادەبوونی سەرۆکایەتی لیژنەی پەروەردە و خوێنـدنی باڵا ی پەرلــەمانی کوردســتان و ئەنجوومــەنی نوێنــەرانی عێراق، رەوشی پـەروەردە و خوێنـدن لـە عێـراق و هەرێم خرایە بەر باس و گفتوگۆ. |
| - | ٢٠٠٩/٤/٢٧ | سـەردانی لیژنــەی پــەروەردە و خوێنــدنی بـاڵا بـۆ قوتابخانەی هەڤاڵ ی بنـەرەتی نموونـەیی تێکەڵاو لە گـەرەکی حاکمـاوا، قوتابخانەکـە لـە ٣٤٠ قوتـابی هەیــە و ٣ جـۆر پۆلیــان هەیــە، بــۆ لــە نزیکــەوە ئاگاداربوون لە رەوشی خوێنـدنی لـەم قوتابخانەیـە لەبــەر ئــەوەی سیــستەمی خوێنــدنی ســویدی لــەم قوتابخانەیە پەیرەو دەکرێت. |
| ٢٥ | ٢٠٠٩/٥/٣ | بۆ/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان<br>بابەت/ سەردان و هەڵسەنگاندن<br>لەبــەر گرنگــی و جیــاوازی ئــەو سیــستەمەی کــە ل قوتابخانــەی هــەڤاڵی بنــەرەتی نمونــەیی پــەیرە دەکرێت کە ئـەویش سود وەرگرتنـە لـە سیـستەم هاوچەرخی سویدی، بە باشمـان زانـی کـە سـەردانێک مەیدانی ئەم قوتابخانەیە بکەین بۆ ئەوەی لە نزیکە هەڵسەنگاندنێك بکەین و ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاند لەرێگــەی ســەرۆکایەتی پەرلــەمان بگاتــە وەزارەتـ پەروەردە بۆ زانین و کاری پێویست. |

| | | |
|---|---|---|
| بۆ/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان<br>بابەت/ پێدانی بۆرسێکی خوێندن<br>ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان پێخۆشحاڵین بە پێدانی بۆرسێکی خوێندن بۆ خوێندکارێکی ئەنستیوتی زمان و شارستانیە رۆژهەڵاتیەکانی پاریس، لەسەر داوای د.هەڵکەوت حەکیم و پەراوێزی جەنابتان لەسەر نووسراوی ژمارە (٢٠) رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٩ کە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئاراستەی جەنابتان کرابوو، بێگومان ئەمە هەنگاوێکە بۆ پتەوکردنی پێوەندی فەرهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان وڵاتی فەرەنسا. | ٢٠٠٩/٥/٥ | ٢٥ |

# سوپاس و پێزانین کە ئاراستەی لیژنە کراوە

| بابەت | رۆژ | ژمارەی ك |
|---|---|---|
| جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان – بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەنجوومەن بۆ/ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا – بابەت سوپاس و پێزانین سەبارەت بە ئەرك و ماندووبون و هەڵسانی لیژنە بەرێزەکەتان بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی لەمانە :<br>١. هەنگاونان بۆ پراکتیزەکردنی سیستەم و پرۆگرامی نوێ لە بواری پەروەردە و فێرکردن.<br>٢. داکۆکی کردن لە مافەکانی قوتابیان و خوێندکاران و بەداواداچوون و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان.<br>٣. ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ زانکۆکان و دام و دەزگاکانی پەروەردە لە چەندین دەڤەری هەرێمی کوردستان.<br>٤. بەرزکردنەوەی راپۆرتی پۆخت و رێك و پێك سەبارەت بە ئەنجامدانی کارەکانتان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.<br>سوپاس و پێزانینی خۆمانتان پێ رادەگەیەنین، هیوادارین لە ئایندەدا بە هەمان شێوە بەردەوام بن لە ئەنجامدانی کار و چالاکیەکان لە پێناو بەرە و پێش بردن و گەشەپێدانی بواری زانست و پەروەردە لە هەرێمی کوردستان. | ٢٠٠٩/٢/١٩ | ٣٦ |

## بانگهێشتی وەزیر بۆ لیژنەی پەروەدە و خوێندنی باڵا /٢٠٠٦

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| - | ٢٠٠٦/٥/٣١ | کۆبونەوەی لیژنە لەگەڵ وەزیری پەروەردە کە لەلایەن لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە بانگهێشت کرابوو ، لەلایەن لیژنەوە پیرۆزبایی لە وەزیری پەروەردە کرا سەبارەت بە دەست بەکار بوونی لە پۆستی نوێ |
| - | ٢٠٠٧/٦/١٣ | بانگهێشتکردنی وەزیری خوێندنی باڵا سەبارەت بە پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و کۆنگرەی زانستی |
| ٣٦ | ٢٠٠٨/١١/٦ | **بۆ سەرۆکایەتی ئە نجوومەنی نیشتیمانی کوردستان**<br>لەپاش گەرانەوەی ناوی قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندی وەرگرتن و لەئەنجامی نارەزایەکی زۆری قوتابیان و خوێنکاران کە نزیکەی ١٠ هەزار قوتابی ناویان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان نەگەراوەتەوە ، داوا دەکەین کە ئەم وەزیرە بەرێزانەی خوارەوە بانگهێشت بکرێن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی دانیشتنێك لەگەڵ لیژنەکەمان ئەنجام بدەن بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانی پەروەردە وخوێندن :<br>١. بەرێز وەزیری دارایی<br>٢. بەرێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی |

| | | |
|---|---|---|
| ٣. بەڕێز وەزیری پەروەردە<br>٤. بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>٥. بەڕێز وەزیری پلان دانان | | |
| **بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان**<br>لە ئەنجامی بەدواداچوونی لیژنەکەمان سەبارەت بە راپەراندنی کارەکانی وەزارەتی و سستی لە پرۆسەکە ، وەزیری پەروەردە بۆی رون کردینەوە کە یەك لە هۆکارە سەرەکیەکان لە سستی راپەراندن دەگەڕێتەوە بۆ میکانیزمی کاری وەزارەتی دارایی لە ئاست راپەراندنی ئەرکەکان بەرامبەر وەزارەتی پەروەردە ، بۆ ئاشکرا بوون و سەلماندنی و چارەسەری ئەم کێشە داواکارین :<br>زووترین کات هەردوو وەزیری دارایی و پەروەردە دانیشتنێك لەگەڵ لیژنەکەمان ساز بکەن بە مەبەستی تاووتوێ کردنی کێشەکانی و بەرگرتن لە ئاستەنگەکان | | |

# راپۆرتەکانی لیژنە سەبارەت بەو پرۆژە یاسایانەی کە ئاراستەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کراون

| ژمارەی نوسراو | رۆژ | بابەت |
|---|---|---|
| ٣ | ٢٠٠٧/١٠/٢٥ | راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای ئەکادیمیای کورد |
| راپۆتی ژمارە (١) | ١١-١٥-١٩- ٢٠٠٨/٥/٢٢ | راپۆرتی یەکەمی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە بە نوسراوی ژمرە ك٢٦ لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٤/٦ ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان |
| راپۆتی ژمارە (٢) | ٢٠٠٨/٥/٢٨ | راپۆرتی دووەمی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە بە نوسراوی ژمرە ك٢٦ لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٤/٦ ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان |
| ٧ | ٢٠٠٨/٤/٢٨ | راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا . |

## راپۆرتی سەردانەکانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بۆ دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی رەسمی –بەشداری کردن لە کۆنفرانس

راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا سەبارەت بە سەردانی بەڕێز (د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس) دەربارەی وەرشەگاری " دروستکردنی پردی هاوکاری بۆ روبەروبوونەوەی ئاستەنگە هاوبەشەکان لە سیستەمی فێرکردن لە عێراقدا " بە سەرپەرشتی ئینستیوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی – لە شاری ئەستەمبوڵ لە تورکیا لە رێکەوتی ٨ – ١١ / ١ / ٢٠٠٩

بۆ پەیوەندیکردن بەم لیژنەیە :
mailto:leducation@perleman.org

# لیژنەی بەرگریکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێنو لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆڕییان ڕەچاو دەکرێت.



بەپشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی هەمیشەیی "داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان" لەیەکەمین دانیشتنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا. ئەو لیژنەیە لەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان پێکهات:

| پەخشان عەبدوڵلا حسێن | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|
| کوێستان محەمەد عەبدوڵلا | جێگر |
| کوردستان پیرداود قادر | بڕیاردەر |
| شەوقی حسێن ئیبراهیم | ئەندام |
| شوکریە خضر پیروت | ئەندام |
| شەمسە سەعید مەحمود | ئەندام |
| فەخریە مستەفا محەمەدئەمین | ئەندام |
| فەزیلە ڕەمەزان سەعدوڵلا | ئەندام |
| ڤیان ئەحمەد خدر | ئەندام |
| کەریم بەحری عەبدوڵلا | ئەندام |
| مریەم حەسەن ئیبراهیم | ئەندام |
| نازناز محەمەد عەبدولقادر | ئەندام |
| نەسرین محەمەد صاڵح | ئەندام |





# کاروچالاکییەکان

## ساڵی ٢٠٠٥

- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/٧/٥ لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان یەکەم کۆبونەوەی دەست بەکاربوونی خۆی سازدا،تێدا باسی چۆنیەتی دارشتنی خشتەی کارەکانی لیژنە کراو لەداهاتوودا بەشێوەیەکی رێك کارەکان ئەنجام بدرێن.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/٧/١١ کۆبوونەوە کرا سەبارەت بەلیژنەی یاسایی‌و نەبوونی ئافرەتێك لەم لیژنە خرایە بەرباس، پێشنیار کرا کە بوونی ئافرەتێك لەم لیژنەیەدا پێویستە.
- لە٢٠٠٥/٧/١٨ لیژنە کۆبوونەوەی کرد لەسەر رەوشی کوردستان ومەسەلەی تیرۆرو پرسی (شێخ زانا).
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٢٦ لیژنە کۆبوونەوی کرد سەبارەت بەکردنەوەی بەشی ژنناسی (زانستی جێندەر) لەزانکۆ وەك پرۆژەیەك پێشکەشی وەزارەتی خوێندنی بالاّ کرا.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/٣ کۆبوونەوەی لیژنە سەبارەت بەپرۆژەی پێشنیارکراوی دەستووری هەرێم.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/٦ لیژنە کۆبوونەوی کرد لەسەر کردنەوەی بەشی ژنناسی لەزانکۆکانی کوردستان.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/٣١ لیژنەکەمان کۆبونەوەی خۆی کرد بەئامادەبوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان (د.کەمال کرکوکی) سەبارەت بەپرۆژەی (د.خسرۆ پیربال) بۆ کردنەوەی بەشی ژنناسی لەزانکۆکان.

- لەرێکـەوتی ٢٠٠٥/١١/١٥ کۆبوونـەوە کـرا سـەبارەت بەچۆنیەتی رۆڵگیران بـۆ هاندانی خەڵك لەمەڕمەسەلەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/٢٠ لیژنە کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ وەفدێکی ژنـانی کورد لەسوید کە سەردانی لیژنەکەمانیان کردبوو سەبارەت بـەهاوکاری هەردوولا لەبەرەو پێشبردنی رۆڵی ژنان لەگشت بوارەکاندا، لەکوردستاندا.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/٢٦ لیژنەکـەمان بـەردەوامی بەکۆبوونەوەیدا خـۆی کـرد سـەبارەت بەکردنـەوەی بەشـی ژنناسـی لـەزانکۆکانی کوردسـتان هەروەها باسی پرۆژەی یاسای قەدەغەکردنی مارەبرینی کچی منداڵ کرا بەتێرو تەسەلی.

- ئەونوسراوانەی کە لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کردوون:

| ژ | بەروار | لایەنی رۆیشتوو | بابەت |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٥/٧/٥ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | یەکەم کۆبونەوەی لیژنە |
| ٢ | ٢٠٠٥/٧/١١ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | دووەم کۆبونەوەی لیژنە |
| ٣ | ٢٠٠٥/٩/٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | سێیەم کۆبونەوەی لیژنە |
| ٤ | ٢٠٠٥/٩/٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | چوارەم کۆبونەوەی لیژنە |
| ٦ | ٢٠٠٥/٩/٢٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | شەشەم کۆبونەوەی لیژنە |
| ٧ | ٢٠٠٥/١٠/٣ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | کۆنووسی لیژنە |
| ٨ | ٢٠٠٥/١٠/٦ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | کۆنووسی لیژنە |
| ٩ | ٢٠٠٥/١٠/٣١ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | کۆنووسی لیژنە |
| ١٠ | ٢٠٠٥/١١/١٥ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | کۆنووسی لیژنە |
| ١١ | ٢٠٠٥/١٢/٢٥ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | سەردانی وەفدی پەرلەمان بۆ سوید |

# کاروچالاکیەکان

## ساڵی ٢٠٠٦

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٢/٢٠ لیژنەکەمان کۆبونەوەی خۆی کرد سەبارەت بەمەسەلەی(مارەبرینی کچی منداڵ)وخۆئامادەکردن بۆ(٢٠٠٦/٣/٨ ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی لەهۆڵی پەناگیری بەئامادەبوونی سەرۆکایەتی پەرلەمان و، نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنیو یەکێتیو کۆمەڵەو سەندیکاو......هتد،کە تیایدا ئاراستەکانی بەرنامەی کاری لیژنە خرایە بەردەم ئامادەبوانو داوایان لێکرا کە دەرگای لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتانو ژنان هەمیشە لەسەر پشتەو پێویستمان بەهاوکاری ئەوان هەیە ،پیویستمان بەراو بۆ چوونی ئەوان هەیە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژە یاساو چالاککردنی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان وخەڵك لەمەر مەسەلەی ئافرەت ودابینکردنی مافە مرۆڤایەتیەکانیاندا .

_پرۆژە یاسای مارەبرینی کچی منداڵ لەناو بێشکەدا لەرێکەوتی ٢٠٠٦\٢\٢٠ ئامادە کراو لەرێکەوتی ٢٠٠٦\٦\٤ سمیناری بۆ کرا ,و لە٢٠٠٦\٦\٢٢ پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٢/٢٧ کۆبونەوە سەبارەت بەرۆژی جیهانی ئافرەتان ٨ی مارس.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٤/٥ کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا لەسەر هەردووپرۆژەی :

١- مارەبرینی کچی منداڵ.   ٢-کردنەوەی بەشێك تایبەت بەئافرەت یەکێك لەکۆلیژەکان.

_لەڕێکـەوتی ٢٠٠٦/٤/١١ سـەبارەت بـەئامادەکردنی سیمینارو بەدواداچـوونی پرۆژەکان کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا.

_لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٤/١٧ کۆبونەوەی لیژنەکەمان سەبارەت بـەدیاریکردنی ڕۆژی سیمینار .

_لەڕێکـەوتی ٢٠٠٦/٤/١٧ لیژنەکـەمان پێـشوازیلەوەفدێکی یـەکێتی ئافرەتـانی کوردسـتان لقــی هەولێرکردمەبەسـت لەسـەردانەکەیان پێـشکەشکردنی یاداشـتنامەی لقەکـەیان وپیشنیارلەسەرکێـشەکانی ئـافرەت وەك(بـێ ئاگـا جیابوونەوە،مارەکردنی کچی منداڵ،ژن بەژنی،گەورە بەبچووك،ئافرەت بـەدەل خوێندان)

_لە٢٠٠٦/٤/٢٤ سەبارەت بەئامادەکردنی بەرنامە بۆئەنجامدانی سیمینار لەسـەر مەسەلەی(مارەکردنی کچی منداڵ).

_لەڕێکـەوتی٢٠٠٦/٤/٢٥ لیژنەکـەمان پێـشوازی کردلـە سـەرۆکی ڕێکخـراوی پەیوەندی ئافرەتانی عیراقی لەبریتانیا وسەرۆکی ڕێکخراوی پـەری گفتوگۆکرا سەبارەت بەکاروچالاکیەکانی ئافرەت لەعیراق بەگشتی وکوردستان بەتایبەتی.

_لــە٢٠٠٦/٥/٢ کۆبونــەوەی خــۆی ئەنجامــدا کەتێیــدا ڕۆژی ئەنجامــدانی سیمینارەکە دیاری کرا.

_لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٥/١٠ هەر سەبارەت بەسیمینار کۆبونەوە کرا.

_لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٥/١١ پێشوازی کرد لـەئافرەتێك کەباسی کێشەی خـۆی کـرد لەلایەن مێردەکەی تەڵاقدرابوو.

_لەڕێکـەوتی ٢٠٠٦/٥/٢٢ لـەم کۆبوونەوەیـەدا بریـاردرا کـە لیژنەکـەمان چـاوی بکـەوێت بـەجێگری سـەرۆکی ئەنجومـەن ویاداشـتێك پێـشکەش بکرێـت بـۆ زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لەکابینەی نوێ ی حکومـەت پێشتر هواڵمان زانـی کە تەنها یەك ئافرەتی تێدایە.

لەرێكـەوتی ٢٠٠٦/٥/٨ نوێنـەری لیژنەكـەمان پێـشوازی كـرد لەوەفـدێكی رێكخـراوی KNC بەمەبەسـتی كردنـەوەی دەورەیـەك بـۆ ئـافرەت لـەژێرناوی (دور المرأة في المجرى السياسي للمعركة الكردية).

_لەرێكەوتی٢٠٠٦/٥/٢٩ نوێنەری لیژنەكەمان كۆبونـەوەی خـۆی كـرد سـەبارەت بەرەوشی ئافرەت لەكوردستانو كردنەوەی بەشێك تایبەت بەئافرەت لەكۆلیـژو دیاریدەی خۆسەتاندنی ژنان.

_لەرێكەوتی ٢٠٠٦/٦/٤ نوێنەری لیژنەكەمان كۆبوونەوەی خۆی كـرد سـەبارەت بەدارشتنی بەرنامە یسیمینار سەبارەت بەمارەكردنی كچی منداڵ .

_پرۆژە یاسای مارەبرینی كچی منـداڵ لـەناو بێشكەدا لەرێكـەوتی ٢٠٠٦\٢\٢٠ ئامادە كراو لەرێكەوتی ٢٠٠٦\٦\٤ سمیناری بۆ كرا كە تێیدا سەرەرای نوێنەرانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی،خەڵكی ئەكادیمیو پسپۆری یاساو مامۆستای ئـایینی تێـدا ئامـادەبوون،و لـە٢٢\٦\٢٠٠٦ پێـشكەش بەسـەرۆكایەتی پەرلـەمان كراوە.

_لەرێكـەوتی ٢٠٠٦/٦/١٢ لەسـەر داوای چـەند ئـافرەتێكی محقق عدایكەچەند جارێك كۆبونەوەیان لەگەڵ كرا،گفتوگۆو لێكۆلینـەوە كـرا لەسـەر ئامـادەكردنی پرۆژەیەك لـەرووی یاساییەوە لەگـەڵ وەزارەتـی عـدل ودادگـای تمیـز سـەبارەت بەچۆنیەتی هەژماركردنی ،مۆڵەتی دایكایەتی لەخزمەتی قەضائیدا.

_لەرێكـەوتی ٢٠٠٦/٧/١٩ نوێنـەری لیژنەكـەمان سـەردانی یـەكێتی ژنـانی كوردسـتانی كـرد لەشـاری سـلیمانی بەمەبەسـتی هاوكـاریكردن وزیـاتر ئاشنابوونی هەردوولا بەیەكتریو بەستنی سیمینارێك لەسەر خۆسوتاندن.

لەرێكەوتی ٢٠٠٦/٧/٢٣ نوێنەری لیژنەكەمان پێشوازی كرد لەوەفـدێكی سـنوری ناوچـەی گـەرمیان كەیاداشـتنامەیەكیان پێـشكەش بەلیژنەكـەمان كـرد كـە

پێشتریش پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو بۆ مەبەستی ئاوردانەوەیەك لەو ناوچەیە.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٧/٣٠ نوێنەرانی لیژنەکەمان سەردانی بنەصلاوەیان کرد بەمەبەستی سازدانی کۆرێك لەسەر مەسەلەی (خۆسوتاندنی ژنان)،بەهاوکاری ریکخراوی پەری سازدرا.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٨/٩ لیژنەکەمان پێشوازی لەچەند ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کرد لەسەر کارو چالاکیەکانی لیژنە قسەو گفتوگۆ کرا.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٨/٣٠ لیژنەکەمان کۆبونەوەی خۆی کرد سەبارەت بەیاسای باری کەسێتیو سەردانی وەزیرەکان وبەدواداچوونی مەلەفی جەندەر وچاپکردنی وەسائیقەکان،گفتوگۆکرا.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٣ وەفدێکی رێکخراوی پەیوەندی ئیسلامی سەردانی لیژنەکەمانی کرد بەمەبەستی هاوکاریکردنو ئاشنابوونی هەردوولا بەیەکتری.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٩/١٢ سەرۆکی گروپی کەم ئەندامانی کوردستان سەردانی لیژنەکەمانی کردبەمەبەستی هاوکاریکردن ووەرگرتنی زانیاری لەسەر لیژنەکەمان.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٩/١٩ وەفدێکی رێکخراوی NDIسەردانی لیژنەکەمانی کرد سەبارەت بەزۆری رێژەی پەنابەران قسەکرا.

_لەرێکەوتی٢٠٠٦/٩/١٩ لیژنەکەمان کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا سەبارەت بەپرۆژەیاسای فرەژنی کە لەلایەن حکومەتەوە نێردرابوو گفتوگۆکرا.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٢٦ نوێنەری لیژنەکەمان لەگەڵ ژمارەیەك لەرێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی کۆبوەوە سەبارەت بەیاسای باری کەسێتی تاوتێکردنی ئەم پرۆژەیە گفتوگۆکرا.

_لەرێکـــەوتی۲۰۰٦/۹/۲۷ ليژنەکــەمان کۆبونـــەوەی خــۆی ســازدا ســەبارەت بـەپرۆژەی فـرە ژنـی کەببێتـە بەشـێك لەهـەموارکردنی یاسای بـاری کەسـێتی ژمارە ۱۸۸ ی ساڵی ۱۹۵۹.

_لەرێکەوتی ۲۰۰٦/۱۱/۲۳ کۆبونـەوەی لیژنەکـەمان لەسـەر نوسـراوی رێکخـراوی تواناسازی ئافرەتان سەبارەت بەئەنجامدانی سیمینارێك لەژێرناوی(بایاساکانمان ببنە پەرژینێك بۆپاراستنی خێزان)بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی (یونیفیم).

_لەرێکـــەوتی ۲۰۰٦/۱۱/۲۹ لیژنەکــەمان کۆبونـــەوەی خــۆی کــرد ســەبارەت بەهەموارکردنی یاسای باری کەسێتی.

_لەرێکەوتی٤/۱۲/۲۰۰٦ لیژنە سەبارەت بەیاسای باری کەسێتی کۆبونەوەی کـرد لەگەڵ تـاوتوێکردنی بیروبۆچوونی رێکخراوەکان سـەبارەت بەعقد الـزواج کـە بگونجێت لەگەڵ یاسای ژمارە(۱۵) ساڵی ۲۰۰۸ ی پەرلەمانی کوردستان.

ئەو نوسراوانەی کە لیژنەکەمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە:

| ژمارە | بەروار | لایەنی رۆیشتوو | بابەت |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٦/٥/٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | سەردانی وەفدی یوتو بوری (سوید) |
| ٢ | ٢٠٠٦/١٠/٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | پرۆژەی خشتەی کاری کۆبونەوە |
| ٣ | ٢٠٠٦/٥/٢٤ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | پرۆژەی خشتەی کاری کۆبونەوە |
| ٤ | ٢٠٠٦/٦/٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | داوای کۆبونەوە سەبارەت بەکێشەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی |
| ٥ | ٢٠٠٦/١١/١٥ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | داوای کۆبونەوە سەبارەت بەکێشەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی |
| ٦ | ٢٠٠٦/٩/١ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | کۆنووسی کۆبونەوەی لیژنە |
| ٧ | ٢٠٠٦/٩/٢٠ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | کۆنوسی کۆبونەوەی لیژنە |
| ٨ | ٢٠٠٦/٢/٢٠ | بۆلیژنەی دارشتنەوەی دەستوور | پێشنیاری کۆمسیۆنی تایبەت بەکاروباری ئافرەتان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | ٢٠٠٦/٣/١٥ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | پێشنیاری تۆڕی ڕێكخراوەكانی ژنان وئافرەتان سەبارەت بەبەشداریكردنی ئافرەت لەپۆستەكانی وەزارەت |
| ١٠ | ٢٠٠٦/٩/١٠ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | سەبارەت بەناوچەی شێخان |
| ١١ | ٢٠٠٦/٩/١٩ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | سەبارەت بەپرۆژەی دەستوور |
| ١٢ | ٢٠٠٦/١١/٢٨ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | سەبارەت بەرۆژی دایك،هەڵكردنی ئاڵای كوردستان |
| ١٣ | ٢٠٠٦/١١/٢٩ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | سەردانی ئەندامانی لیژنە بۆ سەنتەری نەوا وسەنتەری ئاسودە لەسلێمانی |
| ١٤ | ٢٠٠٦/١٢/٢١ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | سەردانی لیژنەكەمان بۆ ماڵی خەندەو بەساڵاچوان |
| ١٥ | ٢٠٠٦/٥/٣٠ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | ڕاپۆرت وكۆنوسی لیژنە سەبارەت بە كارو چالاكیەكانی لەو ماوەیەدا. |
| ١٦ | ٢٠٠٦/٦/٥ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | |
| ١٧ | ٢٠٠٦/٦/١٤ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | |
| ١٨ | ٢٠٠٦/٩/١ | سەرۆكايەتی پەرلەمان | |
| ١٩ | ٢٠٠٦/٩/٢٠ | سەرۆكايەتی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | پەرلەمان | |
| ٢٠ | ٢٠٠٦/٩/٢٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | |
| ٢١ | ٢٠٠٦/١١/٣٠ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | |
| ٢٢ | ٢٠٠٦/١٢/٥ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | |

## کاروچالاکیەکانی ساڵی ٢٠٠٧

_گرنگترین کاری لیژنە , ئامادەکردنی "پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ هەموارکراوە" کە زیاد لەساڵێك کاری تێدا کراو پشت بەپسپۆرو شارەزاو بۆچوونی رێکخراوە مەدەنیەکان بەسترا سیمینارێك (لە رێکەوتی ٢٠٠٧\٢\١٨) لەناو باڵەخانەی پەرلەمان ئەنجام دراوە بۆ کەسانی دادوەرانی دادگای باری کەسێتی , یاسا ناس ،مامۆستای ئاینی .پێشتریش لەگەڵ نوێنەری کۆمەڵگای مەدەنی چەندین کۆبونەوە هەر لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامدراوە.

- لەسەرەتای کردنەوەی دەوردی تشریعی ٢٠٠٧ لەمانگی ( ٣)دا پرۆژەی یاسای هەموار کردنی (یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ هەموار کراو) بەکۆتایی هێنرا پاش زیاتر لەساڵێك ئیشکردن تێدا لەمانگی ئادار بەبۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتانەوە کە دەکەوێتە ئادارەوە, بەرێورەسمیکی تایبەتی پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرا.

- مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی لێکۆڵەرەوەی داد (محقق عدل) ی ئافرەتان کە مۆڵەتی دایکایەتی بەخزمەتی دادوەری بۆیان حساب ناکرێت (بە پێی

ڕێنمایی)، ئەم كێشەیە لەرێكەوتی ٢٠٠٧\٧\٢ لەرێگای سەرۆكایەتی پەرلەمان خراوەتە بەردەمی حكومەت بەتایبەتی لەگەڵ جەنابی وەزیری داد قسەی لەسەر كراوەو بەهاوكاری خودی محقق عدلی ئافرەتانەوەو چەند پێشنیارێك بۆچارەسەركردنی ئەو كێشەیە بەشێوازێك كە ئاستی دادوەریش بپارێزێت و ماق خزمەتی "دادوەریی" ژنە محقق عدلیشەكانیش بپارێزێت،دارێژراوە نێراوەو خراوەتە بەردەست سەرۆكایەتی حكومەت.

_ لەكاتی گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لەسەر پێشنیاری لێژنە لەرێكەوتی ٢٠٠٧\٣\٢٧ برگەیەك زیاد كرا بەپێی ئەو برگەیە لێبوردنی گشتی ئەو كەسانە ناگرێتەوە كە بەتاوانی كوشتن بەناوی ناموس پارێزیەوە حكوم دراون.

_ لەكاتی گفتوگۆ لەپرۆژە یاسای وەزارەتەكان و پرۆژە یاساكانی دیكە هەوڵ دراوە كە برگەی ئەوتۆ بچێتە ناو ئەو یاسانەوە كە دادپەروەری نێوان ژن و پیاو لەكۆمەلگاوە نەهێشتنی نابەرامبەری لەنێوانیاندا بهێنێتە دی.

_ بەدواداچوون كراوە بۆ مەسەلەكانی كوشتنی ئافرەتان و ژنان و راپۆرت لەم بارەیەوە لەسەرەتای مانگی ٥ ی ٢٠٠٧ ئامادە كراوە حكومەتی لێ ئاگاداركرایەوەو پاشان پرسیار نێردرا بۆ وەزیرە پەیوەندی دارەكان بۆ ئەو مەبەستەو لەسەر داوای لێژنەكەمان پەرلەمان لەرێكەوتی ٢٠٠٧\٧\١٤ دانیشتنی تایبەتی كرد بۆ مەسەلەی بۆ بەدواداچوون بۆ كوشتنی ئافرەتان كە راپۆرتی لێژنەكەی تێدا خوێندراوەتەوە بەئامادە بوونی وەزیرە پەیوەندیدارەكان كە پێش وەخت راپۆرتی لێژنەو پرسیاری لێژنەیان بۆ چووەو لەناو پەرلەمان گفتوگۆیەكی گەرم لەسەر ئەم مەسەلەیە كراوە بۆ كەم كردنەوەو نەهێشتنی.

| ز | بەروار | بـــــابـــــەت |
|---|---|---|
| ٢ | ٢٠٠٨/٤/٨ | گفتوگۆ کـردن لەسـەر بودجـەی وەزارەتـی سەرچـاوە ئاویەکان |
| ٣ | ٢٠٠٨/٥/١٨ | سـەردانی بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی کـشتوکاڵی سـلێمانی (وەزارەتـی کـشتوکاڵ)بـۆ بەدواداچـوونی سـەبارەت بـە وشـکە سـاڵی و ئـەو کارانـەی کردویانـە و کێـشەکانیان لەبەردەم ئەم پرۆسەیە |
| ٤ | ٢٠٠٨/٥/٢٠ | سـەردانی وەزارەتـی کـشتوکاڵ کـرا بـۆ بـە دوا داچوونی بەرنامەی وشکە ساڵی و ئەم هەنگاوانەی ناویانە |
| ٥ | ٢٠٠٨/٥/٢٠ | سـەردانی وەزارەتـی سەرچاوە ئاویـەکان کـرا لەسـەر پێداویستیەکانی وشکە ساڵی ئەو کارانەی کردویانـە بـۆ بە گژا چوونەوەی |
| ٦ | ٢٠٠٨/١٠/٢٦ | سەردانی هەردوو لقی کشتوکاڵی شەمامك قوشتەپە کرا (وەزارەتی کشتوکاڵ) لـە دەشـتی هـەولێر سـەبارەت بە چۆنیەتی دابەشـکردنی گـەنم و جـۆ و پـەینی کیمیـاوی بەسەر جووتیارانی دەڤەرەکەدا |
| ٧ | ٢٠٠٩/١/١٥ | لێژنەکـەمان بەرنامەیـەکی داڕشـت و دەسـتمان کـرد بـە سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویـەکان لەگەڵ هەرسـێ بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی کـشتوکاڵی هـەولێر و سلێمانی و دهۆك، بۆ بەدواداچونی جێ بـەجێ کردنـی ئـەو یاسایانە لە پەرلـەمان دەرچـووە هـەروەها نەخـشە و پلانـە ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە شـێوەی جـێ بـەجێ کردنـی وە ئـەو تەگەرانەی هاتونەتە ڕێیان. |

٧) سکالاو داواکاری جووتیارانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٥/٧/٢٠ — ٢٠٠٨/١٢/٣١

| ز | بەروار | داواکاری | بابەت | بەدواداچوون |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | ٢٠٠٦/٦/٢٦ | جوتیار بایز طاهر محمود کەرتی(١٣٢) گردمەلا — دەشتی هەولێر | دروست کردنی کۆمەلگا لەسەر رووبەری (٢٨٨) دۆنم لە زەوی ژمارە١/٢٢ | داواکە کۆنە — بە نووسراوی ژمارە ١٤ رۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٩ ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە بۆ ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران |
| ٢ | ٢٠٠٦/٦/٢٧ | پزیشکانی ڤێتەرنەری | زیادکردنی دەرماڵە | لەگەڵ سەرۆکی سەندیکای ڤێتنەری باسکراو (د. لطیف) دواتریش لەگەڵ وەزارەت |
| ٣ | ٢٠٠٦/٩/ | جووتیارانی شەمامك و مرکیە (٤) لە دەشتی هەولێر | کەمی گازو پەینی کیمیاوی — هەرزانی بەرهەمەکانی | پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکال کرا ئەوانیش پلانیان هەیە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان |
| ٤ | ٢٠٠٦/٩/١٢ | جووتیار نجم الدین مصطفی رشید کەرتی | قەرەبوو کردنەوە | بەدواداچوونی بۆ کراوە لەگەڵ شارەوانی و لقی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | (٢) گوڵان - سۆران | | کشتوکاڵ لە سۆران لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/١٢ |
| ٥ | ٢٠٠٦/١١/٣٠ | کێشەی نێوان (نوری اسعد هەرکی و جووتیارانی کەرتی (٥٩) چالوکی گەورە | گێرانەوەی زەوی بۆ جووتیارەکان کە دراوەتە نوری اسعد هەرکی لە سەردەمی ڕژێمی بەعس | کێشەی کۆنی سەردەمی بەعسە و لایەنە پەیوەندی دارەکان ئاگادارن لێی و پشتگیری جووتیاران کراوە لە لایەن دەزگاکانی پارێزگار – بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی و زار – یەکێتی جووتیاران تا ئێستا ئەم کێشەیە ماوەو خاوەن زەویەکان قەرەبوو نەکراونەتەوە و زەویەکەش لەژێر دەستی جووتیارەکاندایە بە بڕیاری بەرەی کوردستانی |
| ١ | ٢٠٠٧/٣/٧<br>٢٠٠٧/٤/١٧ | یەکێتی جوتیارانی کوردستان | پێشنیار بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و گەیاندنی | پێشنیارەکانیان لە هەمان دانیشتن تاوتوێکراو دواتر لەگەڵ وەزارەتی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | هۆيەكانى خزمەتگوزارى و تا پۆ كردنى زەوى و دانى ئاميێرى كشتوكاڵى بۆ جووتياران — گلەيى لە ياساى ژمارە (٥) ساڵى ٢٠٠٧ | كـشتوكاڵ باسـى لێـوە كراو لەبەر چاو گيرا |
| ٢ | ٢٠٠٧/٤/١٣ | سكالاى جووتيار حاجى محمدامين گەردى كەرتى (٧) شمعوناوە | گەرانەوەى گرێ بەستى كشتوكاڵى و بەناو كردنەوەى دووبارە | چارەسـەر كـراوە بـەهۆى وەزارەتـى كـشتوكاڵ لقـى عينكاوە بەشـى زەوى و زار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٢٠٠٧/٤/٢٣ | خاوەنی زەوی ژمارە (١) لە کەرتی (٢٦) باریکە (بازیان) | قەرەبوو کردنەوەی خاوەن مولکە کە عەمباری سوتەمەنی لەسەر دروست کراوە و تایبەتە بە پرۆژە تایبەتیەکان | بە دواداچوونی زەوی بۆ کراوە دوا جاریش لە ٢٠٠٧/١٠/٢٢نوسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە بە ژمارە (٤٢) بە مەبەستی بەگوێ گەیشتنی کێشەکەیە |
| ٤ | ٢٠٠٧/٥/٢٤ | جووتیاران (٣٠) گوندی دەوروبەری سنوری شارەوانی هەولێر | نارەزایی لەسەر یاسای کوژانەوە و جیا کەرەوەی زەوی لە سنوری شارەوانیەکان ژمارە (٥) سالی ٢٠٠٧ | نارەزاییەکەیان یاسای رێکخستنی مافی دەسکاری زەوی و زاری کشتوکاڵ ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ چارەسەری دەکات |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | ٢٠٠٧/١١/١٤ | کێشەی (٢٣) جووتیاری گوندی قەرەوەیس سەر بە پارێزگای کەرکوک | داگیر کردنی زەوی کشتوکاڵی لە لایەن جوتیارانی گوندی موەفەری هاو سنوریان کە سەر بە پارێزگای سلێمانیە | دوای سەردانی لیژنەی کشتوکاڵ بە دواداچوونی وەرگرتنی ڕای لیژنەی . یاسایی بە نووسراوی ژمارە ٢٠٠٨/٦ ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٤ ئەم مەسەلە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نیە و ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کرا بە نووسراوی ژمارە ١٥٠٦/٣/٤ ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ |
| ٧ | ٢٠٠٧/١١/١٥ | سکالای (٣٣٩) جووتیارانی عینکاوە و دەوروبەری ((بۆ قەرەبوو کردنەوە)) | دروست کردنی فرۆکەخانەی هەولێری نێو دەولەتی لەسەر رووبەری ١٥٠٠٠ دۆنم زەوی کشتوکالی | تا ئێستا کێشەکەیان لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە بە کێشەکەیان دابچێتەوە بە پێ ی ١ – پێشنیارەکانی هەرسێ دادوەر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | (گیلان سید أحمد – ئامانج رحیم احمد) لە رۆژی ٢٠٠٧/٥/١٦ ٢ – تێبینی یەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لەبەر چاو بگیرێ کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە بە نووسراوی ژمارە (١١٤٨٧) رۆژی ٢٠٠٧/١١/١٥ |
| ٨ | ٢٠٠٧/١٢/٢ | داوای جووتیار صاح محمد جمیل میران لە کەرتی (٣٥) ی سەرو چاوە | قەرەبوو کردنەوەی ئەم زەویانەی کە دابەش کراون سەپاندنی مافی دەسکاریکردنی (حق التصرف) بۆیان | دوای بەدوا داچوونمان دەرکەوت ئەمە کێشەیەکی کۆنە و سەرەتاکانی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بۆیە لیژنە داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە بە نوسراوی ژمارە ١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | رۆژى ٢٠٠٨/٤/٨ بگەرێندرێتەوە بۆ حكومەت بەرێگاى تر چارەسەر بكرێ |
| | | | | |
| ١ | ٢٠٠٨/٢/١٧ | داواكارى جووتيار (جلال عبدالرحمن) خاوەنى پارچە زەوى ٢٢٤م ٦ كلير - دوكان | قەرەبوو كردنەوە | دواى بەدوا داچوونمان و سەردانى شوێنە پەيوەندى دارەكان كێشەى چارەسەر كراو قەرەبوو كراوەتەوە |
| ٢ | ٢٠٠٨/٣/١٧ | نارەزايى جوتيارانى (١٣) گوندى بەرانەتى | كوژانەوەى زەوى بە مەبەستى دروست كردنى پرۆژە لەسەر زەوييەكانيان | لێژنەكەمان رۆژى ٢٠٠٨/٤/٧ كۆبوۆوە لەگەڵ (٤١) جووتيارى دەفەرەكە و دواتر ئاگادارى سەرۆكايەتى كراوە پەيوەندى بە دەزگا پەيوەندى دەرەكان كراوەو ئێستا پرۆژەكە راگيراوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٢٠٠٨/٤/٢١ | سکالای جوتیارانی گوندی تیکالۆ/ دیبەگە/ مخمور | دروست کردنی کارگەی چیمەنتۆ لەسەر زەویەکانیان | ئاگاداری سەرۆکایەتی کراو بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی و پەیوەندی بە هەردوو وەزارەتی پیشەسازی و کشتوکاڵ کرا کێشەکە چارەسەر کرا |
| ٤ | ٢٠٠٨/١١/٥ | داواکاری خەلکی مخمور و جوتیارانی دەوروبەر | لە گرفتی وشکە ساڵی – تەملیك کردنی زەوی | دەڤەرەکە لەرووی ئیداریەوە سەر بە پارێزگای (موصلە) و ماددەی (١٤٠) دەیگرێتەوە بۆ پێویستە ئاگاداری پارێزگای موصل بکرێتەوە. |
| ٥ | ٢٠٠٨/١١/١٤ | کێشەی جووتیارانی نێوان گوندی سپیدارە لەگەڵ گوندی چەمك / شارباژێر | (٨) گرێبەستی کشتوکاڵی | ئەم کێشەیە بە نوسراوی ژمار ٢٧ لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤ ئاگاداری سەرۆکایەتی کراو بە دواداچوونیشی بەردەوامە |
| ٦ | ٢٠٠٨/١٢/٢٤ | سکالای جووتیاری | دروست کردنی وێستگەیەکی | بەدوا داچوونی بۆ کراوە و بەشێك لە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | گوندی (سۆربەش كاك الله) كەرتی ١٢٥ / شەمامك | كارەبا لەسەر زەویەكانیان | زەویەكان وێستگەی لەسەر دروست دەكرێ و ئەوانەی تریش قەربوو دەكرێتەوە بە پێ ی یاسای ژمارە ٢٠٠٧/٥. |
| ٧ | ٢٠٠٨/١٢/٢٨ | سكالای (١٢) جووتیاری گوندی سابلاغ / دارەتوو | دانی زەویەكانیان بە كۆمپانیای پیشەسازی | بەدواداچوونی بۆ كراوە و دەواجنەكە راگیراوە و ئەبێت بچێتە سەر زەوی بەردەلانی(سەخەری) خاوەن كۆمپانیاكە لەگەڵ خاوەن زەویەكان رێكەوتوون و واژوویان كردوە لە وەزارەتی زراعە |

شیخ الله ابراهیم
ئەندام

طلعت خضر
ج. سەرۆكی لیژنە

عبدالرحمن أحمد
سەرۆكی لیژنە

شیخ اخرشیخ جمال
ئەندام

بەلێن عبدالله
ئەندام

شوكری نێروەیی
ئەندام

جوتیار مجید شریف
ئەندام

بۆ پەیوەندیکردن بەم لیژنەیە ئەم مەیلە کلیک بکە:
mailto:lagriculture@perleman.org

# لیژنەی کاروباری ناوخۆ

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لێژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.

بەپێی برگەی سێ لەماددەی(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی کاروباری ناوخۆ: ئیشی چاوگێرانە بەکاروباری وەزارەتی ناوخۆدا لەو کارانەی پەیوەندیدارن بەبەڕێوەبردنی گشتیی خۆجێیەتی و ئاسایش و پۆلیس و بەرگری مەدەنی.



لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنەی کاروباری ناوخۆ بە پشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بە پێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لیژنەی کاروباری ناوخۆ هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بە مجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| ئیسماعیل مەحمود عەبدوللا | سەرۆکی لیژنە |
| --- | --- |
| ئاخر جەمال ئەنوەر | جێگر |
| سەردار سەباح بۆزۆ هەرکی | بڕیاردەر |
| جەمال محەمەد قاسم | ئەندام |
| ئیسماعیل تاهیر مەحمود | ئەندام |
| شەهاب عەبدوللا سدیق | ئەندام |
| عەبدولرەحمان ئەحمەد ڕەزا | ئەندام |
| هیوا سابیر ئەحمەد | ئەندام |

# راپۆرتی چوار ساڵ

سەبارەت بەو نوسراوەی كە ئاراستەمان كرابوو لە رۆژی ٢٠٠٩/٣/٢٩بە ژمارەی(ك٥٥) ئێمە لەم راپۆرتەدا چالاكیەكانی لیژنەكەمان دەخینە بەر دەستی بەرێزتان:

**یەكەم / راپۆرتی پرۆژە یاساكان:-**

١. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لە رێكەوتی ٢٠٠٧/٣/٢٧.
٢. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای نەهێشتنی جگەرەكێشان لەرێكەوتی ٢٠٠٧/٦/١٩.
٣. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای رێك خستنی خۆپێشاندان و رێ پێوان.
٤. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای خراپ بەكارهێنانی مۆبایل لە رێكەوتی.
٥. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای داواكاری گشتی ژمارە ١٥٩لە ساڵی ١٩٧٩ لەرێكەوتی ٢٠٠٧/٦/٢١.
٦. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان- عیراق لە ریكەوتی ٢٠٠٧/٧/٢٣.
٧. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای پاسەوانانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق لە رێكەوتی ٢٠٠٧/١٠/١٧.
٨. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای هاتوچۆی فیدراڵ لە رێكەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٨.

٩. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای بُوجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٧ بەگشتی وبوجەی وەزارەتی ناوخۆ ووەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بە تایبەتی.

١٠. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای بوجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بەگشتی وبوجەی وەزارەتی ناوخۆ ووەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بە تایبەتی لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٤/٢٩.

١١. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای تابەت مەند بە (حرس الشرف) لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٩.

١٢. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٦/١٧.

١٣. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای پاسەوانانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی –عێراق لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٢٩.

١٤. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٢٩.

١٥. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای بڕیاری بەردەوام بوونی ئەنجومەنەکانی پارێزگایەکانی هەرێم لە رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢١.

١٦. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای هەڵ بژاردنی پەرلەمانی کوردستانی-عێراق لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٣/١٠.

١٧. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای پارێزگایەکانی هەرێمی کوردیستانی-عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی یاسا لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٢٩.

١٨. راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای وەزارەتی ناوخۆ لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٤/١٤.

❖ هەروەها لیژنەکەمان لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان تەکلیف کرا بۆ بەدواداچون لەسەر ئەم رووداوانە وئامادەکردنی راپۆرت لە ئەنجامەکانیان:-

١. راپۆرت سەبارەت بە تۆپ باران کردنی شوێنەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق لەلایەن ئیران وتورکیا لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٦.

٢. راپۆرت سەبارەت بە لەشکر کێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٥.

**دووەم/سەبارەت بە بەژداری ئەندامانی لیژنە لە کۆنفراس :-**

❖ شاندێکی لیژنەکەمان بە سەرۆکایەتی ئەندامی لیژنە بەرێز (جعفر مصطفی) بەشداری کرد لە دادگایکردنی تاوانبارانی کیمیا بارانی شارۆچگەی هەلەبجەی شەهید لە بەغداد لە ریکەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢١.

❖ بەرێز (سەردار صباح بۆزۆ هەرکی) لە کۆنفرانسی UNAMI (کۆبونەوە لەسەر رێکخراوە ناحکومیەکانی عراق بەسەر پەرشتی UNAMI )لە ریکەوتی ١-٢٠٠٨/٣/٣.

**سێ یەم/سەبارەت بە سەردانی ئەندامانی لیژنە بۆ دەرەوەی ولات :-**

بەرێز(سەردار صباح بۆزۆ هەرکی)سەردانی شاری (سیراکوزا) لە ولاتی ایطالیا بۆ بەژداری کردن لە(کۆری زانستی لەسەر ئاسایشی ناوخۆی عیراق).

**چوارەم/چالاکیەکانی لیژنەکەمان لە بواری چاودێریکردنی کاری وەزارەتاکان و حکومەت بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-**

١. سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی رەگەز نامە وباری شارستانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە رۆژی ٢٠٠٧/١١/١١ لە سلێمانی.
٢. پێشوازی کردن لە بەر پرسانی بەرێوە بەرایەتی هاتوچۆی هەولێر لە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٣.
٣. سەردانی وەزارەتی ناوخۆ ودانیشتن لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ووەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق لە رۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٤ لە هەولێر.
٤. سەردانی پۆلیسی گشتی سلێمانی لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٨.
٥. سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی سلێمانی.
٦. سەردانی بەندینخانەکانی هەولێر وسلێمانی.
٧. بانگێشت کردنی ئەندامانی پارێزگای (هەولێر وسلێمانی) ودانیشتن لەکەڵیان لە پەرلەمان لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٨.
٨. سەردانی وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر،دانیشتن لەگەڵ بەرێز وەزیری ناوخۆ(عثمان حاجی محمود) وبەرێز وەزیری هەرێم بۆ کارو باری ناوخۆ(کریم سنجاری) لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٤.

**پێنجەم/سەبارەت بە یاسای ئامادەکراو لەلایەن لیژنەکەمان:-**

❖ لیژنەکەمان پرۆژەیەکی ئامادە کردوە بە ناوی (یاسای پارێزگایەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق).

**شەشەم/سەبارەت بە بانگێشتی وەزیرە بەرێزەکان:-**

لیژنەکەمان بانگێشتی وەزیرە بەرێزەکانی نەکردوە بۆ پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

لەگەڵ ڕێزماندا.....

**اسماعیل محمود عبدالله**

**سەرۆک**

# راپۆرتی لیژنە لە بارەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ

دوای ناردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ بۆ لیژنەکەمان لە دانیشتنی پرلمان لە رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦دا.لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکی ساز دا بۆ لێکۆلینەوە لە پرۆژەکە و چەند کۆبوونەوە یەکیشی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوەخۆ بەست و گرنگترین ئەو کۆبوونەوانە لە رۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٤دا بوو بە ئامادەبوونی بەرێز وەزیری ناوخۆ و بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ و گەورە بەر پرسانی هەردوو وەزارەتەکە و ئەمەش وای چەند کۆبوونەوەیەکی هەردوو وەزارەتەکەی لێبکەوێتەوە بە ئاگاداری ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە و دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە و لە ئەنجامدا ئێمە راو پێشنیارەکانی خۆمان لە رێگەی ئەم راپۆرتەوە پێشکەش دەکەین، ئەمەڕای لیژنە و هەردوو وەزارەتەکانی بەیەکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەبڕێ:

١. **ماددەی یەکەم:**

پێشنیاردەکەین دەستەواژەی (هاتووچۆ و رەگەزنامە) لە بڕگەی شەش بگۆردرێت بۆ (رەگەزنامەو پاسەپۆرت ومانەوە).

٢. **ماددەی دووەم:**

پێشنیاز دەکەین وشەی هەرێم لە کۆتایی بڕگەی پێنجەم لاببرێت، وەلابردنی دەستەواژەی (دروست کردنی کەش وهەوایەکی تەنایی)لە بڕگەی شەش وەلە ئەنجام بەم شێوە دەبێت:-

بلاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیری و ئاسایشی لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەگەڵ توێژە هەمەجۆرەکانی کۆمەلگای مەدەنی و تاکەکان، بۆ

ئاراستەکردنیان بەهاوکاریو هەماهەنگی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی هاوبەش.

٣. ماددەی سێیەم:

پێشنیاز دەکەین برگەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار بکرێ:

دووەم: بریکارەکانی وەزارەت:

١. بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری ئاسایشی ناوخۆ.

٢. بریکاری وەزارەت بۆ بەریوەبەرایەتی گشتی.

هەریەك لەم دووانە سەرپەرشتی راستەوخۆی ئەو فەرمانگانە دەکەن کە پێیانەوە لکاوە و ئەو ئەرك و دەستەلآتانە دەگرنە ئەستۆ کە وەزیر پێیان دەدا بەمەرجێك خاوەن شارەزایی وتوانست بن و بروانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێ.

٤. ماددەی چوارەم:

پێشنیازدەکەین ژمارەی راوێژکاران بە چوار دەستنیشان بکرێ وە لە و بارەیەشدا ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە دا برێژرێتەوە:

راوێژکاری وەزیر بە پلەی تایبەتی دەبێ و لە خاوەن بروانامەی بەرایی زانکۆ دەبێ لە بواری پسپۆری خۆیدا و دەبێ خزمەتێکی کردنی هەبێت لە(١٥)پازدە ساڵ کەمترنەبێ و خاوەن شارەزایی و توانست بێت و راوێژی خۆی دەردەبرێ بەرانبەر بەو بابەتانەی لە وەزیرەوە بۆی دێت و بە پێشنیازی وەزیر دامەزرێ،بە مەرجێك ژمارەیان لە چوار راوێژکار تێنەپەرێت.

٥. ماددەی پێنجەم:

پێشنیازدەکەین ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە دابرێژریچتەوە:

پارێزگار: ئەو فەرمان بەرە جێبەجێ کارە بالآیەیە لە پارێزگا و پێویستە یاساکان و پەیرەوەکان وەرێنمای و فەرمانی کە بۆی دین بە هەم ئاهەنگی لە

گەڵ وەزارەتە پەیوەندارەکان جێبەجێ بکات وەپێکهاتەکانی یەکە کارگێریەکان لە هەرێمدا و دەسەڵاتەکانیان بە یاسا رێکدەخرێن.

**٦. ماددەی شەشەم:**

پێشنیازدەکەین رێزبەندی ئەندامانی ئەنجومەن بەپێی گرنگی و زنجیرەی فەرمان کە لە برگەی یەکەمدا هاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

أ. وەزیر: سەرۆك.

ب. برپیکارەکانی وەزارەت: ئەندام.

ج. پارێزگارەکان: ئەندام.

د. راوێژکارەکان: ئەندام.

هـ. بەرێوەبەرە گشتیەکان: ئەندام.

**هەروەها پێشنیاز دەکەین برگەی چوارەم بەم شێوەی دابرِ ێژرێتەوە:**

**(٤- ئەنجومەن کۆبوونەوەی دەوری خۆی هەر سێ مانگ جارێك دەبەستێ یا خود بە بانگهێشتی وەزیر و بە سەرۆکایەتی خۆی و لە حاڵەتی نەهاتنی،برپیکاری وەزارەت کە وەزیر رایدە سپێرێ سەرۆکایەتی دەکات.)**

**هەروەها پێشنیاز دەکەین برگەی پێنجەم هەڵوەشێتەوە چونکە ئەنجامی کارەکەیە.**

**٧. لەبارەی ماددەی حەوتەمەوە:**

ئێمە پێشنیاز دەکەین بەرێوە بەرایەتیە گشتیەکان ناو بنرێنەوە و بەم جۆرەی خوارەوە پێناسە بکرێنەوە لەگەڵ هەموار کردنی هەندێك و پۆلین کردنی هەندێ بەرێوەبەرایەتی سەر بە بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان لەگەڵ جەخت کردنمان کە وەزیر مافی لێکدانی یا هەلوەشاندنەوە یاخود یەکگرتنەوە یان لەنوێ دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتیەکان و بەشەکان هەبێ و هەموو یاساکان لەم وردەکاریانە نەدواون،بەلام ئێمە لە لێژنەکەمان وا پێشنیاز

دەکەین لەم یاسایەدا ئەو وردەکارییانە و هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان باس بکرێت،ئەمەش لەسەر ئارەزووی هەردوو وەزارەتەکە بوو، بۆ دوور کەوتنەوە لە کێشەکان و ئەمانەش هەموویان لە پێناوی گرنگی بابەتی زیندووە کە ئەم وەزارەتە دەستی دەداتێ و بە مەش دارشتنەوەی ماددەی حەوتەم بە شێوەی خوارەوە دەبێ:

**ماددەی حەوتەم:**

پێکهاتەکانی وەزارەت لەم دابەشکردنانەی خوارەوە پێک دێت:

**یەکەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان**

فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێت و خاوەنی شارەزایی و توانست بێت و ئەمانەی پێیەوە دەلکێ:-

١. بەرێوەبەرایەتی کارگێری.
٢. بەرێوەبەرایەتی خۆیەتی.
٣. بەرێوەبەرایەتی ژمێریاریی.
٤. بەرێوەبەرایەتی وردبینیو چاودێری.
٥. بەرێوەبەرایەتی پیلان دانان و بەدواداچوون.
٦. بەرێوەبەرایەتی میرە و ئامێرەکان.
٧. بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان.
٨. بەرێوەبەرایەتی تەکنۆلۆجیای زانیاری (بانکی زانیاریی).

**دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆی:**

فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێت یان ئەفسەرێك بێت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە پایەکەی لە عەقید کەمتر نەبێ و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و توانست بێ و ئەمانەی پێوە دەلکێ:-

١. بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەو ڕێکخراو و حزبەکان.
٢. بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژی لە دژی ئافرەتان.
٣. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نهێنیو پەیوەندیی تایبەتی.
٤. بەڕێوەبەرایەتی ئاراستە کردن و ڕێنیشاندانی مەعنەوی.
٥. بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تاوانە ڕێکخراوەکان.
٦. بەڕێوەبەرایەتی مەشق و شیاندن و لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.
٧. فەرمانگەی هەماهەنگی و پەیوەندییە هەرێمیەکان.

**سێیەم/ بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی :**

فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ وخاوەن شارەزایی و توانست بێت و ئەمانەی پێوە دەلکێ:-

١. بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیو خۆیەتی.
٢. بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.
٣. بەڕێوەبەرایەتی وردکاری و چاودێری.
٤. بەڕێوەبەرایەتی موڵك و ماڵ.
٥. بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاریی پرۆژە و دیزاینەکان.
٦. بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون.
٧. بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێم.

**چوارەم/ دەستەی پشکنینی کارگێڕیی**

فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕ بێت و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و ژمارەیەك لە پشکێنەران یارمەتی دەدەن و ئەو دەستەیە تایبەتمەندە بەپشکنینی یەکەکانی بەڕێوەبردن و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکان و ئەو بەشانەی کە سەر بە وەزارەتن جگە لەفەرمانگەکانی هێزەکانی ئاسایشی گشتی.

**پێنجەم/ مەلبەندی پەرپێدانی کارگێڕیی**

فەرمانبەرێك بەپلەی بەرێوەبەر سەرۆکایتی دەکات کە بروانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت، کادیری کارگێریی و سەرۆکانی یەکەکانی کارگێریی ئامادە دەکات و ئاستی جێبەجێ کردنی کارەکانیان و توانای زانستیو کارگێڕیی و ریکخستنی و هونەرییان بەرزدەکاتەوە و کاروباری مەلبەندەکە رێك دەخات.

**شەشەم/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

لە ناوبارەگای وەزارەت دەبێ ئەرکەکەی هەماهەنگیی کردنە لە نێوان بەرێوەبرایەتیە گشتییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگەکانی سەر بە بریکاری وەزارەتە بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەفسەرێکی پۆلیس بەرێوەی دەبات کە پلەکەی رائید کەمتر نەبێ وخاوەن شارەزایی و توانست لەبواری کاری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

## حەوتەم/ فەرمانگەی یاسایی

فەرمانبەرێك بەپلەی یاریدەدەریی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی توانست بێ کە (١٠)دە ساڵ کەمتر نەبێ لەبواریی پسپۆرییەکەی و بەوەزیرەوە دەبەسترێتەوە.

## هەشتەم/بەڕێوەبرایەتی گشتی پۆلیس

١. بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن شارەزایی و پسپوری لەکارەکەی بەڕێوەی دەبات بەمەرجێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت و لەئەفسەرەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت و پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ و دوو یاریدەدەر یارمەتی دەدەن کە پایەکەیان لە ڕائد کەمتر نەبێ و پاراستنی نزامی گشتی و پیادەکردنی پرنسیپی سەروەریی یاساو هەرچی پەیوەندیی بە کاروباری پۆلیسەوە هەیە دەگرێتە ئەستۆ و لە مانەی خوارەوە پێکدێ:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی تاوانی وجوولانەوەکان.
ب- بەڕێوەبەرایەتی کارگێریی.
ج- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.
د- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی.
هـ- بەڕێوەبەرایەتی وردکاریی وچاودێریی.
و- بەڕێوەبەرایەتی ئامار کردن.
ز- بەڕێوەبەرایەتی پیلان دانان و بەدواداچوون.
ح- بەڕێوەبەرایەتی مەشق و شیاندن.
گ- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونیی توندو تیژی لە دژی ئافرەت.

٢. هەروەها ئەم بەرێوە بەرایەتیانەشی پێوە دەلکێ :

أ- بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پارێزگاکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەرگریی شارستانی لەپارێزگاكاندا.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی كارەبای.

د- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دارستانەكان و ژینگەی هەرێم.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەكان .

و- بەڕێوەبەرایەتی تۆژینەوەی بەلگەكانی تاوان لە هەرێم.

ز- بەڕێوەبەرایەتی موخابەرەی پۆلیس.

ح- بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەرگریی شارستانی لە فرۆكە خانەكان.

گ- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چالاكی شارستانی لە هەرێم.

## نۆیەم/ بەڕێوەبەرایەتی گەشتی ڕەگەزنامەو پاسپۆرت ونیشتەجێ بوون

١. ئەفسەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەفسەرەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆریی بێ لە بواری كارەكەی و دوو یارمەتیدەر یارمەتی دەدەن كەپایەكەیان لە رائید كەمتر نەبێ و هەموو كاروبارەكانی پەیوەست بە رەگەزنامە و باری شارستانی و نیشتە جێ بوون و پاسپۆرت لە چوارچێوەی یاسای كارپێكراو دەكرێتە ئەستۆ و لە مانەی خوارەوە پێكدێ:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری رەگەزنامە.

ب- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پاسپۆرت.

ج- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری نیشتەجێ بوون.

د- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری باری شارستانی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.

و- بەڕێوەبەرایەتی كارگێری و خۆیەتی.

ز- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

ح- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودیری.

گ- بەڕێوەبەرایەتی ئامارکردن.

٢. هەروەها ئەمانەشی پێوەدەلکێ:-

أ- بەڕێوەبەرایەتیەکانی رەگەزنامە و باری شارستانی لە پارێزگاکان.

ب- بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسپۆرت لە پارێزگاکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتیەکانی نیشتەجێ بوون لە پارێزگاکان.

## دەیەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ

ئەفسەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات لە ئەفسەرەنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆری بێت لە بواری کارەکەی، پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێت دوو یاریدەدەر یارمەتی دەدەن کە پایەکەیان لە ڕائد کەمتر نەبێت و پیادەکردنی یاسا و پەیرەوەکان و ڕێنمایەکانی هاتوچۆ و دەگرێتە ئەستۆ و جولانەوەی رۆیشتن و ئەندازیاری هاتوچۆ ڕێك دەخات و لە مانە پێکدێت:-

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەری.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری هاتوچۆ.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی.

د- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

و- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری.

ز- بەڕێوەبەرایەتی پیلان و بەدواداچوون و ئامار.

ح- بەڕێوەبەرایەتی میرە و موخابەرە.

هەروەها بەڕێوە بەرایەتیەکانی هاتوچۆی پارێزگاکانی پێوە دەلکێ.

**یازدەم/ دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

ئەفسەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە پایەکەی لە عەمید کەمترنەبێ وخاوەن شارەزا و پسپۆڕ بێت لە بواری کارەکەیدا و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ. ژمارەیەك لە پشکێنەران لە گەورە ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یاریدەی دەدەن و پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەپشکنن و ئەرکەکانی بەرێنمایی دەست نیشان دەکرێت کە وەزیردەری دەچوێنی.

**دوازدەهەم/ دادگایی کردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

دادگایەك یا زیاتر بەفەرمانی وەزیر پێکدێ لە سێ ئەفسەری خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ لە یاسا و یەکێکیان دەبێتە سەرۆکی دادگاکە کە پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ بەپلەی بەرێوەبەری گشتی دەبێ شارەزاییەکی یاسایی هەبێ کە لە (١٠) دە ساڵ کەمترنەبێ.لەگەڵ دوو ئەندامی هەمیشەیی کە پایەکەیان لە عەقید کەمترنەبێ، لەگەل ئەندامیکی یەدەگ کە ئەفسەرێکی خاوەن بروانامەی بەرایی زانکۆ بێ لە یاسا ،بە هەمان پایە و ئەفسەرێکیش پایەکەی لە رائید کەمتر نەبێ و خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا،کاری داواکاری گشتی دەبینێ و دادگاکە تایبەتمەند دەبێ بەسەیرکردنی ئەو تاوانانەی دەدرێنە پاڵ ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پێی یاسای سزاکان و یاسای ئسولی دادگا سزاییەکانی هێزەکانی ئاسایشی گشتی کارپێکراو و یاسا سزاییە دیکە کارپێکرا و بریارەکانی دەکەونە بەر چاودێری و وردبینی دادگای پیاچوونەوەی (تەمیز)ی هەرێمی کوردستانی عیراق .

**سێزدەم/ نووسینگەی کۆچ و کۆچپێکراوان**

ڕاستەوخۆ بە نووسینگەی وەزیر دەبەستریتەوە و فەرمانەکانی کۆچکردن و کۆچپێکراوان لە پارێزگاکانی هەرێمی پێوە دەلکێ.

**چواردەم/ کۆلیجی پۆلیس**

ڕاگری کۆلیج بەڕێوەی دەبات کە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتییە و بە وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە ،بە مەرجێك ئەفسەرێکی پۆلیس بێ لە دەرچوانی کۆلێجی پولیس بێت و خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی بێت لە بوارەکەیدا و پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبێ و کار و بارەکەی بە پێ پەیرەوی تایبەتی رێك دەخرت .

**٨. ماددەی هەشتەم:**

پێشنیاز دەکەین برگەی سێیەم لا بدرێت چونکە ئەنجامی کارەکەیە.

**٩. ماددەی نۆیەم:**

هیچ تێبینیەك لەسەر ماددەکانی (**نۆیەم- دەیەم و یانزدەم**) نیە.

**١٢. ماددەی دوازدەم:**

پێشنیازدەکەین بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**١٣. ماددەی سێزدەم:**

هیچ تێبینیەك لەسەر ماددەی سێزدەم نییە.

ئەمە راو تیبینیەکانی **لژنەکەمانە** داواکارین بخرێتە بەردەم **برلمان بو وەگرتنی** بریاری گونجاو

لەگەل ریزمان...

| | | |
|---|---|---|
| سەردار صباح بۆزۆ هەرکی | اخر جمال انور | اسماعیل محمود عبدالله |
| بڕیاردەر | جێگری سەرۆک | سەرۆک |
| هیوا صابر احمد | جمال محمد قاسم | شهاب عبدالله |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |
| عبدالرحمن احمد | جعفر مصطفی | اسماعیل طاهر محمود |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# رای لیژنە لەسەر پرۆژە یاسای
# هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان

لیژنـەی کاروبـاری نـاوخۆ رۆژی دووشـەممە رێکـەوتی (٢٠٠٩/٤/٢٧) کۆبووەوە بۆ گفتوگۆکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنـەکانی پارێزگایـەکانو قەزاو ناحیەکان کە خوێندنـەوەی یەکەمیبۆ کرا لـە کۆبوونـەوەی ژمارە (٥) رۆژی (٢٠٠٩/٤/١٤)، وپـاش گفتوگـۆکردنو تـاوتوێکردن لیژنـەکـەمان پێـشنیارو بۆچوونەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:

١. لێژنەکەمان پشگیری لە پرۆژە یاساکە دەکات.
٢. لێژنەکەمان زۆر تێ بینی لەسەر کۆپیی کوردیەکە هەیە.
٣. ژمارە یەك لە ئەندامانی لیژنەکەمان تێبینیان هەیە لەسەر برگە ـ٨ لە ماددەی (٢٧).

لەگەڵ رێزماندا...

**کۆبونەوەکە بە ئامادەبونی بەرێزان:-**

| | | |
|---|---|---|
| سەردار صباح بۆزۆ هەرکی | اخر جمال انور | اسماعيل محمود عبدالله |
| بریاردەر | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
| عبدالرحمن احمد | هيوا صابر احمد | جعفر مصطفى |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرتی لیژنە

پاش ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە(١)رۆژی سێ شەممە ریکەوتی(٢٠٠٩/٣/١٠) پرۆژە یاسای هەمواری پێنجەمی یاسای ژمارە(١)ئەنجومەنی نیشتمانی کورستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشکراوەو رەوانەی لیژنەمانی کرد،لیژنەکەمان لە هەمان رۆژ کۆبونەوەی ئەنجامدا و لە ئەنجامی گفتوگۆ کردن و ئالوگۆرکردنی بیروڕادا لێژنەکەمان راو پێشنیارەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:-

**یەکەم:** لیژنەکەمان بەزۆرینە لەگەڵ ناوەروکی پرۆژکەدا نیە.

**دووەم:** سەبارەت بە مادەی یەکەم کە تایبەتمەندە بە هەموار کردنی مادەی (٢٢) یاسای ژمارە(١):

١. هەموار کردنی بڕگەی یەیەکەمی ماددەی(٢٢)یاسای ژمارە(١)لیژنەکەمان لەگەڵ گۆرینی دەستەواژەی(حزب یان فئە) بە (حزب یان کۆمەلێك)وەکو لە پرۆژەکە هاتووە دانین هەردوو دەستەواژەکە ناکۆکە لەگەڵ یاساو سیستەمەکانی کۆموسیونی بالاّ وئەم دستەواژانە روون نین وتەم ومژی پێوەیان دیارە هەروەها لەگەڵ نارەزایەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و داوکاریەکانی کومسیونی بالاّ ناگونجێت،بەلکو دەبێت ئەم دەستەواژە بگۆردرێت بە(قەوارەی سیاسی).

٢. سەبارەت بە برگەی(٢)ماددەی(٢٢)کەتێداپێشنیار کراوە سیستەمی هەلبژاردن بگوردرێت بۆ سیستەمی لستی کراوە لیژنەکەمان بە زورینە لەگەلێدانین لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:-

أ. بۆ سەرکەوتنی سیستەمی لیستی کراوە پێویستە بارودۆخی دەنگدەر لەرووی ئاسایش و کۆمەلایەتی و ئابوری و فکری سەقامگیر بێت، ئەم سەقامگیریە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر براوە لە هەلبژاردن،هەروەها پێویستە دەنگدەر هۆشیارێکی باش هەبێت لێرەدا پالوەراو محکوم دەبێت بە کەسایتی وهۆشیاری ومزاجی دەنگدەر،واتە ئەگەر دەنگدەر کەسایەتیکی بەهێزی هەبێت وهۆشیاری باشی هەبێت ئەوا پالێوراوی شیاو بەهێز وئەکتیف دەباتەوە وئەگەرپێچەوانە بێت ئەوا دەنگدەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ابتزازی جۆراوجۆر وبە ئەنجام پالێوراوی نەشیاو دەباتەوە.

ب. سیستەمی لیستی کراوە جۆرێك لە تناقچات دروست دەکات کەگومان دەخاتە سەر شەرعیتی براوە چونکە زۆر جار لیستێك بەهۆی پالێوراوەکی کە ژمارەیەکی زۆری دەنگ بەدەست دێنێت ژمارەیەکی زۆری کورسی بەبەر ی دەکەوێت بەجۆرێك کەهەندێك لە پالێوراوی ئەم لیستەش کەژمارەی دەنگەکانیان لە پالێوراوانی لستەکانی تر کەمتریشە بەلام کورسی بەبەر دەکەوێت ئەمەش گومان دەخاتە سەر شەرعیتی ئەم پالێوراوە.

ج. ئەم جۆرە سیستەمە زۆر جار گیروگرفتی زۆر بۆ هاوپەیمانیەتی دروست دەکات کە ئەنجامی هەلبژاردنەکان بە پێچەوانەی هاوپەیمانیەتی حزبە هاوپەیمانەکان یان کیانە سیاسیەکانی هاوپەیمانەکان دێتەکایەوە،لێرەدا

زۆر جار تاکۆکی وگیروگرفت لە نێوان ئەم حزب وکیانە سیاسیەنە دروست دەبێت.

د. ئەم سیستەمە پێچەوانەی ماددەی(١٤)دستوری هەمیشەیی عراقی فیدرالە کەناوەرۆکی ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت جیاوازی نێوان هاولاتی عراق لەسەر بنەمای،رەگەز ،ئاین،رەنگ،بارودۆخی کۆمەلایەتی وئابوری هەبێت.کەچی سیستەمی کراوە جیاوازی نێوان هاولاتیان لەسەر بنەمای رەگەز دەکات کە زۆر جار رێژەی ئەو دەنگانەی ژن بەدەستی دێنێت زۆر کەمترە لەو رێژەیە کە پیاو بەدەستی دێنێت بەلام لەبەر ئەم جۆرە سیستەمە ژن بە براوە دادەندرێت ئەمەش پێچەوانەی ماددەی(١٤)دستوری هەمیشەیی عراق.

٣. سەبارەت بە برگە(٣)،ناوەرۆکی ئەم پێشنیارە لە هەمواری چارەمی یاسای ژمارە(١)هاتوە.

**سێ یەم:** سەبارەت بە هەموارکردنی برگە(١)ماددەی(٢٩)لەخالی (٢) ئەم راپۆرتە باسمان لێوەکرد.

**چوارەم:** کەتایبەت مەندە بە هەموارکردنی ماددەی(٣٦):

١. هەمواری برگەی یەکەم لە پرۆژەکە هەیەو هیچ پێویست بە هەموار کردنی نیە،چونکە هیچ شتی نوێ ی تیادانیە تەنها گۆرینی دەستەواژەی(المعدل الانتخابی)بە(القاسم الانتخابی)کە یەکەمیان هیچ گیروگرفتی نیە.

٢. سەبارەت بە هەموارکردنی برگەکانی (٤،٣،٢) لەو ماددەیە، ئێمە بەپێویستی نازانین چونگە لە یاساکە هاتووە.

٣. سەبارەت بەزيادكردنى برگە بێنج پێمان وايە زيادە چونكە زۆر دوورە لەدەستەواژەكانى ياسايى و شێوازێكى انشائى پێوە ديارە.

**پێنجەم:** لەبەر ئەوەى ليژنەكەمان لەگەل ناوەرۆك و پێشنيارەكانى ئەم پرۆژەيە نيە ماددەكانى (٤،٥،٦)زياد دەبێت.

ئەمە راو تێبينيەكان وپێشنيارەكانى ليژنەى كاروبارى ناوخۆيە داواكارين بخرێتە بەر دەم ئەنجومەن بۆ وەرگرتنى بريارى گونجاو.

لەگەڵ ڕێزماندا...

| | | |
|---|---|---|
| سەردار صباح بۆزۆ هەركى | اخر جمال انور | اسماعيل محمود عبدالله |
| بڕياردەر | جێگرى سەرۆك | سەرۆك |
| عبدالرحمن احمد | هيوا صابر احمد | جعفر مصطفى |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرتی لیژنە
# لەسەر بودجەی ٢٠٠٩

لیژنەی كاروباری ناوخۆ لە رۆژی یەك شەممە رێكەوتی(٢٠٠٩/٥/٢٤)و رۆژی یەك شەمە (٢٠٠٩/٦/٧) دوو كۆبوونـەوەی ئەنجامدا بۆ تـاوتوێكردنی پـڕۆژەی یاسای بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان- عێـراق ، ئـەویش پـاش ئـەوەی رەوانـەی لیژنەكەمان كرا لەلایەن جەنابی سەرۆكی پەرلەمان لە خوێندنـەوەی یەكـەمی ئـەم پرۆژەیـه لـه دانیـشتنی ژمـاره (١٠) رێكـەوتی (٢٠٠٩/٥/٦)، وپـاش گفتوگۆكردنو ئالوگۆركردنی بیروڕا لیژنەكەمان راو بۆچونەكانی بـەم شـێوەیە پێشكەش دەكات:-

## یەكەم: رای لیژنەكەمان سەبارەت بە پرۆژەكە بەشێوەیەكی گشتی

١- لیژنەكەمان تێبینی ئەوە دەكات كە حكومەت لە ناردنی یاسای بودجە هەموو ساڵێك بەدواكەوتوە، ونەیتوانیوە كە لە تشرینی یەكەم بەر ساڵی داراییی پێشكەش بە پەرلەمانی بكات هەروەك لەماددەی (٧٩) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هاتووە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین:

أ- دەرچواندنی راسپاردەیەك كە حكومەت ناچار بكات پابەندبێت بەماوەی یاسای ناردنی بودجە.

ب- هەمواركردنی ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ بەشێوەیەك كە حكومەت بتوانێت جێبەجێ بكات.

٢- ئەو بڕە پارەی كە حكومەت وەكو سلفەی عەقار بە هاووڵاتیان دەدات بەپێی ئەو ماددەی كە بەبڕیاری پەرلەمان زیاد كرا، تێبینی دەكرێت كە

کەمەو ناتوانرێت ببێت بەفاکتەرێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بۆیە پێشنیار دەکەین زیاد بکرێت.

٣- مەرجەکانی بەخشینی سلفەی عەقار جیاوازن لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم بۆیە پێشنیار دەکەین یەك بخرێن.

٤- پێویست بوو یاسای بودجە رەوانەی دیوانی چاودێری دارایی بکارابا،ئینجا پێشکەش بە پەرلەمان بکرابا وراپۆرتی دارایی چاودێری لەگەڵ با بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بودجەیە کە دبوەمایەی ئاسانکاریەکی زۆر بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

**دووەم :- رای لیژنە سەبارەت بە بودجەی وەزارەتی ناوخۆو هەردوو ئاسایش :-**

١. لیژنەکەمان تێبینی ئەوە دەکات کە بودجەی وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بەشێوەیەکی جودا هاتووە، کەچی لەبەر یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت دەبوایە بەیەك بودجە هاتبا، وکاتی پەیوەندی کردنمان بەوەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بەم بابەتە پێیان راگەیاندین کە لەبەر ئەوەی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت لە بەشی دووەمی ئەم ساڵ بووە بۆیە بودجەکە بەم شێوەیە هاتووە، پێشنیار دەکەین بودجەی هەردوو وەزارەت بۆ شەش مانگی داهاتووی ئەم ساڵ یەك بخرێتەوە.

٢. تێبینی ئەوە دەکەین کە بودجەی هەردوو ئاسایش (سلێمانیو هەولێر) هەموو ساڵێك بۆ لیژنەکەمان دێت کەچی بەپێی برگە (٣) ماددەی (٣٨)

لیژنەکەمان چاودێری تەنها وەزارەتی ناوخۆ دەکات بۆیە لەرووی یاسایی ئێمە ناتوانین متمانە بە بودجەی ئەم دوو دەزگایە بدەین‌و پێشنیار دەکەین ئەم ماددەیە هەموار بکرێت بەجۆرێك کە لیژنەی کاروباری ناوخۆ چاودێری ئاسایش بکات.

٣. سەبارەت بە بودجەی وەزارەت‌و ئاسایش لیژنەکەمان ئەم تێبینیانەی دەکات:-

٤.

أ- **وەزارەتی ناوخۆ:-** بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی ٢٠٠٩ (٣٥٠٠٥٩)ملیۆن دینار( سێ سەدو پەنجا ملیار وپنجا و نۆ ملیۆن دینار)، کە لەساڵی ٢٠٠٨ بودجەی وەزارەت بریتی بوو لە (٢٤١٩٠٠) ملیۆن دینار (دووسەدوو چل ویەك ملیار و نۆ سەد ملیۆن دینار) کەواتە بڕی (١٠٨١٥٩) ملیۆن دینار( سەدو هەشت ملیار وسەدوپەنجا ونۆ ملیۆن دینار) زیادی کردووە.

ب- **وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:-** بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی ٢٠٠٩ (٥٠٦٥٩٥) ملیۆن دینار( پێنج سەد وشەش ملیار وپێنج سەد ونۆهەت وپێنج ملیۆن دینار)، کە لەساڵی ٢٠٠٨ بودجەی وەزارەت بریتی بوو لە (٣٨٥١٥٩) ملیۆن دینار(سێ سەد و هەشت وپێنج ملیار و سەدو پەنجاو نۆ ملیۆن دینار) کەواتە بڕی (١٢١٤٣٦) ملیۆن دینار(سەد و بیست ویەك ملیار و چوار سەدو سی وشەش ملیون دینار) زیادی کردووە.

ج- **ئاسایشی هەرێم/ هەولێر:** بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی ٢٠٠٩ (١٧٥٠٠٠) ملیۆن دینار(سەد و حوفتا وپێنج ملیار دینار)، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ بودجەی دەزگای ئاسایش بریتی بوو لە (٨٠٠٥٠) ملیۆن دینار(هەشت ملیار و

پەنجا مليون دينار) کەواتە بڕی (٩٤٩٥٠) مليۆن دينار(نۆهەت وچوار مليار ونۆسەد وپەنجا مليون دينار) زيادی کردووە.

د- **ئاسایشی هەرێم/ سلێمانی**:- بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی ٢٠٠٩ (١١٥٣٠٠) مليۆن دينار(سەد و پانزە مليار وسێ سەد مليون دينار)، کە بودجەی ئەم دەزگایە لەساڵی ٢٠٠٨ بریتی بوو لە (٨٥٨٣٥) مليۆن دينار(هەشتا وپێنج مليار وهەشت سەدو سی وپێنج مليون دينار) کەواتە بڕی (٢٩٤٦٥) مليۆن دينار(بيست ونۆ مليار وچوارسەد وشست وپێنج مليون دينار) زيادی کردووە.

**لەگەڵ ڕێزماندا...**

| | | |
|---|---|---|
| سەردار صباح بۆزۆ هەرکی | اخر جمال انور | اسماعيل محمود عبدالله |
| بڕیاردەر | جێگری سەرۆک | سەرۆک |
| عبدالرحمن احمد | هيوا صابر احمد | جعفر مصطفى |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرتی لیژنەی کاروباری ناوخۆ

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢١ لەرۆژی چوارشەممە رێکەوتی (٢٠٠٩/١/٢١) پاش خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە بریاری بەبەردەوام بوونی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی هەرێم لەسەر کارەکانیان و راپەراندنی ئەرکەکانیان بەمەرجێ هەڵبژاردنی داهاتوو پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام بدرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم پرۆژەیەی رەوانەی لیژنەکەمان کردو لیژنەکەمان لەهەمان رۆژ هەڵسا بە سازدانی کۆبوونەوەیەك بۆ دیراسەت کردنی ئەم پرۆژەیە، وپاش گفتوگۆو ئاڵوگۆرکردنی بیرورا لیژنەکەمان پشتگیریی ناوەرۆکی پرژەکە دەکات وەکو خۆی هاتووە.

**کۆبونەوەکە بە ئامادەبونی بەرێزان:-**

| | | |
|---|---|---|
| سەردار صباح بۆزۆ هەرکی | اخر جمال انور | اسماعیل محمود عبداللە |
| بریاردەر | جێگری سەرۆك | سەرۆك |
| عبدالرحمن احمد | هیوا صابر احمد | جعفر مصطفی |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپورتی لیژنەی هاوبەش

پشت بە حوکمی ماددەکانی (٣٩ , ٤٦)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ بەیەکەوە لە رۆژانی( ١٠/٩ و ١٢/٢٨ ) و( ٢٠٠٨/١٢/٣١) و( ٣، ١/٤)و(٢٠٠٩/٣/٢٩) دا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنەکە کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردوو پرۆژەی یاسای ئەنجومەنەکانی پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراوەکانی ژمارە (١٠٣٨٣) لە ٢٠٠٦/٩/١٧ و (١٠٧٤) لە رۆژی ٢٠٠٧/٧/٩دا بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان هاتوون. دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی دوایی لەپەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٨)ی رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦ و هەروەها ئەو پیشنیازانەو ئەو تێبنییانەی کە لەلایەن لیژنەی هاوبەشی پێکهێنراو لە پەرلەمان و حکومەت و ئەم پرۆژەیەی کە لەلایەن لیژنەی ناخۆوە پێشکەش کراون. لیژنە بریاری دا ئەو پرۆژانە بکرێن بەیەك و راپۆرتێك لەبارەی بابەتەکە پێشکەش بکرێ کە پوختەی ئەوەی لە پرۆژەکاندا هاتوون بگرێتەوە لە پێناوی یەکگرتنەوەی هزرەکان و ئاسانکردنی و تووێژو دەنگدان لە سەری لە پەرلەماندا و زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنەی پشتگیریی پرۆژەکە دەکەن بەو شێوەیەی کە پێشکەش کراوە و بەم جۆرەی خوارەوە:

## پرۆژەی یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
### ـ بەشی یەکەم ـ
### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

**سێیەم:** ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**چوارەم:** وەزارەت : وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

**پێنجەم:** وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

**شەشەم:** پاریزگا : یەکەیەکی کارگێڕییە لەناو سنووری جوگرافی دا و لە قەزاو ناحیەو گوند پێکدێ.

**حەوتەم:** یەکەی کارگیری: پارێزگا ، قەزا ، ناحیە.

**هەشتەم:** سەرۆکی یەکەی کارگێڕی : پارێزگار ، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە.

**نۆیەم:** ئەنجومەن : ئەنجومەنی پارێزگا.

**دەیەم:** ئەنجومەنی خۆجێیەتی : ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا، ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

**یازدەم:** ئەنجومەنەکان : ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیی یەکان.

**دوازدەم:** گوند (دێ) : کۆمەڵێك ماڵە کە ژمارەی دانیشتوانی لە (١٠٠) سەد کەس کەمتر نەبێت.

**ماددەی دووەم:**

ئـەم یاسـایە دەسـتەڵات و بەرپرسـیەتی ئەنجومـەنـەکان و سـەرۆکەکانیان دەستنیـشان دەکـات بـۆ پتـەوکردنی پرنـسیپی ناسـەنتەری لـە دابەشـکردنی دەسـتەڵاتەکان و چاککردنی گەیانـدنی خزمـەتگوزاری گشتی بـۆ هاووڵاتیـان و پاراسـتنی مافـەکان و بەرژەوەندییـەکانی کۆمـەڵگا و پەرەپێـدانی یەکـە کارگێڕییەکان لە هەرێم.

**ماددەی سێیەم:**

هــەرێم لــە رووی کارگێڕییــەوە دابــەش دەکــرێ بــۆ پارێزگاکــان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و ناحیە و هەریـەك لـە یەکـە کارگێڕییـەکان کەسایەتی مەعنەوی و زیمەتی دارایی سەربەخۆی دەبێ لەناو بودجەی پارێزگادا.

## بەشی دووەم

## یەکەم: ئەنجومەنی پارێزگاو تایبەتمەندییەکانی

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی پارێزگا لە رێگەی هەڵبـژاردنی راسـتەوخۆوە دادەمـەزرێ و لـە (٢٥) ئەنـدام پێکـدێ و بـۆ هـەر (٢٠٠٠٠٠) دووسـەد هـەزار کـەس لەوانـەی زیـاد دەبن لە (٥٠٠٠٠٠) پێـنج سـەد هـەزار کـەس ئەنـدامێکی دەخرێتـە سـەر بـەپێی نوێترین سەر ژمێری باوەڕ پێکراو، بەمەرجێك رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لـە ئەنجومەندا لە (٣٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجومەنی پارێزگا دەستەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنووری کارگێریی پارێزگادا و مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان دەربچوێنێ بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێری و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا، تاکو بتوانێ کاروباری پاریزگا هەڵسووڕێنی بە پێی پرنسیپی نا سەنتەری بەریوەبردن بە جۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێ لەگەڵ دەستوور و یاساکانی کارپێکراو لە هەرێمدا

**ماددەی شەشەم:**

ئەنجومەنی پارێزگا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

**یەکەم:** هەڵبژاردنی سەرۆ کی ئەنجومەن وجێگرەکەی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامان لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەندا کە پارێزگار بانگەوازی بۆ دەکات لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی راستاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێ.

**دووەم:**

١- لە کار لادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی لە سەرداوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانی و بەرەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی سەرۆك یان جێگرەکەی بە لادراو دادەنرێت هەر کاتێ مەرجێکی ئەندامێتی لە دەست بدات یان یەکێ لەم هۆیانەیان لەسەر ساغ بووەوە:

أ- دەست پیسیی یان خراپ بەکارهێنانی پایەی فرمانەکەی.

ب ـ بوون بە هۆی بە فیرۆ دانی دارایی گشتی.

ج ـ خەمساردی یان کەمتەر خەمی بە ئەنقەست لە جێبەجی کردنی ئەرکەکەی.

٢- سەرۆك یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە لای دادگای کارگێریی تایبەت بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شووڕای هەرێمی کوردستانیی ژمارەی (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨دا.

**سێیەم:**

١- هەڵبژاردنی پارێزگار لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی ڕەها لە ماوەیەك کە ئەو پەڕی (٣٠) سی ڕۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتنیەوە.

٢- ئەگەر هیچ کامێك لە پالێوراوەکان زۆرینەی ڕەهای بە دەس نەهێنا ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو باڵێوراوە دەبێ کە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە و ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان بباتەوە لە دەنگدانی دووەمدا ئەو بە دەرچوو دادەنرێت.

**چوارەم:**

١- لێپچینەوە کردن لەگەڵ پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی دەبێ و لە کاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرینەی سادە بە وەڵامەکانی لێپچینەوە لەگەڵ کراودا، ئەوا داوای لادانیان( الاقالە ) دەخرێتە دەنگدانەوە لە دانیشتنێکی دووەمدا و پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی بە لادراو دادەنرێن دوای وەرگرتنی ڕەزامەنی ئەنجومەن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی , داواکاریی لادانەکە یان ڕاسپاردنی، دەبێ پشت بە یەکێك لەم هۆیانەی کە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ببەستێ.

٢- پارێزگار و دوو جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت بدەن لەو بڕیارەی دەرکراوە بە لادانیان لەسەر کار لە دادگای کارگێڕی تایبەتمەند.

**پێنجەم:**

١. ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە بودجەی پارێزگا.

٢. پەسەندکردنی پرۆژەی بوودجەی پارێزگا کەلەلایان پارێزگارەوەو بە رەزامەندی زۆرینەی رەها رەوان کراوە بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستەمیەکان رەچاو بکرێن لە دابەشککردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پاریزگا و قەزاو ناحیەکان و پاشان بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم .

**شەشەم:** نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشە پێدانی بە جۆریك کە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانی و هەرێمی ناکۆك نەبێ.

**حەوتەم:** بریاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بۆ کارەکانی ئەنجومەن لە ماوەی مانگێك لە مێژووی یەکەم دانیشتنیەوە.

**هەشتەم:** دەرچوواندنی بڕیار و پێڕەوە ناوخۆییەکان و رێنماییەکان و پێشکەش کردنی راسپاردەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێریی و دارایی و چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگا دا.

**نۆیەم:** پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە رێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

**دەیەم:** دەستنیشان کردنی پێشینەکانی(اولویات) پارێزگا لە پرۆژەکان و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی خۆجێیەتی لە ناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێك هاواربکات بە هەماهەنگی لەگەڵیدا بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەن بە مەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە مایەی زیادبوونی رادەی خەرج کردنی باسکراو لە پلانەکان و هەروەها بەو مەرجەی

که لەگەڵ کارایی جێبەجی کردنی ئامانجە نیشتمانیەکان لە هەرێمدا ناکۆك نەبێ و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی تر بەرەزامەندیی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بکری یاخود رابگیرێ.

**یازدەم**: چاودێری گشت چالاکییەکانی دەستەکانی جێبەجێ کردن بۆ دابین کردنی باش جێبەجێ کردنی کارەکانی بێجگە لە دادگاکان و یەکە سەربازییەکان و پاسەوانی هەرێم( پێشمەرگە) و کۆلێجەکان و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی و ئەو فەرمانگانەی کە تایبەتمەندیی فیدرالییان هەیە لە هەرێمدا.

**دوازدەم:**

١- رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پالێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار پێشکەشیان دەکات بۆپڕکردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگا و فەرمانی دامەزراندنی دوانیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.

٢- رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پالێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار پێشکەشیان دەکات بۆپڕکردنەوەی پۆستی بەرێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگادا و فەرمانی دامەزراندنی یەکێکیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ

٣- پێشنیاری لەسەرکار لادانی بەرێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان لەسەر داوای پارێزگار یان لەسەر پێشنیازی ١\٥ پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن هەروەها ئەنجومەنی وەزیران مافی لادانی هەیە بە پێشنیازێك لە وەزارەتی تایبەتمەند بە پێی ئەو هۆیانەی کە لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

**سێزدەم:** ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەها لەسەر پێشنیازی بەجێ گەیاندنی گۆرانکاریی کارگێڕیی لە قەزا و ناحیەکان و گوندەکان بەلێکدانیان و لە نوێ دانان وگۆڕینی ناو و سەنتەرەکانیان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوار چێوەی سنووری پارێزگا و ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ.

**چواردەم:** پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لە نێوان ئەندامانی بۆ چاودیری کردنی دەزگا یان چالاکیەکانی دەستە جێبەجێ کارەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و بۆی هەیە پشت بە شارەزا و راوێژ کاران لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ببەستێ.

**پازدەم :** هەڵبژاردنی دروشمێك بۆ پارێزگا کە لە کەلەپووری مێژوویی و شارستانیەکەیەوە وەرگیرا بێ.

**شازدەم:** پێشنیاز کردنی قەرەبوو کردنەوەی زیان پێکەوتووان لە حاڵەتی ڕوودانی کارەسات وبەڵای سروشتی و داوای پێشکەش کردنی یارمەتییە کۆمەڵایەتی یەکان لە سنووری پارێزگادا.

**حەڤدەم:** دەرچوواندنی بڵاوکراوەیەکی خۆجێیەتی تاکو هەموو بڕیار و پێڕەوو ڕێنماییەکان و فەرمانەکانی کە لە ئەنجومەن دەردەچن لەگەڵ چالاکیەکانی تێدا بلاوبکرێتەوە تاکو هاووڵاتییان ئاگاداربن لێیان.

**هەژدەم**: ڕاپەراندنی هەر تایبەتمەندییەکی تر کە دەقیان لە دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکاندا هەیە.

**ماددەی حەوتەم:**

پارێزگار بە لەسەر کار لادراو دادەندرێ لەکاتی لە دەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامیەتی دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لەم

بارەيەوە و بۆی هەيە تانە لە بڕيارەكە بدات لە بەرامبەر دادگای كارگێری تايبەتمەندەوەو بڕياری دادگاش لەو بارەيەوە كۆتاييە.

## دووەم: ئەنجومەنی خۆجێيەتی قەزاو تايبەتمەندييەكانی

**ماددەی هەشتەم:**

ئەنجومەنی خۆجێيەتی قەزا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێ و پێكدێ لە (٧) حەوت ئەندام و بۆ هەر (٥٠) پەنجا هەزار كەسيش ئەندامێكيان دێتە سەر بە مەرجێك ڕێژەی نوێنەرايەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (٣٠٪)ی ژمارە ئەندامانی كەمتر نەبێ.

**ماددەی نۆيەم:**

ئەنجومەنی خۆجێيەتی قەزا ئەم تايبەتمەندييانەی خوارەوەی هەيە:

**يەكەم:** هەڵبژاردنی سەرۆكی ئەنجومەنی خۆجێيەتی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرينەی ڕەها لە يەكەم دانيشتنی ئەنجومەنی خۆجێيی كە لەسەر بانكهێشتی قايمقام لە ماوەی پازدە ڕۆژ لە مێژووی پەسندكردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەكان و دانيشتنەكەش بە سەرۆكايەتی بەتەمەنترين ئەندام دەبێ.

**دووەم:** هەڵبژاردنی قايمقام لە نێوان ئەندامانی بە زۆرينەی ڕەها و ئەگەر هيچ پاڵێوراوێك زۆرينەی پێويستيان وەرنەگرت، ئەوا كێبڕكێ لە نێوان ئەو دوو كەسە دەبێ كە زۆرترين دەنگيان وەرگرتووە و ئەو كەسە بە براوە دادەنرێ كە زۆرينەی دەنگەكان بەدەست دێنێ.

**سێيەم:** لە كار لادانی سەرۆكی ئەنجومەن يان قايمقام بە زۆرينەی ٢\٣ی ژمارەی ئەندامانی دەبێ لە حاڵەتێك دا كە يەك لەو هۆيانەی لەسەر ئيسبات بوو كە لە ماددەی (شەشەم/دووەم)ی ئەم ياسايەدا هاتووە.

**چوارەم**: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی یەکەی کارگیریی قەزا و رەزامەندیی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی فەرمانگەکانی و ناردنی بۆ پارێزگا.

**پێنجەم**: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ کارگیریی قەزا و چاودێری کردنی دەزگا جێبەجێ کارەکانی و رێکخستنی کارە کارگێڕییەکان.

**شەشەم**: سەرپەرشتی کردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە لە قەزادا.

**حەوتەم**: دەربڕینی هاوکاریی و هەماهەنگی و راوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی کارگێڕی ناحیەکان بە جۆرێك کە هاوسەنگی و بەرژەوەندیی گشتی بەدی بێنن.

**هەشتەم**: پەسندکردنی دیزاینە بنەڕەتیەکان لە قەزادا بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێمدا.

**نۆیەم**: چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکیە پەروەردەییەکان لە سنووری قەزا و پێشکەش کردنی راسپاردە لە بارەیانەوە .

**دەیەم**: چاودێریکردنی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لە ناو رووبەری جوگرافی قەزا و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانە ئاژەڵیەکەی.

**یازدەم**: هەر تایبەتمەندییەکی تر کە ئەنجومەنی پارێزگا پێیدەدات بەمەرجێك لەگەڵ یاسایە کارپێکراوەکاندا ناکۆك نەبێ.

**ماددەی دەیەم**:

لە بارێکدا کە ناکۆکی کەوتە نێوان بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی پارێزگا، ئەوا ئەولەوییەت دەدرێتە ئەوەی دوایان، ئەگەر ئەو بڕیارەی وەرگیراوە پەیوەندیداربێ بە هەموو پارێزگاکەوە.

## سێيەم ـ ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیەو تایبەتمەندییەکانی

**ماددەی یازدەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێ و لە (٥) ئەندام پێکدێ و بۆ هەر (٢٥) هەزارکەسیش ئەندامێکی دێتە سەر، بەمەرجێك رێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (٣٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.

**ماددەی دوازدەم:**

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

**یەکەم:** هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها لە یەکەم دانیشتنی کە دەیبەستی لە سەر بانگهێشتی بەرێوەبەری ناحیە لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی راستاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێ.

**دووەم:** هەڵبژاردنی بەرێوەبەری ناحیە لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها و ئەگەر هیچ لە پالێوراوەکان زۆرینەی پێویستیان وەرنەگرت، ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە بەرزترین دەنگیان هێناوە، ئەوەی زیاترین دەنگ بەدەست بێنی ئەو بە براوە دادەنرێ.

**سێیەم:** لە کارلادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان بەرێوەبەری ناحیە بە زۆرینەی دەنگی ٣\٢ ی ژمارەی ئەندامانی و لە کاتی هاتنەدی یەکێك لە هۆیەکانی کە لە ماددەی (شەشەم/ دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە .

**چوارەم:** ئامادەکردنی بودجەی یەکەی کارگێری ناحیەو رەزامەندیی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی ئەو فەرمانگانەی کە سەر بە ئەون و ناردنی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا.

**پێنجەم:** چاودیری کردنی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لە نێو رووبەری جوگرافی ناحیەو کارکردن لە پێناوی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانی ئاژەڵی ناوی.

**شەشەم:** چاودێری کردنی فەرمانگە خۆجێیەکان و بەرزکردنەوەی راسپاردەی پێویست لەو بارەیەوە بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا.

**حەوتەم:** ئەنجومەنی پارێزگا یان ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا بۆیان هەیە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی تر بدەن بە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە بەمەرجێك ناکۆك نەبن لەگەڵ یاسا پەیرەوکراوەکان دا.

**ماددەی سێزدەم:**

لە بارێکدا کە بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاز ناکۆك بوو، ئەوا بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەولەویەتی دەبێ ئەگەر پەیوەندیی بە هەموو قەزاکەوە هەبوو.

## چوارەم/ مەرجەکانی ئەندامیەتی و سوێندخواردن

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم:** پێویستە باڵیۆراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

١- پێویستە عیراقی بێو بە تەواوی شیاو بێ وبیست وپێنج ساڵی لە تەمەنی لە کاتی خۆ پالاوتنی تەواو کرد بێ.

٢- پێویستە بەلانی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێ بۆ پالێوراوی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان و بڕوانامەی بنەرەتی یان هاوتاکەی هەبێ بۆ پالێوراوی ئەنجومەنە خوجێیەکانی ناحیەکان.

٣- پێویستە خوو ڕەوشت و ناوبانگی باش بێ و بە هیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نە درا بێ.

٤- پێویستە لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان لێی دانیشتبێ بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەیەك لە (دە) ساڵکەمتر نەبێ بەمەرجێك نیشتەجێ بوونەکەی بۆ مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.

٥- نابێ لەگەسەکانی هێزە چەکدارەکان یان دەزگاکانی ئاسایش بێ.

٦- نابێ بەشداریی کردبێ لەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابون یان جێبەجێی کردوون یان ئەنجامی داون.

**دووەم:** ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە ولەیەکەم دانیشتنی دەست پێدەکات و لەکۆتایی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت.

سێیەم: پێویستە ئەندامان خۆی تەرخان بکەن تەنها بۆ کارەکانی ئەنجومەن.

**ماددەی پازدەم:**

١- سەرۆکی ئەنجومەنەکان سەرۆکایەتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنەکان دەکەن و بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان و ڕادەی یاسایی لە ئەنجومەنەکاندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی تەواو دەبێ.

٢- سەرۆك بەرنامەی کۆبوونەوەی بە ئەندامان رادەگەیەنێ و دەشێ ئەندام پێشنیاز بکات ماددەیەك یا زیاتر بخرێتە سەر بەرنامەکە و سەرۆك بۆی هەیە ئەمە قەبوول بکات یا رەتی بکاتەوە.

٣- ئەنجومەنەکان بۆیان هەیە داوای ئامادەبوونی هەر فەرمانبەرێك بکەن لەو کاروبارەی کە پەیوەندیی هەیە بەفرمانەکەیەوە.

٤- دەنگدان لە ئەنجومەنەکان بەئاشکرایی دەبێ و دەشێ بکرێتە نهێنی لەسەر داوای زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی و بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادە بوو وەردەگیرێت و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆداوە.

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم:** سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکان ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگا دەخۆن:

(سوێند بە خودای گەورە دەخۆم کە پارێزگاریی لەیەکێتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و سەلامەتی خاکی بکەم و چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم و پابەندبم بە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا و کاری خۆم بەدڵسۆزی و راستگۆیی و دەسپاکی و بێ لایەنی ئەنجام بدەم و خودا شاهێدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

**دووەم:** پارێزگار ئەو سوێندەی کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەبەردەم سەرۆکی هەرێم بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ دەخوات.

**سێیەم:** قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە ئەو سوێندەی سەرەوە کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەبەردەم وەزیری ناوخۆ بە ئامادەبوونی پارێزگار دەخوات.

## بەشی سێیەم
## سەرۆکەکانی یەکە کارگێڕیەکان
## یەکەم ـ پارێزگار

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** پارێزگار بەرپرسی یەکەمی جێبەجێ کردنە لە پارێزگادا و بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەن و و بەپلەی تایبەتی(وەکیلی وەزیر) دەبێ لە رووی ماف وخزمەتی فرمانیەوە. لەرووی کارگێڕییەوە بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆ.

**دووەم:** مەرجە پالێوراو بۆ پایەی پارێزگار بەلایەنی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ لەپاڵ ئەو مەرجانەی کە پێویستن لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بێنەدی.

**سێیەم:** مەرسوومێکی هەرێمی بە دامەزراندنی پارێزگار لەماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی هەڵبژاردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە، دەردەچێ.

**چوارەم:** هەر پارێزگارەو دوو جێگری دەبێ کە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بن و بەپلەی تایبەتی(ب) دەبن و فەرمانی دامەزراندیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

## دووەم ـ ئەرك و دەستەڵاتەكانی پارێزگار

**ماددەی هەژدەم:**

پارێزگار ئەم ئەرك و دەستەڵاتانەی خوارەوە هەیە:

**یەكەم:** ئامادەكردنی بودجەی پارێزگا و بەرزكردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

**دووەم:** جێبەجێ كردنی سیاسەتی گشتی حكومەتی هەرێم لە سنووری پارێزگادا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكانەوە.

**سێیەم:** جێبەجێ كردنی ئەو بڕیاریانەی كە ئەنجومەن بەپێی یاسا جێبەجێ كراوەگان دەیدات.

**چوارەم:** نوێنەرایەتی پارێزگا دەكات لە كۆنگرە و كۆڕ و سیمینارەكانی كە بۆیان بانگ دەكرێ بەپێی یاسا و بنەمای باو.

**پێنجەم:** سەرپەرشتی كردنی بەڕێوەچوونی شوێنە گشتیەیان لە پارێزگادا و پشكنینیان جگە لە یەكە سەربازییەكان و پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) و دادگاكان و زانكۆ و كۆلیجەكان و ئەو پەیمانگایانەی كەسەر بەوەزارەتی فێركردنی باڵا و تۆژینەوەی زانستین و ئەو فەرمانگانەی كە تایبەتمەندی فیدرالیان هەیە لەهەرێمدا.

**شەشەم:**

١- دەرچوواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی كارگێڕییە خۆجێییەكان و تەنسیب كردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی كە لە پلەی پێنجەم و بەرەو خوارەوەن لە پەیژەی پلەكانی فرمان كە لەیاسادا

هاتووە لەوانەی کە دەپاڵێورین لە فەرمانگە تایبەتمەندەکانی بەپێی پلانی ئەو میلاکەی لەلایەنە پەیوەندی دارەکانەوە پەسەند کراوە.

٢- چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجێییەکان لە پارێزگادا لەنێو پەیژەی پلەکانی فرمان کە لەیاسادا هاتوون.

**حەوتەم:** دەست دانە جێبەجی کردنی رێکاری کارگێرپی و یاسایی دەرحەق فەرمانبەرانی کارگێڕییە ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا.

**هەشتەم:** پارێزگار بەرپرسە لە دابین کردنی ئاسایش و نیزام لەپارێزگادا و بۆی هەیە فەرمان بدات بە پۆلیس لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەدا بکات کە لەناو سنووری پارێزگادا روودەدەن.

**نۆیەم:** داواکردنی کردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا ، دوای پەسندکردنی ئەنجومەن بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامانی.

**دەیەم:** پاراستنی ئاسایش و نیزام و مافی هاووڵاتیان و گیان و ماڵ و موڵکیان و بۆی هەیە لە باری نەتوانینی دەزگای ئاسایش لە پارێزگادا بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە پاراستنی ئاسایش و نیزام، ئەم کارە بخاتە بەردەم وەزیری ناوخۆ وبرێکی پێویست لەهێز بخاتەڕوو کە ئەو ئەرکەی پێ هەڵبسوورێ.

**یازدەم:**

**یەکەم:** نارەزایی دەربرین لە بڕیارەکانی ئەنجومەن لەم بارانەی خوارەوە :

أ- ئەگەر سەرپێچی کردنی دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکان بوو.

ب ـ ئەگەر لە دەستەڵات و تایبەتمەندیی ئەنجوومەن نەبوو.

ج ـ ئەگەر سەرپێچی کردنی پلانی گشتی حکومەتی هەرێم و بودجە بوو.

**دووەم:** پارێزگار بڕیارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەن لەماوەیەك لە (١٥) پازدە رۆژ زیاتر نەبێ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی، لەگەڵ هۆیەکانی رەخنەگرتنەکەی و تێبینیەکانیدا.

**سێیەم:** ئەگەر ئەنجومەن پێی داگرت لەسەر بڕیارەکەی خۆی بەبێ لابردنی سەرپێچیەکە، دەبێ بینێرێ بۆ دادگای کارگێریی تایبەتمەند بۆ بڕیاردانی یەکلاکەرەوە و بڕیاری دادگاش کە پلەی کۆتایی وەرگرتبێ دوا بڕیاری چەسپاوە لەو بارەیەوە.

**چوارەم:** پارێزگار بۆ هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی بدات بەجێگرەکانی یان قایمقام یاخود بەڕێوەبەری ناحیە، هەریەك لەکاروباری یەکە کارگێڕییەکەیدا.

**ماددەی نۆزدەم:**

لە بارێك کە پارێزگار نەتوانێت ئەرکەکانی رابپەڕێنێت لەبەر هۆی تەندروستی بۆ ماوەیەك کەزیاتر نەبێت لە سێ (٣) مانگ ئەوا خانەنشین دەکرێت و پێویستە لەسەر ئەنجومەن پارێزگارێکی نوێ هەڵبژێرن بە هەمان شێوازی لەم یاسایەدا هاتووە و تا ئەو کاتەش یەکێك لە جێگرەکانی بە کارەکانی هەڵدەستێت .

**ماددەی بیستەم:**

پارێزگار و هەردوو جێگرەکەی بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی کاروباری رۆژانە دوای تەواو بوونی ماوەی خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن و تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی نوێ لە دوای ئەوان کەسێکی تر هەڵدەبژێرن .

**ماددەی بیست و یەکەم:**

**یەکەم:** وەزیری تایبەتمەند بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەکانی بدات بە پارێزگار.

**دووەم:** پێویستە لەسەر وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە نەبەستراونەتەوە بە هیچ وەزارەتێك، رای پارێزگار لەو کاروبارانە وەرگرن کە دەیانەوێ بیکەن لە پارێزگادا و ئاگادارکردنەوەی پارێزگار بەو نامەنووسینانەی کە لەگەڵ فەرمانگەکاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن لە چوارچێوەی پارێزگادا، بۆ ئەوەی ئاگادار بێ لێیان و چاودێری کردنی جێبەجێ کردنیان.

**سێیەم:** پێویستە سەرۆکەکانی فەرمانگەکان و دەزگا گشتیەکانی ناو پارێزگا خۆیان بەمانەی خوارەوە ببستنەوە:

١- ئاگادار کردنەوەی پارێزگار بە ئاڵوگۆڕکردنی نووسراو لەگەڵ فەرمانەگە فەرعیەکاندا.

٢- بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ پارێزگار لەبارەی ئەو کاروبارانەی بۆیان دێت.

٣- ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لەکارەکانیان کە پەیوەندییان هەبێ بە ئاسایش یان کاروباری گرنگ یان کێشەکانی کە پەیوەندیدارن بەزیاتر لە فەرمانگەیەك لە پارێزگادا، یان بەرەوشتی فەرمانبەرەکانی

٤- ئاگادارکردنەوەی پارێزگار لە دەست بەکاربوونی سەرۆکەکانی فەرمانگەکانی فەرعی خۆجێیی لەئەرك و فرمانیان یاخود دەست هەلگرتنیان لەکارەکانیان.

**چوارەم:** پێویستە پارێزگار وەزارەتی پەیوەندیدار ئاگاداربکاتەوە بە وردەکاریی پرۆژەکانی کە جێبەجێ دەکات لەسەر ئاستی پارێزگا و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو وەزارەتانەوە.

## سێیەم ـ قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەکەم:** قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە بالاترین فەرمانبەری جێبەجێ کردنن لە یەکە کارگێڕییەکانیاندا.

**دووەم:** مەرجە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە پاڵ مەرجی پێویست کە دەبێ لە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بێتەدی، قایمقام خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و بەڕێوەبەری ناحیەش بڕوانامەی زانکۆیی لە یاسا دا هەبێت.

**سێیەم:** سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی کارگێڕیی دەردەچووینی بەدامەزراندنی هەریەك لە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە دوای هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجومەنەکانیانەوە.

**چوارەم:** قایمقام بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ناحیەش بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دەبێ.

**پێنجەم:** لەکاتی ئامادە نەبوونی قایمقام، پارێزگار لە یەکێك لە بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی سەربەقەزاکە رادەسپێرێ بۆ راپەراندنی کارەکانی و لەکاتی ئامادە نەبوونی بەڕێوەبەری ناحیەش، قایمقام لەیەکێك لەبەڕێوەبەرەکانی ناحیەی سەر بەقەزاکە رادەسپێرێ بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی.

# چوارەم ـ ئەرك و دەستەلاَتەکانی قایمقام

**ماددەی بیست و سێیەم:**

قایمقام ئەم ئەرك و دەستەلاَتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی خۆجێیەتی قەزا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا.

**دووەم:** جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەریدەکات.

**سێیەم:** سەرپەرشتی کردنی ڕاستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکان لە قەزا و فەرمانبەرانی و پشکنینیان، بەدەر لەیەکە سەربازییەکان وپاسەوانانی هەرێم( پێشمەرگە) و دادگاکان و زانکۆ و پەیمانگەکانی سەر بە وەزارەتی فێرکردنی بالاَ و توێژینەوەی زانستی و خاوەن تایبەتمەندیی فیدرالی لە هەرێمدا.

**چوارەم:** قایمقام بەر پرسە لە دابین کردنی ئاسایش و نیزام لە یەکە کارگێڕیەکەیدا و بۆی هەیە فەرمان بەپۆلیس بدات بۆ لێکۆلێنەوە لەو تاوانانەی کە لەناو قەزاکەدا ڕوودەدەن.

**پێنجەم:** پاراستنی ئاسایش و نیزام و پاراستنی مافەکانی هاوولاَتیان و گیان و مولك و مالیان.

**شەشەم:** پاراستنی مولك و مالی گشتی و چاککردنەوەی و کۆکردنەوەی داهاتەکانیان بەپێی یاسا.

**حەوتەم:** قایمقام بۆی هەیە فەرمان بدات بە پێکهێنانی مەفرەزەی پۆلیس بەشێوەیەکی کاتی لەقەزادا، بۆ پاراستنی ئاسایش لەکاتی پێویستدا.

**هەشتەم:** سەرۆکەکانی فەرمانگەکان لەقەزادا قایمقام ئاگادار دەکەنەوە لەو نووسراوانەی کە لەگەلَ فەرمانگە فەرمیەکانا ئالوگۆڕیان دەکەن.

**نۆیەم:** قایمقام بۆی هەیە تانووت لە بڕیاری لادانی لەلای دادگای کارگێڕیی تایبەت بدات.

## پێنجەم ـ ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری ناحیە

**ماددەی بیست و چوارەم:**

بەڕێوەبەری ناحیە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی خۆجێیەتی ناحیە و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕیی لە ناحیەدا.

**دووەم:** جێبەجێ ئەو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە دەریدەکات بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

**سێیەم:** سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی فەرمانگە فەرمیەکانی ناحیە و فەرمانبەرانی وپشکنینیان بەدەر لە یەکە سەربازییەکان وپاسەوانانی هەرێم (پێشمەرگە) و دادگاکان و زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەگەڵ ئەو فەرمانگانەی کەتایبەتمەندی فیدرالیان هەیە لە هەرێمدا.

**چوارەم:** بەڕێوەبەری ناحیە بەرپرسە لەدابین کردنی ئاسایش و نیزام لەناو یەکە کارگێڕییەکەی و بۆی هەیە فەرمان بداتە پۆلیس بۆ لێکۆڵینەوەی لەو تاوانانەی کە لە ناحیەکەیدا روودەدەن.

**پێنجەم:** پاراستنی ئاسایش و نیزام و پاراستنی مافەکانی هاووڵاتیان و گیان و موڵك وماڵیان.

**شەشەم:** پاراستنی موڵك و ماڵی گشتی و چاککردنەوەیان و کۆکردنەوەی داهاتیان بەپێی یاسا.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەری ناحیە بۆی هەیە فەرمان بداتە پۆلیس بۆ دامەزراندنی مەفرەزەی پۆلیس بەشێوەیەکی کاتی لە ناحیەدا بۆ پاراستنی ئاسایش لە کاتی پێویستدا.

**هەشتەم**: سەرۆکەکانی فەرمانگەکان لە ناحیەدا، بەڕێوەبەری ناحیە ئاگادار دەکەنەوە لەو نامەکارییانەی کە لەگەڵ فەرمانگە فەرمیەکاندا دەیکەن.

**نۆیەم**: بەڕێوەبەری ناحیە بۆی هەیە تانووت لەبڕیاری لادانی بدات لەلای دادگای کارگێڕی تایبەتدا.

## بەشی چوارەم
## یەکەم ـ لەنوێ دامەزراندنی یەکە کارگێڕیەکان

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

١- لەنوێ دامەزراندنی قەزا یا ناحیە بەمەرسوومێکی هەرێمی دەبێ و ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا و ڕەزامەندیی وەزیر و پەسندکردنی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.

٢- هەموارکردنی سنووری قەزا و گۆڕینی ناو و سەنتەرەکەی بەمەرسومێکی هەرێمی دەبێ، کە لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا و ڕەزامەندیی وەزیر و پەسندکردنی ئەنجومەنی وەزیران بێ.

٣- هەموارکردنی ناحیە و گۆڕینی ناو و سەنتەرەکەی بەبەیاننامەیەك دەبێ کە وەزیر لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی پارێزگا دەری دەکات.

## دووەم ـ دارایی پارێزگا

**ماددەی بیست و شەشەم:**

داهاتی دارایی پارێزگا لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

**یەکەم:** ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پارێزگای تەرخان دەکات لەناو بودجەی گشتی هەرێمدا.

**دووەم:** ئەو داهاتانەی کە پارێزگا دێتە دەستی لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی دەکات.

**سێیەم:** ئەو پیتاك و بەخششەی کە بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

**چوارەم:** ئەو داهاتانەی کە لە فرۆشتن و بەکرێدانی ماڵی گواستراوە و نەگواستراوە بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مال و موڵکی دەوڵەت و یاسا کارپێکراوەکانی دیکە دێتە دەستی.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

بەڕێوەبەرایەتی یەکە کارگێڕییەکان و ئەنجومەنە خۆجێییەکان سیستەمی ژمێریاری پشت پێ بەستراو لەکرداری ژمێریاری پەیرەو دەکەن.

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

فەرمانگەکانی یەکە کارگێڕییەکان و ئەنجومەنە خۆجییەکان دەکەونە بەر چاودێری کردنی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمدا.

# بەشی پێنجەم
# ماف و تايبەتمەندییەكان

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

١- ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەكانی يەكە كارگێڕییەكان ئازادی تەواويان هەیە لەدەربرینی راوبۆچوونەكانیان لەوتووێژكردنی ناو ئەنجومەندا.

٢- نابێ راوە دوونان یاگرتنی ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی يەكەی كارگێڕی ئەنجام بدرێ بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی ئەنجومەن بە نووسین تەنیا لە حاڵەتی ئەنجامدانی تاوان یا كەتنێك نەبێ كە پێیەوە دەگیرێ.

٣- ئەندامی ئەنجومەنی خۆجێیەتی يەكەی كارگێڕیی لە كاتی ماوەی ئەندامیەتی دا بەوە دادەنرێ كە خزمەتێكی گشتی پێ سپێردرا بێ بۆ مەبەستی پیادە كردنی یاسای سزاكان.

٤- سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەكان بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەكەیان پاداشتێكی مانگانەیان دەكەوێ، كە ئەنجوومەنی وەزیران دیاری دەكات.

٥- سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەكان لەكاتی تەواوبوونی خولی هەڵبژاردنیان پاداشتێك وەردەگرن كە يەكسان بێت بە پاداشتی شەش مانگی كۆتایی ئەندامێتی یان .

٦- كاری ئەندام لە ئەنجوومەنەكان بە خزمەت دەژمێردرێت بە مەبەستی عەلاوەو پلە بەرزكردنەوە و خانەنشینی .

## هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان

**ماددەی سییەم :**

**یەکەم :** ئەنجومەنەکان لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ٣/٢ ئەندامان لەم بارانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنەوە:

١. زیان گەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێی سپێردراوە.

٢. ئەگەر مانەوەی زیان بەخش بوو بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

٣. ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

**دووەم :** ئەنجومەن بۆی هەیە ئەنجومەنە خۆجێیەکان بە زۆرینەی دەنگی ٣/٢ی ژمارەی ئەنداسانی هەڵوەشێنێتەوە لەسەر داوای قایمقام بەنیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا یان بەرێوەبەری ناحیە بە نیسبەت ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە یان لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی خۆجێیەتی .

**سێیەم:** ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکان یان سێیەکی ئەندامانی بۆیان هەیە تانووت لە بریاری هەڵوەشانەوەکە لەبەردەم دادگای کارگێرپی بدەن لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی دەرچوونیەوە و دادەگاش دەبێ لە ماوەی (٣٠) رۆژ بریاری خۆی لە بارەی تانووتەکەوە بدات.

**چـوارەم:** پەرلـەمان بـۆی هەیـە ئەنجومـەنی پارێزگـا بـە زۆرینـەی رەهـا هەڵوەشێنێتەوە ئەمەش لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیـران ئەگـەر دەرکـەوت یەکێك لە هۆیەکانی کە لەبرگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەی لێ هاتەدی.

**پێنجـەم:** لـە بارێکدا کـە پەرلـەمان رەزامەنـدی لەسـەر پێشنیازەکە دەربـڕی، وادەی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نـوێ رادەگـەیـەنرێ لـە مـاوەی شەسـت رۆژ لـە مێژووی رەزامەندییەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**ماددەی سی و یەکەم:**

دەشـــێ ئەنـــدامانی ئەنجومەنـــە خۆجێیـــەکان و ســـەرۆکی یەکـــە کارگێڕیـــەکان(قایمقـــام و بەڕێوەبـــەری ناحیـــە) لـــە کـــار لابـــدرێن لەلایـــەن ئەنجومەنی پارێزگای پەیوەندیـدار بـە زۆرینـەی دوو لەسـەر سـێی٣/٢ ژمـارەی ئەندامانی لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە ماددەی (شەشـەم/ دووەم)ی ئـەم یاسـایەدا هاتوون.

**(کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی)**

**ماددەی سی و دووەم:**

**یەکەم:** ئەندامیەتی لە ئەنجومەنەکان لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێ:

١. تەواو بوونی ماوەی خولی هەڵبژاردن.

٢. مردنی ئەندام.

٣. تووشبونی بە ناتەواوی یان نەخۆشیەکی ترسناک کە نەیەڵێ بەردەوام بێ لەسـەر کارەکـەی بـەپێی بڕیارێـك کـە لـە لیژنـەی پزیـشکی تایبەتمەنـدەوە دەرچووبێ.

٤. وازهێنانی ئەندام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بەزۆرینەی ژمـارەی دەنگی ئەندامانی.

٥. لادانی ئەندام لەسەرکارەکەی بەهۆی ئامادە نەبوونی لە پێنج دانیشتنی یەك لـەدوای یـەکی ئەنجومـەن یـاخود ئامـادە نـەبوونی لـە چواریەکی ژمـارەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لـە مـاوەی چـوار مـانگ دا بەبێ عوزری ڕەوا.

**دووەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە ئەندامیـەت کۆتـایی پێبـێنێ بـە زۆرینـەی ڕەهـای ژمارەی ئەندامانی لـە کـاتی لـە دەسـت دانـی ئەنـدام لـە یـەکێك لەمەرجـەکانی

ئەندامیەتی، یان یەکێك لە هۆیەکانی کە لە ماددەی (شەشەم/ دووەم)ی ئەم یاسایەی لێهاتە جێ.

**سێیەم:** ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە تانووت لە بڕیاری کۆتایی پێهێنانی ئەندامیەتی لەبەردەم دادگای کارگێڕیی تایبەت لە هەرێم بدات بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.

## بەشی شەشەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی سی و سێیەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی پەسند بکات یان دووبارە دیزاین کردنەوەی یەکە کارگێڕیەکان لە پارێزگادا بکات.

**ماددەی سی و چوارەم:**

ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکە کارگێریەکان پێکدێنێ بە پێرەوێکی تایبەتی کە ئەنجوومەنی وەزیران دەری دەکات لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی.

**ماددەی سی و پێنجەم:**

ئەنجومەنە خۆجێیەکانی یەکە کارگێڕییەکان دەکەونە بەرچاودێری ئەنجومەنی نیشتمانی.

**ماددەی سی و شەشەم:**

چۆنیەتی رۆیشتنی کار لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان بەپێڕەوێك دیاری دەکرێ.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

خولی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کە ئێستا هەنە درێژ دەکرێنەوە تاکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێم ئەنجامدەدرێت.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی سی و نۆیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چلەم :**

ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی دادێی ئەنجومەنەکان جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بلاّودەکرێتەوە.

## هۆیە پێویستیەکانی

بەمەبەستی رێکخستنی تایبەتمەندیی و دەستەڵاتەکانی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگاکان و بەرێوەبردنیان لە هەرێمدا و پەرەپێدانیان و لە پێناوی بەدیهێنانی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەش کردنی دەستەڵاتەکان بە مەبەستی ئاسانکاریی و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بۆ هاووڵاتییان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا. ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

- تکایە ئاگاداریی بفەرموون وە ئەسڵی پرۆژەکە و رای لیژنەی هاوبەش بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتوویژ کردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوە.

لەگەڵ ڕێزدا...

دادوەر/ عەبدولکەریم هەوەند
بڕیاردەری لیژنەی یاسایی

دادوەر/ عەونی بەزاز
جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی

شێروان حەیدەری
سەرۆکی لیژنەی یاسایی

طارق جامباز
ئەندام

کەریم بەحری
ئەندام

دلێر محەمەد شەریف
ئەندام

خەلیل ئیبراهیم محەمەد
ئەندام

محەمەد صالح ئیسماعیل
ئەندام

قادر سەعید خضر(زانا)
ئەندام

د. ڕۆژان عەبدولقادر دەزیی
ئەندام

سەردار هەرکی
بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆ

ئاخر جەمال ئەنوەر
جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ

ئیسماعیل مەحمود عەبدوڵلا
سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ

جەمال قاسم
ئەندام

هیوا صابر
ئەندام

# رای لیژنەی کاروباری ناوخۆ
# سەبارەت بەهەموارکردنی یاسایی

پاش ئەوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣) رۆژی (٢٠٠٩/٣/٣١) لەخوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای قەدەغەکردنی جگەرەکێشان وەم یاسایەی رەوانەی لیژنەکەمان کرد، لیژنەکەمان لەرۆژی دوو شەممە رێکەوتی (٢٠٠٩/٤/٢٧) کۆبوونەوەی خۆی کردو پێشنیار وبووچونەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات:-

١. پێشنیاردەکەین کە ماوەی نوسینی هۆشداری تەندروستی کەلە ماددەی(٥)برگەی (٢)هاتووە دوابخرێت بۆ سالێکی تر ولە ئەنجامدا ماددەی یەکەمی پرۆژکە بەم شێوە دەبێت:
ماددەی یەکەم:-(جی بەجێ کردنی برگەی یەکەم ـ٢ لە ماددەی(پێنجەم)لە یاسای ژمارە(٣١)سالی ٢٠٠٧ دوا دەخرێت بۆ یەك سالّ دوای دەرچونی ئەم یاسایە)
٢. لێژنە پشتگیریی هەموو ماددەکانی تر دەکات وەکو خۆی هاتووە.

لەگەلّ رێزمان...

**کۆبونەوەکە بە ئامادەبونی بەرێزان:-**

| | | |
|---|---|---|
| سەردار صباح بۆزۆ هەرکی | اخر جمال انور | اسماعیل محمود عبدالله |
| بریاردەر | جێگری سەرۆک | سەرۆک |
| عبدالرحمن احمد | هیوا صابر احمد | جعفر مصطفی |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام |

# راپۆرت

لیژنەکەمان لەرۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٣/١٠) بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر نارەزایی و پێشنیارەکانی جەنابی سەرۆکی هەرێم بۆ هەموارکردنی چوارەمی یاسای ژمارە (١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، پاش ئەوەی ئەم نارەزایی و پێشنیارانە لەکۆبوونەوەی ژمارە (١) رۆژی (سێشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٣/١٠) خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراو سەرۆکی ئەنجومەن لەم کۆبوونەوەدا ئەم پرۆژەی بۆ لیژنەکەمان رەوانەکرد، لیژنەکەمان پاش گفتوگۆو دراسەت کردنی راو پێشنارەکانی خۆی بەم شێوەیە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ وەرگرتنی بریاری گونجاو:-

**یەکەم:** پرۆژەی هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە (١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کەلەڕۆژی (٢٠٠٩/٢/١٢) پەسەندکراوە، ولەرۆژی (٢٠٠٩/٢/١٥) رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراوەو جەنابی سەرۆکی هەرێم لەرۆژی (٢٠٠٩/٢/٢٢) نارەزایی لەسەر دەربڕیووە واتە ئەم نارەزایانە لەماوەی یاسایی خۆی بووە.

**دووەم:** سەبارەت بەخاڵی یەکەم لەم پرۆژەیە کە تایبەتمەندە بەماددەی چوارەمی هەمواری چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١) کە تایبەتمەندە بە برگەی (١) لەماددە (٢٢)و نارەزایی لەسەر دەستەواژەی (فئە)و گۆڕینی دەستەواژەی (حیزب أو فئە) بە دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) لیژنەکەمان لەگەڵ ئەم نارەزایەی پێی رەوایەو دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) یاسایی ترو گونجاو ترە چونکە دەستەواژەی فئە تەمومژی پێوە دیارە هیچ پێناسەی نییە لەهیچ یاساو رینماییو سیستەمەکان، کەچی دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) گونجاوترەو پێناسەی هەیە لەسستەمی ژمارە پێنجی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و بەتایبەتی کە ماددەی (٧) لە هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە (٧) ریگا بەکۆمیسیۆن دراوە کە یاساو سیستەمەکانی خۆی جێبەجێبکات. بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە برگەی (١)ی ماددەی (٢٢) بەم شێوازە دابرێژرێ:-

(هەر قەوارەیەکی سیاسی لەکوردستان- عێراق بۆی هەیە لستێکی تایبەتمەند بەخۆی پێشکەش بکات بەمەرجێك ڕێژەیێك بۆژنان کە ٣٠٪ کەمتر نەبێت تەرخان بکرێت و ناوی پاڵێوراوەکان بەشێوازێك دابرێژرێت جێبەجێی ئەم ڕێژەیە بکات لە پەرلەمانی کوردستان کە نابێت ژمارەی پاڵێوراوەکان لەهەر لیستێك لەسێ کەمتر بێت).

**سێیەم:** سەبارەت بە خاڵی دووەم تایبەتمەند بەماددەی حەوتەمی هەمواری چوارەم تایبەتمەند بەماددەی (١٨)ی زیادکراو لەیاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١) بەپێی هەمواری سێیەم سەبارەت بەلایەنی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لەهەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان پێی وایە دەسەڵاتی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکان لەماددەی (١١٠) دەستووری هەمیشەیی عێراق نەهاتووە واتە بەپێی ماددەی (١١٥) دەستووری هەمیشەیی عێراقی دەسەڵاتی هەرێمەو پێویستە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی خۆمان هەبێت بۆیە ئێمە لە لیژنەی کاروباری ناوخۆ پێشنیاز دەکەین کە پاش هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەبێت کۆمیسیۆنی خۆمان دروست بکەین بەڵام لەبەر نەبوونی کات و ئەگەری دروست کردنی ئەم کۆمسیۆنە لەم کاتەدا ببێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردنەکان ئێمە پێشنیار دەکەین کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنانە بکات تاکو کۆمیسیۆنی هەرێم دروست دەکرێت هەروەکو لەپرۆژەی هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە (١) دا هاتووەو بەم شێوەی خوارەوە:-

(تاکو کۆمیسۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان جێگای دەگرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان)

**چوارەم:** سەبارەت بەخاڵی سێیەم تایبەتمەند بەبابەتی سکالاکانی ولایەنی تایبەتمەند بە وەرگرتنیان لیژنەکەمان لەگەڵ هەردووک پێشنیارەو پێشنیار دەکەین لەماددەی (٣٧) یاسای ژمارە (١) جێگای بۆ بکرێتەوەو بەم شێوازەی خوارەوە:-

**ماددەی ( ٣٨ )**

١. کۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەهەر سەنتەرێکی هەڵبژاردن پوچەڵ بکاتەوە ئەگەر سەلمێندرا کە فێڵ یان یارێکی کاریگەر بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کراوە.

٢. ناکۆکیەکانو نارەزاییەکانی کاتی ئامادەکردنو جێبەجێکردنی رێکارەکانی هەڵبژاردن دروست دەبن لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان سەیر دەکرێن.

٣. دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تایبەتمەند دەبێت بەسەیر کردنی ئەو نارەزایانەو تانە لێدراوەکان کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆی رەوانە دەکرێن یان راستەوخۆ لەلایەن زیان لێکەوتووەکان لە بڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان.

٤. تێهەڵچوونەوە لەبڕیارەکانی کۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەبێت کە بڕیارەکانی کۆتایی دەبێت.

**پێنجەم:** سەبارەت بەخاڵی چوارەم کە پێشنار کراوە هاوڵاتیانی کوردستان- عێراق دانیشتوی دەرەوەی وڵاتن مافی بەشداریکردنیان هەبێت لەهەڵبژاردنەکان، لیژنەکەمان پشتگیریی دەکات و پێشنیار دەکەین لەماددەی (بیست) جێگا بکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە:-

## ماددەی (٢٠)

١. دەنگدەر دەبێت هاوڵاتی کوردستانی عێراق بێت و هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت.

٢. هاوڵاتیانی کوردستانی عێراق کە ئێستا دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن مافی بەشداریکردنیان هەیە لەهەڵبژاردنەکان ئەگەر ئەو مەرجانەی لەبڕگەی پێشوی هاتووە هەیانبێت، وئەم مافە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت کاتی ئامادەباشی تەواو دەبێت.

**شەشەم:** سەبارەت بەخاڵی پێنجەم لەپرۆژەکە تایبەتمەند بەپێشنیارکردنی رێگەدان بەگشت دەنگدەرانی سەر بەهێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپاو پاسەوانەکانی هەرێم و کارمەندان و خزمەتگوزارانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان پێش هەڵبژاردن دەنگی خۆیان بدەن. لیژنەکەمان لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە چونکە بەم شێوەیە هەڵبژاردنەکان باشتر رێک دەخرێت و رێگا بەشێوازێک لەتەزویرکردن دەگرێت. وپێشنیار دەکەین لەماددەی (١٣)یاسای ژمارە (١) جێگای بکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە:-

## ماددەی (١٣)

١. دەنگدان لەهەموو هەرێمی کوردستان لەیەک رۆژدا دەکرێت.

لەدوای دەستبەكاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان لەرۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێكهێنانی لیژنە هەمیشەییەكان، لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی بە پشت بەستن بەحوكمی مادەی ٣٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراوو بڕیاری ژمارە ٣ی رۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بە پێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی رۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە لەم بەڕێزانەی كەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێكهێنرا، لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی هەڵسا بەدابەشكردنی ئەندامەكان بەمشێوەیەی خوارەوە لەكەشوهەوایەكی دیموكراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەكانی بە مجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| | |
|---|---|
| مەلا سەعدەدین مەلا عەبدوڵلا | سەرۆكی لیژنە |
| ئەنوەر محەمەد غەفور | جێگر |
| فاروق كەریم فەتاح | بڕیاردەر |
| بابا تاهیر شێخ جەلال | ئەندام |
| جەمیل محەمەد گەردی | ئەندام |
| حەسەن بابەكر ئەحمەج | ئەندام |
| حسێن محەمەد رەشید | ئەندام |
| خورشید سەلیم شێرە | ئەندام |
| عوسمان ئەحمەد حەمەدەمین | ئەندام |
| فەتاح عەبدوڵلا نەقشبەندی | ئەندام |

# چالاكییەكانی
## ساڵی ( ٢٠٠٥-٢٠٠٦ )

١- نوسراوی ژماره (١)لـه ٢٠٠٥/٧/٥ كۆنووسی كۆبوونـەوه دەربارەی ماددەكانی (٣٧-٣٨) كراوه بۆ سەرۆكایەتی رەوانە كراوه.

٢- كۆنووســی ژمــاره (٢) لــه ٢٠٠٥/٨/٧ كۆبوونــەوه دەربــارەی خــاڵی یەكــەم، هەڵبژاردنی بەرێز (جمیل محمد گەردی) بـۆ یـەك لیژنـە دووەم، چاودێری كردنی وەزارەتی ئەوقاف ئاگاداربوون له ئیش و كارەكانیان.

٣- كۆنووسی ژماره (٣) له ٢٠٠٥/٩/٨ كۆبوونەوه كرا دەربارەی (هیكل عمـل) ی وەزارەتی ئەوقاف و دام و دەزگاكانی ئامـاده بكـەن، ئامـاژه بـه رەوشـی ووتـار بێژان كرا، سەردانی لیژنەكەمان بۆ وەزارەتی ئەوقافی هەردوو ئیداره كرا.

## چالاكییەكانی ساڵی ٢٠٠٦

٤- كۆنووســی ژمــاره (٤) لــه ٢٠٠٦/٥/٢١ كۆبوونــەوه كـرا دەربـارەی سـەرژمێری كردنــی فەرمانبــەرانی ئــەوقاف، ئامــادەكردنی كـارو پرۆژەكـانی وەزارەت لەچەند ساڵی رابردوو.

٥- كۆنووســی ژمــاره (٥) لــه ٢٠٠٦/٥/٢١ كۆبوونــەوه كــرا دەربــارەی دانــانی لیژنـەیەك بۆ پیاوانی ئاینی و چاودێری كردنیان، دوای تـاوتوێكردنی لەسـەر ئەو كەسانەی كه دەبنـه مەسـیحی و وەرگرتنـی بیرورایـی خـەڵكی دەربـارەی ئەم مەسەلەیە.

٦- کۆنووسی ژمارە ٣١ لە ٢٠٠٨/٥/٢٥ رەوانە کراوە، کە تایبەتە بە پشتگیری کردنی دەقی بەیاننامەی یەکێتی زانایان.

٧- کۆنووسی ژمارە ٣٢ لەبابەت حەج کردن بۆ مالّی خودا لەدوای سەردانێکی لیژنە بۆ وەزارەتی ئەوقاف.

٨- کۆنووسی ژمارە ٣٣ لە ٢٠٠٨/٦/٢٥ رەوانەکراوە، کەتایبەتە بە یاداشتێك کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئاراستەی لیژنە کراوە.

٩- کۆنووسی ژمارە ٣٤ لە ٢٠٠٨/٩/٢٨ رەوانە کراوە، دەربارەی پرۆژە یاسای باری کەسیەتی.

١٠- کۆنووسی ژمارە ٣٥ دەربارەی داواکاری هاوولاّتی (ملا عوزێر حافظ) کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئاراستەی لیژنە کراوە.

تەواوی ئەو چالاکی و کۆنووسانەی سەرەوە لە لایەن لیژنەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان. عیراق کراوە.

لەگەلّ ریّزدا...

ملا سعد الدین ملا عبدالله

سەرۆکی لیژنە

- لێژنــه بەدواداچــونی بــەردەوامی هەیــە بــۆ بەریوەبەرایەتیــەکانی ســەر بــەوەزارەتی نــاوەخۆ کــە تایبــەتن بەبەدواداچــوونی کێشەی تونــدو تیــژی بەرامبــەر بــەئافرەت . هــەروەها لەرێگــەی جــەنابی وەزیــری مــافی مرۆڤــەوە کــە سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی تونـدو تیـژی دژ بەئافرەتـە, بەدواداچوون بـۆ کاری ئەو لێژنەیـە بەردەوامـە هـەروەها بەدواداچوونی بـەردەوام بـۆ کارەکانی کۆمسیۆنی بالآی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەکرێت کە سەرۆکی حکومەت خۆی سەرۆکایەتی دەکات.

_ دانیــشتنی تایبــەتی کــردووە لەگــەڵ وەزارەتو ناوەنــدە پەیوەندیــدارەکانو دانانی رێو شوێن بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە ,لە بەدواداچوونیدا بۆ مەسەلەی ســوتانو خۆســوتاندی ژنــانو ئافرەتــان لێژنــه ســەردانی نەخۆشــخانەو قوربانیــەکانو کەســوکاری نزیکیــانی کــردوەو پەیوەنــدی بــەریکخراوەکانی کۆمــەڵگای مــەدەنی تایبەتمەنــد کــردووەو لەگــەڵ وەزارەتــە پەیوەندیــدارەکان دیداری ئەنجامداوە.

_ لــە٢٠٠٦\١١\٢٩ ســەردانی پــەناگاکانی ئافرەتــانو ژنــان (مــاڵی خــانزاد,مــاڵی خەنده , ماڵی ئاسوده .....هتد) کراوه لەهــەولێرو سلیمانیو دهۆك وهــەروەها بەندیخانــەو خانەی ناوجــەوانانو خانــەی بەساڵاچــووان،کار بــۆ بەدواداچــوونی بــارو دۆخــی ئافرەتــانو ژنــان منــداڵانو میردمنــاڵان لــەو پەناگایانــەدا , کــراوەو راپۆرتو پێشنیار ئامادەکراوەو خراوەتە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان .

_ پــرۆژە یاســای قەدەغــەکردنی خەتەنــەی مێینــە لەرێکــەوتی ٢٠٠٧\٤\٢٨ ئامــادەکراوە لەرێکــەوتی ٢٠٠٧\١٠\٣١ پێــشکەش ســەرۆکایەتی پەرلــەمان کــراوە لەسەرەتای مانگی ٢٠٠٧\١٢ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا.

_ پرۆژە یاسای نەهێشتنی توندو تیژی دژ بەئافرەتان و ژنان لەناو خێزاندا ئامادەکراو بۆ گفتوگۆ دراوەتە ناوەندەکانی پەیوەندیدارو وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر.

_ لەمەسەلەی کوشتنی (دوعا ) لیژنە لەرێکەوتی ٢٠٠٧\٤\٢٩ پێشوازی لەچەندین وەفدو ڕێ پێوانی جەماوەری ئافرەتان و ژنان کردووە لەرێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە یاداشتنامە ئاراستەی حکومەت کراوە سەبارەت بەئەنجامدانی ئەو تاوانەو داوا کراوە کە داوا لەحکومەتی عیراق بکرێت بۆ بەدواداچوونی ئەو تاوانانەو گرتنە بەری رێو شوێنی یاسایی لەدژی تاوانباران(ناوچەکە دەکەوێتە ژێردەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی) هەڵسوکەوت لەگەڵ تۆمەتبارانـدا , پێشوازی زیاتر لە٧٤ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوی کوردستان سەبارەت بەئیدانەکردنی کوشتنی "دوعا" , کراوە.

_ لەمەسەلە تایبەتمەندەکاندا هاوکاری باش لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لیژنەکەدا هەیە.

_ دەربارەی پرۆژەی یاسای حکومەت سەبارەت بەبرگەی (٤) لەیاسای داواکاری گشتی ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٧٩ , تایبەت بەنەهێشتنی مەرجی هاوسەرگیری بۆ گەیشتن بەپلەی دادوەر یان داواکاری گشتی , رای لیژنە لەگەڵ پرۆژەکەدا بو بەلام کە ئەو مەرجە پیاویش نەگرێتەوە،واتە بۆ ژن و پیاو ئەو مەرجە نەمێنێت.

_لەرێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٥ نوێنەری لیژنەکەمان بەشداری کرد لەکۆنفرانسێك لەژێرناوی(بەڵێ بۆ ژیانێك دوور لەتوندوتیژی دژی مێینە)لەهوتێلی چوارچرا لەهەولێر کە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنیەوە ڕێکخرا بوو .

**_ لیژنەکەمان لەسالی ۲۰۰۷ی پێشوازی لەم ڕێکخراوو وەفدانەی کردووە بۆ مەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی مەسەلەکانی ئافرەتان و ژنان لەهەرێمی کوردستان.**

_ سەبارەت بەکارو باری لیژنەکەو رۆلی ئافرەت لەناو پەرلەماندا بیرو بۆچون گۆراوەتەوە وە باس لەچۆنیەتی پێشکەش کردنی هاوکاری بۆ لیژنەکە کراوە.و پەیوەندی دروست کراوە لەگەڵ ڕێکخراوی unifem وە کو پەرلەمانی کوردستان وە چەندین جار بەشداری کراوە لەچالاکی یەکانی لەدەرەوەی وولات لەدامەزراندنی تۆری ژنان لەرووبەروو بونەوەی کێشە کۆمەلایەتیەکان و لەدانانی ستراتیژی UN و ڕوبوروبونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەعیراق.

_ چەند جار پێشوازی لەنوێنەری UN کراوەو گفتو گۆ کراوە لەسەر مەسەلەکانی ئافرەتانی کوردستان . بەشداری کراوە لەدوو لەچالاکییەکانی unifem لەعمان.

_ بۆ ئەنجامدانی گشت کارو پرۆژەو چالاکی یەکانی لیژنە دەیان کۆبوونەوەو چاو پێکەوتن لەگەڵ لایەنە جیاجیاکانی پەیوەندیدار , کردووە.

_ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاری هەولێر لە(۱۹\۲\۲۰۰۷ ).

_ نوێنەرانی احداثي هەولير ۱۹\۲\۲۰۰۷\ .

_ پێشوازی لەهەردوو ڕێکخراوی مەکتەبی کاروباری ژنان و تەفگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان لە۲۰\۲\۲۰۰۷ کراوە.

_ پێشوازی لەچەندین خوێندکارو قوتابیانی(ماستەرو دکتورا ) لەدەرەوەی ولات کراوە ,و هاوکاریان کراوە چ بەزانیاری یان بەرێنمایی پێشکەشکردن ,و هەروەها پێشوازی لەخوێندکارو قوتابیانی زانکۆکانی ناوەخۆش کراوەو هاوکاریان کراوە.

_ پێشوازی بەڕێوەبەرایەتی کوماژنین بلند لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٣/١٩ .

_ پێشوازی نوینەری تایبەتی تونی بلیر (خاتوو ئان کلوید), لەرێکەوتی٢٠٠٧/٣/٢٠.

_ پێشوازی تۆری هاوبەشی رێکخراوەکانی سلیمانی لەرێکەوتی ٢٠٠٧\٣\١٠ .

_ رێکخراوی وادی ( کارکردن لەبواری توندو تیژی خەتەنە) لەرێکەوتی ٢٠٠٧\٦\٢٥.

_ پێشوازی ژمارەیەك لەلیکۆلەرەوەی داد (محقق عدلی )٢٠٠٧\٧\٢ .

_ وەفدی رێکخراوی سایە لەرێکەوتی ٢٠٠٧\٧\١٩.

_ پێشوازی وەفدێکی ئافرەتانی کورد لەیوتو بوری (سوید)

_ وەفدێکی نوێنەرانی رێکخراوی KNC .

_ وەفدێکی یەکێتی ژنانی کوردستان – سلیمانی .

_ وەفدێکی دەفەری گەرمیان.

_ ئەندامانی پەرلەمانی عیراق.

_ وەفدێکی رێکخراوی پەیوەندی ئیسلامی .

_ وەفدێکی NDI بەسەرپەرشتی خاتوو ماریا

_ وەفدێکی کۆمەلەی ژین .

_ ١٧ رێکخراوی ئافرەتانو ژنانو خوشکان .

_ سەردانی وەفدی سویدی لەرێکەوتی ٢٠٠٧\١١\١٥ .

_ سەردانی کۆبەندی ئافرەتانی حیزبە کوردستانیەکان لەرێکەوتی ٢٠٠٧\١١\١٥.

_ سەردانی وەفدی مەکتەبی مافی مرۆڤ UN (یونامی)لە رێکەوتی ٢٠٠٧\١١\١٥ .

_ سەردانی رێکخراوی وادی \ئالمانی لەرێکەوتی ٢٠٠٧\١١\١٥ .

_هەروەها لێژنەکەمان پێشوازی لەگەلێك ناوەندو ریکخراوو میدیاو وەفدی(ناوەخۆو دەرەوە)....هتد کردووە بۆ مەبەستی جیاجیا، بەهەمان شێوە

دیداری لەگەڵ خەڵکی سادە کردوە کەخاوەن کێشەی تایبەتین، هەوڵ دەدات لەرێگای لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ئەو کێشانە چارەسەر بکات.و لەناو زۆربەی کۆمەڵگاکانی ناوەوەو دەرەوەی هەولێر کۆڕو سمیناری ئەنجامداوە دەورێکی مەیدانی هەبووەو بەردەوامیشە.

- ئەونوسراوانەی کەلیژنەکەمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە:

| ژمارە | بەروار | لایەنی رۆیشتوو | بابەت |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٧/١/٢٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٢ | ٢٠٠٧/١/٣١ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٣ | ٢٠٠٧/٢/١١ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٤ | ٢٠٠٧/٢/٢٥ | سەۆرکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٥ | ٢٠٠٧/٢/٢٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٦ | ٢٠٠٧/٣/٢٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی تایبەت بەکۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری تۆنی بلیر |
| ٧ | ٢٠٠٧/٣/٢٩ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٨ | ٢٠٠٧/٤/١٠ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ٩ | ٢٠٠٧/٥/٢٤ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ١٠ | ٢٠٠٧/٦/٢٣ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ١١ | ٢٠٠٧/٦/٢٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |
| ١٢ | ٢٠٠٧/١١/٦ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | راپۆرتی لیژنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | ٢٠٠٧/٢/٢٠ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | ئاماری ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵ لەساڵی ١٩٩٠ وە کەرێژەی لەدایك بوونی کوڕان زیاترە (پەیوەست بەمەسەلەی فەژنی) |
| ١٤ | ٢٠٠٧/٢/٢٠ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | یاداشتنامی کۆمیتەی دایکانی ئاشتی |
| ١٥ | ٢٠٠٧/٣/٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | یاداشتنامەی خێزانی بەندکراوەکان |
| ١٦ | ٢٠٠٧/٣/٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | یاداشتی دایکانی ئاشتی سەبارەت بە(عبدالله ئوجەلان) |
| ١٧ | ٢٠٠٧/٣/٢٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | پرۆژەیاسای باری کەسێتی |
| ١٨ | ٢٠٠٧/٣/٢٦ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | پرۆژەیاسای باری کەسێتیوەك شێوازی پرۆژەکانی تر |
| ١٩ | ٢٠٠٧/٥/٨ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | یاداشتنامەی(١٠٠)ڕێکخراو وکەسایەتی کوردستان |

# کاروچالاکیەکانی لیژنە لەسالی ٢٠٠٨

لیژنەکەمان لەساڵی ٢٠٠٨ (٥٧)کۆبونەوی ئەنجامداوە بەئامادەبوونی سەرۆکایەتی لیژنەو ئەندامانی لیژنە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

**یەکەم:** سەرۆکایەتی لیژنەکەمان (٦)کۆبونەوەی کردووە لەگەڵ ئەندامانی لیژنە سەبارەت بەپرۆژەیاساکان:

١_لەرێکەوتی١٠/٢/٢٠٠٨ لیژنەکەمان کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا سەبارەت بەدیاردەی توندو تیژی دژ بەژنان.

٢_لەرێکەوتی ١٦/٢/٢٠٠٨ سەبارەت بەرۆژی جیهانی ئافرەتان ٨ی مارس کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا تێیدا بریاریاندا پۆستەری پیرۆزبای ئامادەبکرێ بەم بۆنەیەوە هەروەها پێشنیار کرا کەسیمینارێك ساز بکرێ تایبەت بە٨ی مارس وپیشاندنی فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر خەتەنەکردنی مێینە,راپۆرتێکی تایبەت پێشکەش بەحکومەت بکرێ سەبارەت بەمەسەلەی توندوتیژی دژ بەژنان.

٣_لەرێکەوتی ١٨/٢/٢٠٠٨ رۆژی دووشەممە سەبارەت بە٨ی مارس کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا .

٤_لەرێکەوتی ١٥/٦/٢٠٠٨ بەئامادەبوونی گشت ئەندامانی لیژنە دانیشتنی خۆیان کرد لەسەر (راپۆرتی پرۆژەیاسای نەهێشتنی توندوتیژی ناو خێزان).

٥_لەرێکەوتی ١٥/٩/٢٠٠٨ کۆبونەوەي خۆی ئەنجامدا لەسەر پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ناوخێزان.

٦_لەرێکەوتی ١٦/٩/٢٠٠٨ سەبارەت بەپرۆژەیاسای باری کەسێتی و مناقەشەکردنی ئەم پرۆژە یاسایە کۆبونەوەی خۆی کرد.

لیژنەکەمان بەبۆنەی ٨ ی مارس بەشداری لەم کۆڕو سیمینارانەی خوارەوە کردوە:

١. بەشداری لەکۆبونەوەی وەزارەتی هەرێم بۆ کارو باری ئافرەتان وژنان کرد، سەبارەت بە(توندو تیژی دژ بەئافرەت، باری دەرونی ئافرەت،دووری ئافرەت لەکۆمەڵگە دا).
٢. بەشداری لەسیمینارێك کرد سەبارەت بە(توندو تیژی ئافرەتان) بەهاوکاری رێکخراوی هاوبەشی ئافرەتان و ژنان.
٣. رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر.
٤. لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/١١ لیژنەکەمان بەهاوکاری رێکخراوی کوردستان بۆپەرەپێدانی مەدەنیەت kocd گفتوگۆیان سازکردلەسەر رەشنوسی (پرۆژە یاسای نەهێشتنی توندوتیژی ناو خێزان)،کەزیاتر لە٤٠ رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادەی بوون.
٥. لە٢٠٠٨/٣/٩ رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان لەگەڵ لیژنەکەمان سیمینارێکیان کرد سەبارەت بەپێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە لەناو حزبە سیاسیەکان کوردستان.
٦. لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٣/٦ نوێنەری لیژنەکەمان بەشداری لەئاهەنگی ٨ ی مارس کرد لەزانکۆی کوردستان.
٧. لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/٨ رۆژی شەممە نوێنەری لیژنەکەمان بەهاوکاری(هاوکار گروپ) بەشداری لەکردنەوەی پیشانگای هاوبەشی ئافرەتان کرد.

**دووەم:** لەساڵی ٢٠٠٨ لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان و ژنان بەمەبەستی ئەنجامدانی کارەکانی خۆی سەردانی(١١)شوێنی جیاجیای کردووە:

١_لەرێکەوتی ٢٦-٢٧/١/٢٠٠٨ نوێنەری لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان بەشداری کرد لەکۆنگرەیەك لەژێر ناونیشانی(صرخة نساء العراق) لەناوچەی سەوز لەبەغداد.

٢_لەرێکەوتی ١٧/٢/٢٠٠٨ لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان بەشداری لەکۆبونەوەیەك کرد لەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان سەبارەت بە٨ی مارس وهەروەها تەئکید لەسەر مەسەلەی جەندەر کرایەوە .

٣_لەرێکەوتی ١٨/٢/٢٠٠٨ لیژنەکەمان کۆبونەوەی کرد لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ بەدواداچوونەوەی کارەکانی لیژنەی بالاَی بەدواداچونەوەی توندوتیژی دژبەژنان و ئافرەتان.

٤_لەرێکەوتی ٤/٦/٢٠٠٨ )بەشداری کرد لەکۆنگرەی ئافرەتانی شیمالی عیراق کەلەلایەن هێزی فرە رەگەزیەوە سازدرابوو,لەم کۆنگرەیە نوێنەرانی هەریەك لەشارەکانی(هەولێر,دهۆك,سلێمانی,موصل,صلاح الدین,کرکوك)بەشداریان کرد.

٥_لەرێکەوتی ٥/٦/٢٠٠٨ نوێنەری لیژنەکەمان بەشداری کردلەسیمینارێك لەژێرناونیشانی (مافی ئافرەت لەیاسای باری کەسێتی ژمارە١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩)کەرێکخراوی هێلان بۆ پەرەپێدانی کەسایەتی ئافرەت ومنداڵ هەڵسا بەسازدانی ئەم کۆرە بۆبەرێز(برایم اسماعیل خۆشناو)قازی یەکەم لەدادگای باری کەسی لەهەولێر.

٦_لە رێکەوتی ٦/٨/٢٠٠٨ وەفدی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان سەردانی سنوری ناوچەی بادینانیان (بامەڕنی _ ئاردانی) کرد ، بەبۆنەی ١٦ی ئاب . ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك خیوەتگایەکی بۆ (٥٥ _٦٠) ئافرەت کرەوە.بەم بۆنەیەوە سەرۆك و بریاردەری لیژنە بانگهێشت کرابوون بۆ پێشکەش کردنی بابەتێك سەبارەت بەکاری لیژنەکانی پەرلەمان بەگشتی و

لیژنـــەی داكـۆكیكردن لـەمافی ئافرەتــان و ژنــان بەتایبــەتی هــەروەها دەوری ئافرەتانی ناو پەرلەمان.

٧_ لەرێكــەوتی ٢٠٠٨\١٠\٨ لیژنــەی داكـۆكیكردن لــەمافی ئافرەتــان و ژنــان بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تەندروستی سەردانی سەنتەری دەستنیشانكردنی نەخۆشـیەكانی مـەمكیان كـرد,بۆزیــاتر ئاگـاداربوون لـەكارو چـالاكییەكانی سەنتەری ناوبراو.

٨_ لەرێكەوتی ٢٠٠٨\١١\١٩بەبۆنەی هەفتەی توندوتیـژی دژی ئافرەتـان لـەهۆڵی وەزارەتی تەندروستی لیژنەی داكۆكیكردن لەمافەكانی ئافرەتان و ژنان كۆرێكی پێشكەش كـرد سـەبارەت بـەپرۆژەی خەتەنـەكردنی مێینـە كـە تـاكو ئیـستا پەرلـەمان لـەم بارەیـەوە بۆئـەم مەبەسـتە بـەتێرو تەسـەلی باسـی كـارو چالاكیەكانی لیژنەی كرد بۆ بەشداربوان.

٩__ لەرێكـەوتی ٢٠٠٨\١١\٢٠لیژنـەی داكـۆكیكردن لەمافـەكانی ئافرەتـان و ژنـان بەبۆنەی هەفتەی توندوتیژی بەشداریان لەسیمیناریك كـرد لـەهۆڵی چوارچـرا كەلەلایەن سـەرۆكی حیزبـی چـەپی سویدی ئەنجامـدرا سـەبارەت بەمەسـەلەی ئافرەت لەسوید.

١٠_ لەرێكـەوتی ١٢\١٧ \٢٠٠٨بەبۆنــەی یــادی (٥٦)ەمــین ســاڵی دامەزرانــدنی (ی.ئ.ك)وكردنـــەوەی بارەگـــای نـــوێ ی مەكتـــەبی ســـكرتاریەت لیژنـــەی داكۆكیكردن لەمافەكانی ئافرەتان و ژنان بەشداری كرد لەم بۆنەیەدا.

١١_ لەسەربانگێشتی ئۆفیـسی نەتـەوە یـەكگرتوەكان لەبغـداد بۆبەشـداریكردن لەگفتۆگۆكردن دەربارەی سیستەمی یاسادانان لەعیراق بۆ مافـەكانی ئافرەتـان و منـاڵان لـەرۆژی ٢٣-٢٠٠٨/١١/٢٤لەكۆشكی كۆنگرەكان (قصر المؤتمرات) نوێـەری لیژنـەی داكـۆكیكردن لەمافـەكانی ئافرەتـان و ژنـان كۆبونـەوەی كـرد لەگـەڵ ئۆفیسی نەتەوە یەكگرتوەكان.

١٢-لەمانگی حوت وهەشت نوێنەری لیژنەکەمان بەشداری کرد لەکۆنگرەی دژە توندوتیژی لەهەریەك لەبصرەو ناصریە کە بسەرپەرشتی وەزیری کاروباری ژنان (عیراق) رێکخرابوو.

سێیەم: لەماوەی سالی ٢٠٠٨ (٢٩)رێکخراوو وەفدو لایەنی پەیوەندیداربەمەسەلەی ئافرەتانو لایەنی تر سەردانی لیژنەکەمانیان کردووە:

١. لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٢/١٤ شانێکی (بەرێوە بەرایێتی بەدواداچونی توندو تیژی دژی ئافرەت) سەردانی لیژنەکەمانیان کرد , کە پێك هاتبوون لەعقید ژیلەمۆو ملازم ژیان. بەمەبەستی باسکردن لەرەوشی توندو تیژی دژی ئافرەتانو چۆنیەتی رووبە روو بوونەوەی ئەو دیاردە ناشارستانیە,و تاوتوێ کردنی.

٢- سەردانی وەفدی RTI بۆ لیژنەی داکۆکیکردن لەماف ئافرەتان وژنان لەرێکەوتی ٢٠٠٨/١/٢٢ .

٣_ سەردانی وەفدی فیدراسیون لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٢/١١ ,مەبەست لەسەردانەکە :بۆ بەدواداچونی پێشنیاری رێکخراوەکانی ناو فیدراسیون لەمەڕ هەندێك ماددەو برگەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

٤- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/١/٣٠ نوێنەری لێژنەکەمان دیدارێکی لەگەڵ راگەیاندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان (گۆڤاری وێ ) سازدا ,سەبارەت بەپرۆژەی خەتەنە کردنی مێینە.

٥_لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٢/١٨ لێژنەکەمان پێشوازی لەوەفدیکی بیانی کە پێك هاتبوون لەبەرێزان :

_ئانا ماریا کۆمەس ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا

_ دیڤید هاتمنهین یاریدەری بەرێز خاتو کۆمەس

_ بورهان نامق جاف نوێنەری حکومەتی کوردستان لەیەکێتی ئەوروپا _ بروکسل لەسەردانەکە باس لەمەسەلەکانی ئافرەت کرا بەتایبەتی مەسەلەی توندو تیژی دژی ئافرەتو دیاردەی خەتەنەی ئافرەتانو کوشتنی ئافرەتان،و بەرادورد کردنی ئەم دیاردانە لەکوردستانو لەئەوروپا.

٦_ لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٢/١٩ قوتابیانی کۆلیژی نیلۆفەر سەردانی تەلاری پەرلەمانیان کرد , لەلایەن نوێنەرانی لیژنەی پەروەردەو نوێنەری لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان وژنان پێشوازیان لێ کرا. چەندین پرسیار سەبارەت بەدیاردەی توندو تیژی دژ بەئافرەتانو دەوری رێکخراوەکان لەم مەسەلەیە بۆ هۆشیار کردنەوەی جەوماوەرو دەوری لیژنەکەشمان لەناو کۆمەلگادا،لەلایەن نوێنەری لیژنە وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

٧_ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٥ لیژنەکەمان پێشوازی لەرێکخراوی کوردستان بۆ پەرەپێدانی مەدەنیەت , کرد

٨_ بەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/٣ زانکۆی کوردستان سەردانی لیژنەکەمانیان کرد .مەبەست لەسەردانەکە داوەت کردنی ئەندامانی لیژنە بۆ زانکۆکەیان بەبۆنەی ٨ ی مارسو سازدانی سمینارێك بەم بۆنەوەیە.

٩_ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/٤ لیژنەکەمان پێشوازی لەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (ئەندامی لیژنەی مافەکانی مندلانو ژنلنو خێزان ) کرد سەبارەت بەکاری هەردوولیژنەو هەماهەنگی نێوانیان قسەکرا.

١٠_ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/١٣ oliver piot پەیامنێری رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی سەردانی لیژنەکەمانیکرد ،گفتوگۆیان لەگەڵ کرا سەبارەت بەرەوشی کوردستان وئافرەتان

١١_ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/١٨ لەهولی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتانو ژنان , مێزگردێك لەگەل رۆژنامە رۆژنامەی رۆژنامە , ساز کرا:_

بابەتی مێزگردنەکە بریتی بوو لەگفتو گۆو تاوتوێ کردنی "پرۆژەی یاسای" (هەموار کردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ۱۸۸ی ساڵی ۱۹۵۹ ی هەموار کراو).

۱۲- لەرێکەوتی ۲۰۰۸/٤/۱ بەرێز خاتوو (بەیان توفیق ) سەرۆکی سەنتەری نەژبیر بۆ چالاکی رۆشنبیریو کۆمەلایەتی ئافرەتان لەسنوری (دیانا _ سۆران )و ئەندامی لقی ۱۰ ی پارتی دیوکراتی کوردستان لەسنوری ناحیەی دیانا ، سەردانی لیژنە داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنانی ،مەبەست لەسەردانەکەی پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێك دەربارەی کۆنفراسی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەپرۆژەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ۱۸۸ی ساڵی ۱۹۵۹ هەموار کراو.

۱۳- لەرێکەوتی ۲۰۰۸/٤/٦ کاتژمێر ۱۰ ی بەیانی وەفدی رێکخراوی کوردستان بۆ پەرە پێدانی مەدەنیەت سەردانی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنانیان کرد بەمەبەستی باسکردن لەسەر راپۆرتی سیمناری سەنتەری کوردستان بۆ پەرە پێدانی مەدەنیەت کە (۲۰۰۸/۳/۱۱) بەسترا سەبارەت بەرەشنوسی پرۆژەی نەهێشتنی توندوتیژی خێزان ،کە کۆمەڵێك پێشنیاری لەخۆ دەگرێت. وەهەروەها سەبارەت بەو چالاکیانەی ئیستا دەکرێ لەسەر پرۆژە یاسای هەمووارکردنی باری کەسێتیو چۆنیەتی هەماهەنگی بۆ روونکردنەوەی ئەم یاسایە. کە پێکهاتبوون لەبەرێزان کاك ئاریو خاتوو هدی.

۱٤- لەرێکەوتی ۲۰۰۸/٥/۷ وەفدی ریکخراوی (لیزا) ی نەمساوی سەردانی لیژنەیان کرد ،مەبەست لەسەردانەکە بریتی بو لەئاشنابوون بەکارو چالکییەکانی لیژەو هەروەها باسکردن لەکێشەکان ئافرەتان و ژنان وەکو توندوتیژی ئافرەتان و خەتەنەکردنی مێینەو چارەسەرکردنی ئەم کێشانە .ئەم رێکخراوە جگە لەلەنەمسا، لەعیراق و کوردستان و تورکیا کار دەکات و بۆ

پشتگيريكردن لەمافەكانى ئافرەتانو ژنانو بارەگاى سەرەكى لەشارى سليمانيە.

١٥_پاش نيوەرۆى ٢٠٠٨/٥/٧ كاتژمێر ١٢،٣٠ ى دواى نيوەرۆ وەفدى هنگارى سەردانى ليژنەكەمانيان كرد بەمەبەستى هاوكارى ئەو ولاتانەى كە رژێميان لەديكتاتوريەت گۆراوە بۆ مركزى ،و هاوكارى كردنە بۆ كوردستان بەتايبەت كاركردن بۆ يەكسانى ئافرەتانو كارى وەفدەكە زياتر سياسىو رۆشنبيرىو كۆمەڵايەتى يە.

١٦- لەرێكەوتى ٢٠٠٨/٥/٧ ژمارەيەك لەنوێنەرى رێكخراوەكانى ئافرەتانو ژنان لەهەرێمى كوردستان ،سەردانى ليژنەكەمانيان كرد بەمەبەستى تاوتوێ كردنى كۆمەڵێك پرۆژە ياسا ،و بەمەبەستى جەخت كردنەوە لەسەر داواكانيانو پێشنيارەكانى خۆيان لەسەر رەشنووسى دەستورى هەرێمى كوردستان خستە بەردەم ليژنە.

و وەفدەكە پێكهاتبوو لەنوێنەرانى رێكخراوەكانى كەمپى داكۆكيكردن لەمافە ياسايىو مەدەنيەكانو تواناسازىو چالاكڤانى ئافرەتانو لەگەڵ نوێنەرى فيدراتسيۆنى ئاژێ.

١-سەميرە محمد _ئەندام لەكەمبيى داكۆكيكردن لەمافە ياسايىو مەدەنيەكانى ئافرەتان

٢- اميرە حسن _ چالاكى لەبوارى ئافرەتان

٣- عايشان على _ تواناسازى ئافرەتان

٤- زەكيە سيد صالح _ چالاكى لەبوارى ئافرەتان

٥- عەقيلە رواندزى _يەكێتى ئافرەتان كوردستان "م_س" فيدراسيونى ئاژێ

٦- سوزان عارف ريكخراوى تواناسازى ئافرەتان

٧- شيرين ئاميدى سەرۆكى ليژنەى ياساناسى.

١٧- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٥/٨ کاتژمێر ١١ پێش نیوەڕۆ خاتوو (روخۆش اسماعیل ) راوێژکار لەرێکخراوی RTI لەبەشی ئافرەتانی سەرکر دە ، سەردانی لیژنەکەمانی کرد ، مەبەست لەسەردانەکە سەبارەت بەپرۆژە یاسای باری کەسێتی تا ئیستا چ هەنگاوێك نراوە بۆ ئەم پرۆژە یاسایە .

١٨_ لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٩ بەرێزان خاتوو( اراس و هێژا ) ئەندامی دەستەی دامەزرانێنەری رێکخراوی هێلان سەردانی لیژنەیان کرد مەبەست لەسەردانەکە زیاتر ئاشنابون بو کاروباری لیژنەو هاوکاری لیژنەکەمان بوو.

١٩- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٧/١٦ کاتژمێر ١٢ ی نیوەرۆ وەفدێکی یونامی کە پێك هاتبوو لە(Noral Rashid سەرۆکی ئۆفسی مافی مرۆڤی یۆنامی لەهەولێر ) سەردانی لیژنەکەمانی کردو لەکۆبوونەوەکە باس لەمەسەلەکانی ئافرەتان و ژنان خرایە روو وەکو بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان و ژنان و مەسەلەی بەشوودانی کچی منداڵ و پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای و قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەو هەموار کردنی یاسای باری کەسێتی ،و ئەوەش رون کرایەوە کە سەبارەت بەتوندوتیژی دژی ئافرەتان لەگەڵ هەریەك لەوەزیرانی (ناوخۆو دادو مافی مرۆڤو کاروباری کۆمەڵایەتی و پێشمەرگە...) کۆبوونەوەتەوە.

٢٠_لەرێکەوتی ٢١ /٢٠٠٨/٧ کاتژمێر ١١ ی نیوەرۆ وەفدی رێکخراوی (خۆر) لەشاری کرکوك سەردانی لیژنەی کرد.وەفدەکە پێك هاتبون لەنوێنەرانی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشور . لەسەردانەکەیاندا پرسەکانی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و چالاکی رێکخراوەکەیان خستە روو . داوایان لەپەرلەمان کرد بەدامەزراندنی ئەو ئافرەتانەی خاوەن بروانامەن و بێکارن هەروەها پیشتگیری پەرلەمان لەچالاکی رێکخراوەکەیان .و شایانی باسە ئەم رێکخراوە باسیان کرد چەندین خولیان بۆ نەهێشتنی

نەخوێندەواری کردۆتەوە لەشاری کرکوك‌و قەزاو ناحیەکانی ئەو پارێزگایە ئەنجامداوە.

٢١_لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٨/١٩ کاتژمێر ١ ی دوانیوەرۆ رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەردانی لیژنەیان کرد. دوای باسکردن لەکارو چالاکیەکانی رێکخراوەکە داوایان کرد کە پەیوەندیان لەگەڵ لیژنەکەمان هەبێت پیشتگیریان بکەین لەچارەسەکردنی کێشەکان‌و داواشیان کرد کە کۆمەکی ژنانی ئێران بکەین .

٢٢_لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٦ کاتژمێر ١١ پێش نیوەرۆ نوێنەرانی وەزارەتی پلان دانان سەردانی لیژنەکەمانیان کرد لەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان پێشوازیان لێکرا . مەبەست لەسەردانەکە بریتی بوو لەبۆ زیاتر زانیاری وەرگرتن بوو لەسەر پرۆژەی ئێستاو داهاتووی لیژنەکەمان .

٢٣- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٩/٩ کاتژمیر ١١ پێش نیوەرۆ کۆبەندی ئافرەتانی پارتە سیاسیەکان لەهەرێمی کوردستان سەردانی لیژنەکەمانیان کرد،مەبەست لەسەردانەکەیان بۆ پوچەك کردنەوەی رێنماییەکانی سەبارەت بەپاسەپۆرتی (G) داوایان کرد کە رێگە بدرێت بەئافرەتان بەبێ سەپاندنی هیچ مەرجێك وەکو رەگەزی نێر پاسەپۆرتی (G) بۆ دەبهێنرێت.

٢٤_ لەرێکەوتی ١٢\١٠\٢٠٠٨کاتژمێر ١٥\١پاش نیوەرۆ وەفدێکی سویدی سەردانی لیژنەکەمانیان کرد کەلەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەگانی ئافرەتان وژنان پێشوازیان لێکرا، مەبەست لەسەردانەکە زیاتر ئاگاداربوون بوو لەرەوشی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان‌و کاروچالاکیەکانی لیژنە.

٢٥-لەرێکەوتی ٢٢\١٠\٢٠٠٨کاتژمێر٩ی بەیانی قوتابی (پەیمان مجید)قوتابی ماستەر لەزانکۆی صلاح الدین بەمەبەستی وەرگرتنی چەند زانیاریەك

سەبارەت بەئافرەتان و ژنان رۆڵیان لەبواری سیاسەت ومافەکانی ئافرەتاندا,لەلایەن لیژنەکەمانەوە کۆبونەوەی لەگەڵ کرا.

٢٦_ لەرێکەوتی ٢٠٠٨\١٠\٢٣ رێکخراوی( ئاژێ) بەنوێنەرایەتی(٢٨)رێکخراو سەردانی لیژنەکەمانیان کرد کەلەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان پێشوازیان لیکرا لەهۆڵی پەناگیری لەتەلاری پەرلەمان، کە مەبەست لەسەردانەکەیان گفتوگۆکردن بوو لەسەر پرۆژەیاسای باری کەسێتی.

٢٧_لەرێکەوتی ٢٠٠٨\١١\٢٦بەمەبەستی رەتکردنەوەی فرەژنی و وەستان لەدژی توندوتیژی دژ بەئافرەتان وەفدێکی ئافرەتانی تورکیا سەردانی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان و ژنانیان کرد کەپێکهاتبوون لە(سەواهیر بایندەر پەرلەمانتنار لەحیزبی(DTP) ,سیڤی دیمیر ئەندامی رێکخراوی ئازادی و دیموکرات,سودات گڤی بەرپرسی رێکخراوی سیلیس,دیلان تەشتی دمیر بەرپرسی خەباتی ژن,چافلاش دیمیران ئەندامی مالی ژن,ئاڤیڤە مینتەش ئەندامی مجلس ژنی ئامێدی,لەلایەن لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان کۆبونەوەیان لەگەڵ کرا.

٢٨_سەردانی وەفدی دایکانی ئاشتی لەرێکەوتی ٢٠٠٨/١/٧ .مەبەست لەسەردانەکە بریتی بوو لەپێشکەش کردنی یاداشتنامەیەکی نارەزایی دەربرین سەبارەت بەبۆمبارانکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لەشکری سوپای تورکیایەوە .

**چوارەم:** کاروچالاکیەکانی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان بەبۆنەی هەفتەی توندوتیژی لەشاری دهۆك :

١- لە٢٠٠٨\١١\١٩بەستنی کۆڕێك سەبارەت بەبواری ئافرەت لەژێرناوی(چی بکەین بۆ نەهێشتنی توندوتیژی؟) بۆ یەکێتی ئافرەتانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.

٢-لە ٢٠٠٨\١١\٢٠ سەردانی ڕێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەتانی کردووە بۆزانینی چالاکیو بەرنامە کانیان سەبارەت بەرۆژی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

٣-لە ٢٠٠٨\١١\٢٢پێشکەشکردنی کۆڕێك بۆ ڕێکخراوی هاریکار لەپارێزگای دهۆك لەژێرناوی(نابۆ توندوتیژی دژی ئافرەتان) شایانی باسە یەکێك لەکارە هەرە گرنگەکانی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتانو ژنان هەموارکردنی یاسایی باری کەسێتی بوو کە دەورێکی گرنگی هەبوو لەسەر لایەنی کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان .

- ئەو نوسراوانەی کەلیژنەکەمان لەساڵی ٢٠٠٨پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە:

| ژمارە | بەروار | لایەنی ڕۆیشتوو | بابەت |
|---|---|---|---|
| ف١ | ٢٠٠٨/٢/٥ | بەڕێوەبەری گشتی ئەنجومەن | داواکاری |
| ف٢ | ٢٠٠٨/٧/٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | دەرماڵەی هاوسەرگیری ژنانی کارمەند |
| ١١/٢٥م | ٢٠٠٨/١٠/٦ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | ڕاپۆرتی لیژنە سەبارەت بەپرۆژە یاسایتوندوتیژی بەکوردی وعربی |
| ٣/٨ | ٢٠٠٨/١٠/٦ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | پرۆژەیاسای باری کەسێتی بەکوردیو عربی |
| ف٣ | ٢٠٠٨/٧/٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | دەرماڵەی هاوسەرگیری کارگەری ژن |
| ف٤ | ٢٠٠٨/١٠/٧ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | داواکاری |
| ١١/٢٥م ش ع | ٢٠٠٨/١٠/٨ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | ڕاپۆرت |
| ف٥ | ٢٠٠٨/١١/٢٠ | سەرۆکایەتی پەرلەمان | بەشداریکردن لەگفتوگۆیەك سەبارەت بەمافی منداڵو ئافرەت |

- **گرنگترین پرۆژەکانی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان وژنان:**

١_ پرۆژەیاسای نە هێشتنی توندوتیژی ناو خێزان.

٢_ پرۆژەیاسای باری کەسێتی.

٣_ پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە.

٤_ پرۆژە یاسای فرە ژنی.

٥_ پرۆژە یاسای مارەبرینی کچی منداڵ.

٦- پێشنیار سەبارەت بەوەی کە لێبوردنی گشتی بکوژان بەناوی شەرەف نەگرێتەوە.

- **ئەو کۆنفرانسانەی کە لیژنە بەشداری تێدا کردووە:**

- لە١٢_١٥/تشرینی دووەم ی ٢٠٠٦ بەشداری کرد لەکۆنفرانسی (نیشتیمانی ئافرەتانی فرە حیزبی) لەدەریاچەی دووکان لەهوتیل ئاشور بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرس و پرۆژەو پێشنیارەکانی ئافرەتان وبەشداریکردن لەمەشقی سەرکردایەتی و فێربوون لەبارەی ئەو بەرەنگاریانەی کەرووبەروی ئافرەتان دەبنەوە لەحکومەتی عیراقی وزانیاری بەخشین بۆپلانی هەڵمەتێکی داکۆکیکردنی نشتیمانی .
- لەرێکەوتی ٢٩-٣٠/٤/٢٠٠٦ بەشداری لەکۆنفرانسی(خولی ئافرەتانی سەرکردە)کرد لەهۆڵی شیراتۆن.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٦/٦ لیژنەکەمان بەشداری لەوۆرك شۆپێکدا کرد سەبارەت بەکێشەی (مارەبرینی کچی منداڵ) لەهەولێر.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/١٦ لیژنەکەمان بەشداری کرد لەکۆنفرانسێك لەژێرناونیشانی (بایاساکانمان ببێتە پەرژین بۆ پاراستنی خێزان) کەلەلایەن رێکخراوی تواناسازی ئافرەت بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی یونیفیم سازدرا.

- لەرێکەوتی ٢٠٠٦/١١/٢٥ بەشداری کرد لەکۆنفرانسی(بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان) کەلەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی مافی مرۆڤ لەسلیمانی (لەهۆڵی کۆمەڵایەتی پارکی ئازادی) سازکرا.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٢١ بەشداری کرد لەکۆنفرانسی (کۆمەڵێك ریکخراوی کوردستان ) لەژێرناونیشانی (بالەپەیامی ئاگر تێبگەین) کەلەشاری هەولێر سازکرا.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٤ بەشداری کرد لەکۆنفرانسێك لەهوتیل هەورامان لەژێرناوی (گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەرۆژنامە گەری کوردیدا) لەلایەن بزاڤی ژیانی بۆروناکبیری وچاکسازی وکۆمەڵایەتی سازکرا.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٨ کۆنفرانسێکی سازدا لەهۆڵی پەناگیری لەپەرلەمان لەسەر هەردوو رەشنوسی (خەتەنەکردنی مێینەو یاسای باری کەسێتی).
- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٣/١١ لەهەولێر لەهوتێل هەورامان لیژنەکەمان بەشداری لەووۆرك شۆپێکدا کرد سەبارەت بەپرۆژەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کەرێکخراوی KOCD رێکی خستبوو.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٥/٨ لەکۆنفرانسێك بەشداری کرد لەژێرناوی(هەمواركردنی یاساکانی باری کەسێتی؟ئەگەرو پێشهاتەکانی)لەهۆڵی هونەرەجوانەکان لەسلێمانی.
- لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٦ لیژنە بەشداری لەسیمیناری (جیهانگەری کوردستان) کرد کەیەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ بەرێز(د.بشیر خلیل)سازی کردبوو،لەهۆڵی شەرەفخانی بەدلیسی لەهەولیر.
- لە٢٠٠٨/٣/٩ رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان لەگەڵ لیژنەکەمان سیمینارێکیان کرد سەبارەت بەپیگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە لەناو حزبە سیاسیەکان کوردستان.

- لەرێکـــەوتی ٢٠٠٧/١١/٢٥ لیژنەکـــەمان بەشـــداری کـــرد لەکۆنفرانـــسێك لـەژێرناوی(بـەڵێ بـۆ ژیانێـك دوور لەتوندوتیـژی دژی مێینـە)لـەهوتێلی چوارچرا لەهەولێر.
- لـە رێکـەوتی ٢٠٠٨/٦/٤ نوێنەریلیژنـە بەشداری لـەکۆنگرەی ئافرەتـانی شمالی عیراق کرد کە لەلایەن هێزی فرەرەگەزی یەوە (UN) سازدرا بوو . شایانی باسە لەم کۆنگرەیە نوێنەرانی (٧) شار بەشداریان کرد ( لەهولێر ، دهۆك ، سلیمانی ،موصل ، صلاح الـدین ، کرکوك) . بەشداربووان زیـاتر ئەنـدامانی محافظـة بـوون لەگـەڵ ئەوانـەی چـالاکیان لـەبواری ئافرەتـان هەبوو لەسنورەکەدا.
- لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٥ نوێنەری لیژنە بەشداری کرد لەسیمنارێك لـەژێر ناونیشانی (ماڤ ئافرەت لەیاسای بـا ری کەسـێتی ژمـارە ١٨٨ی سـالی ١٩٥٩ ) کـە رێکخـراوی هێلان بـۆ پەرەپێدانی کەسایەتی ئـافرەت و منـداڵ هەڵسا بەسازدانی بـۆ بـەرێز (بـرایم اسماعیـل خۆشـناو ) قـازی یەکـەم لـەدادگای باری کەسی لەهەولێر.
- لەرێکـەوتی ٢٠٠٨\١١\٢٠لیژنـەی داکۆکیکردن لەمافـەکانی ئافرەتـان و ژنـان بەبۆنەی هەفتـەی توندوتیـژی بەشداریانکرد لەسیمناریك کـرد لـەهۆڵی چوارچرا کەلەلایەن سەرۆکی حیزبی چـەپی سـویدی ئەنجامـدرا سـەبارەت بەمەسەلەی ئافرەت لەسوید.
- لەسەربانگێـشتی ئۆفیـسی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەبغداد بۆبەشداریکردن لـەگفتوگۆکردن دەربـارەی سیـستەمی یاسـادانان لـەعیراق بـۆ مافـەکانی ئافرەتـان و منـالان لـەرۆژی ٢٣-٢٠٠٨/١١/٢٤لەکۆشـکی کۆنگرەکـان (قـصر المؤتمرات) لیژنەکەمان بەشداری لەم کۆنفرانسەکرد.
- لـە ٢٦-٢٧/کـانونی دووەمـی ٢٠٠٨ دا ,کۆنگرەیـەك لەبەغـدا /لەناوچـەی سـەوز/ بـەرێوە چـوو. لەژێر نـاو نیشانی "صرخه نـساء العـراق : اوقفـوا

الکارثة الانسانية" واتە "هاواری ژنانی عیراق : کارەساتی مرۆیی راگرن" , بەڕێوە چوو لیژنـەی داکۆکیکردن لەمافـەکانی ئافرەتـان وژنـان بەشداری تێدا کرد.کە لەلایەن "بزوتنەوەی ئافرەتانی عـیراق "و "جمعیـە الامـل"و "unifem" وە ریکخرا بوو.

- لەمانگی ٢٠٠٨/٥ سەرۆکی لیژنـە لەگـەڵ وەفدی رێکخراوەکانی کۆمـەڵگای مـــەدەنی عـــیراق بانگهێـــشت کـــرا بـــۆ کۆنفرانـــسی (عهـــد العـــراق) بۆرێکخراوەکـــانی کۆمـــەڵگای مـــەدەنی عـــیراق، لەســـتۆکهۆڵم بـــەناوی کوردستانەوە ووتەی پێشکەشکرد سەبارەت بەبەرەو پێشچونەکان لـەبواری ژنانداو ئاستەنگەکانی، شایانی باسە دیموستورارەدی ووتارەکەی دایەوەکـە ژن کوشتن لەکوردستان بەهەزارانە،وەلأم درایەوە فرسەتێکی باش بـوو کـە بەفراوانی لەگەڵ میدیای سویدی باس لەمەسەلەی ژنان کرا لەکوردستانو ئەو رێوشوێنانەی کە گیراونەتەبەر بابەتیانە باس کران.

• سەردانەکانی لیژنە بۆ دەرەوەی وولأت.

_ لەرۆژانی ٢٣-٢٤ تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ لەلایەن ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبغـداد بانگێـشت کـراین بـۆ بەشـداریکردن لـەگفتوگۆ لەسـەر سیـستەمی یاسادانان لەعیراق لەسەر مافەکانی ژنانو مندالأن

_ لەرێکەوتی ٢٠-٢٠٠٨/٤/٢٥ لەسـەر داوای (یـونیفیم)بانگێـشتکراین بـۆ وولأتـی ئـوردن بـۆ بەشـداریکردن لـەخولێکی راهێنـان وبـەتواناکردنی ئافرەتـانو بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنـــان لـەپێناو بونیادنـــانی ئاشـتیو گەشەپێدان لەعیراقدا.


# لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.

بەپێی بڕگەی چوار لەماددەی(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپیدان و ئاوەدانکاری: ئیشی چاوگێرانە بەو کارانەی پەیوەندیدارن بەدووبارە بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و پەرەپێدانیان و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستانی عێراق و بەرهەمهێنانی سامانە سروشتییەکانی و مەسەلەی وزەو پارێزگاریکردنی ژینگە، هەروەها لەکاروباری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و باغداری و دارستانەکان و بەیتەری و خاک و سەرچاوەئاوییەکان و ئاودێری دەنۆڕێ، هەروەها بەدواداچوونی پەرەپێدانی و دەرسکردنی پلانی پێویست بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکاری و ئاکنجی بوون لەکوردستاندا.

لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەرۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لێژنە هەمیشەییەکان، لێژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بەپشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی رۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی رۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لێژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| | |
|---|---|
| زرار تاهر أمین | سەرۆکی لیژنە |
| ارام رسول مامند | جێگر |
| روبیتان ابراهیم روستم | بڕیاردەر |
| اسماعیل محمود | ئەندام |
| سوارە محمد امین | ئەندام |
| سارا خدر پیروت | ئەندام |
| عبدالرحمن اسماعیل سلیم | ئەندام |
| محسن علی اکبر | ئەندام |
| محمد حکیم جبار | ئەندام |



# كاروچالاكييەكانی چوار ساڵی لیژنە

## یەكەم/ كۆبوونەوەكانی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە:

**كۆبوونەوەكانی (٢٠٠٥):**

١. لەبەرواری ٢٠٠٥/٧/5 لیژنەكە یەكەم كۆبونەوەی ئەنجامدا بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لیژنە بریاری دەست بەكاربونیاندا بەچ شێوەیەك لیژنەكە كارەكانی ئەنجام بدات؛

٢. لەبەرواری ٢٠٠٥/٧/١٠كات (١١)ی پێش نیوەرۆ دووەم كۆبوونەوەی ئەنجامدا لەسەر:-

أ- تاوتۆێ كردنی پرۆژەكان كەدێتەلامان.

ب- بەرنامە دانرا رۆڵی تەواو ببینین لەسەر یەك گرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر.

ت- گفتو گۆكرا لەسەر سەردانی(زرار طاهر امین) وەك سەرۆكی لیژنە بۆ وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە لەسلێمانی وەهەر لەم كۆبونەیەدا بڕیار درا لیژنە سەردانی وەزارەتی ئەشغال وئاوەدانكردنەوەی سلێمانی و هەولێر بكات بۆ وەرگرتنی لیستی پرۆژەكان.

٣. لەبەرواری ٢٠٠٥/٧/١٧ كات (١١)ی پێش نیوەرۆ سێ یەم كۆبونەوەی ئەنجامدا لەسەر دابەش كردنی ئیشەكان بەسەر ئەندامانی لیژنە.

٤. لەبەرواری ٢٠٠٥/١٠/١١ لیژنەكەمان كەپێكهاتبوو لە:-

١/ زرار طاهر امین سەرۆكی لیژنە.

٢/ئارام رەسول مامەند جێگر.

٣/رۆبیتان ابراهیم بڕیاردەر.

٤/سارا خضر پیرۆت ئەندام.

٥/محمد حکیم جبار ئەندام

سەردانی وەزارەتی ئەشغال وئاوەدانکردنەوەی ئیدارەی سلێمانی کردو لەگەل بەرێزان بریکاری وەزیری ئەشغال وبەرێوەبەری گشتی (رێگاوبان، ئاوو ئاوەرۆ، خانوبەرە، نەخشەو پلان دانان)کۆبۆوە دواتر لێژنەکەمان هەر ئەو رۆژە سەردانی پرۆژەی تونێلی ئەزمەریان کرد کەدرێژیەکەی (٢,٣٣٥)م پانیەکەی٨,٥)م وردەکاریەکانی تر بەراپۆرت بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەرۆژی ٢٠٠٥/١٠/٣٠.

٥. سەردانی چەند ئەندامێکی لێژنەکەمان لەگەل چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر رۆژی ٢٠٠٥/١١/٩ بۆ دۆلی مەلەکان کە ئەم گوندانەیان بەسەر کردەوە :-

١. بلەی خواریَ-بلەی ژێریَ.
٢. بلەی سەروو-بلەی ژوریَ.
٣. بەردۆك.
٤. کەندۆر.
٥. تاریینانی خواریَ.
٦. تاریینانی سەرو.
٧. گورەشێر.
٨. مەلەکان.

لێژنەکەمان پێك هاتبوو لەم بەرێزانە کەسەردانی سەرجەم گوندەکانیان کردو داواکاریەکانیان کەراندەوە بۆ پەرلەمان:

١/ زرار طاهر امین ٢/خەمان زرار اسعد ٣/دکتۆرە هالە

٤/طلعت خفاف ٥/سارا خضر پیرۆت ٦/ئاریێز عبداللە

هەموو وردەکاریەکان بەراپۆرت لەبەرواری ٢٠٠٥/١١/١٧ نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بە رێز.

٦. لیژنەی ئاوەدانکردنەوە رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٣٠ کە پێك هاتبو لە بەرێزان (زرار طاهر امین، ئارام رسول مامند، محمد حکیم جبار، رۆبیتان ابراهیم رۆستم، عبدالرحمن اسماعیل، سارا خضر پیرۆت) سەردانی وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوەی ئیدارەی هەولێریان کردو لەگەل وەزیری ئاوەدانکردنەوە ( نازەنین خان) دانیشتن و داوامان لێ کرد سەرجەم پرۆژەکانیان بەلیستێك بنێرن بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان. وەزیری ناوبراو بەلێنی دا سەرجەم لیستی پرۆژەکانی بنێرێت بۆ لیژنەکەمان ئێمەش بەراپۆرت هەموو وردە کاریەکانی ئەم سەردانەمان نارد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەرواری ٢٠٠٥/١١/١٧.

٧. رۆژی ٢٠٠٥/١١/١٦ چەند ئەندامێکی لیژنەکەمان لەگەل چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر کەپێك هاتبون لە بەرێزان (زرار طاهر امین، سارا خضر پیرۆت ئارێز عبدالله ، دکتۆرە هالە، طلعت خفاف ، ڤیان دزەیی و خەمان زرار اسعد، سوزان خالە شهاب) سەردانی دۆلی باڵەییانیان کردو سەرجەم داوا کاری بەراپۆرتێك لە ٢٠٠٥/١١/٢٩ ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرا هەموو وردەکاریەکان لەناو راپۆرتەکەدا هەیە لەهەموو بوارەکان.

٨. سەردانی ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەمان لەبەرواری ٢٠٠٥/١٢/٤ کاك عبدالرحمن اسماعیل بۆ قەزای ئاکرێ و لەگەل قائیمقام و بەرپرسانی دەڤەرەکە کۆبۆوە سەرجەم داواکاری و پێشنیارەکانی قەزاکەی بۆ هێناین ئێمەش وەك لیژنەی ئاوەدانکردنەوە رۆژی ٢٠٠٥/١٢/٧ کۆبوینەوە داواکاریەکانمان بەراپۆرت نارد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تا لەرێگەی ئەوانەوە بگەیەنرێتە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

## کۆبوونەوەکانی ۲۰۰٦:

٩. رۆژی ۲۰۰٦/۳/۱۳ کات ژمێر(۱۱)ی پێش نیوەڕۆ لێژنەکەمان کۆبۆوە لەسەر دەست پێ کردنەوەی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان بۆ کارەکانی داهاتو.

١٠. لێژنەکەمان رۆژی ۲۰۰٦/٥/١٦کات (۱۰)پێش نیوەڕۆ کۆبۆوە لەسەر چەند خاڵێك وە ئەم پێشنیارانەیان خستە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرێز:-

أ- هەر ئەندام پەرلەمانێك نەتوانی بەبەردەوامی لەلێژنەکەی کاربکات باداوای دەست لەکارکێشانەوەی بکات لەولێژنەیە لەرێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە.

ب- دەست نیشانی چۆنیەتی شوێنی دانیشتنی ئەندامان بکرێ.

ت- هیچ لیستێك بەفراکسیون دانەندرێ کەژمارەی ئەندامانی (١٠٪) ژمارەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان کەمتربو.

پ- گۆرینی ناوی لێژنەکەمان لەئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بۆ لێژنەی ئاوەدانکردنەوە.

١١. لێژنەکەمان رۆژی ۲۰۰٦/٦/۱۳ کەپێك هاتبوو لە بەرێزان (زرار طاهر امین، ارام رسول مامند، سارا خضر پیرۆت ، رۆبیتان ابراهیم، عبدالرحمن اسماعیل) سەردانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیان کرد لەهەولێر لەگەل بەرێز (عماد احمد) وەزیری ئاوەدانکردنەوە دانیشتن و وردەکاریەکان بەراپۆرت نێردرا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەرواری ۲۰۰٦/٦/٢٦ .

١٢. لێژنەکەمان رۆژی ۲۰۰٦/٧/١٤ کەپێك هاتبو لە بەرێزان (زرار طاهر امین، رۆبیتان ابراهیم) لەسەر داوای بەرێز دکتۆر کمال جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەردانی بەرێز پارێزگاری هەولێر کاك نەوزاد هادیان کرد

لەسەر سکاڵای کۆمپانیای شارستێن بۆ پرۆژەی دۆڵی سماقولی هەموو وردەکاریەکان بەراپۆرتێك نێردرا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەرێز لەبەرواری ٢٠٠٦/٧/١٤ بۆ زانیاریتان.

١٣. لێژنەکەمان رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٠ کات ژمێر(١٠)ی بەیانی کۆبۆوە و دەستی کرد بەخوێندنەوەی یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتە جێ کردن لەئەنجامدا لەسەر یاساکە ژمارەیەك سەرنج و راگورینەوەو پێشنیار خرانەروو وە لەم کۆبونەوەیە بەکۆی دەنگی لێژنە داواکرا لەرێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە وەزیر بانگهێشت بکرێ بۆ لێژنەکەمان لەناو پەرلەمان ئەم داواکاریانەش بەنوسراوی ژمارە (١٦)لە ٢٠٠٦/٩/١٠ کرا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

١٤. لێژنەی ئاوەدانکردنەوە کە پێك هاتبو لەبەرێزان(زرار طاهر امین، رۆبیتان ابراهیم، سارا خضر پیرۆت) رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١ سەردانی قەلادزەی کردو لەگەل قائیمقام و سەرجەم بەرێوەبەری ناحیەکان و بەرێوەبەری فەرمانگەکان کۆبۆوە هەموو داواکاری و پێشنیارەکانی بەراپۆرتێك بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەبەرواری ٢٠٠٦/١٠/٩ هەموو وردەکاریەکان لەناو راپۆرتەکەدایە.

١٥. رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٥ کات (١١)پێش نیوەرۆ لەسەر داوای لێژنەکەمان وەزیری ئاوەدانکردنەوە لەناو پەرلەمان لەگەل لێژنەکەی ئێمە کەپێك هاتبو لە(زرار طاهر امین، رۆبیتان ابراهیم، ئارام رسول مامند، سارا خضر پیرۆت، عبدالرحمن اسماعیل، سوارە محمد امین)کۆبوینەوەلەم کۆبونەوەیە لێژنەی یاسای پەرلەمانیش بەشدار بوون لەسەر یاسای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە گفتوگۆ کرا خال بەخالی یاساکە خوێندرایەوە

وردەکاریـەکان بـەراپۆرتێك ناردومانـە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی بـەرێز لەبەرواری ٢٠٠٦/١٠/١٥.

١٦. سەرۆکی لێژنەکەمان (زرار طاهر امـین) سـەردانی سـەنتەری گـەنجانی کـرد لەشـاری رانیـە لەبـەرواری ٢٠٠٦/١٠/١٧ وە هاوکـاری سەنتەرەکەشـی کـرد کۆمەلێك کێشەیان هەبوو لەگەل ئیدارەی ئەوکاتی رانیـە کێشەکان چارەسـەر کرا.

١٧. لە ٢٠٠٦/١٢/٢٠ لێژنەکەمان کات ژمێر (١٠)ی بـەیانی کۆبـۆوە وبریاریـدا کـە بەشێکی سەردانی ئاگرێ بکات بەشێکیشی سـەردانی دەڤـەری پشدەر ورانیـە بکات بۆ ئەوەی بزانێ کێشەکانیان تا چەند چارەسەر بووە.

١٨. رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢١ چـەند ئەنـدامێکی لێژنـە (زرار طـاهر امـین، سارا خـضر پیرۆت ) سـەردانی بەرێوەبەرایـەتی ئاوەدانکردنـەوەی رانیـەیان کـردو لەگـەل بەرێوەبـەری ئاوەدانکردنـەوە سـەردانی پردەکـانی (چـوار قورنـە، دەربەنـد، سەنگەسـەر، ژاراوە)یـان کـردو لەکێـشەکانیان کۆلیـەوە دواتـر لـەرۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٥ لێژنـەی ئاوەدانکردنـەوە کێـشەی ئـەم پردانـەی بـەراپۆرتێك، بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان وردەکاریەکان لەراپۆرتەکەدایە .

١٩. لێژنەکەمان کەپێك هاتبو لەبەرێزان(زرار طاهر امـین، سـارا خـضر پـیرۆت) سـەردانی بەرێوەبەرایـەتی ناحیـەی ژاراوەیـان کـرد ٢٠٠٦/١٢/٢٣ لەگـەل بەرێوەبـەری پۆلیـسی ناحیـەو چـەند فـەرمان بـەرێك سـەردانی دۆلی رەزگـەو مـارە دووەیـان کـرد کـە ئـەم گوندانـەی خـوارەوەی لـەخۆ ئـەگرت گونـدەکانی (تووتمە، رەزگەی سەروو، رەزگەی خواروو، سپیە گلە، شناوە، ئەرکەی سـەرو، ئەرکەی خواروو، مـارەدوو، باقیـاوە، سورەگلە، بەستە، ئالیـەرەش، سـەرخان، زێوکە) لەگەل سـەرجەم خـەلکی دەڤەرەکە کۆبونـەوەو سـەرجەم داواکاری و پێـشنیارەکانیان وەرگـرت و بـەراپۆرتێك لەرێگـەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی

بەرێزەوە بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەبەرواری ٢٠٠٦/١٢/٢٥.

**کۆبوونەوەکانی ( ٢٠٠٧ ):**

٢٠. لیژنەی ئاوەدانکردنەوە رۆژی ٢٠٠٧/٥/٩ کۆبۆوە لەسەر سەردانی وەزارەت و بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی (سلێمانی –هەولێر- دهۆك).

٢١. لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بەرواری ٢٠٠٧/٦/٥ کۆبۆوە لەسەر تاوتوێ کردنی داواکاریەکانی دەفەری ئاکرێ کە کاک عبدالرحمن اسماعیل بەدواداچووونی بۆ دەفەرەکە کردبۆ.

٢٢. لیژنەکەمان رۆژی ٢٠٠٧/٦/١٣ کە پێك هاتبو لەبەرێزان (زرار طاهر امین سەرۆکی لیژنە. ئەندامان عبدالرحمن اسماعیل ، رۆبیتان ابراهیم ، سارا خضر پیرۆت ، ئەرسەلان غفور) سەردانی وەزیری ئاوەدانکردنەوەیان کرد.

٢٣. لیژنەکەمان ٢٠٠٧/٦/١٧ کۆبۆوە پێشنیاری دروست کردنی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی دا بۆ هەموو ئەوشوێنانەی کەبێ بەشن لە هەرێمی کوردستان).

٢٤. رۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٢ سەرۆکی لیژنە ( زرار طاهر امین ) سەردانی ژمارەیەك لەگوندەکانی شاربازێری کردو داواکاریەکانیان بەراپۆرت رۆژی ٢٠٠٧/٦/٢٥ بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٢٥. ئەندامانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە(زرار طاهر امین، سارا خضر پیرۆت) سەردانی دەفەری پشدەریان کردو لەگەڵ لیژنەی پەرلەمان داواکاریەکانیان بەرزکرایەوە بۆ پەرلەمان لەرۆژی ١٤/ ٢٠٠٧/٩.

٢٦. لیژنە پێك هاتبوو لە(زرار طاهر امین، سارا خضر پیرۆت) لە ٢٠٠٧/٩/٢٨ سەردانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەویان کرد بۆ بەدواداچونی داواکاریەکانی دەفەری رانیەو پشدەر .

٢٧. رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢ سەرۆكی لێژنە(زرار طاهر امین) سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی كردو بۆ تەواوكردنی ڕێگای دۆلی ڕەزگەومارەدووەو ڕێگای دۆلی گەناو.

٢٨. رۆژی ٢٠٠٧/١١/٦ لێژنەكەمان كۆبۆوە بەئامادەبونی (محمد امین محمود) خاوەنی پرۆژەی گەشە كە لەئێرانەوە هاتبو بۆ ئەوەی لەهەموو بوارەكان هەرێم گەشەبكات.

٢٩. لێژنە كەپێك هاتبو لە بەڕێزان(زرار طاهر امین، ارام ڕەسول مامند، سارا خضر پیرۆت )رۆژی ٢٠٠٧/١١/١١ سەردانی پردەكانی (چوارقورنە- سەنگەسەر- ژاراوە) یان كرد لەدەڤەری رانیەو پشدەر.

٣٠. لێژنە٢٠٠٧/١١/٢٠ كۆبۆوە بۆ گوێ گرتن لەداواكاریەكانی عبدالرحمن اسماعیل ئەندامی لێژنەكەمان كەسەردانی دەڤەری ئاكرێ ی كردبو.

٣١. لێژنە رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٧ كۆبۆوە بۆچارەسەری كێشەی بازرگان و كۆمەلێك شوفیر كەلەپارێزگای هەولێركێشەیان هەبوو.

**كۆبوونەوەكانی (٢٠٠٨):**

٣٢. رۆژی ٢٠٠٨/٣/١٨ لێژنەی ئاوەدانكردنەوە كەپێك هاتبو لە بەڕێزان :

| | |
|---|---|
| ١/ زرار طاهر امین | سەرۆكی لێژنە |
| ٢/سارا خضر پیرۆت | ئەندام. |
| ٣/عبدالرحمن اسماعیل | ئەندام. |

سەردانی وەزیری ئاوەدانكردنەویان كردو خشتەی چالاكیەكانی وەزارتیان بۆ سالی (٢٠٠٧) وەرگرت وەخشتەی بڕی ئەو پارانەی كەسالی (٢٠٠٧) سەرف كراوە بۆ هەرسێ پارێزگای (هەولێر-سلێمانی-دهۆك).

٣٣. لێژنە رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢ كۆبۆوە بڕیاریدا سەردانی:

١. وەزیری ئاوەدانکردنەوە بکات.

٢. سەردانی ئەو ناوچانەی کەژمارەی کەس وکاری شەهیدو ئەنفالیان زۆرە لەسەر تاسەری کوردستان.

٣٤. لێژنە٢٠٠٨/٤/٧ سەردانی وەزیری ئاوەدانکردنەوەی کرد.

٣٥. رۆژی ٢٠٠٨/٤/٨ سەرۆکی لێژنە( زرار طاهر امین) لەگەل کاکە (فاروق کریم فتاح) ئەندامی پەرلەمان سەردانی قەزای چەمچەمالیان کردو وەزانیاری و داواکاری سەرجەم کەس وکاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان وەرگیرا.

٣٦. رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٠ سەرۆکی لێژنە زرارطاهر امین لەگەڵ بەرێزان (عادل محمد امین و بەرزان محمد قادر) سەردانی قەزای کەلارو کفریان کردو سەرجەم داواکاری و زانیاریەکانی ئەو دەفەرەیان وەرگرت.

٣٧. لێژنە ٢٠٠٨/٤/١٣ کۆبۆوە لەسەر ئەو داواکاری و پێشنیارانەی کەس وکاری شەهیدو ئەنفال کە ئاراستەی سەرۆکی لێژنەیان کرد بوو لەهەموو بوارەکاندا.

٣٨. لێژنە رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٥ کۆبۆوە لەسەر پوختەی چالاکیەکانی وەزارەت ساڵی (٢٠٠٧) لەسەر زۆربەی برگەکان و بری ئەوپارانەی لەم سالەدا سەرف کراوە بۆ ئاوەدانکردنەوە.

٣٩. لێژنە رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٥ کۆبۆوە لەسەر سەردانە مەیدانیەکانی سەرۆکی لێژنە بۆ ناوچەی گەرمیان کە ٢٠٠٨/٤/٨ ئەنجامیدا بو.

٤٠. لێژنەکەمان بۆ یادی ٢٠٠٨/٤/١٦ راپۆرتێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد کەسەرجەم زانیاری وداواکاری وپێشنیاری کەس وکاری شەهیدان وئەنفال کراوەکانی تێدابو.

٤١. رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٦ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کۆبۆوە لەسەر داواکاری کەس و کاری شەهیدان و خەلکی گەرمیان.

٤٢. لیژنە ٢٠٠٨/٥/٢٠ کۆبۆوە لەسەر خوێندنەوەی دوو راپۆرت.

١. راپۆرتی ئەندام پەرلەمان عبدالرحمن اسماعیل.

٢. راپۆرتی ئامادەکرا و لەسەر یاسای نیشتەجێ بوون لەهەرێمی کوردستان (یاسای دابین کردنی خانوی نیشتەجی بوون لەهەرێمی کوردستان).

٤٣. لیژنە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٥ کۆبۆوە دووبارە لەسەر یاسای نیشتە جێ بوون.

٤٤. سەرۆکی لیژنە لەبەرواری ٢٠٠٨/٦/١٦ لەسەر بڕیاری جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەل سەرۆکی لیژنەکانی (پیشەسازی و شارەوانی) کۆبۆوە بۆ چارە سەری کێشەی شوفێرەکانی هەولێر کەسەیارەی باریان هەبو. لایەنی دووەمی کۆبونەوەکە پێك هاتبو لە نوێنەرانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە

١. (عمر ابراهیم )بەرێوەبەری گشتی رێگاوبان

٢. (ئاگرین عبداللە عزیز) بەرێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی رێگاوبانی هەولێر.

٤٥. لیژنە رۆژی ٢٠٠٨/٦/٣٠ کۆبۆوە بۆ رێگاچارەیەك بۆ داواکاریەکانی دەفەری باڵەییان لە پارێزگای هەولێر.

٤٦. لیژنە ٢٠٠٨/٧/١٥ لیژنە بۆ بەدواداچوونی گرفتەکانی رێگای (هەولێر-ئاسکی کەڵەك) کۆبۆوە لەگەل:-

١. جێگری وەزیری ئاوەدانکردنەوە.

٢. بەرێوەبەری گشتی رێگاوبانی هەولێر.

٣. بەرێوەبەری گشتی هاتو چۆی هەولێر.

٤٧. لیژنە ٢٠٠٨/٩/١٦ کۆبۆوە لەسەر کێشەی (١٥٠)ماڵە شەهید دەربارەی باخچەی سەروەرانی سەر رێگای کەسنەزان.

٤٨. رۆژی (٢٠٠٨/١٠/٢٠) لیژنـە کۆبـۆوە لەسـەر چـەند خالێـك گفتوگۆی کـردو بەتایبەتی دەست لەکارکشانەوەی ئەندامانی لیژنەکەمان:

١. اسماعیل محمود ٢. ئاریز عبدالله ٣. محمد حکیم جبار.

لەبەرئـەوەی کـاری تریـان هـەبو لـە لیژنـەکانی تـر نـەیان تـوانی بـەردەوام بـن لەلیژنەی ئاوەدانکردنەوە.

٤٩. لیژنـە کـەپێك هـاتبو لـە (زرار طـاهرامین، ئەرسـەلان غفـور، سـارا خـضر پیرۆت) سەردانی بەری مەرگەو ناحیەی بنگردیان کرد کە سـەر بـەپارێزگای سلێمانین.

٥٠. لیژنە رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٨ کۆبـۆوە بـەکۆی دەنـگ بریاریـان دا داواکاریـەکانی بەری مەرگەو ناحیەی بنگرد بەرز بکرێتەوە لەرێگی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

٥١. لیژنە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣ کۆبۆوە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی بەرێزان

١.اسماعیل محمود ٢.ئاریز عبدالله ٣.محمد حکیم جبار. بۆ سـەرۆکایەتی بەرزکردەوە.

٥٢. لیژنە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٤ کۆبـۆوە لەسـەر نـاردنی کاروچالاکیەکانی وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی (١٠) مانگی رابردوو بەلام سەرۆکی لیژنە پەیوەندی کرد بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەم مەبەستە.

٥٣. سەرۆکی لیژنە زرار طاهر امین رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٣٠ سەردانی بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای قەزای رانیەو ناحیەی چوار قورنەی کرد.

٥٤. لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوەی پەرلـەمان کـە پێـك هـاتبو لـەم بەرێزانـەی خوارەوە:-

| | |
|---|---|
| ١/ زرار طاهر امین | سەرۆکی لیژنە. |
| ٢/عبدالرحمن اسماعیل | ئەندام. |
| ٣/خەمان زرار اسعد | ئەندام. |

٤/سارا خضر پیرۆت ئەندام.

٥/ئەرسەلان غفور سلێمان ئەندام.

زنجیرەیەک سەردانیان ئەنجامدا بۆ پارێزگای دهۆک لەبەرواری ٢٠٠٨/١١/٩ بەم جۆرەی خوارەوە وە لەگەل قائیمقام و سەرجەم بەرێوەبەری ناحیەکان و سەرجەم بەرێوەبەری فەرمانگەکان و بەرێوەبەری شەهیدان کۆبۆوە بەم شێوەیەی خوارەوە لەهەموو قەزاکان وەهەموو زانیارو پێشنیارو داواکاریەکان بەراپۆرت لەرێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان:

A. ٢٠٠٨/١١/٩ کات (١٠)ی بەیانی قەزای بەردەرەش.

B. ٢٠٠٨/١١/٩ کات (١٢)ی نیوەرۆ قەزای ئاکرێ.

C. ٢٠٠٨/١١/١٠ کات (٩)ی بەیانی پارێزگای دهۆک لەگەل بەرێز کاک تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆک دانیشتن.

D. ٢٠٠٨/١١/١٠ کات (١٠)ی بەیانی نوسینگەی پەرلەمانی دهۆک.

E. ٢٠٠٨/١١/١٠ کات (١١)ی پێش نیوەرۆ قەزای زاخۆ.

F. ٢٠٠٨/١١/١٠ کات (٤)ئیوارێ قەزای ئامێدی.

G. ٢٠٠٨/١١/١١ کات (١٠)ی بەیانی قەزای شێخانی بەسەرکردەوە.

٥٥. لێژنە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٢ کۆبۆوە لەسەر سەردانەکانی .

٥٦. لێژنە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٥ کۆبۆوە لەسەر راپۆرتی پەرلەمانتار(غفور مەخموری) کە داواکاری خەلکی مەخموربوو.

٥٧. لێژنەی ئاودانکردنەوە کەپێک هاتبو لەبەرێزان

١ / زرار طاهر امین سەرۆکی لیژنە.

٢/عبدالرحمن اسماعیل ئەندام.

٣/خەمان زرار اسعد ئەندام.

٤/سارا خضر پیرۆت ئەندام.

٥/ئەرسەلان غفور سلێمان ئەندام.

## سەردانی مەیدانی ساڵی (٢٠٠٨):

سەردانی قەزاکانی پارێزگای هەولێریان کردو لەگەڵ سەرجەم قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و بەڕێوەبەری کەس و کاری شەهیدان وکۆبونەوە لەسەرجەم قەزاکان بەم جۆرەی خوارەوە:

a) رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٥ کات(١١)بەیانی قەزای چۆمان.
b) رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٥ کات(٣)ئیوارە قەزای رەواندوز.
c) رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کات(١٠)ی بەیانی قەزای سوران .
d) رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ کات (٣)ی ئیوارە قەزای مێرگە سور.
e) رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٨ کات (١٠)بەیانی قەزای شەقلاوە .

لەم سەردانە مەیدانیانەدا سەرجەم زانیاری و پێشنیارو داواکاری هەر قەزایەك بەراپۆرت لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەرزکرایەوە،بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

## راپۆرت و سەردانەکانی ساڵی (٢٠٠٩):

٥٨. سەرجەم ئەندامانی لێژنەی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/٣٠ کات (١٠) ی بەیانی سەردانی قەزای چەمچەماڵیان کرد بۆ زانینی کێشەو داواکاریەکانیان.

٥٩. سەرجەم ئەندامانی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە لە بەرواری٢٠٠٩/٣/٣١ کات (١٠)ی بەیانی سەردانی قەزای دەربەندیخانیان کرد هەرهەمان ٢٠٠٩/٣/٣١ کات ١٢ ی نیوەرۆ سەردانی قەزای هەڵەبجەی تازەیان کرد (شارەزوور) سەرجەم زانیاری و پێشنیارو داواکاریەکانیان وەرگیراو بەراپۆرتێك لەرێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەرزکرایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان .

٦٠. لێژنەی ئاوەدانکردنەوەی کە پێك هاتبوو لە بەرێزان: زرار طاهر امین، محسن علی اکبر، ئەرسەلان غفور سلیمان، خەمان زرار اسعد. رۆژی ٢٠٠٩/٤/١ کات ژمێر (١٠) بەیانی لە دیوانی سەرپەرشتیاری گەرمیان لەگەڵ کاك مەلا سعید و قائیمقامی قەزای(کفری و کەلار)و سەرجەم بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و بەڕێوەبەری کەس و کاری شەهیدان کۆبۆوە لە کەلار.

٦١. لێژنەی ئاوەدان کردنەوە کە پێك هاتبوو لە بەرێزان: زرار طاهر امین، محسن علی اکبر، ئەرسەلان غفور سلیمان، خەمان زرار اسعد. رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢ کات ژمێر (١٠) بەیانی سەردانی قەزای خانەقینیان کرد. لەگەل قایمقام وسەرجەم بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و بەڕێوەبەری کەس و کاری شەهیدان کۆبۆوە.

٦٢. لێژنەی ئاوەدانکردنەوە کۆمەڵێك سەردانی تری ئەنجام دا بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی خوارەوە لەگەڵ قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و بەڕێوەبەری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان کۆبۆوە بەم جۆرەی خوارەوە:

١- رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٢ کات (٩)بەیانی قەزای کۆیە.

٢-رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٢ کات (١٢) نیوەرۆقەزای دوکان.

٣-رۆژی١٣//٢٠٠٩/٤ کات (٩) بەیانی قەزای ماوەت.

٤-رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٣ کات(١٢) نیوەرۆ قەزای چوارتا.

٥-رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢١ کات (١٠) ی بەیانی قەزای رانیە.

٦-رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢١ کات (٣) ی ئێوارە قەزای قەلادزە.

٧-رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٢ کات (٩) ی بەیانی قەزای سید صادق.

٨-رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٢ کات (١١)ی نیوەرۆ قەزای هەڵەبجەی شەهید.

٩-رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٣ کات (١٠) ی بەیانی پێنجوێن.

١٠- رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٣ کات(٤) ئێوارە گوندەکانی بناری سیوەیل تا گوندی نەڵەسو.

٦٣. لیژنە ٢٠٠٩/٤/١٣ راپۆرتی کەس و کاری شەهیدانی ئامادە کردو رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٤ لە دانیشتنی پەرلەمان تایبەت بە کەس و کاری شەهیدان سەرۆکی لیژنە راپۆرتی (کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان) ی خوێندەوە.

٦٤. لە سەرجەم کۆبونەوەی لیژنەکەمان و سەردانە مەیدانەکانی لیژنە بۆ قەزاو ناحیە و ناو چەکانی هەرێمی کوردستان پێشنیارو زانیاری و داواکاریەکان بە راپۆرت بەرز کراونەتەوە لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندی دارەکان.

**دووەم/ بەشداریکردنی لیژنەکەمان لە کۆڕو کۆنفرانسەکان:**

١. ٢٠٠٧/١١/٢٤ سەرۆکی لیژنە زرار طاهر بەشداری کرد لە کۆنفرانسی کارو چالاکیەکانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان کە لە لایەن کۆمەڵی ئەمریکی بۆ کورد(ASK) ڕێکخرا بوو لە شاری هەولێر.

٢. ٢٠٠٨/٦/٢٦(زرار تاهیر ) و (سارا خدر بیرۆت) بەشداریان کرد لە کۆنفرانسی ئاوەدان کردنەوەی قەلادزە کە لە شاری قەلادزە سازکرا بوو.

٣. ساڵی(٢٠٠٨) ئەندامانی لیژنە لە کۆنفرانسی یەکیەتی پەرلەمانتارانی عەرەب بەشداریان کرد لە هۆڵی شەهید (سەعد عبداللە) لە شاری هەولێر.

٤. ٢٠٠٨/٥/١٣ (زرار تاهیر امین) سەرۆکی لیژنە بەشداری کرد لە کۆنفرانسی پشت گیری بۆ گەنجانی دەست پێش خەر کە لەلایەن ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان (KEDO) بە هاوکاری سەنتەری پرۆژە نێو دەوڵەتیە تایبەتیەکان(CIPE)ڕێکخرابوو.

٥. رۆژی (٢٠٠٨/٦/٧)زرار تاهیر امین سەرۆکی لیژنە لە هۆڵی ڕێکخراوی (CDO) بەشداری کرد لە کۆڕێکی تایبەت بە (پێکەوە گرێدانی

سیستەمی بازرگانی و گەشەپێدانی ئابوری لە کوردستان)کە لە لایەن یەکێتی ئابووری ناسان و مونتەدای ئابووری ناسان ساز کرابوو.

٦. رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٨ زرار تاهیر سەرۆکی لێژنە بەشداری کرد لە خولێك سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمان و میزانیەی هەرێمی کوردستان.ئەم خولە لە لایەن رێکخراوی (USAID)ساز کرا.

٧. رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٤ زرار تاهیر سەرۆکی لێژنە بەشداری کرد لە کۆرێکی رێکخراوی یەکێتی ئابوری ناسان و مونتەدای ئابووری لە هۆڵی (CDO) سەبارەت بە کاریگەریەکانی قەیرانی دارایی جیهان لەسەر هەرێمی کوردستان.

٨. رۆژی ٢٠٠٩/٢/٧ زرار تاهیر امین سەرۆکی لێژنە بەشداری کرد لە سمینارێك سەبارەت بە قەیرانی دارایی جیهان و کاریگەریەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان کەلە لایەن (ناوەندی گەشەپێدانی زانیاریەکان)ساز کرابوو.

٩. رۆژی ٢٠٠٩/٤/٧،٨ ئەندامانی لێژنە( زرار طاهر، ئارام رسول مامند، خەمان زرار اسعد) لە هۆڵی (شەهید سەعد عبداللە) لە هەولێر بەشداریان کرد لە کۆنفرانسی (بەرێوە بردنی سەرچاوەکانی هایدرۆ کاربۆن لە رەوشی سیستەمێکی فیدراڵدا) کە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق(یونامی) ساز کرابوو. ئەندامی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە عبدالرحمن اسماعیل

١٠. لەشاری ئاکری سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی لەنوسینگەی پەرلەمان لەئاکرێ کرد بەئامادەبوونی قائیمقامی قەزای ئاکرێ بەئامادەبونی کارمەندانی شارەوانی و پەروەردە و تەندروستی هەروەها ئامادەبونی مختارو پیاو ماقولەکانی ئاکری رونکردنەوەیەکی تەواوی لەسەر رەوشی

ناوچەو دەوروبەری کوردستان و دراوسێ یەکان وە گوی راگرتن لەپرسیارەکانی ئامادەبوان.

١١. لەناحیەی بەردەرەش عبدالرحمن اسماعیل کۆبونەوەیەکی کرد لەگەل بەڕێزقائیمقامی قەزای ئاکرێ و مدیر ناحیەی بەردەرەش و کارمەندەکانی ناحیە هەروەها ئامادەبوونی مختار و پیاو ماقولەکان بۆ رونکردنەوەو ڕێگا چارە پاشان گوی راگرت لەپرسیارەکانی ئامادەبوان.

١٢. عبدالرحمن اسماعیل لەگەل قائیمقامی قەزای ئاکرێ کۆبونەوەیەکی سازدا لەسەر رەوشی قەزایەکە بەئامادەبونی سەرجەم مدیر ناحیەکان و کارمەندان لەوەختی خۆی بەراپۆرتێك پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا لەرێگای لێژنەی ئاوەدان کردنەوە.

١٣. عبدالرحمن اسماعیل لەم کۆبونەوانەی خوارەوە بەشداری کردوە لەسەر:

- مێژوی ئاکری لەشۆرشەکانی مللەت.
- لەسەر مێژوی شوێنەوارەکانی ئاکرێ و دەوروبەری.
- لەسەررۆشنبیرکردنی گەنجەکان و رۆشەنبیرەکان. وە وەلامی سەرجەم پرسیارەکان دراوە بەتێرو تەسەلی

١٤. ئەندامی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە ارام رەسول مامند بە شداری کردوە لەکۆنفراسەکانی :

a. کۆنفراسی رێخراوی (Ask) بۆ ئاوەدانکردنەوە.
b. ژمارەیەك لەکۆنفرانسەکانی (NGo و رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی).
c. بەشداری کردوەسالی ٢٠٠٦ لە کۆبونەوەی لیژنەی ژینگە پاریزی پارێزگای هەولێر .
d. ارام رەسول مامند بەشداری کردووە لە کۆنفراسی رێکخراوی USAID بۆ ئاوەدانکردنەوە

١٥. سەرجەم ئەندامانی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە بەشداریان کردوە لەپێشانگا نێو دەولەتیەکان کە لەپارێزگای هەولێرو سلێمانی کراونەتەوە لەسالانی (٢٠٠٥- ٢٠٠٦- ٢٠٠٧- ٢٠٠٨- ٢٠٠٩).

١٦. سەرجەم ئەندامانی لێژنە بەشداریان کردوە لەدیدار لەگەل چەند وەفدی بیانی و ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و وولاتانی دەرەوە.

١٧. ئەندامانی لێژنەی ئاوەدانکردنەوە زۆربەیان لەکەنالەکانی تەلەفزیۆن راستەوخۆ مێزگەردیان ئەنجام داوە لەسەر ئەو یاساو بابەتانەی کە پەیوەندیان هەبوە بەلێژنەی ئاوەدانکردنەوە وەك یاسای نیشتە جێ بوون، سولفەی عقار، یاسای بەکرێدانی خانو بەرە، وەهەروەها...

**تێبینی/** هەر راپۆرتێکتان پێویستە دەتوانن وەری بگرن لەلیژنەکەمان لیژنەی ئاوەدانکردنەوە.

لەگەل رێزدا...

| | | |
|---|---|---|
| رۆبیتان ئیبراهیم<br>بڕیاردەر | ئارام رەسول مامەند<br>جێگر | زرار طاهر أمین<br>سەرۆك |
| عبدالرحمن اسماعیل<br>ئەندام | ئەرسەلان غفور سلێمان<br>ئەندام | خەمان زرار اسعد<br>ئەندام |
| محسن علی اکبر<br>ئەندام | سوارە محمد امین<br>ئەندام | سارا خضر پیرۆت<br>ئەندام |

بۆ پەیوەندیکردن بەم لیژنەیە:
Lreconstructions@perleman.org

# لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لێژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.

بەپێی برگەی دوو لەماددەی (٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری: هەموو ئەو کارانە دەبینێ کەپەیوەندیدارن بەبودجەی گشتیی هەرێم و حسابکارییەکانی دوماهی و بودجەی ئەنجوومەنەوە، راپۆرتی خۆی پێشکەش بەئەنجوومەن دەکات دەربارەی هەربەشێک لەبەشەکانی بودجەو هەر بابێک لەبابەکانی، بەبودجەی ئەنجوومەنیشەوەو، ئەوەی ئەنجوومەن پێی رادەسپێرێ لهکاروباری دارایی و ئابووری و حسابکارییەکانی دوماهی.



لەدواى دەستبەكاربوونى ئەندامانى خولى هەڵبژاردنى دووەمى پەرلەمانى كوردستان لەڕۆژى ٢٠٠٥/٦/٤ و پێكهێنانى ليژنە هەميشەييەكان، ليژنەى كاروبارى دارايى و ئابوورى بە پشت بەستن بەحوكمى مادەى ٣٨ لە پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمان ژمارە ١ى ساڵى ١٩٩٢ى هەمواركراوو بڕيارى ژمارە ٣ى ڕۆژى ٢٠٠١/٤/١٢، بە پێى بڕيارى ژمارە ٥ لەدانيشتنى ڕۆژى ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلايەن پەرلەمانى كوردستانەوە لەم بەڕێزانەى كەلەخوارەوە ناويان هاتووە پێكهێنرا، ليژنەى كاروبارى دارايى و ئابوورى هەڵسا بەدابەشكردنى ئەندامەكان بەم شێوەيەى خوارەوە لەكەشوهەوايەكى ديموكراسى و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەكانى بە مجۆرەى خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| | |
|---|---|
| د.دلێر ئيسماعيل حەقى شاوەيس | سەرۆكى ليژنە |
| كەريم مەجيد شەريف (جووتيار) | جێگر |
| چرۆ عەلى حەمە ئەمين | بڕياردەر |
| ئيحسان عەبدوڵلا قاسم | ئەندام |
| پەخشان عەبدوڵلا حسێن | ئەندام |
| زرار تاهير ئەمين | ئەندام |



دیمەنی چالاکییکی لیژنە - کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان



دیمەنی چالاکییکی لیژنە - پێشوازیکردن لەوەفدی وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# کارو چالاکییەکانی چوار ساڵی لیژنە

## یەکەم: ڕاپۆرتەکانی لیژنە سەبارەت بەو یاسایانەی ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە.

١. لیژنەکەمان لە رۆژانی (٢٠٠٥/١١/٢١) و (٢٠٠٦/٥/٨) دوو کۆبوونەوەی ئەنجامدا بەمەبەستی تاوتوێ کردنی (پرۆژەیاسای خانەنشین)، وەلەم بارەیەوە راپۆرتی هەردوو کۆبوونەوەی خۆی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

٢. رۆژانی (٢٠٠٦/٥/١٦) و (٢٠٠٦/٦/٦) لیژنەکەمان بە جیا دوو کۆبوونەوەی ئەنجامدا بەمەبەستی تاوتوێ کردنی (پرۆژەیاسای هاندانی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان). دوای کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی و پێشنیار، لیژنەکەمان راپۆرتی خۆی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

٣. کۆبوونەوەی لیژنە لە رێکەوتی (٢٠٠٧/١/١٤) بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی (پرۆژەیاسای تایبەت بە شەهیدان و ئەنفالکراوەکان).

٤. لەرێکەوتی (٢٠٠٧/١/٢٢) بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان، لیژنەکەمان کۆبۆوە لەسەر (پرۆژەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان)، پاشان راپۆرتی خۆی بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٥. رێکەوتی(٢٠٠٧/٤/٤) لیژنەکەمان کۆبۆوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای هەموارکردنی برگە(٢)ی ماددەی (٤٥) لەیاسای باری شارستانی ژمارە(٢٤)ی ساڵی١٩٦٠ی ڕاستکراو برگە(١) لە بڕیاری (٤٦٤)لە (١٩٨١/٤/١٤). دوای گفتوگۆو تاوتوێکردن پشتگیری لە پرۆژەکەکرا.

٦. لەرێکـەوتی (٢٠٠٧/٥/٢٤) لیژنەکـەمان کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی گرێـدا بەمەبەسـتی تـاوتوێکردنی (یاسای ژمـارە-٨٧٩ی هـەموارکراوی سـاڵی١٩٧٩)، دوای کۆمەڵێك تێبینی و سەرنج و پێشنیار راپۆرتی خۆی بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

٧. رێکەوتی (٢٠٠٧/٦/٦) لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند یاساو پرۆژەیاسایەك، لەوانە:

- یاسای هەموارکردنی باجی خانووبەرە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی (١٩٥٩).
- پرۆژەیاسـای هـەموارکردنی یاسـای زەوی بـەتاڵ ژمـارە(٢٦)ی سـاڵی(١٩٦٢)ی هەموارکراو.
- یاسای باجی داهات ژمارە(١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢).

٨. رێکەوتی (٢٠٠٧/٦/١٠) لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی سازدا بەمەبەستی:

- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان.
- پرۆژەیاسـای هـەموارکردنی یاسـای رێکخـستنی مولکیـەتی کشتوکاڵی ژمـارە (٩٠) ساڵی (١٩٧٥).

٩. رێکـەوتی (٢٠٠٧/١٠/٢٩) لیژنەکـەمان کۆبوونـەوەی ئاسـایی خـۆی سـازدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرۆژەیاسایەك:

- پرۆژە یاسای رێکخستنی کۆمپانیاکانی عێراقی ژمارە (٢١) ی ساڵی (١٩٩٧).
- پرۆژە یاسای رێکخستنی بریکارنامـەی بازرگانی عێراقی ژمـارە (٥١)ی سـاڵی (٢٠٠٠).
- پرۆژەیاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان.

١٠. بەمەبەسـتی گفتوگـۆکردن لەسـەر (یاسـای پێـشبڕکێ و قەدەغـەکردنی هەڵـسوکەوتەکانی قۆرخکـاری)، رۆژی (٢٠٠٧/١١/١١) لیژنەکـەمان کۆبوونەوەیەکی سازدا.

١١. لە رۆژی (٢٠٠٧/١١/٢٦) بەمەبەستی تاوتوێکردنی (یاسای ڕێکخستنی مافی دەسکاری لەزەوی کشتوکاڵی)، لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکی سازداو سەرنج و تێبینیەکانی خۆی لەراپۆرتێکدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

١٢. لەرێکەوتی (٩/ ١٢/ ٢٠٠٧) لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی سازدا بۆ تاوتوێکردنی (پرۆژەیاسای بەکرێدانی خانووبەرە). پاشان راپۆرتی خۆی بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

١٣. لەرێکەوتی (٢٠٠٧/١٢/١٠) لێژنەکەمان دووەم کۆبوونەوەی لەسەر (پرۆژەیاسای رێکخستنی مافی دەسکاری لەزەوی کشتوکاڵی) ئەنجامدا.

١٤. لەرێکەوتی (٢٠٠٨/٤/١٥) بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی (پرۆژەیاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان) لیژنەکەمان کۆبۆوە، پاشان ڕاو سەرنج و تێبینیەکانی خۆی بەنووسراوی ژمارە(٩)لە(٢٠٠٨/٤/١٥) بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

١٥. رۆژی (٢٠٠٨/٤/٢٩) لێژنەکەمان کۆبۆوە بەمەبەستی خوێندنەوەو تاوتوێکردنی کۆمەڵێك تەوەر ، لەوانەش: تاوتوێکردنی (پرۆژەبڕیاری یاسای ڕێکاری دابەشکردنی بودجەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.

١٦. لەڕێکەوتی(٢٠٠٨/٥/١٤) بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان، لێژنەکەمان بۆ جاری دووەم کۆبوونەوەی خۆی سازدا بەمەبەستی تاوتوێکردنی (پرۆژەیاسای پێشبڕکێ و قەدەغەکردنی هەڵسوکەوتەکانی قۆرخکاری).

١٧. لەرێکەوتی(٢٠٠٨/٥/٢٠) لێژنەکەمان کۆبۆوە سەبارەت بە (یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لەهەرێمی کوردستان). دوای کۆبوونەوەکە لێژنەکەمان بە کۆمەڵێك تێبینی و پێشنیار ڕاپۆرتی

خۆی بەژمارە(١٣)لەرێکەوتی(٢٠٠٨/٥/٢٠) بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

١٨. لەرێکەوتی(٢٠٠٨/٦/٢٢) لیژنەکەمان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی (پرۆژەیاسای پاراستنی بەکاربەر-حمایە المستهلك)، دوای ئەوەی لیژنەکەمان پشتگیری یاسای ناوبراوی کردو بڕیاردرا لەداهاتوو کۆبوونەوەی تری لەسەر ئەنجام بدرێت.

١٩. رێکەوتی(٢٠٠٨/٦/٢٦) لیژنەکەمان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەیاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە (٢)ی سالّی ١٩٩٩ی هەموارکراو. پاشان بەنووسراوی ژمارە(١٥)لەرێکەوتی (٢٠٠٨/٦/٢٩) راپۆرتی خۆی لەمبارەیەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

٢٠.لەرێکەوتی(٢٠٠٨/٩/١٥) لیژنەکەمان کۆبۆوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی (پرۆژەیاسای هەموارکراوی ژمارە-١٤-ی سالّی ١٩٩٣، یاسای یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لەهەرێمی کوردستاندا). دوای ئەوەی لیژنەکەمان بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری پرۆژە یاساکەی کرد بەچەند پێشنیارو تێبینیەك راپۆرتی خۆی بەژمارە(٢٤)لەرێکەوتی(٢٠٠٨/١١/١٧) بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٢١. لەرۆژانی(٢٥-٢٠٠٩/١/٢٩) لیژنەکەمان زنجیرەیەك کۆبوونەوەی سازدا سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر (پرۆژە یاسای پاراستنی بەکاربەر-حمایە المستهلك). هەر بۆ ئەم مەبەستە رۆژی (٢٠٠٩/١/٢٩) لەهۆلّی لیژنە کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەلّ هەریەك لە بەڕێزان (وەزیری بازرگانی حکومەتی هەرێم) و بەڕێز (د.زەکی-راوێژکاری یەکەم لە وەزارەتی بازرگانی). دوابەدوای ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە لیژنەکەمان بەکۆمەلّێك

تێبینی و پێشنیار یاساکەی دەوڵەمەند کردو راپۆرتی خۆی بەژمارە(٤)لەرێکەوتی(٢٠٠٩/٤/٧)بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

٢٢.لەرێکەوتی(٢٠٠٩/٢/١٠) بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی (پرۆژەیاسای پێشبڕکێ-المنافسه) لیژنەکەمان کۆبۆوە بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان. پاشان راپۆرتی لیژنەکەمان بەژمارە(١)لەرێکەوتی(٢٠٠٩/٣/٢٩) بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٢٣.سەرجەم ئەو کۆبوونەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە تایبەتن بە تاوتوێکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە. جگە لەهەموو ئەمانە، لیژنەکەمان چەندین کۆبوونەوەی تری ئەنجامداوە کە هەریەکەیان تایبەت بووە بە تەوەرو بابەتی تری جیاوازو، دواتر راپۆرتی خۆی بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان.

## دووەم: بەشداریکردنی لیژنەکەمان لەکۆڕو کۆنفرانسەکان:

١. رێکەوتی(٢٠٠٨/٥/٣) بەڕێز (جوتیار مەجید-جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی وئابووری) بەشداریکرد لە کۆنفۆانسی پشتگیری بۆ گەنجانی دەست پێشخەر، کە لەلایەن رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان (KEDO) بەهاوکاری سەنتەری پرۆژە نێودەوڵەتیە تایبەتیەکان (CIPE) رێکخرابوو.

٢. رۆژی(٢٠٠٨/٦/٧) بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەکەمان لە هۆڵی رێکخراوی(CDO) بەشداریکرد لە کۆڕێکی تایبەت بە(پێکەوە گرێدانی سیستەمی بازرگانی و گەشەپێدانی ئابووری لە کوردستان) کە لەلایەن یەکێتی ئابووری ناسان و مونتەدای ئابووری ناسان سازکرابوو.

٣. رۆژی (٢٠٠٨/٨/٢٨) لیژنەکەمان لەپەرلەمانی کوردستان بەشداریکرد لە خولێك سەبارەت بە میزانیە و رۆڵی پەرلەمان لەو بارەیەوە، خولەکە لەلایەن رێکخراوی (USAID)سازدرا.

٤. رۆژی(٢٠٠٨/١٢/٤) بەرێز (جوتیار مەجید-جێگری سەرۆکی لیژنە) لەهۆڵی رێکخراوی (CDO) بەشداریکرد لە کۆڕێکی رێکخراوی یەکێتی ئابووری ناسان و مونتەدای ئابووری سەبارەت بە (کاریگەرییە ئابوورییەکانی قەیرانی دارایی جیهان لەسەر کوردستان).

٥. رۆژانی (٢٠٠٩/١/٣٠)، (٢٠٠٩/٢/٦) بەرێز جێگری سەرۆکی لیژنەکەمان بەشداریکرد لە دوو کۆڕ لەسەر پرۆسەی چاکەی گشتی کە لەلایەن خانەی (حیکمەت)ـەوە بۆ چەندین پەرلەمانتارو وەزیرو یاساناس و نوێنەری لاوان و ژنان سازکرابوو، تیایدا قسەوباس لەسەر ئەویاسایانە کرا کە لەپەرلەمانەوە دەرکراون.

٦. رۆژی (٢٠٠٩/٢/٧) بەرێز جوتیار مەجید جێگری سەرۆك لیژنە، لە هۆڵی ژووری بازرگانی سلێمانی بەشداریکرد لە سیمینارێك سەبارەت بە(قەیرانی دارایی جیهان و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان) کە لەلایەن (ناوەندی گەشەپێدانی زانیاریەکان) سازکرابوو.

٧. رۆژی(٢٠٠٨/٤/١١) بەرێز جێگری سەرۆکی لیژنە، لە هۆڵی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن لە سلێمانی، بەشداریکرد لە چەند کۆڕێك کە لەلایەن رێکخراوی ئابووری ناسان و مونتەدای ئابووری کە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن سازیان دابوو، بۆ ئەوەی ئەزموونی کاری راگەیاندن لە بواری ئابووری و داراییدا گەشە پێ بدەن.

٨. لیژنەکەمان لە رۆژانی (٧-٢٠٠٩/٤/٨) لەهۆڵی (شەهید سەعد عبدالله)لەهەولێر، بەشداریکرد لە کۆنفرانسی(بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی

هایدرۆکاربۆن لە رەوشی سیستەمێکی فیدراڵیدا). کە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یۆنامی) سازکرابوو.

## سێیەم: چالاکییەکانی لیژنە لە بواری چاودێریکردنی کاری وەزارەتەکان و حکومەت.

١. رۆژی(٢٠٠٧/٧/٨) لەبارەگای رێکخراوی یەکێتی ئابووری ناسان، هەریەکە لە بەرێزان(جوتیار مەجید)و(زرار تاهیر) ئەندامانی لیژنەکەمان لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان نووسینگەی سلێمانی، ئامادەبوون لەگەڵ چەند ئابووری ناسێك بۆ قسەکردن لەسەر میزانیە. ئەمەش لەسەر داوای لیژنەکەمان بوو بەمەبەستی قسەکردن و دەربرینی رای خۆیان لەسەر ئەم بابەتە.

٢. لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی(٢٠٠٧)دا، لیژنەکەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بەمەبەستی تاوتوێکردنی بودجە بەشێوەیەکی وردتر و شەفافانەتر بەجۆرێك کە خزمەتی میلەت بکات.

٣. رۆژی(٢٠٠٧/١١/٢٥) هەریەك لە بەرێزان (جوتیار مەجید-جێگری سەرۆکی لیژنە)و (سۆزان شەهاب-ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)، سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داراییان کرد، بەمەبەستی بەدواداچوون و ئاگاداربوون لەو برەپارەیەی کە لەمیزانیەی ساڵی(٢٠٠٧) ی حکومەتی عێراقی تەرخانکراوە بۆ تۆری چاودێری خێزان لە هەرێمی کوردستان.

٤. رۆژی(٢٠٠٨/١/٢٨) بەرێز (جوتیار مەجید)جێگری سەرۆکی لیژنەکەمان، لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان نووسینگەی سلێمانی، سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییان کردو لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەن و

قائیمقامی ناوەندی سلێمانی و بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی و بەڕێوەبەری کەل وپەلی خۆراك گفتوگۆیان کرد و داوایان لێکردن کەوا ڕای خۆیان لە راپۆرتێکدا بنووسن. هەروەها رۆژی(٢٠٠٨/١/٢٩) بەڕێزیان لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان لەنووسینگەی سلێمانی، سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داراییان کرد لەگەڵ وەزیرو جێگری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکان کۆبوونەوە بەمەبەستی چاودێریکردن و ئاگاداربوون لە گرانی بازاڕو،لەم بارەیەوە ڕاو سەرنجی خۆیانیان پێ ڕاگەیاندن. هەروەها بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە، بەڕێزیان لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمانی نووسینگەی سلێمانی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانیان کرد سەبارەت بە کێشەی گرانی بازاڕ و کەل وپەلی بەسەرچوو.

٥. رۆژانی(٢٠٠٨/١/٢٦)و(٢٠٠٨/٢/٣)و(٢٠٠٨/٢/٤) لیژنەکەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکانی تری پەرلەمان کەبریتی بوون لە لیژنەکانی (تەندروستی، شارەوانی، یاسایی، پیشەسازی و وزە)سەردانی هەندێك لە دام و دەزگاکانی پارێزگای هەولێرو ناوبازاڕیان کرد بەمەبەستی ئاگاداربوون لەبارودۆخی بازاڕو ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان.

٦. رۆژی یەکشەممە رێکەوتی(٢٠٠٨/٣/٩) لیژنەکەمان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دارایی کۆبۆوە کەپێکهاتبوون لە بەڕێزان (رەشید تاهیر-بریکاری وەزیر)و (دلشاد عوسمان-بریکاری وەزیر).کۆبوونەوەکە بەمەبەستی تاوتوێکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بوو. پاشان بەنووسراوی ژمارە(٥) لەرێکەوتی(٢٠٠٨/٤/٦) لیژنە راپۆرتی خۆی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکردەوە.

٧. ڕێکەوتی(٢٠٠٨/٤/٦) لیژنەکەمان لەگەڵ بەڕێز (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمان، کۆبوونەوەیەکیان سازدا سەبارەت بە پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی(٢٠٠٨). دوای تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن، لیژنەکەمان چەند خاڵێکیان پێشنیارکرد بۆ پرۆژەیاساکە.

٨. ڕێکەوتی(٢٠٠٨/٤/٣٠) لیژنەکەمان پێشوازیکرد لە وەفدێکی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی ئابووری(RTI) بەمەبەستی کردنەوەی خولی پەرەپێدانی ئابووری.

٩. ڕۆژی(٢٠٠٨/٥/٨) بەڕێز(جوتیار مەجید-جێگری سەرۆکی لیژنە) لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان لە نووسینگەی سلێمانی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی، سەبارەت بەکاری دیوان و ئەو یاسا نوێیەی کە بۆیان پەسەند کراوە.

١٠. لەڕێکەوتی(٢٠٠٨/٥/١١) لیژنەکەمان لەهۆڵی لیژنەی دارایی و ئابووری کۆبوونەوەیەکی سازدا لەگەڵ گشت سەرۆك لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بەو ئەرکانەی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت بۆ چاودێری حکومەت لەڕوانگەی کاری داراییەوە. دوابەدوای تاوتوێکردنی تەوەرەکەو خستنەڕووی کۆمەڵێك ڕا و سەرنج و تێبینی لەلایەن سەرۆك لیژنەکانەوە، ڕاپۆرتی لیژنەکەمان بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەنووسراوی ژمارە(١٠) لەڕێکەوتی(٢٠٠٨/٥/١٢).

١١. ڕۆژی(٢٠٠٨/٦/١٣) هەریەك لەبەڕێزان (د.دلێر شاوەیس-سەرۆکی لیژنە)و (جوتیار مەجید-جێگری سەرۆکی لیژنە) لەهۆڵی لیژنەی یاسایی بەهاوبەشی لەگەڵ لیژنەی یاسای پەرلەمان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ بەڕێز (سەرگیز ئاغاجان-وزیری دارایی)و (کاك نیهاد-بەڕێوەبەری

باجی خانووبەرە لەهەولێر) سەبارەت بەپرۆژەیاسای باجی خانووبەرەو باجی داهات.

١٢. لەبەرواری(٢٠٠٨/٦/٢٤) بەئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان، لیژنەکەمان سەردانی (وەزارەتی پلاندانان)ی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردو لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلان دانان و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت کۆبوونەوە بەمەبەستی ئاگاداربوون لەچۆنیەتی کاری وەزارەتی ناوبراوو کێشەو گرفتەکانیان.

١٣. لەبەرواری(٢٠٠٨/٧/٢١) لیژنەکەمان نووسراوی ژمارە(١٧)/(٢٠٠٨/٧/٢١)ی بەرزکردەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە ناردنی ژمێرەی کۆتایی(٢٠٠٨) لەلایەن وەزارەتی دارایی، هەروەها سەبارەت بە نەناردنی راپۆرتی شەش مانگەیان و کەمکردنەوەی رێژەی(٢٠٪)ی بودجەی هەموو وەزارەتەکان و دامو دەزگاکان بەبیانووی ئەوەی بودجە کورتی هێناوە.

١٤. بەمەبەستی بەدواداچوون و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاسای بودجەی ساڵی(٢٠٠٨)، لیژنەکەمان چەند سەردانێکی ئەنجامدا بۆ کاروباری دارایی وەزارەتەکان بەم شێوەیە:

أ) رۆژی(٢٠٠٨/٨/٤) هەریەك لە بەرێزان (جوتیار مەجید، چرۆ عەلی، زرار تاهیر) سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داراییان کرد، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

- پێشینەی خانووبەرە.
- مووچەی زیادەی فەرمانبەران.
- بودجەی وشکەساڵی.
- خەرجکردنی بودجەی وەزارەتەکان بۆ هەردوو بواری کارپێکردن و وەبەرهێنان.

ب) رۆژی(٢٠٠٨/٨/٥) هەریەك لە بەڕێزان (د.دلێر شاوەیس، جوتیار مەجید، چرۆ عەلی، زرار تاهیر) بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە سەردانی وەزارەتی دارایی و ئابوورییان کرد و لەگەڵ بەڕێز (رەشید تاهیر) بریکاری وەزارەتی دارایی گفتوگۆیان ئەنجامدا.

١٥. رۆژی(٢٠٠٨/٨/٢٤) لیژنەکەمان بەنوێنەرایەتی بەڕێز (جوتیار مەجید- جێگری سەرۆکی لیژنە) لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێك کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری خانەنشینان، سەبارەت بە کێشەی کەمکردنی مووچەکانیان، دواتر یاداشتێکیان هەبوو لەرێی لیژنەکەمانەوە گەیاندرایە سەرۆکایەتی پەرلەمان. پاشان بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ جێگری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی قسەو گفتو گۆیان کرد.

١٦. رۆژی(٢٠٠٨/٨/٢٥) بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەکەمان لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان لە نووسینگەی سلێمانی لەگەڵ رێکخراوی یەکێتی کرێ نشینان کۆبوونەوەو یاداشتێکیان پێدان بۆئەوەی بەدەرکردنی چەند یاسایەك کێشەی کرێ نشینی چارەسەر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەرێزان یاداشتەکەیان گەیاندە پەرلەمان.

١٧. رۆژی(٢٠٠٨/٩/٢١) هەریەکە لە بەرێزان (جوتیار مەجید) و (زرار تاهیر) سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری داراییان کردو لەگەڵ بەڕێز(شێخ بایز) وەزیری دارایی و (کاك دڵشاد عوسمان) جێگری وەزیر کۆبوونەوە، پاشان لەگەڵ (کاك حەمە عەلی) بەرپرسی رێکخستنی میزانیە کۆبوونەوە سەبارەت بە چۆنیەتی وردەکاری ژمێرەی کۆتاییساڵی(٢٠٠٧) گفتوگۆیان کرد.

١٨. رۆژی(٢٠/١٠/٢٠٠٨) سەبارەت بە ئامادەكردنی بودجە، لیژنەكەمان كۆبوونەوەیەكی ئەنجامدا لەگەڵ هەریەك لە بەڕێزان (د.صلاح)و (م.عزیز)و (م.صلاح) كە لە چاودێری دارایی بەغداوە هاتبوون.

١٩. لەرێكەوتی(٣/١٢/٢٠٠٨) لیژنەكەمان كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازدا بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان، بەمەبەستی تاوتوێكردنی (راپۆرتی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ شەش ٦ مانگی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٨). وەلەئەنجامی گفتوگۆكردن لەسەر بابەتەكە لەلایەن ئەندامانەوە، لیژنەكەمان گەیشتە كۆمەڵێك تێبینی و پرسیارو پاشان لەنووسراوێكدا بەژمارە(٢٨) لە(٢٨/١٢/٢٠٠٨) راپۆرتی خۆی لەمبارەیەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان بەرزكردەوە.

٢٠. رۆژی(١٧/١٢/٢٠٠٨) لیژنەكەمان كۆبوونەوەیەكیان سازدا لەگەڵ چەند كەسێكی ئەمەریكی شارەزا لە بواری دارایی و بەڕێوەبردن، لەگەڵ كاك هۆگر شاڵی هاتبوون، كە حكومەتی هەرێم وەك كۆمپانیایەك ڕایسپاردبوون بۆ بەرنامەیەك بەمەبەستی بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

٢١. لیژنەكەمان بە نووسراوی ژمارە(٢) لە رێكەوتی (٢٩/٣/٢٠٠٩) داوای لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كرد كە هەریەك لە وەزارەتی كشتوكاڵ و دەستەی وەبەرهێنان بە نووسراوێك ئاگادار بكەنەوە تا ئەوانیش لیژنەكەمان ئاگادار بكەنەوە لە وردەكاری پلانی گەشەپێدانی كشتوكاڵ لە هەرێمدا.

٢٢. لیژنەكەمان بە نووسراوی ژمارە(٣) لەرێكەوتی(٢٩/٣/٢٠٠٩) داوای لەسەرۆكایەتی پەرلەمان كرد كە نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتی پلان دانان بكەن بەمەبەستی ئاگادار بوون لەچۆنیەتی جێبەجێ كردنی پرۆژەكانی وەبەرهێنانی وەزارەتەكان تا بزانرێت چەندی جێبەجێ

کراوەو چەندی جێبەجێ نەکراوەو هۆکاری جێبەجێ نەکردنەکەی چییە؟

٢٣. هەروەها لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی(٢٠٠٧)دا لیژنەکەمان داوای لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد کە بڕیارێك دەربکات بۆ پێدانی پێشینەی خانووبەرە بۆ هاوڵاتیان، کە دواتر لەبودجەی ساڵی(٢٠٠٨)دا ئەو بڕیارە جێ بەجێ کرا.

٢٤. لەرێکەوتی(١/ ٢٠٠٩/٣)بەمەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ وڵاتی تورکیا، لە هۆڵی پەناگیری پەرلەمان لیژنەکەمان پێشوازیکرد لە نوێنەرانی ژووری بازرگانی شاری وان.

٢٥. حکومەتی هەرێم لەکاتی ناردنی بودجەی ساڵی(٢٠٠٨)دا، دەسەڵاتی دادوەری لەچوارچێوەی وەزارەتی داراییدا حساب کردبوو. بەڵام لیژنەکەمان داوایکرد کە پێویستە بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێ بەپێی یاسای ئەنجوومەنی دادوەری کە لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاردراوەو پێویستە بودجەی سەربەخۆی هەبێت. دواتر سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو کەموکورتیەی چارەسەر کرد.

## چوارەم: بانگهێشت کردنی وەزیر بۆ پەرلەمان لەسەر داوای لیژنە:

١. لەسەر داوای لیژنەکەمان لەرێکەوتی(٢٠٠٧/١١/٢٧) بە نوسراوی ژمارە (٣)، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، تیایدا داوای بانگهێشت کردنی بەڕێز وەزیری سەرچاوە سروشتیەکان کراوە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی ئاگاداربوون لەو گرێبەستانەی کە مۆرکراون لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکان.

٢. لیژنەکەمان لە رێکەوتی (٢٠٠٨/٩/١٦) بە نووسراوی ژمارە(١٩) کە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، تیایدا داوای

بانگهێشتی هەریەك لە بەڕێزان وەزیری دارایی وئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی دەکات بۆ پەرلەمان بەهۆی پابەند نەبوونی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەچەند خاڵێك وەك:

- ناردنی ژمێرەی کۆتایی (حسابات ختامی) ساڵی(٢٠٠٧).
- پێشکەشکردنی راپۆرتی دارایی هەر(٦) شەش مانگ جارێك.
- پێدانی پێشینەی خانووبەرە بەهاوڵاتیان.
- ناردنی بودجەی تەواوکاریی.

ئەمەو جگە لەپابەند نەبوونی وەزارەت بەو خاڵانەی سەرەوە، ئەوەی زانراوە وەزارەتی دارایی (٢٠٪)ی بودجەی هەموو وەزارەت و دەزگاکانی بڕیوە.

## پێنجەم: سەردانەکانی لیژنە بۆ دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی رەسمی:

تائێستا لیژنەکەمان بەشێوەیەکی رەسمی هیچ سەردانێکی ئەنجام نەداوە بۆ دەرەوەی وڵات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لیژنەکەمان بۆ هیچ کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفرانس و پیشانگای بازرگانی و....هتد بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشت نەکراوە، بەداخەوە حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی تریش وەك پێویست گرنگی بەلیژنەکەمان نادەن، تەنانەت لیژنەکەمان تەنیا لەرێگای میدیاکانەوە ئاگاداری لیژنەی باڵای ئابورییە لەسەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم.

هەروەها جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکرێت کە زۆربەی ئەندامانی لیژنەکەمان پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ زانکۆکان و زۆرێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، کە وەك مامۆستای زانکۆو کەسایەتی تایبەت بانگ دەکرێت و چالاکی خۆیان هەیە و لەدەیان کۆڕو کۆبوونەوەدا بەشدار دەبن. بۆ نموونە لە رۆژانی(١٥-٢٠٠٩/٢/١٦) بەڕێز د.دلێر ئیسماعیل

شاوەیس سەرۆکی لیژنە بەشداریکرد لە کۆنفرانسی دیداری رۆشنبیرانی کورد و تورك لە هەولێر.

## شەشەم: ئەو یاسایانەی کە لەلایەن لیژنەکەمانەوە پێشنیار کراون:

١. یاسای پێشینەی خانووبەرە بۆ هاولاتیان: لیژنەکەمان لە کاتی تاوتوێکردنی بودجەی سالی(٢٠٠٨)دا چەندین راسپاردەو پێشنیاری گرنگی خستەروو،لەراپۆرتێکدا بەژمارە(٤) لە(٢٠٠٨/٤/٦)دا کە بەرزکراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەندێك لەو راسپاردەو پێشنیارانە جێبەجێ کران و هەندێکیشیان بوون بە یاسا، لەوانەش:

- لەخالی(١٤)ی راپۆرتەکەدا هاتووە: ﴿ئاشکرایە یەکێك لە کێشەکانی خەلکی کوردستان کێشەی نیشتەجێ بوونە، کەزۆرجار زیاتر لەنیوەی داهاتی بەشێکی هاوولاتیان بۆ کرێی خانوو دەچێ. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری بنەرەتی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە بەناوی سندوقی نیشتەجێ کردن، یان قەرزی خانووبەرە بدرێت بە هاولاتیان. پێویستە وەزارەتی دارایی لەو رووەوە هەنگاوی بەپەلەو پراکتیکی بنێ﴾.

پاشان ئەم پێشنیارەی لیژنەکەمان بوو بەیاسا لە پەرلەمانی کوردستان.

٢. راپۆرتی وەرزیی وەزارەتی دارایی: لەهەمان راپۆرتی ئاماژەپێدراو لە سەرەوەدا، دەربارەی پرۆژەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان پێشنیاری کرد کەوا برگەیەك بۆ ماددەی (٩) نۆدا زیادبکرێت و تیایدا داوادەکات کە وەزیری دارایی بەشێوەیەکی وەرزیی هەر (٣)سێ مانگ جارێك راپۆرتێك، پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان بکات سەبارەت بە

باری دارایی هەرێمی کوردستان. پاشان ئەم پێشنیارەش لەیاسای بودجەی هەرێمدا جێگیرکراو جێبەجێ کرا.

| | | |
|---|---|---|
| چرۆ عەلی حەمە ئەمین | جوتیار مەجید | د. دلێر شاوەیس |
| بڕیاردەری لیژنە | جێگری سەرۆك | سەرۆکی لیژنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هیوا صابر | پەخشان زەنگەنە | زرار تاهر | احسان ئامێدی |
| ئەندام | ئەندام | ئەندام | ئەندام |

بۆ پەیوەندیکردن بەم لیژنەیە ئەم مەیلە کلیک بکە:

# لیژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لێژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.

بەپێی بڕگەی چوار لەماددەی (٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپیدان و ئاوەدانکاری: ئیشی چاوگێرانە بەو کارانەی پەیوەندیدارن بە دووبارە بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و پەرەپێدانیان و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانی عێراق و بەرهەمهێنانی سامانە سروشتییەکانی و مەسەلەی وزە و پارێزگاریکردنی ژینگە، هەروەها لەکاروباری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و باغداری و دارستانەکان و بەیتەری و خاک و سەرچاوە ئاوییەکان و ئاودێری دەنۆڕێ، هەروەها بەدوا داچوونی پەرەپێدانی و دەرسکردنی پلانی پێویست بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکاری و ئاکنجی بوون لەکوردستاندا.

لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان بەپشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لیژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| ئەندریۆس یوخنا گورگیس | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|
| ئایدن عوسمان ئیبراهیم | جێگر |
| عزەدین سەلیم خدیدا | بڕیاردەر |
| بارزان عەبدوڵلا نەسروڵلا | ئەندام |
| روبیتان ئیبراهیم رۆستەم | ئەندام |
| رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم | ئەندام |
| محەمەد رەفعەت عەبدوڵلا | ئەندام |

# کارو چالاکییەکان

کار و چالاکیەکانی لیژنە لە رۆژی دەست بەکار بونیەوە لە۲۰۰۵/۷/۲۰ – ۲۰۰۸/۱۲/۳۱ .

دوای هەڵبژاردنی ساڵی ۲۰۰۵ بۆ دیاری کردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و بەپێ ی بڕیاری ژمارە (٥) رۆژی ۲۰۰٥/٦/١٦ ی پەرلەمان، لیژنەی پیشەسازی و ووزە و کانزاکان بە مەبەستی هەلبژاردنی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر، لیژنە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەکات ژمێر (۱۰)ی سەر لە بەیانی رۆژی ۲۰۰٥/۷/٥ بە ئامادەبونی سەرجەم ئەندامان سازکرد.

بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبا و گرفتەکانی سووتەمەنی که گرفتێکی سەرەکی هاولاتیانە ئەندامانی لیژنە بەردەوام هەوڵیان داوە بۆ چارەسەری یەك جاری ئەم گرفتە بە خۆشحالیەوە تاکو ئێستا بەشێکی زۆری چارەسەر کراوە هەر لە باش بوونی کارەبا و زیاد بوونی سووتەمەنی،لە لایەکی ترەوە بوژانەوەی کەرتی پیشەسازی کە لایەنێکی گرنگی ئابوریە ئیستا پێش کەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە بەهاوکاری حکومەت لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام هەوڵمان داوە بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەکان و هاوکاری خاوەن کارگەکان کراوە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر کراوە.

لیژنەکەمان لە (۷) ئەندام پێك هاتووە جگە لە ئەندامیکی لیژنە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن نەیتوانی بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی بۆیە مۆڵەتی وەرگرت.

# کارو چالاکییەکانی لیژنە ٢٠٠٥

## کۆبوونەوەکانی لیژنە:

| ژ | بەروار | بـــابـــەت |
|---|---|---|
| ١. | ٢٠٠٥/٧/٥ | هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرو بڕیاردەر |
| ٢. | ٢٠٠٥/٧/٢٠ | دانانی بەرنامەی کاری لیژنە |
| ٣. | ٢٠٠٥/٩/٨ | چالاك کردنی لیژنە و کردنەوەی لق لە پارێزگاکان بۆ ئاسان کردنی کار چالاکیەکان و دروست کردنی ناسنامە بۆ ئەندامان |
| ٤. | ٢٠٠٥/٩/١٩ | کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی و پیشەسازی بە هاوبەشی ئەنجام درا بۆ تاوتوێ کردنی وێستگەی M.W٢٤٠ |
| ٥. | ٢٠٠٥/٩/٢٧ | گفتوگۆ کردن لەسەر وێستگەی کارەبای تەق تەق |

# کارو چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٦

## کۆبوونەوەکانی لیژنە :

| ژ | بەروار | بـــابـــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٦/٦/١٩ | تاوتوێکردنی یاسای وەبەرهێنان |
| ٢ | ٢٠٠٦/٦/٢٦ | هاوکاری کردنی لیژنە و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان |
| ٣ | ٢٠٠٦/٧/١٧ | کێشە و گرفتەکانی سوتەمەنی و کارەبا |
| ٤ | ٢٠٠٦/٨/٣ | چارەسەر کردنی گرفتەکانی سوتەمەنی و کارەبا |
| ٥ | ٢٠٠٦/٨/٢٣ | هەنگاونان بۆ چارەسەری یەک جاری گرفتەکانی سوتەمەنی |
| ٦ | ٢٠٠٦/١٠/٩ | گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای پیشەسازی |
| ٧ | ٢٠٠٦/١٠/١١ | بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پیشەسازی |

# کار و چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٠٧

## کۆبوونەوەکانی لیژنە :

| ژ | بەروار | بـــابـــــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٧/٣/١٢ | تـاو تـوێکردنی هـەنگاوەکانی وەزارەتـی کارەبـا بـۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان |
| ٢ | ٢٠٠٧/٤/١٧ | کۆبونەوەی لیژنە لەگەڵ وەزیری کارەبا باس لە کەمی کارەبـاو هـەنگاوەکانی حکومـەت بـۆ چارەسـەر کردنـی کارەبا و پرۆژەکانی وەزارت کرا |
| ٣ | ٢٠٠٧/٧/١٧ | ئامادەکردنی بودجە |
| ٤ | ٢٠٠٧/٧/٢٣ | تاوتوێکردنی یاسای نەوت و سامانە سروشتیەکان |
| ٥ | ٢٠٠٧/٩/١١ | گفتوگۆ کردن لەسەر گرفتەکانی سووتەمەنی و کارەبا |

# کار و چالاکییەکانی ساڵی ۲۰۰۸

## کۆبوونەوەکانی لیژنە :

| ژ | بەروار | بابـــــــــــــــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٨/٢/٦ | تاوتوێکردنی گرفتی سووتەمەنی و بەرزکردنەوەی راپۆرت بۆ سەرۆکایەتی هەر وەکو چەندین جار ئاماژەمان پێداوە کەم و کوریەکانی بواری کارەبا و سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان بەتەوای چارەسەر نەکراوە. |
| ٢ | ٢٠٠٨/٤/٢١ | تێبینیـەکانی لیژنـە سـەبارەت بـە بودجـەی هـەرێم تێبینیـەکان زۆربـەی پرۆژەکان بودجـەی تـەواویان بـۆ تـەرخان نـەکراوە و بەشێکیـشیان رەزامەنـدی لەسـەر نەکراوە. |
| ٣ | ٢٠٠٨/٨/٣١ | بەدواداچونی داواکاری کارمەنـدان و کرێکـارانی کارگـەی چیمەنتۆی سەرچنار |
| ٤ | ٢٠٠٨/٩/١٥ | کۆبونەوی ئاسای لیژنە |
| ٥ | ٢٠٠٨/١١/١٩ | بەدواداچـونی راپـۆرتی پەرلـەمانتار غفـور مخمـوری، پەیوەنـدی کـرا بـەوەزارەت و لایـەنی پیوەنـدی دار بـەڵام لەبەر ئەوەی ناوچەکە سەر بە مەرکەزن بۆیە پەیوەندیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نیە |

**تێبینـــی**/ لێژنەکـەمان دابـەش کـراوە بـۆ سـێ گـروپ (هـەولێر، سـلێمانی، دهـۆك) ئـەم گروپانـە بـە بـەردەوامی سـەردانی وەزارەتـەکان و بەڕێوەبەرایەتیـە گـشتیەکانیان کـردوە بـۆ بـە دواداچـونی گرفـت و داواکاریـەکان هـەروەها کـار و چـالاکیەکانی حکومەت بۆ باشتر کردنی گوزەرانی خەڵك.

ایدن عثمان
ج. سەرۆکی لێژنە

اندریوس یوخنا
سەرۆکی لێژنە

رشاد احمد
ئەندام

عزالدین سلیم
بڕیاڕدەر

# راپۆرت

به مەبەستی تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) لیژنەکەمان رۆژی دووشەممە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٢٥ کاتژمێر (١٠) سەر لە بەیانی سەردانی وەزارەتی کارەبای کرد بە ئامادەبوونی ئەندامانی، لەگەڵ بەڕێز وەزیری کارەبا کۆبوونەوە، بەڕێز وەزیری کارەبا کارو چالاکیەکانی وەزارەتی خستە ڕوو، وە بەڕێز وەزیری کارەبا وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانی دایەوە.

تێبینیەکانمان لەسەر بوجەی وەزارەتی کارەبا بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ئەمانەی خوارەوەن:-

**یەکەم:** کرێی کڕینی کارەبا بۆ وێستگەی (٥٠٠ میگاوات هەولێر + ٧٥٠ میگاوات چەمچەماڵ) بە گوژمەی (٢٦٠٢٢٨٠٠٠٠٠٠) دووسەدوو شەست ملیارو دوو سەدوو بیست و هەشت ملیۆن دینار دەخەملێنرێت) بە گوێرەی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەم هێنانی ووزە، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر (٦٢٤١٧٠٠٠٠٠٠) شەست و دووملیارو چوار سەدوو حەفدە ملیۆن دینار داوە ئەمەش لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت ٢٤٪ بودجەیە کە بەشی کۆمپانیای وەبەرهێنانی ووزە ناکات بۆ کڕینی کارەبا لەم دوو وێستگەی سەرەوە.

**دووەم:** بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ کار پێکردنی وێستگەی (٥٠٠ مێگاواتی هەولێر + ٧٥٠ مێگاواتی چەمچەماڵ) لەگەڵ پێداویستی وێستگەکانی تر بودجەی پێشنیار کراو (٦٨١٧٤٥٠٠٠٠٠٠) شەش سەد و هەشتا و یەك ملیارو حەوت سەد و چل و پێنج ملیۆن دینارە بەڵام وەزارەتی دارایی پێشنیاری تەنها (٢٥١٥٩٨٠٠٠٠٠٠) دوو سەدو پەنجاو یەك ملیارو پێنج سەد و نەوەد و هەشت ملیۆن دینارە کە تەنها (٣٧٪) بودجەی پێشنیار کراوی وەزارەت.

**سێیەم:** صیانە کردن(تۆڕی کارەبا، ئاو، ئاسانکاری گواستنەوە و صیانەکانی تر دەگرێتەوە) بودجەی پێشنیار کراو (١٠٦٢٤٠٠٠٠٠٠) دە ملیار شەش سەدو بیست و چوار ملیۆن دینارە کە تەنها (٪١٣) بودجەی پێشنیارکراوی وەزارەت، صیانە بەشێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ چاك کردنی تۆڕی کارەبا و صیانە کردن وێستگەکان بە بەردەوامی بۆ ئەوەی کارەبا بە شێوەیەکی باش و بەردەوام بێت، ئەم جیاوازیەش یەك جار زۆر گەورەیە لە نێوان وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی دارایی کە بەرگە ناگرێت.

**بودجەی وەبەرهێنان:**

**یەکەم:** بەگوێرەی بودجەی وەبەرهێنان پێشکەش کراو لەلایەن وەزارەتی پلان دانان تەنها رەزامەندی لەسەر پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی ٢٠٠٨ داوە.

**دووەم:** پرۆژە پەسەند کراوەکان کەلە بودجەی ٢٠٠٨ ی تەواوکاری جێ بەجێ دەکرێت ،بەلاّم تەواو نەکراوە لە ساڵی ٢٠٠٨ کە وەزارەت داوای کرد بوو لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ دابنرێت بەلاّم رەزامەندی لەسەر هیچیان نەدراوە. داواکارین لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ پەسەند بکرێ

**سێ یەم:** ئەو پرۆژە تازانەی کە وەزارەت بۆ ساڵی ٢٠٠٩ داوای کردوە رەزامەندی لە سەر هیچیان ەنەدراوە داوەدەکەین کەوا چاو بخشێندرێتەوە بەو بڕیارە.

لەگەڵ ڕێزماندا...

**اندریوس یوخنا**

**سەرۆکی لیژنە**

وێنەیەك بۆ/

- ❖ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان
- ❖ نوسینگەی بەڕێزجێگری سەرۆکی پەرلەمان
- ❖ نوسینگەی بەڕێزسکرتێری سەرۆکی

## راپۆرت

بۆ تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) لێژنەکەمان رۆژی سێ شەممە بەرواری( ٢٠٠٩/٥/٢٦) کات ژمێر(١٠) سەر لەبەیانی لە تەلاری پەرلەمان بەئامادە بوونی ئەندامانی لێژنە لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی پیشەسازی کە مخول کرابوون لە لایەن وەزارەت کۆبوونەوە،تێبینیەکانمان لەسەر بودجەی پیشەسازی ئەمانەی خوارەوەن:

بەنسبەت بودجەی وەبەرهێنان پێشنیاری لێژنە ئەمانەی لای خوارەوەیە:

**یەکەم:** دابین کردنی بودجەیەکی پێویست بە بڕی (١٠٠)سەد ملیون دۆلار هاوشێوەی ئەو بودجەیەی کە لە عێراقدا لە سەرجەم پارێزگاکان پەیرەو کراوە بۆ پشتیوانی کردنی گەشەپێدانی پیشەسازی (دعم التنمیة الصناعیة)لە رێگەی بانکی پیشەسازیەوە بە بێ سود بدرێتە خاوەن کارگەکان.

**دووەم:** پێشنیار دەکەین وەزارەتی دارایی کار ئاسانی بکات وە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ هەناردە کردنی مەڕمەڕی خاو(کتل)ی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی هەرێم.

لەگەڵ رێزماندا ...

**اندریوس یوخنا**
**سەرۆکی لێژنە**

وێنەیەك بۆ/

- نوسینگەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان
- نوسینگەی بەرێزجێگری سەرۆکی پەرلەمان
- نوسینگەی بەرێزسکرتێری سەرۆکی

# راپۆرت

بۆ تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) لیژنەکەمان رۆژی چوار شەممە بەرواری( ٢٠٠٩/٦/٤) کات ژمێر(١٠) سەر لەبەیانی لە تەلاری پەرلەمان بەئامادە بوونی ئەندامانی لیژنە لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کە مخول کرابوون لە لایەن وەزارەت کۆبوونەوە .

وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وەزارەتێکی نوێ یە لەم نزیکانە چوار بەرێوەبەرایەتی گشتی تر دادەمەزرێت بۆیە رێژەی فەرمانبەرانی وەزارەت زیاتر دەبێت ،بەتایبەتی لەو هەل و مەرجە سەرەتای رۆیشتنی نەوتی هەرێمە کوردستان بۆ دەرەوەی وولات کە وەزارەت سەرپەرشتی ئیش و کارەکان دەکات لەم بوارەدا وە سەرپەرشتی گشت ئەو کۆمپانیانە دەکات کە هاتونەتە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی دەرهێنانی نەوت،جا بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ زیاد کردنی بوودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

تێبینیەکان لە سەر بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ ساڵی (٢٠٠٩) ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: لسلع و الخدمات الصیانة**

بودجەی پێشنیار کراو لە لایەن وەزارەت بە گوژمەی(٢٥٤٢٤٩٠٠٠٠٠٠) دووسەد و پەنجاو چوار ملیار و دوو سەد و چل و نۆ ملیون دینار دەخەملێنرێت ،بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر (١٧٧٠٠٠٠٠٠٠٠) حەفدە ملیار و حەوت سەد ملیون دینار داوە ئەمەش لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت زۆر کەمە ئێستا پێویستیان بەزیاتر (١٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠)سەدو پەنجا ملیار دینارە بۆ راپەراندنی ئیشوکارەکان بەتایبەتی ئەمانەی خواردوە:

(الوقود، مخصصات ونفقات السفر، مخصصات ونفقات الايفاد،اجور المكالمات الهاتفية،الطبع، الاشتراك فى الدورات التدريبية، صيانة سيارات الصالون، صيانة السيارات الحمل، مصاريف صيانة متنوعة).

دووەم :الموجودات غير المالية

بودجەی پێشنیار کراو لە لایەن وەزارەت بە گوژمەی(٧٨٦٤٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیار و هەشت سەد و شەست و چوار ملیون دینار دەخەملێنرێت ،بەلام وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر (٢٠٠٠٠٠٠٠٠٠) دوو ملیار دینار داوە ئەمەش لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت زۆر کەمە ئێستا پێویستیان بەزیاتر (٥٠٠٠٠٠٠٠٠٠)پێنج ملیار دینارە بۆ راپەراندنەی ئیش و کارەکان بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوە:
(سيارات الصالون، سيارات العمل ، الاثاث الخشبي ، الاثاث المعدني، المكائن، الحاسبات الاكترونية، الارض)

سێ یەم :منافع اجتماعية

بودجەی پێشنیار کراو لە لایەن وەزارەت بە گوژمەی(٥٩٢٠٠٠٠٠٠) پێنج سەد و نەوەد و دوو ملیون دینار دەخەملێنرێت ،بەلام وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر ١٧٠٠٠٠٠٠٠) سەدو حەفتا ملیون دینار داوە ئەمەش لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت زۆر کەمە ئێستا پێویستیان بەزیاتر (٥٠٠)پێنج سەد ملیون دینارە بۆ راپەراندنی ئیشوکارەکان بەتایبەتی بۆ التبرعات و الاعانات.

**چوارەم :مصروفات اخرى**

بودجەی پێشنیار کراو لە لایەن وەزارەت بە گوژمەی(٧١٠٠٠٠٠٠) حەوت سەدو دە ملیون دینار دەخەملێنرێت ،بەلاّم وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر ٣٢٤) سێ سەدو نەوەد و چوارملیون دینار داوە ئەمەش لەگەڵ پێشنیاری وەزارەت زۆر کەمە ئێستا پێویستیان بەزیاتر (٥٠٠)پێنج سەد ملیون دینارە بۆ راپەراندنی ئیشوکارەکان بەتایبەتی بۆ مکافئات لغیر العاملین.

لەگەڵ رێزماندا ...

**اندريوس يوخنا**
**سەرۆکی لیژنە**

وێنەیەک بۆ/

- نوسینگەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان
- نوسینگەی بەرێزجێگری سەرۆکی پەرلەمان
- نوسینگەی بەرێزسکرتێری سەرۆکی پەرلەمان

# راپۆرت

بە مەبەستی بەدواداچونی کێشەی کارەبای دهۆك بەرێز (اندریۆس یوخنا) سەرۆکی لێژنەی پیشەسازی و ووزە سەردانی وەزارەتی کارەبای کرد لە رۆژی یەك شەممە بەرواری( ٢٠٠٩/٦/٧) کات ژمێر(١٢) ی نیوەرۆ، لەگەڵ بەرێز وەزیری کارەبا کۆبۆوەوە، ،وەبەرێز وەزیری کارەبا بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی کارەبای دهۆك ئەمەی لای خوارەوە وەلامەکەیەتی:

دوای ئەوەی لێژنەی پیشەسازی و ووزە سەردانی بەرێوەبەرایەتی کارەبای دهۆکی کرد کێشەکەیان خستە بەردەم وەزیری کارەبا ،دوای تاوتوێکردنی کێشەکە وەزارەتی کارەبا رەزامەندی داوە بۆ چارەسەر کردنی هەموو گرفتەکانیان بەتایبەتی بەستنەوەی کارەبای دهۆك بە هەولێر ،کە (٣٠) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە وە لە بودجەی ساڵی (٢٠٠٨) ماوەتەوە وەزارەتی دارایی ئەوم برە پارەیەی بۆ خەرج نەکردوین کە بەشێکی کەمی ئەم پرۆژەیە تەواو بوە کە دەکاتە (٢٠٪) پرۆژەکە بەلاّم ئیستا وەستاوە لەبەر نەبوونی بودجە ،داوا لەبەرێزتان دەکەین کەوا هاوکاریمان بکەن بۆ چارەسەر کردنی گرفتی کارەبا لە دهۆك.

لەگەڵ ڕێزماندا ...

**اندریوس یوخنا**
**سەرۆکی لێژنە**

وێنەیەك بۆ/

- ❖ نوسینگەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان
- ❖ نوسینگەی بەرێزجێگری سەرۆکی پەرلەمان
- ❖ نوسینگەی بەرێزسکرتێری سەرۆکی پەرلەمان

---

بۆ پەیوەندیکردن بەم لیژنەیە ئەم مەیلە کلیک بکە:

mailto:lindustry@perleman.org

# لیژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیرەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆریان رەچاو دەکرێت.
بەپێی بڕگەی حەوت لەماددەی(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن: چاودەگێرێ بەهەرچی پەیوەندیدارە بەکاروباری شارەوانی و هاوینەهەوارەکان و ئاسەوارو خزمەتگوزارییەکانی ئاوو ئاوەرۆکان و تەلەفۆنکاری و گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها ئەو کارانە دەبینێ کەپەیوەندیدارن بەتەندروستی گشتی و دەزگاکانی و زامنکردن و چاودێریی کۆمەڵایەتی و چاودێریکردنی دایکایەتی و منداڵێتی و کاروباری خێزانی شەهیدەکان و کەمئەندام و ونبووەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان.



لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لێژنە هەمیشەییەکان، لێژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن بەپشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بەپێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لێژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرک و فەرمانەکانی بەمجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| ڕەشاد ئەحمەد ئیبراهیم | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|
| شیرین عەبدولڕەحمان دینۆ | جێگر |
| عادل محەمەد ئەمین | بڕیاردەر |
| جەمال شەمعون ئیلیا | ئەندام |
| ڕەشید کەریم ڕەشید | ئەندام |
| شێخەڵلا ئیبراهیم شێخەڵلا | ئەندام |
| فەزیلە ڕەمەزان سەعدوڵلا | ئەندام |
| کوردستان پیرداود قادر | ئەندام |
| گەلاوێژ شاباجی | ئەندام |
| گێلاس محێدین محەمەد | ئەندام |

# کارو چالاکییەکانی چوار ساڵی لیژنە
# ساڵی ٢٠٠٥

١-نوسراوی ژمارە(١)لە (٢٠٠٥/٧/٥) کونووسی کۆبوونەوە لەسەرماددەی (٣٧-٣٨) لەپەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عیراق.

٢-کۆنووسی ژمارە(٢) لە (٢٠٠٥/٧/٢٦) کۆنووسی کۆبوونەوە لەسەر چۆنیەتی چاودێری کردنی ئیش و کارەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەیاندن و گواستنەوە لە سنووری هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی.

٣-کونووسی ژمارە(٣) لە (٢٠٠٥/١٠/١٢) بەسەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەن دەربارەی سەردانی لیژنەکەمان بۆلای بەڕێز وەزیری شارەوانیەکان و لێکۆلینەوە لە کێشەکانی وەزارەتی شارەوانی و کەم و کورپەکانی شارەوانی.

٤-نووسراوی ژمارە (٤) لە (٢٠٠٥/١٢/٤) سەبارەت بە دیراسەت کردنی یاداشتنامەی پەرلەمانتار بەڕێز(فخریە مستەفا).

٥-کۆبوونەوە لەسەرداواکاری سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بە نووسراوی (٥١٥) لە(٢٠٠٥/١١/١٤) بۆ درێژکردنەوەی ماوەی بەردەوام بوونی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی.

ئەم نوسراوانەو کۆنوسانەی کەلەسەرەوە نووسراون هەموویان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٥ چالاکی لیژنەی شارەوانیەکان و گەیاندن و گواستنەوە کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراون.

لەگەڵ ڕێزماندا.

**رشاد احمد ابراهیم**
**سەرۆکی لیژنەی شارەوانیەکان و**
**گەیاندن و گواستنەوە**

# چالاكیی لیژنە لەساڵی ٢٠٠٦

١-لە٢٠٠٦/٥/١٦ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی كێشەی هاووڵاتی (صالح حیران) رەوانەی لیژنەی كشتوكاڵ كراوە.

٢- ٢٠٠٦/٥/١ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی كێشەی (٢٠) خانووی هاووڵاتیانی قەزای سۆران( رەوانەی سەرۆكایەتی كراوە).

٣- ٢٠٠٦/٥/١٦ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی كێشەی ( ٥٠) خانووی فەرمانبەران لە قەزای دوكان رەوانەی سەرۆكایەتی كراوە.

٤-٢٠٠٦/٥/٢٨ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی دیراسەتكردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان( رەوانەی سەرۆكایەتی كراوە).

٥-٢٠٠٦/٥/٢٣ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی( دیراسەتكردنی یاسایی وەبەرهێنان)( رەوانەی لیژنەی یاسایی كراوە).

٦-٢٠٠٦/٧/١٧ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی دیراسەتكردنی یاسایی وەزارەتی ژینگە( رەوانەی سەرۆكایەتی و لیژنەی یاسایی و جێگری سەرۆك كراوە).

٧-٢٠٠٦/٧/١٧ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی دیراسەتكردنی یاسایی وەزارەتی گەیاندن( رەوانەی سەرۆكایەتی و جێگری سەرۆك و سكرتێرو لیژنەی یاسایی كراوە).

٨-٢٠٠٦/٧/١٧ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی دیراسەتكردنی یاسایی وەزارەتی گواستنەوە) رەوانەی سەرۆكایەتی و جێگری سەرۆك و سكرتێرو لیژنەی یاسایی كراوە.

٩-٢٠٠٦/٨/٢٣ كۆنووسی لیژنەكەمان دەربارەی(كەمی كارەباو سوتەمەنی و گرانی بازارو كرێ ی خانوو) (ناردراوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان).

١٠-٢٠٠٦/١٠/٣ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی (دیراسەتكردنی یاسایی وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە) (ناردراوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان).

١١-٢٠٠٦/١٠/٣ راپۆرتی لیژنەكەمان دەربارەی دیراسەتكردنی یاسایی وەزارەتی گەشت و گوزار( ناردراوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان).

١٢-٢٠٠٦/١١/٢٢كۆنووسی لیژنەكەمان دەربارەی دیراسەتكردنی یاسایی كوژاندنەوەی زەوی كشتوكالی (ناردراوە بۆ سەرۆكایەتی و جێگری سەرۆك و سكرتێرو لیژنەی یاسایی).

ئەم نوسراوانەو كۆنوسانەی كەلەسەرەوە نووسراون هەموویان چالاكی لیژنەی شارەوانیەكان و گەیاندن وگواستنەوە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٦ كە پێشكەش بە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كراون. لەگەڵ ڕێزماندا

رشاد احمد ابراهیم

سەرۆكی لیژنەی شارەوانیەكان

گەیاندن و گواستنەوە

# چالاکیی لیژنەکەمان لەساڵی٢٠٠٧

١- داواکاری هاووڵاتی حیدر مولود قادر لە (٢٠٠٧/١/٣٠) وە کێشەکە کۆتایی پێهات لە لایەن بەڕێز پارێزگاری هەولێر.

٢-راپۆرتی ژمارە (١) لە(٢٠٠٧/٣/٢٧) راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسایی وەزارەتی شارەوانی هەرێمی کوردستان عیراق.

٣-راپۆرتی ژمارە (٢) لیژنەکەمان کە لە (٢٠٠٧/٤/٢٣) کە دەربارەی سەردانی وەزارەتی گواستنەوە گفتوگۆ کردن دەربارەی بەڕێوە چوونی ئیش و کارەکان و پێشنیارکردن بۆ کارەکانی وەزارەت کەئاراستەی سەرۆکایەتی کراوە.

٤-راپۆرتی ژمارە (٣) لە( ٢٠٠٧/٥/٢) دەربارەی سەردانی وەزارەتی گەیاندن لە ٢٠٠٧/٤/٢٣ گفتوگۆکردن دەربارەی ئیش و کارەکان و چۆنیەتی هەبوونی گیروگرفت لە وەزارەتی گەیاندن.

٥-کۆنووسی ژمارە (٤) لە ٢٠٠٧/٥/١٥دەربارەی سەردانی وەزارەتی گەشت و گوزار بۆ ئاگاداربوون لە کێشەکانیان وە ڕەوانە کردنی بۆ سەرۆکایەتی و جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

٦-داواکاری جێگری سەرۆکی پەرلەمان ژمارە(٥) لە (٢٠٠٧/٥/٢١) سەبارەت بە کێشەی ناحیەی هیران و هاووڵاتی رۆستەم معروف و کێشەی هاووڵاتیانی خاوەن زەوی کەرتی (٢٨٤) کێشەکە جێ بەجێ کرا.

٧-راپۆرتی ژمارە (٦) لە (٢٠٠٧/٦/٢٧) راپۆرت دەربارەی هەموارکردنی یاسایی ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکاڵ.

٨-ڕاپۆرتی ژمارە (٧) لە ٢٠٠٧/٦/٢٧ دەربارەی هەموارکردنی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان.

٩-نووسراوی ژمارە (٨) لە ٢٠٠٧/٦/٢٨ پرسیارو بانگهێشت کردنی وەزیری شارەوانی و وەزیری کشتوکال بۆ هۆڵی پەرلەمان.

لە ٢٠٠٧/٧/٨ ناردنی چەند پرسیارێك بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی وەئامادە بوونی لە پەرلەمانی کوردستان(ئامادەبوو وەلامی پرسیارەکانی دایەوە).

١٠-٢٠٠٧/٧/٨ ناردنی چەند پرسیارێك بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکال وە ئامادەبوونی لە پەرلەمانی کوردستان( ئامادەبوو وەلامی پرسیارەکانی دایەوە).

١١-نووسراوی ژمارە (٩) لە ٢٠٠٧/٩/٢ چارەسەرکردنی کێشەی هاوولاتیانی هیران و بێخاڵ و هاوولاتی (وەرەسەی روستم خفاف) زەوی کەرتی (٢٨٤-٣٢).

١٢-راپۆرت دەربارەی بلاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلیرا لە هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧/٩/٢٠ کە بۆ وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی پەرلەمان رەوانە کراوە.

نووسراوی ژمارە(١٠) لە ٢٠٠٧/٩/٢٤ \دەربارەی دەرمان و خۆراکی ئێکسپایەر لە بازارەکانی کوردستان وە گرانی بازار و سوتەمەنی.

١٣-راپۆرتی ژمارە (١١) لە ٢٠٠٧/١٢/٥ گفتوگۆکردن دەربارەی یاسایی سزادنی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی کردن( موبایل).

ئەم نوسراوانەو کۆنوسانەی کەلەسەرەوە نووسراون هەموویان چالاکی لیژنەی شارەوانیەکان و کەیاندن و گواستنەوە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٧ کە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراون.

لەگەڵ رێزماندا

رشاد احمد ابراهیم

سەرۆکی لیژنەی شارەوانیەکان

گەیاندن و گواستنەوە

# چالاكیی لیژنە

١-نوسراوی لیژنە بۆ شارەوانی ژمارە (١) لە ٢٠٠٨/١/١٣ دەربارەی كێشەی هاوولاتی (موسی ابراهیم).

٢-نووسراومان ژمارە (٢-٣) لە ٢٠٠٨/١/٢٧ ناراستەی وەزارەتی شارەوانی كراوە دەربارەی كێشەی فەرمانگەكانی ناو و كێشەی هاولاتیان.

٣-راپۆرتی هاوبەش ژمارە (٤) لە ٢٠٠٨/٢/٥ سەبارەت بە گرانی بازارو سوتەمەنی و كارەبا.

٤-راپۆرتی لیژنە ژمارە (٥) لە ٢٠٠٨/٢/٦ دەربارەی گرانی بازاڕ وسوتەمەنی و كارەبا.

٥-نووسراوی ژمارە (٦) لە ٢٠٠٨/٢/١٣ سەبارەت بە كێشەی زەوی كەرتی (٣٠) سەروچاوە ناحیەی بێتواتە.

٦-راپۆرتی ژمارە (٧) لە ٢٠٠٨/٢/١٤ دەربارەی گرانی بازار و كێشەی هاولاتیان لەسەر گرانی بازاڕ.

٧-راپۆرتی لیژنەی هاوبەش ژمارە (٨) لە٢٠٠٨/٣/٢٧ سەردانی بەڕێز وەزیری كارەبامان كرد دەربارەی كێشەی كارەبا لە كوردستان وە هاوپێچ دەقی ئەو راپۆرتە دادەنێیین كە چەند چالاكیەكی تری لیژنەكەمانی تێدا نووسراوە.

٨-كۆنووسی لیژنە ژمارە(٩) لە ٢٠٠٨/٤/١ دیراسەتكردنی پرۆژەی فرۆكە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

٩-كۆنووسی لیژنە ژمارە(١٠) لە ٢٠٠٨/٤/١٥ دیراسەتكردنی پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨.

١٠-راپۆرتی لیژنە ژمارە(١١) لە ٢٠٠٨/٤/٢٧ راپۆرتی لیژنەی شارەوانی سەبارەت بە سەردانی وەزارەتی شارەوانی و ماستەر پلانی هەولێرو شتی تر.

١١-راپۆرتی لیژنە ژمارە(١٢)لە ٢٠٠٨/٤/٣٠ سەبارەت بە بەدواداچوونی راپۆرتی ژمارە (١٠) بودجەی ساڵی ٢٠٠٨.

١٢-راپۆرتی لیژنە ژمارە (١٣) لە ٢٠٠٨/٥/٨ بەدواداچوونی كێشەی خاوەن قەلابەكانی بارهەلگر.

١٣-راپۆرتی ژمارە (١٤) لە ٢٠٠٨/٥/٢٥ سەبارەت لە شوقەی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیان.

١٤- داواكاری ژمارە(١٥) لە ٢٠٠٨/٦/٩ سەبارەت لە داواكاری فەرمانبەرانی تەندروستی بۆ تەرخانكردنی زەوی.

١٥-نووسـراوی ژمـارە (١٦) لـە ٢٠٠٨/٦/٢٥ وەلأمدانـەوەی داواكـاری ناحییـەی هـیران دەربارەی پرۆژەی خزمەتگوزاری.

١٦-ڕاپۆرتی لیژنە ژمارە(١٧) لە ٢٠٠٨/٨/١٧ سەردانی وەزارەتی شارەوانی وەگفتوگۆ كردن لەسەر كێشەی قەرەبوو كردنەوەی خاوەن زەوییەی كشتوكاڵییەكان.

١٧-نووسـراوی ژمـارە (١٨-١٩) لـە ٢٠٠٨/٩/٣ ڕێزلێنـانی بـەڕێز پارێزگـاری هـەولێر و ڕێزلێنانی تیمی ڤیرتاوكردنی شارەوانی هەولێر.

١٨-نووسراوی ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٨/٩/٢١ دەربارەی ڕاپۆرتی دیمستۆرا و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەكە دەربارەی كەركوك.

١٩-نووسـراوی ژمـارە (٢١)لـە ٢٠٠٨/٩/٢٨ كێـشەی زەوی ٧/٦٠٠٦ سـەوزایی گـەڕەكی سەرووەران.

٢٠-دووبـارە وەلأمدانـەوە ژمـارە (٢٢) لـە ٢٠٠٨/١٠/٢٦ سـەبارەت بـە كێـشەی زەوی ٧/٦٠٠٦ كەرتی حەسارۆك كە دەكەوێتە پێش خانووەكانی گەڕەكی سەروەران.

٢١-نووسراوی ژمارە(٢٣) لە ٢٠٠٨/١١/٤ سەبارەت بە داواكاری هاووڵاتی (حسين حمه كريم احمد) دەربارەی پارچە زەوی نیشتەجێ بوون.

٢٢-لە ٢٠٠٨/١١/٢٠ كۆنووسی كۆبوونەوەی لیژنەكـەمان ژمـارە (٢٤) دەربـارەی كێشەی هاووڵاتیـان سـەبارەت بـە زەوی ١٠٠ مـەتری و داواكـاری هـاووڵاتی (چـەكۆ سـید احمد)ژمـارە (٢٥) وسكالأی هاووڵاتی ناوچەی شارباژێر گووندی(سپیدارە) ژمـارە (٢٦) ئاراستەی سەرۆكایەتی كراوە.

٢٣-وەلأمدانـەوەی ڕاپـۆرتی ژمـارە (٢٧) لـە ٢٠٠٨/١٢/٣ دەربـارەی وەلأمدانـەوەی هاووڵاتیانی دەفەری مەخموور.

ئەمانەی سەرەوە هەموویان چالاكی لیژنەكەمان لە ساڵی (٢٠٠٨) كە پێـشكەش بـە سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن كـراوە، جگـە لـە بەشـداری لـە كۆبوونـەوەكانی جـۆراو جـۆر لەگـەڵ پارێزگـاری هـەولێر و سـەرۆكی شارەوانیەكان. لەگەڵ ڕێزماندا

**رشاد أحمد أبراهيم**
**سەرۆكی لیژنەی شارەوانیەكان و**
**گەیاندن و گواستنەوە**

بۆ پەیوەندیكردن بەم لیژنەیە: mailto:ltourism@perleman.org



# لیژنەی کاروباری پێشمەرگە

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.

بەپێی بڕگەی ١٠ لەمادەی ٣٨ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی کاروباری پێشمەرگە: ئەو کارانە دەبینێ کەپەیوەندیدارن بەئیشەکانی پێشمەرگەو یەکخستنی ریزەکانییەوە.

لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بە پشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بە پێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بە مجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:

| ئەدهەم عوسمان بارزانی | سەرۆکی لیژنە |
|---|---|
| شێردل عەبدوڵڵا حەویزی | جێگر |
| حاتەم محەمەد جان | بڕیاردەر |
| بارزان محەمەد قادر | ئەندام |
| سوارە محەمەدئەمین | ئەندام |
| شوکری ساڵح نێروەیی | ئەندام |
| شەعبان محەمەد تاهیر سادق | ئەندام |
| سیفەڵڵا ئیبراهیم سیفەڵڵا | ئەندام |
| کاکە ئیسماعیل عومەر | ئەندام |

# لیژنەی کاروباری پێشمەرگە
# ڕاپۆرتی چوار ساڵ

**یەکەم/ ڕاپۆرتەکانی لیژنەمان دەربارەی ئەو پرۆژە یاسانە ئەمانەن:**

أ/ ڕاپۆرتی ژمارە (١) لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٥ سەبارەت بەهێرشکاری سوپای تورکیا بۆ لێدانی (P.K.K) لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان.

ب/ ڕاپۆرتی ژمارە (٢) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٢ سەبارەت بە کێشەی ئەفسەران وکارمەندانی فەرماندەی لیوای هەشتی پاسەوانی سنوور لە دیالی.

**دووەم/ بەشداریمان لەکۆنفرانسەکان:**

*لیژنەکەمان بەشداری کۆنفرانسی کردووە لە ڕێکەوتی (٩-٢٠٠٨/١١/١٠) لە دوکان سەبارەت بە (وەزعی هێزو کۆمەڵە چەکدارەکانی عێراق).

* {مؤتمر حول وضع القوات والمجموعات السلحة من العراق}.

**سێ یەم/ سەردانی لیژنە بۆ دەرەوەی وڵات:**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە هێچ سەردانێکمان نەبووە بۆ دەرەوەی وڵات

**چوارەم/ چالاکییەکان:**

١. بەشداریکردنمان لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا بۆ سەرانی ڕژێمی (صدام)

٢. بەشداریکردنمان بۆ شاری خانەقین بۆ کێشەی هاتنی سوپای عێراق لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٣

**پێنجەم/ ئەو یاسایانەی کە لەلایەن لیژنەکەمان پێشنیار کراوە:**

١. ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی ولیژنەی پێشمەرگە (یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە).

٢. ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی یاسایی ولیژنەی پێشمەرگە (یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە).

٣. پرۆژە یاسای ڕاژەو خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم).

٤. پرۆژە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

## شەشەم/ بانگهێشتی وەزیر بۆ پەرلەمان:

لیژنەكەمان دوای دەرچونی یاسای راژەو خانەنشینی كەمئەندام ورێزلێنان لەهەماهەنگی بووین لەگەڵ هەردوو وەزارەت.

هەروەها چەندین لا لیژنەیان داناوە بۆ جێ بەجێكردنی یاساكە بۆ باشكردنی ژیان وگوزەرانی پێشمەرگە.

لە كوبۆنەوەكان لە بەغدا رێزداران سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران وەسەركردایەتی كورد لە بەغدا هەوڵیان زۆر داوە، وچەندین لیژنەی هاوبەش دروست پێكخراوە لەگەڵ حكومەتی بەغدا بۆ چارەسەری كێشەكانی حكومەتی فیدراڵی عێراق لەگەڵ حكومەتی هەرێم

یەك لەو لیژنە هاوبەشانە بۆ چارەسەركردنی كێشە هێزی پێشمەرگە میزانییەی وەزارەتی پێشمەرگەیە لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەزمنی سیستەمی حیمایە ودفاعی عێراق دەبێ میزانیەكەی لەسەر میزانییەی وەزارەتی بەرگری عێراق بێت وە لەزمنی میزانییەی سیادی عێراقە.

هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە تائیستا میزانیەیان بۆ تەرخان نەكراوە لەبەر ئەوە لیژنەكانیان نەیان توانیوە یاساكان بەتەواوی جێ بەجێبكەن چاوەرێ دەكەن میزانیەكەیان بۆ دابین بكرێت بۆ ئەنجامدانی ئەركەكانیان.

لەبەر ئەوە لیژنەكەمان لەنزیكەوە ئاگادارین كە هەردوو وەزارەتەكە بەتایبەتی هەردوو وەزیری بەرێزەكە لە هەوڵی زۆردان بۆ بەرەوپێشچوونی وەزارەتەكەیان جێ بەجێكردنی یاسا وریسای وەزارەتەكەیان هەوڵی زۆریان داوە.

ئێمە دڵنیاین لە هەوڵدانیان لەبەر ئەوە بەپیویستمان نەزانیوە بانگێشتی هەردوو وەزیرە بەریزەكە بكەین بۆ پەرلەمان.

بۆ پەیوەندیكردن بەم لیژنەیە:
peshmarga@perleman.org

# لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری

بەپێی ماددەی (٣٧) لەپەیڕەوی ناوخۆیپەرلەمانی کوردستان لێژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لەیەکەم خولیدا کەدوای هەڵبژاردن دەبەستریت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیاندا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.



بەپێی برگەی چوار لەماددەی(٣٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپیدان و ئاوەدانکاری: ئیشی چاوگێرانە بەو کارانەی پەیوەندیدارن بەدووبارە بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و پەرەپێدانیان و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستانی عێراق و بەرهەمهێنانی سامانە سروشتییەکانی و مەسەلەی وزەو پارێزگاریکردنی ژینگە، هەروەها لەکاروباری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ و باغداری و دارستانەکان و بەیتەری و خاک و سەرچاوە ئاوییەکان و ئاودێری دەنوڕێ، هەروەها بەدواداچوونی پەرەپێدانی و دەرسکردنی پلانی پێویست بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکاری و ئاکنجی بوون لەکوردستاندا.

لەدوای دەستبەکاربوونی ئەندامانی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان لەڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ و پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بە پشت بەستن بەحوکمی مادەی ٣٨ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوو بڕیاری ژمارە ٣ی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/١٢، بە پێی بڕیاری ژمارە ٥ لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٦ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لەم بەڕێزانەی کەلەخوارەوە ناویان هاتووە پێکهێنرا، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری هەڵسا بەدابەشکردنی ئەندامەکان بەمشێوەیەی خوارەوە لەکەشوهەوایەکی دیموکراسی و دۆستانەدا ئەرك و فەرمانەکانی بە مجۆرەی خوارەوە بەئەندامان سپارد:



| | |
|---|---|
| عەبدولڕەحمان ئەحمەد رزار | سەرۆکی لیژنە |
| تەڵعەت خدر سەیفەدین | جێگر |
| جەمیل محەمەد عوسمان گەردی | بڕیاردەر |
| حەمەد عەبدوڵڵا مەحمود (بەڵێن) | ئەندام |
| شێخەڵڵا ئیبراهیم | ئەندام |
| شوکری ساڵح نێروەیی | ئەندام |
| کەریم مەجید شەریف | ئەندام |
| ئاخر جەمال ئەنوەر | ئەندام |

# كارو چالاكييەكان

١) ئـەو ياسـايانـەی کـە لـە رۆژی دەست بەكاربوونمانـەوە لـە رووی كـشتوكاڵ و ئاودێری دەرچون بریتین لە:

| ناوی یاساکە | ساڵی | ژمارەی یاساکە |
|---|---|---|
| یاسای وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان | ٢٠٠٦ | ٩ |
| یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری | ٢٠٠٧ | ١ |
| یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (٣) ساڵی ١٩٩٨ | ٢٠٠٧ | ٥ |
| یاسای هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای رێکخستنی مولکایەتی ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ | ٢٠٠٧ | ٣٢ |
| یاسای رێکخستنی مافی دەسکاری زەوی و زاری کشتوکاڵی | ٢٠٠٨ | ١ |
| یاسای پاراستن و پەرە پێدانی بەرووبومی کشتوکاڵی | ٢٠٠٨ | ٤ |

٢) پرۆژە پێشنیار كراوەكانی لیژنە:

١- پرۆژەی یاسای چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستی کشتوکاڵی بـە نووسـراوی ژمارە (٤٠) لە رۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٤.

لەم یاسایانەدا چەندین پێشنیار پێشکەش کراوە و چەندین کۆبوونەوە سازدراوە لەگـەڵ لایەنـە پەیوەنـدی دارەکـان و پـسپۆران و شـارەزایانی بـواری کشتوکاڵی بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی یاساکە،

٣) ئەو یاسایانەی ئامادە کراون.

١ – یاسای پاراستنی دارستان لە هەرێمی کوردستان.

٤ )کۆبونەوەکانی ناوەخۆی لیژنە:.

| ز | بەروار | بـــــــابـــــــــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٥/٧/٢٠ | هەلبژاردنی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر |
| ٢ | ٢٠٠٥/٧/٢٦ | داواکردنی فایلی خوڵی پێشتری پەرلەمان لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بە مەبەستی پێداچوونەوە. |
| ٣ | ٢٠٠٥/١١/٢٩ | بڕیاردرا سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵ بکرێت بۆ دوان لەسەر لاوازی باری کشتوکاڵ و کێشەی زەوی و زار. |

| ز | بەروار | بـــــابـــــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٦/٥/٢٠ | چۆنیەتی راپەراندنی کارەکانمان کێشەی زەوی‌و زارو چارەسەر کردنی |
| ٢ | ٢٠٠٦/٥/٣١ | ئامادە کردنی پێشنیار و تێبینی لەسەر پێداچوونە بە پەیرەوی ناوەخۆی پەرلەمان |
| ٣ | ٢٠٠٦/٦/٢٦ | رای لیژنە سەبارەت بە یاسای وەبەر هێنان |
| ٤ | ٢٠٠٦/٩/٥ | پێداچوونەوە ربە مەلەفی جووتیارانی رانیە |
| ٥ | ٢٠٠٦/٩/٦ | گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان |
| ٦ | ٢٠٠٦/٩/١٩ | گفتوگۆ کردن لەسەر رێکخستنی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ دوان دەربارەی پلانی وەزارەت بۆ مەوسمی چاندن و باسکردنی بیرۆکەی کۆنگرەیەکی کشتوکاڵی |

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | ٢٠٠٦/٩/٢٥ | دوو بـارە گفتوگـۆ کردنـەوە لەسـەر پـرۆژەی یاسـای وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان |
| ٨ | ٢٠٠٦/١٢/١١ | لێکۆلینەوە لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای کۆژانەوەو جیاکەرەوەی زەوی لە سنوری شارەوانیەکان |

| ز | بەروار | بـــابــــــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٧/٣/١٢ | تاو تویکردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ |
| ٢ | ٢٠٠٧/٤/٢٥ | تاوتوێکردنی ئەم نامانەی لە لایەن جووتیارانەوە هاتووە لە ناوچە جیا جیاکان |
| ٣ | ٢٠٠٧/٥/١٣ | دیاری کردنی کات لەگەڵ هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچـاوە ئاویـەکانی بـۆ باسـکردنی بەرنامـە و پـرۆژە کانیان دیاری کردنی نرخی بەرهەمی کشتوکاڵی کرێ ی گواستنەوە – کێشەی گرێبەستی کشتوکڵی |
| ٤ | ٢٠٠٧/٥/٢٢ | تـاو تـوێکردنی پـرۆژە یاسـای پاراسـتن و پەرەپێـدانی بەرهەمی کشتوکاڵی |
| ٥ | ٢٠٠٧/٦/١٧ | گفتوگـۆ کـردن لەسـەر پـرۆژەی یاسـای رێکخـستنەوەی مولکایەتی زەوی و زاری کشتوکاڵی |
| ٦ | ٢٠٠٧/٧/٤ | تـاوتوێکردنی بودجـەی هـەردوو وەزارەتـی کـشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان |
| ٧ | ٢٠٠٧/٧/٨ | درێـژەدان بـە کۆبونـەوە لەسـەر بودجـەی وەزارەتـی کشتوکاڵ |
| ٨ | ٢٠٠٧/٩/١١ | پێداچوونەوە بە هەموو ئەو بڕیار و کۆبونەوانەی کراون لە لێژنەکەمان وچەندیان جێ بەجێ کراوە |

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | ٢٠٠٧/١٠/٢٨ | زیاتر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ بە ئامادەبوونی شارەزا و پسپۆرانی بواری (یاسا – تاپۆ – شارەوانی – زەوی و زار) |

| ز | بەروار | بابەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٨/٦/٩ | کۆبوونەوە لەسەر چۆنیەتی بەدواداچوونی وشکە ساڵی و خۆ ئامادەکردن بۆ کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٨/٦/٧ لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. |
| ٢ | ٢٠٠٨/٩/١٦ | بەدواداچوونی لە چۆنیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانەی کە بۆ هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان دەرچووە, سەردانی هەر (٣) پارێزگا و خۆئامادەکردن بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی کشتوکاڵ لە هەولێر |
| ٣ | ٢٠٠٨/١٢/٢٤ | گفتوگۆ کردن لەسەر کێشەی جووتیارانی (سپیدارە – شۆربەش) داواکاری جووتیارانی قەزای مخمور ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر کارو چالاکیەکانی لێژنە بە گشتی |

٥) ئـەو کـۆنفراس و کۆنگرانـەو کۆبوونەوانـەی لیژنەکـەمان بەشـداری تێـدا کردووە:

| ز | بەروار | بـــابـــەت |
| --- | --- | --- |
| ١ | ٢٠٠٦/٤/٢٠ | کۆبوونـــەوەی فراوانـــی (وەزارەتـــی کـــشتوکاڵ) ئیـــدارەی سلێمانی کە لەسەر کێشەی زەوی و تـەملیك و پەیوەنـدی نێوان کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە سلێمانی سازکرا. |
| ٢ | ٢٠٠٦/١٢/٩ | کۆنگرەی کاراکردنی رۆڵی ئابووری لە کەرتی کشتوکاڵی بۆ پارێزگاکانی سەرووی عێراق لە هەولێر. |
| ٣ | ٢٠٠٧/٦/١٥ | کۆنفراسی رێکخراوی ناحکومیەکانی سەبارەت بـە یاسای کوژانەوەی زەوی و زار ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٠٧ کە لەهەولێر بەسترا. |
| ٤ | ٢٠٠٧/٦/٣٠ | بەشـداری کۆنفراسـی وەزارەتـی کـشتوکاڵ/ هـەولێر – کێشەی زەوی و زاری کشتوکاڵی (چاکسازی لە یاساکان) |
| ٥ | ٢٠٠٨/٦/١٠ | بەشداری کۆبوونەوەی سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ سـەرۆکی حکومـەت و پێـشنیازی چاکـسازی کـەرتی کـشتوکاڵ/ لـە هەرێمی کوردستان |
| ٦ | ٢٠٠٨/٧/٦ | ســەردانی بەرێوەبەرایــەتی کــشتوکاڵی ســلێمانی وەك بەدواداچوونی نەخشە و پلانیان و چاودێری بەرنامەی وشکە ساڵی |
| ٧ | ٢٠٠٨/١٢/١٧ | واقعـی کـەرتی کـشتوکاڵی لـە هـەرێمی کوردسـتان – گرفتەکان چارەسەرەکان هۆڵی گۆران. |

٦ ) کۆبوونەوەکانی لیژنە لەگەڵ وەزارەتەکان:.

| ز | بەروار | بـــابـــەت |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٥/١٢/٥ | سـەردانی وەزارەتـی کـشتوکاڵ و بـاسـکردنی پەیوەنـدی نێوان لێژنەکەمان و وەزارەت وە چۆنیەتی پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ کرا |
| ١ | ٢٠٠٦/٩/٢٥ | باسـکردنی نەخـشە و پـلان و بەرنامـەی وەزارەتـی کشتوکاڵ و یاداشت و پێشنیارەکانیان لەگەڵ داوا کاری جووتیاران |
| ١ | ٢٠٠٧/٤/٨ | سـەردانی نووسـینگەی هەڵەبجـەو چارەسـەری کێـشەی جووتیاران لە ناوچەکە |
| ٢ | ٢٠٠٧/٥/٢٠ | سەردانی وەزارەتی سەرچاوە ئاویـەکان و گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای وەزارەتەکە و کێشەی ئـاوی سیروان و ئـەو بەنداوانەی کە ئێران بـە نیـازی دروستیان بکات, قسە لەسـەر ڕوو پێـو کردنـی ئـاوی سـەر زەوی و ژێـر زەوی دراسەت کردنی پرۆژەی ئاودێری دەشتی هەولێر |
| ٣ | ٢٠٠٧/٥/٢٢ | لە سەردانی لێژنەکەمان بـۆوەزارەتی کشتوکاڵ گفتوگۆ کـرا لەسـەر نـرخ و گواسـتنەوەی بەرهەمـەی کـشتوکاڵیەکان – کێـشەی گرێبەسـتی کـشتوکاڵی – ئامادەکردنی پرۆژەیەك لەسەر ئـەم زەویانـەی تـا ئێـستا تەسویە نەکراوە |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | ٢٠٠٧/٥/٢٣ | بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان وەزارەتەکانی کشتوکاڵ – دارایی - بازرگانی سەبارەت بە چۆنیەتی دیاری کردنی نرخی تسویق کردنی بەرهەمی کشتوکاڵی |
| ٥ | ٢٠٠٧/١٠/٢٣ | گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای هەموارکردنی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ |
| ٦ | ٢٠٠٧/١٠/٢٤ | کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز (صابر حسن أسماعيل) سەرۆکی دەستەی وردبوونەوەی نامەلبەندی هەولێر سەبارەت بە ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ لە وەزارەتی داد |
| ٧ | ٢٠٠٧/١١/٤ | کۆبوونەوەی لێژنە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی تایبەت بوو بە هەموار کردنی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٩٠) ساڵی ١٩٧٥ |

کۆبوونەوەی لێژنە لەگەڵ وەزارەتەکان:.

| ز | بەروار | بـــــابــــــەت |
|---|---|---|
| ٥ | ٢٠٠٧/١١/٦ | تاوتوێکردنی پرۆژەکانی وەزارەتی سەرچاوە ئاویەکان و چالاکیەکانی کەمی پرۆژەی کشتوکاڵی لەسەر بەنداوی دوکان و دەربەندیخان باسکران |
| | | |
| ١ | ٢٠٠٨/٤/٢ | تاوتوێکردنی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ |

# لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیری



کاروچالاکیەکانی لیژنەی "پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان" بەجیا لەبڵاوکراوەیەکی تایبەتدا بەناونیشانی "کاروبار" خراوەنەتەروو کەبەکۆششی بەڕێز (ئاریز عەبدوڵلا) ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان وسەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان ئامادەکراوەو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.